MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# كۆمەڵناسیی خێزان

# کۆمەڵناسیی خێزان

**د.مەعن خەلیل**

**وەرگێڕانی**

**ئارام ئەمین جەلال**

ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەی ئەمەی خوارەوەیە:

الدكتور معن خليل عمر
علم الاجتماع الاسرة
دار للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٤

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **کۆمەڵناسیی خێزان**
- **ن: د.مەعن خەلیل**
- **وەرگێڕانی:** ئارام ئەمین جەلال
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** هۆگر سدیق
- **پیتچنین:** وەرگێڕ
- **ژمارەی سپاردن:** ٣٧
- **نرخ:** ٤٠٠٠
- **چاپی یەکەم :** ٢٠٠٧
- **تیراژ:** ١٠٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب ( ٢١٥)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

## ناوەڕۆك

پێشەکی ........ أ

**بەشی یەکەم**

**خێزان لەدامەزراوەوە بۆ خانەی کۆمەڵایەتی** ........ ١

ا-١/ سەرنجێکی خێرا ........ ٣

ب-١/ قۆناغی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی ........ ٥

ج-١/ گۆرانکارییە پەیکەرییە ئەرکییەکانی خێزان ........ ١٠

د-١/ قۆناغی خانەی کۆمەڵایەتی ........ ١٣

ه-١/ ڕێبازە کۆمەڵناسییەکان لە توێژینەوەیاندا بۆ خێزان ........ ١٧

و-١/ تاوتوێی ڕێبازەکان وتووێژ لەگەڵیاندا ........ ٤٠

**بەشی دووەم**

**هاوسەرگیری** ........ ٤٥

ا-٢/ سەرنجێکی خێرا ........ ٤٧

ب-٢/ شێوەکانی هاوسەرگیری ........ ٥٢

ج-٣/ شوێنەواری هاوسەرگیری لەسەر هاوسەرەکان ........ ٦٤

**بەشی سێیەم**

**پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی** ........ ٧٥

ا-٣/ سەرنجێکی خێرا ........ ٧٧

ب-٣/ دابڕانی کۆمەڵایەتی و پێگەیاندن ........ ٧٩

ج-٣/ بۆماوەیی و پێگەیاندن ........ ٨١

د-٣/ تیۆرە کۆمەڵناسییەکان لەمەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ........ ٨٥

ه-٣/ تیۆرەکانی دەروونناسی لەپێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا ........ ١٢١

و-٣/ وابەستەبوونێکی گونجاو لەنێوان خود و منایەتی کۆمەڵایەتی لەلای تاك ........ ١٢٨

ی-٣/ بوارەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ........ ١٣٤

ز-٣/ جۆرەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ........ ١٤٣

ر-٣/ تاك لەنێوان وێستگە تەمەنی و ئاوێنە کۆمەڵایەتییەکاندا ........ ١٤٥ .

**بەشی چوارەم**


**خزمایەتی** ........ ١٤٣
ا-٤/ پێناسەی زاراوەی خزمایەتی ........ ١٤٥
ب-٤/ ناوەرۆکی پەیوەندییە خزمایەتییەکان ........ ١٤٧
ج-٤/ بنچینەی پۆلینکردنی خزمایەتی ........ ١٤٨
د-٤/ رەچەڵەك و وابەستەکانی- تیرە و بونیادەکەی ........ ١٥٠
هـ-٤/ ئاڵوگۆرە خزمایەتییەکان لە کۆمەڵگادا ........ ١٥٦
و-٤/ خزمایەتی وەکو دامەزراوەك و وەکو گروپێکی کۆمەلآیەتی ........ ١٥٩


**بەشی پێنجەم**


**ئافرەت و تۆرە فێمێنیستییەکان** ........ ١٦٣
ا-٥/ سەرنجێکی مێژوویی ........ ١٦٥
ب-٥/ تیۆری مێگەرایی و ئافرەتی هاوچەرخ ........ ١٧٩
ج-٥/ پرۆژەی جیاوازییەکانی نێر و مێ ........ ١٨١
د-٥/ پرۆژەی تیۆری جیاوازی نێوان پیاو و ئافرەت ........ ١٨٣
هـ-٥/ پرۆژەی تیۆری چەوساندنەوە ........ ١٨٨
و-٥/ تاوتوێ کردنی تیۆرەی فیمێنیستی و پرۆژەکانی ........ ١٩٢


**بەشی شەشەم**


**تەلآق** ........ ٢١١
ا-٦/ سەرنجێکی خێرا ........ ٢١٣
ب-٦/ سەرەتاکانی تەلآق ........ ٢٢٠
ج-٦/ جۆرەکانی تەلآق ........ ٢٢٣
د-٦/ هۆکارەکانی تەلآق ........ ٢٢٣
هـ-٦/ توندوتیژی ناو خێزان ........ ٢٢٩
و-٦/ شوێنەواری تەلآق ........ ٢٣٢


**بەشی حەوتەم**


**قەیرەیی** ........ ٢٤٥
ا-٧/ سەرنجێکی خێرا ........ ٢٤٧
ب-٧/ جۆرەکانی قەیرەیی ........ ٢٤٨
ج-٧/ شوێنەوارە کۆمەلآیەتییەکانی تەلآق ........ ٢٥٤


**پێشکەشە بە (هێمن)ی برام**

**کەدوای دوانزە ساڵ رۆیشتن بە بیابانێکی بەئازار و دوو ساڵ بەدارستانێکی خۆشگوزەردا، گەیشتە دەریا.**

## پێشەکی نووسەر

ناونیشانی ئەو لێکۆلینەوانەی لەکۆمەڵناسیدا لەمەر خێزان نووسراون جۆراوجۆر و جیاوازن، کە بەوەسفکردنی ژیانی خێزان و دیاریکردنی کۆڵەکەکانی دەستی پیکردووە و ناویلێناوە " دامەزراوە - institution " بەو پێیەیرێکخراوێکی نارەسمیە " عورفی " و دەسەڵاتی بەسەر تاکەکانیدا گەیشتۆتە ئاستی کۆنترۆڵکردنی رەوشتی رۆژانەیان و پەیوەندی کۆمەڵایەتییان و چارەنووسی ئابووریان. دواتر وەکو خانەیەکی کۆمەڵایەتی وەسفکرا کە هەڵدەستی بە بەبەرهەمهێنانی مرۆیی " وەچەخستنەوە " دوای ئەو وەسفکرا بەوەی کە یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە و تایبەتە بەکۆمەڵگا مۆدێرن و پیشەسازییەکان، ئەوەش بەهۆی بچووککردنەوەی قەبارەکەی و لاوازبوونی دەسەڵاتی بەسەر تاکەکانیدا.

لەحاڵەتەکانی تریشدا ئەو لێکۆڵینەوانە، خێزان وەکو بابەتێکی تایبەت لەبابەتەکانی کۆمەڵناسی دیاری دەکەن، کە ناویان لێنا "زانستی کۆمەڵناسی خێزان "، ئەمەش بەروونکردنەوەی ئەرکە بوونیادییەکانی، ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییانەش کە تاوتوێی بابەتەکانی و بوارەکانی بەهێزی و لاوازی و هۆکارەکانی خێزان و هەڵوەشانەوەی و پەیوەندی بەسیستەمی خزمایەتییەوەی خێزان، دەکەن.

بەواتایەکیتر: نووسینە کۆمەڵناسییە سەرەتاییەکانی سەر خێزان هەوڵیان دا قەبارە و دەسەلات و هێزی خێزان لەکۆمەڵگا کۆچەری و لادیی و سەرەتاییەکان روونبکەنەوە، بەلاّم لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵبوونی مرۆیی قەبارەی بچووك بۆوە و " بۆیە کۆمەڵناسەکانیش" بەخانەیەکی کۆمەڵایەتی بچووك لەئەرك و قەبارەکدا وەسفیان کرد و پاشان بەکۆمەڵناسی خێزان ناسرا، بەوپییەی خێزان هاوکات دامەزراوەیە و خانەشە، گرینگیش بە پەیوەندییەکانی دەدا، لەگەڵ سیستەمی خزمایەتی و هاوسەرگیری بەجۆرە کۆن و نوێیەکانیەوە، هەروەها بەتەلاّق و گەشەی خێزانیش، وەگرنگیی بەوەش دا کە ئایا بۆچی خودی تاکایەتی لەدایك دەبیّ و چۆن لەگەڵ منی کۆمەڵایەتیدا کار لێك دەکەن.

ئەم پەرەسەندنە زاراوەییە بەهەڵوەشانەوە و لێکترازانی کۆمەڵناسی ناژمێردری لای زانایان، بەڵکو بەشێوەیەکی رێك و پێك لەگەڵ پۆل پۆلبوونی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمیش



گەشەسەندنێکی پۆل پۆلبوونی بەخۆوە بینی، لەم دیدگایەشەوە دەتوانین کۆمەڵناسی بەزانستێکی وەلاّمدەرەوە بۆ ئەو رووداو و گرفتانە دابنێین، رووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی یەکەمجار لەگەڵ پێکهاتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هاوسۆزە، دواتریش لەگەڵ پێشهاتەکانی، کەواتە لەگەڵ پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵناسیش پەرەدەسێنی.

بەتەعبیرێکی وردتر: کۆمەڵناسی ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتییە ورەنگدانەوەی وێنە و شێوەکانی ئەو ژیانەیە، ئەمەش بەو مانایەیە کاتێك تێروانینی کۆمەڵناسی بۆ بارودۆخەکانی خێزان هەمەجۆر و جیاواز دەبی لەگەلێدا تیۆرەکانیشی زۆرو جۆراوجۆر دەبن.

دەلێم تێراونینی ئەرکێتی بەتەنیا نەمایەوە بەڵکو تێروانینی بونیادی و ملّملانی و کارلێکی هێمایی و گۆرینەوەکی و ژینگەیی زۆریتر دەرکەوتن، هەروەها جۆرەکانی هاوسەرگیری کۆن کەبریتی بوون لەهاوسەرگیری ناوەکی و دەرەکی نەمانەوە بەڵکو چەندین جۆری تریان هاتە سەر، کەپێشتر باونەبوون " یاهەرنەبوون ".

نەك هەر ئەوە بەڵکو پێگەیاندنی خێزانی بەتەنها بەسەر فێرکردن و ناساندنی یاسا و پێوەر و دیسپلینە کۆمەڵایەتییەکاندا کورت نەدەکرایەوە، بەڵکو گەیشتە دارشتنەوەی هەڵوێست و ئاراستە کەسایەتییەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە. دواتر قەیرەیی کە یەکێك بوو لە خەوشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئێستا وەکو سەربەخۆیی شەخسی بۆ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی دەنواند کە لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان بلاّوبۆتەوە بەهۆی دووربوونی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆز و ئەستەمەکان، کە دەرهاویشتەی خێزانە لەکۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکان.

درێژەپێدانی قسەکانمان ناچارم دەکات کە کاریگەرییەکانی خێزانی بەسەر قەوارەی پەیکەری کۆمەڵایەتی فەرامۆش نەکەم ( سیستەمەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی ) کە خێزانی مۆدێرن و هاوچەرخ کاری کردۆتە سەر پرۆسە و بەرژەوەندی و ئامانجەکانی رێکخراو و دامەزراوەکانی قەوارەی پەیکەری ( سیستەمی ) کۆمەڵایەتی ( بونیادی کۆمەڵایەتی ) کە لە کۆمپانیا و کارگەکانەوە بونیادی پیشەسازی و بازرگانی کەوتەوە. بۆ ئامادەکردنی خواردەمەنی لەقوتوکراو و بەستراو، بەمەبەستی بەکاربردنی رۆژانە و مانگانە و وەرزانە، تاکو یارمەتیدەری خێزان بێت لەئەرکە خۆراکیەکاندا.

نەك هەر ئەمە بەڵكو كاری كردۆتە سەر بوونیادی تەكنیكی لە میانەی ملكەچكردنی ئەندازیاری بیناسازی بۆ ئەو پێداویستییانەی خێزان كە تایبەتە بە نەخشەی گشتی باڵەخانە و ژمارەی ژوورەكان بەپێیی داهاتی خێزان و توانا مادییەكانی.

هەروەها كاری كردە سەر لایەنی پزیشكیش ئەوەش بەدامەزراندنی كارگە و كۆمپانیای تایبەت بەپزیشكی خێزان كە نەخۆشە تایبەتییەكانی چارەسەر دەكا وەكو رێكخستنی خێزان " رێكخستنی وەچەخستنەوە " و چارەسەركردنی نەخۆشی سكپڕی و شیرپێدان و نەخۆشییەكانی مناڵ و دامەزراندنی كارگەی تایبەت بەبەرهەمهێنانی شیری منال و پێداویستییە تەندروستی و پزیشكییەكانیان. هەروەها كاری كردە سەر پەیكەری پیشەسازی ئەویش بە دەركەوتنی كارگەی تایبەت بەدروستكردنی ئامێریكەل وپەلی ناوماڵ و ئامێری كارەبایی بۆ یارمەتیدانی ژن و منالەكان لەجێبەجێكردنی كاروبارەكانی نێوماڵ، وە دامەزراندنی كارگەی تایبەت بە بەرهەمهێنانی جل و بەرگ بۆ هەموو تەمەنەكانی منال، سەرباری دامەزراندنی كارگەی دروستكردنی هۆكاری تایبەت بە بۆنە خێزانییەكان وەكو جەژنی لەدایكبون و گرێبەستی مارەیی و ئاهەنگی هاوسەرگیری و منالبوون و تازییە و ئامادەكردنی كارتی تایبەت بە هەر بۆنەیەك لەو بۆنانە، هەروەها لایەنی خۆشگوزەرانیش ئەویش بەدامەزراندنی كۆمپانیا و بریكاری گەشت وگوزار و هاوینەهەوار و بونیادنانی شاری تایبەت بە یاری خێزانی و ئارەزووەكانیان.

گومانی تێدا نییە كە خێزان لەناو پەیوەندییە ناوخۆییەكانی دا سۆز و خۆشەویستی و سۆزداری پێشكەش دەكات، بۆ گەشەكردنی روحی هاوسۆزی و خۆشەویستی لەنێوان تاكەكانی خۆی، بەلاّم پێشكەوتنی پیشەسازی و نارێكی پێوەرە مادییەكان لەژیانی هاوچەرخ و گرنگیدانی تاك بەتاكگەرایی " خۆپەرستی ", بووە هۆی دەركەوتنی حالەتی تەنیایی و دوورەپەرێزی لەلای تاك و گەڕانی بەدوای ئامانجە تێچوونە مادییەكان " لەڕووی تەندروستی و دەروونی و ماددی و كۆمەلاّیەتییەوە " بۆ ئەوەی هاوشانی پێداویستییەكانی بەمەدەنیبوون و هاوچەرخیبوون بەتاڵ لە پەیوەندییەكی كۆمەلاّیەتییە بەهێزەكاندا.

ئەم بارودۆخەی كە لەڕووی كۆمەلاّیەتییەوە بەتالە و لەرووی ماددییەوە پتەوە رووحی خۆشەویستی لەنێوان تاكەكانی خێزان كز كرد, كەپێشتر گەش بوو، و رووحی قوربانیدانی لایان بچوككردەوە، كەپێشتر گەورە و شانازییان پێوە دەكرد. ئەم بارە رەوشێكی دروستكرد بۆ گاڵتەجاری بەهەلۆێستە مرۆییەكان و شانازی بەهەلۆێستە ماددییەكان بەسەر هەماهەنگی



ناوخۆیی خێزاندا زاڵ بوو. وە هاوكاری توندوتۆڵەكانی خێزان تەنها بوونە پەیوەندییەكی رووكەشی و كاتی.

ئەم بارە بەوەشەوە وازی نەهێنا، بەڵكو زەمینەخۆشكەرێكە بۆ مومارەسەكردنی هەڵسوكەوتی توندوتیژی و كارلێكی سەركوتكردن و مومارەسەكردنێكی جەبری، ئەدەبیاتی كۆمەڵناسی بە " توندوتیژی ناو خێزان " ناوزەندكرد. ئەم حاڵەتەش لەكۆمەڵگاكانی پێشوودا باونەبوو، بەڵكو بەشێوەیەكی تاك و تورا هەبوو، وەكو بارێكی نەشاز سەیر دەكرا و لەلایەن زۆربەی ئەندامەكانی كۆمەڵگاشەوە ئیدانەكرا.

كۆمەڵناسی كەوتە توێژینەوەی ئەم بارە ناتەندروستە لەكاتێكدا ئەو لەهەماهەنگی خێزان و پەیوەندییە پڕ خۆشەویستی و توندوتۆلیەكانی دەكۆلیەوە، كۆمەڵناسی زانستێكی وەلاّمدەرەوە بوو بۆ دیاردە و گرفتە كۆمەلاّیەتییەكان، كە بەدیراسەكردنێكی راڤەییانە باسیان لێوەدەكرا. هەروەها بەدیراسەكردنی تەلاّق وەكو گرفتێكی كۆمەلاّیەتی كە كۆتایی بە پەیوەندییە خێزانییەكان دەهێنی وازی نەهێنا، بەلكو هەستا دیراسەی ئەو هەڵسوكەوتە توندوتیژەی كرد كەكاتێك لەتاكەكانی خێزان بەسەر یەكێك لە ئەندامەكانیدا مومارەسەی دەكات كە گرفتی نەخۆشی لێدەكەوێتەوە وە دەبێتە هۆی هەلوەشانەوەی خێزان و هەڵتەكاندنی پەیوەندییەكانی و قلیشانی پەیكەر و قەوارەكانی، هەموو ئەو دیاردە و گرفتانەی خێزانی هاوچەرخ بەخۆیەوە بینیویەتی لەم كتێبەدا باسمان كردووە.

لەكۆتاییدا لەو زاتەی كەبوونی هەموو هەقێكی بەخشیوە داوا دەكەم كە هەنگاوەكانمان بەرەو راستە رێی ئامانج بەری و هەولەكانمان بە سەركەوتن روونـاك بكاتەوە و سەركەوتومان كات بۆئەو مەعریفەیەی كەیەكەم و دوا ئامانجمانە، لە هەموو ئەو كار و كردەوانەی ئەنجامی دەدەین هەر داوای یارمەتی لەخوا دەخوازین و سەركەوتنیش هەر لەوەوەیە.

*پ.د. مەعن خەلیل عمر*

*ئێربەد — ئوردون - ١٩٩٤*

# بەشی یەکەم

## خێزان لە دامەزراوەوە
## بۆ خانەی کۆمەڵایەتی

## أ-1- سەرەنجێکی خێرا:

کاتێك لەمیانەی مێژووی کۆمەڵگا مرۆییەکانەوە ژیانی خێزانی دەخەینەروو، دەبینین گۆرانکارییە وەزیفی و ستراکتۆرییەکانی هاوگوزەری گۆرانکاری ئەو کۆمەڵگایە بووە کە تێیدا ژیاوە. لە قۆناغی سەرەتایی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا خێزان هەموو پێداویستی ئەندامەکانی "تەندروستی و کۆمەلاّیەتی و ئایینی و سەربازی" ئامادە دەکرد، بەلاّم لەگەڵ پێشکەوتنی بەردەوامی کۆمەڵگا و سەرهەڵدانی پەرستگا و سووپا و حکومەتی مەرکەزی و قوتابخانە و نەخۆشخانە و کارگە و پیشەسازییەکە وەکو دامەزراوەییەك، ئیتر ئەم دامەزراوانە، زۆربەی ئەو کارانەی کە خێزان دەیکرد لێی سەندەوە، خێزانیش تەنها ئەرکی زیادکردنی کۆمەڵگا بەئەندامی نوێ و ئەرکی هاودەنگی کردنیان لە قۆناغی منداڵی و ئاراستەکردن و راهێنانیان بەو ولاّتانەی کە کۆمەڵگاکانیان پێیان دەسپێری، بەلاّم ئەو ئەرکانەی تر کە خێزان ئەنجامی دەدان وەکو بەرهەمهێنان و پارێزگاری و رۆشەنبیریکردن و پەروەردەیی ئایینی و تەندروستی و هەمووی لەلایەن دامەزراوە پەیکەرییەکانەوە "سترەکتۆرییەکان" سەنرانەوە" خێزان لە بوونێکی دامەزراوەیی کۆمەلاّیەتییەوە کە بەزۆرترین کاروبار و ئەرکە کۆمەلاّیەتیکانی هەڵدەستا بوو بەخانەیەکی کۆمەلاّیەتی بچووك لە رووی ئەرك و ناوەرۆکەوە جیاوازە لەو خێزانەی کە لە بوونی خویدا وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەلاّیەتییە.

ئەو گۆرانکارییە سترەکتۆری وەزیفییەی کە تووشی خێزان بوو، پاڵی بەزاناکانی کۆمەڵناسییەوە نا بۆ ئەوەی چەمکی گونجاو بۆ هەموو قۆناغەکانی پێشکەوتنی خێزان دابتاشن، لەسەرەتای قۆناغی یەکەمی پێشکەوتنیدا چەمکی "دامەزراوەی کۆمەلاّیەتییان" بۆ داتاشی. بەهۆی گرنگی و گەوریی ئەو کار و ئەرکانەی کە خستبوویە ئەستۆی خۆی و بەهۆی گەورەیی قەبارەکەیەوە "زۆری ژمارەی ئەندامەکانی" بەلاّم دوای پێشکەوتنی و پیشەسازکردن و بەشارستانیبوونی کۆمەڵگا، پەیکەری بوونیادی خێزان ئاڵۆز بوو تایبەتمەندی و دامەزراوەکانیشی هەمەجۆر بوون، ئەمەش بووە هۆی تەسك بوونەوەی ئەرکەکانی خێزان و بچووکبوونەوەی قەبارەیی وکەمبوونەوەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا، چەمکێکی گونجاویان بۆ قەبارە بچوك و ئەرکە سنووردارەکانی داتاشی ئەوەش "خانەی کۆمەلاّیەتییە" یا "یەکەی کۆمەلاّیەتییە" بەلاّم دوارۆژی پێشکەوتنی خێزان لەڕووی پەیکەر و ئەرکەوە بارمتەی پێشکەوتنە کۆمەلاّیەتێکانیان هاتووە. واتە ئایا خێزان لە کەمبوونەوەی ئەرکەکانی و



بچووکبوونەوەی قەبارەکەی بەردەوام دەبیّ؟ یان بۆ رابردووی ئامادەکراو لە کۆمەڵگای کۆندا دەگەرێتەوە؟ بەبروای من خێزان زۆربەی ئەرکە جەوهەرییەکانی لەئاییندەدا لە دەست دەدا، بەلاّم لە زۆرکردنی کۆمەڵگا بەئەندامانی نوی واز ناهێنی، وە لەگەڵ پارێزگاریکردن و هاودەمیکردن و چاودێریکردنی تەندروستی رۆڵەکانی بەردەوام دەبیّ، بەلاّم ئەرکەکانیتر هەندێك یەکەی کۆمەلاّیەتی هەماهەنگ دەیکەن لە جێی ئەو بەلاّم بەکارامەییەکی لاوازتر و نرخێکی گرانتر کە ئەمەش لەسەر حیسابی مرۆڤایەتیبوونی مرۆڤ و پەروەردەکارانی کۆمەلاّیەتییە.

واتا لەدەستدانی زۆربەی ئەو خەسڵەتە مرۆڤایەتییانەی کە برا مرۆییەکەی هەیبوو لەو رۆژانەی کە خێزان بەهاوپەروەردەکردن و چاودێریکردنیان لەڕووی تەندروستی و دەروونی و خواردنی پارێزگاری رووحییەوە بەئەنجامی دەگەیاند.

رەنگە یەکێك بپرسی: جۆر و ئەرکی خێزانی عەرەبی لە ئێستادا چییە؟ وەلاّمی من بەم شێوەیەیە: گورانێك لە بوونیادی خێزانی عەرەبیدا رویداوە، جۆر و قەبارەکەی بچووك بۆتەوە، بەلاّم ئەرکەکانی ماوەتەوە بەرەو دامەزراوە پەیکەری کۆمەلاّیەتییەکانی عەرەبی درێژ بۆتەوە، واتا هێشتا پەیوەندییەکانی خێزانی گەورە (Extended Family) هەیە و دەسەلاّتی کۆمەلاّیەتی و پلەوپایەی بەسەر پەیکەرەکانەوە ماوەتەوە، هەروەها کاریگەری بەسەر ئەرکەکانی دامەزراوە سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و تەندروستی و سەربازییەکانەوە ماوە سەرەرای بچووکی بوونیادەکەی لە کاتی و ئێستادا.

بەواتایەکی تر: سەرەرای بوونی دامەزراوەی پەیکەری تر کە کار و ئەرکی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیر و ئایینی ئەنجام دەدەن، کەچی هێشتا لەلایەن پەیوەندییە خێزانییە خوازراوەکانەوە ئامۆژگاری و رابەرایەتی دەکرێن کە جاران لە خێزانە گەورەکانی عەرەبدا باوبوون، لەبەرئەوە نامەوی حوکمێکی کۆتایی بەسەر خێزانی عەرەبیدا بدەم لە کاتی ئێستادا، بەوەی کە خانەییەکی کۆمەلاّیەتییە یا یەکەیەکی کۆمەلاّیەتی بچووکە، چونکە هێشتا لە دۆخی دامەزراوەیی کۆمەلاّیەتییەوە نزیکە، هەروەها لە جیبەجیکردنی ئەرکە کۆمەلاّیەتی و سیاسی و کلتووری و ئایینییەکانی بەردەوامە سەرەرای بەمەدەنیبوونی کۆمەڵگای عەرەبی کەچی تائێستاش کۆمەڵگای عەرەبی ناشارستانیە وداوای خێزانی بچووك نییە کە خێزانەکان تەنیا ئەرکیان زۆرکردنی نەوەی نوێ و بەمرۆڤکردنیان بیّ، چونکە بەمەدەنی بوون بەمانای بەشارستانی بوون نییە، کەواتە یەکەمیان نابێتە هۆی هێنانەدی ئەوەی دووەم، چونکە دەکری

زۆربەی ئامراز و پێداویستییەکانی بەمەدەنیبوون بکردرێن، بەڵام ناکری لە بەشارستانیبوونی کۆمەڵگا بەهەمان خێرایی بەمەدەنیبوون پەلە بکری، بەڵکو پلەیەکی هێواشتری دەوێ. رووداوەکان ئەم حەقیقەتەمان بەدرێژای مێژوو بۆ جەخت دەکاتەوە "واتا خێرایی بەشارستانیبوونی کۆمەڵگا لە خێرایی بەمەدەنیبوون هێواشترە، بەتایبەت ئەو کۆمەڵگایانەی کە میراتێکی شارستانی و کلتووری دەوڵەمەندو رەسەنیان هەیە، کۆمەڵگای عەرەبیش نموونەیەکی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەیە.

دوای ئەم سەرەنجە خێرایە لە قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا دەچینە سەر روونکردنەوەی قۆناغی یەکەمی پێشکەوتن دوای ئەوەیش دەربارەی قۆناغی دووەم قسە دەکەین.

## ب-١- قۆناغی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی:

هەندی لە زانایانی کۆمەڵناسی وا تەماشای خێزان دەکەن کە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئەرکە جەوهەرییەکانی تاك و کۆمەڵگا هەڵدەسورێنی، خێزان بونەوەرێکی مرۆیی دەگۆرێت بەمرۆڤێکی بەمرۆڤکراوی خاوەن سروشتی کۆمەڵگاکەی، بەهۆی پەروەردەکردن و ئاراستەکردنەوە لەسەر بنەمای کارلێکی رەمزی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی خویدا لەبەر ئەوە لەگەڵیاندا تۆرێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی جێگیر دەکری کە جێگای بوونیادی فرە سیستەمی دەگرێتەوە کە رۆڵەکانی بەئاسانی جێبەجێ دەکا نەك بەزەحمەت، ئەوسا مرۆڤ بە گونجاوی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە دەمێنێتەوە کە لێی دەژی بەواتایەکی روونتر، خێزان هەڵدەستی بە رێنیشاندان و فێرکردن و راهێنانی منداڵە تازەکە "ئادەمی" "بونەوەری مرۆیی" و بنەماکانی رەفتاری تایبەت بەو بوونیاد دەنی "وەکو رەوشتی کوڕ یا کچەکەی یا کوڕی یەکەمی یا دووەم یا کۆتایی و پێوەرەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

ئەم ئەرکە گرنگە لەم قۆناغی تەمەنەدا بەگشتی یا بەنیوەیی جیبەجی ناکری بەڵکو سەرەتا و بنەما سەرەکییەکانی دەچێنری وەکو جیاوازی لە نێوان شتە رێگە پێدراو و شتە قەدەغەکراوەکانی رەوشتی کۆمەڵایەتی.

بەواتایەکی تر خێزان بناغەی پەیکەری کۆمەڵایەتی لە رەفتاری بونەوەری مرۆییدا هەڵدەکەنی، بۆ ئەوەی ئەو پێداویستییانەی تیا دروست ببی و ببێتە ئەندامێکی کۆمەڵگاکەی،



یا دانانی پلانێك بۆ ئەوەی ئامادەییەکە بییێت بە تاکێ کە هەڵگری هەموو ئاکارە سەرەکیکانی بوونیادی کۆمەڵایەتییە وە بۆ ئەوەی دواتریش بچێتە قۆناغی ئەو "کەسایەتییەوە" کە هەست بە بەرپرسیارێتی و ئەرکی کۆمەڵایەتی گەورە دەکا لەناو کۆمەڵگاکەی. ئەم بەرپرسیارێتییە هەموو خێزانەکان دەیکەن بەبی لەبەرچاوگرتنی جۆر و قەبارەیی کۆمەڵگا و ئاستی پێشکەوتنی شارستانی و کلتووری واتا خێزان لە کۆمەڵگای خێلەکی و لادیی و شارستانی و پیشەسازی و دواکەوتوو مەدەنی دەیکەن. بەم پێیە ئەم بەرپرسیارێتییە بۆ هەموو خێزانەکانی کۆمەڵگا بەدرێژایی مێژوو مرۆڤایەتی نەگۆر و هەربەیەك شێوە بووە.

باشە ئەگەر لەم بوارەدا باسی هەقیقەتی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان بکەین کە دەخرێتە ئەستۆی هەر تاکێك لەلایەن خێزانەکەیەوە (وەکو رۆڵی کوڕ یا کچ یا نێر یا مێ) بۆ ئەوەی ببێتە دەستپێکی "منطلق" ی یەکەم لە ژیانی خویدا وە لە کارکردن و پلە و پایە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی خێزانەکەی یارمەتی دەدا وەك لە گرووپی یاری یانە لە قوتابخانە و کۆلێژ و هاورییەتی و کۆمەڵگای ناوەخۆ و لادی و کارگە و پیشەسازەکە و کۆمپانیا و یانە و نەخۆشخانە و دادگا و نووسینگەی کار و مومارەسەی هەموو رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەکات.

بەواتایەکی تر ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتانەی کەدەخرێتە ئەستۆی تاك لەلایەن خێزانەکەیەوە بە کلیلی سەرەکی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی تر دادەنرێت لەناو کۆمەڵگا گەورەکەیدا، بەهۆی ئەوەوە دەرگای هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەك پەروەردە و ئابووری و سیاسی و کلتووری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەکرێتەوە کە سەرەتا بەروویدا داخرابوون، وە سەرکەوتن و تێکشکانی لە ژیاندا هەر لەسەر ئەوە دەوەستی. قسەکردن لەسەر خێزان بەو پێیەی کە دامەزراوەییەکی کۆمەڵایەتییە پێویستی بەدیاریکردنی چەمکی دامەزراوەیە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا، لە واتای سیستەمێکە لە رێکخستنە رەفتارییەکان یا سیستەمێکە لە پێوەرە کۆمەڵایەتییە پیکبەستەکان، کە ئامانجی ئاراستەکردن و ئامۆژگاریکردنی تاکەکان بەرەو ئامانجەکانی بۆ بەدیهێنان و هاوشێوەبوونیان لەگەڵیاندا.

کاتی خێزان لە دیدگای هەندێ کۆمەڵناسەوە بەیەکێك لە دامەزراوەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی ناو پەیکەری کۆمەڵگا دەژمێردری، ئەمەش بەو مانایەکە خێزان پێوەری کۆمەڵایەتی تایبەت بە پەیوەندی تاکەکانی و رێگاکانی هاوسەرگیری و چۆنیەتی بەرێوەبردنی ئاهەنگەکانیان لە بۆنە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، هەروەها پێوەری تایبەتی هەیە

لەمەر سیستەمی دابەشکردنی کار و دیاریکردنی جۆری هەڵویستەکانیان کەپێویستە لەلایەن منداڵەکان و کامڵەکان و بەتەمەنەکان وەربگیری و شتەکانی تریش تایبەتە بە پەروەردەکردنی بچووکەکان و هەندێکیشیان تایبەتە بە دیاریکردنی پەیوەندی خێزانێك بەخێزانێکی ترەوە، وە پابەندی بەچالاکی و نەریتە ئایینی و پەروەردەیی و پەیوەندییە سێکسییەکان و منداڵبوون و چۆنیەتی  نان خواردن و شێوازی پێشوازیکردن لەمیوان و خزمەکان.

بەلاّم رۆڵ و گرنگی خێزان لەناو پەیکەری کۆمەڵگادا پشت بەو پەیوەندییە دەبەستی کە لەگەڵ سیستەمی سیاسی هەیەتی، ئەگەر سیستەمی چالاك و کایگەر بوو وە خاوەن کۆنترۆڵێکی کارابوو بەسەر دامەزراوەکان و رێکخستنەکان دا، بەتایبەت ئەو کاتەی کە خاوەن ئالیاتی جێبەجێکار و یەکگرتووە، ئەوە دامەزراوەی خێزانی رۆڵێکی لاواز و مردووی دەبێ، بەلاّم ئەگەر سیستەمی سیاسی لاواز بوو، ئەوە دامەزراوەیی خێزانی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر تاکەکانیدا فراوان دەکا و چالاکیی گرنگ و کاریگەر لەناو کۆمەڵگا ئەنجام دەدا، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵ و دەسەلاّتی خۆی فراوان بکا بۆ گەران بەدوای دەسەلاّت و هێزێکی زیاتر و قەرەبووی ئەوە دەکاتەوە کە سیستەمی سیاسی بەهۆی لاوازی دەسەلاّتی خۆی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگاوە لە دەستی داوە.

وە ئەگەر سیستەمی سیاسی لە دابین کردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری رەسمی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا کەمتەرخەمی کرد ئەو خێزانە ئەم کارە دەکا، ئەوەش یەکەم لەبەر پێداویستی خۆی، دووەم بۆ ئەوەی وەکو خودی خۆی تێر بکا وە سییەمیش بۆ ئەوەی دەسەلاّتێکی فراوانی مومارەسە بکات.

ئەم پەیوەندییە هەمبەری جیاوازە لە هێز و پابەندێکانیدا لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە، واتا ملّکەچی ئەو بارودۆخە کاتییەیە کە کۆمەڵگا تێیدا دەژی، سەردەمی واهەن کە دامەزراوەیی ئایینی رۆڵێکی کارا و گرنگ لە ناو کۆمەڵگا دەگێری زیاتر لە سیستەمی سیاسی و دامەزراوەیی خێزانی"وە ئەوەی لە ماوەی سەدەکانی ناوەراست لە کۆمەڵگای ئەورووپا هاتە دی" ئەو شتەی کە وایکرد دامەزراوە سیاسی و خێزانییەکان لەبەرامبەر چالاکییە فراوانەکانی دامەزراوەی ئایینیدا پاشەکشە بکات، بەکورتی ئەوەیە کە: گرنگی چالاکی دامەزراوەی خێزان پشت بەقەبارە و ئامانجەکانی خۆی نابەستی بەڵکو بە و قۆناغە مێژووییە دەبەستی کە کۆمەڵگا تێیدا دەژی، واتا ملّکەچی کاریگەرییە مێژووییەکانە. لەبەر ئەوە هەندی جار دەبینین سیستەمی سیاسی زۆر چالاکتر و کاراترە لە دامەزراوەکانی خێزان و ئایین، بەلاّم بری جار دەبینین خێزان بەهێزتر و چالاکترە لە دامەزراوە ئایینیی و سیاسییەکان، بەلاّم سەرەرای هەموو ئەم جیاوازییانە

له هێزو چالاکیدا کەچی پەیوەندی هەموو دامەزراوەکان هەمیشە هەبووە و بەردەوامیش دەبی و ملکەچی جیابوونەوە و لێکپچران نابی. جێگای سەرەنجە کە رۆڵی ئەندامەکانی دامەزراوەیی خێزان قابیلی گواستنەوە و بەمولکردن و گۆڕین و جیاکردنەوە و دەرکردن نییە، واتا بۆ هیچ مرۆڤێك ناشی رۆڵی کەسێکی تر بگێری، چونکە رۆڵەکان "بایۆلۆجین" بۆ نموونە ناکری کەسێك رۆڵی برا ببینی ناکری کەسێکی تر رۆڵی خوشکی بگێری تەنها خوشکی حەقیقی نەبی، یا رۆڵی دایك ناشی ئافرەتێکی تر بیگێری، ئەم نەهێشتن و و رێگە نەدانە لە پابەندی ئەندامەکی "خوێنی" نێوان برا و براکەی و خوشك و خوشکەکەی تری و دایك و منداڵەکانییەوە دێ.

سەرباری ئەوەش مومارەسەکردنی رۆڵەکانی ئەندامانی خێزان خۆ وەکی و بی پاداشت و بێکرێیە وەکو مومارەسەکردنی رۆڵی مامۆستا لە قوتابخانە و پزیشك لە نەخۆشخانە یا قازی لە دادگا نییە. ئەم رۆلانە لە بوونیادی خێزاندا رۆڵی رەسەن و بناغەیین و رۆڵی لاوەکی پەراوێزی نین، بەمولکردن وگۆرینەوە قبول ناکات، چونکە کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لە بوونیادی خێزاندا، بەمانایەکی تر دامەزراوەیی خێزان چەند رۆڵێکی جێگیر دەگرێتە خۆی کە چەند تاکێك کاری تێدا دەکەن و ناکری بەکەسانی دەرەوەی خێزان بگۆردرێنەوە، هێچ پاداشتێکی ماددی یا مەعنەوی لەبەرامبەر ئەو رۆڵە خێزانییانە وەرناگرن، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە بایۆلۆجییەی کە پێکییان دەبەستێتەوە نەك بەرژەوەندی خودی وگشتی، لەبەرامبەر ئەم حەقیقەتە روون و ئاشکرایەدا، دامەزراوەیی خێزان بوو بەیەکێك لە بەهێزترین دامەزراوە کۆمەلایەتییەکانی ناو سیستەمی پەیکەری کۆمەلایەتی، لەبواری پابەندی بایۆلۆجی — خوێنەکی- و لەبواری مومارەسەکردنی رۆڵی خێزانی بەبی بەرامبەر و کرێی مادییە.

حەقیقەتێکی تر کە دامەزراوەیی خێزان دەیگرێتە خۆی فرە کار و ئەرك کە هەڵدەستی بە وەچەخستنەوە و پەروەردەکردن، فێرکردنی شتە ئایینییەکان و بۆنە پیرۆزەکان، سەرباری راهێنان بەکاری بەرهەمهێنان کە خۆی بەدروستکردنی هەڵدەستی و پارێزگاری لێکردنیان لەمەترسی دەرەکی و بایەخپێدانیان لەبۆنە دیاری کراوەکان لەپێناو دڵخۆشیکردنیان، ئەو ئەرك وفرمانانە لەژیانی خویدا شتی سەرەکی بوون، بەلام لەگەل پێشکەوتنی سەردەم و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەلایەتی و دەرکەوتنی داهێنراوە زانستی و تەکنیکێکان ئەو ئەرکانە بوونە ئەرکی دامەزراوەکانی تری ناو پەیکەری کۆمەڵگا وەك دامەزراوەیی ئایینی و پەروەردەیی و پیشەسازی و خۆشگوزەرانی و سەربازی.



ئەو گۆڕانە ئەرکێتییە بەهۆی لاوازی بەجێهێنانی کارەکانیەوە نەبوو یا لە سیستەمی خێزانیدا یا بەهۆی ئەوەوە نەبوو کە دامەزراوەکانی تر بەشێوەیەکی باشتر کارەکانیان ئەنجام بدەن، بەڵکو بەهۆی حەقیقەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە لە قۆناغی پێشکەوتنەوە بۆ قۆناغێکی تر، ئەوەش لەشارستانیبوون و مەدەنیبوون و زانستی بوونی زیادی کرد و لە قۆناغی تەقلیدی دوریخستەوە.

ئەرکە جەوهەرییەکانی خێزان کەوتنە بەرژەوەندی دامەزراوەکانی ترەوە کە پەیوەندییان بەئەرکی خێزانییەوە هەبوو، بەوەش شێوەی خێزان گۆرا، ئەو گۆڕانەش بەخۆی وئارەزووی ئەندامانی خێزان و "خێزان بەگشتی "نەبوو، چونکە کۆمەڵێك ئەرك و فەرمانی جەوهەری و گرنگی خێزانیان وەرگرتووە، ئەوەش بەپێی سروشتی خۆی جێگای خێزانی لە سیستەمی کۆمەلایەتەتیدا لاواز کرد و رووکنەکانی دامەزراوەکەی سست کرد، باوك بەو پلە و پایەیەوە نەمایەوە کە لە خێزانی باوکسالاریدا هەیبوو، وە دایك لەدەرەوە و ناوەوەی خێزان کەوتە کارکردن، بەمەش ئەو پلە و پایە گرنگەی لە دەست دا کە پێش شۆرشی پیشەسازی هەیبوو، ئەوانە هەمووی تاکەکانی خێزانی دڵخۆش و شادمان نەکرد، بەڵکو سەرسامی کردن چونکە خێزانەکەیان بەهەمان دامەزراوەیی پرشنگدار و بەشکۆ لە سیستەمی کۆمەلایەتیدا نەمایەوە.

رەنگە بپرسن ئەگەر تاك و خێزان ئەم بارودۆخە ناخۆش و خراپەیان هەیە کە لە سەرخودی کۆمەلگا رەنگی داوەتەوە بۆچی دامەزراوە سیاسی و کلتووری و پەروەردەیی و سەربازی و تەندروستی و ئایینی و سیاسی واز لەو ئەرکانە ناهێنن کە لە دامەزراوەیی خێزانیان سەندەوە، و شتەکان بگەرێنەوە جێگای خۆیان و لقەکان بۆ رەسەنەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵگا دڵخۆش و تاکیش شادبی، پرشنگداریی لە سیستەمی کۆمەلایەتیدا بۆ خێزان بگەرێتەوە؟

وەلامی ئەو پرسیارە ئەوەیە: بی گومان قۆناغی مێژووی یەکلاکەرەوە دێت و کۆمەڵگای مرۆیی ناچار دەکات کە ئەو دامەزراوانەی ناومان بردن دەست لەکار و ئەرکەکانی خێزان هەڵگرن کەپێشتر داگیریان کردبوو تاکو ئەو دامەزراوانە تەنیا ئەو ئەرکانە راپەرێنن کە قۆناغە مێژووییە نوێیەکە دەیخاتە ئەستۆیان، زۆربەی کارەکۆنەکانی بۆ خێزان بەجی دەهێڵدرێن، سەرباری هەرەسهێنانی هەندی لەو دامەزراوانە لە بەجێهێنانی هەمان پلەی جیبەجیکردنی کارە تالانکراوەکانی خێزان، نیمچە کۆدەنگییەك لە نێوان خەڵکی هەیە دەربارەی گەرانەوەی پەروەردەکردنی رۆشەنبیری و ئایینی و منداڵ و پارێزگاریکردنیان لە مەترسی دەرەکی و چاودێریکردنی تەندروستی و دڵخۆشییان و فێرکردنی شتە ئایینییەکان بۆ خێزان ئەو کاتە ئەرکە

رەسەنەکان بۆ خێزان دەگەڕێنەوە و شوێنگەی خێزان لە سیستەمی کۆمەلاّیەتیدا پتەو دەبی، بەلاّم ئەم قۆناغە بەشێوەیەکی لەخۆوەکی و هەرەمەکی یا لەماوەیەکی کورتدا نایەتە دی،بەلّکو دوای دلّنیابوون لەهەرسهێنانی ئەو دامەزراوانە لە جیبەجێکردنی ئەو ئەرکە تالاّنکراوانە و دوای بڕواهێنانی خەلّکی بەتەنهایی تاك و نامۆبوونی لەکۆمەلّگاوە بەتایبەت ئەو کاتەی کە رقی خەلّکی لەو دامەزراوانە وادەکات کە ناچاربن واز لەزۆربەی ئەو ئەرکانە بهێنن کە لە خێزانیان وەرگرتووە، دوای ئەوە ئەرکە رەسەنەکان دەگەڕێنەوە بۆ خێزان "بۆ جێگای سروشتی خۆیان".

## ج-١- گۆڕانکارییە پەیکەرییە ئەرکیەکانی خێزان:

دیارترین ئەو ئەرکانە دەخەینە روو کە خێزان دەیکرد، بەلاّم ئێستا لەدەستی داوە بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی فەرەنسی و جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و جەنگی ئەهلی و شۆڕشی سیاسی و پێشکەوتنە تەکنیکی و داهێنراوە پیشەسازی و تەکنەلۆژییەکان. ئەمانە هەمووی یارمەتی دەبوون بۆ دەرکەوتنی ئەو گرووپ و رێکخراوە دامەزراوە سیستەمیانەی ناو پەیکەری کۆمەلاّیەتی کە کۆمەلێك ئەرکی جەوهەرییان لە خێزان سەندەوە.

قوتابخانە ئەرکی پەروەردەیی بۆ خۆی وەرگرن، منداڵ لەسەرووی پێنج سالاّنەوە بۆ خۆی راکێشا "لە هەندی بارودۆخدا خێزانە دەولّەمەندەکان ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵە ژێر پێنج سالاّنەکانیان، رۆلّی شارستانی سپارد " بۆ ئەوەی فێری خوێندن و نووسین و زانست و رۆشەنبیرییان بکاتەوە. وە بۆ پسپۆریکردنیان لە بوارێکدا کە خێزان دوای ئەو پێشکەوتنە بەهێزەی توشی خێزان وکۆمەلّگا بوو نەیدەتوانی پێی هەلّبسی، جێبەجێکردنیشی لەسەرەکی تر لێی ئازاد و توانای داهێنان وەستاوە، بەلاّم ئەرکی ئابووری ئەو ئەرکانەی کە تایبەت بوون بەبەرهەمهێنانی هەموو پێداویستی ئەندامەکانی خێزان لە خواردن و جل و بەرگ و خواردنەوە کە خێزان خۆی بەرهەمی دەهێنان کۆمپانیا و کارگە و کارخانەکان وەئەستۆیان گرتن، لەبەرئەوە هەموو داهاتی مانگانە و داهاتی سالاّنەیان لە جوانکاری و خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگی جوان دا خەرج دەکرد کە لە هەندی حالّدا لە داهاتەکەشی تێدەپەری.

گەشەسەندنی تەکنیکی و خواردنی هەموو داهاتەکانی خێزانیان بەفیڕۆ دەدا، ئەو داهاتە دیاریکراوەیی خێزان بەخواردن و جل و بەرگ و جێگا خەرج دەکرا زیاتر لەو خێزانەی کە داهاتێکی زۆریان هەبوو خەرجێکانیان دەگەرایەوە بۆ ئامرازی خۆشگوزەرانی رۆلّەت ئارایی و



لەکارکردن کە خۆشییەکی دەرەکییان هەبوو. وەکو" ئوتۆمبیل و رازیکەرە دەرونییەکان و هەموو ئەو شتانەی کە نرخێکی زۆر و سوودێکی کەمیان هەبووە" لە کاتیکدا خەرجی خێزانی لادێی تەنها بۆ کرینی پێداویستی و کەل و پەلەکانی ناومالّە زیاتر لەهەر شتێکی تر. ئەم بەمەدەنی بوونە کۆمەلاّیەتییە دەمابن بەروونکردنەوەی دۆخی کارکردنی ژن لە دەرەوەی مالّ لە پێناو زیادکردنی داهاتی خێزانەکەی بەجۆرێك کە بتوانی رووبەڕووی ئەو هەموو داواکارییە زۆرەی خێزان ببێتەوە، چونکە بوونی ژن و پیاو لە دەرەوەی مالّ بۆ کار واتا ئەو خێزانە بۆ ژەمەکان پێویستیان بەخواردنی ئامادە و لەقوتیکراو و جل و بەرگی ئامادەکراو هەیە، هەروەها پێویستیان بەئامرازی مالّ هەیە بۆ ئاسانکردنی ئەرکەکانی ناو مالّ،ئەوەش بۆتە هۆی بلاوبونەوەی خواردنگە و نانەوانخانەو خواردنی بەستراو پارێزراو کەلوپەلی خاوێن کەرەوە "بەتایبەت بەجل و بەرگ و کەلوپەل و پیداویستییەکان" هەروەها دایەنگاو خانەی چاودێری.

ئەو پێشکەوتن وداهێنانەی کە تایبەتن بەمالّ لە ئەنجامی کارکردنی ئافرەت بووە کە لە دەرەوەی مالّەکەیدا، ئەوەش بۆ ئەوەی لە بەردەوامی کارەکەیدا یارمەتی بدا بەتایبەت بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئەرکە مالّداریێکانی دا بکا بەرامبەر خێزانەکەی هەروەها بۆ ئەوەی مەرجەکانی دابەشکردنی کاری ناوخێزان ی شارستانی جیبەجیبکا بەتایبەت چینی ناوەراست.

نەك هەر ئەوە بەلّکو چوونە دەرەوەی ئافرەت بۆ دەرەوەی مالّ –بۆکار- هەروەها قورسی ژیان لە شاری شارستانە و زیادبوونی پیداویستییەکانی ژیانی خۆش لەشار، پالّی بەژنەوە ناوە هەندی کار بکا، کە لەبنەرەتدا کاری پیاون وەك شت فرۆشتن و بازارکردنی رۆژانە و پارەدانی لیستەکان و پێداویستییەکانی مالّ لە نووسینگە و کۆمپانیا و بەدواداچوونی مامەلّە رەسمییەکان لە نووسینگە و دائیرەکانی دەولّەتدا،لەهەمان کاتیشدا ئەو بارودۆخە پالّی بە پیاوەوە ناوە کە ئەرکەکانی ژن ئەنجام بدا، وەکو شوشتنی قاپ و پاککردنەوەی مالّ و چێشت لێنان و کرینی خواردن و گرینگیدان بەمنالّ، ئەم ئەرکانە لەبنەرەتدا کاری ئافرەتن. ئەم بەلّگانە ئاماژەن بۆ روودانی گۆڕانێکی جۆرایەتی لەسیستەمی دابەشکردنی کاری ناو خێزانی شارستانی " بەتایبەت لەلای چینی ناوەراست " واتا ئەرك و بەرپرسیارییەکانی ژن و پیاوە، وەکو پێش شارستانی نەمانەوە بەلّکو ئێستا ژن و پیاو یارمەتی و پشتگیری یەکدی لەنێوانیاندا هەیە، سنووری نێوان کارەکانیان وەکو خۆی نەماوەتەوە و جەقبەستوو نەگۆر نییە.

ئەرکی پشودان " ترویحیة " کە هەندی چالاکی خۆشگوزەرانی و کات بەسەربردن دەگرێتەوە کە پێشتر لەناو چوارچێوەی خێزان لەنێوان ئەندامەکانی خێزان و لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی

دایك و باوكدا مومارەسە دەكرا. بەلاّم لەگەلّ دەركەوتنی دامەزراوە پەیكەرییەكاندا زۆربەی ئەم چالاكییانە چوونە ژێر ركێفی ئەو دامەزراوانەوە " جگە لە كاتبەسەربردنی ئەلیكترۆنی نەبێت كە تەماشاكردنی تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و گوێگرتن لە لە هەوالّ و گۆرانی دەگرێتەوە ". داهاتی سەندیكایی و دەستەبەری كۆمەلاّیەتی و تەندروستی و دانانی بەرنامەی پشودان بۆ خێزانی كرێكار و فەرمانبەرەكان كەلە دەرەوەی چوارچێوەی خێزاندا مومارەسە دەكری، وە رێكخستنی گەشتی دەرەكی لەلایەن كۆمپانیاكانی فرین و گەشت و گوزارەوە، سەرباری چالاكی دامەزراوە هونەرییەكان وەك سینەما و شانۆ و هەروەها یانە وەرزشییەكان كە ژمارەیەكی زۆری تاكەكانی خێزانی راكێشاوەتە ناو یاریگا و گۆرەپانەكانیەوە بۆ تەماشاكردنی پێشبركیی تیپی و گرووپیەكان، ئەمانە وایان كردووە كەتەنها چەند ئەركێكی ساكار بۆ خێزان بمێنێتەوە وەك خوێندنەوەی گۆڤار و رۆژنامەو چنینی هەندی جل و بەرگی ساكار. كەلە دروستكردنی زانیاری پشودان و چۆنەتی بەكارهێنانی كاتە بەتالّەكان بەشێوەیەكی گرووپی و مەركەزی لەناو خێزاندا دابریووە.

دواتر ئەركی ئایینی دی كەلە خێزان هەلّدەستا بە ئاراستەكردن و ئامۆژگاری ئایینی منالّەكانی بەهاوكاری لەگەلّ رۆلّی پەرستگاكان كە ئەركی رۆشنبیركردنی ئایینی خستبووە ئەستۆی خۆی، بەلاّم خێزان گێرانی هیچ رۆلّێكی جەوهەری ئەم ئەركەی بۆ نەماوەتەوە.

بارودۆخەكە سەبارەت بەئەركی چاودێری تەندروستی و كۆمەلاّیەتی زۆر توندترە، پێشتر ئەگەر خێزان چاودێری تەندروستی و پزیشكی و كۆمەلاّیەتی منالّ و بێوەژن و پیر و كەم ئەندام و بەسالاّچوانی ئەنجام بدایە، ئەوە ئێستا لەگەلّ دەركەوتنی دەزگاكانی دابینكردنی تەندروستی و كۆمەلاّیەتی رۆلّی چاودێری و خانەی بەسالاّچوان و نەخۆشخانەی تایبەت بە پیر و پەككەوتە، خێزانی لەو ئەركە مرۆڤایەتییە دامالّیوە كە هیچ دەزگا و رێكخراوێك ناتوانی قەرەبووی بكاتەوە، چونكە لەناو خێزاندا چاودێرییەكی گەرم و ئەندامی لەخۆوەكی هەیە، كە كرێكارەكان هیچ كرێیەكی ماددی وەرناگرن، تەنها بەهۆی پالّنەرێكەوەیە كە لێوان لێوە لە سۆز و بەرپرسیاریەتی و ئەركی خێزانی و خزمایەتی بەبێ منەت.

خێزان قەلغانێكی خۆپاراستن و مالّێكی ئارامە بۆ تاك كەلەویا چاودێرییەكی مرۆیی و وەلاّمێكی راستەوخۆ و خۆشەویستییەكی راست و بەرپرسیاریەتییەكی كۆمەلّی دەدۆزێتەوە، كەدامەزراوەكانی تر ناتوانن بەهەمان شێوە قەرەبووی بكەنەوە، چونكە لەناو خێزاندا



رووخسارێكی مرۆیی سروشتی و پەیوەندییەكی بەسۆزی توندوتۆلّ لەنێوانیاندا هەیە، وایان لێدەكا بەكارێكی پر لە سۆز و خۆشەویستی هەلّبسن.

بەلاّم ئەگەر لەمەڕ گۆڕانی بوونیادی خێزانی قسەبكەین، دەبینین دوای جەنگی جیهانی دووەم واتا لەدوای سالّی ١٩٤٦ بە پیتبوونێكی سێكسی و بەگەشەیەكی هێواش دەستی پێكرد كەبەدوای خۆیدا دابەزینی رێژەی لەدایكبوونی هێنا، هەروەها چەند گۆرانكارییەكی تازە دەركەوتن كەپێشتر لەكۆمەلّگای رۆژئاوادا بەتایبەت لەنێوان ئەندامەكانی چینی ناوەراست لەناوچە شارستانیەتەكان باونەبوو، وەكو خۆشگوزەرانی ماددی و دەستەبەری ئابووری كەلە ئەنجامی فەراهەمكردنی هەلی كار و كەفالەتی حكومەت بۆ هەموو ئەو تاكانەی كە توانای كاریان هەبوو هاتبووە دی, بەوەی كارێكی بۆ دیاری دەكردن كە لەگەلّ توانا و لێهاتووییان بگونجی، دابینكردنی پتری تەندروستی و هاتنەدی ژیان لەلێواری شارەكان.(١)

## د/ ١- قۆناغی خانەی كۆمەلاّیەتی:

كاتێك هەندی لەكۆمەلّناسان دەلّێن خێزان، ناوك یا یەكەیەكی كۆمەلّگایە مەبەستیان ئەوەیە كە هیچ كۆمەلّگایەكی مرۆیی بەبی خێزان بوونی نییە، چونكە ئەندامی نوێ دەرخواردی كۆمەلّگا دەدات و كەلەپورە كلتووری و كۆمەلاّیەتییەكانی كۆمەلّگا لەنەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەگوازێتەوە، وە یارمەتی كۆمەلّگا دەدات لەجیبەجێكردنی ئەركەكانی وەك "ئەركی ئایینی و پەروەردەیی و هزری و كۆمەلاّیەتی و تەندروستی و خۆشگوزەرانی "، وەلی ناتوانێ بەتەنها ئەم كارانە ئەنجام بدا، هەرچەند هەموو كۆمەلّگاكان یەك جۆری خێزان لەخۆناگرن، بەلّكو جیاوازی لەجۆرەكانیاندا هەیە، بۆنموونە خێزانی " قرانی " " Conjagal Unit Family، واتا یەكەیەكی هاوسەرگیری وەستاو لەسەر بنەمای پەیوەندی مەركەزی نێوان ژن و پیاو كە بەپەیوەندی سۆزداری نێوانیان و ژمارەیەكی كەمی منالّ دەناسرێتەوە، هەروەها خزمەكانیشیان وەكو باپیرە و پوور و مامەكان و خالّەكان....هتد، هیچ رۆلّێكی گرنگ و كاریگەر لەژیانی كۆمەلاّیەتی ئەم خێزانەدا ناگێرن، بەلّكو هەندی رۆلّی پەراوێزی و لاوازیان هەیە، وەئەگەر جیابوونەوە یا تەلاّق تامردنی یەكێكیان روویدا پێشبینی هەلّوەشانەوەی خێزانەكە و لادانی منالّەكان دەكری، چونكە پەیوەندییە هاوسەریەكە هیچ رەنگدانەوەیەكی لەنێوان خێزانی هەردوو هاوسەرەكە نییە، ئەم خێزانانە " خێزانی ژن ومێردەكە " هیچ چاودێرییەكی ماددی و مەعنەوی

پێشكەش بەم خێزانە هەڵوەشاوەیە ناكەن، چونكە هاوسەری منالەكانیان رەنگدانەوەی پەیوەندییەكی سۆزداری — تاكەكەسییە نەك خزمایەتی - خێزانی، لەبەر ئەوە تەنها بەرووداني جیابوونەوە یامردنی یەكێكیان پەیوەندییە خێزانییەكە هەڵدەوەشێتەوە.

جۆرێكی تری خێزان كە ئێستا لەكۆمەڵگای خێڵەكی و لادیی و تەقلیدییەكاندا بڵاوە، وەجێگایەكی ناوەندی هەیە لەنێوان خێزان وەكو دامەزراوە و خێزان وەكو ناوك، واتا نموونەی قۆناغی پێشكەوتنی مێژووە، رەنگدانەوەی ئەو سەردەمە كۆنە نییە كە هەموو ئەرك و فرمانەكانی ئەنجام دەدا لەكاتێكدا كەهێشتا نەگەیشتبووە قۆناغی پێشكەوتنی شارستانی، بەڵام هەموو ئەركەكانی نموونەی قۆناغێكی پێشكەووتوی شارستانی نییە، ئەویش جۆری خێزانی خزمایەتییە " Conasnguine Family"، كەبەیەك باوكی و پەیوەندی هاوسەری خوێنی دەناسرێتەوە، لەم جۆرە خێزانەدا خزمەكان وەكو " باپیرە و مامە و پورەكان و خاڵەكان " رۆڵێكی كاریگەر و گرنگیان لەژیانی كۆمەڵایەتییاندا هەیە، لەبەر ئەوە لەحاڵەتی مردنی یەكێك لەهاوسەرەكان پەیوەندییە خێزانییەكە هەڵناوەشێتەوە، بەڵكو بەبەردەوامی دەمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر تەلاقیش لەنێوانیاندا رووبدا ئەوە پەیوەندییەكە هەر دەمێنێتەوە و منالەكانیش لەناو خێزانەكەدا بەبی لادان وبەدرەوشتی دەژین، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندییە خزمایەتییە بەهێزەیە كەلەنێوان خێزانی هەردوو هاوسەرەكە دا هەیە، ئەو كەلێن و دابرانەش پڕدەكاتەوە كەتووشی خێزانەكەبووە.

چونكە هاوسەرگیری لەم خێزانەدا لەسەر پەیوەندی دووكەسی پێگەیی و دروست نەبووە بەڵكو لەسەر پەیوەندی خزمایەتی — خوێنی دروست بووە كە زۆر بەهێزتر و بەتین ترە لە پەیوەندی دووكەس بەتەنها. بەواتایەكی تر: ئەم جۆرە خێزانە بەتەنها مەبەست هاوسەرگیری دووكەس و وەچەخستنەوە نییە، بەڵكو ئاماژەیە بە چینێك لەپەیوەندی خزمایەتی و خوێنەكی و سۆزداری و كۆمەڵایەتی نێوان خێزانی هەردوو هاوسەرەكە، لەبەرئەوە ئەم جۆرە خێزانە یەكەیەكی كۆمەڵایەتی پتەوی ناوكۆمەڵگایە كە هەڵوەشانەوە و لادان تێیدا قورس و ئەستەمە، ئەم جۆرە خێزانە نەك هەر دوو وەچە لەنەوەكان دەگرێتەوە خۆی " وەچەی باوكەكان و وەچەی كورەكان " بەڵكو زیاتر لەمەش واتا سی وەچە یا چوار وەچەیە ئەمەش جیاوازییەكی كۆمەڵایەتی و دەروونییە كە ئەم خێزانەی پێجیادەكرێتەوە، چونكە یارمەتی كۆمەڵگا دەدا لەجیبەجێكردنی ئەركە گرنگەكان، لەبواری پەروەردە فێركردن و منالّ و نەوجەوانان و مێرد منالان " وە لەبواری خۆشگوزەرانی و پشودان " گرنگیدان بەچالاكی تاكەكانی خێزان و حەوانەوە " وە لەبواری



پەروەردەی ئایینی " فێركردنی منالەكان لە شتە قەدەغەكرا و رێگەپێدراوەكان و بنەماكانی ئایینی ئەو شتانەی كەتایبەتن بە بوون و خودا " بەلام نەك هەر ئەو ئەركانە كەخێزانەكان لەكۆندا ئەنجامیان دەدا بەڵكو بەپلەیەكی كەمتر.

دروستبوونی خێزان پێویستی بەدووكەسی رگەز جیاواز هەیە كە چەند پەیوەندییەكی هەمەجۆر بەیەكیانەوە دەبەستی " كە بەخزمایەتی خوێنەكییە یا سۆزدارییە یا بەژەوەندییە یا كۆمەڵایەتییە " ئەم خێزانە منالێ لیدەكەوێتەوە كەناوی خودی خێزانەكە هەڵدەگرن، خێزان دەیانماڵێنی و لەسەر ئاكاری ئەو كۆمەڵگایە باریاندێنی كە تێیدا دەژین، ئەوەش لەپێناو پارێزگاریكردن لەمانەوەی رەسەنێتی سیستەمی كۆمەڵایەتی. ئەوسا دەتوانین ئەم هاوسەرگیری خزمایەتییە ناوبنێین خێزان، وە ئەگەر ئەو ئەركانەی كەپێشتر دیاریمان كرد جیبەجێیكردن، دەتوانین بەخێزانی ناوەكی كۆمەڵایەتی و خانەی كۆمەڵایەتی ناوبنێین، بەتایبەت لەجیبەجێكردنی ئەم ئەركانە.

ئەم نەخشەیە خێزان وەكو دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتی و خانەیەكی كۆمەڵایەتی روونده‌كاتەوە:

| ژمارە | جۆری ئەرك | خێزان وەكو دامەزراویەكی كۆمەڵایەتی | خێزان وەكو خانەیەكی كۆمەڵایەتی |
| --- | --- | --- | --- |
| ١- | سیستەمی دابەشكردنی كار | بۆ هەموو ئەندامانی روونە و پێشتر دیاری كراوە. | لێڵ و تێكەڵە سنوور لەنێوان جێگا و رۆڵی تاكەكانی خێزان نییە. |
| ٢- | رۆڵە كۆمەڵایەتییەكان | بۆماوەییە، زیاتر لەبەدەست هاتوو. | بەدەست هاتووە، زیاتر لەبۆماوە. |
| ٣- | ئەركی ئایینی | ملكەچە بە مومارەسەكردنی ریرەسمە ئایینی و چالاكییەكانی. | ملكەچی ئایینی نییە ئەگەر ئایینیش بی رووكەشیە |
| ٤- | ئەركی ئابووری | بەرهەمهێنانی زیاترە لە بەكاربردنی. | بەكاربردنی زیاترە لە بەرهەمهێنانی. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥- | کاری تاکەکانی خێزان. | پیشەیی بۆماوەییە. | پیشەیی نابۆماوەییە لەسەر بنەمای توانا و زیرەکی و لێهاتوویی وەستاوە. |
| ٦- | ئەرکی پەروەردەیی | بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ملکەچ بەشداری دەکا. | بەشێوەیەکی رووکەش و ناکارا بەشداری دەکا. |
| ٧- | ئەرکی خۆشگوزەرانی | لەژێرسەرپەرشتی دایک و باوک و خزمەکانە بەشێوەیەکی راستەوخۆ. | لەژێر سەرپەرشتی دایک و باوک دوورە. |
| ٨- | ئەرکی ویژدانی | پاک و هەڵقوڵاوی قووڵایی مرۆڤی رەسەنە. | بارمتەی دۆخێکی کەسایەتی هەردوو هاوسەرەکەیە. |
| ٩- | خزمەکان | رۆڵێکی کارایان لە ژیانی خێزاندا هەیە. | رۆڵێکی سستیان لەخێزاندا هەیە. |
| ١٠- | ئامێر و کەل و پەلەکانی ناوماڵ | کەم و داهێنراوی سەرەتاییە. | زۆرو جۆراوجۆرە، داهێنراوەکانیشی پێشکەوتوون. |
| ١١- | هەڵوەشانەوەی خێزانی | بەمردنی یەکێکیان یا جیابوونەوەیان روونادات. | بەمردنی یەکێکیان بەتەلاق یا جیابوونەوەیان روودەدات. |
| ١٢- | بەرهەمی مرۆی بۆکۆمەڵگا | بەژمارەیەکی زۆر. | بەژمارەیەکی کەم. |
| ١٣- | قەبارە | گەورە. | بچووک. |

١- وەچەخستنەوە بۆ زیادکردنی کۆمەڵگا بەئەندامی نوێ.
٢- چاودێری و پەروەردەکردنیان لەسەر داب و نەریت و بەهای سیستەمی کۆمەڵایەتی.
٣- پارێزگاری سیستەمی کۆمەڵایەتی لەلادانی رێسا و رێکخستنەکانی.
٤- یارمەتیدانی کۆمەڵگا لەتێکۆشانەکەیدا لەپێناو مانەوە و لەناونەچوونی ئەمەش بەتەنها بەهۆی وەچەخستنەوە نابی بەڵکو دەبێ پارێزگاری و چاوێرییان بکری وە سیستەمی کۆمەڵایەتی جێگیر پەرەی پێبدری و لێی لا نەدری.



## ه/-١- رێبازە کۆمەڵناسییەکان لەتوێژینەوەیاندا بۆ خێزان:

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تێروتەسەل و تایبەت چارەسەری سروشتی بابەتی خێزان بکەین دەبی ئاماژە بە هەندی رێبازی کۆمەڵناسی بکەین: -

١- رێبازی دامەزراوەیی
٢- رێبازی پەیکەری-ئەرکێتی
٣- رێبازی کارلێکی
٤- رێبازی پەرەسەندن
٥- رێبازی ململانێ

### ١- رێبازی دامەزراوەیی:

لەم رێبازەدا پتر لە تێروانینێ هەیە، هەندێکیان لە ئەرکە گرنگەکانی خێزان لەناو کۆمەڵگا دەروانن و هەروەها گرنگی بەکارایی و پلەی چالاکی دەدەن، کاتی کەبەراورد دەکری لەگەڵ دامەزراوەکانی تری ناو پەیکەری کۆمەڵایەتی، لەلایەکی تر پەردەی لەسەر ئەو رێگایانە لادەدا کە تاکەکان بەهۆی کاریگەرییان بەسەر یەکتردا گرتۆتیانە بەر.

هەرچەندە دیارترین و کۆنترین تێروانینەکانی ئەم رێبازە تێروانینی ئەندامەکین، کەپیی وایە بونەوەرەکان بە شێوەیەکی پێشکەوتوو گەشە دەکەن (ئەم رێبازەش لەسەرەتای سەدەی نۆزدە لەکۆمەڵناسی دا دەرکەوت، بەڵام پێش ئەو بەسەدەیەك لەمرۆڤنسی هەبوو). بەڵام ئەو تێروانینانە لەرێگوزەر و پێشکەوتنی خۆیدا بەردەوام نەبوو، چونکە بۆی روون بۆوە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی راست و رێك و پێك لەگەڵ بزاوتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا ناروا، پێش ئەوەی بەدرێژی بچینە ناو ئەم رێبازەوە پێویستە سەرەتا ئاماژە بەئامرازەکانی بدەین (ئەو ئامراز و رێگایانەی کە لە بەدەستهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکانیدا پشتی پی بەستون)، ئەوەش رێگای مێژوویی و بەراوردکارییە، واتا بەراوردکردنی کلتووره کۆمەڵایەتییەکان. کەپانتییەکی زەمەنی سنوردار و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو وەردەگری کە لێکۆڵەر تیایدا تێبینی بارودۆخی گۆڕان و ئاراستە و پێشکەوتن, شوێنەواری ئەو بزاوتانەی لەئارادان، دەکا. لەپێناو بەگەیشتن بە چەند ئەنجامێك کە رەنگدانەوەی ئەو ماوە زەمەنییەیە کەکۆمەڵگا تیایدا ژیاوە.

لێرەدا گونجاوە ئاماژە بەو بابەتانە بکەم کە تێبینییەکانی لێکۆڵەری ئەم ڕێبازە جەختی لەسەر کردووە ئەویش خێزان و گرنگی و ئەرکەکانێتی لەکۆمەڵگا و چۆنیەتی گەشەسەندنی بوونیادەکەی و راپەراندنی کارەکانێتی، واتا وەکو دامەزراوەیەك تەماشای خێزان دەکا کە ئەرکە کۆمەلایەتییەکانی سەرشانی لەگەڵ ئەرکی دامەزراوەکانی تری ناو کۆمەڵگا ئەنجام دەدا، ئەم دیدگا ڕێبازەکیە لەسەر شێوازێکی وەسفییە، نەك شیکاری واتا وەسفی ئەرکەکانی خێزان و ڕێگای جێبەجێکردنیان دەکا، نەك هەر ئەمە بەڵکو چۆنیەتی دامەزراندنی دامەزراوەیی خێزان لەناو کۆمەڵگای مرۆیی دیاری دەکا، لەبەرامبەر ئامانجی باسەکە پەردە لەڕووی پێداویستییەکانی مرۆڤیش لادەدا کەبەدوایدا دەگەڕێن. ئەو پێداویستییانەی کۆمەڵگاگەلێکی دیاریکراو بەهۆی دامەزراوەکانیەوە بەجێیان دێنی.

هەروەها ئەم ڕێبازە ناسراوە وەسف و راڤەی پێداویستە کۆمەلایەتییەکان، ڕێگای دابینکردنیان لەگەڵ جەخت کردنە سەر ئەو گۆڕانە کۆمەلایەتییانەی کە بەسەر ئەرکی خێزاندا دێ دەکا و هەروەها دەرخستنی هۆکار و شوێنەواری ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر خێزان و ئەو دامەزراوانەی تردا دێ کە بەپێی کات پەیوەندییان لەگەڵیدا هەیە.

بەواتایەکی تر: دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان بەهۆی ویستی تاك و پاڵنەرە مادديیەکانەوە دروست نابن بەڵکو بەهۆی ئەو پێداویستییە کۆمەلایەتییانەوە سەرهەڵدەدەن کە پێویستییان بەدابینکردنی هەیە، وە لەگەڵ زیادبوون و زۆربونی ئەو پێویستییان دامەزراوەی تایبەتمەند دروست دەبێ کە ئەرکی دابینکردن (اشباعیە) ئەنجام دەدا.

* هەرچەند پێداویستەکانی کۆمەڵگا ناجێگیرە " بەڵکو گەشەسەندوییە " لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراوە کۆمەلایەتییەکانیش بەپێی دەرکەوتنی پێداویستیە کۆمەلایەتییە نوێیەکاندا پەرەدەسێنی ئەگەر ڕێرەوی پێکهاتەی پەرەسەندن وەرگێڕینە سەر واقیعی خێزان، دەبینین سەرهەڵدانەکەی لەگەڵ سەرەتای پێداویستییە پڕنەکراوەکانی ئەندامەکانیدا دەستی پێکرد.

ئاشکرایە لەگەڵ زۆربونی ئەو پێویستییانەی مرۆڤ و گەورەبونی کۆمەڵگای مرۆیی و دەرکەوتنی چەندین گیروگرفت و قەیرانی کۆمەلایەتی " جەنگ و شۆرشەکان " داهێنراوی تەکنیکی و گۆڕانی دانیشتوانی وایان کرد خێزان وازلە چەندین ئەرکی گرنگی خۆی بهێنی بۆ دامەزراوەگەلێکی تر جێبەجێ بکەن یا لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا یارمەتی بدەن, ئەمەش مانای ئەوەیە کە شێوازەکانی ڕێکخستنی خێزان و ئامرازی سیستەمە کۆمەلایەتییەکان



دابەشی سەر ئەو دامەزراوانە بوون کەبەمەبەستی یارمەتیدانی خێزان درووس بوون نەك لەناوبردن و هەڵوەشانەوەی.

ئەم دۆخەی پێشکەوتن پاڵی بەدامەزراوەکانەوە نا کە لێکۆڵینەوە لەمەر ئەو ڕووداو و دوارۆژە چاوەروانکراوانە بکەن کەوا چاوەروان دەکرا لەکۆمەڵگای مرۆییدا ڕووبدەن.

لێرەدا ئاماژە بەدیارترین ئەو کەسانە دەکەین کە ئەم ڕێبازەیان بەکارهێناوە، یەکێك لەوان " کاری زیمەرمان " ە، خاوەن تیۆرەی بازنەیی کە ڕێبازی مێژوویی تێیدا بەکارهێنا بۆ ناسینی هەموو قۆناغەکانی گەشەسەندنی خێزان لەکۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا، لەبەر ئەوە چووە قوڵایی مێژووی خێزان لە ١٥٥٠ پ.ز. دەستی پێکرد و لێکۆڵینەوەی لەسەر خێزانی هەموو شارستانیەتە جیاوازەکان کرد وەکو یۆنان و ڕۆما و چەرخەکانی ناوەراست، بەپشت بەستن بەو باس و تەوەرە سەرەکییانەی کەله چواردەوری خێزاندا خۆیان حەشاردابوو، وەکو چەندێتی دەسەلاتی خێزان کەمولکی کێبرکێی و ملکەچیتی یە، هەروەها چونە و لەکوی کۆتایی دی ؟. لەسەر ئەمە (زیمەرمان) توانی بگاتە پۆلینکردنێکی خێزانی کە ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:

***١- خێزانی بریکاری (الوکیلة):*** کەکۆمەڵگا بۆ بەجیهێنانی ئەرکە گرنگەکانی رایدەپەرێنی، لەبەر ئەوە دەسەلاتێکی فراوانی دەداتی لەمومارەسەکردنی بەسەر ئەندامەکانیدا. وەپلە و ڕۆڵی دایك و باوك هەمیشە چالاك و زیندوو گەشەدەکات بەلام مێرد دەسەلاتێکی نیمچە رەهای بەسەر ژنەکەیەوە هەیە، وە هەموو ئەندامانی خێزان ملکەچی دەسەلاتی باوکن ئەمەش لەپێناو پتەوکردنی خێزان کە یەکێکە لەئامانجەکانی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی، بەلام ئەگەر یەکێکیان لەپتەوکردن وبەهێزکردنی ئەو توندوتۆڵییە سەرنەکەوت ئەوە چارەنووسی دەرکردنە، بەتایبەت ژنەکە، لەبەر ئەوە هەرگیز خێزانەکەی ناکاتە قوربانی، وە لەبەرامبەر ئەم سزا زەجری — نەریتە کۆمەلایەتییە، ئافرەت پشتگیریکەرترین و لایەنگیرترین کەسە بۆ یەکێتی و پتەوکردنی خێزان، وەلەبەرامبەر ئەم دۆخە توندوتۆڵەدا لەناو ئەم جۆرە خێزانانەدا ڕوودانی تەلاق زۆر دەگمەنە و لادان لەرێورەسمی خێزان کەمە.

بەدوای ئەم سەرنجە خێزانییە لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی خێزان بریکاری پێویستە بلێین کامەرانی تاك و مافەکانی تاك لەلایەن تاکەوە مومارەسە دەکری بۆ هێنانەدی کامەرانی خێزانەکەی هەتا بەدبەختییەکانیشی لەئەنجامی بەدبەختی خێزانەکەیەوەیەتی، وەلەبەرامبەر ئەم راستییە خێزانییەدا بەو دەرئەنجامە دەگەین کە ئەرکەکانی تاك لەمافەکانی زۆرترە لەبەرامبەر کۆمەڵگا و خێزانەکەی.

وە ئەگەر بمانەوێ قسەکانمان بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: خێزان دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەندامەکانیدا بەشێوەیەکی توندتر مومارەسە دەکات و ناهێڵی لێی دەربچن، لەبەر ئەوە (کارل زیمەرمان) خێزانی وەکو دامەزراوەیەك ژماردووە، ئەوەش نەك لەرێگای دابین کردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییە هەمەجۆرەکانەوە " کلتووری و پارێزگاری ئابووری و سیاسی " بەڵکو لەرێگای مومارەسەکردنی دەسەڵاتێکی گشتگیردا بەسەر ئەندامەکانیدا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی تاك و نەهێنانەدی بەختەوەری تاکایەتی. وە تاك لەژێر سێبەری ئەم جۆرە خێزانەدا ناتوانی گوزارشت لەخودی خۆی بکا کە رێگای پێنەدراوە خۆی بناسی تەنها لەرێگای خێزانەکەیەوە نەبی، لەناو باوەشی کۆمەڵگاکەیدا.

**٢- *خێزانی ماڵی:*** ئەم جۆرە خێزانە لقێکە لەخێزانی بریکاری کەدەسەڵاتی بەسەر ئەندامەکانیدا لاوازە " بەبەراورد لەگەڵ خێزانی بریکاریدا " ئەمەش بەهۆی باڵادەستی دەوڵەت و کڵێساوەیە بەسەر دەسەڵاتی خێزاندا، هەرچەند ئەمە مانای ئەوەنییە کە " دەوڵەت و کڵێسا " لەبواری بەمرۆڤکردنی منداڵەکان و ئاراستەکردنیان و دابەشکردنی دەسەڵات بەسەریاندا جێگای خێزانی گرتۆتەوە، بەڵکو توانای سزادانی ئەو کەسانەی هەیە کە سەرپێچی لەیاسا گشتییەکان و دابوونەریتی کۆمەڵایەتی لەبواری یەکسانی ئامانجەکانی تاك و هاوکاری خێزاندا دەکەن، چونکە هەوڵ دەدا خواستی تاك لەخواستی خێزان نزیك بکاتەوە.

ئەمە لەلایەنی تیۆرییەوە بوو، بەڵام لەلایەنی پراکتیکیەوە هەرچەند هەوڵی ئەوەی دا بەڵام نەیتوانی بەشێوەیەکی کامڵ و تەواو جیبەجیی بکا، وەلەبەرامبەر ئەو گیروگرفتە خێزانیەدا حاڵەتی تەڵاق لەنێوان هەردوو هاوسەرەکەدا دەرکەوت، هەرچەندە بەشێوەیەکی فراوانیش بڵاونەبوو، لەدەرئەنجامی تێروانینەکانی کارل زیمەرمانەوە کەدەیەوی پێمان بڵی دەسەڵاتی خێزانی ماڵی زۆر لاوازترە لەدەسەڵاتی خێزانی بریکاری، ئەمەش بەهۆی دەسەڵاتی دەوڵەت و کڵێساوەیە کەخێزانیان لەگرینگترین ئەرکەکانی داماڵیوە " کە سیاسی و ئایینییە " ئەمەش بەرۆڵی خۆی دەسەڵاتی خێزانی بەسەر ئەندامەکانیدا لاواز دەکا.

ئەم داماڵینە وەزیفییە بەئاسانی نایەتەدی بەڵکو لەرێگای ململانێی خێزانی و ئەو کەسانەبوو کەبەدوای دەسەڵاتی زیاترەوەبوون، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەندامەکانیدا زیادبکەن و بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە دەسەڵاتییەکانیدا بکەن " زۆربەی ئەوانەی بەدوای دەسەڵاتی زیاترەوەبوون جێگای فەرمانداریان لەناو دەسەڵاتی سیاسی و ئایینیدا هەبوو".



ئاساییە خێزان ئەو داماڵینەی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی بەسەر ئەندالەکانیدا لەدەرەوەی سنوورەکەی خۆیدا رەتکاتەوە و دژایەتی بکا بۆ ئەمەش بەرگری و کێشەی کرد هەر سەرنەکەوت، هەربەو دەسەڵاتەی خۆی لەناو چوارچێوەی خۆی لەگەڵ ئەرکەکانی تردا مایەوە " بەمرۆڤکردن و پەروەردە ".

پێویستە لەبیرمان نەچی کە ئەم داماڵینە قەبارەی خێزانی — وەکو دامەزراوە- بچووککردەوە واتا دووری دەسەڵاتی خێزانی دیاری کرد، بەشێوەیەك رێگای نەدەدا مومارەسەی چالاکی خۆی لەدەرەوەی سنووری خێزاندا بکات، بەڵکو تەنها لە ناوەوەی خۆیدا دەسەڵاتی هەبوو.

**٣- *خێزانی ناوکی:*** ئەم جۆرە خێزانە لەرووی قەبارەوە و دەسەڵات و بوونیاد و توندوتۆڵیەوە پێچەوانەی خێزانی بریکارییە، لەخێزانی یەکەمدا قەبارەی خێزانی بچووکترە لەخێزانی بریکاری و ماڵی، وەدەسەڵاتی دایك و باوك بەسەر منداڵەکانیدا لاوازە هەتا دەسەڵاتی مێرد بەسەر ژنەکەیدا لاوازە، بەڵام بوونیادی لەم جۆرەدا هەمیشە قابیلی هەڵوەشانەوەیە ئەویش بەهۆی فشۆڵی خواستی تاکە بەسەر خواستی خێزانەوە ئەمەش دەستەبەرێکی خێزانی توندوتۆڵی لی ناکەوێتەوە لەنێوان ئەندامەکانیدا، هەتا ئەو پەیوەندییە هاوسەریەش پەیوەندییەکی روحی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی رەسمی و نووسراوە کە وەکو پەیماننامەیەکی خاڵی لەپیرۆزی هەردوو هاوسەرەکە پێکەوە دەبەستێتەوە کە ئەمەش گوزارشت لە ناتوندوتۆڵی خێزان دەکات، لەبەر ئەوە تەنها بەهەڵوەشانەوەی پەیمان و هاوسەرگیرییەکە تەڵاق روودەدات، لەبەرامبەر ئەم گیروگرفتانەی خێزانی هاوچەرخدا ناوی خێزانی بەهایەکی کۆمەڵایەتی بەرزی نامێنی، هەروەها ئەندامانی خێزانەکەش گرنگی بە پاراستنی موڵکەکانی نادات. ژن و مێردەکە زۆر گرنگی بەمناڵ خستنەوە و هەڵگرتنی ناوی خێزان و شانازی پێوەکردنیان نادەن، پێیان وایە منداڵەکان بەبەستێکە گەورەن لە بەدینەهێنانی ئامانجەکانیان و بارگرانییەکی ئابووریشن لەسەر بودجەی خێزان دا. لەهەمبەر پەیکەر نەرم ئەم جۆرە خێزانەدا گیرگرفتی خێزانی زۆر و هەمەجۆر سەرهەڵدەدەن و گەشەدەکەن وەکو بڵاوبوونەوەی تەڵاق و ئەنجامدانی تاوان و بڵاوبوونەوەی گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەندامانی خێزانەکە و لاوازی دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژنەکەی، باوك بەسەر منداڵەکانیدا، ئەمە گەورەترین دەردوبەڵای هاوچەرخە کە خێزان ئێستا رووبەڕووی دەبێتەوە. سەرەڕای بڵاوبوونەوەی خواستی تاکێتی بەسەر خواستی ئەندامانی خێزان بەشێوەیەك کەژن و مێردەکە نەبونی منالیان پێباشترە نەك ئەوەی کە ژیانیان رووبەڕووی

ماندوویەتی دەروونی جەستەیی و دارایی و پیشەیی ببێتەوە، ئەم ڕێگە نەدانەش لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیدا رووبەروو دەبێتەوە.

ئێستا گرفتی خێزانێکی ناوکی هاوچەرخ دەخەینەروو، کە لەکۆمەڵگای بەریتانی روویداوە، ئەویش سکالاًنامەی دوومناڵە لەباوکیان کەسەردانیان ناکات، لەشاری بیرمنگهام دوومناڵی بەریتانی پارێزەرێکیان راسپارد بۆ بەرزکردنەوەی داواکەیان دژی باوکیان بۆ ئەوەی ناچاری بکەن کە سەردانیان بکا، دوای ئەوەی کە ماوەی دوو ساڵە هیچ سەردانی نەکردوون لەم ماوەیەشدا تەنها لەڕۆژی لەدایکبوونیان پەیوەندی تەلەفۆنی پێوەکردوون.

هەروەها داواکەی (ئارۆن ویلسۆنی) تەمەن (١١) ساڵ و نیکۆڵی تەمەن (١٠) ساڵی خوشکی دژی (مارك ویلسۆنی)باوکیان، دادگای بریتانی وەکو یەکێك لەداوکارییەکان تەماشای کرد لەماوەی دەرچوونی یاسای مناڵ لەساڵی **١٩٨٩** کەمافی دا بەمناڵ پێویستی یاسایی دژی دایك و باوکیان ئەنجام بدەن، باوکیان کە لە(ئیرلەندە) دەژی سەبارەت بەسەردانی نەکردنیان ووتی: بۆیە سەردانم نەکردوون چونکە هەموو سەردانێك بە شەڕ و ناکۆکی نێوان من و هاوسەرەکەم کۆتایی دەهات، هەروەها پارەی تەواویشم نەبووە تاوەکو بەشێوەیەکی بەردەوام سەردایان بکەم بەتایبەت ئەو کاتەی کە بیکاربووم، وە دەڵی ئەگەر دادوەر پارەی کاتی سەردانەکەم بدا ئەوە هەموو هەفتەیەك سەردانیان دەکەم، بەلاًم پارێزەرەکە مافی سکالاًنامەی بەمناڵی سێهەم نەدا چونکە تەمەنی چوارسالاًن بوو و هیچ تیناگا.

وە لەمانگی رابردوودا دادگای (**ساوسهامبتۆن**) ڕێگای بەمناڵێکی تەمەن پانزە سالاًن دا کەداواکەی بۆ دادگای بالاً بەرز بکاتەوە بۆناچارکردنی دایکی کەسەردانی بکا " ئەم هەواڵە لەرۆژنامەی (**الحياة**)وەرگیراوە کەلە لەندەن دەردەچی، لەرێکەوتی، ٤-ئایاری ساڵی **١٩٩٣** بلاًوبۆتەوە ".

لەڕاستیدا ئەم رووداوەم بۆیە تۆمارکرد بۆ ئەوەی بەیەکێك لە گرفتەکانی خێزانی ناوکی روونبکەمەوە کەلەژیانی هاوچەرخدا رووبەڕووی بۆتەوە، کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری بەسەر ماڵ و ئەرك و پەروەردەی کۆمەلاًیەتییەکانەوە هەیە، ههەروەکو دەشزانین ئەم گرفتە لەخێزانی ماڵی و بریکاریدا روونادات.

ئەم سەرنجە کورتە لەمەڕ تیۆری (کارل زیمەرمان) دەربارەی پێشکەوتنی خێزان، بۆمان روون دەکاتەوە کە ئەرکەکانی خێزان بۆ دیاریکردنی وەکو دامەزراوە بەکارناهێنرێ، بەڵکو بۆ دیاریکردنی چەمکی خێزان دەسەلاًتی دایك و باوك بەکاردەهێنری.



بەواتایەکی وردتر زیمەرمان پێوەری دەسەلاًتی دایك وباوکی لەناوەوەو دەرەوی خێزان بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی خێزان، وەکو دامەزراوە و خانە، کاتێك خێزان دەسەلاًتی خۆی بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنی، واتا بەکارهێنانی دەسەلاًت لەلایەن دایك و باوك، بەتایبەت باوك لەناوەوە و دەرەوەی خێزان. زیمەرمان وەکو دامەزراوەیەك دیاری دەکات، وەلی کاتێك دەسەلاًتی دایك و باوك لاواز دەبێت زیمەرمان ئەم خێزان بەخێزانێکی خانەیی یا ناوکی دەژمێری، بەلاًم سەرەڕای ئەو کەم تەرخەمییەی کەلەم پێوەرەدا هەیە کەچی لەوململانییە ئاگاداری نەکردوینەتەوە کە لەئەنجامی مومارەسەکردنی دەسەلاًتی ژن و مێردەکە لەدەرەوەی سنووری خێزان روودەدەن یا واچاوەروان دەکری رووبدەن، چونکە پێوەری دەسەلاًت لەهەندی کاتدا دەبێتە هۆی پێکدادان لەگەڵ پێوەری دەسەلاًتی دامەزراوەی دووەم لەکاتی گەران بەدوای دەسەلاًتێکی فراوانتردا.

لەڕاستیدا پێوەری زیمەرمان لەو پێوەرەی کە لەسەرەتای بابەتەکەدا بەکارم هێنا جیاوازە، من ئەرکەکانی خێزانم بەکارهێنا نەك دەسەلاًت، ئەم بۆچوونە لەپێوەرەکیدا بە رەخنە یا خەوش ناژمێردری بەڵکو تەنها جیاوازییەکی پێوەرییە لەپێوانەکردنی خێزان لەناو کۆمەڵگادا.

لێرەدا مەبەستم قسەکردن نییە لەمەر تیۆری پێشکەوتن لەخێزاندا لەلای کارل زیمەرمان تاوەکو گفتوگۆی بکەم بۆ ئەوەی دیدگای خۆم دیارییبکەم و لە گۆشەنیگایەکەوە تیۆرییەك دابنێم کە پێچەوانەی گۆشەنیگای ئەو بی.

وەکو سەرەتایەك گفتوگۆی ناونانی جۆرەکانی خێزان دەکەین، جۆری یەکەم " بریکاری "، زیمەرمان لە ناونانەکەیدا سەرکەوتووە چونکە بەراستی لەلایەن ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژی راسپێردراوە، راسپاردنێکی کۆمەلاًیەتی وەسفکردنەکەشی ورد و تەواوە، بەلاًم جۆری دووەم کەبە خێزانی ماڵی (البيتية)، لەبەرئەوەی پیشەسازی بردۆتە ناوماڵەوە و کردوویەتی بەدەزگایەکی ماڵی (شوێنی کار) لەمەدا سەرکەوتوو نەبووە، چونکە ئەم دۆخە پەیوەندی بە گۆڕانی کۆمەلاًیەتییەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە ئابورییەوە هەیە، ئەم ناونانەش لەو گۆڕانە کۆمەلاًیەتییەوە نەهاتووە کەتووشی بووە، بەلاًم سەبارەت بەجۆری سێەم " خانەیی یا ناوکی " ناولێنانەکەی بەقەبارەی خێزانەکە کاریگەرە.

ئەوەی لێرەدا دەمەوی بیلێم ناولێنانی ئەم سیٚ جۆرە خێزانەیە کە لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی مێژوویدا یەك پێوەری جێگیریان وەرنەگرتووە، بەڵکو بەململانیی پێوەرەکان کاریگەربوون، بۆنموونە: راسپاردنی کۆمەلاًیەتی لەجۆری یەکەمدا لەجۆری دووەم پێوەری

دەزگای ماڵی یا پیشەسازی ماڵی بەکارهێنراوە وەلە جۆری سێیەمیشدا قەبارەی خێزان بەکارهێنراوە، بەلاّم بۆ بەراوردکردنی ئەم سێ جۆرە خێزانە هەشت گۆڕانی بەکارهێناوە.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بەراوردکردنەکانی نێوانیان بخەینەروو هیچ پێشکەوتنێکی گەشەسەندوو و بالاّ نابینین، بەڵکو تەنها داڕووخان و هەڵوەشانەوە لەبوونیاد و ئەرکەکانی خێزاندا دەردەکەوی، قەبارەی بچووك و هەڵوەشانەوەی بوونیاد بلاّوبوونەوە و دەسەلاّتی دایك و باوك لاوازبوون و سەپاندنی خواستی تاکی فراوان بوو، هەموو ئەمانە وادەکەن خێزان وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەلاّیەتی نەمێنێتەوە، ئەمەش بەرۆڵی خۆی کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی لەسەر خودی تاك دەبی کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی چەندین بنەمای کەسایەتی، لەبەر ئەوە ناتوانین ئەم دۆخە بەپێشکەوتنێکی خێزانی بژمێرین، بەڵکو تەنها دواکەوتنێکی خێزانییە.

لەڕاستیدا ئەم داکەوتنە پەیکەری و تێکچوونە ئەرکیانە (ئاوێنەی کۆمەلاّیەتین) هەندی رووداو ئەدەنەوە، وەکو: پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و چاوچنۆکی دامەزراوەیی سیاسی و دامەزراوەیی ئایینی (کلێسا) بۆ ئەرکە جەوهەری و گرنگانەی کە خێزان هەیبوون، کەبووە هۆی تالاّنکردنی چەندین ئەرکی گرنگ و دەستگرتن بەسەر ئەرکەکانی تردا، بەلاّم ئەو ئەرکانەیانجێهێشت کە ئەو دامەزراوانە(پیشەسازی و سیاسی و ئابووری) نەیانەدەتوانی پیی هەڵسن وەکو شیرپێدان و پەروەردە و گرینگیدان و پاککردنەوە و تێرکردنی منالّ وە ڕێکخستنی کەل و پەلەکانی ناومالّ و ئەم جۆرە شتانە: پێش ئەوەی بچینە لای کۆمەڵناسێکی تر نەخشەیەك دەخەینەروو کە بەراوردی ئەو سێ جۆرە خێزانە دەکات، کە کارل زیمەرمان جیایکردۆتەوە:

خشتەیەك بەراوردی ئەو سێ جۆرەی خێزان دەکات کە زیمەرمان دایناوە:



| هۆکارەکانی بەراوردکردن / جۆرەکانی خێزان | دەسەلاّتی دایك و باوك بەسەر منداڵەکاندا | دەسەلاّتی مێرد بەسەر ژندا | هاوسەنگی خواستی تاك لەگەڵ خێزان | پێگەی منداڵ لەناو خێزان | پەیوەندی هاوسەری | تەلاّق | لەدایك بوونی خێزانی | لادانە رەوشتییەکانی خێزان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بریکاری | لەدەرەوەو ناوەوەی خێزان رەهایە | بەهێزە | لە رووی تیۆری و پراکتیکیەوە هاوسەنگە | جێگای شانازین، چونکە ناوی خێزانیان | رووحی و پیرۆزە | زۆر دەگمەنە | بەناوی خێزانەوەییە | زۆر دەگمەنە |
| ماڵی | لەدەرەوەی خێزان لاوازەو لەناوەوەیدا بەهێزە | تەسکە | تەنها لە رووی تیۆرییەوە هاوسەنگە،پراکتیکیش | نموونەیی هێزی کریکاری ناو دەزگای ماڵین" | لاواز و بازرگانییە | بەشێوییەکی دووبارە روودەدات | تەسکە | زۆر دووبارە دەبێتەوە |
| خانەیی یا ناوکی | لەدەرەوەو ناوەوەی خێزان لاوازە | لاوازە | خواستی تاك بەسەر خێزاندا باڵا دەستە | بەربەستی ئازادی دایك و باوکن و بارگرانین بەسەر بودجەی خێزاندا | بۆندیکی مەدەنیەو سیفەتی رووحی تێدا بزرە | بڵاوە | لاوازە | بەربڵاوە |

وليەم ئۆكبێرن (کۆمەڵناسێکی ئەمریکی نوییە کەچالاکی ئابووری بۆ دیاریکردنی خێزان وەکو دامەزراوەیەکی سیاسی بەکارهێنا، کەلەمەر خێزانەوە، دەڵێ: خێزان لەکۆندا بەهەموو چالاکییە ئابووری و بەرهەمهێنانییەکان هەڵدەستا کە ئەمەش وایکرد زیاتر حەزیان لەمناڵبون بێت، بۆ ئەوەی وەکو هێزی کار لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا بەکاریان بهێنن، چونکە لەوکاتەدا خەڵکی واتەماشای هاوسەرگیرییان دەکرد کە تەنها رێکەوتنێکی بازرگانی نێوان ژن ومێردە، چونکە ئافرەت لەپێناو تێرکردنی پێداویستە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سێکسییەکانی دا هاوسەرگیری ئەنجام نەدەدا بەئاست زۆربوونی دەستی کار کەلە بەدیهێنانی ئامانجە ماددی و ئابوورییەکاندا یارمەتی بدا.

کاتێك ئافرەتێك بەدوای پیاوێکدا دەگەرا بۆ ئەوەی شووی پێبکا لەپێناو تێرکردنی پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سێکسییەکان نەبوو، بەڵکو بەدوای کارێکی خێزان تایبەت بەخۆی دەگەرا، ئەوەش لەرێگای هاوسەرگیرییەوە لەگەڵ پیاوێك، لەبەر ئەوە حاڵەتی تەڵاق بەئاسانی روونادا. لەبەرامبەر ئەم پاڵنەرە ئابووری و کۆمەڵایەتی و خودیانەی کەبەسەر تەڵاقدا کەلەکەیان بەستبوو، هەروەها ئەو هۆکارە ماددی و ئابوورییانەی کە دەکەونە ئەستۆی ژن و مێرد وای کرد تەڵاق دەگمەن بێت، بەڵام ئێستا خێزان بەهۆی نەمانی کاری خێزانییەوە (دەزگای ماڵی) پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ گۆڕاوە وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی نەماونەوە، بەڵکو ئێستا کارگە و کۆمپانیاکان ژمارەیەکی زۆر کرێکار و ئەندازیار لەخۆ دەگرن کە هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتی و خێزانی پێگی نەبەستونەتەوە، لەهەمبەر ئەم بارودۆخە نوێیەشدا خێزان لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا دوورکەوتۆتەوە، بۆندە هاوسەرگیرییەکەی نێوان ژن و مێردیش تەنها بۆندێکی مەدەنییە و هیچ شوێنەوارێکی ئابووری بەسەرەوە نییە، کەژن و مێردەکە بیگرنەئەستۆی خۆیان ئێستا منداڵەکان تەنها ئەندامی خێزانن، دوورن لەپرۆسەی بەرهەمهێنان، چیتر هێزی کرێکاری ناو خێزان نین[٢]، تێبینی دەکری تێروانینەکەی (ئۆکبێرن) پێوەرێکی یەکینەی بەکارهێناوە بۆ دەستنیشانکردنی خێزان وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوەش چالاکی ئابوورییە، نەك دەسەڵاتی دایك و باوك وەنەك ئەو ئەرکە زۆرانەی کەپێی هەڵدەستن، ئەگەر بەراوردێك لەنێوان زیمەرمان و ئۆکبێرن بکەین دەبینین ئۆکبێرن بە خێزانی ماڵی دەستی پێکردووە کە زیمەرمان وەکو قۆناغێکی دوای قۆناغی بریکاری دەستنیشان کردووە، ئەمەش واتا زیمەرمان لەدیاریکردنی قۆناغەکانی پەرەسەندنی خێزان زیاتر لەئۆکبێرن قوڵبۆتەوە وەزیاتر باسی لەژیانی پەیوەندییەکان و پێگەییان کردۆتەوە، سەرەڕای ئەوەی



هەردووکیان سەربەرێبازی پەرەسەندن بوون و یەك میتۆدیشیان بەکارهێنابوو کە میتۆدی دامەزراوەیی بوو لەکۆمەڵناسی خێزاندا.

پوختی قسە لەمەر ئەم رێبازە، ئەو گۆرانکارییە پەرەسەندنییانەی کە لە رێبازی ئەندامەکی داروینیدا بەکارهێنران کەلە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا باوبوو لەئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا، بە بەکارهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییانەی بەسەر خێزاندا هاتبوون لەقۆناغە مێژووییەکاندا.

**٢- رێبازی پەیکەری – ئەرکێتی:**

ئەم رێبازە لە شەستەکانی ئەم سەدەیە بەشێوەیەکی بەربلاو لەناو کۆمەڵناسیدا بلاوبۆوە، کەگرینگی دەدا بە دیراسەکردنی شوێنەوارەکانی پەیوەندی هەموو بەشێك لە سیستەمی (قەوارەی کۆمەڵایەتیدا) بەبەشەکانی ترەوە، ئەم رێبازە هاتەوە سەر دیراسەکردنی ئەم ئاستانە، ئاستی تاکگەرایی کەتیشکی دەخستە سەر گەشەی کەساییەتی تاك، ئاستی لێرەدا تیشك دەخاتە سەر چۆنیەتی هەستانی خێزان بە ئەرکەکانی و ئاستی کۆمەڵگای کەگرینگی سیستەمی کۆمەڵایەتی رووندەکاتەوە. لەبەر ئەوەی بابەتی وانەکەمان لەم بەشەدا خێزانە، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لەمیانەی ئەم رێبازەوە دیراسەی بکەین کەبەشێوەیەکی روون و ئاشکرا جەخت دەکاتە سەر چۆنیەتی بەمرۆییکردنی منداڵەکانی و فێرکردنی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیان وە راهێنانیان لەسەر مەرج و ئەرکەکانی سیستەمی دابەشکردنی کاری بوونیاد دا لەسەر رگەز (نێر، مێ) وە هاندانیان بۆ جێگیرکردنی پەیوەندییەکی برپرسیاریەتی لەنێوان خۆیاندا، سەرەڕای پەیوەندی نێوان خۆیان و نێوان سیستەمی کارەکەیان و سەرباری گرینگیدان بە رۆڵی خێزان، لەگەشەکردنە کەسایەتی منداڵەکانی.

ئەم رێبازە خێزان بە دیاردەیەکی گەردوونی دادەنێت، کە بلاو بۆتەوە و بلاویش دەبێتەوە لەهەموو کۆمەڵگایەکی مرۆییدا (رابردوو، ئێستا، داهاتوو) ئەم رێبازە تەماشای تاك دەکات نەك وەك ئەوەی کە بونەوەرێکی بەشەرییە، بەڵکو وەکو ئەوەی کەهەڵگری کۆمەڵێك پێوەر و بەهایە، کەلە رێگای گەشەکردنی خێزانەکەیەوە فێریان بووە، بەڵام خێزان هەر بە ئاگادارکردنەوەی ژیان و بەردەوامی بونییەوە دەمێنێتەوە، کەپێویستە لەسەری لەپێناو ئەمەدا تێبکۆشی. ئەمەش نایەتەدی، تەنها بەمومارەسەکردنی ئەرکە بوونیادییەکانییەوە نەبی، ئەویش بە جیبەجێکردنی پێویستییە شوێنی و رۆڵییەکانی هەموو تاکێك – وەك دەزانین ئەم رێبازە

دان بەنایەکسانی و نالێهاتوویی هەموو ئەرکەکانی خێزان دەنێ لەپارێزگاریکردنی مانەوەیان لەناو کۆمەڵگادا — کەنەخۆشی وەزیفی دێتەدی و هەرەشە لە بوونیادەکەی دەکا وەکو نامڵکەچی نەوەکانی بە پەروەردە نەکردنەکەی بەتایبەت کەمتەرخەمی لەئەرکەکانی لە ئەنجامدانی کاری خراپ و هەڵە، کەدەبێتە هۆی لادان و بەدرەوشتی کۆمەڵایەتی کەخزمەتی خێزان و کۆمەڵگا ناکەن، وەلە ناو منداڵانی کۆمەڵگا گەشەدەکا و هەڵدەستن بە هەندی کاری شاراوە کە دواتر شوێنەوارەکانی لەهەڵوەشانەوەی هەندی سیستەمی کۆمەڵایەتی و لێکردنەوەی بەهای کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، کەلەسەر شێوەی نەخۆشی وەزیفی ناو سیستەمی بوونیادی کۆمەڵایەتی دەردەکەوی.

سەرباری ئەوەش نەخۆشییە ئەرکییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ئامانجدار دەرناکەون بەڵکو بەشێوەیەکی شاردراوە و هەڵگیراو دەردەکەون کەناکری راستەوخۆ و دەستبەجی جیابکرێتەوە.

دەتوانین ئەم دۆخە لەبواری لێك بدەینەوە، بۆ ئەوەی لەرێگای ئەم رێبازەوە چی لەناوەوەی خێزان روودەدات: یەکەم شت کەبتوانین تێبینی بکەین جیاوازی رۆڵەکانە (أدوار) واتا جیاوازی رۆڵی نێرەکان لەمێینەکان لەسیستەمی دابەشکردنی کاری خێزانی کەلەسەر دووبنەما هەڵدەستی یەکەم (رەهەندی ئارازەکیە) کەبەدەوری پلەی سەرکردایەتیدا دەسورێتەوە، بەو ئەرکە سەرەکیانە هەڵدەستی کەلەگەڵ سیستەمی پیشەییدا کارلێك دەکەن وەك رۆڵی باوك کەلە پێناو ژیانی خێزانەکەیدا کاردەکات.

رەهەندی گوزارشتەکی (التعبيرية) کەمەبەستی پاڵپشتی پلەی سەرکردایەتییە و جەخت دەکاتە سەر رازیبونی سۆزداری و کۆبونەوەی کۆی خێزان بەدەوریەوە، واتا رەهەندی پێوەلکاو بەرۆڵی ژن —دایك، لێرەدا واباشترە ئاماژە بە یەکێك لەرابەرانی ئەم رێبازە بکەین ئەویش (تالکۆت پارسۆنزە) کەتوێژینەوەی لەسەر خێزانی ئەمریکی هاوچەرخ کردووە، بینی جۆری خزمایەتی لەگروپە خزمیەکاندا — لەڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتییەوە — دابراوە واتا لەنزیکی خزمەکانیان نیشتەجی نابن و ملکەچی ئامۆژگاری و ئاراستەکردن و پاڵەپەستۆی دەروونی و کۆمەلایەتییەکان نابن، ئەوەش لەبەرئەوەی لەیەك سیستەمی خزمایەتییەوە سەرچاوە ناگری، بەڵکو لەچەند سیستەمێکی خزمایەتی جیاوازەوە سەرچاوە دەگری، لەبەر ئەوە سیستەمی خزمایەتی لەخێزانی ئەمریکیدا بەردی بناغەی کۆمەڵگا پێك ناهێنی وەك ئەوەی لەهەندی کۆمەڵگای تردا هەیە، واتایەکەی خزمایەتی (kinship Unit) لەدیاریکردنو رێکخستنی



داواکارییە ئەندامەکیەکانی خێزاندا رەگی دانەکوتاوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆئەو خۆشەویستییەی کەتاك لەناو خێزاندا بۆ منداڵ و ژن و مێردەکەی هەیەتی، ئەوەش داوا لە خێزانی ئەمریکی دەکا کەژن و مێردەکە لەگەڵ یەکتردا بگونجێن. ئەگەر یەکێك لەژن و مێردەکە نزیك خزمی یەکێکیان نیشتەجێبوون، ئەوە لەسەر حیسابی پەیوەندییە سۆزداری و هاوسەرییەکەیان دەبی، کەدواتر کاردەکا بۆ دروستکردنی میانرەویەکی ئەرکێتی هاوسەرگیری ناو خێزان.

بەواتایەکی تر: خێزانی هاوسەرداری ئەمریکی لەڕووی جوگرافی و بوونیادییەوە لەپەیوەندی خزمایەتیوە دوورە، لەبری ئەمەش خۆشەویستی سۆزداری و رۆمانسی رۆڵی هەیە، بەلآم ئەم دوو پەیوەندییە (رۆمانسی و خزمایەتی) هەرگیز پێکناگەن بەڵکو بەردەوام بەهۆی هەرەشەی خۆشەویستییان بۆ منالو گرووپەکانیان لێك دووردەکەونەوە وە لەکاتی نەبوونی گرووپیکی خزمایەتی ئەو راکێشانە سۆزدارییە دروست دەبی و خۆشەویستی رۆمانسی لەدایك دەبی و دیدگاکان لێك نزیك دەبنەوە: هەموو ئەمانەش یارمەتی خێزان دەدا لەدوورخستنەوەیان لەکێشە و لاوازکردنی ململانێکان.

هەروەها پارسۆنز دەڵی: پەیوەندی رۆمانسی تەنها بەسەر راکێشانی سۆزداریدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو پەیوەندی بەهۆکاری داهات وە پلەوپایەی پیشەیی و ئیعتباری کۆمەلایەتی و وەزیفی و شێوازی ژیانەوە هەیە، ئەو ئەرکە خێزانییە وا لەژن و مێرد دەکات جیهانی پیشەییان لەجیهانی خێزانییان جیابکەنەوە، چونکە ئەگەر تێکەڵ بکرێن کێشە و گرفتی خێزانی و پیشەیی زۆریان بۆ دروست دەکات.

لەکۆتاییدا پارسۆنز لەجۆری هاوسەرگیری لەخێزانی خزمایەتی ئەمریکیدا بێئاگانەبووە لەوەی کە یەك جۆری نییە، ئەمریکییەکان بەسەر یەکدا بەرزی بکەنەوە. بەڵکو پێوەر و بەهای کۆمەڵگای ئەمریکی کۆسپی زۆر و توندی بەسەر ئەو لایەنگرانە داناوە کەهەڵدەستن بە برەوپێدانی پەیوەندی خزمایەتی و یەکەی خزمایەتی، هەروەها ئەم پێوەر و بەهایانە هەڵوێستێکی رێگرانەیان هەیە بەرامبەر بەرزکردنەوەی کەس وکاری ژنەکە بەسەر مێردەکەیدا، یا بەرزکردنەوەی کەس وکاری مێردەکە بەسەر ژنەکەیدا. وە بۆ ئەوەی جەخت بکەنە سەر یەکسانی نێوانیان ئەم بەها پێوەرانە وا لە باوککەکان دەکا مامەڵەیەکی داداپەروەرانە لەگەڵ منالەکانیدا بکا، لەبواری دیاری و میرات و خۆشەویستیدا.

### ٣- ڕێبازی کارلێکی:

بلاوترین و بەکارهێنراوترین ڕێبازە لەئەدەبیاتی خێزاندا، ڕێبازی کارلێك بەهۆی کاری کۆمەڵناسە کۆنەکان، وەکو(جۆرج زیمڵ، ولیەم جێمس، جارلس هرتن کولی، جۆرج هێربرت مید) ەوە، جەخت دەکاتە سەر تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ئەو ڕەفتارەی کەلەلایەن مرۆڤەوە لەژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا مومارەسە دەکری. بەبروای کۆمەڵناسە کۆنەکان، مرۆڤ تەنها بەرئەنجامی ئەو پێشکەوتنەیە کە توشی بونەوەری مرۆیی بووە، واتا ئەو هێما و ئاماژانە زەمینەی بۆ گەشەی داهێنانیان خۆشکردووە، هەروەها بەرۆڵی خۆیان یارمەتی مرۆڤیان داوە لەو ناوەرۆك و واتایانە تێبگا کەلە ژینگە کلتوورییەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش لەهاوبەشیکردن لەگەڵ یەکتردا ئاسانکاری بۆ کردوون. وەئەم هێما و واتا هاومانا وەرگێراوانە مرۆڤ بەهۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەوانیتردا دەتوانی فێرببی. جاچ لەناو خێزانەکەی بێ یا هاورێکانی، بەبەر ئەوە ئەم ڕێبازە کارلێکی هێما کۆمەڵایەتییەکان بۆ تێگەییشتن بەرەفتاری ناو خێزان ئەو کاریگەرییانەی کەوادەکەن خێزان ببێتە خانەیەکی دینامیکی (بزاوتی) لەژیان و گەشەسەندنیدا بەکاردەهێنی.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە بابزانین ئەم ڕێبازە لەدیدگای خۆیەوە چۆن دەروانێتە خێزان، ئەم ڕێبازە بەوە دەست پی دەکات کە مرۆڤی تازە لەدایك بوو (مناڵ لەسەرەتای لەدایکبوونی) نیمچە کۆمەڵایەتییە نەك تەواو یان دژی کۆمەڵگایە، بەلاّم دواتر دەبێتە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دوای ئەوەی ملکەچی هەموو کاریگەرییەکانی پرۆسی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەبی کەلە نێوان خۆی و خێزانەکەی لەرێگای گەشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی بەدەستی دەهێنی، کەبەهۆیەوە رۆڵی خۆی و رۆڵی ئەوانیتر فێردەبی لەوکاتەدا هەستی زاتەکی(خودەکی) لەلا دروست دەبی دواتر لەلای کەسانی چواردەوری ڕەنگ دەداتەوە، وەلەژێر تیشکی حوکمەکانیان (پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ) لەنەستی خۆیدا بوونیادی سەرەکی و جۆری کەسایەتی خۆی دیاری دەکا.

بەشێوەیەکی فراوان پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان منداڵ و ئەندامانی خێزانەکەی ڕووندەبێتەوە کەبە فێرکردنە شوێن و زنجیرەی ناو خێزانەکەی دەست پی دەکا کەچی چ جۆرە ڕگەزێکە و پێویستە چ هەڵسوکەوتێ بکا یا نەیکات بەرامبەر بەکەسانی تر، ئەمەش لەرێگای فێرکردنی هێما و نیشانەی کۆمەڵگا کلتوورییەکەی و ئەو شتانەی لە پێوەرو بەهای کۆمەڵگاکەی ڕێگای پێداوە.

واتا فێربکری کەرۆڵی لەناو خێزان چییە و چۆن بەشێوەیەکی باو (ئاسایی) ڕۆڵەکەی مومارەسە بکات، پێویستە لەبیرمان نەچێت کەوا چاوەڕوان ناکری ئەو منالە بەشێوەیەکی تەواو و کامڵ ئەو شتانە پراکتیزە بکا. ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێك و پێك کارەکانی ئەنجام بدا ئەوە



ڕازیبونی ئەوانیتری بەدەست هێناوە، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. لەبەر ئەوە حوکمی ئەوانیتر سەبارەت بەو وەکو ڕێکخەری کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر گەورەبونی ئەو هەیە، وەبەشێوەیەکی باو مومارەسەی ئەو ڕۆلانە بکا کەبۆی دیاری کراوە لەسەر ئەم بنەمایە منالەکە دوای مومارەسەکردنی هەموو ڕۆڵە پێویستەکان دەبێتە بونەوەرێکی مرۆیی — کۆمەڵایەتی، لێرەوە خودە کۆمەڵایەتییەکەی (Social Self) لەدایك دەبی، هەر ئەمە نا بەڵکو ئەم ڕێبازە بەچاوی گرنگیەوە لە کاریگەری منالّ بەسەر دایك و باوکیەوە دەروانی، کە پلەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن لە مومارەسەکرنی ڕۆڵەکانی خۆیان وەکو دایك و باوك ڕووندەکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کەخێزان تەنها منالەکان خێری ڕۆڵەکانیان ناکا بەڵکو دایك و باوکانیش فێری ڕۆڵەکانیان دەکا، واتا کارلێکی کۆمەڵایەتی ناو خێزان یەك لایەن وەرناگری بەڵکو هەردوو لایەن وەردەگری، کارلێکەر و کارلێکراو، نێنەر و وەرگر.

ئەمە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کەلەسەر دایك و باوك پێویستە خۆیان لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکان بگونجێنن بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان وەکو دایك و باوك بەدەست بهێنن، چونکە سەرنەکەوتنی یەکێکیان لەو ئەرکە خێزانییە دەبێتە هۆی ڕووشانی بوونیادی خێزان هەر کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤ لەلایەن منالەکەوە بەرامبەر هەڵوێستی یا هەڵسوکەوتی دایك و باوك کاردەکاتە سەر گەشە و پەروەردەی ڕەفتارییان، لەژێر ڕووناکی ئەمەدا سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ژن و مێرد کە پەیوەندەکانی خۆیان لەناو خێزان بەپلەی تێرکردنی هەستی هەریەکێکیان بۆ ئەوی تر پەیوەستە. ژن یا مێردی سەرکەوتوو لەژیانە خێزانیدا ئەو کەسەیە کە خۆی لەگەڵ ڕۆڵەکەی و پەیوەندی ڕۆڵەکەی بەمنالەکانییەوە دەگونجێنی. هەروەها پەیوەندی نێوان خۆیان و چۆنیەتی خۆگونجانیان لەگەڵ ئەو هەڵوێست و بارودۆخە نوێیانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

ئەمە دیارترین ڕووخساری خێزانە وەکو خانەیەکی کۆمەڵایەتی کەلەلایەن هەریەك لە (هۆلەر و هێل) ەوە، خستراونەتە ڕوو. ماوە بڵێین کە ئەم ڕێبازە ڕووخساری یەکەمی خێزانی وەکو خانەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری کرد (نەك وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی)، کە بەمرۆڤ کردنی منالەکە لەلایەن دایك و باوکیەوە دەست پیدەکا و، بە کاریگەری منالەکانی بەسەر دایك و باوکیدا تێدەپەری، بەکارکردنی هەردوو هاوسەرەکە لە بوونیادنانی خێزانەکە کۆتایی دێ.

واتا ئەم ڕێبازە دیدگای خۆی لەناو خێزان پوخت دەکاتەوە وەکو ڕوونکەرەوەیەکی ئەو پەیوەندییانەی نێوانیان و گونجاندنی ئەندامەکانی و بەو هەڵوێست و پێشهاتە کۆمەڵایەتی و کلتوورییانەی لەناو ژیانی واقیعی کۆمەڵاتیاندا ڕووبەروویان دەبێتەوە.

بەم شێوەیە ئەم ڕێبازە واتەماشای خێزان دەکات کە خانەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەگۆڕینی ڕەفتاری منداڵی بە ڕەفتاری مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی کەبەشێوەیەکی بەردەوام لەنێوان تاکەکانی خێزانەکە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بۆ زیاتر ڕرونکردنەوە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم تێزە لەساڵی ١٩٣٨ لەکتێبێکە (ولارد وولەر) دا باسکراوە، دواتر (ڕۆبن هۆل) لەساڵی ١٩٥١ پەرەی پێدا. ئەم دووانە جەختیان دەکردە سەر گەشەی کەسایەتی تاك لەناو خێزان و چۆنیەتی چاندنی داب و نەرتە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەدان بەچەمکی خۆشەویستی و سۆز و هاوسەرگیری و باوکایەتی و دایکایەتی و هەڵوەشانەوەی خێزان. پێیان وابوو کە خێزان پەنجەرەیەکی گەورەیە و منداڵ لەڕێگایەوە فێری هەموو بەربەست و قەدەغەکراوەکانی کۆمەڵگا دەبێت بەسەر هەڵس و کەوتی خۆیدا، کەلەدەرەوەی خێزانەکەیدا بۆی ئامادە کراوە، کەملکەچی پرۆسەی وەڵامدانەوە و گۆڕینەوە و هەڵمژینی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کلتووری دەبێت، کەبەهۆی ئەمەشەوە پێویستیە سۆزداری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان لەلای منداڵ لەدایك دەبی، کەدواتر دەبێتە بنەمای بوونیادی کەسایەتییەکەی.

**٤- ڕێبازی پەرەسەندن:**

ئەم ڕێبازە لەسییەکانی ئەم سەدەیە دەرکەوت، کەپێی وایە خێزان وەکو خانەیەکی کۆمەڵایەتی ئەرکی گەشەپێدانی دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵ و ڕێکخستنی ئابووری ماڵە. لەڕێگای ئەم دوو ئەرکەوە وێنەیەکی تری قۆناغی گەشەسەندنی کێشا، کەخێزان پیێدا تێدەپەڕی کە بە قۆناغی هاوسەرگیری ژن و مێردەکە دەست پیدەکا و بەمردنی یەکێکیان یا هەردووکیان کۆتایی دێ.

ئەم گرنگی پێدانەی لە کارگەربوونی بەڕێبازی ئەندامەکییەوە دێ کە ئەوکات لە ئەورووپا بڵاو و باڵادەست بوو، وەلە پێشبینی و شیکردنەوەکانیدا پابەندی زانستە پەتی و مرۆڤایەتییەکان بوو. ئەم ڕێبازە وای دەبینی کە هەموو شتێك لەبووندا بەتێپەڕبوونی کات ملکەچی یاسای پێشکەوتن و پەرەسەندنە، بەخێزان و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی تاکیشەوە کەلە ئەنجامی تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی و ژینگەی دەوروبەریەوە بەرهەم دێ.



هەروەها وای دەبینی کەهەموو قۆناغێك مەرج و بارودۆخی خۆی هەیە کە پێویستە خێزان هەندێ ئەرکی دیاریکراو بکا، بۆئەوەی ڕووبەڕووی مەرج و بارودۆخەکانی قۆناغی پێشکەوتنی نوی ببێتەوە یا بۆ ئەوەی قبوڵی ئەو گۆڕانە بکا کەپەیدا بوون، وە زۆرجار ئەم مەرج و بارودۆخانە ئامانج و مەبەستەکانی خێزان دیاری دەکەن، چونکە خێزان لەسیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا سەربەخۆ نییە و لەهەمان کاتیشدا پشتی پینەبەستوون بەشێوەیەکی تەواو. خێزان ناتوانی ئەو شتانەی کەلەسیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە دێ قبوڵ بکا یارەتی بکاتەوە، بەڵکو بە پێی مەرج و بارودۆخەکەی خۆی تێکەڵیان دەبی.

وەك دەزانین هەموو خێزانێك یەکەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە لەڕووی تەمەن و ڕگەز و پێکهاتەوە، کەڕووبەڕووی کاریگەرییەکانی جیهانی دەرەوە دەبێ و دواتریش ملکەچیان دەبێ، واتا هەموو جۆرەکانی خێزان یەکیەکەیان نییە بەڵکو بەگوێرەی ئەو گۆڕانکاریانەی سەرەوە جیاواز دەبن، لەهەمبەر ئەم تێڕوانینەشەوە، ئەم ڕێبازە هەشت قۆناغی بۆ پێشکەتن و گەشەسەندنی خێزان دیاری کردووە، بەگوێرەی شێوەبازنەییەك کەناویلێناوە (سوڕی ژیانی خێزانی) (Family Life Cycle)، خاوەنی ئەم بیرۆکەیە " خاتوو ئەیڤیلین میلز"ە (زانایەکی کۆمەڵناسی ئەمریکییە) کە لەساڵی ١٩٥٧ بڵاویکردەوە، لەوێدا ڕێگا و ئاستی ژیانی تاکەکانی خێزانی ڕوونکردەوە، هەروەها ڕوپۆشی لەسەر بارودۆخ و مەرجەکانی هەموو قۆناغەکانی پێشکەوتنەکە لابرد کەخێزان پێیدا تێدەپەڕی، بۆ ئەوەی پێویستییە کلتووری و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی پێتێربکا و گواستنەوەی خێزان لەقۆناغی ئێستای بۆ قۆناغێکی تر و هاوڕێکردنی گۆڕانکارییەکانی قۆناغەکە ئاسان بکا.

هەروەها ئەرك و پێویستییەکانی هەموو خولەکەی ڕوونکردەوە، بەجیاکردنەوەی کارلێکی تاکەکان بەپیی تەمەن و ڕگەز.

ئەو هەشت قۆناغەی کە" ئەیڤیلین میلز" بۆ سوڕی ژیانی خێزانی دیاریکردووە ئەمانەن:

١- *قۆناغی یەکەم:* بەهاوسەرگیری هەردوو هاوسەرەکە دەست پێدەکا و بەقۆناغی پێش لەدایکبوونی منداڵی یەکەم کۆتایی دێ،" واتا خێزانەکە لە ژن و پیاوێك بەبی منداڵ پێك هاتووە"

٢- *قۆناغی دووەم:* بە لەدایکبوونی منداڵی یەکەم دەست پێدەکا و و بەگەیشتنی بەتەمەنی" ٣٠" مانگی کۆتایی دێ " واتا خێزانەکە لەژن و پیاوێك و منداڵێك پێك هاتووە ".

٣- ***قۆناغی سییەم:*** بەقۆناغی پێش چوونی منالّەکە بۆ قوتابخانە دەست پێدەکا و بەگەیشتنی بە تەمەنی" ٦ "ساڵی کۆتایی دێ " واتا خێزانەکە لەژنێك و پیاوێك و نالّەکانی پێکهاتووە کەتەمەنیان لەنێوان دوو ساڵ ونیو بۆ شەش سالّە ".

٤- ***قۆناغی چوارەم:*** بەچوونی منالّەکان بۆ قوتابخانە دەست پێدەکا و لە تەمەنی "١٣" ساڵی کۆتایی دێ " واتا خێزانەکە لەژن و پیاوێك و چەند منالێ پێکهاتووە کەتەمەنیان لە نیوان "٦" ساڵی بۆ "١٣" سالّیە.

٥- ***قۆناغی پێنجەم:*** بەقۆناغی هەرزەکاری("١٣" ساڵی) دەست پێدەکا و بەمنالّی تەمەن "٢" ساڵی کۆتایی دێ " واتا خێزانەکە لەژن و پیاو و چەند منالّەکانێك پێکهاتووە کە تەمەنیان لەنێوان "١٣" ساڵی بۆ "٢٠" سالّییە.

٦- ***قۆناغی شەشەم:*** بە کۆچکردنی منالّی یەکەم بۆ ناو خێزان و ژیانی خۆی دەست پێدەکا و بەکۆچکردنی دوایین منالّی کۆتایی دێ " واتا خێزانەکە دەبێتە سەنتەری رۆیشتن بەرەو جیهانە کۆمەلاّیەتییەکانی تر "

٧- ***قۆناغی حەوتەم:*** کەبە قۆناغی مالّێکی چۆڵ دەست پێدەکا و بەقۆناغی خانەنشینی ژن و مێردەکە کۆتایی دێ.

٨- ***قۆناغی هەشتەم:*** بەچوونە ناوسالّی ژن و مێردەکە بەرەو پیری دەست پێدەکا و بەمردنی یەکێکیان یا هەردووکیان کۆتایی دێ.

"ئەیڤیلین میلز" ناوەرۆکی هەموو قۆناغەکانی پێشکەوتنی روونکردۆتەوە لە قۆناغی یەکەمدا " ئەیڤیلین " پانتایی ئەم قۆناغەی دابەشی سەر دووبەشیکردووە، یەکەمیان بەهاوسەرگری ژن و مێردەکە دەست پێدەکا و بەزانینی سکپری ژنەکە کۆتایی دێ، کە بەشی دامەزراندنەکی پێدەڵێن، بەبەشی دووەمیش دەڵێن، بەشی پێشبینیکردن یا بەشی چاوەروانی کە بە زانینی ژن و مێردەکە بەکۆتایی سکپریەکەدەست پێدەکا. لەم کەرتەدا ژن و مێردەکە رووبەڕووی ئەرکی نوێ دەبنەوە کە پێویستە لەسەریان رووبەڕووی ببنەوە و بەرگەی بگرن وەکو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سکپری و منالّبوون و دایکایەتی لەرێگای هاوری و خزم و کەسەوە.

لەبەشی یەکەمدا ژن و مێردەکە رووبەڕووی چەند ئەرکێك دەبنەوە کەجیاوازە لە ئەرکەکانی کەرتی دووەم، وەکو کڕینی خانوو داهات و خەرجی خێزان و کار، هەردووکیان لەناو ماڵ و، کێیان لێپرسینەوە لەسەر جیبەجێکردنی ئەرکەکان بکا و رازیبوونی هاوبەش لەسەر پەیوەندییە سێکسییەکان و رێکخستنی کابلێکە سۆزداری و فیکرییەکان، هەروەها ئەو پەیوەندییانەی



کەلەگەڵ خزمەکان هەیانە و جۆری تێکەڵبوون لەگەڵ هاوری و برادەر و کۆمەڵگای خۆجیی، فەلسەفەی ژیان، ئەمە بەشی دامەزراندنەکیە.

**٢- قۆناغی دووەم:** کەبە لەدایکبوونی منالّی یەکەم دەست پێ دەکات و بەگەیشتنی بە سێ مانگی کۆتایی دێ، واتا "٢,٥"ساڵ، لەم ماوەیەدا ژیانی خێزانی کەمێك ئالۆزی و سەرقالّی تێدەکەوی، کە ژن و مێردەکە دەست دەکەن بەمومارەسەکردنی رۆڵە نوێیەکانیان کەرۆڵی دایك و رۆڵی باوکە، هەروەها ئامادەگییە دەروونییەکان بۆ پێشوازیکردن لە ئەندامی سێیەمی خێزانەکەیان " منالّی یەکەم "، لەهەمبەر ئەمەشدا ئەوان رووبەڕووی ئەرککگەلێکی نوێ دەبنەوە، کەپێشتر رووبەڕووی نەبوونەتەوە، دایکە گەنجەکە هەوڵ دەدا هاوسەنگیەك لە نێوان گرنگیدان بەمنالّەکە و گرنگیدان بە مێردەکەی دروست بکا، لەهەمان کاتیشدا پارێزگاری لەناسنامەی کەسایەتی خۆی بکا وەکو تاك " واتا رووبەڕووی سێ گرنگیدان دەبێتەوە، خۆی و منالّەکەی و مێردەکەی ". لەهەمبەر ئەم ئەرکە خێزانییە گرنگەدا پێویستە لەسەر ژنەکە بەرگەی پالّە پەستۆکانی ژیان بگری، بۆئەوەی بتوانی بە ئارامی و بی هەڵە بەم ئەزموونە نوێیەدا تێپەری، وەلە هەمان کاتیشدا چاودێری پێداویستییە گرنگ و سۆزدارییەکانی منالّەکەی و پێداویستییە پێشکەوتنەکانی تر بکا، بەلاّم باوکە نوێیەکە " واتا ئەو پیاوەی خواردن بۆ منالّەکە پەیدا دەکا " رووبەڕووی کۆمەڵی ئەرك و بەپرسیاریەتی دەبێتەزوە، کەتایبەتە بەم کارانە، داهاتی خێزان، پتەکردنی سەرچاوەکانی ژیانی خێزانی و پارێزگاریکردن لەو پەیوەندییەی کەلەگەڵ هاوسەرەکەی هەیەتی و هاورێکردنی پێداویستییەکانی منالّەکەی بەهۆی جیبەجێکردنی ئەو سیاسەتە خێزانییە نوێیەی کەلەگەڵ قۆناغی ئێستادا گونجاوە.

بەلاّم دایکە نوێیەکە رووبەڕووی بارودۆخی پێشکەوتنی ناجێگیر دەبێتەوە، وەکو کاتژمێری خەوتن و شیرپێدان و سیستەمی لەش چۆنیەتی تێکەڵبوونی لەگەڵ ژینگە فیزیکیەکەیدا.

**٣- قۆناغی سێیەم:** واتابوونی دایك و باوك و یەکەم منالّ پێش چوونی بۆ قوتابخانە، کەلە تەمەنی دووسالّییەوە دەست پیدەکا و بەگەیشتنی بەتەمەنی شەش ساڵی کۆتایی دی. لەم قۆناغەدا منالّ رووبەرووی هەندی پەیرەویلێکردنی تازە دەبێتەوە وەکو خۆشوشتن و رێکخستنی کاتەکانی خواردن و خەو و پشودان و چۆنیەتی هەلسێ و کەوتکردن لەگەڵ هاورێکانی و بوونیادنانی هاورێیەتی نوێ کە زیاتر لەگەڵ دایك و باوکی یاری دەکا، لەم قۆناغەدا منالّی دووەم دێتە ناو خێزانەوە، ئەمەش وا لە منالّی یەکەم دەکا کە مامەڵەی خۆی لەگەڵ منالّی دووەم دیاریبکا. هەموو ئەمانە لەم قۆناغەدا رووبەڕووی منالّی یەکەم دبێتەوە.

**٤- قۆناغی چوارەم:** کە بەچوونی منالّی بۆ قوتابخانە دەست پیدەکا و بەگەیشتنی بەقۆناغی هەرزەکاری کۆتایی دێ، لەم ماوەیەدا منالّی یەکەم رووبەڕووی هەندی ئەرك بەپرسیاریەتی تازە دەبێتەوە، چ لەناو خێزانەکەی چ لەقوتابخانە یا لەگەڵ رگەزی بەرامبەر. وەك دەزانین ئەو گۆڕانکارییە فیزیکییانەی کە بەسەریدا دی وای لێدەکا بەهەندێ هەلّس و کەوت هەڵبسی لەگەڵ رۆڵی رگەزیدا بگونجی.

ئەو منالّە لەرێگای دیدگای خەڵکییەوە رەوشتی خۆی مومارەسە دەکات و دواتر درك بەوە دەکات کە یەکێکە لە ئەندامانی خێزانەکە و لە پێداویستییەکانی خۆی و پێداویستییەکانی خێزانەکەی بیروڕای وەردەگیرێ و لەبەرچاودەگیرێ، بەتایبەت ئەو کاتەی خێزانەکەی ئازادی کەسایەتی دەدەنێ لەمامەڵەکردنی لەگەڵ هاورێکانیدا چ لەگەڵ هاورگەزەکانی بێ یا رگەزی بەرامبەر بێ، سەرەڕای ئەوەش لەلایەن قوتابخانەوە داوای جێبەجێکردنی هەندی ئەرك و زیرەکی فیکری و کردارەکی لێدەکرێ کەتواناای زیرەکی و رووخساری کەسایەتی کۆمەلاّیەتی دیاری دەکات.

**٥- قۆناغی پێنجەم:** کەبەگەیشتنی منالّی یەکەم بەتەمەنی (١٣) سالّی دەست پێدەکا و بە گەیشتنی بە کۆتایی قۆناغی هەرزەکارە کۆتایی دێ، کەبەهۆیەوە سەربەخۆیی کەسایەتی و هەستە سۆزدارییەکانی دوور لە پالّەپەستۆی دایك و باوکی بوونیاد دەنی. وەلەم ماوەیەدا هەرزەکارەکە دەست بەتاقیکردنەوەی بیرورا پەروەردەیی و پیشەییەکانی خۆی دەکا و لەهەمان کاتیشدا لە رێگای هاورێیەتییەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ رگەزی بەرامبەردای بۆ روونەدەبێتەوە و بەهۆی ئەمەشەوە رووخسار و تایبەتمەندییەکانی هاوسەری دوارۆژی ئاشکرا دەکات، سەرەڕای ئەمەش لەم قۆناغەدا باوەر بەخۆبونی لەلا دروست دەبی و هەروەها پالّپشتی دایك و باوکی لەلایەنی دەروونی و چارەسەرکردنی ئەو گرفتە ماددی و پەیوەندییانەی کەلەگەڵ هاورێکانیدا رووبەڕووی دەبێتەوە بەدەست دەهێنی.

**٦- قۆناغی شەشەم،** ئەو قۆناغەیە کە هەرزەکار دەچێتە ناو جیهانی کۆمەلاّیەتی و پیشەیی دوور لە خێزانەکەی وەك کۆلێژ و شوێنی کار و خزمەتی سەربازی و یا هاوسەرگیری لە هەر یەکێك لەم دۆخانەدا دایك و باوك رۆڵێکی بەشداریکەر و یارمەتیدەیان لە دەرکردنی بریارەکانی دا هەیە، بۆ نموونە لەحالّەتی هاوسەرگری هەرزەکاردا دایك و باوك خزمەت پێشکەش بەمنالّەکەی دەکا، بەدەستەبەرکردنی کارەکەی و دروست نەبوونی بۆشایی کۆمەلاّیەتی و لەنێوانیان وەکو کەلێنێکی وەچەیی لە ئەزموون و تەمەن و رۆشنبیری و هەروەها کەمکردنەوەی پێشبینیکردنی رووداني ململانێ لەنێوانیاندا، سەرەڕای



دوورکەوتنەوەی منالّ لەمالّی باوکی وەلی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دایك و باوکی هەر دەمێنی چ لەکارەکانیدا بێ یا خوێندن یا دامەزراندنی خێزانێکی سەربەخۆ، بە واتایەکی تر پەیوەندییە خێزانییەکان جێگیر دەبن بەلاّم ئەگەر پێکەوە لەگەڵ مالّی باوکیدا بژین ئەوە ئەو پەیوەندییە جێگیر نابی.

**٧- قۆناغی حەوتەم:** تەنهایی، دوای خانەنشینبوونی ژن و مێردەکە و دوورکەوتنەوەی منالّەکان و کەمبوونەوەی بەپرسیاریەتی خێزانی و لاوازبونی لەش و ئەندامەکانی و دەست بەتالّی زۆر، پێویستە لەم قۆناغەدا خۆیان لەگەڵ ئەم ژیانە نوێیەدا رابهێنن کە واپێویست دەکا رۆڵێکی نوی بگێرن بگونجیٚ لەگەڵ تەمەنیان وەکو مامەڵەیەکی یەکسان لە نێوان خۆیان بەبی بەرزکردنەوەی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا وە سەربەخۆییبوونیان لەگەڵ یەکتر و پارێزگاریکردن لەو پەیوەندییەی لەگەڵ خێزانی منالّەکانیاندا هەیانە کە مالّی تایبەت بەخۆیان هەیە، وەهەروەها پێویستە ئەو گۆڕانە جەستەییە قبولّ بکەن کەتووشیان دەبی وە پێشوازی لە رۆڵە نوێیەکانیان بکەن بەرامبەر بە نەوەکانیان وەکو رۆڵی نەنك و باپیرە. وەخۆسەرقالّکردن بەشتی خۆشگوزەرانییەوە بەتایبەتیش ئافرەتەکە چونکە زیاتر لەپیاوەکە هەست بەدەست بەتالّی دەکا.

**٨= قۆناغی هەشتەم:** قۆناغی پیرێتی (پەککەوتەیی) کە بەدوای خانەنشینبوونیان دەست پیدەکا و بەمردنی یەکێکیان یا هەردووکیان کۆتایی دێ، ئەم قۆناغە هێواشترین و ناخۆشترین قۆناغە کە ژن و مێردەکە تێیدا دەژین، پێویستە لەسەریان بەتایبەت پیاوەکە رووبەڕووی واقیعی ئەو ژیانە نوێیە ببێتەوە کە داهاتێکی ماددی تەواویان نییە، وەپێویستە پارێزگاری لەو پەیوەندییە خێزانییە بکا کە لەگەڵ منالّ و نەوە و خزم و هاورێکانی و دراوسێکانی دا هەیەتی، هەروەها پێویستە خۆیان لەگەڵ ئەو نەخۆشیانە بگونجێنن کەتووشی تەندروستییان دەبێ، وەلە کاتی مردنی یەکێکیان ئەوەی کەماوە پێویستە ئەو کاتە بەتالّیە خێزانیانە پر بکاتەوە کە تووشی ژیانی بووە، چونکە کەسێکی لەدەست داوە کە بەدرێژایی ژیانی خۆشویستووە و لەگەلّیدا ژیاوە، وەزۆرجار لەم قۆناغەدا بەلای بێوەژنە پیرەکەوە قۆناغێکی بی تام و بێ مانایە، ئاسایی ئەو هاوسەرەی کە لە ژیاندا ماوەتەوە مالّی خۆیان بەجیدەهێلّی و بەدوای شوێنێکی نوێدا دەگەرێ یا لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی دەژی " ئەو کورەی ژنی هێناوە یا ئەو کچەی شووی کردووە " وەلەهەمبەر ئەم دۆخە ناخۆشەدا بێوەژنەکە یا بێوەپیاوەکە رووبەڕووی چەندین هەڕەشە و گرفت دەبنەوە، کەوا پێویست دەکا خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن، وەچارەسەری ئەو رووداوانە بکەن کە پێشتر بەسەریاندا نەهاتووە.

### ٥- ڕێبازی ململانیٚ:

ئەم ڕێبازە لە ئەدەبیاتی بواری خێزاندا تازەیە، هەرچەندە پێشتر (فریدریك ئەنگڵس) لەساڵی ١٩٠٢ لە بابەتێك لەمەر بەسەرمایەکردنی خێزان وەك سەرچاوەیەك لەسەرچاوەکانی ستەملێکردنی ئافرەت باسی لێوەکردووە وەهەرچەندە پێش ڕێبازی ململانیٚ بەشێوەیەکی بەهێز و کارا لەکۆمەڵناسی ئەمریکی دەرکەوت لەگەڵ بڵاْوبونەوەی ئەو ڕووداو و گرفتانەی کەلە شەیتەکانی ئەم سەدەی دا لەبزوتنەوەی فێمینیزمی و ڕێکخراوی پاراستنی مافی ئافرەت دەرکەوت، کەداوای گۆڕانی هاوسەنگی و دادپەروەری ناو خێزانی ئەمریکییان دەکرد، دوای ئەوە تەماشای هەر بابەتێك بکەی لەڕێبازی ململانێدا دەبینی دیدگایەکی نەخۆش و نایەکسانی هەیە، چونکە داوای هەڵوەشانەوەی بوونیادی خێزان دەکرد و هەرەشەی لە سەقامگیربوونی دەکرد، بەلاْم لە ڕاستیدا دووبەرەکی و ناکۆکی خێزانی " لە نێوان ژن ومێرد و باوك و کوڕ و دایك و منداڵ و منداڵەکانی خۆیان " شتێکی سروشتییە کەلە ئەنجامی نایەکسانی ماف و ئەرکەکانەوە سەرچاوە دەگریٚ.

لەم دیدگایەوە گشتاندنێکەی بلاْو هەیە دەڵی، هیچ خێزانێك نییە کە دووبەرەکی و ناکۆکی خێزانی تێدا نەبیٚ هەتا ئەگەر خێزانەکە بۆماوەیەك ناکۆی خێزانی تێدا نەبی ئەوە گوزارشت لە بەختیاری و کامەرانی خێزانەکە ناکات، بەڵکو بارودۆخێکی لەناکاو و کاتییە کەدوبەرەکی و ناکۆکی بەدوادا دی.

سەرەڕای ئەوەش ئەم ڕێبازە واتەماشای دووبەرەکی و تەنگەتاوی خێزانی ناکات کەلە ئەنجامە نێگەتیڤەکانی هەڵوەشانەوەی قەوارەی خێزانییەوە هاتبیٚ، بەڵکو چەندین باشەی هەیە کەبۆ بوونیادەکەی دەگەڕێتەوە و ئەو تەم و مژەی کەتووشی کەش و هەوای خێزنەکە بووە پاکدەکاتەوە چونکە ئەو دووبەرەکی و ناکۆکییانە نامێنن، کە ئەو بارودۆخە ناخۆش و گرانەیان هێناوە کەدواتر دەگەڕێتەوە شوێنی خۆیان و ئەو لێڵی و گرژییانەی کەبەهۆی ڕووداوە گەرمەکانەوە تووشی خێزان بووە پاکدەبێتەوە.

بەشێوەیەکی ڕوونتر ئەم ڕێبازە. جەخت دەکاتە سەر بەدەستهێنانی سەرچاوە بەنرخ و دەگمەنەکان (ماڵ و سەروەت و سامان و دەسەلاْتی خێزانی و مومارەسەکردنی ڕۆڵە سەرەکییەکان و کیبرکیی ئەندامانی خێزان لە بەدەستهێنانی ئامانجە خودیەکاندا) کەهۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕوودانی دووبەرەکی و ململانیی ناو خێزان، چونکە کاتێك لەپێناو بەدەستهێنانیاندا هەوڵدەدەن دووبەرەکی و ململانی لەناو خێزانەکەدا ڕوودەدا کە بەکارهێنانی



شێوازی جیاواز لەبەکارهێنانی گوفتار و قسەی ڕەق و ناخۆش و بریندارکەر دەست پێدەکا بەهێزی جەستەیدا تێدەپەری بە بەکارهێنانی ئامرازی بریندارکەر و کوژەر کۆتایی دیٚ.

ئەم ڕێبازە بەراڤە و پێناسانە وازناهێنیٚ بەڵکو باسی چەند ڕێکەوتن وە تەباییەکی خێزانیش دەکا کە تەنها ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی کرداری ململانی و دوورخستنەوەی دووبەرەکی لەکەش و هەوای خێزاندا.

" جێت سیری " یەکێك لەبانگەشەکارانی ئەم ڕێبازە وای دەبینی کە خێزان نموونەی سیستەمێکی کۆمەلاْیەتییە کەلە پێکهاتەی خۆیدا چەند پێوەرێکی دژ بەیەکی هەڵگرتووە، کەپێکەوە ژیان قبوڵ ناکەن. وەك پێوەری کەسایەتی و بەرژەوەندی خودی تاکەکانی خێزان کەلە ئامانج و ڕێگوزەریدا لەگەڵ پێوەرە بۆماوەکانی کۆمەڵگادا یەك ناگرنەوە دەبێتە هۆی دووبەرەکی، هەچەندیش کۆنترۆڵ بکریٚ و دووربخرێتەوە کەچی لەکۆتاییدا لەسەرووی ژیانی خێزانیدا هەردەردەکەویٚ، لەڕاستیدا ئەم تێروانیینە لەگەڵ تێروانینی هەندیٚ لەکۆمەڵناسان جیاوازە، ئەوانەی کەخێزانیان بە دەزگایەکی ئەندامی پێناسە کردووە، لەکاملبوون و جیبەجێکردنی ڕۆڵەکانیدا، وەژیانی خێزانیان وەکو بەهەشتێکی سەرزەمینی و خاڵی لەشکاندنەوەی خود و ململانیی کەسایەتی و لادانە ڕەوشتییەکان دەبینی.

هەروەها ئەم ڕێبازە پێی وایە هەرچەندە هاوسەرگیری شتێکی ویستەکی (ئیختیاری) نییە، وە لەدایکبونی منداڵ بەهەڵبژاردنی منداڵەکە خۆی نییە، وەلەدایکبونیدا لەو خێزانە بی بریار بووە (واتا بەخواستی خۆی نەبووە) هەروەها لەهەڵبژاردنی ناو و ئایینیدا بیروڕای وەرنەگیراوە، هەرچەندە پلەپلەییەکی دەسەلاْتی و کاربەدەستی نایەکسان و جیاواز لەپلەکانیدا هەیە، هەموو ئەمانەش لەگەڵ بەژەوەندەی خودی و ئامانجیی کەسایەتی منداڵەکانی و خێزانەکەدا هەیە یەکناگرێنەوە، ئەمانەش چەند سەرچاوەیەکی سەربارەکین بۆ ڕوودانی ململانییٚ ناو خێزان.

پوختەی قسەکان: ئەم ڕێبازە بەقولاْیی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خێزاندا بلاْودەبێتەوە، لەپێناو هێنانە دی یەکسانی لەماف و ئەرکەکانی نێوان هەموو ئەندامانی خێزانەکە، نەك تەنها ئەمە بەڵکو گرنگییەکی زۆرتر لە بەرژەوەندی خێزانی و هاریکاری خێزانی بەبەرژەوەندی شەخسی و ویستە خودییەکان دەدا، لەخزمەتکردن و بوونیادنانی خێزانێکی یەکگرتوو. لەڕاستیدا من لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەم ڕێبازەدا هاورام چونکە جیاوازی دیدگا و مومارەسەکردنی ڕۆڵە خێزانییەکان و دەرکەوتنی بەربەست لەبەردەم هێنانەدی ئامانجی تاکەکان دەبێتە هۆی ڕوودانی ململانیٚ و دووبەرەکی لەناوخێزاندا. ململانیٚ لەناو هەموو خێزانێکدا هەیە، بەلاْم نەك بەشێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی بەڵکو ئەو ململانێیانە

بەشێکە لە تێکۆشانی خێزان بۆ بوونی خۆی، نەك بۆ هەڵوەشانەوەی بوونیادەکەی، واتا شتێکی پۆزەتیڤە ئەگەر پتەوی بوونیادی خێزان بیسەلمێنی یا لەپێناو پتەوکردنی سەرچاوەکانی وزەی سەربارەکی کار بکا.

## و /١- تاوتوێی ڕێبازەکان وتووێژ لەگەڵیاندا:

وەکو کارل زیمەرمان روونیکردۆتەوە، خێزان وەکو دامەزراوە لەرێگای بەکارهێنانی دەسەلاتی باوك بەسەر ئەندامانی خێزانەکیدا دەردەکەوی. بەلاّم (زیمەرمان) دان بەوەشدا دەنی کەئەم جۆرە خێزانە لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان دا بلاّو نییە، بەڵکو لەهەندێکیاندا خانەیی بلاّوترە، دیارە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو لایەنە بکەین کەخێزانی رۆژئاوایی وەکو زیمەرمان روونی کردۆتەوە نموونەی جۆرە خێزانێکی بریکاری و راسپاردەکییە (المفوضية) چونکە پیاو-باوکی خێزانی عەرەبی تائێستا دەسەلاتێکی فراوانی بەسەر ژن و منالەکانی لەدەرەوە و ناوەوەی خێزاندا هەیە، کەکۆنترۆڵی پەیوەندییە هاورێیەتیەکانیان دەکا و دوارۆژی خوێندنی و پیشەیشیان دیاری دەکا، وەلە پرۆسەی هاوسەرگیریدا بەشداریەکی کارای هەیە، تەنانەت هەندی جار لەو پەیوەندییەی نێوانیشیان رۆڵی هەیە، لەهەمبەر ئەم بەراوردکارییە دەتوانین بڵێین خێزانی عەرەبی نموونەی جۆرە خێزانێکی دامەزراوەییە نەك خانەیی، لەڕاستیدا بۆ چوونەکەی زیمەرمان لەرێبازی بوونیادی وەزیفیدا بوونی نییە کە (تالکۆت پارسۆنز)ی رابەری چەختی لەسەر جیابوونەوەی پەیوەندی رۆمانسی و پەیوەندی خزمایەتی کردووە لەخێزانی ئەمریکیدا، چونکە هەموو پەیوەندییەك هەرەشە لەبوونی ئەویتر دەکات و لەیەك خانەشدا یەکناگرن. من لەگەڵ بۆچوونەکەی پارسۆنزدا هاوڕام لەرێگای واقیعی خێزانی عەرەبییەوە، کەلە خێزانێکی خزمایەیدا رێگا بەپەیوەندی رۆمانسی نادری، یا بەپیچەوانەوە لەخێزانێکی رۆمانسیدا لەناو خۆیدا رێگا بەپەیوەندی خزمایەتی نادات، لەبەر ئەوە ئەو خێزانە عەرەبییانەی کەلەسەر بنچینەی پەیوەندی رۆمانسی بوونیادنراون رووبەڕووی چەندین گرفتی پەیوەندی بونەتەوە لەنێوان ژنەکەو خەسوی و کەس وکاری پیاوەکەدا، گوایە کورەکەیانی داگیرکردووە یا گرفتی پەیوەندی نیوان پیاو و خەسوی و کەس و کاری ژنەکە گوایە کچەکەیانی داگیرکردووە، مەسەلەکە سەبارەت بەهاوسەرگری پیاوێکی ئیسلامی لەگەڵ یەکێك لەخزمەکانیدا هەمان شتە، کە ناتوانی پەیوەنیەکی رۆمانسی لەگەڵ ژنەکەی دروست بکا، چونکە ئەگەر ئەو پەیوەندییە هەبی ئەوە سەرەرای خزمایەتیشیان چەندین گرفت لەخۆی و خزمەکانی دروست دەبی، هەروەها نزیکی جوگرافی رۆڵێکی گرنگ لە هاوسەرگیری ژنێکی ئیسلامی و پیاوێکی



ئیسلامیدا دەگێری، کەزۆرینەی جار لەگەڵ پیاوەکەیدا جێگایەکی نزیك ماڵی باوکی نیشتەجی دەبی بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی بەردەوامی لەگەڵیان هەبی و پاڵپشتی خێزانی و مەعنەوی بکەن، کەواتە بەواتایەکی کۆمەڵناسی و زانستی، ئەمە یەکێکە لە رەنگدانەوەکانی دامەزراوەیی خێزانی ئیسلامی کە تا ئێستا هەیە و نەگۆڕاوە بە " خانە "، سەرەڕای بچووکی قەبارەکەشی. سەرباری ئەوەش پەیوەندی سۆزداری نێوان ژن و مێردەکە کاریگەیەکی کارای نییە لەسەر ژیانیان، بەڵکو لەخێزانی ئیسلامیدا پەیوەندی خزمایەتی و رازیبوونی کەس و کاریان، رۆڵی هەیە، واتا رازیبوونی پیاوەکە لەکەس و کاری خۆی و رازیبوونی کەس و کاری هاوسەرەکەی، یا رازیبونی ژنەکە لە کەس و کاری خۆی و کەس و کاری پیاوەکەی، ئەمەش شتێکی ئەستەمە و بەدەگمەن دێتەدی، بەلاّم تا ئێستاش وەکو ئامانجێکی خێزانی ماوەتەوە، زۆر جار خزمەکان لە یەکێك لە هاوسەرەکان رازیدەبن لەسەر حیسابی ئەویتر، ئەمەش دەوەستێتە سەر زیرەکی و جێگای ئەو کەسە لەناو خێزان و هێزی رازیکردن و رووبەڕووبوونەوەی خێزانەکەی خۆی و خێزانی هاوسەرەکەی.

پوختەی قسە: ئەوەیە کەلە خێزانی عەرەبیدا پەیوەندی خزمایەتی زۆر بەهێزتر و پتەوترە لە پەیوەندی رۆمانسی و سۆزداری.

بەلاّم رێبازی کارلێکی کۆمەلاّیەتی بەتێکەڵبوونی منالی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی دەست پێدەکا و بەدروستبوونی خودی کۆمەلاّیەتی خۆی و گەشەی کەسایەتی خۆی تێدەپەری و بەفێرکردنی رۆڵی دایك و باوك لەناو خێزان لەلایەن منالەکانیەوە کۆتایی دێ، ئەمە تێروانینێکی نوییە و رێبازی دامەزراوەیی و بوونیادی نەیانخستۆتەروو، واتا تۆرێکی کارلێکی لەناو خێزانی خانەیی رووندەکاتەوە و لە چوارچێوەشی دەرناچی و هەروەها قۆناغەکانی گەشەی زەمەنی و کۆمەلاّیەتی — خێزانی دیاری ناکات، ئەمەش کەم و کوڕیەکە لە تێروانین و راڤەکردنەکانیدا.

بەلاّم رێبازی گەشەسەندن بووە باشترین رێباز کاتێك دیراسەی خێزانی خانەیی کرد، چونکە هەشت قۆناغی دیاریکرد لەخێزان بەسەرەتای دروست بوونی خێزان دەست پێدەکا و بەمردنی یەکێك لە هاوسەرەکان یا هەردووکیان کۆتایی دێ.

(ئەیڤیلین میلز) ی رابەر لەنەخشەکێشانی قۆناغەکانی ژیانی خێزان تەنها بەئەرکی زۆرکردنی رگەزی مرۆیی بۆ کۆمەڵگا و بەمرۆڤکردنیان وازی نەدەهێنا، بەڵکو وێنەی ژیانی خێزانی هاوچەرخیشی کێشا، واتا وێنەی پێشکەوتنی ژیانی خێزانی پێنەدەداین لەکۆمڵگا تەقلیدی ولادیی رۆژهەلاّتییەکان، چونکە ئەو پشتی بەرێبازی مێژوویی-بەراوردکاری

نەبەستووە، بەڵکو وەکو (پارسۆنز) پشتی بە تێبینیکردنی خێزانی ئەمریکی بەستبوو، بەڵام بەشێوەیەکی چروپرتر لەپارسۆنز، ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ لێکۆڵەرانی بواری خێزان هەبوو.

لەکۆتاییدا ڕێبازی ململانێ باسی چەند دۆخێکی دووبەرەکی کرد، کەڕێبازەکانی تر لەدیراسەکردنی خێزانی ڕۆژئاوایی هاوچەرخدا باسیان نەکردبوو، ئەم ڕێبازە لایەنی ململانێی ژیانی خێزانی ڕوونکردۆتەوە و گیروگرفت و ناکۆکییەکانی نێوان هاوسەرەکان و مناڵەکانیانی خستۆتەروو، بەڵام پەرگیرییەکەی گەیشتە ئاستێ کەباسی بێ بریاری منالەکانی دەکرد لەکاتی لەدایکبوونیان و ناوەکانیان و ئایینەکەیان، کە لە مێژووی کۆمەڵگاکاندا هیچ خێزانێك بەم کارە هەڵنەساوە، ئەمەشی بەکارێکی پێچەوانەی واقیع هەژماردەکرد.

بەڵام ڕوونی نەکردەوە کەململانێ و دووبەرەکی ناو خێزان وەکو وێستگەیەکە بۆ نەمانی گرژییەکانی ناو خێزان لەپێناو بوونیادنانی نەك هەڵوەشانەوەی، دانی بەوەشدا ناوە کە خێزان نموونەی خانەیەکی کۆمەڵایەتییە نەك دامەزراوەکی سیاسی.

دوای ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ بابەتی خێزان دەبینین جیاوازی ڕێبازەکان لەلێکۆڵینەوەکانیاندا هەوڵێکی هاندەرانەبوو بۆ لێکۆڵەرانی بواری خێزان، چونکە ئەم ڕێبازانە تیشکیان خستەسەر زۆربەی ڕووە بوونیادی و ئەرکی و ململانێی و پێشکەوتنەکانی خێزان، وەبەهێزی و لاوازی هەموو ڕێبازەکان پەیوەندی بەو پانتاییەوە هەیە کەلە ژیانی خێزانی کۆمەڵایەتیدا هەیبوو.



## زاراوەکانی بەشی یەکەم

| | |
|---|---|
| *ئەرکی و یێژدانی* | *Affectional Function* |
| *ژن و ژنخوازی* | *Conjuga* |
| *پەیوەندییە خوێنییەکان* | *Consanguine* |
| | *Conjugal family* |
| *خێزانە یەك باوك* | *Extended family* |
| *بواری بیرکردنەوە و گوزارشتی* | *Expressive domain* |
| *سوری ژیانی خێزانی* | *Family Life cycle* |
| *ئەرکی داپۆشراو* | *Latent Function* |
| *سیستەمی پێوەری* | *Normative system* |
| *خێزانی خانەیی یا ناوکی* | *Nuclear family* |
| *ئەرکی ڕوون و ئاشکرا* | *Manifest function* |
| *فرە هاوسەری* | *Polygamous* |
| *دایەنگا* | *Prenursery school* |
| *ڕێبازی دامەزرواەیی* | *The Institution Approach* |
| *ڕێبازی بوونیادی — ئەرکی* | *The structural Approach* |
| *ڕێبازی کارلێکی* | *The Inertial Approach* |
| *ڕێبازی گەشەسەندن* | *The Development Approach* |
| *ڕێبازی ململانی* | *The conflict Approach* |
| *ئەرکی پاراستن* | *The Protective Function* |
| *ئەرکی ئایینی* | *The Religious Function* |
| *ئەرکی خۆشگوزەرانی* | *The Recreational Function* |
| *ئەرکی پەروەردەیی* | *The Education Function* |
| *ئەرکی بەمرۆڤکردن* | *The Socialization Function* |
| *دامەزراوەی کۆمەڵایەتی* | *Social Institution* |
| *خانەی کۆمەڵایەتی* | *Social Unit* |
| *قەرەبووی بایۆلۆژی لەڕێگای منالبوونەوە* | *Reproduction* |
| *جیاوازی ڕۆڵ* | *Role differentiation* |

## سەرچاوەکانی بەشی یەکەم


1-Merrill,Francis.1969,((Society and Culture)) Prentice-hall Inc.Englewood p.27

2- Leslie, Gerald R.and korman, sheila, 1985 ((The Famil 2-y in social context ((oxford universty press, ner York ,P.P.197-198.




# بەشی دووەم

# هـــاوسەرگـــیری

### أ/٢- سەرنجێکی خێرا:

هاوسەرگیری پێشکەوتووترین میکانیزمی کۆنترۆڵکردنە کە عەقڵی مرۆڤ بۆ بەمرۆییکردنی غەریزەیی سێکسی لای مرۆڤ دایهێناوە، کە بە ڕێکنەخستن و لەقاڵب نەدانی ژیانی مرۆڤ وەکو ژیانی ئاژەڵی لێدەهات، کۆمەڵبونیشیان وەکو ئاژاوەگێرییەکی بەبەرەڵڵایی سێکسی لێدەهات کە ژیانی ئەخلاقی و ئاکاریانی دەشێواند، و خاڵی دەبوو لەهەر پێوەرێکی دیسپلینی لە ڕێکخستنی پەیوەندی و پابەندی تاکەکانی، تادەگەیشتە ئەوەی لەپێکهێنانی خێزانی کۆمەڵایەتیدا قەدەغەی دەکردن کە بە گوێرەی چوارچێوە خزمایەتی — خوێنەکی هەڵدەستا بە درێژەدان و گەشەسەندنی ڕگەزی مرۆیی.

لەهەمبەر ئەو ڕووبەڕووە دژپێکەی نێوان غەریزەی سێکسی و ڕێکخستنی ژیانی مرۆیی، عەقڵی مرۆڤ هەستا بە ڕێکخستن و لەقاڵبدانی لایەنی یەکەم لەبەرژەوەندی لایەنی دووەمدا، ئەوەش بۆ ئەوەی کۆمەڵبونەکانیان ڕێکبخری و جۆرە پابەندییەکی بەگوێرەی پەیوەندییە خزمایەتی- خوێنەکی بۆ دابمەزرێنری و لەهەمان کاتیشدا سیفەتێکی پێبدری کە لەکۆمەڵبونە ئاژەلییەکان جیایبکاتەوە. ئەوەش بریتییە لە بەڕێکخستنی غەریزەی سێکسی بەگوێرەی پێوەرەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بوون و بەردەوامی خۆی دەستەبەربکات. بۆ ئەمەش لەکۆمەڵگاکاندا پێوەری جۆراوجۆری بۆ هاوسەرگیری دانا وەکو بنەمایەکی جەوهەری لە بوونیادی یەکەم خانە بۆی.

عەقڵی مرۆڤ بەو جۆرە کۆنترۆڵکردن وازی نەهێناوە بەڵکو سیفەتێکی پیرۆزیشی بەو ئامرازە دا، ئەوەش بە هۆی گرێبەستێك کە ملکەچی ئەو ڕیورەسمە ئایینییەیە کەلەناو پەرستگا مومارەسەدەکری بۆ ئەوەی سیفەتێکی ڕاگەینراو و ئاشکرای پێبدری بەرامبەر خەڵکی، وە بۆ ئەوەی پەیوەندی پیاو بەئافرەتەکەوە بەهێز بکات، واتا ئەم جۆرە پەیوەندییە ملکەچی دوو دیسپلینە، یەکەم: کۆمەڵایەتی" عورفی " بۆ ئەوەی مرۆڤ بەئاسانی نەتوانی لێی لابدا و هەروەها خەوشێکی کۆمەڵامەتی و قەدەغەکراوێکی ئایینیش بێ، دووەمیش: ئایینییە " پیرۆز".

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی خستمانە ڕوو، جیاوازییەکی جەوهەری لەنێوان ئاژەڵ و مرۆڤ لەڕێگای پەیوەندی سێکسی هەریەکێکیان دەخەینەڕوو، بەم شێوەیە:

| پەیوەندی سێکسی لای مرۆڤ | پەیوەندی سێکسی لای ئاژەڵ |
|---|---|
| ١- لەئامانجی رازیکردنی سێکسی بالاتر دەروات تادەگاتە ئامانجە کۆمەڵایەتی و روحی و ئاکارییەکان.<br>٢- پاڵنەرەکی منالبوونە.<br>٣- بەسیمایەکی روحی بۆ پەیوەندییە هاوسەرگیرییەکان جیادەکرێتەوە.<br>٤- ئامانج بەردەوامیدانە بە توخمی مرۆڤ لەپێناو دامەزراندنی خێزان. | ١- ئامانجەکەی تەنها رازیکردنی سێکسیە.<br>٢- پاڵنەرەکەی بێچوو خستنەوە نییە بەڵکو نامەبەستدارە و نابێتە پاڵنەرێك بۆهاوسەرگیری.<br>٣- بەسیمایەکی روحی جیاناکرێتەوە.[١]<br>٤- ئامانج بەردەوامیدان نییە بەتوخمی جۆر لەپێناو دامەزراندنی خێزان. |

لەراستیدا ئەو جیاوازییە بەرێکەوت یا بەپاڵنەری رەمەکی بەدی نایە، بەڵکو بەهۆی بەمرۆییکردنی رەمەکی سێکسی لەلایەن عەقڵی مرۆڤ و بەخستنە خزمەتی خۆەوە لەبوارگەلێکدا بەدیدێ. کەدیارترینیان ئەمانەن:

**١- *بواری خزمایەتی:*** واتا دروستبوونی پەیوەندی خزمایەتی لەنێوان ئەو خێزان و گروپانەی کە خزم نین، پێیان دەوتری (ژن و ژنخوازی) ( Affinity).

**٢- *بواری عورفی:*** واتا دیاریکردنی ئەرك و مافەکان بۆ هەر یەکێك لەو کەسانەی کە پەیوەندیان بەگرێبەستی هاوسەرگیریوە هەیە.

**٣- *بواری بوونیادی:*** واتا هاریکاریکردنی گرێبەستووەکان (ژن و پیاو) لەبوونیادنانی خێزان بەگوێرەی دابەشکردنی کاری خێزانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.

دوای ئەوەی چۆنیەتی دەرکەوتنی ئەم مکانیزمی کۆنترۆڵکردن و شوێنەوارەکانی لەسەر رگەزی مرۆییمان روونکردەوە، لەلایەن زمانەوانییەوە ئاماژەیە بە دوانەکی یا لکان یا پێك بەستن، واتا لکاندن و پابەندی پیاو بە ئافرەتەوە و چێژوەرگرتن و منالخستنەوە.[٢]

لەبواری کۆمەڵایەتییەوە واتا "سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و یاسایی تیایدا بوونیادی گروپ و خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانیشی تیا دەردەکەوی، وە لەگەشەسەندنیشدا ملکەچی ئەو داب و نەریتانەیە کە وابەستەی بە بیروباوەر و رەوشتی کۆمەڵایەتی و ئاکاری گروپەکەن، کەواتە مەبەست لەهاوسەگیری ئەو پەیوەندییەی نێوان ژن و پیاوە کە عورف و یاسا رێکیدەخا



و بەپێی ئەمەش بۆ پیاو شیاوە بچێتە لای ئافرەت بۆ ئەوەی منالی لی ببێتەوە، وەلەم پەیوەندییەش خێزان دروست دەبێت.[٣]

نەك هەر ئەمە بەڵکو هاوسەرگیری سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە و تارادەیەك خاوەن خەسڵەتی بەردەوامی ونوێنەرایەتیکردنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانە.[٤]

بێگومان ئەم میکانیزمە رێکخەرە (هاوسەرگیری) هەڵدەستی بە مرۆییکردنی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، وە بە پاڵپشتی پێوەرە عورفی و ئایینییەکان رەوایەتی " شەرعییەت" پەیوەندییە سێکسییەکان دیاری دەکا و هاوکات منالخستنەوەشیان شەرعییەت پیدەدا کە پاڵنەری سەرەکی هاوسەرگیرەکەیە و هاندەری خەڵکە لەدامەزراندنی خێزانێك کە ماف و ئەرکە تایبەتییەکانی ژیانی هاوسەرداری و بەرپرسیاریەتییەکانی بەرامبەر منالەکانی لەبواری گوزەران و پەروەردە و تەندروستی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ئابووری، دەگرێتە خۆ.

پوختەی قسە: دەتوانین رونکردنەوەکانی پێشوو بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە، هاوسەرگیری بە مرۆییکردنی هاوسەرگیریەکە دەست پێدەکا و دواتر بەرەو ئاراستەیەکی تر بۆ بەدیهێنانی زاوزێ لەپێناو منالخستنەوە، بۆ بەدیهێنانی ئەمەش پێویستە مرۆڤ پابەندی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و ریورەسمە ئایینییەکان بی، دوای کۆتایهێنانی ئەمەش دەبێتە مرۆڤێکی بەرپرس لەرووی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە بۆ چاودێریکردنی خێزانەکەی خۆی.

دوای ئەوە دەتوانن چەند روویەکی بەمرۆیکردنی رەمەکی سێکسی لەلایەن عەقڵی مرۆڤەوە بخەینەروو، واتا چۆن توانی رێکیبخا و کۆنترۆڵی بکا و بیگۆری بە میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی کە ئامانجێکی کۆمەڵایەتی بەدیبهێنی، ئەوەش لەرێگای ئەم حاڵەتەوە بەدیهات:

١- حەرامکردنی سێکس.
٢- دەستێوەردانی گرووپ لەهەڵبژاردنی هاوسەر.
٣- جیاکردنەوە (Isolation).
٤- دەستێوەردانی خێزان لەهەڵبژاردنی هاوسەر.
٥- بەهاوسەرکردنی منالان ( Child Marriage).

**١- *لەحاڵەتی حەرامکردنی سێکس دا*** (Incest Taboo) عەقڵی مرۆڤ بەربەستگەلێکی مرۆیی دارشت و بەهۆیانەوە پەیوەندییە سێکسییەکانی قەدەغەکرد و ئەنجامدانی بەتاوان دانا، تاکو بتوانی کۆمەڵگای مرۆیی لەباروۆخە سروشتییەی کە ئاژەڵ تیایدا دەژیا، بگۆری

بەبارودۆخێکی شارستانی و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوازێتەوە، لەبەر ئەوە هاوسەرگیری لەنێوان باوك و کچەکان و دایك و کورەکان و برا و خوشکەکان قەدەغەکران، هەروەها پەیوەندی سێکسی لەنێوان خزمە پلە دوو و سێیەکانیش وەکو منالەکانی خوشك و هاوسەرەکانی منالّ و کچانی خالۆ و مامە، حەرامکران.

دەتوانین هاوسەرگیری دەرەکی لەسەردەمی ئێستادا بەدرێژکراوەیەکی قەدەغەکارییەکی پەیوەندییە سێکسییەکان دابنێین. وەکو دەشزانین کە حەرامکردنی پەیوەندییەکی کۆمەلاّیەتی و هەمەجۆر و ئالۆز لەنێوان گروپە لێکدوورەکان بەرهەم دێنی و لێکیان نزیکدەخاتەوە و کار لەسەر هاوکاریکردنیان دەکا. دەتوانین بلێین حەرامکردنی سێکسی سوودگەلێکی کۆمەلاّیەتی بنەرەتی هەیە، سەرباری سوودی تەندروستی و کلتووری ئەوەش یەکێکە لە هەولّەکانی عەقلّی مرۆڤ لە لەقالبدانی چالاکی رەمەکی سێکسی تاك.

**٢- *دەستێوەردانی گروپ لەهەلّبژاردنی هاوسەر:*** کۆمەلّە سەرەتاییەکان هاوسەرداركردنی تاکەکانی وەکو بەشێك لەبەرپرسیارییەتی کۆمەلاّیەتی خۆی دەخستە ئەستۆی خۆی و ئازادی بەتاك نەدەدا لەهەلّبژاردنی هاوسەر لەهیچ گرووپیك، نەك هەر ئەوە بەلّکو هەموو تاکەکانی گروپەکە لەهۆز و تیرە و کۆمەلّگای ناوخۆیی گوند، یارمەتی نەختینەیی و داراییان پێشکەش بەزاواکە دەکرد لەکاتی هاوسەرگیریدا، چونکە سەرۆکی گروپەکە و دەست پێوەندەکانی بەشدارییان لە هەلّبژاردنی هاوسەری ژیانی تاکەکە دەکرد و کاتێکیشیان بۆ ریورەسمی هاوسەرگیرەکە دیاریدەکرد، ئەوەش ئەرکێکی رێکخستنکاری عورفییە کە وزەی سێکسی تاك بەگوێرەی پێوەرە کۆمەلاّیەتییەکان ئاراستە دەکا نەك بەرەو رەمەکی تاکی.

**٣- *جیاکردنەوە:*** هەندی لەکۆمەلەکان هەلّدەستن بە لێکجیاکردنەوەی تاکەکان کاتێك دەگەنە قۆناغی هەرزەکاری، کچ کاتێك دەگاتە قۆناغی سوری مانگانە " واتا سەرەتایی خوین هاتن "، بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن ئەندامە کاملّەکانی خێزانەکەیەوە چاودێری دەکری. وەهۆزی واهەن چاودێری تایبەت دادەنێن بۆ چاودێریکردنی هەرزەکارەکان دوای لێکجیاکردنەوەیان، وەئەگەر یەکێکیان سەرپێچی فەرمانی چاودێریکەرانی کرد، ئەوە سزاکەی قەدەغەکردنی هاوسەرگیرییە بۆ هەمیشە، ئەوەش لەهۆزی " مانوس " Manus، روویداوە. بەلاّم لە هۆزی کۆرنای " Kurnai " لە ئوستralیا هاوسەرگیری ناوخۆییە، واتا لەناو هۆزەکە، وەشێخی ریش سپی مافی ئەوەی هەیە جوانترین و منالّترین کچی هۆزەکە بکاتە هاوسەری خۆی، بەلاّم ئەم مافە بۆ گەنجەکان نییە.[٥]



**٤- *دەستێوەردانی خێزان لە هەلّبژاردنی هاوسەر:*** لایەن دەستێوەردەرەکان لە هەلّبژاردنی جۆری هاوسەر دەگۆڕێن, بۆ نموونە بری جار خێزان لە بری گروپ لە هەلّبژاردنی هاوسەر دەستووردەدا , بەبی وەرگرتنی بیروڕای تاك یا ئارەزووی لەمەدا.

نموونەی ئەو جۆرە تێوەردانەش لەو کۆمەلّگایانە دەبینری کە تیایاندا خێزان لەکار و داهاتی ئابووریدا پشت بەتاك دەبەستی, لەبەر ئەوە پێویستە لەسەریان لە توانایی دارایی مندالّەکانیان بۆ خێزان دلّنیابن, بۆ ئەو کەسەی کە دەیانەوەی خێزانی بۆ دابمەزرێنن و بەتوانابیّ لەبەرگەگرتنی بەرپرسیارێتییە خێزانییەکان و کارە بەرهەمێنییەکان, لەبەرئەوە لێناگەرێن تاك بەتەنیا بریاری ئەوە بدات, بەلّکو هەلّدەستن بەئامادەکردنی گەنجەکە لەڕووی پیشەییەوە بۆ ئەوەی کاتی کە ژنی هێنا لە چاودێریکردنی خێزانەکەی بەتوانا بی, هەروەها کچەکەش بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکانی ناو مالّ رادەهێندری بۆ ئەوەی پێش هاوسەرگیرییەکەی بگاتە ئاستی لێهاتووی لەو بوارەدا, واتا ئامادەبکریّ زوو رابهێنری لەرووی خێزانداریيەوە بۆ ئەوەی بەئاسانی لەلایەن خێزانێکی ترەوە پەسند بکری.

لە ژێر ئەو بارودۆخە ئابووری و خێزانیەدا, خێزان لە هەلّبژاردنی بووك یا زاوا دەست وەردەدا, چونکە هەلّبژاردنی بووکێك بۆ کورەکەیان واتا هەلّبژاردنی ئەندامێکی نوی بۆ خێزان, سەرباری ئەوەش هەلّدەستن بەهەلّبژاردنی توانستی بووکەکە لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی مالّ کە بگونجی لەگەلّ مەرج و ئامانجەکانیدا, بەواتایەکی رونتر: خێزان بەهۆی هەلّبژاردنی کچێك بۆ کورەکەیان ئەندامێکی نویّ بۆ خۆی هەلّدەبژێری, واتا خواست و ئارەزووی کور لەدەستگیرانی ویژدانی —سۆزداری بزرە یا نییە, چونکە هەلّبژاردنەکە لەلایەن خێزانەکەییەوەیە نەك لەلایەن خۆیەوە, و رەوشتی خێزانداری و کۆمەلاّیەتی کچەکە پێویستە پێداویستی خێزانی کورەکە پر بکاتەوە نەك خودی کورەکە.

دەستێوەردانی خێزان لە هەلّبژاردنی هاوسەر لەو کۆمەلّگایانەدا هەیە کە بە پلەبەندی کۆمەلاّیەتی رەق وەسف دەکرێن (لەو کۆمەلّگایانەی کە چینی کۆمەلاّیەتی بالاّ و نزم و مامناوەند دەگرنەخۆ، ئەم جیاکردنەوەیەش لەڕووی ئابووری و کۆمەلاّیەتییەوەیە)، وەلەو کۆمەلّگایانەی کەخاوەن میکانیزمی رێکخەرن لەکۆنترۆلّکردنی پەیوەندییە رۆمانسی و هاوسەرگیرییەکاندا، وەبلاّوبونەوەی لەنێوان تاکەکان گەیشتۆتە ئاستی هاوسەرداری منالّەکان و جیاکردنەوەی هەرزەکاران[٦].

ئەم دەستێوەردانە راستەوخۆیەی خێزان رێگا بەرەمەکی سێکسی نادا پاڵنەرەکانی خۆی دەربڕی بەڵکو ملکەچی ئاراستەی خاوەن ئەزمون و زانیاری کۆمەڵایەتی دەکا, بۆ ئەوەی پابەندی پێوەرە کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگاکەی بێت, لەبەرئەوە هەڵدەستن بەکۆنترۆڵکردنی رەمەکی سێکسی بەناوی ئەزمون و زانیاری کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەوەی نەتوانی پاڵنەرەکانی خۆی بخاتە روو مرۆڤ کۆنترۆڵ بکا و لە حاڵەتی حاڵەتی سروشتی _ئاژەڵییەکەی خۆی بیهێڵێتەوە, بەڵکو هەڵدەستن بە بەمرۆییکردنی بەگوێرەی ئەو سونەتەکۆمەڵایەتی و پێوەرە رەوشتیانەی کە عەقڵی مرۆڤ دایهێناون و گەیاندنی ئەو رەمەکە بە حاڵەتی مرۆیی پێشکەوتوو.

*٥- بەهاوسەرکردنی منالان:* پاڵنەری ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە بەپلەی سەرەکی چینایەتی ئابوورییە نەك کۆنترۆڵکردنی غەریزەی سێکسی لای لاوەکان, بەڵکو هاوسەرداركردنەش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ غەریزەکەش رێکدەخا, بۆ نموونە لە کۆمەڵگای هیندی و ئەندۆنیسیدا ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە کاتی مومارەسە دەکری کە کچ و کورەکان بگەنە تەمەنی ١١-١٤ ساڵی , دواتر ٣- ٤ ساڵی تر چاوەری دەکری بۆ تەواوکردنی هاوسەرگیرییەکە بەگوێرەی رێورەسمە ئایینی و عورفییەکان (٧).

دەتوانین بڵێین بەرئەنجامی ئەو جۆرە ئەوەیە کە خێزان دەیەوی پارێزگاری لە سەروەت و ئاستی چینایەتی خۆی بکات, بەلاّم هاوکات و بەشێوەییەکی ناراستەوخۆ کۆنترۆڵکردنی رەمەکی سێکسی منالەکان بکا و لەرووی کۆمەڵایەتییەوە ئاراستەیان بکا بۆ خزمەتکردن بەئامانجە چینایەتی و ئابوورییەکانی, دەتوانین بڵێین میکانزمێکە لە میکانیزمەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی رەمەکی سێکسی بەشێویەکی ناراستەوخۆ.

## ب/٢- شێوەکانی هاوسەرگیری:

جەوهەری هاوسەرگیری لەهەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان یەك شتە, کە لە نێوان ژن و پیاو بەشێوەییەکی ئاشکرا ئەنجام دەدری بۆ ئەوەی لە رووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و رەسمییەوە دانی پیابنری، بەلاّم هاوسەرگیری لە کۆمەڵگاوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لە رووی شێوەییەوە جیاوازە نەك سروشت و جەوهەرەکەی.



### ١- هاوسەرگیری ناوخۆیی Endogamy:

واتا هاوسەرگیری خزمەکان, بەمانای تاك هاوسەرەکەی لە گروپە رچەڵەکی بنەماڵەکەی یا ئیتنی یا هەرێمی یا تیرەیەکەی خۆی هەڵدەبژێری و هاوکات گرووپی کورەکە رێگا نادەن کچێك بخوازی لە دەرەوەی خۆیان, بەڵکو دەبێت لە هەمان رچەڵەك یا ئیتن یا هەرێم یا تیرەبێ, واتا بێگانە قبوڵ ناکەن و تێکەڵیشی نابن، وە لەهەمان کاتدا رێگا نادەن کورێکی بێگانە کچەکەیان بخوازی, چونکە بێگانەیە بەوان, بەواتایەکی رونتر: نایانەوی گەنجەکانیان کچی دەرەوە بخوازی و کچەکانیان شو بە کوری دەرەوە بکا.

### ٢- هاوسەرگیری دەرەکی:Exogamy:

واتا هاوسەرگیری لە دەرەوەی خزم و نزیکەکان, بەمانای هاوسەرگیری لە دەرەوەی خزمە رچەلەکیەکان Incest Taboo واتا قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لە نێوان خزم و کەس و کارەکان, بەواتایەکی رونتر: قەدەغەکردنی گشتگیر و هەموەکی بۆ هەموو ئەندامانی گرووپە کۆمەلاّیەتییەکان بەوەی لە نێوان خۆیان هاوسەرگیری ئەنجام نەدەن بەڵکو لە دەرەوەی گروپەکە.

### ٣- تاك هاوسەری Monogamy:

واتا هاوسەرگیری لەگەڵ یەك هاوسەر, بەمانای ئەوەی پیاو لە تەمەنیدا یەك ژن بهێنی هەروەها ئاماژەیە بە هاوسەرگیری پیاوێك لەگەڵ یەك ژن, ناتوانی ژنێکی تر بهێنی تەنها دوای مردنی یا تەلاّقدانی ئەوەی یەکەم نەبی.

### ٤- فرە هاوسەری Polygamy:

واتا هاوسەرگیری پیاوێك لەگەڵ زیاتر لەهاوسەرێك لەیەك کاتدا، ئەم جۆرە هاوسەرداریییە لەم کۆمەڵگایانەدا بلاّوە:

١- ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەندامەکانی خێزان لە چالاکییە ئابووری و کارە پیشەییەکاندا پشت بەیەکتر دەبەستن.

٢- لەو کۆمەڵگا لادێیانەی کە کشتوکاڵ سەرچاوەی ئابووری و گوزەرانییانە ئەوەش بۆ:

A- بەهۆی پێویستییان بەدەستی کار لەکێڵگەی کشتوکاڵیدا.

B- بەهۆی پێویستییان بەهێزی جەستەیی کە لە هێزی پیاودا زیاتر لەئافرەت خۆی دەنوێنی.

C- پیاو خاوەن هێز و دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی باڵایە، وەلە هەمبەر ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە پیاو لەو کۆمەڵگایانە هەیەتی وا پێویست دەکا لەیەك کاتدا زیاتر لەهاوسەرێکی هەبی.

لەهۆزی (سایوای Siwai) لەدوورگەی سەلمان پیاوی بەدەسەڵات لەڕووی دارایی و کۆمەڵایەتییەوە ئەو کەسەیە کە لەیەك کاتدا زیاتر لەهاوسەرێکی هەیە، هەروەها ئەو کەسانەشن کە ژمارەیەکی زۆر بەراز بەخێو بکا، وەبۆ ئەوەی پیاو ژمارەیەکی زۆر بەرازی هەبی پێویستە ژمارەیەکی زۆر خەڵکیشی هەبی بۆ چاودێریکردنیان، ئەو پێویستییە چاودێرییەش (چاودێریکردن و ئالیکپێدانی بەرازەکان) پاڵی پێوە دەنی زیاتر لە ژنێکی هەبی، بۆ ئەوەی چاودێری و گرنگی بەرازەکان بکا کە پیاوەکە رای گرتوون. هۆکاری راگرتنی بەرازیش لەم دورگەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی ئەم دورگەیە زۆر حەزیان لە گۆشتی سورکراوەی بەرازە، ئەو گۆشتەش تەنها لەبۆنە گەورەکاندا پێشکەش دەکرێ کە بەهۆیەوە (بەهۆی ئەو گۆشتەوە) ئاهەنگگێری بۆنەکە بایەخێکی کۆمەڵایەتی باڵا و رێزێکی جیاکراوەی دەبی لەنێوان ئەندامانی هۆزەکە، لەبەر ئەوە پیاوی بەتوانا لەو هۆزەدا ئەو پیاوەیە کە توانای راگرتنی زۆرترین ژمارەی بەرازی هەیە، هەروەها ئەو کەسەیە کە دەتوانی گەورەترین ئاهەنگ بگێڕی و ئەو گۆشتەی تیا پێشکەش بکا، بەڵام ئەوە جیبەجێناکری مەگەر خاوەن خێزانێکی گەورەبێ و لەجیبەجێکردنی داخوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی یارمەتی بدا، واتا ئەگەر ویستی بایەخێکی کۆمەڵایەتی باڵا و سەروەتێکی ئابووری فراوانی هەبێ پێویستە لەیەك کاتدا زیاتر لەهاوسەرێکی هەبێ. بەواتایەکیتر: پیاوی بەتوانا و دەسەڵات لەو دورگەیە ئەو کەسەیە کە لەیەك کاتدا چەند هاوسەرێکی هەبی.

بەڵام ئەم دۆخە (فرە هاوسەری) دەبێتە هۆی دەرکەوتنی گرفتگەلێکی خێزانی لەژیانی پیاوەکە، وەکو رشکی (حەسوودی) نێوان ژنەکان، بەڵام کۆمەڵگا ئەو گرفتەی بەم رێگایانە چارەسەرکردووە:

a- رێگای بەهاوسەرگیری خوشکەکان داوە بۆ کەمکردنەوەی حەسوودی نێوان هاوسەرەکان، لەبەر ئەوەی کە خوشکن ئەوە هاوسەرەکە (پیاوەکە) لەیەك ماڵدا کۆیان دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر خوشك نەبوون ئەوە لەماڵی لێکجیا نیشتەجێیان دەکا.



b- بەدیهێنانی یەکسانی لەپەیوەندی سێکسی پیاوەکە لەگەڵ ژنەکانیدا، بەبێ بەرزکردنەوەی یەکێکیان بەسەر ئەوانیتردا، هەروەها جیبەجێکردنی دادپەروەری لەدابەشکردنی سەروەت و سامان لەنێوانیاندا.

c- رێزگرتنی تایبەت بۆ ژنی یەکەمە، بەوەی ژووری خەوتنەکەی لەلای دەستەراستی ژوورەکەی خۆیەوە دیاری دەکا، ئەوەش بۆ پیشاندانی وەکو ژنی سەرەکی خێزانەکە، بەڵام ژووری ژنەکانی تر بەلای چەپی ژوورەکەی خۆیەوە دەبی وەهەموو ئامۆژگارەییە خێزانییەکان لەلایەن ژنی یەکەمەوە دەردەچی وەلەکاتی گەشتکردنی مێرددا پێش گەشتەکە و دواتریش پێکەوە لەژورێکدا دەمێننەوە.

نموونەی ئەم جۆرە بایەخپێدان و بەرزکردنەوانە حەسوودی لەنێوانیان دروست دەکات، بەڵام لەکۆتاییدا گرینگیدانەکە دەگەڕێتەوە بۆ کام هاوسەری جوان و بچووکەکە.[٨]

١- کۆمەڵگا خێڵەکی و سەرەتاییەکان، هەروەها ئەمەش پێویستی بەتوخمی مرۆیی هەیە کە بە هێزی مرۆیی بەهێزی بکا، بۆئەوەی لەجەنگ لەگەڵ دوژمنەکانیدا سوودیان لیببینێ — هاوکات — بایەخێکی کۆمەڵایەتی باڵای پێبدا، ئەوەش بەدی نایە مەگەر هەر پیاوێك لەیەك کاتدا زیاتر لەژنێکی هەبی.

لەساڵی ١٩٥٧ (مەردۆخ) زانیاریی لەمەر (٥٦٥) کۆمەڵگا کۆکردەوە، ئەم شێوازە هاوسەرگیرییانەی تێیدا تێبینی کرد:

A- نەبوونی هاوسەرگیری کۆمەڵی تیایاندا.

B- بەربڵاوی شێوازی فرە مێردی (Polyndary) تەنها لەچوار کۆمەڵگا.

C- چارەکی لەکۆی گشتی لەو کۆمەڵگایانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەیدا پشتیپێبەستبوو شێوازی (Monogamy) (تاك هاوسەری) تێداباوبوو.

D-٧٠٪ کۆی ئەو کۆمەڵگایانەی کە دیراسەی کردبوو سوودیان لەشێوازی فرە هاوسەری بینیبوو (Pologamy) ئەمە لەسەر ئاستی تیۆری، بەڵام لەسەر ئاستی کردارەکی-مەیدانییدا ئەوە پیاو زیاتر لەهاوسەرێك ناهێنی، سەرباری ئەوەی کە رێگایان پێ دراوە لەیەك کاتدا زیاتر لەهاوسەرێکیان هەبی.[٩]

### ٥- هاوسەرگیریی نەرێتی Traditional Marriage:

ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەوە دەناسرێتەوە کەیەکێك لەهاوسەرەکان دەبێتە خاوەنی جەستەی ئەویتر، سەرباری بیروباوەر و پەیوەندی و هەڵوێست و هەڵس و کەوتەکانی، واتا یەکێك

لەهاوسەرەکان (زۆر جار پیاوەکە) لەلایەن کۆمەڵگاوە ڕێگای ئەمەی پێدراوە، چونکە دەسەڵاتداریدەکا و فەرمانەکان دەردەکا (نەهێشتن و ڕێگەپێدان) وەکۆنترۆڵکردنی چۆنیەتی هەڵس وکەوت و بیرکردنەوە و هەڵوێست و پەیوەندی هاوسەرەکەی دەکا، (وەزۆرجار ژنەکەیە)سەرباری بەموڵککردنی جەستی هاوسەرەکەی تر (بەموڵککراو) ڕێگای نادا هەڵس وکەوت لەگەڵ هاوسەرێکی تر یا کەسێکی تر بکا (خۆشەویست یا دڵدار یا پیاوێك جگە لەموڵکدار)، بەڵام ئەو موڵکدارکردنە فرەبوار و لایەنە بەموڵککراو ناتوانی بەسەر موڵکداردا پیادەی بکا، وەلی موڵکدار ئازادە لەهەڵسوکەوتکردن و بیرکردنەوە و هەڵوێست و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی تر بەبی چاودێریکردنی موڵکەکەی یا لێپێچینەوەی لەسەر هەڵسوکەوتە ناشیرنەکانی.

سەرباری ئەوەش موڵکدار ئازادە لە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئەوانیتر (جگە لە پیاوەکەی یا ژنەکەی) چ بەهۆی هاوسەرگیرییەوە بی یا نا. ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەوەستێتە سەر بەموڵککردنی گشتی یەکێك لەهاوسەرەکان بۆ ئەویتر، بەوەش هاوسەرگیری لەسەر دوو لایەنی نایەکسان لەرۆڵ و پێگە و دەسەڵاتی خێزانی وەستاوە. موڵکدار بریارە خێزانییەکان سەربەخۆ دەردەکا بەبی رای بەموڵککراو، هەروەها موڵکدار هەڵسوکەوتی بەموڵککراو لەناوەوە و دەرەوەی خێزان دیاری دەکات، وە لەهەڵبژاردنی جۆری جل و بەرگ و پێخۆر و قسەکردن لەبوراە جیاوازەکان دەستووردەدا، وە لەو بارودۆخە خێزانییانەی کەپێویستە هەڵوێست وەربگری لەبری ئەو بریاردەدات و ڕێگای نادا سەربەخۆ و بەبی ئاگاداری ئەو بریاربدات یا هەڵسوکەوت بکات.

ئەم جۆرە موڵکدارکردنە کە چەوساندنەوەیەکی مرۆییە و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند و ڕێگەپێدراوە، تیایدا توانا عەقڵی و کۆمەڵایەتییەکانی یەکێك لە هەردوو لایەنەکانی خێزان رادەگرێت. نایەکسانی لایەنەکان هاوکێشەی خێزانی لەو جۆرە هاوسەرگیرییەدا، واتا بوونی سنوورێکی جیاکەرەوە نەك یەکگرتوو لەنێوان هاوسەرەکان، بەموڵککراو بۆی نییە تێیبپەرێنی بەڵام بۆ موڵکدار ئاساییە.

ئەو رەهەندە جیاکەرەوەیەی نێوانیان بەموڵککراو ناچاردەکات کە نکوڵی لەخۆی بکا و لەپێناو موڵکدار و لەبەرچاوگرتنی هەست و سۆزەکانی لەسەر حیسابی هەست و سۆزی خۆی قوربانی بدا، وە پێویستە بەموڵککراو موڵکدار دڵخۆش بکا و ئاسودەیی و کامەرانی بخاتە ناو دڵ و جەستەییەوە، هەموو ئەو ئەرکە هەستەکی و سۆزدارییانە ئەرکیماڵداری بەدوادا دێ کە



بەموڵککراو پێشکەشی موڵکداری دەکا، وەکو هەستان بەکاروبارە خێزانی و ماڵدارییەکان وەکو پاککردنەوە و چێشت لێنان و ڕێکخستن وەکو بەرپرسیاریەتییەکی ماڵداری نەك هاوسەرداری کە هیچ کەسێکی تر پێیهەڵناسی، کەچی ئەرکی موڵکدار زۆر جار لەدەرەوەی ماڵە وەکو کار و بەدەستهێنانی پارە بۆ چاودیریکردنی خێزانەکەی، وە بەموڵککراو مافی نییە لەدەرەوەی ماڵ کاربکا و لەبەدەستهێنانی پارە بۆ خێزان یارمەتی مەڵکدار بدا، وە هاوکات موڵکدار بۆی نییە لەناوەوەی ماڵ و خێزان یارمەتی بەموڵککراو بدا، دەتوانین بڵێین سیستەمی دابەشکردنی کاری خێزانی بۆ هەردوولا روون و ئاشکرایە، واتا موماڕەسەکردنی رۆڵی رەق و ووشك و نەگۆر و ئەرکی رۆتینی بەرجەستە دەکا کەپشتی بە جیاکردنەوەی نێوان هەردوو هەڵوێست و رۆڵی هاوسەرەکان بەستووە کە هاریکاری ماڵی و پیشەیی بوونی نییە، چونکە لەڕووی پێگە و رۆڵەوە لێکجییان.

## ٦- هاوسەرگیریی کراوە Open marriage:

ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پێچەوانەی نەریتییە، چونکە بەیەکسانی پێگەیی و نەرمی سروشتی پەیوەندی خێزانی نێوان هاوسەرەکان دەناسرێتەوە، واتا پەیوەندییەکەیان بە پەیوەندییەکی هاورێیەتی دەچی نەك پەیوەندییەك کە بەکوڵککردنی کۆمەڵایەتی تێدا بێت.

دیارترین سیماکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەمانەن:

a- هەردوو هاوسەرەکە بۆ رۆژی ئێستایان دەژین، واتا ژیانی رابردوویان یا داهاتویان هیچ رووبەرێکی لەواقیعی پەیوەندییەکەیانی داگیرنەکردووە، بەڵکو تەنها گرنگی بەژیانی ئێستایان دەدەن، ئەو داگیرکارییە ژیانیە جێگیرەش وایان لیدەکا گرنگی بەموماڕەسە نەرێتی و عورفییەکان نەدەن لە جل و بەرگ و خواردن و پابەندی ئایینی، بەڵکو جەخت لەسەر پرکردنەوەی پێداویستییە شەخسییەکانیان لەهەست و سۆز و بیرکردنەوەیان دەکەن، لەبەرئەوە بریارە خێزانیەکانیان لەلایەن هەردووکیانەوە دەردەچی نەك یەکێکیان، بۆنموونە لەبانگهێشتی خێزانی و گەشت و گوزار...هتد هەمیشە پێکەوەن.

b- لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی یەکتر و فەرامۆش نەکردنی یەکتر و نەتواندنەوەی ئەم تایبەتمەندییانە لەیەکتردا، واتا رێزگرتنی تایبەتمەندی هەریەکێکیان بۆ ئەویتر لەکردار و سۆزداری و فیکری و هەستەوەری و کۆمەلایەتی، وەقوربانی نەدانێکی گشتگیر لەبەرژەوەندی تایبەتمەندی ئەویتر.

c- *نەرم و نیانی رۆڵەکان:* واتا هیچ دابەشکردنێکی کاری جیاواز لەیەکتریان نییە، بەواتایەکی تر: واتا کارێکی ماڵداری نییە تایبەت بێ بەپیاو و یەکێکی تر بەژن، بەڵکو پێکەوە لەکاروبارە ماڵداری و خێزانییەکان هاوکاری یەکتر دەکەن.ئەوەش بەپاڵنەری پرکردنەوەی پێداویستییە هاوسەرگیری و خێزانی و ماڵدارییەکان بەبێ جیاوازی نێوانیان، وە هەردووکیان پێکەوە هەڵدەستن بە ئامادەکردنی خواردن و شوشتنی قاپ و جل و بەرگ و ڕێکخستنی ماڵەکەیان، لەبەرئەوە هیچ رۆڵێکی رەق و جێگیر نییە، بەڵکو رۆڵەکان ناجێگیر و نەرمن و ئامانجیان هاریکاریکردنە نەك جیاوازی.

d- *هاوسەنگی لەبواری ماف و ئەرك بۆ هەردوو هاوسەرەکە:* واتا بەرزکردنەوەی یەکێکیان بەسەر ئەویتردا نییە، بەڵکو هەر هاوسەرە و بەو کارە هەڵدەستێ کەلەگەڵ توانای کەسایەتی گونجاو و پێداویستییەکانی پر دەکاتەوە و خواستەکانی بەدی دەهێنێ، نەك خزمەتکردن بەهاوسەرەکەی تر، واتا هەر هاوسەرە و خۆی خزمەت بەخۆی دەکا.

e- *متمانە:* واتا راستگۆیی لەگۆرینەوەی بیرورا و هەست و سۆزی هاوسەرەکان و ڕێزگرتنی هەریەکێکیان بۆ ئەویتر بەبێ ترس و فێڵ و سەرکۆنەکردن، وە لە کاتی روودانی هەر جیاوازییەك لەتێروانین و دیدگاکانیان ئەوە هیچ کاریگەرییەکی بەسەر هەڵوێست و پەیوەندییانەوە نابێ، لەبەر ئەوە دەربرینی هەست و سۆز و قسەکانیان راشکاوی و لەرووە، ئەمەش لەهاوسەنگی پێگەیی خێزانیان و ناجێگیری رۆڵەکانیان و ڕێزگرتنی هەر یەکێکیان بۆ تایبەتمەندی ئەویتر سەرچاوەی گرتووە، بەهۆی ئەمەشەوە دڵنیایی دروست دەبێ (١٠).

هەندی شێوازی سەرەتاییمان خستەروو کە لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بڵاون، بەڵام شێوازگەلێکی نوێ لەچارەگی یەکەمی ئەم سەدەیە لەکۆمەڵگای ئەمریکی دەرکەوت، کە لە کۆمەڵگاکانی تر دەرنەکەوتبوو، ئەمەش بەهۆی کاریگەربوونی کۆمەڵگای ئەمریکی بەشەش گۆڕاو (متغیر) کەکاری خۆیان لەو کۆمەڵگایە کرد و خێزان و هاوسەرگیریشی گرتەوە، بەم شێوەیە:

**١- لاوازبونی کاریگەری ئاین:** ئەگەر پێشتر هاوسەرگیری بە پەیوەندییەکی ئایینی و پیرۆز دابنرایە و پابەندی بە ئایینە ئاسمانیەکانەوە بەرجەستەبکرادیە کەخودای گەورە چاودێری دەکا بۆ ئەوەی لەژێر بەرەکەت و بەزەیی خۆیدا بگوزەرێنن، وە قەدەغەکردن و دواخستنی هاوسەرگری بەلادانێك دابنرایە لەپێوەرە ئاسمانی و رەوشتیەکان و تەلاق بەتاوانێك دابنرایە



کەمرۆڤ ئەنجامی دەدا چونکە سەرباری دژپێکبوونی بەسیستەمە کۆمەڵایەتییەکان خودا رازی نەدەبوو.

ئەوە ئێستا ئەمریکییەکان وا تەماشای هاوسەرگیری ناکەن وەکو ئەوەی پێشتر هەبوو، بەڵکو وا تەماشای دەکەن کە گرێبەستێکی شەخسییە کە لەنێوان دوو کەس دەبەستری وەکو گرێبەستێکی کار کە لەنێوان خاوەن کار و بەردەستەکانی یا لەنێوان سەرمایەدارێك و بازرگانێك دەبەستری.

**٢- بەکارهێنانێکی فراوانی داهێنراوە تەکنیکییە نوێیەکان لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، وەکو هۆکارەکانی رێگری سکپڕی و ئوتۆمبێل:**

نموونەی ئەم جۆرە داهێنراوانە کاریگەری بەسەر تەرزی پیاهەڵدانی و وەسفکردنی هاوسەرییانەوە هەبوو، چونکە بەتایبەت ئەو داهێنراوانە بوونە هۆی سەربەخۆبونی گەنجی ئەمریکی لە خاوەن و کەس و کاریان.

لەماڵەکانی خۆیان دەردەچوون بەدوور لەچاوی کەس و کاریان بۆ وەرگرتنی ئازادی خۆیان لەپیاهەڵدان و دڵداری و...هتد، کەبەرۆڵی خۆی تەرزێکی تایبەتی لەپیاهەڵدان و چێژی پەیوەندییە سێکسییەکان داهێنا، دوای ئەوەی بۆ ئەوان (گەنجەکان) نەشیاو و نەکراو و ئەستەم بوو.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، دەرکەوتنی ئۆتۆمبێل بووە یارمەتیدەرێکی باش لەهەڵبژاردنی هاوسەر لەناوچەیەکی دوور یا لە شارێك یا ویلایەتێك دوور لەویلایەتی هاوسەری یەکەم، دوای ئەوەی کەپێشتر دووری جوگرافیایی بەربەستێك بوو لەبەردەم هەڵبژاردنی هاوسەر لەشارێکی تر، بەڵکو یا دەبوایە هاوسێبونایە یا منالی یەك گەرەك بونایە، نەك ئەوە بەڵکو داهێنانی ئوتومبێل یارمەتیدەرێك بوو لە نیشتەجێبوونی هاوسەرەکان بەدوور لەخزم و کەس و کار و کارەکەیان. وەلی هۆکارەکانی رێگری سکپری و بەتایبەت (حوب) بووە هۆی پاڵنەرێك بۆ ئەوەی گەنجەکان بەر لەهاوسەرگیری مومارەسەی سێکسی ئەنجام بدەن و چێژ وەربگرن لەگەڵ ئەوەشدا منالیان لینەبێتەوە، ئەم کردەیەش هاوکێشە کۆنەکەی گۆڕی کەبریتیبوو لە خۆشەویستی لەپێناو هاوسەرگیری و سێکس لەپێناو منالخستنەوەدا، بەڵام دوای داهینانی هۆکارەکانی رێگری سکپری سێکس بۆ چێژوەرگرتن بوو نەك منالخستنەوە.

**٣- گەشەسەندنی تاکگەرایی و تاکایەتی خودی:** کۆمەڵگای پیشەسازی پێشکەوتوو (تەکنەلۆژیا) دیاردەی پێکهاتە ئالۆزی هێنایە ئاراوە، کەوەکو گرفتێك وەسف دەکری، بۆنموونە

پیرۆزکردنی کار و ملکەچکردنی بۆ خاوەن کار بۆ باشترکردنی ئاستی ژیان، کە مرۆڤ لەو جۆرە ملکەچییەدا تاك لەپەیوەندییە خێزانەکانیدا پچرابوو وەلە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو هاورێیانەدا رووکەشانەبوو کەتایبەتمەندییەکانی نەدەزانین، بەتایبەت کاتی رۆژەکانی خۆی تەرخان دەکرد بۆ کار لەپێناو بەدەستهێنانی برە پارەیەك کە بۆ ژیانێکی شیاو لەناو کۆمەڵگای ناوخۆدا یارمەتی بدا.

بەڵام کاتێك گەنج بریار دەدات هاوسەرگیری ئەنجام بدات و خێزان دابمەزرێنی، ئەوە پێویستە ملکەچی ئەم پابەندییانە بێت:

a- تەرخانکردنی کات بۆ هاوسەرەکەی، لەرووی سۆزداری و کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەوە ئەوەش کەمێك لە پابەندی پیشەیی — وەزیفییەکەی (ئەزموون و لێهاتوویی) کەم دەکاتەوە، واتا بەشێوەیەکی نێگەتیڤ کاریگەری دەبی بەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی و لەهێزی رکابەری لەگەڵ هاورێکانی کاریدا لاوازی دەکات.

b- نیشتەجێبون لەشوێنێك کەمێك دوور لە شوێنی کار، ئەوەش لەکاتی دەکری لەسەر حیسابی پابەندی بەکارەکەیەوە.

c- تەرخانکردنی کات لەخشتەی رۆژانە یا هەفتانە بۆ سەردانیکردنی هاورێ و خزمە نوێیەکان (ئەوانەی دوای هاوسەرگیری ناسیونی).

بەڵام کاتێك کچ بریاری هاوسەرگیری و دامەزراندنی خێزان دەدات، ئەوە دەچێتە جیهانێکی نویوە و ناچاری دەکات زیاتر لە کورەکە پابەندی پێویستیە خێزانیەکان بی، وەپێویستە لەسەری کەل و پەلی ماڵ و خێزان بکری و گرنگی بەرێکخستنی کاروبارەکانی ماڵ و بەرگەگرتنی ئازارەکانی سکپری و منالبون و پەروەردەکردنیان بگری.

ئەو ملکەچی و پابەندییانە سەبارەت بەهەردوو لا بەشێوەیەك کاریگەری دەبی لەهەست و سۆزیان بەرامبەر بەیەکتر، بۆ نموونە هەست و سۆز سست و ساردتر دەبی، بەڵام جیاوازی جەوهەری نێوانیان ئەوەیە هاوسەرگیری سەبارەت بەکچەکە هەنگاوێکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی غەریزەی دایکایەتی، بەڵام سەبارەت بە کورەکە شتێکی بنەرەتییە بۆ بەدەستهێنانی رازیبوونی کۆمەڵایەتی لەنێوان خەڵکیدا.

٤- ***زۆربوونی هەلی کاری گونجاو بۆ ئافرەت:*** هەلی کار لەکۆمەڵگای ئەمریکیدا بۆ ئافرەت گەیشتە ١١٧ ملیۆن هەلی کار، کەبە رێژەیەکی بەرچاو ئافرەتی کرێکار لەدەرەوەی ماڵەکانیان دوای جەنگی جیهانی زیادی کرد، ئەمەش بووە هۆی سەربەخۆبونیان لەرووی



ئابووری و دەستەبەری مافی کۆمەڵایەتی و چێژوەرگرتنیان لە ئازادی کەسایەتی، زۆر لەوەی ئەگەر شویان بکردایە یاکارەکەیان جێبهێشتایە. هەڵبەت ئافرەت هەبوو داهاتی مانگانەی زۆر لە پیاو زیاتربوو، لەبەر ئەوە هاوسەرگیری سەبارەت بەئافرەت ئامانجی دەستەبەری ژیانی نەبوو، بەڵکو تەنها بەربەستێك بوو لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجە ئابوورییەکانیان لە بەکاربردنی روکەشی و خۆشگوزەرانی وە ئەگەر پیشتر بۆ دەستەبەرکردنی ژیانیان شویان بکردایە ئەوە ئێستا کارەکەی دەستەبەری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتییانە.

**٥- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆرانکارانەی کەبەسەر هەلی کاردا هات:** کارە نوێ و وردەکان پێویستیان بە خولی راهێنانی تایبەت و پێشکەوتوو هەبوو، ئەوەش بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی پیشەیی قوڵ و سەرەکیانە، کە بەرۆڵی خۆی دەبووە هۆی دواخستنی بیرۆکەی هاوسەرگیری و کاریگەری بەسەر خێزانەوە هەبوو، بەتایبەت چینی باڵا و ناوەراست و بری لەچینی کارگەرانیش، هەروەها خوێندنی زانکۆیی باڵاش کاری لەسەر دواخستنی بیرۆکەی هاوسەرگیری هەبوو، بۆنموونە گەنج هاوسەرگیری ئەنجام نەدەدا تاکو لەکۆلێژ دەردەچوو، و کارێکی دەدۆزیەوە کەلەگەڵ بروانامەکەیدا شیاو بوایە و سەرچاوەیەکی دارایی باش و جێگیری هەبوایە، کەلە دامەزراندنی خێزان یارمەتی بدایە، هەرچەندە ئەو بارودۆخە کاریگەری بەسەر هاوسەرگیری مومارەسەکردنی پەیوەندی سێکسی پێش هاوسەرگیری بەرهەمهێنا، سەرباری ئەوەش بەدەستهێنانی رۆشنبیری مەعریفی روحێکی رەخنەگرانەی لای گەنجەکان دروست کرد و چاو و گوێیانی کردەوە بۆ گەران بەدوای رێگایەکی نوێ لەبەدیهێنانی ئازادی خودیان و داهێنانی تەرزێکی تایبەت بەهاوسەرگیرییان.

٦- ***زۆربوونی دانیشتوان:*** کەوای لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان کرد کە نیوەی هێزی دانیشتوانی بکەوێتە ژێر تەمەنی توێژی(٢٥ ی) یەوە، ئەمەش دوای جەنگی جیهانی دووەم روویدا، کەرێژەی لەدایکبوان چەند جارە بۆوە، دوای دووبارە دروستبوونەوەیان دوای جەنگ. ئەمەش وای لەکارگە و کۆمپانیاکان کرد کالا و پێداویستیگەلێك بەرهەمبێنن کەپێداویستی ئەو جیلە تەمەنیە گەنجە پربکاتەوە، زیاتر لەوەی کەپێش جەنگی جیهانی دووەم هەبوو.

واتا دەست بەسەراگرتنی زۆرینەی دانیشتوان بەسەر جۆر و سروشت و چۆنیەتی کالای بەکاربردن بووە هۆی بەرهەمهێنانی کلتوورێکی بەکاربەری گەنجانە، کە تەنها جەختیان دەکردە سەر گوێگرتن لە میوزیك و تەماشاکردنی فیلمی سینەمایی و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و خوێندنەوەی ئەدەب.

**ز- هاوسەرگیریی بی منالْ (Marriage Without Children):**

ئەم هاوسەرگیرییە دەوەستێتە سەر بڕیاری هەردوو هاوسەرەکە لەمەڕ منالْبوونیان، بۆ ئەوەی لەکۆت و بەندی بەرپرسیاریەتی پەروەردەکردنی منالْ رزگاریان ببی و، هەروەها پێیان وایە کەهاوسەرگیری مانای زەرورەتی منالْخستنەوە نییە بەشێوەیەکی اخۆوەکی. واتا مادام هاوسەرگیرییان ئەنجام داوە دەبی منالْی ببی، ئەو بڕیارەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، گرینگترینیشیان ئەمانەن:

١- هەولْدانی ئافرەت بۆ دۆزینەوەی کارێکی پسپۆری کەلە دەسهاتی مادیدا هاوتایی پیاوەکەی بی.

٢- خواستی هەردوو هاوسەرەکە لەمنالْ نەبونیان.

٣- خواستی هاوسەرەکان لەبەسەربردنی کاتەکانی خۆیان بەگەشت و گوزار و چالاکی خۆشگوزەرانی نەك بەخێوکردنی منالْ.

٤- پەروەردەکردنی منالْ لەڕووی تەندروستی و خواردەمەنی و چاودێرییەوە پێویستی بە تێچوونی دارایی زۆرە.

ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لەکۆمەلْگا پیشەسازی و سەرمایەدارەکان بەشێوەیەکی فراوان بلاْوە، کەبۆتە هۆی لەدەستدانی ئەرکگەلێکی تایبەت و پەیوەست بەخێزان وەکو، بەرهەمهێنانی ئەندامی نوی بۆ کۆمەلْگا و گرینگیدانی بە تەندروستی منالْ و چاودێری کۆمەلاْیەتی، ئەوەش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاسەواری سەلبی بەسەر خێزان وکۆمەلْگا لێدەکەوێتەوە، کەوای لیدەکا خێزان ببێتە خێزانێکی بەکاربەر نەك بەرهەمهێن و گرنگ، تەنها بەکاربردنە رووکەشیەکان بدا، بەئامانجی خۆپەرستی و خزمەتکردن بەخودە نەرگسیەکانیان نەك بۆ بوونیادنانی ناوکێکی خێزانی کە کۆمەلْگا بەئەندامی نوێ تێربکات وکەلەپوورە کلتوورییەکەیان و زمان وبەها و نەرێتەکان بگوازێتەوە.

هەموو ئەوانە کار لەسەر داخزانی قەبارەی خێزان و داکشانی ئەرکەکانی دەکا، ئەوەش بەرۆلْی خۆی والە تۆری خزمایەتی دەکا لەبوونیادنانی کۆمەلْگادا سست و لاواز بێ. لەسالْی ١٩٨٠ (٦٪) ئافرەتە هاوسەردارەکان کەتەمەنیان لەنێوان ١٨-٣٤ لەماوەی ژیانی هاوسەرێتییاندا منالْیان نەبووە، لە (١١٪) ئافرەتە بێوەژن و تەلاْقدراوەکانی ئەمریکا هەمان هەستی سەلبییان هەبووە بەرامبەر منالْخستنەوە.



لەسالْی ١٩٩٠ وەزارەتی کشتوکالی ئەمریکی راپۆرتێکی خستۆتەروو باسی لەوە کردووە، کەرێژەی خەرجی خێزانێکی ئەمریکی بۆتاکەکانی لەچینی بالاْ (٢٣٩-٢٦٥) دۆلار بووە (خەرجی جل و بەرگ و خواردن و شوێنی حەوانەوە لەیادی هەر لەڕۆژی لەدایکبوونیەوە هەتا تەمەنی ٢٢ سالْی.

**ز- هاوسەرگیریی ناشەرعی (Unmarried couples):**

ئەم جۆرە پێکەوە ژیانە هاوسەرداریییە لەنێوان گەنجەکان بلاْوە، بەلاْم لەدەرەوەی چوارچێوەی گرێبەستی رەسمی-شەرعی، وە زۆرجاریش منالْیان دەبی، بری جاریش ئەو پێکەوە ژیانە بەهاوسەرگیری گرێبەستی رەسمی کۆتایی دێ.

وەلی هەرچەندە ماوەی پیکەوە ژیانەکەیان درێژتربێتەوە، مەیلی هاوسەرگیرییان زیاتر دەبی، پێچەوانەکەشی راستە، بەلاْم ماوەی حالەتی پێکەوە بەرێگای هاوسەرگیری (Cohabitation) لەچەند مانگێك تێناپەری و ناگاتە چەند سالێك، رۆلێشیان لەو ماوەی پێکەوە ژیانەیاندا رۆلْی ژن و مێردە.

منالْخستنەوە هۆکارێکی پالْنەر نییە بۆ پێك بەستنەوەیان، بەلاْم هۆکارێکە بۆ بەردەوامیدان بەپەیوەندی نێوانیان کە بە هاوسەرگیری کۆتایی دی، دواتر حەقیقەتێك لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا هەیە ئەوەیە کەکەس و کاری ئافرەتەکە، پیاوەکە ناچاردەکەن کە هاوسەرگیری لەگەلْ کچەکەیان ئەنجام بدا.

سەرباری ئەوەش هەردوو هاوسەرەکە لەمیانەی ئەم پێکەوە ژیانیەدا لەمیزاج و هەلْس و کەوت و رەوشت بەسروشتی حالْ و لەژێر بارودۆخی پێکەوە ژیان و پراکتیزەکردنی رۆلْی ژن و مێرد شارەزایی ژیانی یەکتر دەبن، هەروەها تایبەتمەندی و ئارەزوو و گرفتی دەروونی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی بارودۆخە خێزانی و داراییەکانی یەکتر، شارەزا دەبن، هەروەکو ژن و مێردی راستی مامەلْە دەکەن، وەکو قۆناغێکی یەکەم بۆ دامەزراندنی پەیوەندی خێزانی دوارۆژ [١٣].

**ک- ژیانی بەکۆمەلْ (Group Living):**

ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەنێوان گروپە خزمایەتییە درێژبۆوەکان و کۆمەلْگا محەلیە بچووکەکان (کمیونات –Communes) بلاْوە، کەهەموو ئەندامانی گروپەکە لەکاروبارەکاندا

بەکۆمەڵ لەبەرامبەر پاداشتێکی داراییدا هاوکاری یەکتر دەکەن، زۆرجاریش کارەکانیان لەبواری کشتوکاڵیدایە.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەو گروپانە یەکەی خێزانی ناووکی بچووك بەرهەم دێنن کەوێنای پەیوەندییەکی هێشوویی دەکا، واتا گرووپە بچووکەکان بەگشتی لێك دوورنین، وەکو دەزانین کمیونات شارستانی هەن بەلاّم سەرکەوتوو نەبوون، ئەوەش بەهۆی ئەو یاسا توندوتیژانەی کە دەیخەنە سەر ئەندامەکانی و پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی نێوان یەکە خێزانی و ئەو بیروباوەرە ئایینییانەی کە هەیانن، وە زۆرجار بیروباوەرە ئایینییەکان لەگەڵ پێکەوە ژیانیان یەکدەگرێتەوە، ئەمەش وادەکا بنەمایەکی ئابووری توند لەسەر پێوەرە خزمایەتییە هاوسەنگەکان دروست بکەن، بۆ رێکخستنەوەی پرۆسەی بەکاربردن و دەسەلاّت و چالاکی ئەندامەکان و رێکخستنی پەیوەندییە سێکسییەکانیان بەئامانجی پەروەردەکردنی ئەندامە نوێیەکان، هەرچەندە بەدیهێنانی ئەم جۆرە ئامانجە کۆمەڵیانە کارێکی ئاسان نییە(١٤).

### ل- هاوسەرگیریی سپی:

واتا پیاوێك ئافرەتێك دەخوازی لەپێناو جێگیربوون لە ولاّتەکەیدا، یا بەپێچەوانەوە (ئافرەتێك شوو بەپیاوێك لەپێناو مانەوە لەوولاّتەکەیدا) یا بەئامانجی وەرگرتنی رەگەزنامەی ولاّتی هاوسەرەکەی، لەراستیدا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە زیاتر لەنێوان پەناهەندە دەرەکییەکاندا بلاّوە (واتا ئەوانەی ولاّتەکەی خۆیان بەجێهێشتووە و چوون بۆ ولاّتێکی تر).

## ج-٢/ شوێنەواری هاوسەرگیریی لەسەر هاوسەرەکان:

هاوسەرگیری تەنگەژە و گۆرانکاری زۆر و جۆراوجۆر لەژیانی هاوسەرەکان لەدوای هاوسەرگیرییەکان دروست دەکات، ئەوەش بۆ ئەوەی لەرووبەڕووبونەوەی ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکانی خانەی کۆمەلاّیەتی (خێزان) و جیبەجێکردنی ئەرکە خێزانی و پەروەردەیی و ئابوورییەکان ئامادەیان بکا و ملکەچیان دەکا کە واز لەهەندی هەڵس و کەوتی سەردەمی گەنجییان بهێنن، و بەئاسانی بچنە ناو جیهانی خێزانی کە زۆر جیاوازترە لە جیهانی گەنجایەتی لە پابەندی و بەپرسیاریەتی.



بۆ ئەوەی لەخستنەڕووی ئەم بابەتەدا روونبین، پێویستە جیاوازی لەنێوان هەردوو جۆری شوێنەواری هاوسەرگیری کراوە و شوێنەواری هاوسەرگیری تەقلیدی (داخراو) بکەین، بەهۆی جیاوازییان لە پێوەر و ئەحکام و مومارەسە:

سەرەتا بە جۆری یەکەم دەست پێدەکەین، بەم شێوەیە:

***ا- شوێنەواری هاوسەرگیریی کراوە:***

a- گۆرانکاری لەهەست و سۆزی هاوسەرەکان بەرامبەر یەکتر.

b- گۆرانکاری لە پەیوەندی هاوسەرەکان بەکەس و کاریانەوە.

c- گۆرانکاری لە پەیوەندی هاوسەرەکان بە هاورێکانیانەوە.

d- گۆرانکاری لەئازادی کەسی هاوسەرەکان.

***a- گۆرانکاری لەهەست و سۆزی هاوسەرەکان بەرامبەربە یەکتر:***

کاتێك هاودێیەکان پیدنێنە ناو ژیانی هاوسەرگیرییەوە، پێیان وایە خەونە وەخەونەکەشیان بەدی دێ و پەیوەندییەکی ناسك و کارلێکێکی هاوتەریب لە نێوانیان جێگیر دەبی (بەگوێرەی خواست و میزاجی کارلێکە)، هەروەها پێیان وایە هەستەکانیان تێر دەبیٚ و سۆزێکی گەرم و گور و بەردەوام دادەگیرسێنن و تایبەتمەندی و هەستەوەرییەکانیانی یەکتر لەبەر چاو دەگرن.

وەلی دوای تەواوبونی هاوسەرگیری و تێپەربوونی ماوەیەکی کورت بەسەر ژیانی هاوسەرداریییان دا رووبەرووی واقیع و جیدییەتی مومارەسەکردنی ماف و ئەرکەکانی رۆڵەکانی ژن و مێردایەتی دەبنەوە، لەهەمبەر ئەو رووداوە رۆژانەیانەی کە ناچاریان دەکا ملکەچی جیبەجێکردنی بن، وەلەکاتی کەم و کوڕی یەکێکیان لە پابەندبوونی بەوی ترەوە ئەوە هەڵوێستیان بەرامبەر یەکتر لاواز دەبی. لێرەوە ناکۆکی و جیاوازییەکان بەشێوەیەکی روو دەردەکەون و لەژێر چەتری رووکەش و پیاهەڵدانی تەمسیلی دەردەچن.

کاتێك لەو خەونە هەڵدەستن کەپێش هاوسەرگیرییەکەیان وێنەیان کێشابوو، بۆ ئەوەی رووبەڕووی واقیعی کۆمەلاّیەتی ببنەوە دەبی بەو شێوەیەی کەهەیە رووبەرووی ببنەوە، نەك بەو شێوەیەی کەدەبی ببی. لەهەمبەر ئەو رابوونە واقیعییە گەرم و گوڕی خۆشەویستیە رۆمانسییەکەیان کەم دەبێتەوە و پیاهەڵدان و شەیدابونی یەکتر دەگۆڕی بە لێك ماندوبوون. هەروەها لێپرسینەوەی لەسەر کەم و کورییەکانی یەکتر لە بەرگەنەگرتنی بەرپرسیاریەتییەکانی خێزان یا وەلاّمنەدانەوەی خواستەکانی یەکتر، زیاددەکا.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە بەرپرسیاریەتی ژیانی ڕۆژانە هاوتەریب نییە لەگەڵ ئەو هێڵە گشتییانەی کە پێش هاوسەرگیرییەکەیان وێنەیان کێشابوو، کەخەمی کار و ژیان دەبیتە هۆی سەرقاڵبوونیان بە وردەکارییەکانی ڕۆژانە، ئەمەش وایان لێ دەکا لەپیاهەڵدان و وشەی ڕازاوە و جوان و باس کردن لەهەستی ناسکانەی یەکتر دووریان دەخاتەوە.

هەرچەندە ئەو خاوبوونەوە سۆزدارییەی نێوان هاوسەرەکان کە بەرئەنجامی واقیعییەتی ژیانی ڕۆژانەیە و بۆتە بەربەست لەبەردەم پیاهەڵدانە سۆزدارییەکەیان و ساردبوونەوەی خۆشەویستی ڕۆرمانسییان.هەڵبەت شتێکی پۆزەتیڤیشە لەبەر ئەوەی لەڕووبەڕووبوونەوەی واقیع بەشێوەیەکی کردەیی و عەقلانی یارمەتیان دەدا، چونکە ژیانی هاوسەرگیری کردەیی واقیعی پەیوەندییەکی جێگیر بەرجەستە دەکات کەلەسەر پابەندبوون بەماف و ئەرکی دوو پێگەی سەرەکی لەخێزان وەستاوە. ئەوەش پێگەی مێرد و پێگەی ژنە، بەدوور لە ئامانجە سەرابی و هیوا دوور و بەدینەهاتووەکان، ئەوەش مانای ئەوەیە کە هاوسەرگیری هاوسەرەکان لەجیهانی خەیاڵەوە رادەکێشێتە ناو جیهانی حەقیقەتەوە و ڕۆژانە ڕووبەڕووی بەرپرسیارییەتییان دەکاتەوە، وە ڕاکردن لەو بەرپرسیارییەتییانەش واتا گەرانەوە بۆ جیهانی خەیاڵ (پێش هاوسەرگیری) و بەرگەنەگرتنی بەرپرسیارییەتی خێزانی نوێ، ئەمەش گەشەسەندن و سەرکەوتنی هاوسەرگیرییەکەیان بەدی ناهێنی چونکە واقیع لەگەڵ خەیاڵ هەڵناکا.

### b- گۆرانکاری لە پەیوەندی هاوسەرەکان بەکەس و کاریانەوە:

پێویستە لەرێگای پەیوەندی هەردوو هاوسەرکەوە لەکەس و کاری یەکتر بەشێوەیەکی یەکسان و هاوتەریب نزیك ببنەوە، وەلی دوای هاوسەرگیری لەکەس و کاری یەکێکیان نزیك دەبنەوە بەبی ئەویتر.بەواتایەکی تر: ئەگەر هاتوو هاوسەرەکان لەگەڵ کەس و کاری پیاوەکە نزیك بوونەوە ئەوە لەسەر حیسابی نزیکبوونەویانە لە کەس و کاری ژنەکە، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

واتا ئەگەر ژن و مێردەکە لەکەس و کاری ژنەکە نزیك بوونەوە، ئەوە لەسەر حیسابی نزیکبوونەوەیانە لەکەس وکاری پیاوەکە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەنێوان هاوسەرەکان و کەس و کاریان نییە وە ئەگەر یەکێك لە هاوسەرەکان ویستی لەکەس و کارەکەیەوە نزیك بێ و بەبەردەوام سەردانیان بکا ئەوە هاوسەرکەی تر بێزار دەبێ، لێرەوە ناهاوسەنگی لەکارلێك نزیکبونەوەیان لەکەس و کاری یەکتر ڕوودەدا. واتا پیاوەکە ناتوانی بەهەمان رادەی پەیوەندی بەکەس و کاری خۆیەوە پەیوەندی بەکەس و کاری ژنەکەیەوە



بکا، حاڵەتەکەش هەمان شتە لەلای ژنەکە کەناتوانی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ کەس و کارەکەی خۆی هەیەتی لەگەڵ کەس و کاری پیاوەکەشی هەیبی، بەڵکو لەکارلێك و سەردانیانی کردنیان ناهاوسەنگە.

سەرباری ئەوەی ئەم حاڵەتە لەسەر ئاستی جیبەجێکردندا بەرێوەدەچی، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناگەرێتەوە بۆ هاوسەرەکان بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ مەزاج و عەقڵیەتی یەکێك لەهاوسەرەکان یابۆ بارودۆخی ئابوورییان و بەرژەوەندی شەخسییان یا جیاوازی کلتووری یا تەمەنی یا چینایەتی یا ئایینی نێوانیان.

### c- گۆڕانکاری لەپەیوەندی هاوسەرەکان بەهاورێکانیانەوە:

ئاساییە هەموو هاوسەرێك پێش هاوسەرگیرییەکەی هاوریی هەبوبی، زۆرینەی جاریش گەنجن، جاچ هاوریی قۆناغی خوێندن بن یا هاوریی کار بن یا خزم وکەس و کاری بن یا منالانی یەك گەرەك بوبن و ئەو شتانە، وەلی دوای هاوسەرگیری پەیوەندی هاوسەرەکان بەهاورێکانیانەوە بەهەمان رادەی پێش هاوسەرگیری بە توندوتۆڵی نامێنێتەوە، بەڵکو لاواز دەبێ، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ سەرقاڵبوونی هاوسەرەکان بە واقیعیەتی ژیانی هاوسەرداری ڕۆژانە و ماڵداری و خێزانی، بەشێوەیەك ناتوانن بەردەوامی بەوهاورێیەتی ئەو هاورێیەتییانە بدەن کە پێش هاوسەرگیری ناسیبویانن.

لەسەر ئەم بارودۆخە هاوسەرگیرییە نوێیەشەوە، بەدوای هاورییەکدا دەگەرێن کە هاوسەردار بێ و لەگەڵ بارودۆخی خێزانی و ئابووری و پیشەییاندا بگونجی، ئاشکرایە بەهۆی جیاوازی گرینگیدان و بەرپرسیارییەتی خێزانیان حەز بەهاورێیەتی گەنجەکان ناکەن. ئەگەر رووشبدا ئەوە ماوەیەکی درێژ ناخایێنی بەڵکو پاڵیان پێوە دەنێن بۆ ئەوەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن. لەڕاستیدا ئەم کاریگەرییە تەنها دەرهاویشتەیەکی سەردەمییە، کەپێشتر لەنێوان هاوسەرە سەرەتاییەکان نەبوو، کە گرنگییەکی گەورەیان بە کەس وکارییەکتر دەدا و پێویستی دەروونی و دارایی و کۆمەلایەتی و خێزانیان پێیان بوو، کەبەرۆڵی خۆی پەیوەندییان بەکەس و کاری یەکێکیان یا هەردووکیان بەشێوەیەکی چڕ بەهێز دەکا، ئەمەش وایان لێ دەکا پێویستیان بەوە نەبی کە پەیوەندی هاورێیەتی نوێ لەگەڵ کەسانی وەك خۆیان دروست بکەن، بەڵکو پەیوەندی لەگەڵ کەس و کارەکانی خۆیان دروست دەکەن جا چ هاوسەردار بن یا گەنج.

### d- گۆڕانکاری لەئازادی کەسیی هاوسەرەکان:

ئەم کاریگەرییە ڕاستەوخۆ لەدوای هاوسەرگیری دەردەکەوێ، کە بە دەرکەوتنی ئەو پێداویستییە رۆڵیانە دەردەکەوێ کە تایبەتن بە بەرپرسیارییەتی ژیانی هاوسەرداری، واتا هاوسەرەکان بەئازادییەکی تەواو لەماڵ دەرناچن تەنها لەکاتی دەست بەتاڵیدا نەبێ، هەروەها پێویستە زوو بگەڕێتەوە بۆماڵەوە، وەنابێ زۆر لەدەرەوە بمێنێتەوە یا ماوەی سەردانیکردنی هاورێکانیان درێژ بێ، یا تا درەنگانی شەو لەدەرەوە بمێنێتەوە، بەڵکو پێویستە ژیانی ڕۆژانەیان بەگوێرەی خشتەیەکی کاتی بەبەرنامە رێکبخەن.

لەڕاستیدا ئەو پێداویستییە رۆڵیانە کار لەسەر پەروەردەکردنی ژن و پیاو دەکا بۆ ئەوەی فێری رۆڵەکانی خۆیان ببن وەکو ژن و مێرد، وەخێزانێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو دابمەزرێنن کە بەرگەی بەرپرسیارییەتییەکان بگری و لەئامانجەکانیان نزیك بخاتەوە [١٥].

دواتر دەچینە سەر راڤەی شوێنەواری هاوسەرگیری ترادیسیۆنی لەسەر هاوسەرەکان: -

a- لێکنزیکبوونەوەی هاوسەرەکان لەڕووی ویژدانی و سۆزدارییەوە.

b- پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکێك لەخێزانەکانیان نەك هەردووکیان.

c- پراکتیزەکردنی رۆلەکانیان بەبێ دەستێوەردانی یەکتر.

a- پەیوەندی رۆمانسی و خۆشەویستی لەدوای هاوسەرگیری ڕوودەدا، نەك پێش هاوسەرگیرییەکە، ئەوەش یەکەم لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە پەیوەندییە سۆزدارانە پێش هاوسەرگیری (قەدەغەیە و، دووەمیش لەبەر ئەوەی نازانی ئەو کەسە کییە دەبێتە هاوسەری، چونکە کەس و کارەکانیان هەڵدەستن بە دەستنیشانکردنی هاوسەرەکان و بیروڕای منالەکانیان لەم دەستنیشانکردنانە وەرناگیری، تەنها وەکو شتێکی سەرزارەکی نەبێ، زۆر جار ئەو پرس پێکردنەش دوای دەستنیشانکردنەکەیە. واتا هاوسەرگیرییەکە بە کردەیی لەنێوان خێزانی هاوسەرەکان ڕوودەدا نەك خودی هاوسەرەکان، کەواتە دەتوانین بڵێین نادیاری شەخسییەتی نێوان هاوسەرەکان پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەیان پێش دەخا، بەو پێیەی کەیەکتر ناناسن، بەڵکو خێزانەکانیان پەیوەندییان لەنێواندا هەیە، بەلاّم ئەم بارودۆخە زۆرجار لەسەرەتای هاوسەرگیرییەکە سۆزگۆڕینەوەی تێدا ڕوونادا، بەڵکو خۆشەویستی و شەیدابوون لەلایەنێکەوە بەبێ ئاگاداربوونی ئەوی تر، ئەوەش بەهۆی ئەو قەدەغەکارییانەی کە پەیوەندی نێوانیان دەگۆڕی، وە لەبەر ئەوەی خۆشەویستی لەنێوان کوڕ وکچێك نەنگییەکی کۆمەلاّیەتی و ئەخلاقییە کۆمەڵگا داوا لە تاکەکانی دەکا دوای هاوسەرگیری گوزارشت لە خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتر بکەن، نەك پێش هاوسەرگیری.



ئەمەش ئەوە دەگەێینی کە ئەو هاوسەرگیرییەی کەلەسەر خۆشەویستی بوونیاد بنرێ لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەلادانێك لە ئەخلاقی ژیانی کۆمەلاّیەتی دەژمێردرێ. بەکورتی یەکەمجار هاوسەرگیری دواتر خۆشەویستی، وە خۆشەویستی دوای هاوسەرگیری نەك پێشتر.

دووڕوویییەکی کۆمەلاّیەتی کە کۆمەڵگا ترادیسیۆنییەکان بەسەر ئەندامەکانیدا پراکتیزەی دەکات ئەوەیە، نێر بەسەر مێیینەدا بەرزدەکاتەوە، ئەمەش وا لەکۆمەڵگا دەکا لێبوردەبێت لە کاتی خۆشەویستی کوڕێك بۆ کچێك، (واتا لەگەڵ کورەکان لێبوردەیە) بەلاّم توندوتیژترە لەگەڵ کچان کاتێك خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێك دەکەن.ئەوەش دووڕوویییەکە کە کۆمەڵگا بەسەر ئەندامەکانیدا پراکتیزەی دەکات نەك بەپێچەوانەوە، چونکە بۆچی لەگەڵ لایەنێك لێبوردەیە و لەگەڵ لایەنێکینر توندوتیژە.

نەك بەتەنها ئەوە بەڵکو کۆمەڵگا و خێزان زۆر زیاتر لەکوڕ (بۆ جیبەجێکردنی ئەرکەکانی لەکار و پیشە و چاودێری خێزانی و گرینگیدان بەئەندامەکانی خێزان) جەخت دەکەنە سەر پەروەردەکردنی کچ لەئەرکی و رۆڵەکانی لەکاروبارە ناوماڵییەکان وەکو پاککردنەوە و رێکخستن و رازاندنەوەی ماڵ کەمتر بەکوڕ دەدات بۆ فێرکردنی بەپیشەیەك هەتا لەئایندەدا خێزانەکەی بەرێوەبەرێت. ئەوەش دووڕوویییەکی ترە کە کۆمەڵگا پێی هەڵدەستی.

لەبەر ئەوە کاتێك خێزانەکان کچەکانیان بەشوو دەدەن، ئەوە ئەو کچانە هیچ ئەستەمییەك لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی ناوماڵ نابینن، بەڵکو کاتێك ڕووبەڕووی ئەستەمێ دەبنەوە کە بیانەوی باس لە خواست و خۆشەویستی خۆیان بۆ هاوسەرەکانیان بکەن، ئەوەش لەبەر کەم ئەزموونیانە لەو بوارەدا، لەهەمبەر ئەو هەژارییە سۆزدارییەش زۆر جار لەڕووی هەڵس وکەوتیەوە دوادەکەوی. ئەمەش خراپ تێگەیشتنێك لەهەڵس وکەوتی سۆزداریان دروست دەکات وە لەئەنجامدا کەلێنێکی کاتی لەمامەڵەی سۆزداران بەرهەمدێنی.

بەلاّم ئەم جۆرە قەیرانە سۆزدارییە بەتێپەربوونی کات نامێنی، بەڵکو ژیانی ڕۆژانەی ئابووری (نێگەتیف و پۆزەتیڤ)و هەڵوێست و بارودۆخەکان یارمەتییان دەدا بۆ زمانپاراوی سۆزداری هەریەکێکیان بۆ ئەویتر، وە لە نێوان پابەندییەکی سۆزداری توند دروست دەبێ کەهەڵقولاّوی ژیانی هاوسەردارییانە، ئەمەش لەحاڵەتی جیابوونەوە و تەلاّق دووریان دەخاتەوە.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دەستێوەردانی کەس وکار لەهەڵبژاردنی هاوسەرەکان رێگایان (کەس وکارەکان) بۆ خۆش دەکات کەکۆنترۆڵی کاروبار و پەیوەندییەکانیان بکەن

لەنێوان خۆیان و لەگەڵ کەسانی تریشدا. نەك هەر ئەمە بەڵکو دەگاتە ئاستی دەستێوەردان لەچالاکیەکانی ژیانی خێزانی و کۆمەلآیەتی و ئابووریيان، بەناوی پارێزگاری و چاودێری و یارمەتی و مافی خزمایەتی — خوێنەکی. ئەم دەستێوەردانە توندوتۆڵە لەڕووی کۆمەلآیەتی و سۆزداری و پەیوەندەکییەوە، بەربەست دەخاتە بەردەم گەشەی خێزانە تازەکە، کەزۆرجار هەر خێزانێك و پشتگیری کاروئاکار و بیروڕای کوڕەکەی یاکچەکەی خۆی دەکات (ستەمکارە یا ستەملێکراوە) , ئەم پشتگیرییەش دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی پەیوەندی هاوسەرگیری منالەکانیان لەسەرەتای بوونیادنانی خێزانەکەیان.

لەگەڵ ئەوەشدا(لەلایەن خێزانی کور و کچەکەوە)  هەولّی گواستنەوەی ئەزموونی رابردوو دەدرێ بۆ یەکێك لەمنالەکانیان (کە لەڕووی سروشت و شوێنەوارەوە جیاوازە) و بەسەر هاوسەرە نوێیەکاندا پیادە دەکرێ، ئەو ئەزموونەش کار لەسەر گەشەسەندنی پەیوەندییەکانیان ناکا و ئەزموونی ژیانی و کۆمەلآیەتییان بۆ زیادناکا، لەهەمبەر ئەم دەستێوەردانە توندوتۆڵە چەمکی (من و تۆ و کەس وکارەکەم و کەس وکارەکەت) دەردەکەوی لەبری چەمکی (ئێمە وکەس وکارەکەمان)، هەروەها کەسایەتی خەسوو (دایکی پیاوەکە یا دایکی ژنەکە) بەهۆی دەستێوەردانی ژیانی هاوسەرەکان بەناوی چاودێر کوڕەکەی یاکچەکەی یا پەروەردەکردنی نەوەکانی، کەسایەتیەکی ناشرینی دەبێ. سەرباری ئەوەش، دەستێوەردانی کەس وکارەکان، بوار بەتازە هاوسەرەکان نادا رووبەڕووی ئەو بەربەستانە ببنەوە کە دێتە سەر ڕێی ژیانیان و، بۆ ئەوەی خۆیان بەگوێرەی ئاستی فیکری و ماددیان چارەسەری بکەن، تاوەکو ئەزموونیکی خێزانی وژیانی بەدەستێ بهێنن، وە فێری پشت بەخۆبەستن بن، بۆ ئەوەی باوەربەخۆبوونیان لەلا دروست ببێ، بەبێ پشت بەستن بەیەکێکی تر لەرووبەڕووبونەوەی  بەربەستە ژیانی و گوزەرانی و ئەو بارودۆخە نوێیانەی کە رووبەروویان دەبێتەوە.

پوختەی قسە:  دەستێوەردانی کەس و کاری هاوسەرەکان بۆ ناو ژیانی تایبەتییان بەئاست ئەوەی زیانیان پیدەگەێنی قازانجیان پیناگەیێنی، چونکە لەهەر ئەزموونیکی خودی لەژیانی هاوسەرداری دایاندەمالّی و کار لەسەر ناکامڵبونی پەیوەندی سۆزداری نێوانیان دەکا و بەرەو بیخەمی و دەست سپێتی لەکاروبارە خێزانییەکان دەیانبا.

***ب- پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خێزانی یەکێکیان نەك هەردووکیان:***

ئەم فاکتەرە ئاماژەیە بە کاریگەری یەکێك لەهاوسەرەکان بەچروپری پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خێزانەکەی خۆی لەسەر حیسابی پەیوەندییان لەگەڵ خێزانی هاوسەرەکەی تر. وە



لەسەر ئەوەی تریش پێویستە وەلآمی ئەو چروپرێتیە بداتەوە و ملکەچی کاریگەرییەکانی کەس و کارەکەی هاوسەرکەی بێ، ئەگەرنا گێروگرفتی پەیوەندی لەنێوانیان دروست دەبێ و جیابوونەوە روودەدا، لەبەر ئەوە پێویستە هاوسەرەکان ملکەچی کاریگەرییەکانی یەکتر بن، وەکو دەشزانین ئەو کاریگەرییە ملکەچی هێزی جەستیی نییە، بەڵکو ملکەچی پێگەی کۆمەلآیەتی و ئابووری و شۆخ و شەنگی و تەمەنی و رۆشنبیری (لایەنێکە)کەسی کاریگەرە، کەهەموو ئەوانە رۆڵیان هەیە لەلاسەنگردنی تای پەیوەندی نێوانیان بەلای یەکێك لە خێزانەکانیان، واتا پەیزوەندی هاوسەنگ و هاوتا لەنێوان هاوسەرەکان و خێزانەکانیان نییە، بەڵکو زۆربەی جار تەنها خێزانی یەکێکیان تەنانەت لەکۆمەڵگا ئیسلامییەکانشیدا کەشێوەی فرەهاوسەری (پۆلۆجامی) تێدا باوە، کەچی هەمیشە دایکی مێرد خاوەنی کاریگەری نییە بەسەر خێزانی کوڕەکەیدا، بەڵکو چەندین حالەت هەن کە دایکی ژنەکە رۆڵێکی کاریگەر دەگێری بەسەر خێزانی کچەکەیدا و وادەکا  پەیوەندی هاوسەرەکان بەکەس و کاری ژنەکەوە توندوتۆڵ بی، سەرباری ئەوەی کە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان فرە ژنییان تێدا باوە.

***ج- پراکتیزەکردنی رۆڵەکانی خۆیان بەبێ دەستێوەردانی یەکتر:***

بەمانای ئەوەیکۆمەڵگا ئەرك و مافەکانی ژن و پیاو بەر لەهاوسەرگیرییان دیاری دەکا، وەناشی لیی لابدەن یا لەنێوان خۆیان تێکەڵی بکەن، چونکە سەرپێچیلێکردنی بەخەوشێکی کۆمەلآیەتی دەژمێردرێ تا دەگاتە ئاستێك کە ناوناتۆرەی نێگوتیڤ بەدواوە دێ، وەکو ئەو ناوناتۆرەیەی دەدرێتە پاڵ ژن کاتێك بە هەندی کاروبار و ئەرکی پیاو هەڵدەستی وەکو ئەوەی پێی دەوترێ (نێرانە) واتا لەئەرك و رۆڵەکانیدا بەپیاو دەچێ.

بەواتایەکی روونتر لەخێزانەکەیدا رۆڵی پیاو دەگێری، هەروەها ئەو پیاوەی کە هەڵدەستی بە شوشتنی قاپ و قاجاغ و جل و بەرگ بۆ هاوکاری ژنەکەی بۆ گاڵتە پێکردنی پیی دەووتری (ژنانی)، یا زۆر جار ژنەکەی لەکاری ماڵەوەدا سەرکۆنەی دەکا و ناچاری بەئەنجامگەیاندنی هەندی کاری دەکا کە هیچ پەیوەندییەکی بەئەرکی ئەوەوە نییە نە وەکومێرد نەوەکو پیاو.

لەبەر ئەوە لەسەر ژن  پێوستە هەڵبسی بەچێشت لێنان و جل و بەرگ و قاپ شوشتن و یکخستن و رازاندنەوەی ماڵ و گرنگیدان بە منالەکان وە لەسەر پیاو پێویستە خۆی هەڵبسی بەکڕین و هێنانەوەی پیاویستییە مالّی و خێزانییەکان لەبازار بەبی یارمەتی ژنەکەی، وە لەهەمان کاتیشدا لەکاروبارە مالداری و پەروەردەییەکاندا یارمەتی ژنەکەی نەدا. واتا

کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەشێوەیەکی روون رەهەندە و تایبەتمەندیەکانی رۆڵی ژن و مێردیان دیاریکردووە، وە بۆ پیاو ناشی بەئەرك و رۆڵەکانی ژن هەڵبسی یا بەپێچەوانەوە، چونکە سەرپێچیکردن لەو شتانەی کەکۆمەڵگا بۆ ئەو دووانە دیاریکردوون وەکو خەوشێك لێی تەماشا دەکرێ و ناوناتۆرەی ناشرینیان بەدواوە دەنرێ.

دوای ئەو روونکردنەوە ساکارە دەگەینە پوختەیەکی واقیعی، بەکورتیەکەی ئەوەیە، کەکرۆکی هاوسەرگیری لەنێوان هەموو مرۆڤەکان یەك شتە، چونکە هاوسەرگیری گوزارشتە لە پابەندی پیاوێك بەژنێکەوە بەپێی گرێبەستێکی ئاشکرا نەك شاراوە، بەلاّم فرەشێوەیی و هەمەجۆربونی بەهۆی جیاوازی و نالێکچونی فەرهەنگ وکلتووری کۆمەڵگاکانە و پرانسیپە ئاکاری و قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئەو کۆمەڵگایانەیە.



## زاراوەکانی بەشی دووەم

| | |
|---|---|
| **بووك** | Bride |
| **هاوسەرگیریی منالاّن** | Child Marriage |
| **بێ ئومێدی: خەیاڵ** | Dissllusion |
| **هاوسەرگیریی ناوخۆیی** | Endogamy Marriage |
| **هاوسەرگیریی دەرەکی** | Exogamy Marriag |
| **ژیانی بەکۆمەڵ** | Group Living |
| **زاوا** | Groom |
| **نارەوا (المحرمات) رەچەڵەکییەکان** | Inscest Taboo |
| **دورەپەرێزی، نامۆیی** | Isolation |
| **ئاهەنگی دەستپێك** | Initiation ceremony |
| **تاك هاوسەری** | Monogamy |
| **هاوسەرگیریی بێ منالّ** | Marriage without children |
| **نەوە/ وەچاخ** | Offspring |
| **هاوسەرگیریی کراوە** | Open Mariage |
| **فرە ژنی** | Polygamy |
| **فرە مێردی** | Polyandary |
| **دەزگیران** | Spouse |
| **برایەتی** | Sibling |
| **کەپڵی ناهاوسەر** | Unmarriage Couple |

## سەرچاوەکانی بەشی دووەم


١- النوري، قيس ١٩٨٢"المدخل الي علم الانسان " وزارة التعليم العالي العراقية، ص ٢٢٥-٢٢٦.

٢- حسب الله، علي" الزواج في الشريعة الاسلامية" دار الفكر العربي ص٧.

٣- الترمانيني، عبدالسلام ١٩٨٤" الزواج عند العرب" سلسلة عالم المعرفة- الكويت. ص١٠-١٥.

٤- الخولي، سناء ١٩٨٢"الزواج والعلاقات الاسرية" دار المعرفة الجامعية ص ٣٩.

5- Wallace,Rand Wallace ,W.1989 sociology Allyn and Bacon, Boston P.342.

6- Ibid.p.341.

7- Ibid.p.341.

8-Denisoff S.Wahraman.R.1979,An Introduction to Sociology, Macmillan Prb. Co. Inc new york, p.p.204-206.

9-Ibid.p.p.202-206.

10-Knox, David.1979"Exploring marriage and the family"Scott-foresman and co.111.p.p.261-272.

11-Schulz, David and Rodgers, Stanly F.1975."Marriage ,the – Family and Personal Fulfillment Prentice-Hall Inc.New Jersey,p.p.235-236.

12-Schafer, Richard and lamm,Robert, 1992,McGraw-Hill.Inc.New York.392.

13-Turner,Jonathan.1981 → Sociology → Goodyear pnt.co.inc.California,p.343.

14- Ibid.p.p.342-352.

15- Knox, David,p.p.269-272.




# بەشی سێیەم

# پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

## أ/٣- سەرنجێکی خێرا:

پێگەیانـدن وردتـرین پرۆسـەی دەروونـی_کۆمەڵایەتییـە کـە تـاك ملکـەچ و رووبـەرووی دەبێتەوە، هەر لە دایکبوونییەوە دەست پیدەکات و بەمردنی کۆتایی دێت، ئەوەش بـۆ ئـەوەی ببێتە کەسێکی کۆمەڵایەتی گونجاو لەگەڵ ئەو قۆناغە تەمەنیانەی کەپێیدا تێدەپەڕی، کەواتـە پرۆسەیەکە مرۆڤ ناتوانی خۆی لێلابدا یـا نکـۆڵی لێبکـا لـە هـەر قۆناغێـك کـە رووبـەرووی دەبێتەوە یان تێیدا دەژی، لەبەرامبەر ئەوەشـدا پێویـستە خـۆی لەگـەڵ هـەموو قۆناغەکانـدا بگونجێنی، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکیش بەسەر هـەر قۆناغێکـدا پێویـستە بـەجیێ بهێڵـی و مەرج و یاساکانی قۆناغێکی تازە وەربگری کە لەڕووی ناوەڕۆك و جەوهەرەوە لەوی پێش خـۆی جیاوازن، هەندی جاریش رووبەڕووی زیاتر لە قۆناغێك یا دۆخێکـی پێـشکەوتن دەبێتـەوە کـە لەوانی پێشوتر جیاوازترە، لە پێناو رووبەڕووبوونەوەی ئەو قۆناغ و حاڵەتانەی ئێستا پێویـستە واز لەو هەڵس و کەوت و بیرکردنەوانەی ئەو دۆخەی کە تیایدا دەژی بهێنی بۆ ئـەوەی بتـوانیێ پێـوەر و یاسـا نوێیـەکان وەربگـریێ و لەگەڵیـدا بگـونجی، ئـەو داواکارییانـەش پیویـستیان بەتوانایەکی زیرەك و قابیلیەتێکی وەرگـرتن و گونجـانێکی بیرکردنـەوەی هەیـە لـەلای مـرۆڤ، هەربۆیە ئەگەر توانی بەدەستی بهێنی ئەوە پێگەیاندنەکەی خۆش و ئاسان دەبی، بەلاّم ئەگـەر توانا و قابیلیەتەکانی لاواز بوون بەمانای ئەوەیە کە گیروگرفت کەم و کوری کار دەکاتـە سـەر هەڵنەگوتانی پێشکەوتنەکەی و نایەکسانیبوونی کەسایەتێکەی، ئەوەش مەسەلەیەکە و دەبێتە هۆی لاوازی لە پێوەر و یاسا کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگا.

پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە پێگەیاندن کۆمەڵە رەگێکـی هەیـە و تیایـدا پەرەدەسـێنی، ئەوەش سەرەنجی لێکۆڵەرەوانی زانستە مرۆڤایەتییەکانی بۆ خۆی راکێـشاوە و پـاڵی پێوەنـاون بەرەو زانینی ناوەڕۆکەکەی و ناسینی تایبەتمەندییەکانی بۆ تیشك خستنە سەر شوێنەوارەکان لە گوزەرو پێگەیاندنی پرۆسەکەدا، ئەوەش شتێکە لـە دەروناسـی و کۆمەڵناسـی و مرۆڤناسـیدا بەرچاو دەکەوی، بەلاّم بەهۆی بواری پسپۆرییەکەی خۆمەوە راڤە و شیکردنەوەکانم بەسەر بیروڕا و دیراساتە کۆمەڵناسییەکاندا پوخت دەکەمەوە.

لەبەرامبەر ئەرکە کۆمەڵایەتیکاندا دەمەوی لەبابەتی پێگەیاندندا بەجۆرێك قوڵببمەوە کـە پێچەوانەی ئەو چارەسەریانە بێت کە هەمیشە لەبابەتە کۆمەڵایەتیکاندا ئەنجام دەدری، ئەویش بەخستنەڕووی پرسیارێك کە ڕێگا بۆ خوێنەر رۆشن دەکاتەوە کە پەی بە هەندی راسـتیی ببـا، بەتایبەت ئەوەی لەلایـەنی کۆمەڵایەتیـدا روون دەبێتـەوە بـۆ پێگەیانـدنی ئـەو پرۆسـە ورد و

بەناویەك چووەدا، ئەوەش بەسەر یەك کۆمەڵگا و کلتوورێکی دیاریکراو و نەوەیەکی دیاری کراودا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو تاك وەکو مرۆڤ و کەس، مەبەستم لە تاك وەکو مرۆڤ و کەس ئەوەیە تاك بوونەوەرێکی مرۆیی تازە لە دایك بووە و مل کەچی هیچ کاریگەرییەکی دەروونی کۆمەڵایەتی و کلتووری نییە.

بەلاّم مەبەستم لە مرۆڤ تاکێکی بەمرۆڤ کراو و گۆڕاوە بۆ بونەوەرێکی مرۆیی کە خەسڵەتە مرۆڤایەتییەکانی خۆی لەلایەن خێزانەکەیەوە بەدەست هێناوە وەکو قسە و شێوازی بیرکردنەوە و خوێندەنەوەی هێما کلتووری و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەك مەبەستیشم لە کەس تاکێکە کە رووخسارە کەسایەتییەکانی لە پێگە کۆمەڵایەتییەکانیەوە بەدەست هێناوە کە لەناو گرووپ و کۆمەڵایەتییەکان و رێکخراوە رەسمییەکان بەکاری دەهێنی، دواتریش ئەو رۆلاّنە ممارەسە دەکات کە بەرۆڵی خۆیان دەبنە هۆی پێگەیاندنی توانای زیرەکی و قابیلیەتی وەرگرتن و گونجانی بیرکردنەوە کەسایەتییەکانی، واتە دیاری کردنی جیهانی کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی، ئەوەش بەسەر یەك قۆناغی پێگەیاندندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو چەندین قۆناغ بەدرێژایی دەگرێتەوە لە کارلێکردنی لەگەڵ ئەوانیتردا.

بەواتایەکی وردتر: لێرەدا هەوڵ دەدەم خوێنەر بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەرچاو روون بکەم کەتاك بەکۆمەڵگاکەیەوە دەبەستێتەوە، ئەو پەیوەندییەش بەپێگەیاندنی سەرەتا (خێزان) دەست پێدەکا و بە گەشەسەندنیدا تێدەپەری و بەئیفلیجبوونی کۆتایی دێ.

نامەوی وای پیشان بدەم کە پێگەیاندن گرفتێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵکو دەبێتە هۆی گرفتی کۆمەڵایەتی کاتێك کە دادەتەپێ (ئیفلیج دەبێ)، هەروەها وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیش نایخەمە روو کە یاسای جێگیر و ئۆرگانی هەبێ و رەسمییەت و پلەپلەی پێگەی تێدا بی،بەلاّم وای دەردەخەین کە بەرئەنجامێکی ژیانی کۆمەڵایەتییە و سەرجەم رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان "گەورە و بچووك" و دامەزراوە رەسمی و نارەسمییەکان سوودیان لێ وەرگرتووە، بەلاّم لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر لەڕووی شێوازەوە جیاوازە نەك ئامانج، کەوابی مادام کۆمەڵگای مرۆیی جێگیرە و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و پەیکەر و قەوارییەکی کۆمەڵایەتی هەیە، پێگەیاندنیش بەرئەنجامێکی واقیعی بەردەوامە کە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی کۆمەڵایەتی تاکە.

مادامەکی سروشتی پێگەیاندن بەو جۆرەیە ئەم پرسیارە دەخەمە روو: چی روودەدا ئەگەر منداڵێك تەنها لە ژێر چاودیری دایکی پەروەردە ببێ، بەدوور لەوانیتر؟؟ئایا لێکچوون لە نێوان



تایبەتمەندی کەسایەتی دوو منداڵی جمکەدا هەیە؟ ئایا دەروونی مرۆڤ چۆن پێدەگا؟ ئایا قۆناغەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ژیانی تاکدا کامانەن ؟ ئەو پرسیارانە لایەنە کارامەکانی پرۆسەی پێگەیاندن پێچەوانە دەکاتەوە لە هەمان کاتیشدا لە دوولەتکردن و دوورخستنەوەی رێگا لە خوێنەر دوور دەخاتەوە.

بۆ ئەوەی بە ئاسانی بچینە ناو جیهانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە نامەوێ راستەوخۆ بنەما و پێویستییەکانی پێگەیاندن روون بکەمەوە، بەڵکو یەکەمجار نەبوونی یا ئامادەنەبوونی روون دەکەمەوە، دواتر باسی ئەو شوێنەوارانە دەکەین کە لە کاتی ئامادەبوونیدا بەسەریەوە کەڵەکە دەکەن، بۆ ئەوەی بگەینە رێگای بە مرۆڤکردنی تاك و راهێنانی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

## ب/٣- دابڕانی کۆمەڵایەتی و پێگەیاندن:

لێرەدا بەولاّمدانەوەی پرسیاری یەکەم دەست پی دەکەین، باوای دابنێین منالێك تەنها لە ژێر چاودێری و گرنگیدانی دایکی پەروەردە دەبێ، دایکی بەتەنها هەڵساوە بەشیر پێدان و گرنگیدان بەتەندروستی و جل و بەرگ و رێگای بەکەس نەداوە لێی نزیك بکەوێتەوە یا تێکەڵی ببی، واتە بەدابراوی لە خەڵك ژیاوە "جگە لە دایکی " ئەو دۆخە بۆ ماوەی پێنچ ساڵ بەردەوام بێ، لە ئەنجامی ئەو دابراوییەدا ئەو منداڵە ناتوانی قسەبکا و تیبینی بکا و بیر بکاتەوە و ئەزموونی کۆمەڵایەتیش وەربگرێ، ئەمەش مانای وشك بوونی توانای زیرەکی و ئامادەگییە تێکەڵبونیەکانێتی، هەڵس و کەوتەکانیشی هەڵس و کەوتێکی ئاژەڵیو کێوی دەبی (جگە لە دەرچوونی هەندی دەنگی بی مانا)، چونکە دابراوی کۆمەڵایەتی لە هێمای تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی دایدەماڵی "مەبەستم لە تێگەیشتنە بەهۆی هێماو ئاماژە و جوڵەو هەندی رستە و تێگەیشتنی ماناکانیان لە نێوان خۆی و خوشکەکەی یا کەس و کارەکانی، ئەمەش توانای زیرەکی و ئامادەگی و کۆمەڵایەتی و قابیلیەتی وەرگرتنی پێدەگا کە بەهۆیەوە هێما و ئاماژە و ماناکانیان تێدەگا " واتا لە تاکەکانی خێزانەکەیەوە، ئەمەش یەکەم هەنگاوە بەرەو بەمرۆییکردن وگواستنەوەی لە بونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە بۆ بەشەرێکی بەمرۆڤ کراو،بەلاّم ئەگەر لە جیهانەکەی دابرا ئەوە لە شوێنەوارە مرۆییەکان دادەماڵری، چونکە میکانیزمەکانی بەمرۆییکردنی مرۆڤ لەمیانەی بەمرۆڤبوونی لەخێزانەکەی بەدەست دەهێنی.

کەواتە منالٚ لە ژێر دۆخێکی ناوازەدا دەبێتە تاکێکی کێوی و ترساو لە خەلٚکی تر، بەلاٚم ئەگەر خێزان دوای تەمەنی پێنج سالٚی تەمەن بیەوێ تێکەلٚی ببی و لەو دابراویە کۆمەلاٚیەتییە دەریبهێنی،ئەوا پیویستی بەچالاککردن و کاراکردنی توانای زیرەکی و ئامادەگییە کۆمەلاٚیەتی و قابیلەتی وەرگرتنیەکانێتی، ئەویش کاتێکی زۆر و تێکەلاٚوبوونێکی بەردەوامی دەوێ "چونکە بۆ ماوەی پێنج سالٚ سڕ بووە " لە بەرامبەر ئەو ئەرکە گرنگەشدا سەرەتا بەدەرکردن و راکێشانی لە جیهانە ئاژەلٚییەکەی و ناساندنی بەوانیتر دەست پیدەکات، بۆ ئەوەی لە ترسانیان بەردەوام نەبی، هەربۆیە سەرەتا پیویستی بە پرۆسەی کارلێکی هێماییە، دواتر جولاٚندنی توانا و ئامادەگییەکانێتی بۆ ئەوەی لەلای ئەو واتای هێماکان دروست ببێ و بە هۆیەوە بتوانێ ئاماژەکان بخوێنێتەوە و تێیان بگا و بەرۆلٚی خۆی ئەزموونە کۆمەلاٚیەتییەکانی لەلا بوونیاد بنری تاوەکو لە تێکەلٚبوونی لەگەلٚ ئەوانیتردا یارمەتیدەر بێ بۆی، لێرەدا هەنگاوی یەکەم بەراهێنان و چوونە ناوجیهانی بەمرۆڤبوون دەس پی دەکات.

لەم گریمانەیەدا دەگەینە ئەوەی کە دابرانی کۆمەلاٚیەتی و بێبەشبوونی سۆزداری تاك، تاك لەتاکبوونی و تاکییەتی خۆی دەهێلٚێتەوە و نایکا بەتاکێکی مرۆیی یا تاکێك کە بەتایبەتمەندییەکانی کەسایەتی جیابکرێتەوە،هەروەك دەگەینە ئەو راستییەی کە کارلێکی هێمایی و باوشی خێزانی تاك دەکەن بە مرۆڤ بەهۆی بەکارهێنانی میکانیزمەکانی بەمرۆیکردن بۆ کاراکردنی توانای زیرەکی و ئامادەگی کۆمەلاٚیەتی و قابیلیەتی وەرگرتنی تاکەکە بۆ ئەوەی وەکو ئاژەلٚ نەژی و لەوانیتر نەترسێ، بەو رێگایە رووخسارەکانی مرۆیی _کۆمەلاٚیەتی بەدەست دەهێنی کە بە بیرکردنەوە وقسەکردن و فێرکردن دەست پێدەکا و بەتێکەلٚبوونێکی کۆمەلاٚیەتی لەگەلٚ ئەوانیتردا کۆتای دێ. مەبەستم لەو گریمانە کۆمەلاٚیەتییە رونکردنەوە و راڤەکردنی پرۆسەی پێگەیاندنە لە قۆناغی یەکەمدا سەبارەت بەتاکێك ئەگەر بەبێ پێگەیاندن ژیابی. بۆئەوەی تیشك بخەینە سەر کاریگەری کارای پێگەیاندن لە مرۆڤبوونی تاکێك کە لە سێبەری پێگەیاندندا ژیابێ، چونکە کەنالٚێکی گەورەیە کەتاك هەر لەکاتی لەدایکبوونییەوە تاکو کاتی مردنی بەکۆمەلٚگا دەیبەستێتەوە، لێرەدا نامەوێ ولاٚمی پرسیاری دووەم بدەمەوە تاکو باسی چیرۆکی (حیبن یقظان) ی فەیلەسووفی عەرەبی (ابن طفیل) نەکەم کەلە سەرەتاکانی سەدەی دوازدەهەمی زایینی ژیاوە و لە سالٚی ١١٨٠ کۆچی دوایی کردووە، لەوێدا باسی لەدایکبوونی منداڵێك دەکا لە دورگەیەك لەدورگەکانی هیند کە ئاسکێك هەستاوە بەپەروەردەکردنی و بەخێوکردنی و هەمیشە لەگەلٚی بووە و دورنەکەوتۆتەوە،



تەنها لەکاتی پێویستیدا نەبووبێ، ئەم ئاسکە منداڵەکەی چاودێری دەکرد کە ئەگەر دوور بکەوتایەتەوە دەستی بەگریان دەکرد، هەروەها ئاسکەکە شیری خۆی بەمنداڵەکە دەدا و سۆزێکی زۆری بۆ هەبوو لەگەلٚ خۆیی دەیبرد بۆ ئەو جێگایانەی کە داری بەبەری لێبوو، ئەو خواردنە خۆش و پێگەییوانەی پێدەدا کە لەدارەکانەوە کەوتبوونە خوارەوە، ئەگەر قاوغی بەرووبومەکان رەق بوایە بەشاخەکانی بۆی دەشکاند، ئەگەر برسی ببوایە شیری پێدەدا و لەکاتی تینوبووندا ئاوی بۆ دەهێنا لەکاتی خۆرەتاودا سێبەری بۆ دەکرد، لەکاتی سەرماشدا گەرمی دەکردەوە، شەویش دەیبردەوە بۆ جێگای خۆی و دەیپاراست، بەو جۆرە پێکەوە ژیان و تاکو ئێستاش منداڵەکە لەگەلٚ ئاسکەکە بەئاوازی دەنگی ئەو قسەی لەگەلٚ دەکا جیانەبونەتەوە، زمانی هەموو باڵندە و ئاژەڵەکانی دەزانی تەنانەت هاورێیەتی لەگەلٚ ئاژەلٚی درندەشدا پەیداکردووە کە نەئەم رقی لەئاژەڵەکە بۆتەوە نەئەویش رقی لەك بۆتەوە.(١)

ئەم چیرۆکە بۆمان روونەدەکاتەوە کە کاریگەری دابرانی منداڵێك لەکاتی لەدایکبوونییەوە لەرەگەزی و ژیانی لەگەلٚ ئاسکێك و کۆمەلٚگایەکی ئاژەلٚی دا دەبێتە هۆی نەبوونی توانای قسەکردن، بەلٚکو تەنها توانای لاسایکردنەوەی دەنگی ئەو ئاژلانە دەبێ کە لە نێوانیان دا دەژێت، هەروەها دەبێتە هۆی بەمرۆڤ نەبوونی ئەو تاکە چونکە لە نێو خێزانی مرۆیی نەژیاوە کە بە مرۆڤی بکەن.

## ج/٣- بۆماوەیی و پێگەیاندن:

ئیستا وەلاٚمی پرسیاری دووەم دەدەینەوە بۆ رونکردنەوەی جیاوازی و لێکچوونەکانی کەسایەتی "دوانەدا" یەك ئەوەش لەرێگای لێکۆلٚینەوەکانی سەنتەری منسیوتای ویلایەتە یەکگرتووەکان کە باسی لە کاریگەری بۆماوە دەکات لەسەر خەسڵەتەکانی کەسایەتی دووانە(جمك)دا سەنتەرەکە دوو دووانەی هێنا و هەریەکەو لە خێزانێکی دوور لە یەکتری داینان، دوای ماوەی پێنج سالٚ زیاتر دەرکەوت لێکچونێك لەزیرەکی و میزاج و دەنگ و نەرێتی دەمارگیریاندا هەیە ئەویش دەگەرێتەوە بۆ هۆکاری بۆماوە، هەروەها بەهۆی تێبینییەکی راستەوخۆوە دەرکەوت جیاوازیش لە هەلٚوێست و بەها و نەریتی خواردنیان و چێژوەرگرتنیان و مەیلی سەرکردایەتی کردنیان و جەخت کردنەوەی سەر روحی دیموکراسیاندا هەیە، ئەو جیاوازییەش بۆ جیاوازی دەوروبەری خێزان دەگەرێتەوە کە هەرتاکێکیان تێیدا

پەروەردەبوون کەبۆتە هۆکارێکی راستەوخۆی دەرهاویشتنی ئەم جیاوازییە کەسایەتییەی نیوانیان، سەربارەی بوونی لێکچوونی بۆماوەیی(جینی) لەنێوانیاندا.[٢]

ئامانج لە خستنەرووی ئەم لێکۆڵینەوەیە، روونکردنەوەی لایەنی پێگەیاندنیی بوو لە ژینگەی خێزان و ئەو رۆڵە گەورییەی کە لە دروستکردنی جیاوازی خەسڵەتی کەسایەتی دوو جمکەکەدا دەردەکەوی کە لە دوو دەوروبەری خێزانی جیاواز پەروەردەبوون.

واتە پێگەیاندنی تاك بەو رووخسارانە رادەهێنی کە دەیەوی و هۆکارە جینییەکان ناتوانن بەسەر ئەو خەسڵەتانەدا زاڵبن تەنها لە هەندی دوخی ناوازەدا نەبێ، بۆ روونکردنەوەی قسەکان رەوشی چەند برایەك لە خێزانێکدا دەخەینەروو کە سەرباری ئەوەی لەلایەن یەك دایك و باوك و یەك ژینگەی خێزانییەوە پەروەردەبوون کەچی رووخساری کەسایەتی جیاوازیان هەیە، ریزبەندی منداڵەکان رۆڵێکی گرنگ لە خێرایی پرۆسەکانی فێربوون و قسەکردن و رویشتن و تێگەیشتن و پەی پێبردنی مانای هێماکان و گیانی رکابەری و مەیلیان بەرەو شتەکان و وەرگرتنی هەڵوێستە کەسایەتییەکان، دەبینێت.

منداڵی یەکەم لە قسەکردن و تێگەیشتن و درکپێکردن و خوێندنەوەی بۆ هێماکان لاوازە، هەروەها لە گیانی رکابەریشدا لەگەڵ نزیکەکانیدا لاوازە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە خێزانەکەدا یەکەم منالی خێزانەکەیە، بەلاّم ئەو بارودۆخە لەلای منداڵی دووەم و سێیەم و چوارەم وانییە، بەڵکو هەموویان لە تێگەیشتنیان و قسەکردنیان و درککردنیان و خوێندنەوەیان بۆ هێماکان خێرایە، هەروەها لە رکابەری نێوان خۆیان و نزیکەکانیان خێران، ئەوەش بەهۆیی بوونی برای لە خۆیان گەورەتر لەمانە، کە یارمەتییان دەدا یا رکابەرییان دەکا یا لاساییان دەکاتەوە ئەوەش دۆخێکی تر روونی دەکاتەوە کە یەك خەسڵەتی بایۆلۆژی یا لێکچوو بەس نییە بۆ دروستکردنی یەك خەسڵەتی کەسایەتی تاکەکانی یەك خێزان، چونکە خێزان بەتێپەربوونی کات پێش دەکەوی، لەبەرئەوەی لە قۆناغی منداڵی یەکەمدا هەمان ئەزموونی کۆمەلاّیەتی بەمرۆڤ بوونی نییە وەکو ئەوەی کە لە قۆناغی منداڵی دووەم و سێیەم وچوارەمدا هەیەتی،بەڵکو لە یەکەمەوە ئەزموونیکی کامڵتری دەبێ لە پەروەردەکردن و ئاراستەکردن و ئامۆژگاریکردنی منداڵەکانی تردا، لێرەدا دۆخێك هەیە نەخۆشی ناهاوسەنگی دەمارگیری رووندەکاتەوە کە لەنێوان تاکەکانی هۆزی "رامش"ی ئەمریکی بڵاوە کە دۆخێکی پەرگیری سەرەوخواری لە نێوان سۆزداری و نائومێدی مەعنەوی پێچەوانەکردۆتەوە، وەکو دەشزانین تاکەکانی ئەو هۆزە بەخواردنی مادە بیهۆشکەرەکان و مەی رانایەن "ئیدمان نابن"واتە



بەخواردنەوەی مەی و مادە بیهۆشکەرەکان ئیدمان نابن و رێژەی بێکاری و تەلاق لەلایان زۆر ساکارە، واتا ئەو نەخۆشییە دەروونی و پەرگیرییە توندە پەیوەندی بەدۆخی نەخۆشییەوە نییە، چونکە بوونی نییە، بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ هەندی "کرۆمۆسۆمات"کەلە جەستەیاندا بوونی هەیە سەرباری هەندێ خەسڵەتی جینی بۆماوەیی.

وە تەنانەت سوسیۆبایۆلۆژی "sociobiology " واتا دیراسەکردنێکی رێکوپێك بۆ یاسا ژیانییە بایۆلۆجییەکان و کاریگەرییان بەسەر هەڵس و کەوتی کۆمەلاّیەتییەوە کە"چارلس داروین" خستییە روو ویتیایدا جەخت دەکاتە سەر حەتمیەتی بایۆلۆژی بەوەی کە تێکرای هەڵس و کەوتەکانی تاك تەنها دەرئەنجامی کاریگەری هۆکارەکانی جینی بایۆلۆژییە و کارلێکی کۆمەلاّیەتیش لە دیاریکردنی ئەودا رۆڵێکی گرنگی نییە، سەرباری ئەوەش سوسیۆبایۆلۆژی وەلاّمی ئەو پرسیارەی نەداتەوە: بۆچی تاکی (A) لەهەڵس وکەوتیدا دوژمنکارانەترە لە تاکی (B)، بەڵکو جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە چۆن سروشتی مرۆیی کارلە دروستبوونی جۆرایەتی مرۆڤ و "نێر، مێ"وپەیوەندییە ئەندامییەکان دەکا و بەشێوەیەکی کەمیش جیاوازییە ئەتنیکییەکانی نیوان کۆمەڵەکان.

هەروەها ئەدوارد ویڵسن زانای ئاژەڵناسی ١٩٧٨ و مامۆستای زانکۆی هارفردی ئەمریکی "جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە بۆماوە رۆڵێکی لاواز و ساکاری لە پێکهێنانی نمونەی رەفتارە مرۆییەکان و رەفتارە کۆمەلاّیەتییەکان هەیە، هەرچەندە زانایانی کۆمەڵناسی لەگەڵ ئەم بیروباوەرە هاورا نین، بەڵکو جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە نمونە رەفتارییەکان دەرئەنجامی کارلێکە کۆمەلاّیەتییەکانن نەك فاکتەرە بۆماوەییەکان.[٣]

کورتەی قسەکان: ژینگەی خێزانی رۆڵێکی جێگیر و بنەرەتی بەسەر لاپەرەی سپی رەفتاری کۆمەلاّیەتی تاکەکانیەوە هەیە و هۆکارە بۆماوەیی و جینییەکان جگەلە هەندی کاریگەری بەسەر هەڵس وکەوتی رۆژانەیانەوە نەبێ هیچی تر نین، هەتا چەند منداڵێکی یەك خێزانیش بەجیاوازی مامەڵە و کارلێکی دایك و باوکیان و نزیکەکانیان لەگەڵیاندا رەفتاری کۆمەلاّیەتی جیاواز دەبی، واتا ژینگەی خێزانی و پێگەیاندنی خێزانی منداڵەکانیان بەیەك رەنگ و یەك جۆر راناهێنن، بەڵکو بەگوێرەی رەگەز و تەمەن و ریزبەندی لەدایکبوونیان لە خێزاندا "منداڵی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم جیاواز، دەبی.

لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو حەقیقەتە رادەکێشم کە پێگەیاندنی خێزان کاتێك منداڵەکانی بەمرۆڤ دەکا دەیانکا بە چەند تاکێك کە هەڵگرتووی رەفتاری کۆمەلاّیەتین:

قسەکردن و تێگەیشتن و بیرکردنەوە وەرگرتنی هێما کلتوورییەکان:، هەروەها بەدەستهێنانی رووخسارە کۆمەڵایەتیکان کە ملکەچی جۆری رەگەزیان "نێریان مێ" و تەمەنیان ریزبەندی لە دایکبوونیان لە خێزانەکەیاندان، واتە یەك رووخساری کۆمەڵایەتی نییە کەئەویش رووخساری کەسایەتی جیاوازیان لەلادروست دەکات، سەرباری ئەوەی هەمان پەیوەندییان بەدایك و باوکیانەوە هەیە و لەیەك دەوروبەری خێزانیشدا ژیاون.

بۆ روونکردنەوەی ئەوەی پیشتر وتمان باس لە سەیرترین کێشەدەکەین کەبەم دواییە دادگای "ئەنگلۆ وود" لەویلایەتی فلۆریدای ئەمریکی روویدا، کورتەی کێشەکە ئەوەیە (کچێکی تەمەن چواردە سالاَن بەناوی کیم سیاسمس سکالایەکی دژی دایك و باوکی بەرزکردەوە کە داوای دەکرد دادگا لە دایك و باوکی جیای بکاتەوە، بەلاَم ئەم چیرۆکە سەرەتاکەی بۆ چەند سالێك پێشتر دەگەرایەوە، ئەوەش کاتێك کە کیم لە دایك دەبێ بەهۆی هەڵەیەکەوە لەگەڵ منداڵێکی تردا دەگۆرێن "کیم"دەچێتە لای دایك و باوکێك کە هیچ پەیوەندییەکی خوێنی بەیەکی نەدەبەستنەوە، ئەو دایك وباوکە تازەیە "بوب و باوبرامیس"ن بادبرای دایك دەمری کە "کیم "هێشتا منداڵێکی بچووکە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا "بوب"بەتەنها باوکایەتی دەکا، ساڵی ١٩٨٨ بەرێکەوت دایك و باوکی راستەقینەی "کیم"ئاشکرا دەبن، دایك و باوکی راستەقینەی "کیم" لەوماوەیەدا کچێکیان بەخێو دەکرد بەناوی "ئارلینا"وە، بەلاَم بەهۆی نەخۆشی دڵەوە دەمری،دوای ئەنجامدانی چەند پشکنینێکی پزیشکی بۆیان دەردەکەوی کە "ئارلینا" کچی بایۆلۆژییان نەبووە، لێرەدا بەدوای کچە راستەقینەکەی خۆیاندا دەگەرێن، تاکو"کیم" دەدۆزنەوە، لەکاتی ئاشکرا بوونەوە کچەکە(کیم) بەهۆی دووکێشەوە ئازار دەکێشی، ئەویش بەهۆی ئەو ململانێیە یاسایی و هاتووچۆی نێوان ئەو دوو خێزانەو ئەو دوودڵییەی کەتووشی بوبوو هەمیشە سەردانی عیادەی پزیشکی دەروونی و زانایانی پەروەردە و کۆمەڵناسی دەکرد سەرباری هۆکارەکانی راگەیاندنەکان کەگرنگییان بەم کێشەیە دەدا لەسەرەتای گەیشتنی بەدادگا.

لەکۆتاییدا "کیم " هاواری بەسەر پەیامنێری رۆژنامەی"بترسبێرگ تایمز"دا دەکرد کەبەدایکە بایۆلۆژییەکەی - ریجینا نورج - رابگەیەنێت"با وازم لێ بێنێت و لە ژیانم بچێتە دەرەوە من ئێستا هیچ پێویستیم پێی نییە رەنگە تا هەمیشە پیویستیم پێی نەبێت "ئەو وشانە وەکو بروسك دەچوونە دڵی دایکە داماوەکەوە کە بەراستی هیچ رۆڵێکی لە دروستکردنی ئەو تراژیدییایە نەبوو کە گیلایەتی سیستەرەکان و بەریوەبەرایەتی نەخۆشخانەکە دروستیان



کردبوو، پێش چواردەساڵ لەکاتی لەدایکبوونی ئەو دوومنداڵە. دواتر قسەکانی "کیم" لەدادگا لەو قسانە کەمتر نەبوو کە یەکەم رۆژ بۆ رۆژنامە کردی، لە دادگاش بەدڵنیاییەوە وتی "بەڵێ من دڵنیام کە جارێکی تر نامەوی رووخساری دایکە بایولۆژیکەم ببینمەوە " پیویستە بوتری دواتر دوبەرەکییەکە گەیشتە گۆرەپانی قەزایی کاتێك کە باوکەکەی "کیم" (ئەوەی بە منداڵی بەخێوی کردبوو)، بریاری دا جارێکی تر "کیم" سەردانی ماڵی دایك و باوکە بایولۆژییەکەی نەکا کە پێشتر لەسەر رێکەوتبوون، بەبیانووی ئەوەی کە ئەم حاڵەتە، ژیانی "کیم"ی توشی داروخان کردووە و بێ ئومێدی ژیانی کۆنترۆڵ کردووە.

لە کۆتاییدا دادگا مافی بە "کیم"دا کە لە دایك و باوکە بایولۆژییەکەی جیاببێتەوە و ژیانی لەگەڵ ئەو باوکەدا بباتەسەر کە بەخێوی کردبوو، (ئەم حاڵەتەشم لە گۆڤاری سیدی سعودی وەرگرتووە کە لە رۆژی ١٩٩٣/١٠/٤ بلاوکراوەتەوە.)


## د/٣- تیۆرە کۆمەڵناسییەکان لەمەڕ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

وەلاَمی پرسیاری سییەم ئەم راڤەیە دەخاتە روو: دەروونی مرۆیی چۆن پێدەگا ؟ بۆ وەلاَمدانەوەی ئەو پرسیارە پشت بەتیۆرە دەرونییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستین لە شیکردنەوەی دەروونی تاك و چۆنییەتی پێگەیاندنی "دەروون" لەگەڵ پێگەیاندنی "تاك" و تێکەڵبوونی لەگەڵ توێژە کۆمەڵایەتییەکان و ملکەچبوونی بەکاریگەریە کلتوورییە کۆمەڵایەتییەکان.

تیۆرەی جۆرج هربرد مید ١٨٦٣-١٩٣٠ کە یەکێکە لە رابەرانی ئاراستەی کارلێکی هێمای لە زانکۆی شیکاگۆ (مید) پێی وایە کە "self" خود_ ئاماژەیە بەو هەست و هەڵوێستە کەسایەتییانەی کە تاك لە رێگای بیروباوەر و ئەحکام و هەڵوێست و ئاراستە و هەڵسەنگاندن و وێناکردنی ئەوانی دەوروبەری و ئەوانی تێکەڵیان دەبێ، بەدەست هێناوە "واتا تاك وێنەی خۆی و هەست و هەڵوێستی خۆی لەرێگای ئەوانی دەوروبەری و ئەوانی تێکەڵیان دەبێ درك پێ دەکا، ئەو وێنەیە نوونەی وێنەیەکی گەراوەیە بۆ خۆی کە پێکهاتەکانی دەروونی کەسایەتی دیاری دەکەن، بەواتایەکی تر تاك ناتوانی خۆی وێنەیەك بۆ خۆی دروست بکا، بەڵکو بەیارمەتی ئەوانی دەورووبەری و ئەوانی تێکەڵیان دەبێ درکی پێ دەکا" ئەو وێنەیە نمونەی وێنەیەکی گەراوەیە بۆخۆی کە پێکهاتەکانی دەرونی کەسایەتی دیاری دەکەن، بەواتایەکی تر تاك خۆی وێنەیەك بۆ خۆی دروست ناکات بەڵکو بەیارمەتی ئەوانی دەورووبەری و ئەوانی تێکەڵیان دەبێ دەتوانێ دروستی بکا، کە دواتر لەلایەن عەقڵ و هۆشی خۆیەوە پەسند دەکری، چونکە وێنەیەکی باوەڕپێکراوەکە لەلایەن ئەوانیترەوە پەسند کراوە، لەگەڵیدا

تێکەڵ دەبێ بەوەی کە وێنەیەکی حەقیقی خۆیەتی، لەسەر ئەو بنەمایە وێنـەی دەروونـی تـاك وەك وێنەیەکی گەڕاوە feed back ئاماژەیێکی گرنگی رەوشی خـۆی تێـر دەکـا لـە ئـەنجامی تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەوانیتردا.

ئەم وێنەیە قسەکانی پێشوومان روون دەکاتەوە




لەمەڕ ئەو دەکات لەلا گەلاڵە دەبێ لێرەدا ماوە ئاماژە بەوە بدەین کە خۆناسین لەلایەن تاکەوە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و لەکاتی جیاواز و هەڵوێستی جیاواز لە خۆشی و ناخۆشـیکاندا بەدەست دێنێ، نەك بەشێوەیەکی بەپەلەو هەرەمەکی، وە لە رێگای کارلێکی بـەردەوام لەگـەڵ ئەندامانی خێزانەکەی و هاورێکانییەوە ئەزموونیکی کۆمەڵایەتی لەلا دروسـت دەبـێ کـە لـە خێزانێکەوە دەست پیدەکا کە تیدا رووبەری سەرزەنشتکردن و چـاکەکردن پیاهەڵـدان و سـزا و پاداشت دەبێتەوە،لەلایەن دایك وباوکیەوە لەکاتی تێکەلاوی و هەڵس وکەوتی لەگەڵیاندا، کەلە ئەنجامدا بیروباوەرێکی دەربارەی رەوشتی خۆی لەلا دروست دەبێ کە ئایا پەسند کراوە یـا نـا، لەهەمبەر ئەم بوارە رەفتارییە سنووردارەدا بیرکردنەوەی دەخاتە سەر رەفتـاری رۆژانـەی خـۆی لەبەرامبەر ئەندامانی خێزانەکەی بۆ ناسـینی خـۆی کـە ئەگـەر خـۆی ناسـی ئـەوە دەروون و خودێکی بەرفشار و شکاوی نییـە، بـەڵام ئەگـەر لەلایـەن ئەنـدامانی خێزانەکەیـەوە بـەهۆی وێنەیەکی گەڕاوە و رازی نەبوون وسەرزەنشتکردنی لێیان بەدی کرد ئەو مانـای وایـە دەروون و خودێکی کارلێکراو و شکاوی هەیە و باوەر بەخۆبونیشی لەدەسـت دەدا، کـە ئـەوەش بـەرۆڵی خۆی دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تێروانینێکی سەرزەنیشتکارانەی خود واتا بەبی رێزییەوە لـە خۆی دەروانی کە لە هەڵس و کەوتەکانی دا رەنگ دەداتەوە بـەوەی بـی ئومێـدیو دابـڕاوە لـە تێکەلاوبونەکانیدا و لە بەرامبەر ئەوانیتریش خۆی بەشەرمەزار دەزانی.

یەکەم شت کەمناڵ لەسەرەتای بەمرۆڤبوونەوە تێبینی دەکا لەسەر شێوەی ئاماژەو جوڵـە و دەنگ و دەربرینی رستە سەرنجی دەدا "رەوشتێکی زارەکی "کە ئەندامانی خێزانەکەی ئەنجامی دەدەن و منداڵەکەش لێیان ورد دەبێتەوە و دواتر لەبەر دوو هۆکار لاساییان دەکاتەوە:



یەکەم- لەبەر ئەوەی یەکەم جارە لە ژیانیدا تێبینییـان دەکـا و مانـا و ناوەرۆکەکانیـشیان نازانێ.

دووەم - لەبەرئـەوەی لەکەسـە گرنگـەکانی دەورووبـەر و خێزانەکەیـەوە دەردەچـێ کـە بەشێوەیەکی رۆژانە بەردەوام تێکەڵیان دەبێ.

بەو شێوەیە توانا زیرەکی و ئامادەگییە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ وەڵامدانـەوەی ئـەو هاندانـە زیاد دەبێ، لە پێناو پەیبردن و زانینی ماناکانیان، هەندی جاریش ئەندامانی خێزانەکـەی لـەو ئەرکەدا یارمەتی دەدەن، لە بەرامبەر ئەو یارمەتییەش منداڵەکە زیـاتر پەیوەسـتیان دەبـێ و گرنگییان پێ دەدا و دواتر لاساییان دەکاتەوە، ئەوەش یەکەم هەنگاوی پرۆسەی بەمرۆڤ کردنـە لە ناو خێزاندا وە لە گـەڵ دووبارەبوونـەوەی ئـەو تێکەلاوبوونـە و هەمـە جۆربـوونی وشـەکان لەرێگای پێگەیاندنیەوە وێنەیەکی خۆی لەلا دروست دەبێ و یەکەم وێنەی خۆی لەسەر لاپـەری دەروونی دەکێشی، ئەوەش بۆ پێکهێنانی یەکەم ئەزموونی بەمرۆڤبوونە، لەسەر ئـەو بنەمایـە دەست دەکا بەخوێندنەوە و راڤەکردنی ئەو ئاماژە و هێما نێردراوانەی کە لەلایەن دایك و باوك و خوشك و براکانیەوە دێن و ئەویش وەریـان دەگـری و بـەگوێرەی ئـەو مانایانـەی کەلەلایـەن ئەندامانی خێزانەکەی و دەورووبەرە کۆمەڵایەتییەکەیەوە بەدەستی هێناوە و راڤەیان دەکا.

" مید " تـەنها بەوەسـفکردنی دەروون وازی نـەهێناوە، بـەڵکو دابەشـی سـەر دوولای کردووە، یەکەم خود (I) دووەم من (Me)، کەیەکەمیان ئاماژەیە بەهەست و ئەزموونە تێپـەر و تێنەپـەریوەکان و پاڵنـەرە لـەخۆوەکان، خـود لەگـەڵ تاکـدا لـەدایك دەبـی و لەگـەڵ پێگەیاندنیشیدا پێگەیاندن دەکا، ئـەوەش یەکێکـە لـە رێـساکانی (مـن_me)، خـود و مـن "دەروون" لەرێگای سێ قۆناغی پەرەسەندنەوە پێگەیاندن دەکەن:

١- قۆنـاغی دروسـتبوونی خـود:کـە لەگـەڵ لـەدایکبونی تاکەکـە لـەدایك دەبـێ، هـیچ خەسڵەتێکی لەخەسڵەتەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ نییە و هـیچ شـتێکیش دەربـارەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی نازانێ، بەڵام بەسەر رێکخستنە ناوخۆییـەکانی "مـن" دا ئاگـادارە کە رێگای پیدەدا وەکو هاوبەشێکی کارا بچێتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە.

٢- قۆنـاغی دروسـتبوونی "مـن" لـەرێگای کـارلێکی کۆمەڵایـەتی لەگـەڵ ئـەوانیترو مومارەسەکردن و فێربوونی رۆڵەکانی لەناو گرووپیکی یاری و بەلاسایکردنەوەی هەڵس وکەوتی هاورێکانی دەست پێ دەکا، بۆنموونە: تیپێکی تۆپی پێ، تاك لـەناو ئـەو تیپـەدا هەڵدەسـتی بەلاسایکردنەوەی جوڵە و هەڵس و کەوتی ئەندامانی تیپەکە، ئەوان بەگوێرەی پێگەکەیان لەناو

تیپەکە هەڵس و کەوت دەکەن، ئەویش لاسایی رۆڵەکانیان دەکاتەوە، چونکە ئەوان نموونەی پێگەیەکی گرنگن لەتیپەکەدا و رۆڵەکانیان بەشێوەیەکی باش پراکتیزە دەکەن "بەتێروانینی ئەو" لێرەدا (جۆرج هربرت مید) جەخت دەکاتە سەر رۆڵ وگرنگی ئەوانیتر لە راکێشانی تاکەکە بۆ ئەوەی لە جوڵە و یاری و دەنگەکانیان لاساییان بکاتەوە، ئەگەر ئەو نموونەیە رابکێشینە ناوژیانی کۆمەڵایەتییەوە دەبینین تاکە نوییەکە کاتێك دەچێتە ناو کۆمەڵێکی دیاری کراوەوە، لاسایی رۆڵی ئەندامانی کۆمەڵەکە دەکاتەوە، ئەوانەی لەڕووی دنیادیدەییەوە لەو لەپێشترن، ئەو دۆخە لەلای منداڵێکی تازە لەدایکبووی خێزانێکیش هەمان شتە کە لەلایەن دایك و باوکیەوە داوای لێ دەکرێ ئەو رۆڵانە ئەنجام بدا کەلەلایەن خێزانەکەیەوە بۆی دیاری کراوە لە کردنی هەندی هەڵس و کەوتی دیاریکراو قەدەغەکردنی هەندی هەڵسوکەوتی تر.

٣- منداڵ دوای وەڵامدانەوەی بیرورِا و حوکمی ئەوانی دەورووبەری وئەوانەی لەگەڵیان تێکەڵ دەبی هەموو دیدگا و حوکمەکانیان دەگشتێنی، بەو شێوەیە "من"ی کۆمەڵایەتی لەلای گەشە دەکات. لەیارییەکی تۆپی پێدا یاریزانێك تەنها فێری یەك رۆڵ دەبی و دواتر بەچاوێکی گرنگییەوە لە رۆڵ و پێگەی یاریزانەکانی تر لە تێپەکە دەروانی، و بۆ ئەوەی لە یارێکەیدا کاراو لیهاتوو بێ پێویستە ئاگاداری مومارەسەکردنی رۆڵەکەی بێ لەناو ئەو تیپەی کە یاری تیادا دەکاتەوە لەگەڵ هەمەجۆربوون و زیادبوونی مومارەسەکردنی رۆڵەکانی بۆ چەند رۆڵێك لەناو زیاتر لە گرووپیکی کۆمەڵایەتیدا فێری رۆڵی هەمە جۆر دەبێ، لێرەدا "من" خەسڵەتی نوێ و هەمەجۆر وەردەگرێ کە بە رۆڵی خۆی والەتاك دەکات ئاگادارو هۆشیار بێ بەخودی خۆی ئەو تایبەتمەندیەی کە مرۆڤ هەیەتی و لەلای ئاژەڵ بوونی نییە، لەبەر ئەوەی ئاژەڵ "من me "ی نییە، چونکە لە رێگای کارلێك و پەیوەندی و کلتووری و کۆمەڵایەتییەوە بەرهەم نەهاتووە، لەکاتێکدا مرۆڤ ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە[٤].

کۆمەڵناسێکی ئەمریکی تر "چارلس هرتن کولی"یە ١٨٦٤-١٩٢٩ کە دەربارەی چۆنێتی دەرکەوتنی خودی مرۆیی و رێگای پێگەیاندنی لێکۆڵینەوەی کردووە، ئەوەش لە رێگای بەکارهێنانی چەمکی "خودی تاکگەرا لە ئاوێنە کۆمەڵایەتییەکاندا "کەمەبەستی لەوەیە تاك وێنەی خۆی بەهۆی وێناکردنی ئەوانی دەورووبەریەوە بەدەست دەهێنی واتا لە رێگای دیدگاکانی ئەوان بۆ رەوشت وبیرکردنەوە و هەڵوێستەکانی ئەو. ئەو بیر لە هەڵس و کەوت و هەڵوێستەکانی خۆی ناکاتەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ ناکا کە نێگەتیڤن یا پۆزەتیڤ چاکن یا



خراپ، بەڵکو لەرێگای حوکمی ئەوانیترەوە بەدەستی دەهێنێ، بەو پییەی کە ئەو وێنەیە لە وێناکردنی ئەوانی دەورووبەرییەوە کار لە هۆشیاری دەکا.

بەڵام تاك کەی درك بەوە دەکات کە شتێك مۆڵکی خۆیەتی و کەس تیایدا هاوبەش نییە؟ دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە لە رێگای خستنەڕووی ئەو پرسیارەوە بدینەوە منداڵێکی بچوك چۆن دەزانێ کە لوت بەرووییەوە هەیە ئەوە، نەك هی کەسێکی تر و دەڵی ئەوە لوتی منە؟ ":کولی"وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە دەڵی: دیاریکردنی مولْکایەتی تاك بەهۆی هەستەکانیەتی کە لە رووی کلتووریەوە دیاری کراوە، لەبەرئەوە ماوەی کاتی دیاریکردنی موڵکایەتی تاك لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی ترجیاوازە، کاتێك منداڵ درك بەمۆڵکایەتی خۆی دەکا دەزانی ئەو وێنەیەی لەلای ئەوانیتر هەیە وێنەی خۆیەتی نەك یەکێکی تر، لەوکاتەدا لەچاوی ئەوانیترەوە درك بەوێنەی خۆی دەکا لەگەڵ لەدایکبونی تاکدا هەست ورەمەکەکانیشی لەدایك دەبن، هەروەها خودیش لەگەڵیدا لەدایك دەبێ، بەڵام "من" بەرئەنجامی کارلێکی ئەوە لەگەڵ ئەوانیتردا و بەیەکگرتنی "خود"من" دەروونی مرۆییش بەرهەم دی)، درککردنی منداڵ بەوێنەی یەکەمی خۆی لە ئاوێنەی ئەوانیتردا مڵکەچی کلتووری کۆمەڵگاکەیەتی کە هەندێکیان ماوەیەکی درێژی دەوی و برێکی تریش ماوەیەکی کورت، دواتر "کولی" دەڵی: هەستی تاك بەخودی خۆی تەنها رەنگدانەوەیەکی بیر و باوەرەکانی دەورووبەرەکەیەتی کەلە عەقڵ وباوەر و ئەوانیترەوە هاتووە، لەبەرئەوە دەروونێکی مرۆی دابراو بوونی نییە.

بەتێروانینی "کولی" خود هیچ گرنگییەکی نییە ئەگەر کارلێکێکی بەردەوامی لەگەڵ ئەوانیتردا نەبێ.[٥]

ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دێتە پێش ئەوەیە تاك چۆن دەتوانی بچیتە دەرەوەی خودی خۆی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بابەتی خۆی ببینی؟"کولی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ، ئەوە لەرێگای تێروانین و هەڵسەنگاندنی ئەوانیترەوە ئەنجام دەدرێ، ئێمە بۆماوەیەکی کاتی دەتوانین وێنای ئەوانیتر بکەین بەرامبەر بەخۆمان، یابۆ خۆمان وەکو چۆن لەرێگای تێروانینەکانیانەوە، کە ئەو سی ئاستە وەردەگرێ: -

١- ئێمە وێنا دەکەین لەروانگەی ئەوانیترەوە چۆنین؟ یان بەواتایەکی تر ئەوانیتر چۆن سەیرمان دەکەن، ئەو گۆشانەی کە لییەوە لێمان دەروانن لەروانگەی وێنای ئەوانەوە.

٢- دواتر وێنای حوكمی ئەوانیتر دەكەین لەسەر خۆمان، ئایا لەدیدی ئەمانەدا چۆنین دوای حوكمیان بەسەرمانەوە.

٣- لەكۆتاییدا بەشێوەیەكی دیاریكراو هەڵس و كەوت دەكەین یان گوزارشت لەهەندی هەست و سۆز دەكەین لەژێر تیشكی حوكمی ئەوانیتر لەسەرمان و هەڵسەنگاندنیان بۆمان.

ئەو ئاستانە "كولی" ناوی لێنان (رەنگدانەوەی دەروون بەسەر ئاوێنە كۆمەڵایەتییەكاندا) كولی دەڵێ: من وێنای عەقڵی تۆ دەكەم، بەتایبەت كە تۆ چۆن بیر لە عەقڵی من دەكەیتەوە وە عەقڵی تۆ چۆن بیر لەبیركردنەوەی عەقڵی من دەكاتەوە، دەربارەی عەقڵی تۆ بەبێ دەستێوەردانی گۆڕاوە كۆمەڵایەتییەكان بەسەر ئەو وێنا بەناویەكچوانەدا.(٦)

ئەو شیكردنەوەیەی كە "كولی" خستیەڕوو بۆمان روون دەكاتەوە دەروونی مرۆیی لای مرۆڤ چۆن پێگەیاندن دەكا كە لەكاتی بەتاڵدا و لەكاتی منداڵیدا یا دووره پەرێزی لەتێكەڵبوون لەگەڵ ئەوانیتردا دەرناكەوەی، چونكە بەرئەنجامی تێكەڵبوونی لەگەڵ ئەوانیترو كاریگەرییان بەسەریەوە لە بەرهەمهێنانی وێنا و بیروڕا دەربارەی خودی خۆی، لەژێر تیشكی ئەوەدا دەرونی مرۆیی پەرەدەسێنی و پێگەیاندنەكا، بەلاّم شێوازی پێگەیاندن كردنەكەی لەقۆناغێكی تەمەنەوە بۆ قۆناغێكی تر جیاوازە، دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتییەوە بۆ یەكیكی تر جیاوازە، بەلاّم لە ئامانجەكانیاندا جیاواز نین.

واتە كارلێكەكە لەگەڵ ئەوانیتر و هێما كلتووری و پێگە هەرەمیەكاندا هەردەمێنێتەوە، ئەو پێگەیەی كە مرۆڤ لەكاروبار و ژیانی رۆژانەیدا بەكاری دەهێنی كەبەرۆڵی خۆی هەڵدەستی بەپێگەیاندن پێكردنی دەروونی خۆی، هەموو ئەمانە بۆمان روون دەكاتەوە كە دەروونی مرۆڤ بەبی خود و دەروون و عەقڵی ئەوانیتر ناشی پەرەبسێنی و پێگەیاندن بكا، بەڵكو دەستكردی ئەوانە و ژیان بەبی ئەوانی دەوروبەر نەشیاوە ونەكراوە.

نامەوی ئەو شیكردنەوەیە بەجی بهێڵم بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدەم كە "كولی" جۆری حوكمی ئەوانیتری روون نەكردۆتەوە، سەبارەت بەوێنە و دەروونی ئەو تاكەی لەگەڵیان تێكەڵ دەبێ كە رەنگە بەهۆی وشكی و رەتكردنەوەیەوە توند و تیژ بێ "لەدۆخی دایك و باوكدا" یا رەنگە وشك و توندوتیژ بێ ئەگەر لەلایەن پارێزكارەكانەوە دەرچوبێ، لەم حاڵەتەدا ئەو كەسە وێنەیەكی وشك و توند بۆ دەروونی خۆی دەكێشی ئەوەش"حوكمی ئەوانیتر" وا لە خود سەركوتكرا و شەرمەزاركراوەكەی دەكا نەتوانی گوزارشت لە شتە پەنهانەكانی خۆی بكا، لێرەشدا بەهۆی سەركوتكردنی و ئیفلیج بوونیەوە ناتوانێ پێگەیاندن بەدەروونی خۆی بدا، بەلاّم



ئەو بارودۆخە بەم شێوەیە تاكۆتایی ژیانی بەردەوام نابێ، بەڵكو دواتر بەدوای بواری تردا دەگەرێ كەلە دەرەوەی خێزانەكەی بێ و هیچ پێوەرێكی هەڵسەنگاندنی توند و وشك تیادا نابی بۆ گوزارشت كردن لەخودی سەركوتكراوەكەی، لەبەرئەوە بۆ رزگاربوون لە هەموو خودە سەركوتكراوەكان ناچار دەبێ بەشێوەیەكی ناسرووشتی گوزارشت لەخودی خۆی بكا "تا بارودۆخەكە دەگاتە حاڵەتی لادان لەپێوەرە باوەكان " دواتر دەچێتەوە حاڵەتی هاوسەنگی، بەلاّم ئەم خاڵیكردنەوەیە كاتێكی درێژی لەتەمەنی دەوی كە رەنگە بەدرێژایی هەمان ئەو ماوەیە بێ كەتیایدا مڵكەچی سەركوتكردنی حوكمی ئەوانیتر بووە، لێرەدا ئەزموونیكی كۆمەلاّیەتی ساكاری دەبێ لە مامەڵەكردنی لەگەڵ ئەوانیتردا.

كاتێك لەلایەن ئەوانیترەوە زنجیرە وێنەیەك دەربارەی خود دروست دەبێ، بەوەی كە لە خێزانەكەیدا نازدارو تاقانەبووە،ئەم خودە بەبی بەربەست پاڵی پێوە دەنێ بۆ تێپەراندنی سنووری خۆی و دەست بەسەراگرتن و سەركوتكردنی حوكمی ئەوانیتر، بەلاّم ئەم دۆخە بەردەوام نابی و لەبوارەكانی پێگەیاندنی كۆمەلاّیەتی لەدەرەوەی خێزان پاشەكشە دەكات و رووبەری بەربەستە پێگەیاندنییەكانی دەرەوەی خێزان دەبێتەوە وخاوەنی ئەم خودە تووشی ئیفلیجی و بێ ئومێدبوون دەكات، یا ئەوەتا دوژمنێكی بەدخود دەردەچی یا لە تێكەڵبوون لەگەڵ ئەوانیتردا هەرەس دێنی، بۆیە لە كۆمەڵێك گرووپی كۆمەلاّیەتی پاشەكشە دەكات و لەژیانی كۆمەلاّیەتی خویدا دەشكێتەوە لەو حاڵەتەشدا لەمامەڵەكردنی ئەوانی تردا ئەزموونیكی كۆمەلاّیەتی شێوا و ناكامل دەبێ، چونكە بەرئەنجامی هاوسەنگی كارلێكردنی خود و"من"ی كۆمەلاّیەتی وحوكمی ئەوانیتر نییە، بەڵكو لە توندی حوكمی ئەوانیتر لەدامركاندنەوەی خوددا بەرهەمهاتووە.

ئەم جۆرە خودە سەركوتكراوە لە كۆمەڵگا سەرەتایی لادییو پارێزگارەكاندا بەربلاّوە،چونكە دەربرینی شتە شاردراوەكان لەناو خێزان و قوتابخانە و بازارو گەرەك و رێكخراوە و گۆڤارو رۆژنامە و كۆلێژەكان روبەرووی بەربەست و رێگری دەبۆوە، لەبەرئەوە هەموو ئەم شوێن و هۆكارانە مڵكەچی حووكمە سەرتاییەكانی ئەوانیتر دەبۆوە، بۆ ئەوەی رێگا بەدەربرینی ویستەكان نەدری و لە قاڵب بدری واتا سەركوتیان دەكرد بۆ ئەوەی تێك بشكی یا بۆ ماوەیەكی درێژ دیل بكرێ كە ماوەی نەوەیەك یا چەند نەوەیەك دەگرێتەوە.

بەواتایەكی تر لەم كۆمەڵگایەدا تاك گوزارشت لەخودی خۆی ناكا، بەڵكو گوزارشت لەخودی ئەوانەیتر دەكا،ئەوانەی قاڵبێكی جۆرایەتییان لە جل و بەرگ و پێخۆر و گوزارشت و

بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی هاوسەر و ڕەنگی خواستەکانی و جۆری هاوڕێکانی و کارەکەی و تەنانەت ناوی منداڵەکانیشی، بۆ دروستکردووە ئەوەش بەهۆی دیل بوونی خودی خۆی و قەدەغەکردنی لە ئازادبوونی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام ئەگەر هاتوو "خود" شۆڕشی کردە سەر ئەو دەروونەی کە حوکمی ئەوانیتر یاسادار و سنووردار یان کردووە ئەوە حوکمی ئەوانیتر پاشەکشە دەکات بۆ ئەوەی"خود" بتوانی گوزارشت لەشتە سەرکوتکراوەکانی خۆی بکا، لێرەدا ڕەفتاری تاك دەشێوی واتا لەخودی ئاژەڵی نزیك دەبێتەوە بۆ تێرکردنی ئەو شتانەی کە لێی قەدەغەکرابوون، دواتر دەگەڕێتەوە بارودۆخە جێگیرەکەی بۆ ئەوەی دەست بەقۆناغێکی نوێ بکات کە جیاوازە لە قۆناغە سەرکوتکراوەکەی کە لە شۆڕشەکەیدا پێیدا تێپەڕیوە. ئەمە بەرئەنجامێکی سروشتییە بۆ حاڵەتێکی ناسروشتی کە خود لە ئامێزی دەروونێکی کۆمەڵایەتی دەستکردا ژیاوە، واتا حوکمی ئەوانیتر بەبێ ڕێکخستن و کامڵبوون دروستیان کردووە.

دوای ئەم دەچینە لای کۆمەڵناسێکی ئەمریکی نوێ، ئەویش "ئێرفینگ کۆڤمان"ە ١٩٢٢-١٩٨٢ کە لە خستنە رووی دەروونی مرۆیدا لە هەریەك لە مید و کولی جیاوازە، کوڤمان پێی وایە: تاکەکان پێشسبینییەکانیان لە نێوان خۆیاندا دەگۆڕنەوە، هەرچەندە هەرسێکیان "مید، کولی، کۆڤمان" یەك ئاراستەی تیۆرییان هەیە، ئەوەش کارلێکی هێماییە کەلە بابەتی دەروونی مروییدا خستنە روویەکی تازەی پێشکەش کردووە: تاك ڕەفتارێکی ناراست و ناحەقیقەت لە بەرامبەر خەڵکی پێشان دەدات واتا لەبەرامبەریان ڕۆڵێك دەگێڕێ کە سەرسامی و دڵخۆشی خۆیان بۆی دەربڕن یان بەپێچەوانەوەی ئەوە هەڵس وکەوتی ناعەیبدار دەکات بۆ ئەوەی نەبێتە خاڵی گرنگیپێدانیان، بەواتایەکی تر: کۆڤمان جەختی کردۆتە سەر ڕەفتاری پروپاگەندەیی –سیناریۆیی تاك لەبەرامبەر خەڵکی، جەختی نەکردۆتە سەر ئەوەی کە دەروون چۆن دروست دەبێت، نموونە تیۆرەکەشی بەسەر مناڵ وگەنج و پیرەکاندا گشتاندووە چ لەناو دامەزراوە ڕەسمییەکان بن یا شوێنە گشتییەکان یا لە نێوان خەڵکی گەرەکە مللییەکاندا بن.

بەروونکردنەوەیەکی زیاتر: کۆڤمان دەیەوێ پێمان بڵێ کە تاك لاسایی هەڵس وکەوتی ئەوانی دەوروبەری ناکاتەوە بەئاست ئەوەی کە دەیەوێ پەسندکردن و ڕازیبونیان دەستەبەر بکات، بەهۆی کۆنترۆڵکردنی هەڵس و کەوتی خۆی لە ڕێگای پێشبینییەکی نێگەتیڤ لە ڕوانگەی ئەوانیترەوە نەك لە ڕوانگەی خۆیەوە، بەڵام ئەم کۆنترۆڵکردنە دوای زانینی ئەوە دەردەکەوی کە ئایا چ شتێك لەلای ئەوانیتر خۆشەویست و پەسەندکراوە، واتا کۆڤمان سەرباریێکی جۆرایەتی خستۆتەسەر ڕوونکردنەوەکانی(مید وکولی)، چونکە تاك کاتێك دەروونی پێگەیاندن دەکات کە ئاماژە و هێما و مانا کلتووری کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ئاماژەو هێمایانە بەهۆی تێکەڵبوونییەوە دەناسی، وەلەکاتی پرۆسەی هەڵە و ڕاست و هاندان و وڵامدانەوەدا درك بە باشی و خراپی و پەسەندی و ناپەسەندی ونێگەتیڤی و پۆزەتیڤی شتەکان دەکا، ئیدی هەڵدەستی بەجێبەجێکردنی ئەو شتانەی کە لەلای ئەوانیتر پۆزەتیڤ و بەسوود و پەسندە، ئەمەش بۆ دەستەبەرکردنی دەستخۆشی ڕازیبوونیانە.

گۆڤمان حاڵەتی فەرمانبەرێك بەنموونە دەهێنێتەوە کاتێك دەزانێ لەلایەن کەسانی بەرپرسەوە چاودێری دەکرێ یا سەرۆك کارەکەی بەدیاریەوەیەتی ئەوە لەو کاتەدا لە کارەکەیدا چوست و دڵسۆز دەبێ، ئەمە هەڵس و کەوتێکی پروپاگەندەیی کاتییە، ڕەنگدانەوەی ڕەفتارێکی حەقیقی نییە لەباری سروشتی خویدا، واتا ڕەوشتی ئەو فەرمانبەرە لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك کارەکەشدا ئاوها دڵسۆزە؟ وەڵام نەخێر، کەواتە کۆڤمان بۆمانی ڕوون نەکردۆتەوە کە ئایا تاکەکە بەپروپاگەندەیی دەمێنێتەوە لە هەڵس و کەوتی خویدا لە کاتی دووربوون لە چاوی سەرۆك کارەکەدا یانا...؟

دواتر کۆڤمان حاڵەتێکمان بۆ دەخاتە ڕوو کە دژکاری حاڵەتەکەی پێشووە ئەوەش حاڵەتی بەردەستێکی "ساقی" قاوەخانە یا مەیخانەکە لەداوای ئەو دانیشتویەکی بارەکەدا خۆی گێل دەکا کە داوای قاوە و خزمەتێکی زیاتر دەکا، ئەمەش هەڵس و کەوتێکی پروپاگەندەیی مەبەستدارە لە پرۆسەی کارلێکی بەردەستی چایخانەکە و میوانەکە، چونکە ئەم خزمەتکردنی و گرنگیپێدانی زیاتری دەوێ، بەڵام بەردەستەکە خۆی دەدزێتەوە،چونکە هەوڵ و ماندوبوونێکی زیاتری دەوێ، واتا کوڤمان دەیەوی بۆمان ڕوون بکاتەوە کە ڕەفتاری تاك لە بارودۆخە جیاوازەکاندا یەك جۆری نییە، لەبەرامبەردا خاوەن کار و دەسەڵاتدارەکاندا لە هەڵس و کەوتکردن و تێکەڵبوون لەگەڵیاندا، زیادەڕەوی دەکا، ئەمەش بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆی پیشان بدا، بەڵام لەبەرامبەر ئەوانیتردا کە دەسەڵاتیان لەو کەمترە و داوای یارمەتی و خزمەتی لێ دەکەن دڵسۆزی خۆی کەمدەکاتەوە. بەڵام کوڤمان پێمان ناڵێ جۆری هەڵس و کەوتی ڕەفتاری ئەو تاکە چۆنە کاتێك کە لەگەڵ ئەو کەسانە نییە کە پلە و پایەیان لەو بەرزترە "خاوەن کار" یا لەو نزمترە"کریار".

دواتر حاڵەتی سێیەمی ڕەفتاری تاکمان بۆ دەخاتە ڕوو کە کاری ڕوکەشی پێچەوانە دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئاماژە بەرەفتاری پاراستنی ئارەقە بکات کاتێك ڕووبەڕووی شەرمەزاری یا جۆرێك ڕەتکردنەوە دەبێتەوە لەلایەن کەسی دووەمەوە لە کاتی پرۆسەی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتیدا.

پوختەی قسەکان: گرنگیدانی گوڤمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئایا ئەو کەسەی کە یەکەمجار دەچێتە ناو گرووپیکی تازە و چۆن وێنای خواست و داوای ئەوانەی دەوروبەری بکا، بۆئەوەی کاردانەوەی خۆی بۆیان دیار بکا "نێگەتیڤ یا پۆزەتیڤ" دواتر کارلێکراو "متفاعل" زانیاری دەربارەی هێمای ئەوانیترکۆدەکاتەوە لە پێناو پێگەیاندنی هەڵوێستەکانی و تێرکردنی وێناکردنەکانی بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ وەڵامدانەوەکانی ئەواندا، لەبەر ئەوە کارلێکراو زانیاری دەربارەی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەوانەی دەوروبەری کۆدەکاتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە دیاریکردنی هەڵوێستەکانی لەبەرامبەر ئەوان یارمەتی بدا، لە هەمان کاتدا وێناکردنەکانی خۆی دەربارەی ئەو شتەی کە لە هەڵس و کەوتی خۆیەوە دەیەوی لەبەرامبەر ئەواندا دادەنێ، سەرباری ئەمەش ئەو زانیاریانەی کە کارلێکراو دەربارەی ئەوانیتر کۆی دەکاتەوە کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ئەو کارلێکردن و ئەزموونە کۆمەڵایەتییانەی کە پێشینەیان نییە دیاری دەکا، وێنای یەکەم لە نێوان کارلێکراوەکان سروشتی کارلێکردنەکە ئاراستە و دیاری دەکا.

سەرباری ئەمەش بوونی ئەوانەی کە دەبنە جێگای گرنگیپێدانی کارلێکراو "چ ئەو گرنگیدانە بە پۆزەتیڤ یا رق لێبوونەوە بێ "بۆ ئەوەی سەرسام بن پێی یارق لێبوونەوە بێ بۆ ئەوەی سەرنجیان رابکێشێ و هەستی ئیرەیی و تووڕەبوونیان بجولێنێ، یا ساختەکاری بێ یابەپێچەوانەی ئەو "پێکهاتەی رووخساری دەرەوەی رەوشت و بیرکردنەوە و مەنتیقی خۆی دیاری دەکا، لەسەر ئەو بنەمایە و بەو ئاراستەیە تێکەڵیان دەبی.

کورتەی قسەکان، خستنەڕووی زانایانی کۆمەڵناسی دەربارەی دەروونی مرۆیی بەم شێوەیە: "مید" وێنەی دەروونی مرۆیی لە رێگای ئەم پرسیارەوە خستۆتە روو: وێنەی ئەوانیتر دەربارەی شێوەی من و وێنەی من دەربارەی شێوەی ئەوان چییە؟ وە ئەو چوار وێنەیە دەربارەی دەرونی من چۆنە؟ بەلام "کولی" لەرێگای ئەم پرسیارەوە وێنەی کێشاوە: شێوەی من لەلای وێناکردنی ئەوانیتر چۆنە؟ کەچی "کوڤمان" بەم شێوەیە وەسفی کردووە: من چۆن وێنای خۆم بکەم لە بەرامبەر ئەوانیتردا؟ واتا "مید" چۆنێتی پێگەیینی دەروونی روون کردۆتەوە، بەلام "کولی" حەقیقەتی پێگەیاندنی دەروونی روونکردۆتەوە، دواتر "کوڤمان" روونی کردۆتەوە کە چۆن تاك وێنەی خۆی لەبەرامبەر کەسە گرنگەکان جوان دەکا و دەرازێنێتەوە.




## ە- تیۆرەکانی دەروونناسی لەپێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا:

دوای ئەوەی راڤە و شیکردنەوەی هەندێ لە زانایانی کۆمەڵناسیمان خستە روو، دەچینە لای زانایانی دەروونناسی و هەمان کاریان لەگەڵ دەکەین کەلەگەڵ زانایانی کۆمەڵناسیدا کردمان کە چۆن دەروانننە دەروونی مرۆیی و کە لەگۆشەی "کەسایەتی تاك" ەوە چارەسەریان بۆ داناوە وە رەگەزە بوونیادەکەیان شیکردۆتەوە بەسەر پێهاتە بوونیادەکەیدا هەڵیانوەشاندۆتەوە و ئەم بەشانەی لێ دەرکەوتووە.

پاڵنەرەکەران مەبەست لە بزوێنەرەکانی تاکە کە پالی پێوە دەنێ بۆ گەیشتن بەچەند ئامانجێکی دیاری کراو، هەروەها لێهاتوویە بۆماوەیەکان و بەدەست هاتووەکان و بەهرەکان رۆڵێکی گرنگیان لە روونکردنەوەی ئەوەدا هەیە کە بۆچی تاك دەیەوی کارێکی دیاری کراو ئەنجام بدا، نەك یەکێکی تر، ئەمەش یەکەم رەگەزی پێکهاتووە کە لە بەرهەمهێنانی دەرووندا بەشداری دەکات، پاڵنەرەکان لەرێگای پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە بەدەست دی سەرباری پەیوەستبوونی بەپێکهاتەی بایۆلۆژی تاکەوە، هەروەها سەلیقەوە و لێهاتوویی لەمومارەسەکردنی ئەو رۆلانەی کە پێوەی پابەندە لەگەڵ سەرەتای سەرنجدانی تاك لە رۆڵە جیاوازەکاندا بەرهەم دێ و بەلاسایی کردنەوەی رۆڵی ئەوانەی دەوروبەری دەست پێدەکات، وەکو دایك و باوك و خوشك و برا، وە بەفێربوونی رۆڵە بۆماوەییەکان تێدەپەری وەکو" نێر و مێ و تەمەن ورۆڵ و منداڵ و هەرزەکار و گەنج و پیر"بە بەدەستهێنانی ئەو رۆلانە کوتایی دی کە لە ناو گرووپی هاورێکانی و قوتابخانەییەکانی دەیگێرێ، هەموو ئەمانە لەلای ئەو ئەزموونیکی کۆمەڵایەتی سەرەتایەکە لە بوونیادنانی دەروون و کەسایەتیدا یارمەتی دەدا ئەمەش رەگەزی دووەمە "پسپۆرییە رۆڵییەکان".

رەگەزی سێیەم ئاراستەکردنی کلتوورییە کە کۆمەڵێك بەهای ئاکاری و ئەدەبی دەگرێتە خۆی و پەیبردن و بیر و باوەر و کردارەکانی پاك وخاوێن دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو جۆرە رەفتار و هەڵس و کەوتانەدا بگونجی کە لە رووی کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە پەسەند و باوەرهێنان بەوەی کە چ شتێك رێگە پێدراوە و پەسندە یا رەتکراوەیە،کەواتە بەو شێوەیە هەڵس وکەوتی رۆژانەی تاك هەڵدەسەنگێنێ، نەك هەر ئەوە بەڵکو دەشیخاتە روو کە چ شتێك نێگەتیڤ و پۆزەتیڤە چ شتێك هەڵەیە و چ شتێك راستە، بەلام رەگەزی پێکهاتەی رەگەزی چوارەم دەروونە کە رەنگدانەوەی کاریگەریەکانی سی رەگەزی پێشوو بەرجەستە دەکا، واتا بەرئەنجامی کاریگەری پاڵنەرەکان و مومارەسەکردنی رۆڵەکان و ئاراستە کلتوورییەکان.

بۆ زیاتر روونکردنەوە ئاماژە بـەوە دەدەیـن کـە زانایـانی دەروونناسـی کاریگـەری مێـژووی تەندروستی "جەستە، عەقڵ، دەروون"ی تاکیـان بەسـەر رەگـەزە پێکهاتوییـەکانی کەسـایەتیدا فەرامۆش نەکردووە، واتا ئەگەر تەندروستی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی تـاك لاواز بـوو ئـەوە کاریگـەری بەسـەر چـالاکی پاڵنـەرەکان و مومارەسـەکردنی رۆڵـەکان و پابەنـدبوون بەئاراسـتە کلتووری و مەعنەوییەکانی دەروندا دەبێ؟ کە بەخامۆشی و بێ کارای دەیهێڵێتەوە...




ئەم نەخشەیە کاریگەری کۆمەڵگا لە بوونیادنانی کەسـایەتی تاکـدا روون دەکاتـەوە ئـەو شێوەیە لە کتێبی کۆمەڵناسی "جاتپان ترز"ەوە وەرگیراوە ل ١٣٨.

بەلاّم ئەگەر تەندروستییەکی باشی هەبوو ئەوە رەگـەزەکانی بوونیـادی کەسـایەتی چـالاك دەبن، وەئەگەر تاك ئەزموونیکی کۆمەلاّیەتی کاملّی لەلاهەبوو _دەولّەمەند بـوو بەئەزموونـە کۆمەلاّیەتیکان_ ئەوە کاردەکاتە سەر جولاّندنی رەگەزەکانی بوونیادی کەسایەتی،بەلاّم ئەگـەر ئەو ئەزموونە نەگەییوو ناکاملّ بوو ئەوە رەگەزەکانی بوونیادەکانی کەسایەتی کـپ و ناچـالاك دەبێ و هـەڵس وکەوتەکانیـشی سـانا و پـەراوێزی و رووکـەش دەبـن، لەدەرئەنجامـدا بۆمـان دەردەکەوی کە رەگەزەکانی بوونیادی کەسایەتی تاك بـەدوو هۆکـاری سـەرەکی کاریگـەرن: -



مێـژووی تەندروسـتی "جەسـتەیی و عـەقلّی و دەروونـی"وە جـۆر و چـەندایەتی ئـەزموونی کۆمەلاّیەتی، بروانە وێنەی ژمارە "١"ئەوەی شیمان کردۆتەوە زیاتر روونی دەکاتەوە.

لە راستیدا ئەو وێنە و کردارانە قۆناغە سەرەکیکانی پێگەیاندنی کەسایەتی تاك بەرجەستە دەکەن کە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە ئەویش لەرووی پلـەوە نـەك جـۆر، منداڵ لە تەمەنی سێ سالاّندا رەگەزەکانی بوونیادی کەسایەتی وەکو پێگەیاندن بایۆلۆژییەکەی دەست بەپێگەیاندنو نەش و نما دەکات کە ماسولکەکانی جەستەی بەهێز دەبێ و بـالاّی راسـت دەبێتەوە و عەقلّیشی چالاك دەبێ. هەموو ئەوانە وا لـە جەسـتەی دەکـا کـە توانـای جولـّەوە ولاّمدانەوە و خوێندنەوەی هێماکان و بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی سەرەتایی هەبێ، ئەویش لە مومارەسەکردنی رۆڵە کۆمەلاّیەتێکـەی و تیکـەڵبوونی لەگـەڵ ئـەوانیتردا یارمـەتی دەدا، لێرەدا درك بەخودی خۆی دەکا و دەزانـی لـە کـارلێکردنی لەگـەڵ ئـەوانیتردا بـوونی هەیـە و رووخساری شێوەی خۆی بەرجەستە دەکا وەکو ئەوانیتر هەڵس وکەوت دەکـا، ئـەوەش رێگـای باوەر بەخۆبوونی بۆ فەراهەم دەکا.

بەلاّم ئەگەر لەلایەن ئەوانیترەوە وێنەیەکی ناشرینی پێدرا و بووە جێگای گاڵتە و قەشمـەری پێکردن، ئەوە توانای باوەربەخۆبوونی لاواز دەبـی و پێویـستە لـە بیرمـان نەچـی کـە هـەموو پاڵنەرەکانی منداڵ لەم قۆناغە بایۆلۆژییەدا دروست دەبی، واتا پەیوەستە بەخواردن و چاودێری و پاراستن و سۆز و خۆشەویستی، ئاراستە کلتوورییەکان هیچ کاریگەرییـەکیان بەسـەر هـەڵس وکەوتیەوە نییە، بۆ ئەوەی دواتر لە ژیانی تایبەتی خۆیدا هیچ گرفتێکی بۆ پێك نەهێنی، بەلاّم ئـەوەش مانـای ئـەوە نییـە هـیچ بەربەسـت و قەدەغەکارییـەکی لەبەردەمـدا نییـە، بـەڵکو قەدەغەکاری و رێگەپێدراوە سەرەکی و ئەساسییەکان لەلایەن دایك و باوکیەوە فێر دەکـرێ بـۆ ئەوەی ببێتە یەکەم تۆوی کلتووری لە کەسایەتییدا، لە قۆناغی دووەمدا کـە بەتەمـەنی چـوار سالّی دەست پیدەکا و بەتەمەنی حەوت سالاّن کۆتایی دێ، لێرەدا رەگەزە کلتوورییەکان زۆرتـر و قوڵتر و فراوانتر دەبن، لەگەڵێشیدا توانا جەستەییەکانی فراوان دەبی و هـەردووکیان پێکـەوە توانای وەرگرتنی پتەو دەکەن، چـالاکی ماسـولکەکانی لـە جولّەکانیـدا بەشـێوەیەکی گونجـاو ئازادی بۆ فەراهەم دەکەن، دواتر چەند گۆرانکارییەکی جەستەی وەردەگرن کە بە رۆڵـی خۆیـان پێگەیانـدن بـەتواناکانی دەدا لـە مومارەسـەکردنی رۆڵـەکانی و هانـدانی لەگـەڕان بـەدوای پاڵنەرەکان و گرنگیدان بەئاراسـتە کلتوورییـەکان، هـەموو ئەمانـە کـار لەسـەر پێگەیانـدنی دەروونی مرۆڤ دەکەن و لەگێڕانی ئەو چـەند رۆڵـەی کۆمـەڵگا بـچووکەکەی و بەدەسـتهێنانی

پێوەرە بیر و باوەڕەکانی یارمەتی دەدا، راڤەکردنی ئەو ئاراستە کلتوورییانەی کە دەربارەی شیکردنەوە رەوشتیەکان زیاتر بۆی ئاشکرابوون کە پێشتر لە ژیانیاندا لێڵ بوون.

بەلاّم قۆناغی سێیەم بەتەمەنی هەشت ساڵی دەست پیدەکا و لە تەمەنی چواردە ساڵی کۆتایی دێ، ئەوەش قۆناغی هەرزەکاری بەرجەستە دەکا کە بەسەر گۆرانکاریە جەستەییەکاندا لە رووی جینی هارمۆنیەوە شکاوەتەوە، لەبەرئەوە بەجیاوازی جۆری رەگەز "نێر، می" جیاواز دەبێ، بەلاّم چەمکی دەروون لە حاڵەتی کامڵبوون نزیکتر دەبێتەوە.

قۆناغی چوارەم  قۆناغی کامڵبوون بەرجەستە دەکات کە تیایدا پاڵنەرەکان و رووخسارێکی پێگەیشتوو وەردەگرن و ئەزموونە کۆمەلاّیەتییەکەی رووخسارێکی جوان و کامڵی دەبێ[٧]. بەر لە بەجێهێشتنی ئەم راڤە دەروونی کومەلاّیەتییە چارەسەرێکی بابەتی ئەزموونی کۆمەلاّیەتی دەخەینەروو و بەگوێرەی نووسینەکانی "لورنس کولیر" لە وێنەی ژمارە "2 " کە تیایدا دەڵێ تاك لەئەزموونە کۆمەلاّیەتییەکەی خویدا پێوەر و یاسا باوەکان لەلایەن خەڵکەوە بەدەست دەهێنی، بەشێوەیەکی سەرەکیش زانیاری کۆمەلاّیەتی تاك کە پیی دەڵێ "پەسندکردنی کۆمەلاّیەتی" کۆلێر سێ ئاست بۆ پەسندکردنی کۆمەلاّیەتی دیاری کردووە کە ئەمانەن:-

**١ - *قۆناغی پێش پەسندکردنی کۆمەلاّیەتی:*** کە تیایدا منداڵ توانای بەدەستهێنانی سەلیقەی هەیە لە مومارەسەکردنی ئەو رۆلاّنەی پێیانەوە پابەندە کە بەشێوەیەکی تەواو لە ئەندامانی خێزانەکەویەوە فێری دەبێ، بەلاّم نازانێ و ناتوانێ تێبگا بۆچی بەو هەڵس و کەوتانە هەڵبسێ کە دایك وباوکی بۆیان دیاری کردووە کە لە ترسی سزایان بۆ بەدەستهێنانی رازیبوونیان جێبەجێ دەکا.

**٢ - *قۆناغی پەسندکردنی کۆمەلاّیەتی:*-** لێرەدا منداڵ گەر بیەوی هەڵس وکەوتێك بکا بیرورِا و حوکمی ئەوانی بەگرنگیەوە لەبەرچاو دەگری، واتا بەهەڵس وکەوت و رەوشتێك هەڵناسی ئەگەر بەدڵی دایك و باوکی و خوشك و برا و نزیکەکانی نەبێ، بەڵکو هەڵس وکەوتێك ئەنجام دەدا کە بەگوێرەی پێشبینی و حوکمەکانیان بی بۆ دەستەبەرکردنی رازیبوونیان و دانپیانانیان بەرەوشتی ئەو  کاتێك ئەمە بەدەست دەهێنی درك بەوە دەکا کە ئەوەی پیێ هەڵدەسێ هەڵس و کەوتێکی پەسندە و پێچەوانەکەشی هەڵس و کەوتێکی هەڵەیە، چونکە لەلایەن ئەوانیترەوە ناپەسندە، واتا درك بەرەوشتە پەسند و ناپەسندە کۆمەلاّیەتیکان دەکا.

**٣- *دوای پەسندکردنی کۆمەلاّیەتی:*-** لەم قۆناغەدا منداڵ بەشێویەکی دەرککراوەکە (مطرد) لەدەوروبەرە خێزانەکەی دووردەکەوێتەوە و تێکەڵی تاکەکانی دەرەوەی خێزانەکەی دەبێ (هاوری و هاوەڵ)ئەوەش بۆ سەربارکردنی ئەزموونی پەیوەندی و کارلێکی نوێ لەگەڵ ئەو



ئەزموونانەی کە لە ئەندامانی خێزانەکەیەوە بەدەستی هێناوە، لێرەدا دەست دەکا بە دامەزراندنی بنەما گشتییەکانی کاروبارە مرۆیی و رەوشتیەکان بەتایبەت ئەو شتانەی کە تایبەتن بەدادپەروەری و مافی یەکسانی، هەر لەم کاتەدا پێوەرەکانی کەسایەتی و شێوازەکانی بیانوی رەوشتی بۆ کردارە کۆمەلاّیەتیکانی لەلادروست دەبێ، واتا بەدوای پێوەرەی تایبەتدا دەگەری کە دوورە لەو پێوەرە پەسندکراوە کۆمەلاّیەتییانەی کە لەرێگای خێزانەوە بەدەستی هێنابوو،ئەم بەدەستهێنانەش بۆ رازیکردنی خێزانەکەی و چاکردنی هەڵس و کەوتی بووە، لەم قۆناغەدا دەیەوی لە بوونیادنانی ئەزموونی کۆمەلاّیەتیدا پشت بەخودی خۆی ببەستی کە لە پەیوەندی و تێکەڵبوونەکان لەگەڵ ئەندامانی دەرەوەی خێزانەکەی رەنگ دەداتەوە.[٨]

لە ژێر تیشکی ئەوەی پێشکەشمان کرد دەتوانین بڵێین کەسایەتی تاك بەچاودێری پێگەیاندنی کۆمەلاّیەتی لەناو منداڵدانی کۆمەڵگادا پێگەیاندن دەکا، بەلاّم بەتەنها کۆمەڵگا بەس نییە بۆ پێگەیاندنی تاك، بەڵکو مێژووی تەندروستیش هەڵدەستی بەدیاریکردنی رووخساری گشتی جەستەو تێرکردنی تەندروستی و جوانی و ناشرینی و هاوسەنگی و چالاکییە عەقڵی و جەستەییەکان.

دواتر ئەزموونی کۆمەلاّیەتی تاك دێ لە پێکهێنانی چەمکێکی تایبەت بەدەروونی مرۆیی کە بەرۆڵی خۆی کاریگەری بەسەر رەوشتی دەرەکییەوە دەبێ بەرامبەر خەڵکی و بەهۆیەوە بەدوای ئەو پاڵنەرانەدا دەگەرێ کە چالاکیکانی بەرەو ئاراستەیەکی دیاری کراو دەجولێنی و لە مومارەسەکردنی ئەو رۆلاّنەی کە پێوەی پابەندە پێگەیاندن بەلێهاتووی دەدا، دواتر ئاراستە کلتوورییەکان پەسندە یا ناپەسندە و ئەو شتەی رێگە پێدراوە یان نا بەشداریکی بەرچاو دەکا، واتا رێگای گەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو یا هەستان بەکارێکی کۆمەلاّیەتی دیاری کراو لەلای تاك دیاری دەکا، بەلاّم بارودۆخی ئەو کەسە کە ئەزموونە کۆمەلاّیەتییەکەی ناکامڵ و پێنەگەییوە چۆن دەبێ ؟

بەلاّم ئەمانە مانای ئەوە نییە کە ملکەچبوونی بۆ پاڵنەرەکانی و مومارەسەکردنی رۆڵەکان و ئاراستە کلتوورییەکان سادە و رووکەش بووە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دەروونێکی ساوێلکە و ئەزموونیکی کۆمەلاّیەتی کامڵ بەرهەم ناهێنی، واتا دەبێتە بازنەیەکی بەتاڵ تەنها ئەگەر گۆرانێکی گشتی لە پێکهاتەکانی کەسایەتی تاکدا بێتەدی بۆ دامەزراندنی بنەمای رەوشتی و پێوەر و بەهای تایبەت بەخۆی، واتا لە کۆمەڵگاکەی هەڵبگەرێتەوە،ئەو کاتە ئەزموونیکی کۆمەلاّیەتی نۆیی ناسادە بەدەست دەهێنێ کە رەنگە بۆی تازە بێ، ئەوەش

وادەکـا تـاك کەسـایەتیکی پێـشکەوتوو و پێگەیـشتووی هـەبێ، بـەلاّم نرخێکـی گـەورەی دەوی،چونکە داوای وازهێنان لە زۆربەی ئەو شتانە دەکا کە لـەلای دروست بـوون بـۆ ئـەوەی رگەزی نوی جێگای بگرێتەوە لە دەوروبەرە کۆمەلاّیەتییە نوێیەکەیدا نەك ئەو کۆمەلگایەی کە لیێ ژیاوە، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بەعەقلّێکی زیرەك وبیرکردنەوەیـەکی بـوێر و پالّنـەرێکی ئامانج فراوانە.

لە کۆتاییدا هەریەك لە "بیاجە و ئرکسۆن و کۆلبریك "دیراساتی قۆناغیان بۆ لێکۆلّینەوەی کەسایەتی تاك پێشکەش کردووە "بیاجە" چوار قۆناغی زیرەکی پێشکەش کردووە کـە بـەدوو سالّی یەکەمی تەمەنی منداڵی دەست پێدەکاو بە قۆناغی هەرزەکاری کۆتایی دێ واتا کۆتایی شانزە سالّی کەناوی لێناوە "پرۆسەی کەڵەکەبوون "کە تیایدا کارلێکی کۆمەلاّیەتی هەڵدەستی بەپێگەیانـدنپێکردنی کەسـایەتی ئـەو منداڵـەی کـە کاریگـەرە بـەجۆری ئـەو کلتـوورە کۆمەلاّیەتییەی کە تیایدا دەژی و ناشتوانێ بە هیچ قوناغێك لەو چوار قۆناغانە هەڵبسی.

بەلاّم "ئەرکسۆن" هەشت قۆناغی بۆ پێگەیانـدنی کەسـایەتی تـاکی پێـشکەش کـردووە، بەوپێیەی پێگەیاندن و پێشکەوتنی کەسایەتی لە هەموو ئەو قۆناغانەی کە پێیدا تێدەپـەری و تیایـدا دەژی روودەدا، واتـا رووخـساری پێگەیانـدنی قۆناغێـك جیـاوازە لـە قۆنـاغی دووەم، هەروەها لە شێواز و گیروگرفت و قەیرانەکانـدا جیـاوازن، ئەرکـسۆن لـە جـەختکردنی لەسـەر کارایی کارلێکی کۆمەلاّیەتی لە پێگەیاندنسەندنی کەسایەتی تاکدا لە " بیاجە" دەچی.

لە کۆتایدا " کۆلبریك" شەش قۆناغی بـۆ گەشەسـەندنی کەسـایەتی تـاك دیـاریکردووە بەجیاکردنـەوەی نێـوان کەسـایەتی پیـاو و کەسـایەتی ژن، لـە کەسـایەتی یەکەمـدا پیـاو بەهاوکۆنترۆڵ و رەوشتی و ئەدەبی و بنـەمای سـزا و پاداشـت و دادپـەروەری و مـافی مـرۆڤ و شـکۆداری بـەکاردەهێنی، بـەلاّم کەسـایەتی دووەم (کەسـایەتی ژن) لـە رێگـای کـارلێکی کۆمەلاّیەتی و پابەندبوونی زیاتر لە پیاو بەبەها بەکۆنترۆڵە ئاکارییەکان گەشە دەکا.[(٩)]

بابەتێك هەیە کە دەمەوێ باسی بکەم، پەیوەندی منی کۆمەلاّیەتی و "کە ناوی منایەتی کۆمەلاّیەتیم لێناوە " خودی تاکییە لەلای تاك بەگوێرەی پێك گەیشتنیان و جیابوونـەوەیان و رێککەوتنیان، تاکو خوێنەر لە گۆشەنیگای کۆمەلّناسییەوە ئاگادار بێ لە بزاوتی رەفتاری تاك لەناو کۆمەلگاکەیدا.



**و- وابەستەبوونێکی گونجاو لە نێوان خود و منایەتی کۆمەلاّیەتی لەلای تاك:**

لەمەودوا چەمکی ئەزموونی کۆمەلاّیەتی بەکاردێنم بۆ روونکردنـەوەی وابەسـتەی گونجـاو لـەنێوان خـودی تـاك و منایـەتی کۆمەلاّیەتیـدا، مەبەستیـشم لەئـەزموونی کۆمەلاّیـەتی بەرەئـەنجامی کارلێکـە کۆمەلاّیەتییـەکانی تـاك و مومارەسـەکردنی هـەلّس و کەوتـەکانی و ئاراسـتە فیکرییـەکانی و دیـدگا تێوەرییـەکانێتی بـۆ هەلّوێـست و رووداوەکـان لـە مـاوەی قۆناغەکانی تەمەنی، کەواتـە ئـەم بەرئەنجامـە پـێش وەختانـە لـە تێکـەلّبوون و گـوزەران و بیرکردنەوەکانی "نێگـەتیڤ و پـوزەتیڤ" بـۆ ئـەو رووداو و دیـاردە و گیروگرفتانـەی کـە لـە دەوروبەرە کۆمەلاّیەتییەکەیەوە سەرهەڵدەدەن، ئەم بەرئەنجامە پێشوەختانە دواتـر لـەلای ئـەو راستییە کۆمەلاّیەتییانە بەرجەسـتە دەکـا کـە لـە رووی مەیدانییـەوە لـە ژیـانی رۆژانەیـدا دەسەلمێنری، بەلاّم لە رووی چەندایەتی و جۆرایەتییەوە لەگەلّ پێشکەوتنی تەمەنیـدا وابەسـتە نەبوون، چونکە واشیاوە لەگەلّ چونە ناو تەمەنەوە ئەزموونیکی کۆمەلاّیەتی وابەدەست بهـێنێ کە لەگەلّ تەمەنیدا گونجانێکی پێچەوانەی هەبێ یا جۆرایەتییەکەی رووکەشی بێ.

بەلاّم سەرەتای بوونیادنانەکەی لەمانگی یەکەمی لەدایکبوونی تاکەکەوە دەست پێ دەکا و بەمردنی کۆتایی دێ، کە هەرچەندە لەگەلّ ئەوانیتردا بژی زیاتر پێگەیاندنی و پەرەسەندنەکەی بەردەوام دەبێ، تیبینی دیاردە باوەکانی دەوری خۆی لە دەوروبـەرە کۆمەلاّیەتیکـەی بەدەسـت دەهێنی یا دەچێتە قۆلاّیی ململانییەکانەوە و فێر دەبێ کـە چـۆن خـۆی لـە هەرەسـهێنانەکان دوور بخاتەوە و لە سەرکەوتن نزیك ببێتەوە.

لە ئەنجامی ئەم ململانێ و تێبینییانەیدا کە بۆتە سەنگی مەحەکی کۆمەلاّیەتی، فێر دەبێ کە چۆن هەندی جار عەقلّی بەکار بهێنی و هەنـدی جـاریش هەسـتەکان، کەچـی هەنـدێ جـار لاسایی ئەوانیتر دەکاتەوە بەبی بـەکارهێنانی عـەقلّی خـۆی، بـەلاّم هەنـدی جـار کاتێـك لـە ئەزموونێکی تایبەتدا دەژی هەست و عـەقلّی پێکەوە بەکار دەهێنی.

لێرەدا چەندین پەیوەندی و هەلّویست و رووداو هەن کە تـاك بەبـەکارهێنانی بەرئـەنجام و سەرئەنجامەکانی عەقلّی خۆی رووبـەروویان دەبێتـەوە، ئەمـەش لـە دامـەزراوە رەسمییـەکان و زانکـۆ، کۆلێـژ، کارگـە و کۆمپانیـا، نووسـینگە حکومییـەکان، نەخۆشـخانە و دادگاکـان، بوارەکـانی رکابـەری ئـازاد روودەدا،وەکـو وەرزش و یانـەکان، واتـا گـۆڕاوە خـودی و کۆمەلاّیەتییەکان دەستی تێوەرنادەن بەو ئاستەی کە عەقلّی دەستی تێـوەردەدا، ئەگـەر ئـەوە رووبدا ئەوە رووبەڕووبوونەوەکەی هەرەس دەهێنی و بەرئەنجامەکانیشی دژی هەڵدەگەرێتەوە.

چەندین هەڵوێست و رووداو و پەیوەندی تر هەن کەتاك بۆ تێرکردنی خواستەکانی بـەخودی خۆی رووبەڕوویان دەبێتەوە, کە بەرەو رووی ئەو دەڕوا بە گوێرەی ئاراستـەکانی خـودی خـۆی, ئەم جۆرە رووبەڕوو بوونەوەیەش لە کۆمەڵگا پیشەسازی و شارستانییەکان زیاتر هـەن وەك لـە کۆمەڵگا لادیی و سەرەتاییەکان وە بـە تایبـەتی لـەژیانی رۆژانـەی گـشتی دا نـەك لـە نـاو دامەزراوە رەسمییەکاندا واتا هەندی هەڵسوکەوت دەکـا، کـە زیـاتر رەنگدانـەوەی تاکایـەتی و پاڵنەرە کەسایەتییەکانیەتی نەك پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان.

***ئەم خشتەیەم لە کتێبی کۆمەڵناسی ریچەرد واڵس و وێندی واڵس وەرگرتووە(ل ٨٥)***

| تەمەن | پیاجە قۆناغەکانی ژیری | ئێرکسن وقۆناغەکانی کەسایەتی | کۆهیلێرك و قۆناغە رەوشتیەکانی نێر | جیلکان و قۆناغە رەوشتیەکانی مێ |
|---|---|---|---|---|
| یەك ساڵ | منداڵ تێدەگا کە جەستەی جیایە لەدەوروبەری | گەشەسەندنی تواناکانی پەیبردن دروستبوونی پەیوەندی نێوان منداڵەکە و خێزانەکەی | ترس لەسزا | ترس لەسزا |
| دووساڵ | ـــــــ | گەشەسەندنێکی هەست پێکراو لەتواناکاندا | ـــــــ | ـــــــ |
| سێ ساڵ | ـــــــ | ـــــــ | بەچاوی گرینگییەوە لەپاداشتە چاورەوانکراوەکان دەروانی | بەچاوی گرینگییەوە لەپاداشتە چاورەوانکراوەکان دەروانی |
| چوار ساڵ | منداڵ لەهێماکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | منداڵە لێرەدا لەپراکتیزەکردنی چالاکییەکانی پشت بەخۆستنی گەشەدەکا | لێرەدا سزا و پاداشت پێویست نییە | لێرەدا سزا و پاداشت پێویست نییە |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | تێدەگا | | | |
| حەوت ساڵ | دەست دەکا بە تێفکرین لەبوارە ناکۆمەڵایەتییەکان | ڕادەهێنری لەگەشەسەندنی توانای ئاشکراکردنی هۆکاری بوونی شتەکان | پابەندەیکی گشتگیر بەسیستەم و یاساکان | پابەندەیکی گشتگیر بەسیستەم و یاساکان |
| دوانزە ساڵ | ـــــــ | تاك توانای ناسینی خۆی و دەوروبەرەکەی گەشەدەدەکا | پەی بردن بەوەی کە چ شتێك هەڵەیە وچ شتێك راستە و جیاکردنەوەی یاسا گشتییەکان | پەی بردن بەوەی کە چ شتێك هەڵەیە و چ شتێك راستە و جیاکردنەوەی یاسا گشتییەکان |
| شانزە ساڵ | سیستەمە رووتەکان لە بیری لۆژیك و بیرکاری فێردەبێ | ـــــــ | ـــــــ | ـــــــ |
| هەژدە ساڵ | ـــــــ | توانای لە ئەنجامدانی مەترسی و سەرکێشی لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ هاورێکانیدا گەشەدەکا | چەکەرکردنی بنەما گشتییەکانی دادپەروەری و مافی مرۆڤ | بنەماکانی پاراستنی خۆی لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانیتردا دیاری دەکا. |
| بیست وپێنج ساڵ | ـــــــ | توانای ناسینی جیهانی دەرەوەی گەشەدەدەکا | ـــــــ | ـــــــ |
| شەست وپێنج ساڵ | ـــــــ | توانای تایبەت بەلێهاتوویی و رازیبوونی بەژیانی گەشەدەدەکا. | | |

هەروەها لێرەدا چەندین پەیوەندی و هەڵوێست و رووداو هەن کەتاك بە فەرمانی منایەتی کۆمەڵایەتی رووبەڕوویان دەبێتەوە بۆ ئەوەی حوکمەکانی خۆی بەرجەستە بکا و هاوشێوەی ئەو وێنەیە بێ کە ئەوان بۆیان کێشاوە ئەم بارودۆخە لە کۆمەڵگا لادیی و سەرەتاییەکان زیاتر لە پیشەسازی و شارستانییەکان هەیە, چونکە خودی تاکی سەرەتایی لەرەفتار و بیرکردنەوەکانی خۆیدا هیچ رۆڵێکی نییە, بەڵکو تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی حوکمی ئەوانیتر ڕۆڵی سەرەکییان هەیە (هاوڕێ و خزم و کەس و کارەکان)لەبەر ئەوە بەدوای حوکمەکانی ئەوان دا دەڕوا لەترسی نەفرەتی کۆمەڵایەتییان و ناوزرانی نێگەتیڤ و ناشرین لەپلە و پێگەی کۆمەڵایەتی لەق دەکا هەروەها لەجێبەجێکردنی هەڵوێستێکی دیاریکراو و جێگیرکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یان لە دەرکردنی بڕیارێکدا عەقڵ و خود هیچ دەسەڵاتێکیان نییە.

لەوەی پێشکەشمان کرد تێگەیشتین کەکاریگەری پێشینەیی لە هەڵس و کەوتی تاك لەدیاری کردنی کارێگەری عەقڵ یاخود منی کۆمەڵایەتی بەسەر کرداره کۆمەڵایەتییکاندا یەکەمجار ملکەچی ئەو کۆمەڵگایە دەبی کە تێیدا دەژی. دووەم جۆری ئەو دامەزراوەییەی کە کاری تیادا دەکا، لەو چوارچێوەیەدا دەتوانم ئاماژە بەوە بدەم کە تاك ئەزموونی کۆمەڵایەتی لە بیر ناچێتەوە، بەڵکو کاتێك کەرووداوێك روودەدا بەبیری دێتەوە یا رووبەڕووی هەڵوێستێکی دەبێتەوە کە هاوشێوەی ئەو هەڵوێستەیە کە ئەزموونەکەی لێوەی وەرگرتووە، یا لە کاتی قسەکردنی لەگەڵ ئەوانیتردا ئاماژەی پێدەدا یاله هەڵوێستێکی هاوشێوەیدا ئامۆژگارییان دەکا کە رەنگە رووبەڕووی ببنەوە.

بەلاّم گرنگی ئەزموون دەوەستێتەوە سەر قوڵی منایەتی کۆمەڵایەتی و دووبارەبوونەوەی ئەزموونەکە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا کە ئەگەر بەرئەنجامی رووداوێکی لە ناکاو بوو ئەوە ئاگادارییەکی لی وەرگرتووە و زیاتر لە جارێکیش بەیادی هاتۆتەوە، بەلاّم لە ئەزموونە هەرەس و هاوردۆکان لە پراکتیزەکردنی هەڵس و کەوتێکی دیاریکراو یا چارەسەرکردنی هەڵوێستێك یا شەرمەزارێکان لە هەندی بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا کە هیچ پێشینەیەکی نییە یا لە رووبەرووبونەوەی روداوێکی ناخۆش یا نامۆ یا نوێ لەگەڵ ئەزموونی رابردوودا ئەوە لە منایەتی کۆمەڵایەتیدا دەچەسپی، ئەگەر پێشبینی رووداوێکی کرد ئەوە پێشتر ئەزموونی لێ وەرگرتووە، چونکە ئامادەیە بۆ هاتنی یا روودانی، وەئەگەر ئەزموونەکەی بەرئەنجامی هەڵس و



کەوتێکی رێك و پێك بوو کە رۆژانە پێی هەڵساوە ئەوە دووبارەبوونەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام شێوە و ناوەرۆکی لە منایەتی کۆمەڵایەتیدا دەچەسپێ.

بەڵام لە کاتی دەرکەوتنی ئەزموونیك لە رووداوێکەوە کە تاکەکە پێشبینی روودانی نەکردووە، ئەوەش شوێنەوارەکەی بەسەر لاپەرەکانی منایەتیدا دەمێنێتەوە و تاو نا تاوێك دەگەرێتەوە، هەموو ئەو نموونە ئەزموونیانە چوارچێوەیەکی گەڕاوەیان هەیە کە گەڕانەوەی لە کاتی پێویستدا یا لە کاتی رووداوێك کە پێویستی گەڕانەوەی بکا دەبێ یاکاتێك بیرکردنەوەکانی لە رووبەڕووبونەوە یا شیکردنەوەی کێشەیەکی دیاریکراو دەوەستی بۆ ئەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەزموونێکی گرنگ بەرجەستە بکا.

لە کۆتایی ئەم سەرنجە بەپەلەیەدا بۆمان دەردەکەوێ زانینی شتێك (ئەزموون وەرگرتنێك) لەسەرکەوتنی تاکەوە نایەت، بەڵکو لە رێگای کەوتن و هەرەسهێنانەکانییەوە بەدەست دێ، کەواتە هەرەسهێنان واتا ئەزموونێکی نا سەرکەوتوو لە لاوازی پێگەیەکی زانیاری بۆ ئاشکرا دەکات، لەهەمان کاتیشدا ئەزموونی نوێ دەخاتە سەر ئەزموونەکانی، بەلاّم دڵخۆشکەر نییە بۆ دووبارەبوونەوەی لە رابردوودا هانی نادا، هەرچەندە لایەنە باشەکانی ناسیووە، لێرەدا بەڵگە لەسەر چەند کەسێکی ئەم دیراسە سەرەکییە دەهێننەوە کە ئەمانەن: خود: پێشتر وتمان ئەزموونی کۆمەڵایەتی تاك لە رێگای تێکەڵبوون و پەیوەندی و هەڵس و کەوت و پێگە و ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتییانەی کە تیایدا دەژی و لەگەڵیان دەژی، درووست دەبێ، دواتر "منی تاکی خود" لە دایك دەبێ، بەلاّم ئەو پێکهاتانە لای هەموو تاکێك یەك نییە، بەڵکو شێوەی جیاواز وەردەگری وەك "رکابەری، بوێری، نەترسی، بەرزخوازی، ترس و دوودڵی و گومان و بی ئومێدی منەتکاری "ئەمانە لە رێگای جیناتە بۆ ماویەکانەوە لە باوك و باپیرانیانەوە بۆیان نامێنێتەوە،بەڵکو ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانە بۆی دروست دەکا کە لەگەڵی کارلێك دەکات، بۆ نموونە خێزان بەرزخوازی و بوێری و ترس لەلای تاك دروست دەکا کەچی قوتابخانە رکابەری و بەرزخوازی و باوەربەخۆبوونی لەلا دروست دەکا، بەلاّم گرووپیکی یاری وەفا و دڵسۆز و هاریکاری لەلا دروست دەکا،واتا مەبەست لە خودی تاکی پاڵنەرە رەمەکی و بایۆلۆژیەکان نین وەکو برسێتی و توێنێیەتی و سێکس، بەڵکو ئەو بیرو باوەرە تاکییانەن کە لەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەوە دروست بوون کە لە پێکهاتەکانەیاندا جیاوازن و لە شێوەی گشتیدا هاوشێوەن بۆ نموونە هەندی جار کەسێك دەبینین کە لە هەڵوێستێکی دیاری کراودا رکابەرە کەچی لە هەڵوێستێکی تردا دوودڵە، یا لە شوێنێك بوێرە لە شوێنێکی تر گومانکارە، واتا تاکێك نییە

که خودێکی تاکایەتی وای هەبێ لە هەموو تێکەڵبوون و پەیوەندی و هەڵوێست و ڕۆڵ و قۆناغە تەمەنیکانیدا یەك ڕووخساری بیروباروەری هەبی، من لەم بابەتەدا گۆرانی تەمەنی بە"بارۆمەتر"گەرم پێو" دەچوێنم کە ئەگەر تاك لەکەش و هەوایەکی کۆمەلآیەتی پر ڕووداو دیاردە و ململانێی کۆمەلآیەتیدا ژیابی ئەوە ئەزموونی کۆمەلآیەتی زیاد دەبێ، بەلآم ئەگەر لەکەش و هەوایەکی کۆمەلآیەتی دا ژیابێ کە ڕووداو دیاردە و ململانێی کۆمەلآیەتی تیایدا کەم بووبێ ئەوە ئەزموونی کۆمەلآیەتی کەم دەبێ.

بۆ نموونە ئەگەر منالێ بە گەنجێکی کامڵ بەراورد بکەین دیارە منالەکە ئەزموونیکی کۆمەلآیەتی کەمتری هەیە، ئەوەش بەهۆی کەمی تەمەن و کەمی ئەو ڕووداوە کۆمەلآیەتییانەی کە تیایاندا و لەگەڵیاندا ژیاوە، نەك هەر تەنها ئەمە بەڵکو ئەو تاکەی کە لە کۆمەڵگایەکی سەرەتایی دەژی و ئەزموونی کۆمەلآیەتی کەمترە لەو تاکەی کە لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و شارستانی دەژی، نەك تەنها بەهۆی ئەزموونەوە بەڵکو ئەو قۆناغ و پەرەسەندن و پێشکەوتنانەی کە کۆمەڵگاکەی بەخۆیەوە بینیوێتی و ئەو گواستنەوە و گۆڕانە کۆمەلآیەتی و تەکنیکە هەمە جۆرانەی کە کۆمەڵگاکەی دەیگرێتە خۆی، بەلآم لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا کەمن.

هەر چەندە ئەگەر ژمارەی گۆڕاوەکانی خودی تاکی زیاد بکا و زیاتر لە بارووdۆخێکی کۆمەلآیەتیدا دووبارە ببێتەوە ئەوە تاکەکە ڕووخسارێکی "طابع" تایبەت وەردەگری، بۆ نموونە ئەگەر تاك لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکیدا دوودڵییەکی هەمیشەیی هەبێ و لەکارپێکردنی پێگەکانیدا بەگوومان بوو، وە لەو پراکتیزەکردنی کۆمەلآیەتیدا ترسا یا لە ڕووبەڕووبونەوەی هەڵوێستەکاندا پاشەکشەی کرد ئەوە خودەکەی ڕووخسارێکی تایبەت وەردەگرێ کە جیاوازە لەو تاکەی کە حاڵەتی دووبەرەکی و بوێر و نەترسی لەلا دووبارە دەبێتەوە کە یەکەمیان وای لێ دێ هەڵس وکەوتەکانی پارێزگار بێ و ئەوەی تریش هاندرایبی، دروستبوونی خودی تاکەکان لە ڕووی شێوەوە یەك پێکهاتەن، بەلآم بەجیاوازی ژمارە و هەمەجۆری ئەوکارلێك و پەیوەندی و پێگە و ڕۆڵ و هەڵوێستیانەی کە لەگەڵیاندا دەژین جیاواز دەبی وە لەگەڵ دووبارەبوونەوە و تێپەربوونی قۆناغەکانی پێگەیاندنی تەمەندا خود لەسەر جۆرێکی تایبەت سەقامگیر دەبێ و ڕووخسارێکی تایبەت وەردەگرێ کە ڕۆژ بەرۆژ ڕوونتر دەبێتەوە و بەشێوەیەکی کارا کار لە منایەتییە کۆمەلآیەتییەکەی دەکا.



بەلآم چەمکی منایەتی کۆمەلآیەتی، ئێمە جیاوازی لە نێوان دوو جۆر دەکەین: یەکەم تایبەتە بەتاکێکی سەربەخۆ لە ڕووی کەسایەتییەوە وە لەهەڵس وکەوت و بیرکردنەوە و ئاراستەکانی پشت بەخۆی دەبەستی بەبی پشت بەستن بەیارمەتی و پشتگیری ئەوانیتر، ئەوە منایەتییەکەی بەسەر پەیوەندییەکی کۆمەلآیەتی چنراو دەشکێتەوە "بەکراوەیی و هاوسەنگی و قسە لە ڕوویی "وە پێگە کۆمەلآیەتییەکانی "کارا و چەقبەستوو و پرشنگدار و دیارە "هەروەها ڕۆڵە کۆمەلآیەتییەکانی بەچالاکی و درەوشاویەی و دڵسۆزی و کۆڵنەدان دەناسرێتەوە، بەلآم هەڵوێستە کۆمەلآیەتییەکانی بە هاوسەنگی و جێگیری و ڕوونی و گەشبینی وەسف دەکری کە ناوی لێنراوە "ئەزموونی بەدەستهێن"، جۆری دووەم منایەتی کۆمەلآیەتی لە پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکەیدا ڕووکەش و پچرپچر و شێوا و داخراو پشت بەستووە بەکەسانی تر، ئەوە پێگە کۆمەلآیەتییەکەشی ناوەندی و پەراوێزی و لاوەکی و کەمتەرخەمە، هەروەها ڕۆڵێکی کۆمەلآیەتی خامۆش و وەستاوە و ڕەشبینی هەیە، کەچی هەڵوێستێکی کۆمەلآیەتی هەڵگەراو و ڕووکەشی و شەرمەزار و بیانوکاری هەیە، چونکە لە هەڵوێست و بیرکردنەوە و ڕووبەڕووبونەوە و هەڵوێست و ڕووداوەکان پشت بەتاکەکانی تر دەبەستی جا چ بەهۆی پشت بەستنیان بێ یا لاساییکردنەوەیان بێ، واتا پشت بە ئەزموونی کەسی تر دەبەستی، بەلآم خودی خۆی "منی تاك "ترس و گومان و دوودڵی و بێ ئومێدی بەرجەستە دەکا کە ناونراوە، ئەزموونی وەرگر " بەپێچەوانەوە خودی "ئەزموون بەدەسهێن" کە ڕکابەری و بوێری و نەترسی و باوەر بەخۆبوون بەرجەستە دەکات.

لە دوای ئەم درێژە پێدانە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەبابەتی پێوانی ئەزموون بدەین کە ملکەچی پێوەرێکی یاسادار و دیاری کراو نییە، بەڵکو ملکەچی ڕەنگدانەوە کۆمەلآیەتییەکانە کە لە شێوەی چەندایەتی و جۆرایەتییەوە ئەزموون دەردەکەوی، ئەوەش لە ڕێگای خودی کەسەکەوە نا بەڵکو لە ڕێگای حوکمی ئەوانیترەوە: بۆ نموونە، کەسێکی جادوکەر، جادو وەکو پیشە بۆ دەستکەوت بەکار دەهێنی کە خاوەن ئەزموونە لە ئاشکراکردنی نهێنییەکان و نووسینی نوشتە، ئێمە بۆ ئەوەی سنووری ئەزموونی ئەو جادوکەرە لە ڕووی چەندایەتی و جۆرایەتییەوە بزانین دەبێ لە ڕێگای پێگە کۆمەلآیەتییەکەیەوە لە نێوان کۆمەڵگاکەی بزانین کە ئەگەرپێگەیەکی بەرزی هەبوو ئەوە مانای ئەوەیە کە خاوەن ئەزموونێکی بالآیە و گاڵتەی پیناکرێ و خەڵکی دان بەکارەکانیدا دەنێن، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

نموونەی دووەم: دەشی ئەزموونی دایك و باوك لە ڕێگای پەروەردەكردن و جۆری هەڵس و كەوتی منداڵەكانییەوە بزانری، ئەگەر هاتوو لەگەڵ بەهاكانی كۆمەڵگادا هاوشێوە و گونجاو بوو و مامەڵەت كردنیان لەگەڵ خەڵكیدا بەئەدەب بوون ئەوە ئاماژەیە بەوەی كە دایك و باوكەكە لە پەروەردەكردنی منداڵەكانیان بەئەزموون و سەركەوتوون "ئاماژەیەكی باڵایە لەسەر ئەزموونی بەمرۆییكردنی دایك و باوكە"پێچەوانەكەشی ڕاستە.

نموونەی سێیەم: نووسەرێكی ڕەخنەگری خاوەن ڕێبازی ڕەخنەی و كێشەی هەڵسەنگاندن كە هەڵدەستی بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەلێگرتنی بەرهەمی فیكری و ئەدەبی و هونەری داهێنەر و نووسەرە ئەدەبییەكان. بۆ ئەوەی بزانین كە ئایا ئەزموونیكی "قوڵ یا ڕووكەش، بوونیادنەر یا ڕووخێنەر"ی هەیە دەبێ پشت بەكاردانەوەی چارەسەر و ڕەخنەكانی ئەو ڕەخنەگرە ببەستن، هەروەها دەبێ پشت بە دانپیانانی ئەو كەسانە ببەستن كە جۆر و چۆنێتی ئەزموونە ڕەخنەییەكەی دیاری دەكەن، ئەگەر هاتوو حوكمەكانیان بەسەر ڕەخنەكانیدا شێوازێكی بابەتی و بوونیادنەر و ئاراستەكەری لەخۆ گرتبوو ئەوە پێگەیەكی بەرزی لە نێوانیاندا هەیە و ئاماژەیەكە بۆ ئەزموونە ڕەخنەیەكەی.

بەڵام ئەگەر ڕەخنەكەی بەشێوازێكی ڕووكەشی و خودی و ڕووخێنەر و ڕەخنە لە پێناو ڕەخنەدا وەسف كرا ئەوە ئاماژەیە بەزڕكی و ناكاملّی ئەزموونە ڕەخنەییەكەی و نزمی پێگەكەی لە نێوانیاندا "ئاماژە بەئەزموونی ڕەخنەییەكەی "

ئەو نموونانە حوكمی ئەوانیتر بەسەر ئەزموونی كەسێك لە بوارێكی دیاریكراودا ڕوون دەكاتەوە كە دەكرێ وەكو ئاماژیەك بۆچەندایەتی و چۆنایەتی و ئەو ئەزموونە بەكار بهێنری.

## شێوازی بەدەستهێنانی ئەزموون

ئەزموونی تاك ئەو كاتە  دەست بە خەملێن دەكات كە لەگەڵ خەڵكانی تردا كارلێك دەكا و چەند پێگەیەكی كۆمەڵایەتی دەبێت و سەربەكۆمەڵەی كۆمەڵایەتی فرەچەشن و جۆر دەبێ و پەیوەندی كۆمەڵایەتی لەگەڵ تاكەكانی دا دادەمەزرێنێت. تاك كە دەچێتە ناوچەند گرووپیكی كۆمەڵایەتییەوە بەگوێرەی قسەی "جارلس هرتن كولی "لەو گرووپانەوە چەمكی خۆشەویستی و دڵسۆزی و وەفا و دادپەروەری فێر دەبێ نەك لەسرووشتە مرۆییەكەی خۆیەوە  ئەمەش دوای مومارەسەكردنی كارلێكە كۆمەڵایەتییەكان لەگەڵ ئەندامانی ئەو گرووپانەی دەچێتە ناویان.



بۆ ڕوونكردنەوەی ئەو خاڵە ئەم نموونەیە دەهێنینەوە: پەیوەندی ماستاوچییەك یا خۆپەرستێك یا هەڵپەرستێك لەگەڵ خاوەن پێگەیەكی دەسەڵاتی باڵا و خاوەن سامانێكدا ڕەوشتێكی ماستاوچێتی و هەڵپەرستی و خۆپەرستی دەبێ، بەهۆی پاڵنەرە بەرژەوەندی و قازانجییەكانەوە لەگەڵ خاوەن پێگە و دەسەڵاتی كۆمەڵایەتی و ماددی و مومارەسەكردنی هەڵس و كەوتێكی ڕووكەشی و مەراییكەرانەیە لەگەڵیاندا، لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەو هەڵس و كەوتانە سەرباری لاوازبوونی پێگەی كۆمەڵایەتی و سستی تواناكانیان، ئەزموونێكی كۆمەڵایەتی لەماستاوچێتی و خۆپەرستی و هەڵپەرستی بەدەست دەهێنن كە لە ڕووی ماددییەوە قازانجی لێ دەكەن، بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە زیانی زۆریان پێ دەگەیێنی، كە هیچ پێگەیەكی كۆمەڵایەتی ڕێزداری لە نێوان خەڵكیدا نابێ.

ئەم دۆخە كۆمەڵایەتییە پێمان دەڵێ كە هەموو ئەزموونێكی كۆمەڵایەتی كە تاك بەدەستی دەهێنی هەمیشە بەروبوومێكی شیرین و پێگەییوی نابێ، بەڵكو هەندی جار تاڵ ونەگونجاوە بۆ تێركردنی كۆمەڵایەتی، ئەو نموونە ڕەوشتیانە ڕووییەكی ئەزموونی كۆمەڵایەتی بەرجەستە دەكا كە ڕێگا بەتاك نادا پێگەیەكی كۆمەڵایەتی ڕێزداری لە نێوان خەڵكیدا هەبێ ناوناتۆرەی ناحەزی بۆ دروست دەكری وەكو ماستاوچی و هەڵپەرست و خۆپەرست.

نموونەی دووم: ئەو كەسەی مامەڵەی باش لەگەڵ كەسێكی خراپەكار و فێڵ باز و چەپخون دا دەكا دەڵێم بەوریایی و هۆشیاری دیقەتەوە تێكەڵیان دەبێ، چونكە ئەو كەسە لەمامەڵە كردن لەگەڵ خراپەكار و فێڵ باز و چەپخون دا ئەزموون و پێشینەی هەیە و  ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، یا ڕۆژگارێك قوربانی ئەو حاڵەتە بووە و ئەزموونیكی پتەوی لێ وەرگرتووە كە ڕێگای پێنادا جارێكی تر دووبارە دەبێتەوە یا لە زیرەكی و هۆشیاری و زرنگی دا زۆر بەتوانایە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی كە ساوێلكەی كۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەزموونی كۆمەڵایەتیدا هەڵناكا وەگێلی فیكری لەگەلێدا ناگونجی، هەروەها فەرامۆشی هەڵس وكەوتیش لەگەلیدا ناروات.

نموونەی سێیەم: نازپێدراوێك "المدلل" لە پەروەردەی خێزانییدا بەقەد ئەو منداڵێكی بی ناز كەلە جێبەجێكردنی كاروبارەكانیدا پشت بەخۆی دەبەستی ئەزموونی كۆمەڵایەتی لەدایك و باوكیەوە وەرناگرێت. چونكە یەكەم لە جێبەجێكردنی كاروبارە پێداویستیكانیدا بەگەورەیی وبچوكی پشتی بە ئەوانیتر بەستووە، بەوەش ئەزموونیكی هەژاری لەكاروبار و كێشە و ڕووداوە كۆمەڵایەتییەكاندا دەبێ.

بۆ روونکردنەوەی ئەوەی پێشتر باسمان کرد شێوازی بەدەستهێنانی ئەزموونی تاك دابەشی سەر دوو جۆر دەکەین، یەکەم بەناوی شێوازی بەدەستهێن دووەم شێوازی وەرگر، یەکەم لە دەستپێشخەری و هەڵس وکەوت و رەوشت و بیرکردنەوەکانیدا ئەزموونیکی خودی سەربەخۆی هەیە و پشت بەیارمەتی ئەوانیتر نابەستێ، خاوەن ئەو شێوازە هەوڵی تاقی کردنەوەی ئەو شتانە دەدا کە زانیاری لەمەر ناوەرۆك و پێکهاتەکانیدا نییە، کە بەچەندین پاڵنەر هاندراوە وەکو: چێژ لە ئەزموونی نوێ یا قەدەغەبوون یا ئازار چێشتن یا هەژاری یا روحی سەرکێشی و خۆهەڵکێشان لەبەرامبەر ئەوانیتر وەردەگری، بۆ ئەوەی لە مومارەسەکردنی رەوشتێکی دیاری کراو دا یا رووبەڕوبوونەوەی هەڵوێستێکی تایبەت یا ئامانجێکی شەخسی دەستپێشخەری یەکەم بێ یا هەوڵدان بۆ کارێك لەگەڵ دەستپێشخەرەکەیدا بگونجی و تایبەتمەندییەکانی بناسێ و لە مامەڵەکردنی لەگەڵ گۆڕاوە تازەکاندا ئەزموونیك بەدەست بهێنی و بیرکردنەوەیەکی کردەیی و گونجاوی لە رووبەڕوبوونەوە و چارەسەرکردن و مڵکەچپێکردن هەبێ لە پێناو بەدەستهێنانی پاڵنەرەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان.

ئەشی لە کۆتایی هەندی رووبەروبونەوەدا هەرەس بهێنی بەوەش ئەزموونیکی کۆمەلایەتی نوێ دەچێتە ناو خەزێنەی ئەزموونەکانی بۆ ئەوەی پەنجەی پەشیمانی بگەزی و وانەیەکی کۆمەلایەتی واقیعی فێر ببی و لە دوارۆژیشدا خۆی و خەڵکی تریش سودی لی ببینن، ئەم جۆرە ئەزموونە ماندوکەرە، وە لە هەمان کاتیشدا چێژ بەخشە، ماندوکەرە چونکە سەرباری هەولێکی زۆر کەچی ئامانجە و خوازراوەکە نەهاتۆتە دی، چێژ بەخشە چونکە روویەکی تری رووداوێکی بۆ روون دەبێتەوە کە لە دەسپێشخەرێکەیدا حیسابی بۆ ئەستەمییەکانی نەکردووبوو.

لەلایەکی ترەوە سەرکەوتن و هەرەس هێنانەکانی لە رووبەروبوونەوەی هەڵوێستێك یا مومارەسەکردنی هەڵس وکەوتێکی دیاری کراودا هەندی بیروباوەر لە منایەتییە کۆمەلایەتییەکەیدا دروست دەبێ بەبێ ئەوەی پێویستی بە حوکمی کەس و کار و هاورێکانی لەسەر هەبێ(حوکمی ئەوانیتر لەسەری) لە هەمان کاتدا سەرکەوتن و هەرەسەکانی دەبنە سەنگێکی مەحەك بۆ راستێتی و وردی وێنا و حوکمەکانی ئەوانیتر لەسەری بەو جۆرە هەندی لایەنەکانی منایەتییە کۆمەلایەتییەکەی پێکهاتەیەکی گشتییانەی دەبێ (واتا دیدگایەکی هاوسەنگ و پر متمانە)، کە لە ژیانی کەسایەتی و خودیدا سەرچاوەی گرتووەوە و گەیشتۆتە ئاستی رازیبوون و باوەرکردن، پشت بەباوەری تایبەتی و دەستپێشخەری کەسایەتی خۆی



دەبەستێ کە بەرۆڵی خۆی و تۆوی باوەربەخۆبوون و سەرسام بوون بەئەزموون وتاقیکردنەوەکانی خۆی دەچێنی (هەندی جار لە باسکردنی دەسپێشخەرییەکانی خویدا لەبەرامبەر ئەوانی تردا زیادەرەوەی دەکا،ئەوەش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ بەرەوە کەمکردنەوەی گرنگی ئەزموونی ئەوانیتر و تاقی کردنەوەیان لە ژیانی کۆمەلایەتیدا پاڵی پێوە دەنێ).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە پەشیمانی و داخ و ئاە هەڵکێشان نابنە ئەزموونی کۆمەلایەتی لەلای تاك، بەڵکو لە بەدەستهێنانی ئەزموونیکی نوێ ئاگاداری دەکەنەوە کە لە دەرکەوتن و رووداونیدا جیاوازە واتا پەشیمانی و ئاە هەڵکێشان لە بری خۆلادانیان لە رووداني ئەو ئەزموونە هەرەس هاوردویەیە.

دوای ئەوە شێوازی دووەمی بەدەستهێنانی ئەزموونی کۆمەلایەتی روون دەکەینەوە، ئەوەش شێوازی وەرگرتنی ئەزموونە لەیەکێکی تر، کە دەوەستێتە سەر ئەوەی تاك لە دەستپێشخەری هەڵس وکەوت و بیرکردنەوەکانیدا پشت بە یەکێکی تر ببەستی، کە کارەکانیان لە قالب دەدا لە هەستانی بەئەزموونێکی خودی گوزارشت لە ئامانج و خواست و داواکانی بکا، واتا هەولدانێکی جیدی و دڵسۆزانە لەلای ئەو بوونی نییە، ئەوەش بۆ پەروەردەی خێزان و تەمەنی و"گروپە هاورێیەکەی" قوتابخانەییەکەی دەگەرێتەوە کە رووحی هەوڵ وکۆششی لەلا دروست نەکردووە بۆ ئەوەی رووحی رکابەری و باوەربەخۆبوونی لەلا دروست ببێ لەبەرامبەر ئەم نادیاردیەدا "غیاب" لە هەولدانی بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی خودی هەستی ترسی لەلا دروست دەبی، لەبەر ئەوە لە بواری رکابەری لەگەڵ ئەوانیتردا پاشەکشە دەکا و دەچێتە ریزی دووەم و سێیەمەوە، بۆ ئەوەی تێبینی ئەوە بکا کە ئەوانی بەرامبەری کێن و ببینی کە چۆن بەئامانجەکانی خۆیان گەیشتوون و خواستەکانی خۆیان بەدستهێناوە، دواتر تواناکانی خۆی لەگەڵ تواناکانی ئەواندا بەراورد دەکا و بەهۆی باوەر بەخۆنەبوون و ترسی لە هەرەسهێنان و لاوازی رووحی رکابەری ئەم رێگایانە دەگرێتە بەر:

١- بەکارێك هەڵدەستی یا رووبەڕووی هەڵوێستێك دەبێتەوە یا مومارەسەی هەڵس وکەوتێك دەکا کە پێشتر لەلایەن ئەوانیترەوە تاقی کراوەتەوە و تێیاسەرکەوتووبوون.

٢- داوا لە کەسێکی خاوەن ئەزموون دەکا بۆ ئەوەی لە جیبەجیکردنی کارێك یا روبەڕووبوونەوەی هەڵوێستێکی دیاری کراو یا مومارەسەکردنی هەڵس وکەوتێکی تایبەت یارمەتی بدا.

٣- یا داوا لەیەکێك لە خاوەن توانا و ئەزموونەکان دەکا کە لە بری ئەو کارێك بکەن یا رووبەڕووی هەڵس وکەوتێکی دیاری ببنەوە، لەبری ئەو کارەش پاداشتێکی ماددی یا مەعنەوییان دەداتی.

لەبەر ئەوە وێنەیەکی لەسەر منایەتی لەلا دروست دەبێ کە رەنگدانەوەی لاوازی و دوودڵی و گومانەکانییەتی، لەبەرامبەر ئەوەشدا باوەڕبەخۆبوونی لاواز دەبێ، ترسیشی لە رووبەڕووبوونەوەی هەڵویستەکاندا لەلا دروست دەبێ، کەوابوو هەوڵ دەدا بەدوای ئەو کەسانەدا بگەری کە خاوەن بوێری و ئەزموونی کاملن بۆ ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ ببەستی، بەهۆی سەرسامبوونی بەکار و بیروباوەر و دەستپێشخەرییەکانیان، لەبەرئەوە بەزمانی ئەوان قسە دەکا بە هۆی ناکاملی زمان رەوانی خۆی و لاساییان دەکاتەوە وە بەهۆی لاوازی پێگەکەی لە کۆمەڵگا ناخۆییەکاندا هەمیشە ناوی ئەوان دەهێنی.

وتمان بەشوێن پێی شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکانی تردا دەرواو و پشت بەبیرکردنەوەکانی ئەوان دەبەستێ و لاساییان دەکاتەوە، بەواتاییەکتر خودی وەرگر _المتكسب_ دەبێتە پاشکۆی منایەتی پێشەنگەکەی و لاسایی دەکاتەوە و پەیرەوی شوێنەوارەکانیان دەکا نەك پاشکۆییەکی منایەتی سەربەخۆکەی، لەبەر ئەوە یەکەم شت خودێکی دوودڵی دەبێ، ئەو سیفەتەی خودیش بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەم وێنە کۆمەڵایەتیانەدا یەکدەگری.پەیوەندی کۆمەڵایەتی رووکەش،چەند پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لاوەکی، رۆڵی کۆمەڵایەتی بی هێز، هەڵوێستی کۆمەڵایەتی هەڵگەراو، دووەم شت گومانەکەی بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەم وێنە کۆمەڵایەتییانەدا یەکدەگری: پەیوەندی کۆمەڵایەتی شێواو و پچراو، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی پەراوێزخراو، رۆڵێکی کۆمەڵایەتی بزر، هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی داڕووخاو، سێیەم شتیش خودە ترساوەکەی بەشێویەکی گونجاو لەگەڵ ئەم وێنە کۆمەڵایەتیاندا یەکدەگری: پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی شکاو، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی پەراوێزخراو "پێچەوانەی سەنتەریی چەقبەستوو" رۆڵێکی کۆمەڵایەتی خامۆش، هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی رووکەش، لە کۆتاییدا خودە رەشبینەکەی بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەم وێنە کۆمەڵایەتییانەدا یەکدەگرنەوە، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی داخراو بەسەر خودا، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی ناچالاك، رۆڵێکی کۆمەڵایەتی وەستاو، هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی بیانووکەر.

ئەو جۆرە کەسانە ئەزمونە کۆمەڵایەتییەکەیان رەنگدانەوەی تەمەنیان نییە، بەڵکو زۆر کەمترە، بەواتایەکیتر لە ئەزموونەدا مرۆڤێکی هەژار، ئەزموونەکەی هاوڕێژەیەکی پێچەوانەی



لەگەڵ تەمەنیدا هەیە، واتا خاوەن ئەزموونیکی کامڵ وقوڵ و نوی نییە لەم بوارەدا پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵی: بەرۆژێك لە تۆ گەورەتر سالێك لە تۆ عاقڵتر. لەبەرامبەر ئەم هەژاریە کۆمەڵایەتییەدا رێزێکی کۆمەڵایەتی لەناو خەڵکیدا بەدەست ناهێنی وەکو ئەوەی خاوەن ئەزموونێکی سەربەخۆ بەدەست دەهەێنی، بەڵکو واتەماشای دەکری کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کەم ئەزموون و ساوێلکەویە و بەئاسانی هەڵدەخەڵەتێنری.

کورتەی قسەکان: کەسی وەرگر ئەو ئەزموونە تاقی کراوە ئامادەکراوانە وەردەگرێ کە ئەوانیتر پێی هەڵساون "چ لە رێگای مومارەسەکردنی خۆیەوە بێ یا لەوانیتری وەرگرتبی،هەمیشە خەمی ئەوەیە بەدوای ئەو کەسانەدا بگەری کە خاوەن ئەزموون و بوێری و زیرەکین، بۆ ئەوەی تێکەڵیان ببێ و پەیوەندی هاورێتییان لەگەڵ ببەستی، بەلاّم نەك بەجۆرێکی هاوسەنگ لە تایبەتمەندی کەسایەتی و توانای زیرەکی، بەڵکو لە نێوان دووکەسی جیاواز لە تایبەتمەندی کەسایەتیدا، واتا یەکەم مشەخۆرێکی وەرگرە، بۆ ئەو شتانەی کە لایەنی دووەم پێشکەشی دەکا کە لایەنی دووەم خاوەن ئەزموون و توانای دەوڵەمەندە لە بوێری و نەترسی و زیرەکیدا وە لە دەستپێشخەری و رکابەرییەکانیدا پشت بەخودی دەبەستێ بۆ بەدەستهێنانی وێنەیەکی کۆمەڵایەتی و کۆپیکردنی بەسەر منایەتی کۆمەڵایەتی خوێدا، بۆ ئەوەی وەکو ئامرازێکی ژێدەر بۆ پێگەیاندنی لە خودی خویدا بەکاری بهێنی.

## جۆرەکانی ئەزموونی کۆمەڵایەتی

چەندین جۆری ئەزموونی کۆمەڵایەتی هەیە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**١- ئەزموونی شاد:-** کە تاك لە رێگای رێکەوت و بەختەوە بەدەستی دەهێنی، بەو پێیەی کە هەولێکی کەم و کاتێکی کورتی تێیا خەرج کردووە، یا هەولێکی بەردەوام و کارێکی درێژ خەرج دەکا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و بەدەستهێنانی دڵخۆشی و ئاسودەیی و شادمانی کە بە رۆڵی خۆی باوەربەخۆبوونی پتەو دەکا و وادەکا لە داهاتوودا لە دەستپێشخەری خودیدا ببێتە هاندەرێك.

**٢- ئەزموونی تاڵ:** - تاك لە رێگای تەرخانکردنی هەولێکی گەورە و ماڵێکی زۆر و کاتێکی درێژ بەدەستی دەهێنی: هەرچەندە بەروبومەکەی بە ئاست ئەوە نییە کە ێش دەستپێشخەرێکە پێشبینی دەکرد یایەکسانی نییە بەو هەوڵ و ماڵ و کاتەی کە لە پێناویدا خەرجی کردووە، سەرباری ئەوەی نابێتە هۆی دڵخۆشی و جارێکی تریش واناکا هەمان شێوەی شتەوە هەوڵ

بدات، بەڵكو هانی دەدا لە هەڵسەنگاندنی رووداوەکە بەوریایەکی زیاترەوە و زیاتر ئاگاداربوون لەلایەنەکانی و قوڵبوونەوە لە رووداوەکە پێش چوونە پێشەوە و هەوڵدان بۆی، بۆ ئەوەی جارێکی تر نەکەوێتە هەڵەوە لە بەرامبەر ئەم دۆخەشدا بەداخە لە بەفیڕۆدانی ئەو هەموو هەوڵ و کات و ئەو بەروبوومە بێسوود و ئەزموونە کۆمەڵایەتییە کەمە.

**٣- ئەزموونی سەخت:-** تاك لە رێگای گوزەرانی لەگەڵ ئەو رووداوانە بەدەستی دەهێنی کە پێویستی بە بەرپرسیارێتی و ئەرکی زیاترە لەوەی کە تاك هەیەتی،واتا پێویستی بوێری و توندوو تۆڵی و بیرکردنەوە و کۆڵنەدانێکی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی و بیزیان و هەرەس لیی دەربچێ، لەبەر ئەوە بەرەنگاری گۆڕاوەکانی دەبێتەوە و ململانێی پاڵەپەستۆکانی دەکا.

لە راستیدا ئەم ئەزموونە بارودۆخێکی سەخت بەرجەستە دەکا، چونکە لەگەڵ تایبەتمەندی رووداوەکاندا تێکەڵ دەبێ، کردارەکانی بەئاستێك کار لە دەروونی دەکا کە جێپەنجەی لەسەر منایەتیکەی بەشێوەیەکی دیار بەجێ دەهێڵێ.

لێرەدا پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێ: ئازا بەزەبری چەقۆ و بێ دەسەڵات داوای شایەد دەکات. مەبەست لەوەیە کە بەتوانا مافی خۆی بەهێز وەردەگری، بەلام ترسنۆك لەمەدا بیتوانایە. پەندێکی تر "بەفرمێسکی چاو بەدەستی هێناوە" مەبەست لە بەدەستهێنانی شتێکە بەئازارو ماندویەتی. ئەم ئەزموونە بەدەست نایە بەڵکو لەسەر شێوەی وریاکەرەوەیەکی هەڵس وکەوتی فیکریە، هەر کاتێکیش ئەو هەڵوێستانەی بەبیربێتەوە خود و دەروونەکەشی هۆشیار دەبێتەوە. بەلام سەرەتا لە رووداوە هاوشێوەکە ورد دەبێتەوە وزانیاری و تێگەیشتنەکانی لە دەرکردنی بریار و خوێندنەوەی رووداوەکان یارمەتی دەدا، ئەمەش ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە تێرکردنی پێویستییە مەعریفییەکانی لە پێناو بەدەستهێنانی ئەزموونی کۆمەڵایەتی تاقی کراوە، من پێم باشە سەرەنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشم کە حوکمی ئەوانیتر بەسەر کاری تاکەکاندا هەمیشە وەرگیراو نییە، بەڵکو بری جار رەتکراوەشە بەتایبەتی لەلایەن وەرگرەوە، کە وەری ناگرێ بەڵکو هەڵدی یا بەشێوەیەکی روکەشی و نامەنتیقانە بەڵگە بۆ رەتکردنەوەکەی دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی دان بە لاوازی و دوودڵی و ترس و نائومێدیکانی خۆیدا نەنی، بەڵکو لە هەندی حاڵەتی دیاری کراودا قسەی برینداریکەر و شێوازی ناشرین و زەم و جوێن بەکاردەهێنی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پێی دەڵێن مشەخۆری



کۆمەڵایەتی و بیرخامۆش و عەقڵ ساوێلکە و بەدوای کارەکانیاندا هەوڵنادا و خۆی ماندوناکا، ئەمەش وەکو شێوازێك لە شێوازەکانی پارێزگاری لە خۆکردن.

لە راستیدا ئەو شێوازە دوژمنکارییە لای ئەو کەسانە دروست دەبێت کە دان بەبێ توانایی و گێلایەتی و ساوێلکەی خۆیاندا نانێن، ئەمەش رێگایەکی هەلاتنە لە پاڵەپەستۆی منایەتی کۆمەڵایەتی، وەرگر(المتكسب) یەکێکە لەو جۆرە کەسانەی کە حوکمی ئەوانیتر بەسەر هەژاری ئەزموونی کۆمەڵایەتی و نابووتی منایەتی کۆمەڵایەتیدا رەتدەکاتەوە، ئەمەش بەهۆی هەوڵنەدانیان بەدوای کار و لاوازی تەقەلاکانیان لە بەدەستهێنانی ئەزموونێکی دیاری کراودا، بەڵکو پێیان باشترە کاسبی بەکاری خەڵکی ترەوە بکەن، بەلام بەدەسپێشخەری "کاسب"(بەدەستهێن) ئەوانەی کە لە پێگە و رۆڵە کۆمەڵایەتییاکاندا هەوڵ و تەقەلا دەدەن، بۆ ئەوەی ئەزموونێك بەدەست بهێنن کە لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا سوودی لێببینن.

دوای ئەوەی جیاوازیمان لە نێوان هەردوو جۆری تاکەکە کرد " بەدەستهێن و وەرگر کۆمەڵایەتی"ئێستا هەندێ نموونەی شاز و ناوازە ڕووندەکەینەوە لە بەدەستهێنانی ئەزموونی تاکەکان کە نە لە جۆری وەرگرن و لە جۆری بەدەستهێنەرنن.

- **گومڕای کۆمەڵایەتی:** ئەو کەسەیە کە بەخێرایی و بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەی بەپێوەر و بەهاکانی کۆمەڵگا نابا. هەروەها بەکەم ئابروهەست شێواو بیرکردنەوەی رووکەشیانە و گوی نەدان بەسەربەرزی خۆی وەسف دەکری، کاتێك رووبەڕووی هەڵوێستێك یاڕووداوێك دەبێتەوە درك بەپێویستیەکانی ناکاو رێز لە ئەرك و پێوەرەکانی ناگرێ، دەڵی چۆن چومە ناو کێشەکە ئاوهاش دەردەچم کەچی کاتێك رووبەڕووی گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە درك بەوە دەکا کە پێویستی بە هەوڵدانێکی عاقڵانە و هەستێکی کۆمەڵایەتییە، لەبەر ئەوە دەشلەژێ و ناتوانێ لیی دەربچێ، ئەگەر بە یارمەتی ئەوانیتر نەبێ "ئەوانەی لە شکۆمەندی کەم دەکەنەوە وهاوسۆزی لەگەڵ دەنوێنن".

بەلام ئەگەر رووبەڕووی ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی بەهێز و سەخت بوەوە و پێویستی بەزێرەکی قوڵ هەبوو ئەوە ئەو کەسە هیچ ئەزموونێکی لی وەرناگرێ، تەنها ئەگەر بەئاگری مەرجەکان و پشکۆی پێویستەکانی نەسوتی و داخ نەبێ، ئەو داخ کردنەش شێوەی جۆراوجۆرەی هەیە وەکو قسەی بریندارکەر و گاڵتە پێکردن و سوکایەتی پێکردن و تەریق کردنەوە لەلایەن ئەوانی ترەوە یا دەرکردنی لەکار یا قەدەغەلێکردنی بەخشیشێکی مادی یا مەعنەوەی "ئا لەو کاتەدا کەمێك سود لەو ئەزمونەوە وەردەگری و خودی خۆی ئاراستەی دەکا و شوێنەواری ئەو

داخکردنە کۆمەڵایەتییەش بەئاگای دەهێنێتەوە، بەڵام کار لە عەقڵی ناکا بەڵکو کارلە منایەتییەکەی دەکا،ئەم جۆرە ناوناتۆرانەش لە خۆ دەگری: گەوج وگێژ، خوێن تاڵ، لەبنەبنچەك گەورە بوو.

دەتوانین ئەم تاکە بەمنداڵێك بچوێنین کە یەکەمجار ئاگر دەبینێ و دەستی بۆ درێژ دەکا بۆ ئەوەی بزانی چییە، بەڵام دەستی دەسوتی، دوای ئەوە ئەزموونێکی بەئازار بەدەست دەهێنی و جارێکی تر دەستی بۆ ناباتەوە، گومڕای کۆمەڵایەتی گرنگی بەکاروبارەکان نادا وحیسابیان بۆ ناکا، بەڵکو لەگەڵ رووداووکێشەکان دا دەڕوا بەبی رێنیشاندەر یا ئامانج، بەڵکو گرفت و رووداوە کۆمەڵایەتییەکان بەگوێرەی شوێنەوار و داخکردنەکانی خۆیان ئاراستەی دەکەن.

- **بەرهەڵستی کۆمەڵایەتی:** - ئەوەی لەگەڵ پێوەر و بەهاکانی کۆمەڵگاکەی هاوشێوە نییە، بەهۆی ئەوەی کە تێروانینێکی گاڵتە ئامێز و رەخنەگرانەی بۆ ئەو پێوەر و بەهایانە هەیە، ئەوەش بۆ دوو هۆ دەگەرێتەوە یا ئەوەتا زیرەکییەکی قوڵی هەیە و دەزانێ کە هەموو پێوەر و بەهاکانی کۆمەڵگاکەی خزمەت بەئامانجی ئەو نەوە زیندووەی کۆمەڵگا ناکا، بەڵکو مردووەکان بۆ خزمەتی خۆیان داییانناوە وە بۆ نەوەی هاوچەرخ بەکەڵك نایە ئەویش لەگەڵی هەڵناکا و پابەندیان نابێ، ئەم هەڵوێستەش وادەکا کە لە هیچ کەس و هەڵوێستێکی کۆمەڵگایەکەوە ئەزموونی کۆمەڵایەتی وەرنەگرێ، چونکە لە گەڵیاندا هەڵناکا و لە هەمان کاتیشدا رەتیان دەکاتەوە. ئەمەش بەهۆی هەڵوێستی عەقڵییەوە کە کاتێك لەگەڵ پێوەراندا بێ لایەنەکانی خودەکەی وشك دەکەن، لەبەر ئەوە منایەتیکەی لەلایەن ئەوانیترەوە ناو ناتۆرەی بریندارکەری لێدەنرێ وکو: شێت و سەرلێشێوا و ناوازە.

لێرەدا جۆرێکی تری بەرهەڵستی کۆمەڵایەتی روون دەکەینەوە ئەویش ئەو کەسانەن کە خاوەن دەرد و بەڵای کۆمەڵایەتین وەکو ئەو کەسانەی کە لە هاوسەرگیری یاخی بوون یاقەیرەن یا لە کارەکانیاندا هەرەسیان هێناوە یا لە رووی کۆمەڵایەتییەوە زۆڵن، ئەو جۆرە کەسانە ملکەچی پێوەرو بەهاکانی کۆمەڵگاکەیان نابن، ئەمەش بەهۆی دەرد و بەڵای کۆمەڵایەتییانەوە نەك زیرەکی و شیکردنەوەیەکی رەخنەگرانە، بەڵکو لەپێناو چەپخون و گێلە شێوێنانە بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو کەموکورییانە بکەنەوە کە لە کەسایەتی کۆمەڵایەتییاندا هەیە، لە هەمان کاتیشدا سەرەنجی ئەوانیتر بۆ خۆیان رابکێشن، هەروەها ئەو جۆرە کەسانە خودە ناجێگیرەکانیان بۆ رەخنە و گاڵتە پێکردن ئاراستەیان دەکا نەك عەقڵیان.



هەڵوێستە خودییەکانیان لەگەڵ رووداو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانیاندا هەڵناکا و هیچ ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی لێ وەرناگرن، ئەمانە بەشێویەکی تەواو عەقڵیان لە ژێر کاریگەری خودەکانیان دایە، بەوەش منایەتییە کۆمەڵایەتییەکانیان چەندین ناوناتۆرەی ناشرین لەخۆدەگرن وەکو، ئاڵۆز و ناوازە و چەپخون.

دوای روونکردنەوەی ئەو یەکگرتنە گونجاوەی نێوان خود و منایەتی کۆمەڵایەتی پێویستە پێگەی عەقڵ لە نێوانیاندا دیاری بکەین،چونکە تاك کاتێك بەرژەوندییە خودییەکان "ماددی و مەعنەوی" رووبەرووی هەرەشە دەبێتەوە، عەقڵی خۆی بەشێوەیەکی توند بەکار دەهێنی بۆ پارێزگاریلێکردن یا بیەوی بەرژەوەندییەکی نوێ بەدی بهێنی پێش هەڵسانی بەهیچ هەڵس و کەوتێك بەئاراستەی ئەو کارە: لەبەر ئەوە لەسەرەتای هەڵس وکەوتەکەدا بەکاری ناهێنی بەڵکو دواتر یا بۆ بیانوهێنانەوەی کارەکە یا پتەوکردنی یا بۆ تێگەیشتنی سروشتی هەڵس و کەوتەکەی یا بۆ روونکردنەوەی پێکهاتە و شوێنەوارەکانی بەکاری دەهێنی.

قسەکردن دەربارەی خودی تاکگەرا و منایەتی کۆمەڵایەتی پێویستی بە قسەکردن هەیە لەمەر بابەتی پەیوەندی عەقڵ بەوانەوە بۆ پەیوەندی نێوان ئەو دووانە، ئەگەر قسە دەربارەی وەرگرێك یا کەسابەتکارێك "المتكسب" بکەین دەبینین کاتێك رووبەڕووی کارێك یا رووداوێکی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە عەقڵی خۆی بەکاری ناهێنی، بەڵکو تێبنی هەڵسوکەوتی هاورێ و دۆست و خزمەکانی دەکا و فێر دەبێ کە چۆن ئەوان هەڵسوکەوت لەگەڵ کارەکانیان دەکەن و تێکەڵی دەبن و دواتریش لە هەڵس و کەوتیاندا لاساییان دەکاتەوە، وتمان ئەو بە شێوەیەکی سنووردار عەقلی بەکاردەهێنی بەبی ماندووکردن و هەوڵدان لە جۆنیەتی هەڵس و کەوتێك پێش رووبەرووبوونەوەی لەکەڵ هە لۆێستێك یا کارلێکردنێك. لێرەدا عەقڵی خۆی زانیاری و ئەزموونی تاقیکراوە و ئامادە کراو لەوانیترەوە وەردەگری. ئەزموونەکانی خۆشی نانێری (بە هۆی نەبوونییەوە بێ یا بەهۆی کەم ئەزموونییەوە بێ) یاعەقڵی خۆی ناخاتە تەنگ و چەڵەمەوە وەهەوڵدان و رەنجدانێکی زیرەکانە وە لە ڕووبەڕووبوونەوەکەیدابێ یاکار لێکرنی. لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم بارودۆخە بەتێپەڕبوونی کات و زۆر بوونی ئەم جۆرە کاروبارانە وەرگر بەلاساییکەرەوەیی دەمێنێتەوە و نابێتە دەستپێشخەر، لەهەمبەر ئەم بارودۆخەدا سەربەخۆ و لاواز لەکۆنترۆڵکردنی ئەو زانیارییە جۆراوجۆرانە ناگاتە بریارێك کە رەنگدانەوەی زیرەکی و بیرکردنەوەکانی بێ، لەبەر ئەوە خودە تاکییەکەی (دوودڵە، گوماناوییە، ترساوە، پاشەکشەکەرە) کە ئەزموونە سەرەتاییەکەی دروستیانی کردووە و هانی نادا بۆ بەکارهێنانی

عەقڵی خۆی بەشێوەیەکی روون لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانیتر دا، یالە پێگەکانی دا چست و چالاك بێ، هەتا لەرۆڵە کۆمەلاّیەتییەکانیشدا کپ و وەستاوە، هەموو ئەمانە وادەکەن هەڵوێستێکی بیانووکەر و ناجێگیری هەبێ، چونکە عەقڵی بەشێوەیەکی قوڵ و جیدی بەکارنەهێناوە بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر سنووردار: تەنها لەبواری وەرگرتنی ئەزموونی ئەوانیتر نەبێ، لەبەر ئەوە ناتوانێ ئەزموونیکی کۆمەلاّیەتی تایبەتی پی بوونیاد بنێ کە بەر ئەنجامی کارلێکێکی راستەوخۆ و بیرکردنەوەیەکی چالاك بێ بەڵکو بەرئەنجامی کارلێکێکی رووکەش و رواڵەتی و بیرکردنەوەیەکی سنووردار و شەرمەزارە بۆ بیانووهێنانەوەی رەوشتی خودە تاکییەکەی لە دوودڵی و گومان و ترس. لەگەڵ دووبارەبونەوەی ئەم جۆرە کارلێکردن و رووبەرووبونەوانەدا بیرکردنەوەکانی رووخسارێکی بیانووکەر بەخۆوە دەگرن کە پشتی بەستووە بەبیانوو هێنانەوە و پاشەکشە و بەکاربەری فیکری و ماستاوچێتی دوورکەوتنەوە لەقسەی راست، بەلاّم ئەگەر قسەمان لەمەڕ بەدەستهێن کرد (بەدەستهێنی ئەزموونی کۆمەلاّیەتی) ئەوە دەبینین عەقڵی لەلایەن رووەکانی خودە تاکییەکەیەوە چالاککراوە کە بوێری و نەترسی بەتوانایی لە رکابەری لەکاتی کارلێکردن لەگەڵ ئەوانیتردا و جێگیرکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا بەرجەستە دەکا کە زۆرجار شێوازێکی هاوسەنگ و کراوەیی و قسەلەرووانە وەردەگری.

لەجێبەجێکردنی پێگە کۆمەلاّیەتییەکاندا دیار و کارایە وە لە گێرانی رۆڵەکانیشیدا چست و چالاکە، هەموو ئەوانە وادەکەن هەڵوێستێکی کۆمەلاّیەتی ئاشکرا و جێگیر و هاوسەنگی هەبی، ئەم دۆخەش (من)ە تاکییەکەی بەهێز و پتەو دەکا و ئەزموونەکەشی بەزانیاری و بیرکردنەوەی نوێ دەوڵەمەند دەکا کە خۆی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەدەستی هێناوە لەهەمبەر ئەم پتەوی و بەهێزییەدا پراکتیزەکردنی هەڵس وکەوتەکانی بەبەرهەم و پێگەییو دەبی، رێگای بیرکردنەوەکانیشی لەخوێندنەوەی رووداو و کاروبارەکاندا قوڵتر و فراوانتر دەبێ.

بیرکردنەوە لەلای ئەم، بۆ شیکردنەوەی شوێنەوار و بەرئەنجامی بوێری و نەترسی و لەرکابەرییەکاندا لەکردەی کۆمەلاّیەتیدا بەکاردەهێنی ئەو لەسەرەتای کردەکەدا هەڵس و کەوت ناکا، بەڵکو بیری لیدەکاتەوە و دواتر بریاردەدا کە ئایا هەڵس و کەوت بکا یانا، وەئەگەر لەکردەیەکی کۆمەلاّیەتی دیاریکراودا ئەزموونی بەدەست هێنا ئەوە لەهەڵس وکەوتێکی هاوشێوەدا دەبێتە رێنیشاندەری، لەبەر ئەوە عەقڵی خۆی بەهەمان وردی و قوڵی بەکارناهێنی وەکو لەهەڵس وکەوتی یەکەمدا بەکاری هێنا.



بەو شێوەیە خۆی ئەزموونە کۆمەلاّیەتییەکەی بەرهەم دێنی لەرێگای تێکەڵبوونی رووەکانی خودە تاکییەکەی (گۆڕانێکی چالاك لەگەڵ عەقڵی خۆی و رووداوە هەڵوێستە کۆمەلاّیەتییەکاندا) نەك بەهۆی لاساییکردنەوەی ئەوانیتر و وەرگرتنی لەیەکێکی ترەوە وەکو ئەوەی وەرگر دەیکا کە ئەزمونەکەی بەرئەنجامی تێکەڵبوونی خودە تاکییەکەیەتی — گۆڕاوێکی خامۆش — لەگەڵ عەقڵی خۆی و رووداو و هەڵوێستە کۆمەلاّیەتییەکاندا کەلە ئەنجامدا ئەزموونێکی وەرگیراو و رووکەش و لاوەکی لەدایك دەبێ، کە فەرامۆشکردنی خودی خۆی و پاراستنی بیرکردنەوەکانی بەرجەستە دەکات (کاریگەر بەخودی خۆی) کە بۆ بیرکردنەوەیەکی جیدی و پراکتیزەکردنێکی کردەیی و هەڵکردنێکی حەقیقی لەگەڵ رووداوەکاندا هانی نادا، بەڵکو پشت بەلاساییکردنەوەی کردەکانی ئەوانیتر دەبەستی بەبێ داهێنان و بیرکردنەوەی نوێ.

جیاوازی جەوهەری لەنێوان (بەدەستهێن و وەرگردا) ئەوەی کە کاتێك یەکەمیان رووبەرووی هەڵوێستێکی کۆمەلاّیەتی دیاریکراو دەبێتەوە ، خودە تاکییەکەی دەبێتە هۆکارێك بۆ چالاککردنی بیرکردنەوکانی کە هەڵدەستی بەشیکردنەوەی هۆکارەکانی و شوێنەوارەکانی، بەو شێوەیە توانای بیرکردنەوکانی و وێنەی لەمنایەتییە کۆمەلاّیەتییەکەیدا پتەو و بەهێز دەبێ.

بەلاّم تاکی دووەم کاتێك رووبەرووی رووداوێك یا هەڵوێستێك دەبێتەوە خودە تاکییەکەی هۆکارێکی ناچالاککردن و خامۆشکردنی بیرکردنەکانێتی، کە بیانوو هێنانەوەی فەرامۆشکردنی خودی خۆی و رووکەشی کردەکانی و هەڵوێستەکانی بەکاردەهێنی کە بەرۆڵی خۆی رەنگدانەوەی منایەتییە کۆمەلاّیەتییەکەیەتی. ئەو رەنگدانەوە (چالاك و ناچالاکە) ی لای ئەو دووانە یەکگرتنێکی گونجاو لەنێوان خود و منایەتییەکانیاندا بەرجەستەدەکات.

ئەم خشتەیە یەکگرتنێکی گونجاو لە نێوان خود و منایەتی کۆمەلاّیەتی وەرگر کەسابەتکار(المتکسب) رووندەکاتەوە.

| سەرچاوەی ئەزموونی کۆمەڵایەتی / منی تاک"خود" | پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | پێگە کۆمەڵایەتییەکان | رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان | هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان |
|---|---|---|---|---|
| دوودڵە "قلق" | روکەشین | لاوەکییە | خامۆش وخاون | هەڵگەراوە یە ناجێگیرە |
| گۆمانکارە | پچراو و شێواون | پەراوێزین | شپرزییە | سەرئاوکەوتوو ناجێگیرە |
| ترسنۆکە | بەسەر خۆداشکاون پارێزگارن | کەنارگیرن | خامۆش و ناچالاك | داروخاون |
| پاشەکشەکەرە | داخراون بەسەر خویاندا | ناچالاکن | وەستاوە | بیانووکەرن |

ئەم خشتەیە یەکگرتنێکی گونجاو لە نێوان خـودی بەدەسـتهێن و منایـەتی کۆمەڵایەتیـدا روون دەکاتەوە.

| سەرچاوەی ئەزموونی کۆمەڵایەتی / منی تاک"خود" | پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | پێگە کۆمەڵایەتییەکان | رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان | هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان |
|---|---|---|---|---|
| رکابەری | ئاگادارە | دیارە | چالاکە | هاوسـەنگ و ناجێگیرە |
| بۆێری | ئاشکرا و لەرووە | شەوقدارە | دروەشاوەییە | ئاشکراییە |
| باوەربەخۆبوون | هاوسەنگ | سەنتەدییە | جیدی و دڵسۆزە | جێگیرە |
| نەترسی | کراوەییە | چالاك | کۆڵنەدەر | گەشبینە |



## ی/٣- بوارەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

لەسەرەتای ئەم باسەدا وتمان پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە لەدایکبوونی تاك دەست پێدەکات و بەمردنی کۆتـایی دێ، لـە رێگـای ئـەم گەشـتە تەمەنیـەدا چـەندان رێکخـراو "رەسمـی و نارەسمی"رۆڵیان لە بەمرۆڤکردن و پەروەردەکردنیـدا هەیـە، لەسـەرەتادا ئامانجـە و لەناوەنـدی تەمەنیشدا دەبێتە ئامراز لە کۆتاییشدا پێکـەوە دەبنـە ئـامراز و ئامـانج، واتالـە سـەرەتای قۆناغە تەمەنییەکەیدا پەروەردەکراوە و دواتر خۆی دەبێتە پەروەردەکەر، دواتـر لەیـەك کاتـدا هەم پەروەردەکراوە و هەم پەروەردەکەریشە.

بەواتایەکی روونتر لە کاتی منداڵیدا لە خێزانەکـەی پـەروەردە دەبـێ واتـا پـەروەردەکراوە بەهەمان شـێوەش لـە قوتابخانـەوە گرووپـی یـاری و پێـری هـاورێ و دامـەزراوە رەسمیکانـدا "کۆمپانیا، نووسینگە، یا سەندیکا پیشەییەکان یا کارگە"بەڵام کاتێـك هاوسـەرگیری ئـەنجام دەدا و خێزان دروست دەکا، دەبێتە پەروەردەکار دوای ئـەوەی کـە پـەروەردەکراو بـوو، وەدوای دامەزراندنی خێزان و چوونە ناو تەمەن و دەرکـەوتنی پێـشکەوتنە تەکەنـەلۆژی و کلتـووری و کۆمەڵایەتییەکان ناتوانێ لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕان و پێشکەوتنانە بروا، لەبەر ئەوە پێویـستی بەئەوانیترە بۆ ئـەوەی فێـری شـێوازی نـوێ بکـەن لـە بوارەکـانی جـل و بـەرگ و پێخـۆر و تەندروستی و بەکارهێنانی هەندی ئامراز و داهێنراو کە مرۆڤ بەکاریان دەهـێنی، لەبـەر ئـەوە لەم بوارەدا پشت بەمنداڵ و نەوەکانی خۆی دەبەستێ کەواتە لە هـەمان کاتـدا پەروەردەکـەر و پەروەردەکراوە.

### بواری خێزانی:

بەیەکەم بواری پێگەیاندن دەست پێدەکەین کە ئەویش بواری خێزانییە، یەکەم ئەو کەسانەی کە لە مێژووی تاکدا هەڵدەستن بـە مومارەسـەکردنی پێداویـستییە پـەروەردەیی و فێرکـردن و بەمرۆڤکردنی تاك دەکا، دایك و باوکن، هەرچەندە توانـای بیـستن و بیـنین و خەنـدە و قیـژەی هەیە و هەست بەسەرما و گەرما و برسێتی وئازار دەکا لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەرەو ئـەو جیهانـە دەروا کە لە دەوروبەرێتی و تیایدا دەژی، لێرەدا دایك "لە رێگای شیرپێدانەوە" فێری دەکا کـە چۆن لەکاتی برسێتی و چاودێریکردندا پشتی پێببەستێ، ئەوەش بۆ ئەوەی باوەری بەئەندامانی تری خێزانەکەی لەلادروست ببی، لە رێگای ئەم پشت پێبەستنەوە منـداڵ هـەموو ئەنـدامانی خێزانەکەی وەکو چەند رەمزێکی گرنگ لە جیهانەکەی خویدا دەبینی، چونکە یەکەم کەسن کە بەشێوەیەکی رۆژانە و بەردەوام لەگەڵیان لەکارلێکدایە، بەتێپـەربوونی رۆژگـار وردە وردە فێـر

دەبێ کە چۆن درك بە ئاماژە و جوڵە و هەڵچون و خەفەتەکانیان بکا و لە ماناکانیان تێبگا، ئەمەش یەکەم هەنگاوە لە پرۆسەی بەمرۆڤکردندا کە لە ناو خێزان رووخسارەکانی وێنەی خۆی دەربارەی خودی خۆی دیاری دەکا، دواتر دایك و باوك زیاتر دەچنە ناو ژیانیەوە بۆ ئەوەی فێری هەڵس وکەوتی پەسند و ناپەسند و چاك و خراپی بکەن.

لەکاتی پراکتیزەکردنی ئەم رەفتارانەدا هەمیشە دەستخۆشی و سەرکۆنەکردنەکانی دایك و باوکی هاورێی هەڵس وکەوتەکانی دەبێ، لەو کاتەدا ئەو وێنەگەراوەییە بەدەست دەهێنی کە رووخساری یەکەمی خۆی دیاری دەکا، بەو شێوەییە لەمانای کاردانەوەکانی دایك و باوکی لەمەر هەڵس و کەوتەکانی خۆی "سلبی وئیجابی" تێدەگا کە لەسەر رووخسار و کردار و گوفتارەکانیاندا رەنگ دەداتەوە، ئەم کاردانەوەیەش وەڵامی روون لەمەر هەڵس و کەوتەکانی بەرجەستە دەکا کە وا دەکا لەسەری بەردەوام نەبێ.

لە راستیدا خێزان بەگوێرەی نەخشەیەکی کاتی هەڵدەستی بەتێرکردن و فێرکردن و چاودێرکردنی توانا و لێهاتوییەکانی تاك، بەتایبەت ئەو شتانەی کە تایبەتن بەخەو و خواردن و....هتد. ئەم ئەرکە بە مرۆڤکردنە ئامادەکردنی منداڵە لە رووی تەندروستی و جەستەیی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێکی کۆمەڵگا گشتییەکەی وە لە پێناو تەواوکردنی ئەم پرۆسەییە پێویستە لەسەر منداڵەکە رەوشتە گشتییەکانی خۆی بەدەست بهێنی وەکو داب و نەرێتەکان لە هەڵس وکەوت و بیرکردنەوە و جل و بەرگەکانیاندا کە لە رێگای دایك و باوکیەوە بۆی دەگوازرێتەوە. بەواتایەکی تر، خێزان هەڵدەستی بەوابەستەکردنی منداڵەکەی بەچوارچێوەیەکی کلتووری گشتییەوە لە رێگای موڵکدارکردن و بۆ هێشتنەوەی کەلەپووره کلتووریکان، وەفێرکردنی بەنموونە رەوشتیە جیاوازەکان لەو کۆمەڵگایەی کەتیایدا دەژی و راهێنانی لەسەر ئەو شێوازە و بیرکردنەوانەی کە تیایدا باوە و چاندنی بیر و باوەری باو لە دەروونیدا، لەبەر ئەوە لە منداڵییەوە لەکەش وهەوایەك پێگەیاندن دەکا کە پڕە بیر و باوەر و بەها و شێوازی جیاواز کە ناتوانی لێیان رزگار ببی،چونکە لەو کۆمەڵگایە زیاتری نەدیوە و لەگەڵ ئەوەشدا ناچارکراوە، ئەمەش بەرۆڵی خۆی لە دەروونیدا بلاودەبێتەوە و دەبێتە سروشتی دووەمی یا پێکهاتەیەکی کەسایەتیکەی [١٠].



**بواری قوتابخانەیی:**

پێگەیاندنی قوتابخانەیی لەسەر رکابەری نێوان قوتابییەکان وەستاوە، بەهۆی تاقی کردنەوەیان بەشێوەیەکی بەردەوام و هەڵسەنگاندنیان لە هەموو بارودۆخێکی نمرەییدا کە رەنگدانەوەی پێشکەوتنی خوێندنیانە، بەتایبەت لە کاتی سزادانی تەمەڵەکان ئەوەش بەراسبکردن و دەرکردنیان.

ئەم پرۆسە هەڵسەنگاندنییەش شوێنەوارێك لەسەر دەروونیان جێ دەهێڵێ. بۆ نموونە قوتابییەکی رکابەر کاتێك نمرەی بەرز بەدەست دەهێنی درك بەوە دەکا کە زیرەکە یا لێهاتووە و توانای داهێنانی هەیە، ئەمەش وادەکا ئەو درککردنە لەسەر لاپەرەکانی دەروونی رەنگ بداتەوە کە بەرۆڵی خۆی لە بەردەوامیدان بەرکابەرێکە و دروستکردنی وێنەیەکی زیرەك و لێهاتوو هانی دەدا. بەلاَم ئەو قوتابییەی کە نمرەی بەرزی لە نمرەکانیدا بەدەست نەهێناوە درك بەوە دەکا کە تەمەڵ و لاوازە و خاوەن توانای داهێنانی نییە لە قوتابخانەدا، ئەم درکپێکردنەش لەسەر دەروونی رەنگدەداتەوە کە بەرۆڵی خۆی بۆ بەردەوامی دان لە خوێندن هانی نادا چونکە بەهۆی نمرەکانیەوە وێنەیەکی خۆی دەست کەوتووە کە ئاماژەییە بەتەمەڵی و لاوازی خۆی.

ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە قوتابخانە قوتابییەکان لەسەر فێربوونی کلتووره نیشتیمانییەکان پەروەردە دەکا کە هانیان دەدا بۆ فێربوونی مێژووی کۆمەڵگاکەیان و کەلەپوره هزرییەکەیان و جل و بەرگە میللییەکەیان، وە لە پێناو پتەوکردنی گیانی نەتەوەیدا هانیان دەدا کە گۆرانی بەنیشتیمانیاندا بلێن و نەخشەی وڵاتەکەیان و دروشمی دەوڵەتەکەیان و رەنگی  ئالاکەیان و هێمای سیستەمە سیاسییەکەیان "کۆن و نوێ"بناسن، بەلاَم لە هەندی حاڵەتی تردا فێری شێوازی نوێیان دەکەن کە لەگەڵ رێگا نەتەوەی و میللییەکەیاندا دژەکار و نەگونجاوە، بۆ نموونە: لەهەشتاکانی ئەم سەدەیە لە ژاپۆن باوکی قوتابییەکان بێزاری خۆیان لەمەر قوتابخانە دەردەبری بەهۆی ئەوەی کە قوتابخانە منداڵەکانیان فێری ئەوە دەکەن کە خواردن بەکەوچك و چنگاڵ و چەقۆ بخۆن و خواردنی همبرگر بخۆن "کە خواردنێکی رۆژئاواییە" و بەکارهێنانی چوکلی ژاپۆنییان لە خواردنی برنج وازلێبهێنن کە تەرزێکی کلتووره نەتەوەییەکان وکەلەپوره نیشتیمانەکەیان بەرجەستە دەکا کە تایبەتە بە رێگای خواردن [١١].

ئەگەر بێنە سەر کەمەڵگای عەرەبی هاوچەرخ دەبینین لە کەنداوی عەرەبی قوتابخانە سەرەتاییەکان قوتابی و مامۆستاکان ناچار دەکەن کە لە کاتی دەوامدا جل و بەرگی عەرەبی بپۆشن "کە پێك هاتووە لە کوفی و دزداشە و عەگال"ئەمەش بەهێزکردنی شێوازی میللی جل

و بەرگی نیشتیمانییە، بەڵام لەرۆژئاوای عەرەبیدا ئەم شێوازەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پیادە ناکرێت و قوتابخانە قوتابییەکانی ناچار ناکات لەکاتی دەوامدا دزداشەی مەغریبی لەبەر بکەن، بەڵکو جل وبەرگی رۆژئاوایی دەپۆشرێ "پانتۆڵ وکراس" لەسەریشەوە" سوخمە" وەکو "یەك پۆشێك" بەڵام هەموو قوتابخانە سەرەتاییە عەرەبییەکان چ لە (کەنداوی- رۆژئاوایی- رۆژهەڵاتی) قوتابییەکان پێگەیاندنێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی پەروەردە دەکەن، ئەوەش لە رێگای بریاردەری قوتابخانەکان و بۆنە نەتەوەیی ونیشتیمانێکانەوە.

**بواری تەمەنی "گرووپی تەمەنی" peer:**

هەرچەندە منداڵ بەتەمەنتر بێ کاریگەری خێزان لە پرۆسەی بەمرۆڤکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا لاوازتر دەبێ، لەبەرامبەر ئەم لاوازییە خێزانییەدا کاریگەری گرووپی هاورێ و یاری لە قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانەدا زیاتر دەبێ، ئەمەش بەهۆی ویستی دامەزراندنی پەیوەندی هاورێیەتی لەگەڵ ئەو ئەندامانەی کە لە هەمان تەمەنی خۆین، چونکە نوێنەرایەتی ئامانج و بەرژەوەندی و چالاکی و ئارەزووەکانیاندا هاوشێوەن.

ئەم ئینتیما هاورێیەتی- تەمەنییە خاڵێکی دەسپێکردنی دەداتی بەرەو ئامانجە خودی- کەسایەتییەکانی، کە گیان و توانا کۆمەڵایەتییەکانی لە کارلێك و هاریکاری و سەربەخۆبوونی کەسایەتی لە کاریگەریکانی خێزان و قوتابخانە، دەوڵەمەند دەکا کاریگەری ئەم گرووپە بەسەر تاکەکەوە دەگاتە ئەو ئاستەی کۆنترۆڵی بریاری هەڵبژاردنی جۆری جل و بەرگ و داهێنانی قژ و جۆری گۆرانی و مۆسیقا و مومارەسەی ئارەزوییەکی دیاری کراو یا یارییەکی وەرزشی تاکەکانی دەکا، لاساییکردنەوەی هاورێکانیشی بۆ ئەوەیە کە پەیوەندییەکەی لە گەڵیاندا بەهێزتر بکا، بریجار لەناو گرووپەکە کەسێك هەیە کە خاوەن کاریگەری و دەسەڵاتە بەسەر تاکەکانی تری گروپەکەیدا کە بەرەو ئارەزوو و  بریار و تێروانینەکانی خۆی ئاراستەیان دەکا، تاك لەم گرووپە تەمەنیەدا لە دەرکردنی بریارە کەسایەتییەکانی خۆی کەمتر پشت بەدایك و باوکی دەبەستێ، کە ئێستا واهەست دەکا خۆی بەرپرسی خۆیەتی پێچەوانەی ئەو هەستەی کە لە ناو خێزانەکەیاندا هەیبوو بەوەی کە باوکی بەرپرسی بووە وەلە قوتابخانەشدا مامۆستا رابەریەتی خۆیەتی،ئەم تایبەتمەندییەی کە تاك لەناو ئەم گرووپەدا هەستی پێدەکا و چێژ و خۆشی وایلێدەکا واز لەو گرووپە تەمەنییە نەهێنێ و نەچی بۆ قوتابخانە یا بگەرێتەوە بۆ ماڵ.



ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە گرووپی تەمەنی تاك بە پێگەیاندنێکی پێش وەختەی چاوەروان نەکراو پێدەگەینی کە چەند رۆڵێك دەگرێتەوە و دەشی لە داهاتوودا مومارەسەی بکا وە لە هەندی بارودۆخی تردا گرووپە تەمەنێکە باوەر بە تاکەکانی دەهێنی بەوەی بیروراکانی گرووپەکە ئامانج و بەرژەوندیەکانی کۆمەڵگا بەرجەستە دەکا وەکو هەستان بەکاری خۆبەخشی و چاکە و کارکردن لە شوێنە مرۆییەکان وەك "نەخۆشخانە" بەبێ کرێێ بەرامبەر.

**بواری راگەیاندن:**

هۆکارەکانی راگەیاندن لە ٧٥ ساڵی کۆتایی ئەم سەدەییە "رادیۆ و سینەما و تەلەفزیون" بەشێوەیەکی روون کاریگەری لەسەر پێگەیاندنی ئەم نەوەیە هەبووە، کاریگەر ترینیشیان تەلەفزیونە بەتایبەتیش لەسەر منداڵ کە زیاتر لە خێزان و قوتابخانە کاریگەری بەسەر پێگەیاندنی خەیاڵ و پەروەردەکردنی هەست و چێژ و هەڵوێست و ئاراستەکانیانەوە هەیە، ئەوەش بەهۆی تەماشاکردنی بەرنامە پەخشکراوەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە رۆژێکدا کە ئامێرێکی خۆشگوزەرانی بالایە سەبارەت بەوان.

لە کاتێکدا هەندی لە بەرنامەکان بابەتی سەرنجراکێش و وروژێنەر پێشکەش دەکەن کە کاریگەری لەسەر خەون و خەیالاتەکانیان دەبێ، ئەوەش وادەکا کاردانەوە سۆزدارییەکان کاریگەرییان زیاتر بێ لە شیکردنەوەی رووداوەکان "بەهۆی بچووکی تەمەنیانەوە" ئەمەش نیوەی راستی مێشکیان چالاك دەکا و پاڵیان پێوە دەنێ بۆ ئەوەی دیلی ئەو زیندە خەوانە بن و نەتوانن جەخت لەسەر بابەتێك بکەن و راڤە و شیکردنەوەیان بۆی هەبێ، ئەوەش گەورەترین ئاستەنگی توانا زگماکییەکانە، چونکە توانای دەربرینی بیروباوەر و بیرکردنەوەیان بەهۆی داگیرکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانەوە لاوازبووە، وەهەروەها بەهۆی وەرگرتنی رووداوی ئامادەکراوی پەخشکراوەوە لە پرۆگرامی تەلەفزیۆنەکاندا وای کردووە هەولدانیان بەرەو بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندن لاواز ببێ.[١٢]

ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە چەندین فیلم و زنجیرەی توندوتیژ هەن کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ یارمەتی منداڵ دەدا لەئاراستەکردنیان بەرەو کرداری لادەرو دوژمنکارانە بەتایبەتیش لەلای نێر...ئەمەش کاریگەرییەکی نێگەتیڤە لەپێگەیاندنی میدیایی، چونکە منداڵ زۆربەی کاتی خۆی بۆ تەماشاکردنی بەرنامەی بێ ئامانج و دوژمنکارانە بەفیرۆ دەدا کە لە بواری رۆشەنبیریدا هیچ سوودێکی نییە تەنها شتێگەلێکی لاوەکی نەبێ، لەهەمان کاتدا

پێویستە کاریگەری ڕێکلامە بازرگانیکانمان لە بیر نەچێ لە پێناساندنی منداڵ بەشێوازێکی نوێی ژیان و ئامرازە داهێنراوەکان لە پاککردنەوە و ئامادەکردنی خواردن و پارێزگاریکردن لە تەندروستی، سەرباری پێناساندنی بەشێوازێکی تازەی کلتووری کۆمەڵگاکانی تر، ئەمەش کاریگەرییکی پۆزەتیڤە، چونکە زانیاری کۆمەڵایەتی نوێی پێدەدا.

کەواتە کاریگەرییە ڕاگەیاندنییەکان هاوکاری منداڵ ناکەن لە پێکهێنانی لایەنەکانی وێنەی خۆی، بەڵکو کار لە ئیفلیجکردنی هەندێ هەوڵ و توانای بیرکردنەوە و بەدەستهێنانەکانی دەکا، چونکە "کاریگەرییە ڕاگەیاندنییەکان" دەیگۆڕن بە مرۆڤێك کە تەنها هەواڵ و چیرۆك و چارەسەرکردنە ئامادەکراوەکان وەربگری و خەیاڵەتەکانی بەشێوەیەك پێگەیاندن پێبدا کە توانای بینینی وێنەی خۆی نەبێ، چونکە هیچ کارلێکێکی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا نییە، ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە کە تەلەفزیون نامرۆییە و کاریگەری لێ ناکرێ.

کورتەی قسەکان کاریگەرییە ڕاگەیاندنییەکان بەجۆرێك کار لە هەڵس و کەوت و ڕەفتار و بیرکردنەوەی منداڵ دەکا کە دەیکا بەوەرگر نەك نێنەر"المرسل"ی بیر و زانیارییەکان، ئەوەش بەهۆی نەبوونی کارلێکردنی لە گەڵیدا "واتا ڕاگەیاندن کاریگەری زیاتری بەسەرئەوەوە هەیە، بەڵام ئەو ناتوانی کار لە ڕاگەیاندن بکا" لەبەر ئەوە لە پەیبردن بە وێنەی خۆی یارمەتی نادا.

**بواری پیشەیی:**

پێگەیاندن لەم بوارەدا دوای تەواو کردنی خوێندن لەلای تاك دەست پێدەکا و تامردن یا تاخانەنشینبوونی یا پەککەوتنی لەکار، بەهۆی هۆکاری تەندروستییەوە لەگەڵی بەردەوام دەبێ.

ئەم پێگەیاندنە هاوشێوەبوونی تاك لەگەڵ پێداویستییەکانی کارەکەی یا پێگە وەزیفییەکەی دەگرێتە خۆی (ولبرت ومور" لەساڵی ١٩٨٦ جۆرەکانی پێگەیاندنی پیشەیی بەم شێوەیە خستۆتە ڕوو:

١- ئامادەکردنێکی ئەکادیمی پێش وەخت: واتا ڕاهێنانێکی پێش وەختە بۆ هەڵبژاردنی پیشەیەك، بەجۆرێك لەگەڵ ئامانجە پیشەیی و توانا زانستیکەیدا بگونجی وەکو خوێندنی کیمیا و زیندەوەرزانی لەلایەن قوتابییەکەوە پێش ئەوەی بچێتە کۆلێژی پزیشکییەوە.

٢- ڕاهێنانی پیشەیی: واتا ئامادەکردنێکی سەرەتایی لە پێگەیاندنی پیشەیەکی ساکار پێش دەست بەکاربوونی لە کارەکە جا چ لە ڕێگای ڕاهێنانەوە بێ یا تەماشاکردنەوەبێ چەندین دۆخی



تەمەنی هەن کە تاك لە کاتی منداڵییەوە پرۆڤە لەسەر پیشەیەك دەکا بۆ ئەوەی تیایدا لێهاتوو بێ پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی دیاری کراو و ڕێگای کارەکەی پێبدرێ.

٣- مەرجدار و پابەندبوون: حاڵەتی یەکەم ڕازیبوونی تاکە بەکارێك کە حەز و خواستی خۆی تیادا نییە، بەڵکو کارکردن لەو پیشەیەدا بەزۆرەملێیە و لەگەڵ پێداویستی و مەرجە پیشەییەکەیدا ناگونجی لەبەر ئەوە پێگەیاندنە پیشەییەکەی پێگەیاندنێکی بێزارکەر و زۆرەملێیانەیە.

بەڵام مانای حاڵەتی دووەم پێچەوانەی یەکەمە، واتا تاك بەپەرۆشەوە لە کارەکەیدا دەست بەکار دەبێ و چێژی لێ وەردەگری و بەهەموو ئامادەگیکەوە کارەکەی خۆی ئەنجام دەدا و سەرپێچی مەرج وپێداویستییەکانی ناکا، چونکە بەرجەستەکەری ئامانج و خواست و هەوڵ و بەرژەوەندییەکانێتی.

وابەستەبوونێکی بەردەوام بەپرۆگرامی کارەوە، بەو پێیەی بەشێکە لەرەفتار و بیرکردنەوەکانی، دواتر دەبێتە بەشێك لە کەسایەتییەکەی و ناتوانی سەرپێی پێداویستییەکانی کارەکەی بکا، واتا لەسەر کارەکەی و بەهۆی کارەکەیەوە دەژێت[١٣]. کە وێنەی پیشەی و کەسایەتی خۆی لەکارەکەدا دەدۆزێتەوە.

لێرەدا کارە بەردەوامەکەی و هاریکاری ئەوانیتر لەکارەکەیدا لەگەڵ حوکمی کەسە گرنگەکانی دەورووبەری لە دروستکردنی ڕووخساری وێنە کۆمەڵایەتییەکەیدا یارمەتی دەدەن، ئەوەش وادەکا زیاتر دڵسۆز و وابەستەی کارەکەی بێ، واتا کارەکەی بەشێوەیەکی کاریگەر کار لە دەروونی دەکا کە ئەستەمە جیاوازی لە نێوانیاندا بکەی بەتایبەت لەو کاتەی کە وێنەی خۆی لەکارەکەیدا دەدۆزێتەوە و وابەستەی کارەکەی دەبێ، ئەگەر کارەکەی گوزارشت لە دەروون و هەڵس و کەوت و بیرکردنەوەکانی بکا بەم شێوەییە هەریەکەیان دەبنە تەواوکەری یەکتر، بە پێچەوانەی دۆخی ناچاربوونەکە کە دەروونی تاکەکەی لەگەڵ کارەکەیدا دووردەخستەوە بەهۆی ڕازینەبوونی بەکارەکە و حوکمی ئەوانیتر و ئاراستە و ئامۆژگاریەکانیان لە کارەکەدا، کە بەشێوەیەك سەبارەت بەو دەبنە چەند هێمایەکی بێزار و ڕێزیان ناگری، بەشێویەك لە دیاری کردنی ڕووخساری خودە کۆمەڵایەتییەکەی کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەری نابێ.

**بواری ئایینی:**

خانەکانی خوا پەرستی (مزگەوت و کڵێسا و پەرستگاکانی تر)خەڵکی ئامۆژگاری و ئاراستە دەکەن بەرەو ڕەوشت بەرزیو مرۆڤدۆستی تاکو دەروونیان لەبیرکردنەوەی پیس و دوژمنکارانە پاکژ بێتەوە وهەروەها وەبیرهێنانەوەی خەڵکی بەرۆژی دوایی (بەتایبەت لادەرانی ئایین)، لەبەرئەوە

لەمنایەتی ئەمانەدا تێروانینێکی قەدەغەکراو بۆ هەندێ هەڵس وکەوت بەرهەم دێ کە دواتر ئامۆژگارییە ئایینییەکان دەچنە ناو دەروونی تاکەکان و لە رووبەڕووبوونەوەی خۆشییەکانی دونیا و سەرپێچی کردنی ئامۆژگارییەکانی ئایین دەیانپارێزی.

**بواری سەربازی:**

دامەزراوە سەربازییەکان ئەندامەکانی خۆیان لەسەر دیسپلینی رەفتار و رێزگرتنی ئەو کەسانەی لەپلە و پایەی سەربازیدا بالاٌترن ئاراستە دەکەن، هەروەها ملکەچبوونیان بەرێکخستنی پێگەیی لە پلەی سەربازیدا وەرێزگرتنی خشتەی کاتی لە مومارەسەکردنی چالاکییەکانی دامەزراوەکە و لێنەبوردنیان لەکاتی سەرپێچییاندا کە زۆر جار سزای یاسایی دەگرێتە خۆی وەکو دواخستنی بەرزکردنەوە و راهێنانی بەئازار و زیادە و سەرزەنشتکردن. واتا شێوازی پێگەیاندنی سەربازی کە جۆرێکی قورس و بەئازارە بەهۆی سروشتی بوونیادی دامەزراوەکانیانەوە لەسەر هەندی هەڵس وکەوت کە بەرگەگرتنیان ئارامگرتنێکی بە ئازار و بێزارکەر و کۆڵنەدەری دەوێ، هەروەها پێویستی بە رێزلێگرتنێکی کات و رێکخستنی پێگەکان هەیە هەروەها سەرپێچی لێ نەکردنی ئەو فەرمانانەی کە لە سەرکردایەتی دامەزراوەکەوە دەردەچی.

## ز/٣- جۆرەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

پرۆسەی پێگەیاندن یەك رێرەو و وێنەیەکی تایبەت وەرناگرێت، بەڵکو چەندین رێبازی زۆر و جۆراوجۆرهەن کە دیاریترینیان ئەمانەن:

١- ***دووبارە پێگەیاندنەوە:*** کە واتای تەواوکردن و راستکردنەوەی ئەو کەموکورییانەیە کە لەپێگەیاندنی پێشوتردا روویان داوە، بەلاٌم زۆرجار ئەم تەواوکردن و راستکردنەوەیە بە زۆرەملێن.[١٤]

لە کاتی لادانی تاکێك لە پێوەر و بەها و یاساکانی کۆمەڵگا رێبازی دووبارە پێگەیاندنەوەکە لە جۆری راستکردنەوە دەبێ. واتا راستکردنەوەی ئەو لادانەی کە تووشی هەڵس وکەوتی تاك بووە، چەند نموونەیەك لەسەر ئەمە هەیە: پێگەیاندنی تاوان لە بەندیخانەی نەوجەوانان: بەندیخانەیەکە تایبەت بەلادەرەکان "نەوجەوانان"کە لە رێگای دووبارە پێگەیاندنەوە، لادانە رەفتارییەکانیان راست دەکەنەوە، بەگوێرەی پێوەرە نەخشەییەکانی



خۆیان. وە کاتێك کەسێك هاوسەرگیری ئەنجام دەدا، خێزانی ئەو کەسە پێگەیاندنەکانی پێشوو تەواو دەکا ئەوەش بەفێرکردنی رۆڵی تازە کە ئەو کەسە پێشتر پراکتیزەی نەکردووە وەك رۆڵی ژن یا مێرد، دایك یا باوك. کاتێك قوتابی دەچێتە زانکۆ ئەو پێگەیاندنە تەواو دەکا کەلە ئامادەییدا بەدەستی هێنابوو، چونکە فێری رۆڵی کلتووری قوڵتر و فراوانتر دەبێ، بەواتایەکی تر تاك لە دووبارە پێگەیاندنەوەدا ئازاد نییە بەڵکو ملکەچە بەمە بۆ نموونە: کاتێك قوتابی زانکۆ تەواو دەکا و لە کارێکی پیشەی پسپۆریدا دەست بەکار دەبێ، پێویستە واز لەو رەفتارە گاڵتە ئامێزانە بهێنی کە لە یانە و گۆرەپانی کۆلێژدا ئەنجامی دەدا، بەڵکو پێویستە ئێستا رەوشتێکی جیدی و بەبەرهەم بوونیاد بنی کە خزمەت بە ئامانجە پیشەییەکەی بکا و رێزی ریزبەندی دەسەلاٌتی دامەزراوەکەی (البیروقراطي)بگری، وە لە کاتی کاردا واز لە گاڵتە و یاری بهێنی. واتا واز لەپێگەیاندنە زانکۆییەکەی بهێنی و پێگەیاندنێکی پیشەیی بوونیاد بنێ، لێرەدا دەمەوی بلێم کە پێویست ناکا قوتابی واز لە هەموو پێگەیاندنە زانکۆییەکەی بهێنی بەڵکو بەشێکی لە یادەوەری و هەندێکیشی لە هەڵس وکەوتەکانیدا بهێڵێتەوە، ئەو شتانەی کە پێویستە وازی لێبهێنێ ئەو شتانەیە کەلەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو پێگەیاندنەی کە پێیدایە گونجاو نییە وازی لێبهێنێ، واتا هێشتنەوەی ئەو پێوەر و بەها و ئاراستانەی کە گونجاو و تەواوکەری پێوەر و ئاراستە و بەهاکانی ئەو بوارە پێگەیاندنە نوییەن کە تێیدا دەژی.

بەواتایەکی روونتر، پرۆسەی پێگەیاندنی دووبارە ئاماژە بەدوو حاڵەتی جیاواز دەکا کە ئەوانیش حاڵەتی پاشەکشە و حاڵەتی پێشوازی کردنن: حاڵەتی یەکەم واتا تاك پاشەکشە لە مومارەسەکردن و وابەستەبوون بە بوارێکی کۆمەلاٌیەتی دیاری کراوەوە دەکا کە لە پێوەر و بەها ئاراستەکانیاندا جیاوازە، چونکە چۆتە ناو بوارێکی کۆمەلاٌیەتی نوێیەوە "تەواوکەر یا پێچەوانەی بوارەکەی پێشوو" کە پێوەر و ئاراستەی تایبەت بەخۆی هەبوو، لەبەرئەوە پێویستە ئەو مەرجە پێگەیاندنیانەی ئێستا بەدەست بهێنی دوای ئەوەی وازی لە مەرجەکانی پێشوو هێنا، پێچەوانەی ئەمەش بەریەککەوتنی لێ دەکەوێتەوە و دواتریش لەسەر ئەو منایەتییە رەنگ دەداتەوە کە تێروانین و حوکمی ئەوانی دەورووبەری بۆیان دروست کردووە، یا ئەوەتا دەچێتە بوارێکی نوییەوە بەلاٌم ناتوانی بوارەکەی پێشوو جێبهێڵێ ئەمەش وادەکا نەتوانی پێشوازی لە بوارە نوییەکە بکا، لێرەدا گرفتێك دێتە پێش دەتوانین ناوی لێبنێین "دەستێوەردانی رەوشتی" واتا لە بوارێکی کۆمەلاٌیەتی نوێدا دەژی کەچی هەڵگری چەند پێوەرێکی رەوشتی بوارە کۆمەلاٌیەتییەکەی پێشوترە، واتا لە رووی بەهاییەوە پەیوەستە بەو

بوارەی کە تییێدا ناژی و پاشەکشەی تێدا کردووە وەئێستا لە بوارێکدا دەژی لە رووی بەهاییەوە پێوەی پابەندی نییە، بەواتایەکی تر تاك لە رووی کات و شوێنەوە لە بوارێکی کۆمەلاّیەتی دیاری کراو دەژی کە لە رووی بەهاییەوە ئینتمای بۆی نییە بەلّکو ئینتمای بۆ قۆناغەکەی پێشتر هەیە، ئەم جیاوازییە پێچەوانەییە دژکاری و ناکۆکییەك لە رەفتارەکانیدا دروست دەکا لە بەرپرسیارێتی مالّ و خێزان.

ئەمە لە ئاستی ژیانی کۆمەلاّیەتی وابوو لە دەرەوەی دامەزراوە سزای و چاکسازییەکان، بەلاّم لەسەر ئاستی ئەم دامەزراوانەدا دووبارە پێگەیاندنەوەی کۆمەلاّیەتی بە کۆنترۆلّکردنێکی توند و وابەستەبوون و ملّکەچییەکەی تەواو بۆ بەرنامە یاسادارکراوەکان دەناسرێتەوە، ئەوەش بەگوێرەی نەخشەیەکی کاتی چنراو و چاودێری کراو لەلایەن یەك دەسەلاّتەوە، ئەم جۆرە پێگەیاندنەش لە بەندینخانەکان و ئەو نەخۆشخانانەی کە تایبەتن بە نەخۆشی دەماری و عەقلّی و سەربازگاکان و خێزان و پەرستگا ئایینییەکان بەرچاو دەکەوێ، کە پێگەیاندنەکەی بەتەواوەتی لە ژیانی کۆمەلاّیەتی ئازاد و ژیانی کۆمەلّگە بەگشتی جیاوازە، لەبەرئەوە بەپێویستی دەزانم روونکردنەوەی "ئایرننگ کوڤمان" بخەمەروو دەربارەی ئەو جۆرە پێگەیاندنە کۆمەلاّیەتییەی کە لەو دامەزراوانەدا دەکرێ، لە پێناو دووبارە پێگەیاندنەوەی بەمرۆڤێکی چاك لەناو کۆمەلّگاکەیدا.

١- ئەم جۆرە دامەزراوانە هەموو چالاکییەکانی خۆی لەیەك شوێن ولە ژێر یەك دەسەلاّتدا مومارەسە دەکات.

٢- ئەم دامەزراوانە چالاکییەکانی خۆیان بەسەر ئەو تاکانەدا پیادە دەکەن کە یەك ئاستیان هەیە، تاکو رەوشێکی کۆمەلاّیەتی و کلتووری هاوشێوە رێکبخا- ئەگەر یەك نەبوو- وەکو ئایین پەروەرێك یا سەربازێکی خۆبەخشکەر لەسەربازگەدا.

٣- بەرێوەبەرایەتی و دەسەلاّتی ئەم دامەزراوانە یاسا و بەرنامە دادەهێنن بەبێ وەرگرتنی بیروڕای سەرشینەکانیان و ئەو کەسانەی کە بەشدارن تیایدا.

٤- ئەم دامەزراوانە هەموو چالاکی رۆژانە و وەرزانە و سالاّنەی خۆی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دامەزراوەییەکانی ئاراستە دەکا.

٥- ئەم دامەزراوانە دەست بەسەر ئازادی سەرنشینەکانیدا دەگرێ و سەربەخۆبوونی کەسایەتییان ناهێلّی و بیروراکانیان لەمەڕ رای ئازاد سەرکوت دەکا.



٦- ئەم دامەزراوانە فەرمان و رێنماییەکانی خۆی بەسەر نیشتەنی و بەشداربووەکانیدا دەردەکا بەئامانجی سوککردن و ریسواکردنیان و ئازاردانی دەروونیان و شکاندنەوەی شکۆمەندیان و داماڵینیان لە مافەکانیان و رەتکردنەوەیان لە نەرێتە تایبەتییەکان و رەوشتە مەزاجییەکانیان و داماڵینیان لە ناوەکانیان "بەندیخانەکانی ئەمریکا هەر سەرنشینێك و ژمارەیەکی تایبەتی دەداتی و ناوەکەی لیدەستێنێتەوە و بەناوی خویشی بانگی ناکرێ بەلّکو بەژمارەکەی"

دوای ئەو لەباس لادانە پێم باشە بەراوردێك لە نێوان هەردوو جۆری پێگەیاندنەوەی دووبارە "تەواوکردن و راستکردنەوە"بکەم، بۆ ئەوەی جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوانیان بۆ خوێنەر روونبکەمەوە: بینیمان جۆری یەکەم کار لەسەر یارمەتیدانی تاك دەکات کاتێك رووبەڕووی قۆناغێکی تەمەنی نوێ دەبێتەوە کە چەند پێوەر و بەهایەکی کۆمەلاّیەتی گرتۆتەخۆ لە وێستگە تەمەنییەکانی رابردوو و داهاتوودا بوونیان نەبووە، بەلّکو تایبەتە بە وێستگەیەکی تەمەنی سنووردار یا گرووپێکی کۆمەلاّیەتی تایبەت، لێرەدا تاك درك بەپێداویستییەکانی ئەم قۆناغە دەکا و وەریان دەگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە گەلّیدا بژی و هەروەها ئامادەگی گەشتە تەمەنێکەی بێ لەناو ژیانی کۆمەلاّیەتی فرە رێبازدا، لەبەرامبەر ئەم پێویستییە تاکیەدا گرووپ یا دامەزراوە یا رێکخراوی کۆمەلاّیەتی "بەپالّنەری رێکخستنی ژیانی خەلّکی لەهەمان کاتدا تێرکردنی پێداویستییەکانی کە یەکەمجار بەدەستی دەهێنن لەرێگای هاندان و دەستەبەر کردنی پێداویستییە قۆناغییەکانی وەدواتر بەگوێرەی پێوەر و رێساکانی بەرەو بەدیهێنانی پێداویستییە کۆمەلاّیەتییەکانی ئاراستە و رێنماییان دەکا.

بۆ ئەوەی تاك بەئاسانی ئەم رووبەرٌووبونەوەیە وەرگرێ، پێویستە واز لەهەندی پێوەر و رێسای وێستگە تەمەنیکەی پێشووتری بهێنێ کە تیایدا پاشەکشەی کردووە و چۆتە وێستگەیەکی نوێوە، ئەوەش بۆ ئەوەی حوکم و هەلّسەنگاندن و وێنەی ئەوانیتر ببینی کە لەگەلّیاندا کارلێك دەکا واتا منایەتییە کۆمەلاّیەتییەکەی لە ئاوێنە کۆمەلاّیەتییەکانی ئەواندا ببینێ، وە لەگەلّ تیشك دانەوەی ئەو ئاوێنانەدا تاك دەتوانێ منایەتییەکەیخۆی پێگەیاندن پێبدا و ئەزموون و زانیاری نوی بەدەست بهێنی کە لە رەنگدانەوەی تایبەتمەندی ئەو وێستگە تەمەنییە، پرۆسەی گوزەرانەکە دەروا بەرێوەیە و لەگەلّ ئەو کۆمەلّە مرۆییانەدا تێکەلّ دەبێ بەبێ سوککردن و ریسواکردن و داماڵینە بۆنایەتییەکەی وەکو ئەوەی لەجۆری راستکردنەوەدا دەبینری.

دواتر ئەو تاکانەی کە ملکەچ دەبن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورییەی لە پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکەیاندا هەیە، کە لە ئەنجامی گەیشتنیانە بە وێستگەیەکی تەمەنی نوێ کە پێشتر پێی نەگەیشتوون، وەکو ئەوەی لە وێستگە خێزانەکانیان دەردەچن و دەچنە گرووپێکی تەمەنییەوە یا لە وێستگەیەکی خوێندنەوە دەچنە وێستگەیەکی پیشەییەوە کە هەڵناستن بەراستکردنەوەی لادانەکانیان ئەوەش بەهۆی نەبوونیەوەییەتی، بەڵکو ئەزموونی کۆمەڵایەتی و پێوەری هەڵسەنگاندنی نوێ بۆ منایەتییە کۆمەڵایەتییەکانیان سەرباری دەبێ بۆ ئەوەی پێگەیاندن بەکەسایەتییەکانیان بدەن لە پێناو چاککردنی ئەو لایەنانەی کە تووشی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان بووە بەهۆی ملکەچی نەبوونیان بە پێوەر و یاساکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا ژیاون.

بەڵام سزای قوتابییەکی زانکۆ نادری بەڵکو ڕێز لەکارەکەی دەگیری ئەگەر ملکەچی پێوەرەکانی بێ و لەهەنگاوە زانستییەکانیشدا پێشبکەوێ وە لە هەندی بارودۆخدا بیروڕای قوتابیان لەلایەن بەرپرسانی زانکۆ وەردەگیری سەبارەت بەچالاکییە خوشگوزەرانی و ڕێکخراوەیی وخوێندکارییەکانی خۆیان، بەڵام ئەمە لەپێگەیاندنی ڕاستکردنەوەیدا بوونی نییە، لە کۆتاییدا لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و دەستەی ڕابەرایەتی لە گرووپە ڕەسمی و نارەسمیکاندا ئەنجوومەن هەیە کە سەرپەرشتی بڕیارەکان دەکا و ملکەچی بڕیاری یەك کەس نابن وەکو ئەوەی لە دامەزراوە سزاییەکان "بەندیخانە و دەستبەرەکان"هەیە بۆ ڕاستکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری سەرنشینە لادەرەکان.

٢- ***پێگەیاندنی چاوەڕوانکراو***:-(ئامادەکردنی پێش وەختە)، واتا ئامادەکردنی تاك بۆ بەرگەگرتنی بەرپرسیارییەتێکی نوێ، واتا ئامادەکردن و ڕاهێنانی، پێش ئەوەی بچێتە بوارێکی کۆمەڵایەتی نوێیەوە یا بەکارهێنانی پێگەیەکی بازرگانی شیمانەیی یا چاوەڕوانکراو، هەروەها واتا ئامادەکردنی پێش وەختە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەرکێکی نوێ بۆ کەمکردنەوەی ئەو بەربەست و ترسانەی کە پێگەیەکی نوێ لەگەڵ خۆی دەیانهێنی، یا تاکەکە دەچێتە ناو دامەزراوەیەکەوە کە پێشتر تیایدا ئەندام نەبووە "نەخۆشخانەی نەخۆشی دەماری و عەقڵی یا سەربازگەی سووپایی یا کۆلێژێکی گەورەی خاوەن ناوێکی درەوشاوە"وە دەتوانین ماوەی مارەبرینی دووهاوسەر بەپێگەیاندنێکی چاوەڕووانکراو یا ئامادەکردنێکی پێش وەختە بۆ هاوسەرگیری دابنێین، لەهەندی هەلومەرجی دیاریکراودا کلتووری کۆمەڵایەتی تاکەکان ئامادە دەکا بۆ پێشوازی کردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە چاوەڕوانکراوەکان. لە کاتی ئێستادا



حاڵەتی واهەن کە کۆمپانیا و دامەزراوە حکوومییەکان، فەرمانبەرەکانی خۆیان دەنێرنە خولی ئامادەکردن و ڕاهێنانەوە، پێش ئەوەی پۆستێك یا پلەیەك لەداهاتوودا وەرگرن، ئەوەش بۆ ئەوەی پێشتر دڵسۆزی و وابەستەبوونەکانیان شارەزابن.

لە کۆمەڵگای عەرەبی لە کۆنیشدا باوك لە کۆڕ و کۆبونەوە و گەشتەکانیدا "لە ڕاوکردندا "یا لە سەردانی هاورێکانیدا "لەکاتی بچووکییەوە "کورەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئاراستە بکرێ و ئامادەبکرێ لە گێرانی پێگە کۆمەڵایەتییەکانی و چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵکیدا. ئەم دۆخە لەلای دایکە عەرەبییەکانیشدا هەبوو کە کچەکانیان لەکاتی منداڵییەوە لەگەڵ خۆیان دەبرد بۆ کۆڕ و کۆبونەوە ئافرەتییەکان و بۆنە خێزانەکانیان بۆ ئەوەی ئامادەی بکات بۆ ڕۆڵی خێزانی و چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئافرەتدا لە کۆڕ و کۆبونەوەکان، بەڵام لەکاتی ئێستادا ئەم شێوازە پێگەیاندنە نەماوە بەڵکو قوتابخانە و کۆمپانیا و نووسینگە حکوومییەکان و سەندیکا کرێکاری و پیشەییەکان لە ئامادەکردنی تاکدا جێگایانی گرتۆتەوە کە تاك ئامادە دەکەن پیش وەرگرتنی پێگەیەکی نوێ یا ڕۆڵێکی تایبەت بەخۆی.

**٣- پێگەیاندنی گەرانەوە:** واتا گۆڕینی وەرگری پەروەردە، بۆ نێنەری پەروەردە یا گۆڕینی پێگەیاندراو بۆ پێگەیەنەر لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش لە هەلومەرجی گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییە خێراکاندا ڕوودەدا کە پێگەیەنەر ناتوانێ ئەرکە پێگەیاندنییەکانی خۆی ئەنجام بدا، چونکە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە خێرایە ناگونجی لەبەر ئەوە پێگەیەنەر دەبێتە پێگەیاندراو و پێگەیاندراویش دەبێتە پێگەیەنەر.

کچی هاوچەرخ لە کۆمەڵگای ئێستادا دایکی خۆی فێری هونەرەکانی چێشت لێنان و چۆنێتی ئامادەکردنی خواردنی نوێ و بیانی و ڕێکخستنی کەل و پەلەکانی ناوماڵ و شێوازەکانی پۆشاکی سەردەمی دەکا، وەلە هەڵبژاردنی جل و بەرگی نوییێ گونجاو لەگەڵ تەمەنی ئەودا یارمەتی دەدا، هەتا فێری شێوازی بیرکردنەوەی دەکا لەکاروبارە کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەیوەندییە سیاسییەکان و شیکردنەوەی ناوەرۆکی فیلمە زنجیرەییە تەلەفزیونییەکان و لە هەندێ حاڵەتدا فێری چەمك و دەستەواژەی زمانەوانی نوێ دەکا و ماناکانی بۆی ڕاڤە دەکا، چونکە لە نێوان نەوەکانی ئەودا بەکارنەهێنراوە بەتایبەتیش ئەو چەمکە بیانییانەی کە تایبەتن بەجل و بەرگ و ئامادەکردنی خواردن و ئارایشکردنی پرچ و پێرەوکردنی مەرجە تەندروستیەکان و ناساندنی بەناوچە جوگرافیەکانی جیهان، لێرەدا دایکی دوارۆژ و دایکێکی

ئاراستەکەر نییە لە خێزاندا، وەلە لادێکاندا کوڕ، باوکی خۆی فێری چۆنێتی بەکارهێنانی پەینی کیمیاوی لە کشتوکاڵ و چۆنێتی لێخورینی تراکتۆر لە کێڵگەکەیان هەروەها فێری چۆنێتی فرۆشتنیی بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی دەکا لە شار و تێکەڵبوونی لەگەڵ بازرگانەکانی شار و هەروەها فێری باجی بازرگانی دەکا لە شار و، شێوازی نوێ لە فرۆشتن و کریندا کە پێشتر نەیزانیوە.

## ر/٣- تاك لە نێوان وێستگە تەمەنی و ئاوێنە کۆمەڵایەتییەکانیدا:

تاك نە لەدایکبوونی و نەمردنی و نەپێگەیاندنەکەشی بەهەڵبژاردەی خۆی نییە، بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا خاوەن بریار نییە، ئەو وێستگە کۆمەڵایەتییانە دەخەینە روو کە تاك تیایاندا تێدەپەرێ، هەروەها ئەو ئاوێنە کۆمەڵایەتییانەش شیدەکەنەوە کە بەدوایاندا دەگەرێ بۆ ئەوەی منایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی بەدەست بهێنێ کە لە حاڵەتی تاکبوونەوە دەیکا بەکەس.

تاك لە رێگای وێستگە تەمەنییە هەمە جۆرەکانیەوە ژیانی کۆمەڵایەتی دەپشکنێ کە یەکەمیان ئەو خێزانەیە لیێ لەدایکبووە و دواهەمیشیان هەرخێزانە، کە لەمیاندا پێگەیەنەرە، بەلاّم لە یەکەمیاندا پێگەیەنراوە. تاك لەیەکەم وێستگەی خویدا لەدایك دەبێ کە خێزانە، وە تیایدا رووخساری منایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی و یەکەمین وێنەی خۆی دیاری دەکا، بەلاّم یەکەم ئاوێنەی کۆمەڵایەتی لەو ئاراستەکردن و رێنمانی و چاودێرییە دەروونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتییانە پێك دێ کە لەلایەن دایك و باوکیەوە دەردەچن و رەنگدانەوەی پێوەر و رێسا کۆمەڵایەتییەکانە وە هەندێکیشیان کۆڵەکەکانی قەوارەی پەیکەری کۆمەڵگا بەرجەستە دەکا، ئەم ئاراستەکاریانەش دەبنە بنەما و روونـاکی بۆ رەفتار و وێناکانی لە منایەتییە کۆمەڵایەتییەکەیدا، واتا یەکەم وێنەی خۆی لە ئاوێنە خێزانیکەیدا دەبینێ، ئەم وێنەیەش بەلای کەمەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەبەرامبەری بەردەوام دەبێ بەبێ بوونی یەکێکی تر، لەبەر ئەوە پێی کاریگەر دەبێ و بەگوێرەی رووخسار و سنوورەکانی لە گەڵیدا دەروا.

دواتر وێستگەی گرووپی تەمەنی دی "واتا ئەو هاورێیانەی لە تەمەنی خۆیدان" کە تیایدا دەبینی حوکم و وێناکردن و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستەکەری ئامانج و پاڵنەرەکانی تەمەنن، لێرەدا دووەم ئاوێنەی کۆمەڵایەتی لە ژیانی تاك دەردەکەوێ کە رەنگدانەوەی حوکم و پێوەری هاورێکانێتی جیاواز لە ئاوێنەی خێزانەکەی. وە لە ژێر تێشکدانەوەکانی ئەم ئاوێنە



تەمەنەیدا تاك هەوڵدەدا بۆ یەکەم جار دوور لە حوکم و فەرمانەکانی دایك و باوکی بۆ خۆی سەربەخۆبێ، بۆ ئەوەی بەرپرسی خودی خۆی بێ، رەفتار و حەز و چێژ و خواست و توانا داهێنانەکانی خۆی بەگوێرەی تیشکدانەوەی دووەم ئاوێنەی کۆمەڵایەتی پێبگەێنی. کە حوکم و پێوەر و ویناندنی هاورێکانی لە دەرەوەی خێزان و خزمەکانی بەرجەستە دەکا، لێرەدا منایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی بەهۆی ئازادبوونێکی رێژەی لە کۆت و بەندەکانی دایك و باوکی دەبوژێتەوە، هەروەها پێوەری کەسایەتی بۆ سەربار دەبێ لەگەڵ ئەو پێوەرانەی کە دایك وباوکی لە یەکەم قۆناغی پەروەردە بوونیدا چاندویانە.

وە لەپاڵ وێستگەی تەمەندا وێستگەی قوتابخانەش هەیە کە دوای تەمەنی شەش ساڵی جێگای دەگرێتەوە بۆ ئەوەی منایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی بەپێوەر و رێسا دەروونی و پەروەردەییەکان بچەسپێنری لەگەڵ ئەو شتانەی کە لە هەردوو وێستگەکەی پێشوو بەدەستی هێنابوو.

جێگای سەرەنجدانە کە تاك لەم وێستەگەیەدا بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە کە نزیکەی شانزە ساڵ دەخایەنێت "سەرەتایی و ئامادەیی و زانکۆ "یان دوانزە ساڵ دەخایەنێت سەرەتایی و ئامادەیی کە تیایدا چەندین هەڵسەنگاندن و حوکم و پێوەر لە رێگای مامۆستا و فێرکار و پەروەردەکار و کتێب و لێکۆڵینەوەکاندا بەدەستی دەهێنێ سەرباری تاقیکردنەوە و جیبەجێکردنی ئەرکە قوتابخانەیەکان، هەموو ئەمانە توانا فیکری و داهێنانییەکانی پێگەیاندن پێدەدەن و وێنەی زیرەکی و زانیاری خۆی لەلای ئەوان دەدۆزێتەوە و لێیان وەردەگرێ بۆ ئەوەی ببێتە لایەنی منایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی کە بەهۆیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەوانیتردا دەکا، لەم وێستگە جەنجاڵەدا کە پرە لەهاورێ و برادەر و رەخنەگری دەوڵەمەندن بەپێوەری کلتووری و پەروەردەیی، تاك بەدوای پێوەری بەهایی و مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتیمانیدا دەگەرێ بۆ ئەوەی ببێتە سێیەم ئاوێنەی کۆمەڵایەتی، لێرەدا چەندین لایەنی نوێ لەمنایەتییە کۆمەڵایەتییەکەیدا پێك دێ —کەدواتر- خواست و ئامانجەکانی خۆی بەرجەستە دەکا و هەوڵی بەدیهێنانی دەدا. هەروەها پاڵنەرە خودییەکانیشی بەدەست دەهێنێ بەو پێیەی کە کارلێکێك "ململانیی بی یا یەکگرتوبی" لە نێوان و خودە تاکییەکەی و منایەتییە کۆمەڵایەتییەکەیدا روودەدا کە ئەگەر ململانێیەك لە نێوان پاڵنەرە خودییەکان و پێوەرەکانی ئەم وێستگە تەمەنیەدا رووبدا  هانی دەدا بۆ قوربانی دان بەهەموو ئەو شتانەی کە پێیەتی بۆ بەدیهێنانی

ئەو پێوەرانە، چونکە ئەو پێوەرانە لە منایەتییە کۆمەڵایەتییەکەیدا چەسپیون و وێستگەی سێیەمی دەوڵەمەند دەکەن کە مەودایەکی کاتی درێژی لە تەمەنی داپۆشیوە.

یا ئەوەتا هەماهەنگییەك لە نێوان خودە تاکییەکەی و پێوەرە نیشتیمانی و نەتەوەیەکانی کۆمەڵگاکەیدا روودەدا، بەوەش منایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی بەرهەم دێ کە هاوشێوەی بەهای کۆمەڵگاکە و رێسا نیشتیمانی و نەتەوییەکانە، بەبروای ئێمە چ ململانی یا یەکگرتن لە دەروونی تاکدا بێتە دی ئەوە ئاوێنەی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکا کە رەنگدانەوەی تیشکێکی رووناکە بۆ رووناککردنەوەی ئەو رێگا درێژەی کە لە گەشتە تەمەنیکەیدا ماوەتەوە وە بۆ ئەوەی لە وێستگە تەمەنیکانی تردا وەکو وێستگەی پیشەیی و سیاسی و خێزانیدا ئاراستەی بکات.

لەم ویستگە مەودا کاتییە فراوانەدا، تاك دەچێتە وێستگەی کۆمەڵایەتییە ناوەندێکانەوە، ئەوەش وێستگەی گرووپە تەمەنییەکانە کە لەگەڵ تەمەن و قۆناغەکانی خوێندنیدا جیاوازە، لەوێدا وێنەیەکی نوێ لەمەر خۆی بەدەست دەهێنی و لەچاودێریکردنی سەروی خویدا - مامۆستا و فێرکار و دایك و باوك- ئازاد دەبێ و دەبێتە خاوەن سەروەری خۆی. دواتر وێستگەی خوێندن جێدەهێڵێ و دەچێتە وێستگەی کاری پیشەیی، کەملکەچی دەکا بە وازهێنانی لە پێوەر و رێساکانی وێستگەی پێشوو بۆ ئەوەی بتوانێ پێشوازی لە پێوەر و رێساکانی وێستگە نوییەکە بکا (کە تایبەتە بەکار و زەمالەی پیشەیی) وە تاك لەم وێستگەیەدا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی لەکار خانەنشین دەبێ یا دەمری، پیشە لەم وێستگەیە هەڵدەستی بەدەوڵەمەندکردنی وێنەی خۆی لە منیایتییە کۆمەڵایەتییەکەیدا لە بواری کار و جێبەجێکردن و ئەزموون و لێهاتوییدا، نەك لە بواری خوێندن و خواست و فەلسەفەی نموونەییدا کە خودە تاکییەکەی لەگەڵ حوکم و پێوەری هاوری رابردووەکانی لە قوتابخانە و زانکۆدا کارلێك دەکا، بەلاّم لەلایەن ئەوانەی کە خاوەن ئەزموونی پیشەیی و لێهاتوویی جیبەجیکردنن هەڵناسەنگێنری، لەبەر ئەوە "منایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی" هەوڵ دەدا وێناکردن و حوکمی بەرپرسانی کارەکە بزانێ بۆ ئەوەی پێگەیاندنێکی پیشەیی پێبگا کە زۆر جیاواز بێ لەپێگەیاندنەکەی لە وێستگەی پێشوودا. ئەمەش وای لێ دەکا زیاتر دڵسۆز و ملکەچ بەرهەم هێن و تەماحکار و بەکاربەر بێ لەوەی نادڵسۆز و فەرامۆشکەر و رکابەر و قایل و پاشەکشەکەر بێ، ئەگەر هەندێکیانی بەدەستهێنا ئەوە لەگەڵ خودە تاکیکەی تێکەڵ دەبێ



ئەوەش بۆ بەدەستهێنانی پاڵنەرەکانی بۆ ئەوەی وێنەیەکی پۆزەتیڤ لەلای ئەوانیتر لەکاردا بەدەست بهێنی.

واتا بۆ چاودێریکردنی حوکم و هەڵسەنگاندنی بەرپرسانی کارەکە بەشێویەکی بەردەوام و ورد تەماشای ئاوێنە پێشییەکانی دەکا. لەبەر ئەوە بەوردی لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا خۆی ماندوو دەکا، ئەوەش بۆ ئەوەی ئەزموونێکی بەبەرهەم و راهێنانێکی فراوان لە کارەکەیدا بەدەست بهێنێ و وێنەیەکی جوان و چاك بۆ منایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی لە ئاوێنەی کارەکانیدا بێبینێ. سەرباری ئەوەش  وێستگەی راگەیاندن هەیە کە ئامێری تەلەفزیۆن و رادیۆ دەچێتە ناوی بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیاری و خەیاڵ و خواستەکانی، دواتر وێستگەی سیاسی دێ "ئەگەر بچێتە ناو پارتێکی سیاسییەوە" و دواتر وێستگەیەکی خۆشگوزەرانی دێ "ئەگەر بچێتە ناو یانەیەکی کۆمەڵایەتییەوە "ئەم وێستگانە هەڵدەستن بەپێشکەشکردنی  پێوەری هاوچەرخ و دەرەکی "لە دەرەوەی کەلەپوری ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژی، جۆراوجۆرکردنی حوکمی ئەوانیتر لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا لە هەمان کاتدا لە مومارەسەکردنی ئەو پێوەرانە دووری دەخاتەوە کە لە وێستگەی یەکەم "خێزان "و وێستگەی دووەم و"گروپە تەمەنییەکان"سییەم و"قوتابی و زانکۆ" بەدەستی هێناوە بۆ گەشەپێکردنی رووخسارە کەسایەتییەکانی و پێدانی چەند رەهەند و ئامانجێکی  نوێ لەگەڵ پێداویستی سەردەمدا بگونجێ. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە وێستگەی  یەکەم(خێزان) پرۆسەی پێگەیاندنەوەی دووبارە ئەنجام نادا، چونکە تاك لە خێزاندا تازە لەدایکبووە و هیچ گرووپیکی کۆمەڵایەتی تر وەری ناگرێ. لە بەر ئەوە بە مرۆڤکردن و ئامادەکردنی لەوی دەبێ و دوای ئەویش دەگاتە وێستگە تەمەنیە جێگیرەکان وەکو گرووپە تەمەنییەکان و قوتابخانە و راگەیاندن و خۆشگوزەرانی و کار. کە یەکێکیان جێدەهێڵێ بۆ ئەویتر جێگەی بگرێتەوە و ئەو شتانەی کە وێستگەی پێشتر لەفێرکردنی پێوەر و بەها و ڕێسا کۆمەڵایەتییە نوێیەکان نەیکردووە ئەم تەواوی بکا. ئەوەش ملکەچ کردنی بە وازهێنان لە هەندێ پێوەر و ڕێسای تایبەت بەقۆناغی پێشوو. بۆ ڕوونکردنەوەی قسەکانمان لەهەندی بارودۆخدا بەیەکداچونێکی رەفتاری  لەلای تاك دروست دەبێ , ئەگەر وابەستەی ڕێبازی پێگەیاندنی  گرووپیکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو بێ و چێژ لەوێستگەکە وەربگرێ و نەتوانی وازی لێبهێنێ و دوای ئەوەی کە جێیهێشتووە و وێستگەیەکی نوێ جێگای گرتۆتەوە ئەم وێستگەیەش بەگوێرەی پێوەرەکانی خۆی پێی دەگەێنی. لێرەدا لە لای تاك ململانێیەك لەنێوان پێوەرەکانی  قۆناغی پێشوو کە نایەوی

وازیان لێبهێنێ و پێوەرەکانی وێستگەی ئێستا ڕوودەدا, بەلاّم ئەم ملّملانێیە زۆر بەردەوام نابێ یائەوەتــە لەوێــستگە نوێیەکــە پاشەکــشە دەکــا و بەیــەکجاری بــەجێیێ دەهێلّــی,  یــان واز لەپێوەرەکانی وێستگە کۆنەکە دەهێنی. بۆ نموونە: ئەو گەنجەی کەتازە هاوسەرگیری ئەنجام دەدا پێویستە بەرگەی لێپرسراوییەتی مالّ و خێزان بگرێ، بەلاّم ئەگەر هەلّس و کــەوتی گەنجایــەتی مایەوە و ملّکەچی بەرپرسیارێتی خێزان نەبوو ئەوە دەستێوەردان دروست دەبــێ واتــا هــەلّس و کــەوتی گەنجایــەتی رادەکێــشێتە نــاو هــەلّس و کــەوتی خێزانــەوە  پێکــدادانێك لــەنێوان بەرپرســیارێتی هاوســەر و هــەلّس و کــەوتی گەنجایــەتی ڕوو دەدا. ئــەم  ئــەم حالّەتــە بەســەر ئەوکچەشدا جێبەجێ دەبــێ کــە وابەســتەی  پێــوەری گــەنجێکی نابــەرپرس و پــشت بەســتووە بەیارمەتی ئەوانیتر لە جێبەجێ کردنی ئەرکــە مالّییەکانــدا. وەلــەکاتی مێردکردنیــدا بــەهۆی وابەستەبوونی بەپێوەرەکانی گەنجایەتی هەلّناسێ بە چــاودێریکردنی خێــزان و بەرپرســیارییەتی مێرد و پەروەردەکردنی منالّ, ئەویش دەبێتە هۆی ملّملانێی رەفتاری لەلای کچەکە, یا بەهۆی گۆڕانی لە حالّەتی پێگەینراو بۆ حالّەتی پێگەیەنەر وازیلێدەهێنێ.

حالّەتێکی تر هەیە کە ملّملانێیەکی رەفتاری لەلای ئــەو باوکــە (پەروەردەکــەرە) دروست دەکا کە لە دامەزراوییەکی رەسمی کاردەکا، تیایدا پێگەینراوە نەك پێگەیەنەر، واتە ملّکەچــی جێبەجێکردنی فەرمانەکان بێت نەك وەك ئەوەی لە خێزانەکەیــدا نوێنــەرە :   بەواتایــەکی تــر پێویستە ملّکەچی پێوەرەکانی ئەو دامەزراوەیە بێت، ئەگەر هەولّی رەتکردنــەوەی ئــەوەی دا و هاوکات پارێزگاری لەو رۆلّەی خــۆی وەکــو "پێگەیەنــەر"و رازی نــەبوو بــەرۆلّی خــۆی وەکــو پێگەیەنراو، ئەوە دەستێوەردانێکی رەفتاری لەلا دروست دەکــا و پــالّی پێــوەدەنێ بــۆ ئــەوەی بکەوێتە ملّملانێی نێوان رۆلّی پێگەیەنەر و پێگەیەنراو کە دواتــر لــە بەرژوەنــدی یــەکێك لــە لایەنە دژپێکەکان، یەکلا دەبێتەوە.

پۆختــەی قــسەکان: دەروونــی مرۆیــی لــەو خــودە تاکییــە پێــك دێ کــە ئامادەگییــە "بایۆلۆژییەکان" دەنوێنی، لەگەلّ لەدایکبوونی مرۆڤەکە لەدایك دەبی بەگوێرەی قسەی "ئــیبن خەلدوون" وەلەگەلّ سەرەتای لەدایکبوونیدا، وێستگە تەمەنێیەکان و ئاوێنە کۆمەلاّیــەتیکان، کاریگەرییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی بەردەوام بەسەر خــودە تاکییەکــەدا پراکتیــزە دەکــەن بــۆ ئەوەی لەناو خێزان و گرووپ و قوتابخانە و کار و رێکخــراو و دامــەزراوەکان لــە قــالّبی بــدەن، تاوەکو ئەو مرۆڤە "بونەوەرە مرۆییەکە" لە تاکێکی بایۆلۆژی خۆپەرستەوە بگۆڕێ بەکەسێکی کۆمەلاّیەتی و هەلّگری نەریتەکانی گۆمەلّگای مرۆیی وکلتوورییەکان.



پرۆسەی گۆڕینی مرۆڤێك لە تاکێکەوە بۆ کەسێك، بــەدوورە پــەرێزی عــەقلّ و هەســتەکان نابێت، بەلّکو کاریگەرییە کۆمەلاّیەتییەکان بەسەریاندا رەنــگ دەداتــەوە و هەســتەکان درکــی پێدەکەن و دواتریش عــەقلّ ئــەو شــتانەی بەســوودن بــۆ بەرژوەندییــەکانی و بــوونی تــاکێکی کۆمەلاّیەتی هەلّیان دەبژێرێ.

بەرئەنجامی ئەو نــاردن و وەرگــرتن و رەتکردنــەوە و هەلّبژاردنــەی " نێــوان هەســتەکان و عەقلّی تــاك و نێــوان کاریگەرییــە کۆمەلاّیەتییــەکان" دووبارەبوونــەوەی لــە ماوەکــانی تــری وێستگە تەمەنییــەکان و ئــەو شــتانەی کــە ئاوێنــە کۆمەلاّیەتییــەکان لــەکرداری پێکهێنــانی دەروونی کۆمەلاّیەتیدا دەیکەن، مرۆڤەکە لە حالّەتی تاکییەتییەوە دەگوێزرێتــەوە بــۆ حالّــەتی کۆمەلاّیــەتی، واتــا وەکــو چــالاکێکی کۆمەلاّیــەتی لێــدێ کــە هــەلّگری ئــەو کــردارە کۆمەلاّیەتییانەیە، کە لــە کۆمەلّگایەکــەوە لــە رێگــای وێــستگە تەمەنییەکانــەوە بەدەســتی هێناوە.

## زاراوەکانی بەشی سێیەم

| | |
|---|---|
| Anticipatory Socialization | پێگەیاندنی چاوەڕوانکراو |
| Action tendency | ئارەزووی کرداری |
| Cultural directives | ئاراستە کلتوورییەکان |
| Conventional Level | ئاستی ئاسایی و سەرەتایی |
| Dramaturgical approach | ڕێبازی رووکەشکاری –نواندنکاری |
| Feedback | فیدباك |
| Impression | بیروبۆچوون، خووورەوشت |
| Looking-glass-self | خوود لەئاوێنە کۆمەڵایەتییەکاندا |
| I | خوود |
| Motive | پاڵنەرەکان |
| Me | منی باڵا |
| Peer groups | گرووپی تەمەنی، پێر |
| Preconventional level | ئاستی بەر لە ئاسایی |
| Post conventional level | ئاستی دوای ئاسایی |
| Self-awareness | خۆناسین |
| Sociobiology | بایۆکۆمەڵایەتی |
| Significant others | ئەوانیتری گرنگ |
| Taking the role of others | پراکتیزەکردنی رۆڵی ئەوانیتر |
| Total institutions | دامەزراوە سزاییە چاکسازییەکان |
| Resocialization | دووبارە پێگەیاندنکردنەوە |
| Role-playing skills | لێهاتوویی پراکتیزەکردنی رۆڵ |
| Reverse Socialization | پێگەیاندنی پێچەوانە |



## سەرچاوەکانی بەشی سێیەم

١- فاخوري، حنا والجر، خليل ١٩٦٣"تاريخ الفلسفة العربية" مؤسسة بدران و شركائه-بيروت ص ٦١٦.

2- Schafer, Richard and lamm,Robert, 1992,McGraw-Hill.Inc.New York.p.102.

3- Ibid.p.104.

4- Wallace,Rand Wallace ,W.1989 sociology Allyn and Bacon, Boston P.P.80-85.

5- Ibid.p.1.

٦- عمر، معن خليل ١٩٨٢"نقد الفكر الاجتماعي المعاصر"دار الافاق الجديدة-بيروت ص٢٠٠.

7- Turner,Jonathan.H.p.p.104-142.

8- Ibid.p.136.

9- Wallace,Rand Wallace ,W.1989,p.p.79-81.

١٠- دياب، فوزية ١٩٧٨" نمو الطفل و تنشئته" مكتبة النهضة المصرية-القاهرة، ص١٢١.

11-Schafer, Richard and lamm,R.1992,Sociology,p.118.

12-- Wallace,Rand Wallace ,W.1989 sociology,p.

13- Schafer, Richard and lamm,R.1992,Sociology.p.121.

١٤- بروم، اورفيل وويلر، سنانتون ١٩٨٢" التنشئة الاجتماعية بعد الطفولة" ترجمة علي الزغل، دار الفكر للنشر و التوزيع-عمان.

# بەشی چوارەم

# خزمایەتی

## أ/٤- پێناسەی زاراوەی خزمایەتی:

بۆ زیاتر روونکردنەوەی یەکەی خزمایەتی، پێم باشە چەند یەکەیـەکی نزیـك بـەم زاراوەیـە دیاری بکەین کە هەندێکیان بۆ هەمان یەکەی خزمایەتی بەکار دێن، ئەمەش دەبێتە هۆی لێڵی و ئالۆزییەك لە بەکارهێنانیاندا لەلای لێکۆڵەر و گرنگیپێدەرانی ئەم بوارە، بەم شێوەیە:-

١- پەیوەندی خوێنی (الصلة الرحمية).

٢- پەیوەندی رەچەڵەکی.

٣- نازناوی خێزانی.

٤- *پەیوەندی کۆمەڵایەتی.*

زاراوەی "پەیوەندی کۆمەڵایەتی" لـەلای هەنـدێ کۆمـەڵناس بـۆ روونکردنـەوەی پەیوەنـدی خۆێنی "نێوان برا و براکەی و خوشـکەکانی یـا خوشـك و خوشـکەکەی و براکـانی، بـەکاردێ " ئەمەش خراپ بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەیە، چونکە ئاماژە بە واقیعی ئەو پەیوەندییە ناکـات کـە لە نێـوان خوشـك و براکانـدا هـەن، بـەو پێیـەی پەیوەنـدی رەسمـی و هاورێیـەتی تێدەپـەڕێنی، لەبەرئەوەی لەتـەنها پەیوەندییـەك بـەهێزترە، لەبـەر ئـەوە "پەیوەنـدی خوێنـەکی" ئاماژەییـە بەئینتیمایەکی ئەندامەکی بۆ یەك دایـك و یـەك خێـزان کـە هـەموو بەربەسـتە پەیوەندییـەکان رەتدەکاتەوە، کەواتە لە تەنها پەیوەندییـەك پتـەوترە، لەهەنـدی بارودۆخیـشدا دەگاتـە حاڵـەتی فیداکاری و قوربانیدان یـا وازهێنـان لـە هەنـدی مـافی مـاددی و مەعنـەوی، لەبەرامبـەر ئـەم لێلییەشدا دەبێت چەمکی "پەیوەنـدی خوێنـەکی" بـۆ روونکردنـەوەی پەیوەنـدی نێـوان بـرا و خوشکەکان بەکاربهێنین، نەك بەکارهێنانی چـەمکیپەیوەندی کۆمەلایـەتی لـە نێـوان خوشـك و براکـان، چـونکە لەبنـەمادا نموونـەی پەیوەندییـەکی ئەندامـەکی چارەنووسـساز نییـە بـەڵکو کارلێکێکی هەلومەرجەکییە، ئەمەش بەسەر سروشـتی ئـەو پەیوەندییـەی نێـوان منـداڵی یـەك دایکدا ناچەسپێ، لەبەرئەوە پێویستە لەبەردەوامیدان بەم هەڵە ئاشکرایە دەست هەڵبگرین.

دوای ئەو دێینە سەر زاراوەی "پەیوەندی رچەڵەکی " کە ئاماژەیە بەسروشتی خزمایەتییـەکی چنراو و بوونیادنراو لەسـەر هاوسـەرگیری و ژن و ژنخـوازی نێـوان ژن و پیاوێـك کـە هەریەکـە و سەربەخێزان یا هۆز یا خێـڵ یـا شـارێکی جیـاوازن، ئـەم جـۆرە پەیوەندییـە ئامـاژە نییـە بـەو پەیوەندییە خوێنییەی نێوان خوشك و براکان، بەڵکو بۆ چەند گرووپیکە کۆمەلایەتی دیـاری کـراو دەگەرێتەوە لە رێگای هاوسەرگیری، کە پێویستی بەملکەچی و بەرپرسیارێتی ماددی و رەوشـتی و ئاکاری هەیە لە نێوان هەردوولا، کە لـە پەیوەندییـەکی کۆمەلایيـەتی کـاتی و بەرژەوەنـدی و رەسمی زیاترە، بەڵکو زۆر بـەهێزتر و پتـەوترە، چـونکە پەیوەندییەکـە چـەندین ئـەرك و مـاف و

وابەستەبوون دەگرێتە خۆی کە زۆربەی لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە و چەندین تاك وگرووپیش پێك دەبەستێتەوە کە بۆ چەندین نەوە بەردەوام دەبێت.

بەلاّم نازناوی خێزانی: پەیوەندی رچەڵەکی و پەیوەندی خوێنەکی ناگرێتەوە، بەڵکو نازناوێکە پەیوەندی بە پیشەی سەرۆك خێزان یا کارەکەی یا ئەو شوێنەی کە تیایدا نیشتەجێبوون یا خاوەن کەم ئەندامییەکی جەستەییەوە، هەیە. کەواتە تەنها ناولێنانێکی شۆرەتییە و رەنگدانەوەی پەیوەندی خوێنی و پەیوەندی رچەڵەکی نییە، بەلاّم ئەم مانای ئەوە نییە کە نازناوی خێزانی دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی پەیوەندی خوێنی و رچەڵەکی، بەڵکو خێزانی خاوەن نازناو ئەندامەکانی خۆی بەپەیوەندییەکی خوێنی و رچەڵەکی پێك دەبەستێتەوە، بەلاّم بەخێزانێکی تری نابەستێتەوە کە هەڵگری هەمان نازناو یا هەمان شۆرەتن. بۆ نموونە خێزانێك کە نازناوی ئاسنگەرە، ئەوە منداڵەکانی ئەم خێزانە کە لە ناوچەی جوگرافی "A" نیشتەجێبوون، پەیوەندییان بەو خێزانەوە نییە کە ئەوانیش هەڵگری نازناوی "ئاسنگەرن" بەلاّم لە ناوچەی جوگرافی "B" نیشتەجێن.

لە کۆتاییدا "پەیوەندی کۆمەلاّیەتی" کەناڵێکە کە تاکێك بەیەکێکی تر دەبەستێتەوە لەبەرئەنجامی کارلێکێکی راستەوخۆ "رووبەڕوو" یا بەشێویەکی ناراستەوخۆ، لە رێگای ئامرازی پەیوەندی بینینەکی یابیستنەکی یا خوێندنەوەیی " کە تاکەکان بە پەیوەندییەکی چارەنوسساز پێکەوە نابەستێتەوە وەکو ئەوەی پەیوەندی خوێنەکی دەیکا" هەروەها بەرپرسیارییەتی و ملکەچبوون ناخاتە ئەستۆی تاکەکان بە درێژاییی ژیانیان وەکو ئەوەیپەیوەندی رچەڵەکی دەیکات, بە واتایەکی تر، ئەمە لاوازترین داوە لە تۆڕی خزمایەتی کۆمەلاّیەتی.

پوختەی قسە: خزمایەتی واتا, کۆمەڵێك پەیوەندی خوێنەکی و رچەڵەکی کە تاکەکان بەخزمایەتییەکی ئەندامەکی توند و تۆڵ دەبەستێتەوە و ناچاریان دەکا بەجێبەجێکردنی ئەو ئەرك و ماف و بەرپرسیارییانەی کە بە قازانجی منالّەکانی یەك دایك و یەك رچەڵەکە.

لێرەدا ماوە ئاماژە بەوە بدەین کە زانایانی مرۆڤناسی زۆر زیاتر لەزانایانی کۆمەڵناسی گرینگییان بە دیراسەکردنی بابەتی خزمایەتی داوە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ رۆڵ لاوازی خزمایەتی، لە گۆمەڵگا پیشەسازی و شارستانییەتەکانی "رۆژئاوا " لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەدەبییات و تیۆرەکانی کۆمەڵناسی لەجیهانی ئیسلامیدا نووسراون و بلاّوبوونەتەوە، کەچی وەکو زانایانی مرۆڤناسی گرینگییان پێنەداوە، بەڵکو تەنها ئاماژەیان پێداوە، لە کاتی ئاماژە پێدانەکەشدا پشتیان بە لێکۆڵینەوەکانی زانایانی مرۆڤناسی بەستووە.



حەقیقەتێك هەیە کە پێویستە لێرەدا باسی بکەم، ئەوەیە کە تائێستا کۆمەڵگای عەرەبی خزمایەتی پاراستووە کە رۆڵی گرنگی لە بواری کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ئابوورییدا هەیە، واتا ئێستاش پێگە و دەسەلاّتی کۆمەڵایەتیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەرئەوە توێژەرانی کۆمەڵایەتی عەرەبی ناچارکردووە یا پابەنکردووە کە تیشکی بخەنە سەر و لەرۆڵ و شوێنەوارە سەلبی و ئیجابییەکانی لەسەر ژیانی رۆژانە و لە ژیانی کۆمەڵگای دوا رۆژ بکۆڵنەوە، وە بەدوای توێژینەوی زانایانی کۆمەڵناسانی رۆژئاواییەکاندا نەچن لە باسکردنی ئەم بابەتە، چونکە لە بوونیادی کۆمەلاّیەتی کۆمەڵگای رۆژئاوادا خزمایەتی گرینگییەکی سەرەکی نییە.

## ب/٤- ناوەرۆکی پەیوەندییە خزمایەتییەکان:

پەیوەندییە خزمایەتییەکان ئەم مەرجانە دەگرێتە خۆ:

١- پەیوەندییە خزماییەتییەکان: بریتین لە چەند پەیوەندییەك کە پشت بە کارلێکی راستەوخۆ دەبەستن، واتا تاکەکان رووبەڕوو و بی ناوەند کارلێك دەکەن.

٢- پەیوەندییەکان ئامانجن نەك ئامراز، واتا پێویستە خزم وا تەماشای خزمەکانی خۆی بکا کە سەروەت و سامانێکی بالاّن بەسەر سەروەت و سامانەکانی تردا، وە پێش ئەوەی ملکەچی ئەرکەکانی تر بن دەبێ ملکەچی ئەرکەکانی ئەوان بن، ئەمەش حەقیقەتێکە بە روونی لە کۆمەڵگا سەرەتایی و ساکارەکاندا دیارە، کەنموونەیەکی نموونەیی لە هێزی خزمایەتی بەرجەستە دەکات.

٣- پەیوەندییە خزمایەتییەکان لەکۆمەڵگا سادە و ناپێشکەوتووەکان دەچنە ناو بوارە سەرەکییەکانی ژیانەوە، بەتایبەتی بواری ئابووری و سیاسی و هاوسەرگیری و بیروباوەری تەنانەت خۆشگوزەرانیش، بەم شێوەیە دەتوانین بلّێین بواری پەیوەندییە خزمایەتییەکان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەچێتە ناو هەمو رەهەندەکانی ژیانەوە، ئەمەش وا لە ئەرکەکەی دەکات کە لە واقیعی ئەم کۆمەڵگایانەدا زۆر ئالّۆز بێت.

٤- خزمایەتی لەو کۆمەڵگایانەی باسمان کرد "سادەکان "دابەشی سەرچەند جۆرێك دەبێ، کە بریتین لە خزمایەتی خوێنی و ژن و ژنخوازی و خزمایەتی نەرێتی و خزمایەتی تیرەیی، کە پشت بە بیروباوەرگەلێکی ئەفسانەیی دەبەستێ، وەکو ئەوەی لەلای چەند گرووپیکە ئوسترالی کۆن هەیە کە پێیان وایە بنەچە و رەچەڵەکیان لە ئاژەڵەوە هاتووە.

٥- خزمایەتی لە کۆمەڵگا سەرەتایی وخێڵەکییەکان کاریگەرییەکی دیسپلینی بەهێز لە هەموو بوارە جیاوازەکان پیادە دەکات، بەو پێیەی ئەندامانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە ژیانی تایبەتی

خۆیان و ژیانی منداڵەکانیان لە ژیانی خزمەکانیان جیاناکەنەوە، ئەمەش مافیان دەداتی کە دەست خەنە نێو کاروبارەکانیان و سەرپەرشتی ئەو شتانە بکەن کە پەیوەستە بە کێشەی خێزانی و گرفتەکانی تریان.

باشترین بەڵگەش بۆ ئەم حەقیقەتە ئەوەیە کە منداڵ تەنها لەلایەن دایك و باوکەوە پەروەردە ناکرێ، بەڵکو لەلایەن خزمەکانی دایك و باوکیشیەوە پەروەردە دەکرێ، ئەوەش لەسەر ئاستی پاداشت و سزا و رازیکردنی سۆزداری و پەروەردەی فیکری.

٦- چونکە رچەڵەك لە کۆی ژیانی سەرەتایی و تیرەیدا کێشێکی قورسی هەیە، پەیوەندییە خزمایەتییەکان پشت بەو باکگراوندانە دەبەستی کە پەیوەستە بە رابردووی رووداوە هەمەجۆرەکانیەوە، ئەمەش وادەکا بەشی رابردوو لە کۆی بیرکردنەوە و رێورەسمی و هەڵوێستە کۆمەلآیەتیکان زۆر زیاتر بێت لە بەشی ئێستا و ئاینده.

٧- بەهۆی ئەو دەمارگیرییە توندەی پەیوەندییە خزمایەتییەکان، کۆمەڵگا سەرەتاییەکان وایان لێهاتووە کە کۆمەڵگایەکی داخراو بن، بەجۆرێك ئەستەمە بێگانە بتوانی تێکەڵیان بێ و پێگەیەکی بەرز لە رێکخستنی کۆمەلآیەتیاندا بەدەست بهێنێ، یان ناوەند یا رۆلێکی کۆمەلآیەتی بەکار بهێنێ کە خزمایەتی مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەکارهێنانی ئەو رۆڵە.

٨- خزمایەتی سەرەتایی: خاوەن سروشتێکی دەوڵەمەندە کەلە پەیوەندی زیندووەکان بالآتر دەچێ و مردووەکانیش دەگرێتەوە ئەم بوارەش لەو رۆلآنەدا روون دەبێتەوە کە دەخرێنە ئەستۆی خزمە مردووەکان لەژیانی کۆمەلآیەتی گرووپەکەدا بەهەر دوو شێوەی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ. لەلای زۆربەی کۆمەڵەکانی ئەفریقیاو ئۆقیانوسیا باوباپیرانی مردوو لە رێکخستنی کۆمەلآیەتیدا بەشداری دەکەن، کە کەس و کاریان لە کاتی لادانیان لە رێسایەکی کۆمەلآیەتی باودا ترسیان لە سزای رووحیان هەیە. هەروەها ئەو گرووپانە پێیان وایە باوباپیرانیان لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کۆمەلآیەتی وسیاسی دژی داگیرکەر بەشداری دەکەن، هەروەك ئەو بزوتنە خۆماڵیانەی لەلای هەندێ گرووپی کینیای نوێ یا لەلای هەندێ تیرەی هندییە سورەکان لە ئەمریکای باکوور یا هەندێ تیرەی ئەفریقی دەبیندرێ.[1]

## ج/٤- بنچینەی پۆلینکردنی خزمایەتی:

لەگەڵ جیاوازبوونی کۆمەڵگاکان زاراوەکانی خزمایەتیش جیاواز دەبن، بۆ نموونە چەمکی باوك یا دایك یا کوڕ یا کچ لە هەموو کۆمەڵگاکان هەمان مانایان نییە، بۆ ئەوەی هۆکاری ئەمە بزانین دەبێ پشت بە روونکردنەوەکەی "ئەلفرێد کروپەر" ببەستین کە هەشت بنەمای خزمایەتی



دەگرێتە خۆی، دەکری وەکو چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ هەموو جۆرەکانی زاراوەی خزمایەتی بخەینە روو، کە بۆ گرنگی پێدەری بابەتی خزمایەتی سوودێکی باشی هەیە، ئەویش بەم شێوەیە: -

١- بناغەی وەچە: زاراوەکانی دایك و باوك و خاڵە و مامە و پور بۆ وەچەی سەردەمی دایك و باوکی تاکەکە دەگەرێتەوە، بەلآم زاراوەکانی خوشك و برا بۆ وەچەی سەردەمی خودی تاکەکە دەگەرێتەوە، کەچی زاراوەکانی کوڕ و کچ وخوشکەزا و برازا بۆ وەچەی دوای خۆی دەگەرێتەوە.

٢- بناغەی جیاوازی تەمەنی: واتا پۆلێنکردنی خزمەکانی هەمان وەچە بەپێی جیاوازی تەمەن، لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بەچەمکێکی جیاواز بانگی برا گەورە دەکرێت کە زۆر جیاوازە لەو چەمکەی کە بانگی برای بچووکی پێدەکرێ، هەروەها بەگوێرەی تەمەن جیاوازی لە نێوان خوشکەکانیش دەکری.

٣- بناغەی جیاوازی لە نێوان خزمە راستەوخۆکانLineal و ناراستەوخۆکان Cousins ، جۆری یەکەم"راستەخۆکان" ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەیەك هێڵدا یەکیان گرتووە، بەلآم جۆری دووەم "ناراستەوخۆکان"ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ وابەستەی یەکن، ئەویش لە رێگاییەکێك لەو کەس و کارانەی کە هەردوو هێڵەکە پێك دەگەێنی، مامە و خاڵە لە گۆمەڵگای ئیسلامیدا بەخزمی ناراستەوخۆ دەژمێردرێن، چونکە باوك ناوەندێکە لە نێوان منداڵەکانی و براکانی "مامە" و دایکیش ناوەندێکە لە نێوان منداڵەکانی و براکانی "خاڵە"، مەسەلەکە سەبارەت بەکوڕ و کچی مامە و خاڵەکانیش هەمان شتە، واتا بەخزمی ناراستەوخۆ دەژمێردرێن، چونکە منداڵی برای دایکن یان منداڵی برای باوکن.

٤- بناغەی جیاوازی جۆری رەگەزی خزمەکان"نێر یا مێ"، لە کۆمەڵگای عەرەبیدا جیاوازی دەکرێ لە نێوان دایك و باوك و مامە و پورو خاڵە و پۆر و برا و برازا و کچی خوشك.

٥- بناغەکانی جیاوازی جۆری خودی قسەکەر "کە بانگی خزمەکان دەکا " لە کۆمەڵگای عەرەبیدا نێر یا مێ هەمان زاراوەکانی خزمایەتی بەکار دەهێنن، بەلآم رێکخستنێکی خزمایەتی هەیە کە هەندی زاراوە بەکار دەهێنی ملکەچی جۆری رەگەزی قسەکەرە، ئەو زاراوە خزمایەتییانەی کە نێر بەکاریان دەهێنی هەمان شت نییە لەلای مێ.[1]

٦- بناغەی جیاوازی جۆری خزمەکان، کە وەك ئامرازێکی پەیوەندی وان لە خزمایەتیدا، پێشتر باسی خزمی ناراستەوخۆمان کرد، کە ئەو کەسانەن بە هۆی خزمێکی دیاریکراوەوە بەکەسەکەوە

---

١- ئەم جیاوازییە رگەزییە زمانەوانییانە لەزمانی کوردیدا لەکاتی قسەکردندا یا لەکاتی بانکردندا جیاوازی نییە(وەرگێری کوردی).

بەستراون، لە کۆمەڵگای رۆژئاواییدا جۆری ئەو خزمەی وەکو ئامرازێکی پەیوەندییە هیچ کاریگەرییەکی نییە، بەڵکو هەموو کوڕ و کچەکانی خاڵە و مامەکان پێکەوە بە یەك چەمك بانگ دەکرێن"cousin"، واتا "ئامۆزا"بەڵام ئەم گرووپانە (کوڕ و کچی خاڵۆو مامەکان) لە کۆمەڵگای نارۆژئاواییدا دابەشی سەر دوو گرووپ دەکرێن، ئەوانیش منالّی پور یاخاڵەی پچرێنەرە"cross cousins" واتا منالّی خاڵە و پورەکان "خوشکی باوك "، گرووپی دووەم مامە و پورە هاوتەریبەکان دەگرێتەوە "parallel cousins"،واتا منالّی مامە و پورەکان "خوشکی دایك "، بەواتایەکی روونتر: ئەگەر کەسی ناوەندەکە لە هەمان جۆری رگەزی خزمەکە بوو"وەك برای باوك(مامە) یا خوشکی دایك(پور)"ئەوە منالّەکانی ئەو دوو کەسە بەمنالّی مامە یا پوری هاوتەریب دەناسرێن، بەڵام ئەگەر جۆری رگەزی خزمەناوەندەکە جیاوازبوو لە جۆری رگەزی خزمەکان ئەوە منالّەکانیان بە منالّی خاڵە و پوری پچرێنەر وەسف دەکرێن.

٧- بناغەی جیاکردنەوی خزمە خوێنییەکان لە خزمە ژن و ژنخوازییەکان: یەکەم ئەو کەسانە دەگرێتەوەی کە سەر بەهەمان خێزانی کەسەکەوخێزانی باو باپیرانێتی،

بەڵام خزمی ژن و ژنخوازی ئەو خزمانە دەگرێتەوە کە لە رێگای هاوسەرگیرییەوە دروستبوون، واتا ئەو کەسانەی کە لە رۆژئاوا زاراوەی "In-law" یان بۆ بەکاردی، لەبەرئەوە خزمە ژن و ژنخوازی بەخەزور دەڵێن "Father-In-law" وە بەخەسوو دەڵێن "Mether-In-law" وە بە برای ژن دەڵێن "Bather-In-law"وەبە خوشکی ژن دەڵێن "Sister-In-law".

١- بناغەی جیاوازی پێگە و (رەوشی)یش دەبێ ژیانی ئەو کەسەی لە رێگایەوە پەیوەندی خزمایەتی دروست کردووە. لە نێو هۆزی "شیریکا"کە" ئەباچین"پیاو رازی دەبێ لەگەڵ خێزانی ژنەکەیدا بژی کە پەیوەندی ژن و ژنخوازی پێکی بەستونەتەوە، بەڵام بەمردنی ژنەکە پەیوەندییەکەی لەگەڵیاندا دەگۆڕی، بۆیە ناچار دەبێ کە خوشك یا کچە بێوەژنەکانی پورەکەی بخوازی کە پێشتر شوویان کردووە، بەم شێوەیە لەنێوان ئەندامانی ئەو خێزانە دەمێنێتەوە کە دوای هاوسەرگیری چۆتە ناویانەوە [٢]

## د/٤- رەچەڵەك و وابەستەکانی- تیرە و بوونیادەکەی:

رچەڵەك ئەو بوونیادەیە کە نەوەکانی یەك باووباپیران"سلف"پێك دەبەستێتەوە، یا ئەو پەیوەندییەیە کە تاك " سەر بە گرووپێکی دیاریکراو" لە تاکەکانی دەرەوەی گرووپەکە جیادەکاتەوە، بە هۆی هاتنە خوارەوەیەکی بۆماوەیی- خوێنی کەلێوەی هاتوونەتە خوارەوە وەکو مەرجەعێکی خزمی پێی ناسراوە.



ئەمە تەنها دیاریکردنێکی گشتییە کە یەك جۆری رچەڵەك بەرجەستە دەکات، بەڵام نازناوی رچەڵەکی بە گوێرەی جۆرەکەی دەگۆڕی، ئەوەش سێجۆرە: -

١- ***رچەڵەکی دایکی:*** کە دەچێتە سەر ئەو پەیوەندییانەی تاك لە رێگای دایکییەوە بە باوباپیرانیەوە دەبەستێتەوە "رچەڵەکی یەك هێلی" واتا لە رێگای مێیینەوە دان بە پەیوەندییە خزمایەتییەکانی خۆیەوە دەنێ، کە هێڵی رچەڵەکەکانی " بۆ وەچەی سەرەوە " لە رێگای دایکییەوە دەست پێدەکات بەڵام بۆ وەچەکانی خوارەوە بەمنالّەکانی خۆی و کچی خوشك و براکانی دەست پێدەکات، وە میرات و بۆماوەکان بەپێی ئەم سیستەمە لەرێگای دایکەوە دەبێ، واتا لە خاڵەوە بۆ کوری خوشك وەکو چۆن نیشتەجێبوون دوای هاوسەرگیری لەگەڵ دایك و کەس و کارەکەی دەبێ.[٣]

پیاو لەم رچەڵەکەدا پێگەی کۆمەڵایەتی و هێز و دەسەڵاتی خۆی لە گرووپی دایکییەوە بەدەست دەهێنی واتا لە کەس و کاری دایکییەوە، وە خاڵە بەهێزترین پیاوە " لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە" لەو کۆمەڵگایانەی کەرچەڵەکی دایکایەتیان تێدا باوە، وەئافرەت لە ژێر سێبەری ئەم جۆرە رچەڵەکەدا پێگەی پاشکۆی براکەی هەیە "پیاو"، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە پیاو ئەو رۆڵە گرنگەی کەلە خێزانی خوشەکەکەیدا هەیەتی لە خێزانەکەی خۆیدا نییەتی، واتا پیاو پێشکۆیە "متبوع"و ئافرەتیش پاشکۆیە"تابع"، تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەش کە رچەڵەکی دایکایەتییان تێیدا باوە، بەڵام جیاوازی لە پەیرەوکردنی رۆڵە خزمایەتی و خێزانییەکان روودەدا، واتا رۆڵ و پێگەی پیاو و باوك بە ئاست رۆڵ و پێگەی خاڵە کاریگەر نییە. ئەو سێ پێگەیەش (خاڵ، باوك، مێرد) لەئەستۆی پیاون.

٢- ***رچەڵەکی باوکی:*** واتا ئەو پەیوەندییانەی کە تاك بە باو باپیرانییەوە دەبەستێتەوە لەرێگای باوکیەوە "رچەلەکی یەك هێڵی" واتا تەنها لە رێگای باوکیەوە دان بە پەیوەندییە خزمایەتییەکانیەوە دەنێ، وە لەرێگای باوکیەوە دەست بە هێڵی رچەڵەکی خۆی دەکا بۆ نەوەکانی سەرەوە، بەڵام بۆ نەوەکانی خوارەوە لە رێگای کوڕ و کچی خوشك و براکانیەوە" وە میراتیش بە گوێرەی ئەم سیسەمە لە رێگای نێرەوە دەبێ، واتا لە مامەوە بۆ کور یا کورو کچی خوشك و براکانی، وە باوکی مێرد ئەو کەسەیە کە فەرمان و ئەرکە ئایینی و ئابووری و سیاسییەکانی لێوە دەردەچێ بۆ ئەوەی خێزانی کوڕەکەی جێبەجێ بیکەن، تەنانەت لە ناولێنانی منالّەکانیشیدا دەست وەردەدا وە خاوەن قسەی بالا و کۆتاییە لەو کۆمەڵگایانەی کە رچەڵەکی باوکییان تێیدا باوە، بەڵام ئافرەت لەو کۆمەڵگایانەدا لە رچەڵەکی خێزانەکەی خۆی جیادەکاتەوە کە پێش هاوسەرگیرییەکەی بۆی دەگەرایەوە، بۆ ئەوەی رچەڵەکی پیاوەکەی وەربگرێ.

٣- ***رچەڵەکی جووت هێڵەکی***: واتا ئەو وابەستەکیانەی کە تاك لە رێگای دایك و باوکیەوە بە باوباپیرانیەوە دەبەستێتەوە، یا گەڕانەوەی کەسێك لەیەك کاتدا بۆ دوو گرووپی خزمایەتی کە تەواوکەری یەکترن، ئەوەش گرووپی باوکیە کەلەرێگای باوکەوە وابەستەن و گرووپی دایکیش لەرێگای دایکەوە وابەستەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان، کە گەڕانەوەی بۆ گرووپی یەکەم لە پێناو میراتە و گرووپی دووەمیش بۆ ئامانجی ئاینییە، ئەم جۆرە جووت هێڵی وابەستەییە، بوونی کەمە تەنها لە "ئەفریقیای رۆژئاوا لە نێوان هەردوو هۆزی "ئەشانتی و یاکۆ" دا هەیە.[٤]

لێرەدا وای بەباش دەزانم کەئاماژە بەڕای زانای عەرەب (ئیبن خەلدوون) بکەم کەسەبارەت بە رچەڵەکی عەرەبی وتویەتی: (سوود و بەروبوومی رچەڵەك لەوەدایە کەدەمارگیری و پشتگیری یەکتری دروست دەکات، بەشێوەیەك دەبێتە هۆی نیشاندانی هێز بەبەرامبەر، وەئەوکەسەی کە دەچێتەناو دەمارگیرییەوە ئەگەرکەسێکی زیرەك بێ سوودی رچەڵەك روونتر دەبێ و بەروبوومەکەشی بەهێزتر دەبێ).

لێرەدا (ئیبن خەلدوون) شانازیکردنی عەرەب بەرچەڵەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە رچەڵەك وابەستەی ئازایەتی و خانەدانی و چەند رەوشتێکی ترە، ئەمەش وا دەکات خەڵکی شانازی پێوە بکەن، لەم رووەوە دەڵێت: (هەموو تیرەیەك یا هۆزێك لەهۆزەکان ئەگەر لەرچەڵەکی گشتیدا یەك بن لەهەمان کاتیشدا چەند دەمارگیرییەکی تایبەت بەخۆیان هەیە کەلە رچەڵەکە گشتیەکە بەهێزترە و زیاتر پەیوەستن پێوەی، وەکو هۆزێك یا بنەماڵەیەك یا خزمە نزیکەکان (وەکو ئامۆزا)، ئەمانە چەند دەمارگیرییەکی تایبەتییان لەناو یەکتردا هەیە کەلە رچەڵەکە گشتییەکە بەهێزترە ئەوەش لەبەر نزیکی خوێنی و پەیوەندی سەرکردایەتی)[٥].

دواتر دەڵێ: (دەمارگیری لەیەك رچەڵەکی و خزمایەتی و یەك بنەماڵە دروست دەبێت، ئەوەش لەترسی دوژمنان یان لەناوچوونیان و ستەملێکردنی خەڵکی هۆزەکانی تر، وەئەگەر یەك رچەڵەکی نێوان هاوپەیمانەکان زۆر نزیك بێ دەبێتە هۆی یەك بوون و چونەناوییەکی زیاتر و درەخستنی ئەو پەیوەندییەی نێوان هەردوولا بەشێوەیەکی روون)[٦].

تێبینی دەکرێ وەسفەکەی (ئیبن خەلدوون) بۆ رچەڵەکی عەرەبی جیاوازی لەنێوان دوو جۆری رچەڵکی عەرەبی کردووە ئەوانیش گشتی و تایبەتن، یەکەم چەند گرووپیك لەخۆ دەگرێ ودووەم یەك گرووپ لەخۆ دەگرێ کە پێك دێ لەیەك باب یا یەك پشت لەیەك تیرە. هەروەها ئەرکی کۆمەڵایەتی رچەڵەك لەکۆمەڵگای عەرەبی کۆندا دیاری کراوە کە بەکاردێ بۆ دەمارگیری و شانازی بەخۆکردن، شانازیکردنی عەرەبیش بەرچەڵەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییە



دیارەی کە کۆمەڵگای عەرەبی بەرچەڵەکی داوە، هەروەها بەهۆی رچەڵەکەوە پلەی ئازایەتی و کەرامەتی بەرەبابەکان و تیرەکان و هۆزەکان و گرووپەکان دیاری دەکرێ، بەڵام بوونیادی رچەڵەکی عەرەبی وەکو ئیبن خەلدوون وەسفی کردووە، بەم شێوەیەیە:-

پەیوەندی خوێنی(**صلة الرحم**) ——— پەیوەندی سروشتی مرۆیی(**صلة البشر الطبيعية**)

خزمەکان(**ذوي القربي**) ——— خزمە خوێنییەکان(**اهل الارحام**)

گرووپ (**العصابة**) ——— پشتی تیرە (**بطن العشيرة**) (رچەڵەکی تایبەت)

چەند گرووپێك (**عدة العصائب**) ——— رچەڵەکی گشتی

لەراستیدا رچەڵەك لەکۆمەڵگای عەرەبیدا واتا ئینتیمابوون بەگرووپێکی کۆمەڵایەتی کە تاکێکی عەرەبی رچەڵەکی وەکو گرووپێکی ژێدەری بەکاری دەهێنی (Reference Group)، ئەوەش بۆ ئەوەی بیرکردنەوە و رەفتاری کۆمەڵایەتی خۆی لەگەڵ بیروباوەری ئەندامانی ئەو گرووپە هاوشێوە تەبا بکا، کە دەکەونە ژێر یەك رچەڵەکەوە، هەروەها رچەڵەك رێرەوێکی مێژووی یاباکگراوندێکی مێژووی وێنا دەکات کەتاك بەیەکێك لەپێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێتەوە، ئینتیمای کۆمەڵایەتی و باکگراوندی مێژوویی پێگەی تاك لەناو کۆمەڵگا دیاری دەکەن.

لەو نووسەرە عەرەبە کۆنانەی کەباسیان لەبابەتی رچەڵەکی عەرەبی کردووە ئیبن ئەسیرە، ئیبن ئەسیر لەوێدا فرە ئینتیمابوونی تاکی عەرەبی بۆ زیاتر لە رچەڵەکێك لەیەك کاتدا روونکردۆتەوە، بۆنموونە تاکی عەرەبی سەربە هۆزێکی دیاری کراوە و لەناوچەیەکی جوگرافی تایبەتیشدا دەژی، وە کاری بازرگانی دەکا و هاوکات سەربە دەستییەکی مەزهەبی دیاریکراویشە، کۆی ئەم ئینتیما رچەڵەکیانە کارناکەنە سەر دەستێوەردانی ئەندامبوونە هەمەجۆرەکان بەرازینەبوونی یا دەمارگیری تاکێك بەرچەڵەکێك بێ ئەویتر.

هەمە جۆری رچەڵەکی ناو کۆمەڵگای عەرەبی پاڵی بەتاکەوە ناوە کە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ زیاتر لە رچەڵەکێك لەیەك کاتدا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پەیوەندی بەگرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندییەکی ئۆرگانییە، ئەوەش بەهۆی نادەمارگیری و نا لایەنگیری، کەچی پەیوەندی بەکۆمەڵگای گشتییەوە میکانیکییە، ئەوەش بەهۆی گەورەیی قەبارەکەی و هەمە جۆری یەکەکانی پێکهاتەیی سیستەمی دابەشکردنی کارەکەی، واتا تاکی عەرەبی بەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە پەیوەستە کە بەپەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی نارەسمی (سەرەتایی) (وەسف دەکرێن) کە وا لە تاك دەکا زیاتر پەیوەست بێ بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، لەهەمان کاتیشدا بەرەسمی پابەندی کۆمەڵگای گشتی دەبێ.

هەر بۆنموونە ئیبن ئەسیر ئەم نموونانەی خستۆتەروو:

١- ماوردی:  کە ئاوی گوڵی دەفرۆشت و کاری تێیدا دەکرد، باوکی حسن کوری محمد کوری حەبیبی ماوردی فەقێی شافعی البصری بوو، لێرەدا فرە ئینتیمابییەکی رچەڵەکی بۆ یەك تاك بەرچاو دەکەوی (مەزهەبی ئایینی، و جوگرافی (البصری) و رچەڵەکی پیشەیی (ماوردی).

**٢- خلطي:**  کە میوە وشکە هەمەجۆرەکانی دەفرۆشت، لەهەموو جۆرێك، باوکی عبدالله احمد کوری حسن دباسی **المخلطي** البغدادی فقیه الحنبلی، دیسان لێرەدا فرە ئینتیمابوونێکی رچەڵەکی بەرچاو دەکەوێ، رچەڵەکی ئایینی (حنبل) و رچەڵەکی جوگرافی(البغدادی) و رچەڵەکی پیشەیی (المخلطي).

**٢- قطان:**  کە لۆکەی دەفرۆشت، باوکی سعیدیە یحیای کوری سعیدی کوری فروخ الاحوال **القطان** مولی کوری تمیم. دیسان فرە ئینتیمابوونێکی رچەڵەکی بەرچاو دەکەوێ کەرچەڵەکی هۆزایەتی بەنی تمیم و رچەڵەکی پیەشیی **(قطان)** لۆکە فرۆشی تێکەڵکردووە.(٧)

*هۆز:* بریتییە لە گەورەترین یەکەی خزمایەتی کە پشت بەستووە بە یەکەی رەچەڵك و لە کۆمەڵێك تیرە پێك هاتووە جا تیرەکان هەندێکیان لە هەرێمی لێك نزیکن برێکیشیان کەمێك لێك دوور نیشتەجێبوون، هۆز بەیەکگرتوویی دەمێنێتەوە مادام ئەو تیرانەی کە لێی پێك هاتووە لەیەك بوونیادی خزمایەتی خوێنی رێکخراون و لە رچەڵەکێکی هاوبەش سەرچاوەیان گرتووە.

هۆز هاوکات زاراوایەکی خزمایەتی و سیاسی بەرجەستە دەکا و بەدرێژایی مێژووش ناسراو و هەبووە، هەندی لە هۆزەکان بەرلەسەرهەڵدانی دەوڵەتی هاوچەرخ رۆڵی دەوڵەتیان ئەنجام دەدا، هەندی لە هۆزەکان هاوپەیمانێتی سیاسییان پێك دەهێنا بۆ زیاتکردنی هێزی جەنگی دژی ئەو هۆزانەی کە هەرەشەبوون لەسەر ئاسایش و ئارامی ئەوان.

بەلاّم تیرە "Clan": بریتییە لە گرووپیکی خزمایەتی یەك رچەڵەکی کە شوێن پیی هێڵە خزمایەتییە رچەڵەکیکان هەڵدەگرێ، چ لە رێگای باوکەوە بێت یا لەرێگای دایکەوە، لەگەڵ فەرامۆشکردنی هێڵی خزمایەتی باوکێکی تر، پەیوەندیکانی ناو تیرە **"العشیرة"** بەهێزتر و پتەوترە لە پەیوەندیکانی ناو هۆز بەلاّم لاوازتر و بیهێزترە ئەگەر بەپەیوەندی تاکەکانی ناو خێزانی بەراورد بکەین.

تیرە کورانی ئامۆزا لەپلەی سێیەم و چوارەم دادەنێن، چونکە بازنەی خزمایەتییان ئەو پلەیە وەردەگرێت. سیستەمی رچەڵەك و ئەو شتانەی پەیوەستن بەخزمایەتی لە هۆزدا کار لەسەر قوڵکردنەوەی هەستی گرووپگەرایی دەکەن، ئەوەش لە سیستەمی زاراوە و چەمکە خزمایەتییە بەکارهاتووەکان بەروونی دەردەکەوێ، کە لەوێدا تاك بەهەموو هاوتەمەنەکانی باوکی دەڵێ "باوك" وە بەهەموو ژنە هاوتەمەنەکانی دایکی دەڵی "دایك".



دروستبوونی تیرە ئەم مەرجانەی دەوێ:

١- پابەندبوونی تەواو بەرێسای یەك رچەڵەکی "رچەڵەکی دایك یا رچەڵەکی باوك".

٢- جێگیربوونێکی هاوبەش: سیستەمی نیشتەجێبوونی هاوبەش بەمەرجێکی گرنگ دادەنرێت بۆ دروستبوونی تیرە.

٣- هاوکارییەکی کۆمەلاّیەتی حەقیقی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو هاوکارییە دەبێتە هۆی زیان یا قازانج بۆ ئەندامانی تیرەکە.

بەلاّم بنەماڵە**"فخذ"** لقێکی تیرەیە کە پشت بەیەك رچەڵەکی دەبەستی " رچەڵەکی دایك یا رچەڵەکی باوك"ئەندامەکانی دەتوانێ بەدوای پەیوەندییە خزمایەتیکاندا برۆن لەوبازنە بنەمایەی کە پەیوەستە بەهێڵی یەك رچەڵەکی بەپلەیەکی وردتر لەوەی کە لە تیرەدا هەیە.(٨)

بەلاّم بوونیادی هۆز کە بوونیادی هۆزی عەرەبی کۆن پشتی دواتر پێدەبەست بەم جۆرە بوو:

هۆزی عەرەبی کۆن لە چەند خێزانێك پێك دەهات کە پەیوەندی خوێن و رچەڵەك پێکی دەبەستنەوە، وە رچەڵەکەکانی هۆزی عەرەبی دابەشی سەر شەش پایە دەکرد ئەویش بەم جۆرە:

١- گەل: بریتییە لە رچەڵەکێکی دوورتر وەکو عەدنان و قەحتان.

٢- هۆز: ئەوەیە کە رچەڵەکەکانی گەلی تێیدا دابەش دەبێت وەکو رووبەیعە و مەزەر.

٣- ساختمان:  بریتییە لەدابەشبوونی رچەڵەکەکانی هۆز وەکو قورەیش وکەنانە.

٤- تیرە: بریتییە لەدابەشبوونی رچەڵەکەکانی گەرەکێکی گەورە **"العمارة"** وەکو بەنی عبدالمناف و بەنی مەخزەم.

٥- بنەماڵە:  ئەوەیە کە رچەڵەکەکانی سکی تێیدا دووکەرت دەبێ وەکو بەنی هاشم و بەنی ئومەییە.

٦- بەرە: وەکو بەنی تالب و بەنی عەباس. هەموو رەشماڵێك خێزانێکە و هەموو سەربازگەیەکیش بریتییە لەچەند رەشماڵێك کە پیی دەڵێن گەرەك، ئەندامانی یەك گەرەکیش کەس و کاری یەك بنەماڵەن، وەکو بنەمایەکی رەچەڵەك نزیك هۆز پێك دەهێنن، هۆزیش بنچینەی کۆمەڵگای جاهیلی بوو، ئەندامانی بنەماڵەش "القوم" خویان منداڵی یەك خوێن بوون و مڵکەچی یەك سەرۆك بوون، سەرۆکەکەش کوری ئەندامێکی بنەماڵەکە بوو. لە نێوان هۆزەکان و  تیرە و بنەتیرە و گەرەکە گەورەکانیش دا تیرەگەرییەکی رچەڵەکی هەبوو کە پێکی دەبەستنەوە، نزیك ونزیك بۆ دوور و دوور دوو بەرە لەیەك تیرە بەسەر تیرەییەکی تردا کۆدەکاتەوە هەرچەندە هەموویان لەیەك بنە تیرەن، وە دوو بنەتیرەش لەیەك گەرەکێکی گەورەدا بەسەر گەرەکێکی تردا کۆدەکاتەوە هەرچەندە هەموویان لەیەك هۆزبوون.(٩)

ئەمە تەنها روونكردنەوەیەك بوو بۆهەندێ چەمكی سەرەكی لەبابەتی خزمایەتی، كە خزمایەتی عەرەبیم بەكارهێناوە و خزمایەتی هۆز و رەچەڵەكیم لە گۆمەڵگا سەرەتایی و دواكەوتووەكان دوورخستۆتەوە،چونكە ئەوە ئەركی زانایانی مرۆڤناسییە "ئەنثرۆبۆلۆجیست".

## ه/٤- ئاڵوگۆڕە خزمایەتییەكان لە كۆمەڵگادا:

قسەكانمان بەناوكی خزمایەتی دەست پێدەكەین كە خێزانە، بەشێوەیەكی سەرەكی لەهاوسەرگیری پیاوێك بەئافرەتێك بەهۆی پەیمانێكی شەرعییەوە دروست دەبێت، لەسەر ئەمەش هاوسەرگیری پەیوەندی رەچەڵەكی"پیاو" لەگەڵ خێزانی و ژنەكە و كەس و كارەكەی دادەمەزرێنی لەهەمان كاتیشدا پەیوەندی رەچەڵەكی "ژن" لەگەڵ خێزان وكەس وكاری پیاوەكەش دادەمەزرێنی.

لە بەرامبەر ئەو دروست كردنەدا دوو جۆر پەیوەندی بەرهەم دێ، یەكەمیان،"یاسایی — كۆمەلاّیەتی" لە نێوان ژن و مێردەكەدا، ئەمە ئەگەر پێش هاوسەرگیرییەكە خزم نەبووبن واتا هاوسەرگیری ناوخۆیی، دووەم: بایۆلۆژییە لە نێوان دایك و باوكی منالەكانیان، ئەمەش یەكەم خشتی خزمایەتییە لە كۆمەڵگادا، وە لەگەڵ پەرەسەندنی كۆمەڵگا و فراوانبوون و بلاّوبونەوەی بە سەر چەند هەرێمێكی جوگرافیایی فراواندا وە گاریگەربونی ئەندامەكانی بە كاریگەری جوگرافیایی و ئایینی و كشتوكاڵی، لەسەر یەك شێوە نەمایەوە، بەڵكو گۆرانكاری زۆر تیایدا روویدا، ئەمەش كۆمەڵگای ناچاركرد كە پۆلینكارییەك بۆ پەیوەندییە ژن و ژنخوازیەكان و پەیوەندییە رچەڵەكییەكان و پێگە و رۆڵە كۆمەلاّیەتییەكان دروست بكات، وە تۆرەكان بۆ ئەندامانی كۆمەڵگا ئەرك و فرمانیانی بەرامبەر خزمە نزیكەكان و خزمە دوورەكان و بێگانەكان دیاری بكا. بەلاّم ئەم پێكهاتە پەیوەندییانە(التشكیلات الارتباطیة) بەهۆی ملكەچبوونیان بۆ گۆڕانكاریە كۆمەلایەتییە پێشكەوتووە هەمە جۆرەكانەوە، جیاواز بوو. ئەمەش وایكرد رۆڵی خزمایەتی لە كۆمەلگا دابەشی سەر دوولایەن بێت، یەكەمیان جۆری كارا و چالاكە كە تیژی و كارابیەكەی لە كۆمەڵگا بوونیاد رەقەكان دەردەكەوی (كۆمەڵگای هۆزی و لادێیی و ئیتنی و خێڵی و كۆمەڵگای خاوەن یەك پارت و یەك سەرۆكەكان)، دووەمیان جۆری كپ و خامۆشە كە كولی و ناكاراییەكەی لە كۆمەڵگا بوونیاد نەرمەكان دەردەكەوی" كۆمەڵگای پیشەسازی و شارستانییەتەكان و كۆمەڵگای خاوەن رێكخراوی سیاسی و لیبراڵی و دیموكراسی".

بەلاّم جۆری ئەو گۆڕانكارییانەی كە خزمایەتی لەناو كۆمەڵگا، چالاك و بەهێز كرد:-

١- بچوكی قەبارەی كۆمەڵگا لەڕووی دانیشتوانەوە.



٢- نیشتەجێبوونی گرووپیكی خزمایەتی لە ناوچەیەكی جوگرافی تایبەت بە خۆیان.

٣- گرنگیپێدانی زیاتر بە هاوسەرگیری ناوخۆیی "لە خزمەكان " لە هاوسەرگیری دەرەكی" لە دەرەوەی هۆز و خێزان".

٤- خێزانی گەورە خاوەن ئیعتیبارێكی بالاّ و دیارە ئەمەش وادەكا هەموو ئەندامانی كۆمەلگا بەخێزانی نموونەیی و بەرزی بزانن.

٥- سەروەت و سامانی خێزانی پاڵ بە ئەندامەكانییەوە دەنێ كە هاوسەرگیری دەرەكی ئەنجام نەدەن, بۆ ئوەی سەروەت و سامانەكە بپارێزی و فراوانی بكا.

٦- ساكاری سیستەمی كار لە ناو كۆمەڵگا و هەڵسەنگاندنی كارەكان لە رووی كۆمەلاّیەتی و پیشەیی بۆماوە نەك هەڵسەنگاندنێكی هەڵسورانی و جیبەجێ كاری.

٧- سەرەتایی زانست و مەعریفە پەروەردەییەكان.

٨- چالاكی بزاوتی كۆمەڵایەتی ئاسۆیی و ناچالاكبوونی ستونی: واتا گرنگیپێدانی زیاتر بە كار و پیشەی بۆماوەیی خێزانی و كاركردن تیایدا و پاراستنیشی بەبێ فێربوونی كار و پیشەیەكی جیاواز لە پیشەی خێزانەكەی یا كاركردن لە دەرەوەی خێزانی باوكی.

٩- بەستنەوەی پێگەی كۆمەلاّیەتی كەسەكە بە پێگەی خۆی لە ناو گرووپە خزمایەتییەكەی و هەروەها بە پێگەی گرووپە خزمایەتییەكەشی, واتا تاك پێگەی كۆمەلاّیەتی خۆی بە شێوەیەكی رەوان رەو (اِنسیابي) لە ناو گرووپە خزمایەتییەكەی و كۆمەڵگای گشتی بەدەست دەهێنی، لەسەر ئەم بنەمایەش كەواتە:-

١٠- دەسەلاّت، دەسترۆیی كۆمەلاّیەتی خۆی لەو پێگەیەوە بەدەست دەهێنی كە لەناو گرووپە خزمایەتییەكەی هەیەتی.

١١- نەبوونی گرووپ و رێكخراوی فەرمی كە تاك ئینتیمای بۆیان هەبێ, بەڵكو بەستنەوەیان تەنها بەگرووپە خزمایەتییەكەیەوە.

١٢- هەست كردنی تاك بە دڵنیاییەكی دەروونی و هاوبەرپرسیارییەتییەكی كۆمەلاّیەتی و دەستەبەرێكی ئابووری لە هاریكاریكردنی لەگەڵ گرووپە خزمایەتییەكەیدا.

١٣- هەندێ سیستەمی سیاسی دەسەلاّتدار، پەیوەندی خزمایەتی خۆیان بەكاردەهێنن بۆ جێگیركردنی پاڵپشتیی دەسەڵاتەكەیان، ئەمەش وا دەكا خزمایەتییەكە بە هێز بێ، جا چ جۆری خزمایەتییەكە پاڵپشتی جۆری خزمایەتی دەسەلاّتدار بكەن یا بەرهەڵستی، چونكە لە هەردوو حاڵەتەكەدا پەیوەندی خزمایەتی لە ناو گرووپە خزمایەتییە بەرهەڵستكار و پاڵپشتی كەرەكان بەهێزدەبێت.

١٤- سەرەتاییبوونی پیشەسازی. هەموو ئەم گۆڕانکاریانە وایان لە خزمایەتی کرد کە لە چالاکی و کاریگەربوونی بەسەر ئەندامەکانیدا بکاتە حاڵەتی دامەزراوەیی کۆمەڵایەتی. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، ئەو کاتەی یەکەمجار خزمایەتی لەسەر شێوەی دامەزراوەیی کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا لە کۆمەڵگای دایکسالاری بوو کە بە پەیوەندی سێکسی ناشەرعی و شێواو وەسف دەکرێ. [١٠]

کچە توێژەر "میری فارمەر" لەم بوارەدا ئەم زانیارییانەمان بۆ دەخاتە روو:

خزمایەتی لە کۆمەڵگادا لەلایەن تاکەکانەوە وەکو بەردەبازێك بۆ گەیشتن بە پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان، بەکاردێ. ئەمەش پاڵی پێوەدەنێ بۆ بەکارهێنانی پەیوەندییە خزمایەتییەکان بۆ دەستهێنانی ئەو ئامانجە کە سەبارەت بەو هیوای وەدیهێنانیان کەمە، یا ناتوانێ بەشێوەیەکی یاسایی یا هەوڵی تایبەتی خۆی بەدەستیان بێنێ.

دواتر ئەو گۆڕاوانە خەینەڕوو کە کاریان کردووە لەسەر گواستنەوەی خزمایەتی وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی بچووك، ئەویش ئەمانەن: -

١- گەشەسەندنی نەزمی پەروەردەیی بە شێوەیەکی خێرا، کەپشتی بە زانستەکان و مەعریفەی مرۆیی بەستبوو. نەك بیروباوەری یەکتایی و یەك خێڵی ئایینی یا قۆناغگەلێکی فێرکاری سنووردار.

٢- بڵاوبونەوەی شێوازی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی دەرەکی، واتا لەدەرەوەی خزمەکان و داکشانی شێوازی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی ناخۆیی (واتا لە خزمەکان).

٣- کەرتبوونی خێزانی گەورە و بەرفراوان بۆ خێزانی بچووك.

٤- سنوردارییەتی سەر و سامانی خێزان و پشتبەستنی تاکەکان، بەداهاتییەکی سنووردار بەبێ پشت بەستن بەسەروماڵی باوکیان، ئەوەش وای لە ئەندامەکانی کرد هێندە بەتەنگ هاوسەرگیری نێو خۆیەوە نەبن، سەرباری قەدەغەکردنی یاسایی کە لەبەر هۆکاری تەندروستی نەیدەهێشت هاوسەرگەری لەگەڵ خزمەکانی ئەنجام بدەن.

٥- گۆڕانی بزاوتی کۆمەڵایەتی لە ئاراستەی ئاسۆییەوە بەرەو ئاراستەیەکی ستوونی، واتا سەرهەڵدانی دامەزراوە و رێکخراوی رەسمی کە پێویستی بەکەسانێکە کاری تییدا بکەن بەگوێرەی ئەزموونی، جێبەجێکار و لێهاتووی نەك بەگوێرەی ئینتیمای تیرەیی و پەیوەندی رەچەڵەکی، ئەوەش پاڵی بەتاکەکانەوە ناوە بۆ بەدەستهێنانی پسپۆری و توانای بەگوێرەی لێهاتوویی و توانای خۆیان نەك بەگوێرەی پیشەی خێزان و باوباپیرانیان.



٦- پەرش و بڵاوبونەوەی نیشتەجێبوونی ئەندامانی یەك بنەماڵە بەسەر چەند ناوچەیەکی جوگرافی دوور لە یەك،کە پەیوەندی و هاریکاری یەکتر بەشێوەیەکی بەردەوام کارێکی ئەستەم بوو.

٧- دابەشبوون و پۆل پۆلبوونی سیستەمی دابەشکاری کاری بەسەر ئەو پسپۆرییە وردانەی کە پشتیان بەپسپۆری ورد و توانستی بەرز و ئەزموونی قوڵ دەبەست.

٨- داهێنراوە تەکەنەلۆژییەکان کاریان لەسەر ئاسانکردنی ئەرکەکانی ماڵ کرد، بەشێوەیەك کە خێزان کەمتر پشت بەکەس وکارەکەی دەبەست وکەمتر داوای یارمەتی لێدەکردن.

٩- زاڵبوونی سیستەمی موڵکایەتی تاك.

١٠- دەسەڵات و دەستووری تاك پشتی بەلێهاتوویی تاکایەتی دەبەست.

١١- زۆربوونی رێژەی دانیشتووان وای لە خزمایەتی کرد نەتوانی ئەو ئەرکە ئەنجام بدا کە پێشوتر لەو کۆمەڵگایانەی چری دانیشتوانیان کەمبوو دەیانکرد.

١٢- زاڵبوونی بەهای ماددی بەسەر مەعنەویدا، ئەو گۆڕانکارییانە بوونە هۆی گۆڕینی خزمایەتی لەدامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە" کە کاریگەری کارای بەسەر هەڵس وکەوت و رەفتار و بیرکەوتنەوەی ئەندامەکانی هەبوو" بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی کە هیچ رۆڵێکی لەپەیوەندییەکانیدا نەبوو، بەڵکو تەنها لەپەیوەندییەکی پێگەیی کە ملکەچی بارودۆخی کار و کارلێکی کۆمەڵایەتی بوو، سەرباری ئەوەش داوای لە ئەندامەکانی خۆی نەکرد لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو نیشتەجێ بن، کۆبوونەوەکانیشیان تەنها لەچەند بۆنەیەکی تایبەتیدا بوو.

## و/٤- خزمایەتی وەکو دامەزراوەیەك و وەکو گرووپێکی کۆمەڵایەتی:

پێشتر باسمان لە هۆکارەکانی گۆڕانی خزمایەتی کرد، ئێستا سروشتەکەی وەکو دامەزراوە و گرووپێکی کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگا روون دەکەینەوە:

خزمایەتی وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی:-

ئەم دۆخە خزمایەتییە، لەکۆمەڵگا دەشتەکی و لادێیی و ساکارەکان دا بەربڵاوە، چونکە کۆبونەوەیەکی مرۆیی لە چوارچێوەی ناوچە و رووبەرێکی جوگرافیایی سنووردار بەرجەستە دەکات، لێرەوە بنەماڵە هەڵدەستی بەدیاریکردنی پێگەکانی خێزان و پەیوەندییەکانی خۆی پێیانەوە، لە بەرامبەر ئەم دیاریکردنەش دەسەڵات و کاریگەری خۆی مومارەسە دەکات و رێگری و قەدەغەکارییەکانی خۆی دادەنێ و رازیبوون و رێگەپێدانەکانیشی بۆ نەوەکانی دەخاتە روو.

سەرباری دانانی چەند سەپاندنێکی رەوشتی و ئاکاری و دارایی و چەند ئەرکێك بەرامبەر رچەڵەکی یەك بنەماڵە، بەمەش تاك پێگە و ڕێزی کۆمەڵایەتی و دڵنیایی دەروونی و دەستەبەری دارایی وەگیردەکەوی.

کەواتە دەتوانین خێزان وەکو دامەزراوە لە ڕێگای هێزەکەیەوە دیاری بکەین لە کاریگەری بەسەر تاکەکانی و پەیوەندی نێوانیان بەشێوەیەکی یەکگرتوو

***خزمایەتی وەکو گرووپێکی کۆمەڵایەتی:*** ئەم دۆخە خزمایەتییە، لەکۆمەڵگا پیشەسازی و شارستانیەکان بەربلاوە، کە تەنها گرنگی بە سنوری سیپشت "نەوە" دەدات، تاکی ئەمریکی تەنها گرنگی بە زانینی ناوی باپیری دەدات " باوکی باوکی " لەهەندی دۆخدا هەر گرنگی بە خزمەکانی دوای باپیری نادات، هەروەها هەندێ گرووپی کۆمەڵایەتی تر جێگای خزمایەتییان گرتۆتەوە وەکو گرووپی تەمەن و چینی کۆمەڵایەتی و هاوریییی کار و یانەی وەرزشی و هاوریی یاری لەکاتی بەتاڵدا،" ئەم گرووپانە لەو کۆمەڵگایانەی کە خزمایەتی بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێ، لاوەکین !!.[١١]

" دیڤید شنایدەر " دەڵێ لە کۆمەڵگای رۆژئاوایی دوو جۆر خزمایەتی لەخۆدەگری: لەم بارەوە خزمایەتییەك لەسەر پەیوەندی یاسایی دامەزراوە ئەوی تریش و پەیوەندی سروشتی دامەزراوە، یەکەم: بریتییە لە پەیوەندی پیاو بە هاوسەرەکەیەوە، دووەم: پەیوەندی دایك و باوك بە منداڵە شەرعییەکانیانەوە دەگرێتەوە.[١٢]

لە کۆتاییدا ئاماژە بە حەقیقەتی ئەو گۆڕانە دەدەین کە توشی بنەماڵە بوو و گۆڕی بە گرووپیکی خزمایەتی, دوای ئەوەی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، ئەمەش بووە هۆی گۆڕان لە رۆڵەکەشیدا و وای لێکرد بە لاوازی بمێنێتەوە کە پێشتر بەهێزبوو. ئەوەش وای لێکرد کە نەتوانی مومارەسەی چالاکییەکانی بکا تەنها لە چەند بۆنەیەکی خێزانی و " مردن یا هاوسەرگیری " و هەندی چالاکی ئابووریدا نەبێ، ئەوەش لەپێناو بەدیهێنانی هەندێ بەرژەوەندی خودی بۆ بری لە خزمەکان، کە پێشتر لە هەموو پەیوەندی و بۆنە و چالاکی و بریاری و کۆبونەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا کاری خۆی دەکرد، مەرج و پێویستییەکانی خزمایەتیشی وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی جیبەجیدەکرد.



## زاراوەکانی بەشی چوارەم

| | |
|---|---|
| *باوان – باپیران* | *Ancestor* |
| *جووت رەچەڵەکی* | *Bilateral descent* |
| *خزمایەتی پۆلینکاری* | *Classificatory Kinship* |
| *خزمە دوورەکان* | *Collateral relatives* |
| *خزمایەتی نزیك* | *Complimentary filiations* |
| *پەیوەندی خوێنی* | *Consanguine relationship* |
| *منداڵە مامەکەکان* | *Cross-cousins* |
| *ژن و ژنخوازی رۆژئاوایی* | *In-law* |
| *خزمایەتی* | *Kinship* |
| *رچەڵەکی باوکی* | *Matrilineal descent* |
| *ئەفسانەیی* | *Mythical* |
| *رچەڵەکی باوکی* | *Patrilineal descent* |
| *پەیوەندی سێکسی ئاڵوز* | *Promiscuity* |
| *کۆمەڵە کۆمەڵایەتییە لقییەکان* | *Subgroups* |

## سەرچاوەکانی بەشی چوارەم


١- النوري، قيس ١٩٨٢"المدخل الي علم الاجتماع" مطبعة جامعة موصل، الموصل. ص ٢٠٢-٢٠١.

٢- الجوهري، محمد ١٩٨٣ "الانثروبولوجيا" دار المعارف بمصر.ص/ ٢٢٠-٢٢٤.

٣- مير، لوسي ١٩٨٤" مقدمة في الانثروبولوجيا الاجتماعية" ترجمة شاكر مصطفي سليم، دار الشؤون الثقافة العامة-بغداد ص ١١٥.

٤- المرجع السابق. ص١١٩.

٥- عمر، معن خليل ١٩٩٢ " نحو علم الاجتماع عربي" دار مجدلاوي-عمان.ص /١٧٢-١٧٣.

٦- المقدمة لابن خلدون ج١ ص ١٠٢.

٧- عمر، معن خليل ١٩٩٢ "نحو علم الاجتماع عربي".ص./١٧٥-١٧٦.

٨- النوري، قيس ١٩٨٢ "المدخل الي علم الاجتماع".ص./٢٠٣-٢٠٦.

٩- عمر، معن خليل ١٩٩٢ "نحو علم الاجتماع عربي" ص/٣٠.

10-Segalen martione, 1988 Historil Anthropology of the family Cambridge Unir Press Ner York. P56.

11-Ibid.p.57.

12- Ibid.p.57.




# بەشی پێنجەم

# ئافرەت و تۆڕە فێمێنیستییەکان

## ئافرەت و تیۆری مێینە:
## ٥/١- سەرنجێکی مێژوویی:

ئافرەت نیوەی دووەمی مرۆڤی ئاوەدانکاری ئەم سەرزەمینەیە، وشەی " **المراة**" لەزمانی عەرەبیدا لەکاری (مرا) " کەس" وەرگیراوە, سەرچاوەکەشی " **المروءة**" واتا پیاوەتی یا کامڵبوونی پیاوەتی یا ئینسانییەت، کەواتە (المرء) واتە مرۆڤ بەلاّم(المراة) واتە مێینەی مرۆڤ.(١)

کەواتە بوونی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای کۆمەڵبوونی مرۆیی، وە سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی —وەکو زانستێك کە بەشداری کردبێ لە پشتگیری کردنی مەعریفەی مرۆیی بەشێوەیەکی سەربەخۆ — دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەم سەدەیە، بەلاّم گرینگی پێدانی کۆمەڵناسان بەم بوارە بەشێوەیەکی کارا و چالاك لەشەستەکانی ئەم سەدەیە دەرکەوت(واتە سەدەی بیست)، وەبۆ ئەوەی کارە پسپۆرییەکانی زانایانی کۆمەڵناسی کارێکی رەگداکوتاوو پشت پی بەستراوبێ، چوونە قولاّیی مێژووەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەمێژووی بزاڤە فێمێنیستیەکان و کاری بیرمەندە کۆنەکان بەتایبەت ئەو کارانەی کەتایبەت بوون بەبارودۆخی ئافرەت لەکۆمەڵگادا، ئەمەش بۆ ئەوەی زەمینەیەکی سەرەکی لە بوونیادنانی تیۆرەی مێیگەرایی و ئەو جیاوازییە کۆمەلاّیەتییانەی کە لە جیاوازییە رگەزییەکانەوە سەرچاوەیان گرتبوو، خۆشبکات. بۆ ئەم مەبەستەش ماوەیەکی مێژووییان لەژیانی کۆمەڵبوونی مرۆیی ئەورووپی هەڵبژاردووە، ماوەکەش "٣٦٠"ساڵبوو، کەلەساڵی "١٦٠٠" ەوە دەستپێدەکات تا ساڵی ١٩٦٠، روونیان نەکردووە کە بۆچی بەتایبەت ئەم ماوە زەمەنییەیان هەڵبژاردووە، دواتر بەروپێویکی کۆمەلاّیەتییان کرد بۆ هەموو ئەو شتانەی لە رووداوەکانی مێژووییدا روویان دابوو و تایبەت بوون بە واقیعی کۆمەلاّیەتی ئافرەت و رۆڵی لە کۆمەڵگادا."١"

واتا بەتۆمارکردنی هەموو ئەو رووداوانەی تایبەتبوون بەنیوەی دووەمی کۆمەڵبوونی مرۆیی لە سەرشۆرکردن و ملمڵانێ لەو واقیعەی کە تێیدا هەڵچووە یات کرای تێکردووە، وە بە سێ قۆناغی پەرەسەندوو گەیشت کە رەوشی کۆمەلاّیەتی ماوە جیاواز روون دەکاتەوە، بەم شێوەیە:-

١- قۆناغی مڵکەچکردن و سەرشۆرکردن.

٢- قۆناغی رەخنە و سەرزەنشت.

۳- قۆناغی بەرهەڵستی و بەرەنگاربونەوە.

**۱- لەم قۆناغەدا سەرشۆڕکردنی ئافرەتیان بەدی کرد:** بۆ دەسەڵاتی پیاو و مل کەچکردنی بۆ فەرمان و دەسەڵاتەکانی چ لە ناو خێزان و بازار و کاردا بێ" بازرگانی پیشەسازی و پزیشکی" یا لە دامەزراوە ئایینیەکان بێ" خانەکانی خوا پەرستی" یا لە دامەزراوە هزرییەکان بێ" کۆلیژەکان و خانەکانی بڵاوکردنەوە و یانە هزرییەکان ".

بە واتایەکی تر: ئەگەر ئافرەت پیشەی پزیشکی بێ ئەوە کار و پێگە پیشەییەکەی ملکەچی بەڕێوەبردن و ئاراستەی هاوڕێ پزیشکەکەیەتی " کە پیاوە" وە ئەگەر نووسەر بێ ئەوە کار و پایە پیشەییەکەی کەمترە لەکار و پایەی پیاو, وەئەگەر مامۆستای قوتابخانە بێ ئەوە ئەرك و هەوڵدانەکەی ملکەچی بەڕێوەبردنی فەرمانی پیاوە, بەچاوپۆشی لە لێهاتوویی کارەکەیی و دڵسۆزی لە ئەرکەکانی و بەردەوامی تێکۆشان و سەرکەوتوویی کارەکەی.

واتا لە کۆتایی کارەکەیدا ملکەچی دەسەڵات و سەرداریتی پیاو دەبێ لە کار و ڕێگای ژیانیدا. ئەم سەرداریتییەی پیاو بەسەر ئافرەتدا لەلایەن سیستەمی کۆمەڵایەتی باو لە هەموو قەوارە و بوونیادە کۆمەڵایەتییەکان پشتگیری لێدەکرێ، وە لە هەموو سەرزەنشتە پایە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەتکراوەیە.

ئەم سەرداریتییە گشتگیرە لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی تاکو ساڵی ۱۸۸۰ بەردەوام بوو، کە دوای ئەوە چەند بارودۆخێکی نوێ هاتە کایەوە.

***۲- قۆناغی ڕەخنە و سەرزەنشت:*** لەم قۆناغەدا ڕێژەی ئافرەتە نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەدیب و پژیشکەکان لە ئەورووپا زیادی کرد، ئەمەش هانیدان بۆ خستنە رووی خراپییەکانی سەرداریتی پیاو و دەستیان کرد بە پیشاندانی نارەزایی خۆیان بۆئەو چەوساندنەوە کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵبوونی مرۆیی بە سەریاندا پیادەی دەکرد، لە بەرامبەر ئەمەشدا ڕەخنەیان لە بارودۆخی خۆیان دەگرت لە سەرشۆڕکردنیان بۆ سەرداریتی پیاو لە هەموو بوارەکاندا.

ئەگەرچی ئەو بانگەوازو بانگەشە و ڕەخنانە لەلایەن هەموو ئافرەتانی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی نەخرانە روو, بەلاٌم لەلایەن ئەو ئەدیب و نووسەرانەی کە خاوەن بوێری ئەدەبی و نەترسی ڕۆشنبیری بوون، هەوڵەکانیان وەکو بەرگرییەکی لێهات لە گرووپێکی کەمایەتی Minority group لەناو کۆمەڵگایەکدا، سەرباری ئەوەی کە ئەوان نیوەی کۆمەڵگا بوون.

لێرەدا مەبەست لە گرووپی کەمایەتی: چالاکی کۆمەڵایەتییە نەك نوێنەرانی چەندایەتی- ژمارەیی- بەرزی پێگەی پیاو ڕێگەی پێدابوون دەسەڵات بەسەر پایە نزمەکاندا بکەن، کەهەندێکیان ئافرەت تێیدا دەست بەکاربوون پیاوەکانیش دەسەڵاتیان بەسەردا گرتبوون و مافەکانیان زەوت دەکرد. ئەم سەرەدارێتییە وای لە پیاوەکان کردبوو لە چالاکی کارە کۆمەڵایەتییەکاندا لاواز بن، بەو پێیەی لەگەڵ چالاکی کاری ژێر دەستەدا یەکسان نین، ئەمەش بەرۆڵی خۆی وای لێدەکردن لەگەڵیاندا پاشەکشە بکەن و ببنە سەردار و ئاراستەکەر و نوێنەری کەمایەتییەکی بیدەسەڵات لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، بەمەش نوێنەرانی کەمایەتییە کۆمەڵایەتییە لاوازەکە لەلایەن پیاوەوە سەرداریتی دەکران.

بەلاٌم هەندی هاوسۆزی لەلایەن بری لەو پیاوانەوە بەدەست هات کە پێیان وابوو پێشکەوتنی کۆمەڵگا روونادات ئەگەر بەبەشداریکردنی ئافرەت نەبێ لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا " پزیشکی و پەروەردەیی و پیشەسازی و بازرگانی " و بەشداریکردنی وەکو ڕگەزێکی یارمەتیدەری پیاو نەك ژێردەستە و ملکەچ، لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەشدا هەڵوێستێکی تر هەیە کە سروشتێکی پارێزکاری هەیە و ئەوەی ئەمان دەیبینن ئەوان بەدی ناکەن، ئەمان پێیان وایە ئافرەت بەربەستێکە لەبەردەم پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگا.

**۳- قۆناغی بەرهەڵست و بەرەنگاربوونەوە:** یەکەم بانگەشە بۆ کاری ئافرەت لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و ڕاوەستانی شانبەشانی پیاو لە ئەورووپا لە ساڵی"۱۷۸۰-۱۷۹۰ "بوو، کە بانگەوازەکە بەشێوەیەکی ورد و پتەو ڕێکخرابوو، کە دواتر لە پەنجاکانی سەدەی هەژدەهەم ۱۸۵۰ هاتەبەرهەم، پاشان بەشێوەیەکی بەرچاو بزووتنەوە فێمێنیستییە ئازادیخوازە کاراکان لە شەست و حەفتاکانی ئەم سەدەیە(مەبەست سەدەی رابردووە) دروست بوون، وە لە ڕێگای ئەو کاروانە خەباتکارانەییەی ئافرەت و ئەو بارودۆخەی کە لەگەڵیدا ڕۆیشتن، سێ ئاراستەی تیۆری دروست بوون کە ئەمانەن: -

a- جەختکردنەوە لە سەر جیاوازییە ڕگەزییەکان.

b- جەختکردنەوە لەسەر ناهاوسەنگی ڕگەزی " نێوان ژن و پیاو"

c- تیشك خستنە سەر چەوساندنەوەی ڕگەزی.

وە پێویستە ئاماژە بەراستییەك بکەین کە ئەو پێکهاتنانە بوونە هۆی بوونیادنانی تیۆریەیەك لەمەر مێینە کەدەربری بارودۆخە کۆمەڵایەتییە فرە بوارەکان بوو، گرینگترینیشیان نایەکسانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات و بەرژەوەندی بیروباوەری کۆمەڵایەتی و پێگەیاندن و یاسا و ڕامیاری و ئایین و پەروەردەبوون.

لێرەدا کۆتایی بەو سەرنجە مێژووییە دەهێنین کە تیایدا قۆناغەکانی واقیعی ئافرەتان لە کۆمەڵگای رۆژئاواییدا لە ٣٦٠ ساڵ خستۆتەڕوو بەگوێرەی ئەو شتانەی کە هەردوو توێژەر " باتریشیا ماد لینجەرمان " مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن" و جلی نایبردج برانتلی " مامۆستای کۆمەڵناسی لە کۆلێژی ڤێرژینیای باکوور " لەتیۆرەکەیاندا بە ناوی " تیۆرەی مێیگەرایی هاوچەرخ " پێشکەشیان کرد، لێرەدا دەچینەسەر ئەو بابەتەی کە ئایا کۆمەڵناسی چۆن مامەڵەی لەگەڵ مێیینە کردووە لە ماوەی ١٨٤٠-١٩٦٠.

لە راستیدا بزوتنەوە فێمێنیستییەکان لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا نوێ نین، بەڵکو بنچینەکەی دەگەرێتەوە بۆ قۆناغی کۆلۆنیاڵی، بەوردی لە ٣/ مارسی ١٧٧٤ واتاپێش سەربەخۆیی ئەمریکا، وەیەکەم بزوتنەوە کە دەرکەوت لە ویلایەتی نیویۆرك بوو لە شارۆچکەی " سینکا فالس " لە هاوینی ١٨٤٨ لە ١٩ تەمووز، کە ئامانجەکەی پارێزگاریکردن بوو لە ئافرەت داوای یەکسانی سیاسی و یاسایی نێوان ژن و پیاوی دەکرد، وە لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم و زیادبوونی هۆشیاری سیاسی لای ئافرەت و دابەزینی رێژەی نەخوێندەواری لە نێوان ئافرەتان و زۆربوونی رێژەیان لە دامەزراوە رەسمییەکان، بزووتنەوەکە داوای رێگەپێدانی ئافرەتیان کرد لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماردا، ئەمەش لەساڵی ١٩٢٠ بوو، ئەم داوایە وەکو ئامانجێکی سەرەکی مایەوە و وازیان لە بانگەشەکانیان هێنا بەلابردنی ستەم لە سەریان لە بوارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا.

بەواتایەکی تر: ئەم بزووتنەوەیە نەگەیشتە قۆناغێکی چالاك و کارا لە پاڵنانی رەورەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا، بەڵام ئەم بارە بە شەپۆلی یەکەمی بزووتنەوەی فێمێنستییەکان ناوزەندکرا.

دواتر لە شەستەکانی ئەو سەدەیە شەپۆلی دووەم هات و پاشان لە حەفتاکانی هەمان سەدە بە شێوەیەکی بەرفراوان هێزیان زیادی کرد، کەئەمش بەدەرچوونی سێ کتێب دەردەکەوێ کە گوزارشتی لەئیرادە و ئامانج و چالاکییەکانیان دەکرد لە رێگای گفتوگۆیان بۆ مافە زەوتکراوەکانی ئافرەت، ئەویش ئەمانەن: -

١- رەگەزی دووەم " سیمۆن دی بوڤار "
٢- سۆفێیتی می " بیتی فرایدان "
٣- سیاسەتی رگەزی " کات جیلیت "



ئەم بزووتنەوەیە بە پارێزگاریکردن لە مافی جیاکاری رگەزی وازی نەهێنا، بەڵکو چوو بەرگریی لە مافی رەشپێستەکانیش کرد، کە لە لەلایەن سپییەکانەوە زەوت کرابوو، هەڵوێستی نەیارانەی خۆیان لە جەنگی ئەمریکا لەگەڵ ڤێتنام دیاری کرد، ئەم فراوانییە بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ تاقیکردنەوەی دەسەڵاتی بزووتنەوەییان دەگرێتەوە، کاتێك لەمەدا سەرکەوتن بزووتنەوەیەکی فێمێنیستی پەرگیر بەناوی " بزووتنەوەی ئازادی ئافرەت " لەدایکبوو، کە داوای پاککردنەوەی هەموو رۆڵە سەرشۆرکەر و ملکەچ و لاوازەکانی دەکرد لە هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای ئەمریکی، سەرباری ئامانجێکی تریش کەداوای بەرهەڵستکاری ئەو سەرداریتییە گشتگیرەی دەکرد کە پیاو بەسەریاندا مومارەسەی دەکرد، ئەمەش بۆ ئەوەی ئازادبن و رۆڵێکی سەربەرزانەیان هەبێ نەك گەردن کەچانە، بەهێز بێ نەك لاواز، چالاك نەك خامۆش، لە پێگەی پێشەوە دابنرێن نەك پاشکۆ، سەرەکی بن نەك لاوەکی، بارودۆخیان وەکو بارودۆخی پیاو بێت چ لەماڵەوە چ لەنووسینگە چ لەیاسا چ لە سیاسەت چ لە ئابووری یا بەرێوەبردن بێت

گەشەسەندنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی ئافرەت زادەی بزووتنەوەکەیان بوو کە بەرۆڵی خۆی پاڵی پێوەنان بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی ململانێی لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆ بەدەستهێنانی چەندین مافی زەوت کراو و دەست بەسەرداگیراو، لەوانەش ئەوانەی کە تایبەت بوو بە هاوکاری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و نوێنەرایەتیکردن لە ئەنجوومەنی حکوومەت بۆ نەهێشتنی جیاوازی رگەزی لە فێرکردن و فەرمانبەرێتیدا، هەروەها داوای رێگەپێدانی لەباربردنیان دەکرد و دژایەتی کردنی ئافرەتیان شەرمەزار دەکرد کەلەلایەن پیاوەکانیانەوە لەناو خێزانەکانی خۆیان دا پیادەیان دەکرد، هەروەها بەرهەڵستی بەکارهێنانی هۆکارەکانی رێگری لە باربردنیان دەکرد کە لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا بەسەر رەشپێستەکان و چینە هەژارەکاندا سەپێنرابوو[٢]. ئەمەش مانای ئەوەیە کەبزووتنەوەی فێمێنیستی وەکو هۆکارێکی کارا و چالاك بوو لە بەرەو پێشبردنی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەهۆی گۆڕینی هەندی لە پێکهاتەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی عورفی و رەسمی.

بابەتی ئافرەت لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا، لە ماوەی نێوان ١٨٤٠-١٨٦٠ بەهۆی بەرهەڵستی کۆمەڵگاوە، بەشێوەیەکی رێك و پێك و جیدی پێگەی خۆی وەرنەگرت. هەرچەندە مەسەلەکە بەهۆی ئەو رووداوانەی کە ئەم بابەتەیان هاندا و ژیاندەوە لە ماوەی نێوان ١٨٩٠-

١٩٢٠، گۆڕا، لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکاریە کۆمەلاّیەتییانە سێ چارەسەری سۆسیۆلۆژی جیاواز دەرکەوت، جیاوازی ماوەی چارەسەرەکانیش بەهۆی جیاوازی ماوەکەوە بوو، کە ئەمانەن: -

١- ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان سالّی ١٨٤٠-١٩٦٠، کتێبی وا دەرکەوتن کە لە بوارە پیشەیی و سیاسییەکاندا بەرگرییان لە ئافرەت دەکرد، کۆمەلّناسیکە لە سەرەتای سەرهەلّدان و گەشەسەندنی خۆیدابوو، نووسینی ژنە نووسەرەکانی خۆی هاتە ناویەوە کە تایبەت بوو بە بارودۆخی پیشەیی و سیاسی ئافرەت، نەك لە دیدگایەکی کۆمەلّناسییەوە کە کتێبەکان پروپاگەندەیی و راگەیاندنی بوون زیاتر لەوەی مەنهەجی رێك و پێك بن.

٢- لە خۆگرتنی بابەتی ئافرەت بەشێوەیەکی پەراوێزی نەك جەوهەری، ئەوەش بەهۆی ئەو تیۆرانەی کەباسیان لە رۆلّی پیاو و ئافرەت دەکرد لە کۆمەلّگا.

٣- کارەکانی هەندێ لە کۆمەلناسەکان گرنگییان بە پیشە و کاری فەرمانبەری دەدا، وەکو " هێربرت سپنسەر و ماکس ڤیبەر و ئەمیل دۆرکهایم و تالکۆت پارسۆنز" کەشێوازێکی پارێزگارییان هەبوو، چارەسەرەکانیان بۆ بابەتی پیاو و ئافرەت پێچەوانەی ئەو بیروباوەر و لۆژیك کاملاّنەبوو کە کۆمەلّناسی پشتی پیدەبەستن، یا بەشێوازێکی رەخنەیی مامەلّەیان لەگەلّ بابەتەکە نەدەکرد، بەلّکو بەشێوەیەکی گشتی رووکەش و بە گوێرەی ئەو بارودۆخەی کەبۆیان گونجاو بوو قسەیەیان لێدەکرد.

بە واتایەکی تر: نوسینەکانیان جیدی و زنجیرەیی رێك و پێك نەبوو، بەلّکو پچڕ پچڕ و نارێك و پێك بوو، سەرباری ئەوەش ئەو بابەتانەی کە یەکەمجار لەمەڕ ئافرەت لە کۆمەلّناسیدا باسکران لەلایەن پیاوەوە بوو نەك خودی ئافرەت، چونکە دامەزرێنەرانی ئەم زانستە پیاو بوون نووسینەکانیشیان سیاسی بوو زیاتر لەوەی کۆمەلاّیەتی و ئابووری و پەروەردیی و دەروونی بێ.

بەلاّم نەوەی دووەمی زانایانی کۆمەلّناسی بەشێوەیەکی پەراوێزی باسیان لە ئافرەت کرد نەك جەوهەری و سەربەخۆ، لەوانەش: جۆرج زیمیلّ و ولیەم ئیسحاق و تۆماس دوای ئەوەش ئەنگلس و کارلّ مارکس.

ئەو شتەی کەوایکرد بابەتی ئافرەت لە بوارەکانی کۆمەلّناسیدا دەربکەوێ ئەوەبوو کە ئافرەت بەرەنگاری کۆمەلّگا بۆوە و داوای کرد لە ئەرك و مافەکانی لەگەلّ پیاودا یەکسان بێت، دواتر نووسینەکانی تالکۆت پارسۆنز لەمەڕ خێزان وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەلاّیەتی دەرکەوت، واتا مامەلّەکردن لەگەلّیدا وەکو بابەتێکی جەوهەری و سەرەکی لە کۆمەلّناسیدا نەك لەرێگای بابەتەکانی ترەوە، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە بناغەیەکی سەرەکییە



بۆ هەموو سەقامگیربوونێکی کۆمەلاّییەتی، بەلّکو یاریدەدەرێکی کارا و گرنگیشە لە پرۆسەی پێگەیاندن و پەروەردەی کۆمەلاّیەتیدا کە مرۆڤ تیایدا هەموو بەربەستاکانی کۆمەلّگا وەردەگرێ (میکانیزمەکانی دیسپلینی کۆمەلاّیەتی) کە هاوسەنگی کۆمەلاّیەتی پشتی پیدەبەستی، وەسۆزێکی نەرم و نیان وگەرم گورییەکی کۆمەلاّیەتیش بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکات.

دواتر پارسۆنز سیستەمی دابەشکردنی کاری لە خێزان و رۆلّی هەر یەك لە پیاو و ئافرەتی لەو دابەشکردنەدا روون کردەوە، پیاوان یەکێتی خێزانیان بەسیستەمی کۆمەلاّیەتییەوە دەبەستەوە و ئەندامەکانی خۆی بە ئامانج و پالّنەر و ئاراستە رەوشتیکان و جلّەوگرتنی دەروونییان، تێر دەکا. بەلاّم ئافرەت ئەرکەکانی ناوخۆی خێزان دەکا، وەکو پەروەردەکردنی منالّ و چاندنی سۆز و خۆشەویستی لە دەروونیان و یارمەتیدانیان لە بەکارهێنانی شێوازەکانی گوزارشت کردن لە هەست و سۆزەکانیان.

ئەو کارە سۆسیۆلۆژییەی کە پارسۆنز ئەنجامی دا بۆمان رووندەکاتەوە کە پیاو و ئافرەت لە ئەرکە خێزانییەکان و چاودێریکردنی منالّەکانیان هاوشێوەن، بەلاّم رکابەری و ململاّنێی یەکتر واتا لێکترازانی ژیانی خێزانیان یا لاوازکردنی ئەو پەیوەندییانەی کە نابنە هۆی سەقامگیربوونی کۆمەلاّیەتی.

ئەم خشتەیە بەشداری ئافرەت لە بواری فیکری و کلتووریمان لەو جیهانەی کە ئینگلیزی زمانن، بۆروونندەکاتەوە، لەسالّی ١٦٥٠-١٩٦٠ کە هەردوو توێژەر " باتریشا مادد لینجەرمان و وجل نیبرۆك برانتلی " خستۆتیانە روو:

| مێژوو | رووداو | بزووتنەوە رزگاریخوازەکان | کاردانەوەکانی لەسەر کۆمەڵناسی |
|---|---|---|---|
| ١٦٥٠ | ئان براستریت ١٦١٢-١٦٧٢ | شۆڕشی پاکیزەکان لە بریتانیا و ئەمریکا | |
| ١٦٧٠ | ئەفرا بیهن ١٦٤٠-١٦٨٠هاوسەرگیری زەبری | ژیاندنەوە و نویکردنەوەی پێوەرە کۆمەلآیەتییە بریتانییەکان کە ناوەرۆکی خۆیان لەدەست دابوو | |
| ١٦٩٤ | مای ئەستێل ١٦٦٨-١٧٣١ تیزی جیدی تایبەت ئافرەتان | شۆڕشی گەورە لە بەریتانیا | |
| ١٧٧٠ | ئەبیجیل ئادەمز ١٧٤٤-١٨١٨ میری واتس وۆرن ١٧٢٨-١٨١٤ | شۆڕشی ئەمریکا | |
| ١٧٩٠ | جودیت سارجێت مۆری ١٧٥١-١٨٢٠ لەمەر هاوتای رگەزی" ژن و پیاو" | شۆڕشی ئەمریکا و شوێنەواری گفتوگۆی بەلگەنامەی پەیمانی مافەکان | |
| ١٧٩٢ | مای وستۆن گرافت ١٧٥٩-١٧٩٧ چەسپاندنی مافی ئافرەت و بەرگری لێکردنی | کاریگەرییەکانی شۆڕشی فەرەنسا و ئەمریکا لەسەر بەریتانیا | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨٣٧ | هاریت مارینۆ ١٨٠٢-١٨٧٦ نکۆلی لێکردنی بوونی ئافرەتی سیاسی لە کۆمەلگای ئەمریکیدا | دەرکەوتنی چاکسازانی چینی ناوەراست | ١٨٣٠ ئۆکست کۆنت ١٨٥٧-١٧٩٨ فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمی |
| ١٨٣٨ | سارە گرایمک ١٨٧٣-١٧٩٢ ئەو مافانەی داوای هاوتای رگەزی دەکرد | بزووتنەوەی دژ بەکۆیلایەتی | |
| ١٨٤٥ | مارگرێت فولەر ١٨٠٥-١٨١٠ ئافرەت لەسەدەی نۆزدەدا | مەزهەبی رۆمانی بنەمای پالەوانانی کۆیلایەتی ودەرکەوتنی نەتەوەخوازی | |
| ١٨٤٨ | کۆسرێت موت ١٨٨٠-١٨٩٣ ئلیزا بیپ کادیستانون ١٩٠٢-١٨١٥ بوسی ستون ١٨١٨-١٨٩٣ ب- ئەنتۆنی ١٨٢٠-١٩٠٦ یەکەم کۆبوونەوە بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەت | بزووتنەوەی دژ بەکۆیلایەتی | ١٨٤٨ مارکس و ئەنگلس و وتاری شیوعییەت |
| ١٨٦٠ | ئەلیزا بیپ بلاك وێل ١٨٢١-١٩٠ ئەمیل بلاك وێل ١٨٢٦-١٩١٠ تیمارکردن وەکو پیشەیەکی تایبەت بەئافرەتان | بزووتنەوەی دژ بەکۆیلایەتی | ١٨٥١ هیربرت سپنسەر و سەقامگیری کۆمەلآیەتی |
| ١٨٦٩ | جۆن ستیوارس میلۆ ١٨٠٦-١٧٧٣ هاربود تیلەر ١٨٠٧-١٨٥٨ سەرشۆرکردنی ئافرەت | چاکسازی چینی ناوەراست | مارکس ١٨٦٧"کتێبی سەرمایە" |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨٨١ | ی.س.ستاتنوون.س.ب.ئەنتۆنی ماتلێدا جۆسلاین جاکو ١٨٢٦ -١٨٩٨ مێژووی دەنگدانی ئافرەت لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا | بزووتنەوەی پێشکەوتن و راستکردنەوەی داروینی کۆمەلآیەتی | ١٨٨٠ جورج زیمێڵ |
| ١٨٨٣ | ئۆلیڤ شنایدەر ١٨٥٥- ١٩٢٠ چیرۆکی لادێی ئەفریقی | بزووتنەوەی سیاسی چینی کرێکاری | |
| ١٨٨٤ | فریدریك ئەنگڵس ١٨٢٠- ١٨٥٥ بنەچەی خێزان | بزووتنەوەی سیاسی چینی کرێکار | |
| ١٨٩٦ | ئادا وێلس بارینت ١٨٦٢- ١٩٣١ ماری جیرج تبریك ١٨٦٣-١٩٥٤ رێکخراوی نیشتیمانی بۆ ئافرەت و رەشپێستەکان | بزووتنەوەی شەعبی | ١٨٩٣ ئەمیل دۆرکهایم سیستەمی دابەشکردنی کار و خۆکوشتن و رێبازەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەلآیەتی |
| ١٨٩٨ | ئادا هاربێر ١٨٥١-١٩٣١ | کار و ژیانی سۆزان ئەنتۆنی.بزووتنەوە پێشکەوتوو خوازەکان | |
| ١٨٩٨ | ی.س.ستا نوون "کتێبی ئافرەتی پیرۆز " | بزووتنەوە میللییە پێشکەوتوخوازەکان | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٨٩٩ | جارلون بارکێنز جەلمان ١٨٦٠- ١٩٣٥ "ئافرت و ئابووری" | بزووتنەوە سۆسالیستییەکان | |
| ١٩١٠ | جینس ئادەمز ١٨٦٠-١٩٣٥ بیست ساڵ لەسەر ماڵی "هل" | بزووتنەوە پێشکەوتووخوازەکان | ١٩٠٤ ماکس ڤیبەر و ئەخلاق |
| ١٩١١ | سلڤیا بانکهن ست ١٨٨٢- ١٩٦ | بزووتنەوە نەتەوەی سۆسیالیستییەکانی ئەورووپا | پرۆتستانتی |
| ١٩١٧ | مارگرێت سانجر ١٩٧٩- ١٩٦٦ سنووردارێتی خێزان | بزووتنەوە پێشکەوتووخوازەکان | |
| ١٩١٨ | ئافرەتی بەریتانی و مافی دەنگدانی دوای ٣٠ سی ساڵ | بزووتنەوەی دەنگدان و تێکۆشانی سیاسی چینی کرێکار | ١٩١٨ ولیەم ئیسحاق تۆماس و زینانسکی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بۆ جووتیارە پۆڵۆنییەکان |
| ١٩٢٠ | سەرکەوتنی دەنگدانی ئافرەتانی ئەمریکی | بزووتنەوەی دەنگدان قۆناغی کۆتایی پێشکەوتن | ١٩٢٠ ماکس ڤیبەر لە ئابووری کۆمەڵگادا ١٩٢١ رۆبێرت ئارزا بارك و بیرجس لە دەروازەیەك بۆ زانستیبوونی زانستی کۆمەڵناسی |
| ١٩٢٦ | سۆزان لافولێت ١٨٨٢-١٩٤١ گرنگیدان بە ئافرەتانی ڤیرجینیا | پێشکەوتن و بزوتنەوەی دەنگدان | ١٨٩٣ جۆرج هیربرت مید "خود و من و عەقڵ" |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٣١ | وولف ١٨٨٢-١٩٤١ "ژووری مولکداری " | سۆسیالیستی وەکو رۆشەنبیرییەك لە دوای قۆناغی ڤیکتۆری | |
| ١٩٣٣ | ئەلینۆ رۆز فلت ١٨٨٤-١٩٦٣ ئافرەت ئێستا گەیشت | مامەڵەیەکی نوێ | |
| ١٩٣٥ | مارگرێت مید ١٩٠١-١٩٧٨ رگەز و میزاج لە سێ کۆمەڵگای سەرەتاییدا | پەیمانامەی ئاشتی لەجەنگی جیهانی یەکەم | ١٩٣٧ تالکۆت پارسۆنز "بوونیادی کردەی کۆمەڵایەتی" |
| ١٩٣٨ | ف.ودلف و سێ بەرازەکە | سۆسیالیستی و رۆشنبیری لەدوای سەردەمی ڤیکتۆری | |
| ١٩٤٦ | ماری راتێر بیرۆ ١٨٧٦-١٩٥٨ "ئافرەت وەکو هێزێك لەمێژوودا" | کۆنەپەرستی لە فاشییەت و دیکتاتۆری فەلسەفە | |
| ١٩٥٧ | سیمۆن دی بڤوا لەرگەزەکەی تردا ١٩٠٨-١٩٨٥ | بوونگەرایی | |
| ١٩٥٩ | بێتی فرایدان ١٩٢١سۆفیگەرای ئافرەت و فەلسەفەکەی | بزووتنەوەی مافی مەدەنی | ١٩٥٩ س.ر.میلز "کۆمەڵناسی خەیاڵ" |



ئەم خشتەییەم لە توێژینەوەیەك وەرگرت بەناوی "تێوریەی مێگەرایی هاوچەرخ"کە بەشی کتێبی "تیۆریی کۆمەڵایەتی " باتریشا لینجەرمان و وجلێ برانتلێیە، کە لەلایەن (جۆرج ریتێرز)ەوە بلاۆکراوەتەوە ١٩٩٢ لاپەرە ٤٥٢-٤٥٤.

دوای هەردووکچە توێژەر (باتریشا لینجەر و وجلی برانتلی) لەخستنەڕووی رەوشی ئافرەت لەئەدەبیاتی کۆمەڵناسی رۆژئاوادا، وای دەبینم شتێکی بەسوود بێ - لێرەدا — وێنەیەکی بچووککراوە لەمەر ئافرەتی عەرەبی لەمێژووی کۆمەڵگاکەماندا بخەمەڕوو، بۆئەم خستنەڕووەش پشتم بەکچە توێژەر (لیلی صباغ) بەستووە، لە کتێبەکەیدا (ئافرەت لەمێژووی عەرەبیدا) کەلەساڵی ١٩٧٥ بلاۆکراوەتەوە، تیایدا دەڵێ (لەلایەن مێژوونووسانەوە پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەت باس نەکراوە، چونکە لەتوێژینەوەکانیاندا جەختیان کردۆتە سەر کاروبارە سیاسییەکان و کەسایەتی ئەمیر و خەلیفە و سوڵتان و مەلیکەکان.

لەهەندی کتێبدا بەکورتی باس لەئافرەت کراوە وەکو کتێبی (الاغانی) اصفهاني ٣٥٦ کۆچی (٩٦٧ ز) و(العقد الفريد)ي ابن عبد ربة ٣٢٨ ك (٩٤٠ ز)و(نفح الطيب في غضن الاندلس الرطيب)ي مقري١٠٤١ك(١٦٣١ ز)و طبري ٣١٠ ك(٩٣٢ ز) و مسعودي٣٤٦ ك(٩٥٦ ز)و ابن الاثير ٦٣٠ ك(١٢٣٨ ز) و ابن خلدون ٨٠٨ ك(١٤٠٥ ز)و ئەوانیتر، بەلاّم هەموویان جەختیان کردۆتە سەر (ئافرەتە ناودارەکان) لەژنە مەلیکەکان و فەقێکان و سۆفییەکان و تێکۆشەرەکان و لەکۆتاییشدا ئەو جاریانەی کە لە دیوەخانی ئەمیر و خەلیفەکاندا کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا، وە دەتوانین بڵێین گرنگیپێدانی مێژوونووسان بە رووداوە سیاسییەکان نەك شارستانییەکان وجەختکردنەوەیان لەسەر ژیانی تاکە ناودارەکان لەدیراسەکردنی مێژوودا فاکتەرێکی سەرەکی بووە لەئاراستەکردنی دیدگایان بەرەو کارەکانی پیاو بەبێ ئافرەت.

بەلاّم مێژوونووسە هاوچەرخەکان توێژینەوەیان لەسەر ئەوەبوو کەخەڵکی چۆن دەژین و ئەو رووداوە ئابوورییانە چین کە روودەدەن وە بەشداریکردنی هەر دەستەیەك لەدەستەکانی کۆمەڵگا چییەلە هزر و زانست و سیاسەت و جەنگدا؟، بەلاّم حاڵەتی پێشکەوتنی ئافرەت تاکو ئەم کاتەش نەناسراوە تەنها هەڵێنجانی ئەوە نەبێ کەئافرەت لەهەموو چەرخەکاندا وەکو پاشکۆیەکی پیاو تەماشاکراون.

وەلی لە سەرەتای سەدەی بیستەم و تا حاڵی حازریش (راپەرینی ئافرەتە هاوچەرخەکان) بەگشتی و (ئافرەتی عەرەبی) بەتایبەت و دەرچوونیان لە قەفەس و بالاپۆشییەکەیان و خوازیاربوونیان بە هەڵگرتنی ستەمکاری پیاو و هاوشانیبوونیان لەگەڵ پیاو لەهەموو بوارەکانی ژیان, ورووژا بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی دووەم وهەروەها شۆڕشی ئافرەتان بەسەر ئەو بەها و داب و نەریتانەی کەتیایدا دەژییان و تاکو ئێستاش زۆربەی ئەو دابوو نەریتانە کەلەپچەی کردوون و بانگەشەی هەندی لە چاکسازانی کۆمەلایەتی و ئەدیبەکان، لەوانەش (قاسم امين) ١٨٦٥-١٩٠٨ و محمد جميل و لەنێو ئەوانیشدا و عمر رضا کە فەرهەنگێکی بۆ ژنە ناودارەکانی عەرەب و موسڵمانەکان دانابوو(ئیعلامی ئافرەتان لە جیهانی رۆژئاوا و ئیسلامدا).[٣]

هەروەها توێژەر (فیصل حلول) دەڵی (ئامادەگی دۆزی ئافرەت لەلای حکوومەتە عەرەبییە مۆدێرن و هاوچەرخەکان لەدامەزراندنی ژنە وەزیرێك یا جێگرێك لەپەرلەمان یا حکوومەت تێناپەڕێ کە رۆڵێك دەگێڕێ هەموو پیاوێك دەتوانی بیگێڕێ، بەرزبوونەوەی ئافرەتیش ئاماژە نییە بە بزوتنەوەیەکی ئافرەتانەی ئامادە و چالاك و هەروەها ئاماژەش نییە بەهەست کردن بەدۆزی دادپەروەرانەی ئافرەت یا بەڵگە بی لەسەر هەڵوێستێکی جیاواز لەسەر ئەو دۆزە.

ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازییە ئافرەتییانەی کە دۆزی ئافرەتیان بوونیاد نا داخوازییەکانیان لەداواکارییە کلاسیکە سواوەکان تێنەپەڕی(بەشداریکردنی ئافەرت لە وەبەرهێنان و رەتکردنەوەی کاری ماڵەوە... هتد)و گرفتەکەیان وەکو بەشێك لەگرفتێکی قوڵتر نەخستەڕوو، ئەو بزووتنەوانە لەخستنەڕووی دۆزەکەدا رێگایەکی لێکجیایان بەکارهێنا کەلەلایەن دەسەلاتەوە لەهەموو شوێنەکان رووبەڕووی کاردانەوەی تراژیدی نەبوو، بەڵکو رووبەڕووی جۆرێك لەهاوسۆزی دەبوو کە لەهاوسۆزی پیاوێك دەچوو بەرامبەر ژنەکەی کاتێك ژنەکەی داوای هەندی شتی لێدەکرد ئەویش نیوەی جێبەجێدەکرد و نیوەکەی تریشی فەرامۆش دەکرد.[٤]

وەلی نووسەری عەرەبی (محي الدين صبيحة) گلەییەکە دەخاتە ئەستۆی ئافرەتەکان خۆیان، دەڵی: (بۆ ئەوەی پیشانی بدەم کە دۆزی رزگارکردنی ئافرەت چەند هەڵخەڵەتێنەرانەیە!! سەرنجت دەخەمە سەر ئافرەتە رۆشنبیرەکان، ئایا وای نابینی کە



ئافرەتی رۆشنبیری عەرەبی رزگارکردنی ئافرەتی نەکردووە بەدۆزی خۆی؟ رێم بدەن وێنەی هێڵە پانەکانی رەوگەی ئافرەتی رۆشنبیرتان بۆ بکێشم لەوولاتەکەماندا: سەرەتای رێگوزەری ژیانی گشتی خۆی بەبلاوکردنەوەی چەند پەخشانە شیعرێك دەست پێدەکات، پاشان پەرەدەسێنی چەند کورتیلە چیرۆکێك دەنووسی، یاچەند ریوایەتێکی قەبارە و بەها مام ناوەند، پاشان چەند وتارێکی تر لەبارەی ئافرەتەوە دەنووسی، ئەوە ئەگەر پێگەیەکی دیاروبەرچاوی بۆ خۆی بەدەست هێنا و پیاوێکی باشیشی دەستکەوت، رەوشەکەی بەردەوام دەبێ و دەبێ خانمی ئارایشگا. ٥)

## ب/ ٥- تیۆریی مێگەرایی و ئافرەتی هاوچەرخ:

رگەزەکانی پێکهاتەی ئەم پرۆژە تیۆرییە لەگەڵ دروستبوونی بزوتنەوەی رۆشنگەری ئافرەت "بەگوێرەی بیرنارد ژنە کۆمەڵناسی ئەمریکی هاوچەرخ "لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا دەستی پێکرد، کە ئەم بزووتنەوەیە گەشەسەندنێکی بەردەوام و هەمەجۆری ئەو نووسینانانەی بەرگرییان لەمافەکانی ئافرەت دەکرد و داوای یەکسانیان لەگەڵ پیاودا دەکرد دەگرتەخۆ کە لەلایەن ژنە رۆشنبیرەکانی ئەمریکاوە کە بەرهەمە فیکری و ئەدەبی و کۆمەلایەتییەکانیان بووە خواردنێکی چەور و ئامادەکراو بۆ تێرکردنی خوێنبەرەکانی جەستەی تیۆری بابەتی ئافرەت، گرینگیپێدەرانی ئەم بوارە هەوڵی نووسینی پرۆژەی بوونیادنانی تیۆرەییەکیان دا کە لە یەك کاتدا رەنگدانەوەی شێوەی ململانێ و بوونیادی بێت. ئەوەش بەهۆی گەران بەدوای ئەو پرسیارانەی کە رووبەڕووی واقیعی پلانی پرۆژە تیۆریەکەیان بۆوە کەئەمانەن: -

١- دەمانەوی چی بزانین لەمەر ئافرەت ؟

٢- بۆچی واقیعی ئافرەت گەیشتە ئەم دۆخەی ئێستای؟

لەژێر تیشکی ئەم پرسیارەدا گرینگیپێدەرانی ئەم پرۆژەیە واقیعی پێگەی ئافرەتیان لە کۆمەڵگادا پشکنێ بۆ زانینی واقیع و ئەو جیاوازییانەی لەگەڵ پێگەی پیاو هەیەتی، دواتر لێکۆڵینەوەیان لەمەر هۆکاری لاوازی بایەخ و گرنگی کۆمەلایەتی ئافرەت لە کۆمەڵگا ئەنجامدا و بەراوردیان کرد بە بایەخ و گرنگی کۆمەلایەتی پیاو، واتا زانینی ئەوەی کە بۆچی بایەخی کۆمەلایەتی ئافرەت کەمترە لە بایەخی پیاو, نەك هەرئەمە بەڵکو جەختیان کردە

سەر ئەو حەقیقەتەی کە تەنانەت ئەگەر ئافرەت پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هاوتا و هاوشێوەی پێگەی پیاو بەدەست هێنا هەر ناتوانی هەمان بایەخی هاوتا و هاوشێوەی بایەخی پیاو بەدەست بهێنی.

دواتر چوونە سەر ئەو تۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە تایبەت بوون بە پیاو و ژن بۆ زانینی واقیعی ئافرەت تیایدا و زانینی هۆکارەکانی چەوساندنەوەی لەو تۆرەدا و گۆڕینی بە بونەوەرێکی ملکەچ و سەرشۆر و لاواز لەلایەن پیاوەوە. ئەمەش پێویستی بە زانینی جۆرییەتی ئەو ستەم و چەوساندنانەوە هەیە کە بەسەریدا مومارەسە دەکرا، لە بەرامبەر ئەم هاوێشە کۆمەڵایەتییە هاوسەنگ جیاوازەدا، ئەم پرۆژە تیۆرییانە دەرکەوتن:

١- پرۆژەی تیۆری جیاوازییەکانی نێر و مێ.
٢- پرۆژەی تیۆری لێکچوونەکانی پیاو و ئافرەت.
٣- پرۆژەی تیۆری چەوساندنەوە.

خاوەنی ئەم پرۆژانە پێیان وابوو گەیشتوونەتە چەند وەڵامێك کە تینوییەتی شکاندوون بۆ زانینی ئەو پرسیارەی کە بۆ چی ئەم هەموو دەمارگیری و چەوساندنەوەیە دژی ئافرەت بەکاردەهێنری ؟ دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارە لە رێگای پێکهاتەکانی ئەم خشتەیەوە بدرێتەوە کە پوختەی وەڵامەکان لەخۆدەگرێ:

| پ/ چی لەمەر ئافرەت....؟ | پ/ بۆچی ئافرەت گەیشتۆتەئەم..؟ |
|---|---|
| جیاوازییەکانی نێر | |
| پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگاکەیدا و ئەو شتانەی کە پێشکەش دەکرێن لە ئەزموون و زانیاری کۆمەڵایەتی، کاتێك پێگەی پیاو نزمترە لە ناوکۆمەڵگا ئەوە ئەزموون و زانیاری کۆمەڵایەتی کەمتر دەبێ. | لە ژێر تیشکی جیاوازییەکانی نێر و مێ راڤەی بایۆکۆمەڵایەتی جیاوازی بەرهەم هێنا، کە ئاماژەن بۆ جیاوازییە شکارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ژن و پیاو. |
| جیاوازەکانی پیاو و ئافرەت | |
| بە پشت بەستن بەوەی پێشکەشمان کرد بایەخی کۆمەڵایەتی ئافرەت کەمترە لە بایەخی کۆمەڵایەتی پیاو چونکە بایەخی کۆمەڵایەتی لای ئەم دووانە " ژن و پیاو " پشت بە پێگە و ئەزموونییان دەبەستێ. | لە ژێر تیشکی ئەمەدا، راڤەی مێینەی وا دەرکەوت کە ئازادبوون لە تێروانینە پارێزگار و تەقلیدییەکان وەکو راڤەی مارکس و ماددییەتی مێژوویی ئەنگلس |
| تیۆریەی چەوساندنەوە | |
| ئەم جیاوازییانە " نێر و مێ -پیاو و ئافرەت" وایان لە ئافرەت کرد ببێتە بونەوەرێکی کۆت و بەندکراو لە چالاکییەکانیدا، چەوساوە لە هەڵس و کەوت و بیرکردنەوەکان و بخرێتە خزمەتی بەرژەوەندی و ئارەزووەکانی پیاوەوە. | راڤەی وا دەرکەوتن کەئەو جەور و ستەمەی روونکردەوە کە بە سەر ئافرەتدا سەپێنرابوو، وەکو سەربازگە سۆسیالیستییەکان و بیروباوەرەکانی لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا "٦" |



## ج/٥- پرۆژەی جیاوازییەکانی نێر و مێ:

کورتەی گرنگیپێدانی ئەم پرۆژەیە لەم بابەتانەدایە: -

١- جیاوازییە جەستەیی و ئەرکییەکانی ئافرەت و ئەو کاردانەوانەی لە هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتیدا هەیەتی.

٢- هەست و سۆزی ئافرەت " خودێتی و مێینەیی دەروونی و کۆمەڵایەتی " و شوێنەوارەکانی بەسەر گێرانی هەڵس و کەوتیدا، وە ئەو پاڵنەر و بەرژەوەندی و پێوەر و داهێنان و جوانییەی کە لە بوونیادنانی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانیتردا لە پیاو جیای دەکاتەوە.

٣- رێبازی ژیانی: بە لەدایکبوون دەست پێدەکا و بە پیربوون کۆتایی دی، وە ئەو شتانەی کە بە دەستی دەهێنی و رۆڵی تێدا دەبینی لە تەرز و شێوازەکانی ژیان و مامەڵەی لەگەڵ ئەوانیتر و دروستکردنی ئەزموونی ژیاری-کۆمەڵایەتی جیاوازە لە ئەزموونی پیاو.!

لە راستیدا ئەم گرینگیدانە دەوەستێتە سەر لایەنی بایۆلۆژی ئافرەت و ئەو شتانەی پەیوەستن بە چالاکی کۆمەڵایەتی و ئەزموونی تایبەت بە بوونەوەرێکی مرۆیی جیاواز لە بوونیادی " بایۆلۆژی " لە پیاو, وە ئەو شتانەی کە لە بواری وەچە و نەوە و پەیوەندی خوێنی لەگەڵ منداڵەکانیدا دەکەوێتە ئەستۆ.

لەبەرامبەر ئەم جیاوازیانەشدا چەند شیکار و راڤەیەك دەرکەوتن کە دەتوانین بۆ سێبەش پۆلێنیان بکەین: ئەوەش راڤە بایۆلۆژییەکان و دامەزاوەییەکان و دەروونیە کۆمەڵایەتییەکانە:

١- راڤەی بایۆلۆژی بۆ جیاوازییەکانی نێر و مێ: جیاوازییە ئەندامەکی - بایۆلۆژییەکان لەلای نێر و مێ ئەندامی دیار و ئاشکران، کە بنچینەی جیاوازییە ژیارییەکان و ئەو کاردانەوانەی لەو جیاوازیانەدا لە بوارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا، رەنگ دەداتەوە، روون دەکاتەوە.

دیارترین ئەو کەسانەی کە ئەو جیاوازییانەی بۆ دیراسەکردنی کەسایەتی پیاو و ژن لەلایەنی دەروونییەوە بەکارهێنا " سیگمۆند فرۆید " بوو کە پرۆسەی کردارە سۆزداری و فیکری و میزاجییەکانی بە جیاوازییە رگەزییەکان " جینی " بەستەوە. وە هەروەها هەریەك لە " لیۆن تالەر و فوکس " (١٩٧١) یەکەم کەس بوون کە چەمکە زمانەوانیە بلاوەکانی نێوان خەڵکیان بە گوێرەی جۆری رگەز بەکارهێنا و پۆلین کرد، بینییان ئەو چەمکە زمانەوانیانەی کە ئافرەت بەکاریان دەهێنی پیاو بەکاریان ناهێنی، وە ئەو چەمکانەی کە پیاو بەکاریان دەهێنی ژن بەکاریان ناهێنی، ئەوەش بەهۆی جیاوازییە رگەزییەکانەوەیە. بۆ نموونە باوك چەند رستەیەك لەگەڵ کوڕەکەیدا بە کاردەهێنێ بەلاّم لەگەڵ کچەکەیدا بەکار ناهێنی، وەدایك چەند چەمکێکی زمانەوانی لەگەڵ کچەکەیدا بەکار دەهێنی بەلاّم لەگەڵ کوڕەکەیدا بەکاریان ناهێنی, بەم شێوەیە، واتا هەتا زمانی قسەکردن لەنێوان تاکەکان ملکەچ و وابەستەی جیاوازی جۆری رگەزی نێوانیانە.



٢- راڤەی دامەزراوەیی بۆ جیاوازییەکانی نێر و مێ: خێزان بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ، کە سیستەمی دابەشکردنی کار دەگرێتە خۆی کە پشت بەستووە بە جیاوازییە رگەزییەکان کە بە رۆڵی خۆی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە ئافرەت دیاریدەکا وەکو رۆڵی کچ و دایك و ژن و مامۆژن و خالۆژن و نەنك و پەیوەندییەکانی " رۆڵی " بە پیاوەوە وەکو رۆڵی کوڕ و باوك و برا و مامە و خاڵە و باپیرە، سەرباری دیاریکردنی ئەرك و پیداویستییەکانی رۆڵی "هەردوو رگەزەکە" بۆ هەموو ئەو قۆناغە تەمەنییانەی کە ژن و پیاو پێیدا تێدەپەرن.

هەندی لە تیۆرە دامەزراوەییەکانی سیستەمی دابەشکاری کاری پشت بەستوو بە جیاوازییەکانی نێر و مێ قبووڵ دەکەن، کە پێیان وایە وەکو پێویستییەکی کۆمەڵایەتی خزمەت بە ئەرکەکانی کۆمەڵگا دەکەن، بەلام بەشێکی زیاتری کۆمەڵگاکان ئەم سیستەمە بە بەشێکی جیانەکراوە دەژمێرن لەو ناهاوتایەی کە لە نێوان نێر و می دا هەیە.

٣- راڤەی دەروونی-کۆمەڵایەتی جیاوازییەکان بۆ جیاوازییەکانی نێرو می: وەکو راڤەی دیاردەناسەکان "فینۆمینۆلۆژیستەکان" بۆ نەزمی چەمکەکانی ژیانی و کۆمەڵایەتی و رۆژانەیان و ئەو دەرهاویشتە خاوانەی لە جادە و شوێنە گشتییەکان و بازاڕی بازرگانی و شوێنەکانی کۆبوونەوەی خەڵکی، قسەی پیدەکرێ, هەروەها راڤەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی " پێگەیاندن" کە لە جیاوازییەکانی نێوان نێر و مێ شێوازێکی دووانەکی هاوتایی وەرگرتووە لە بەکارهێنانی چەمکە زمانەوانییەکان لەلای هەردوو رگەز "نێر و مێ" وە چۆنیەتی درککردنیان بە مانا و هێماکانی چەمکە زمانەوانییەکان، واتا منالێکی کچ چۆن لە خێزانەکەیەوە ئەو هێما و وشە مێینەیانە دەبێ، کەتایبەتن بە جۆری رگەزەکەی، وە چۆن ئەزموونی نێرینە لەلای باوکەوە بۆ کوڕ دەگوازرێتەوە، وە ئەزموونی مێینەی کچ لەلایەن دایکەوە لە رێگای پێکەوە ژیانی رۆژانەوە بۆ پرۆسەی پەروەردەکردنی خێزان "پێگەیاندنی خێزانی " دەگوازرێتەوە.

### د/ ٥- پرۆژەی تیۆری جیاوازی نێوان پیاو و ئافرەت:

ئەم پرۆژە تیۆرییە ئەم واقیعە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتە خۆی:

ا- ناهاوتایی نێوان ژن و پیاو، تەنانەت ئەگەر خاوەن یەك سەرچاوەی ماددی و مەعنەوی بن، واتا ئەگەر سەر بەیەك نەتەوە و یەك ئایین و یەك نەژاد و یەك چیینی ئابووری بن، وە لە

یەك شوێن خوێندبێتیشیان و یەك پێگەی وەزیفییان هەبێ، کەچی مافەکانی پیاو زیاترە لە ئافرەت، وە ئەرکەکانیشی کەمترە، نەك هەر ئەمە بەڵکو تەنانەت دەسەڵاتی پیشەیی و وەزیفییان یەك نیە، وە دەسەڵاتی پیاو گەورەتر و فراوانترە لە دەسەڵاتی ئافرەت، وە کاتی هەموو ئەم مافانە بۆهەر یەکێکیان فەراهەم دەبێ کەچی دەبێتەهۆی فرە دەرفەتییەك بۆ بەدیهێنانی خودێتی پیاو زیاتر لە ئافرەت.

ب- مامەڵەکردنی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی نایەکسان لەگەڵ پیاو و ئافرەتدا، بەڵکو بەکارهێنانی دوو پێوەری جیاواز لە پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن، کە بە شێوەیەکی جیاواز و پەسندتر بەسەر ئافرەتدا مامەڵە لەگەڵ پیاو دەکری، لەمەشدا جیاوازییە جەستەیی و کەسایەتییەکان چاوپۆشی لێ دەکرێ وەکو پێوەرێك بۆ ئەو بایەخپێدانە زیاترەی پیاو، کەچی جیاوازییە ڕگەزییەکان و ئەو شتانەی پەیوەستن بە بەها کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە لە بەر چاو دەگیرێن.

ج- گەڕاندنەوەی هەموو ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان بونەوەرە مرۆییەکاندا هەیە بۆ ژیارە کۆمەڵایەتییەکان، نەك جیاوازییە جەستەییەکان، هەموو بونەوەرەکان بەدوای ئازادی خۆیان و بەدەستهێنانی خودێتی خۆیان دا دەگەڕێن، بەدەستهێنانی ئەمانەش بەهۆی توانا و وزەی کۆمەڵایەتی و ژیاریەکانەوە دەبێت: " واتا پەیوەندییەکی فراوان و دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی و چالاکییەکی بەردەوام و هەمەجۆر"، لەبەر ئەوەی پیاو ئەو شتانەی زیاتر لە ئافرەت هەیە، ئەوە ئافرەت ناتوانی بە هەمان توانای کە پیاو هەیەتی ئازادی و بەدەستهێنانی خودێتی بەدەست بهێنی، واتا کەمتر لەو. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و تەسکی وزە و توانا کۆمەڵایەتییەکانیان.

د- ئەم پرۆژە تیۆرییە گریمانەی ئەوە دەکات کە هەردوو ڕگەزەکە بەدوای ڕێگایەکی نوێوەن بۆ گۆڕینی پێگەی خۆیان لە ناو چوارچێوەی پەیکەری کۆمەڵایەتی، وە هەروەها لەوبروایەدایە کە دەکری ئەم نایەکسانییەی نێوانیان بۆ دۆخێکی پێچەوانە بگۆڕی، ئەم گریمانەیەش دژکارە لەگەڵ ئەو پرۆژە تیۆرییەی کە گرنگی بە جیاوازییەکانی نێوان نێر و مێ دەدا.

بەڵام تیۆرەیەکی ئافرەتانە هەیە کە بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی ئافرەتان و بزووتنەوە مارکسییەکانی ئافرەتان و رێکخراوی نەتەوەیی ئافرەتان و زۆری تر لە رێکخراوە و بزووتنەوە فێمێنیستییەکان بەکاریان دەهێنا، ئەمانە تێدەکۆشان لەپێناو دەستێوەرنەدانی دایك و باوك لە هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ منالەکانیان و رەتکردنەوەی شوێنە تایبەتییەکانی پیاو و شوێنە



تایبەتییەکانی ئافرەت و بکرێن بە شوێنی گشتی " واتا رەتکردنەوەی یانەی پیاوان و یانەی ئافرەتان یا شوێنی مومارەسەکردنی چالاکییەکانی پیاو یا شوێنی مومارسەکردنی چالاکییەکانی ئافرەتان، وە رەتکردنەوەی ئەو سیستەمە دابەشکردنە کارەی لەسەر جیاوازی رگەزی وەستاوبوو، واتا رەتکردنەوەی دیاریکردنی کاری تایبەت بە پیاو و کاری تایبەت بە ئافرەت، بەڵکو ئافرەت بتوانی ئەو کارە بکا کە پیاو دەیکرد، وە گواستنەوەی پیاو لەو کارەی کە کاریان تێیدا دەکرد بۆ کاری کە تایبەت بوو بە ئافرەت: بەواتایەکی تر رێگا بە ئافرەت بدرێ ئەو کارانە بکا کە لەلایەن پیاوەوە قۆرخ کراوە، وە پیاوانیش بتوانن ئەو کارانە بکەن کە تایبەتبوون بە ئافرەت و بەرزنەکردنەوەی پیاو بەسەر ئافرەتدا لە کاتی پێشکەشکردنی داوای کار.

ئەم داواکارییانە لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە رووبەڕووی رەواجێکی زۆر و پێشوازییەکی زۆر بۆوە، وە شەعبییەتێکی چوارچێوە فراوانی لە نێوانیان هەبوو، بەتایبەت کاتێك رێکخراو و بزووتنەوە ئافرەتییەکان " ئەمریکا " جیاوازییە رگەزیەکانیان " جنسیە" بە جیاوازییە نەژادییە " عنصری "باوەکانی کۆمەڵگای ئەمریکی بەراورد کرد.

ئەمەش لە گۆشەنیگای جیاوازییە بایۆلۆژییەکانی نێوان پیاو و ئافرەت و رەش و سپی و رەنگاورەنگەکان بوو " واتا زەرد و ئەسمەر و سوور " کە رەهەندێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی لە نێوانیان درووست کردبوو، ئەوەش بەرۆڵی خۆی جیاوازی لە پێگە و رۆڵی هەریەکێکیان دروست کردبوو " واتا لە نێوان رەش و سپی و سوور و ئەسمەر " وە هەمان دۆخیش لە نێوان پیاو و ئافرەت.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە ژنە توێژەری کۆمەڵایەتی ئەمریکی " جیسی بێرنارد " بدەم کە لە ساڵی " ١٩٤٠ "وە تاکو ئێستا بەرگری لە مافەکانی ئافرەتی ئەمریکی دەکات، وەلەساڵی "١٩٨٢" کتێبێکی بەناوی " دوارۆژی هاسەرگیری " نووسی و تێیدا روونی کردەوە کە هاوسەرگیری رێکخستنێکی کلتوورییە، چەند بیروباوەر و پێوەر و رۆڵی دامەزراوەیی دەگرێتە خۆی کە کارلێکی پیاو لەگەڵ ژنەکەیدا دیاری دەکات، دواتر وەکو ئامانجێکی جیبەجێکاری بۆ ئافرەت دیاری دەکا، چونکە بەرپرسیارییە خێزانی و مەدەنییەکانی بۆ راڤە و روون دەکاتەوە، وە لەهەمان کاتیشدا هاوسەرگیری بەپابەندبوونی پیاو دادەنێت، چونکە بەرپرسیارێتی ئابووری کۆمەڵایەتی بەسەردا دەسەپێنی، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە " بیرنارد " دەڵی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا یەکسان نییە لە نێوان ژن و پیاو وەکو هەندێك پێیان

وایە، بەڵکو ڕێژەییە نەك رەها، چونکە تائێستا پیاو دەسەلاٚتێکی بەهێزتر و فراوانتری لە ژنەکەی هەیە، وەپیاو ئازادییە کەسایەتییەکانی خۆی بە شێوەیەکی فراوانتر و زۆرتر لە ژنەکەی مومارەسە دەکات.

هەروەها " بێرنارد " دەڵێ هاوسەرگیری لە ئەمریکا تا ئێستاش وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەلاٚیەتی وایە، چونکە رێگای بە پیاو داوە دەسەلاٚتی بەسەر ژنەکەیدا هەبێ، بەهۆی ئەوەی هێزێکی سێکسی گەورەتری لە ئافرەت هەیە، وە ئافرەت ملکەچ دەکا گوێرایەڵ و ژێردەستەی پیاو بێ، سەرباری ئەوەی کە لەڕووی ئابووری و دەروونییەوە سەربەخۆی نییە و دەست بەتاڵە، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی توند جەخت لەسەر چالاکیە گرنکەکانی ناو ماڵ دەکاتەوە و هیچ گرنگییەك بەو شتانە نادات کە لە جیهانی دەرەوە روودەدەن " واتا لە دەرەوەی ماڵ و گەرەکی نیشتەجێبوون

" هەروەها " بێرنارد " شتێکی تر بۆئەو روونکردنەوانەی کە لەمەر جیاوازی هاوسەرگیری خستیەروو، سەربار دەکا. لە ناو هەموو دامەزراوەیەکی هاوسەرگیری مرۆیی دوو جۆر جیاوازی ئاشکرا دەکات، ئەویش رۆڵی پیاوی ژندار و (Man`s marriage) رۆڵی ژنی مێردداره (Women`s marriage).

جۆری یەکەم پێی وایە کەپیاو بە شێوەیەکی سەخت و قورس پەروەردە دەکرێ بۆ ئەوەی بتوانی رووبەڕووی گیروگرفتە کۆمەلاٚیەتی و ئابوورییەکان ببێتەوە، تاکو کاتێك لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بوو بتوانی پارێزگاری لەوانە بکات کە لە ژێر چاودێری ئەودا دەژین " ژن و منالەکانی " وە دەسەلاٚتی خۆی بەسەریاندا پیادە بکات بۆ ئەوەی بیانگەینیت بە ئامانجە خێزانییەکانیان، و پڕکردنەوەی پێداویستییە سێکسییەکانیشی ئافرەت تێریان دەکات.

بەلاٚم جۆری دووەمی هاوسەرگیری " رۆڵی ئافرەتی مێردداره"(بێرنارد)

"دەڵێ گرنگییەکی رووکەشی بە بیروباوەری کلتووری دەدری و پارێزگاری دەکرێ، بەلاٚم لە ئاستی واقیعدا ئافرەت لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ نییە و بۆ گوزەرانی پشت بە پیاوەکەی دەبەستێ، لە بەرامبەر ئەمەشدا دەبێ پابەندی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی مێردەکەی بێ و سۆز و خۆشەویستی پێشکەش بکا، ئەمە هیچ کاریگەرییەکی بەسەر ئەوەوە نییە، هەموو ئەمانە وا لە ئافرەت دەکەن ملکەچی پاڵەپەستۆیەکی کۆمەلاٚیەتی توندوگران ببێتەوە لەبەرامبەر ئەو پابەندییەشدا، کۆمەڵگا ئافرەت ناچار دەکا کە رەوشتێکی وەفادارانەی بۆ پیاوەکەی هەبی و دڵسۆزی بێت وخۆی بکا بەقوربانی، بەلاٚم ئەگەر لەم پابەندییە



هاوسەرگیرییەدا کەموکوری هەبوو، ئەوا کۆمەڵگاکەی بەناشرینترین سەرزنشتی کۆمەلاٚیەتی سەرکۆنەی دەکا.

هاوسەرگیری بەتێڕوانینی "جیسی بیرنارد" باش و بەسوودە بۆ پیاو بەلاٚم خراپ و چەوسێنەرە بۆ ئافرەت، چونکە "هاوسەرگیری " ئازادییە تاکییەکانی لەناو دەبا و کەسایەتییە خودییەکانیشی داگیر دەکا، واتا هاوسەرگیری هاوتایی لە نێوان پیاو و ژندا لە ماف و ئەرکەکان بەدی ناهێنی.

لە ژێر تیشکی ئەو نەخۆشییە هاوسەرگیرییەدا بزوتنەوە ئافرەتییەکانی ئەمریکا جیاوازی رەگەزی و نەژادییان وەك یەك و بەدوو رووی یەك دراوییان دەژمارد، چونکە لایەنگیری بەژەوەندی لایەنێکیان دەکرد و دژی لایەنەکەی تر یا لەسەر حیسابی ئەو.

یەکەمیان لایەنگیری بەژەوەندی پیاویان دەکرد لەسەر حیسابی ئافرەت،دووەمیانیش لایەنگیری بەژەوەندی سپی پێستەکانیان دەکرد دژی رەشەکان یان زەردەکان یان ئەسمەرەکان یان سوورەکان، لەبەر ئەوە بزوتنەوەکان داوای هاوتایی دەرفەتی نێوان ژن وپیاویان دەکرد لە زۆربەی بوارەکاندا، وەکو کارو ماڵ و قوتابخانە و بوارەکانی راگەیاندن، ئەمەش هاوتایی رەگەزی لە ژیانی رۆژانەی کۆمەلاٚیەتی بۆ جیبەجێکردنی چاکسازی کۆمەڵگا و پاککردنەوە لەو بەها و پێوەرانەی کە لایەنگیری پیاویان دەکرد. وە رێگا بە ئافرەت بدری کە ئازادیەکی هاووتای لەگەڵ پیاو هەبی , لە کۆی ئەو بزووتنەوە کۆمەلاٚیەتیانەی کە پشتگیری و بەرگریان لە مافی ئافرەت دەکرد، بزووتنەوە مارکسیەکان بوون " کۆن و نوی " کە چەوساندنەوەی چینی ئەریستۆکرات و چینی هەژاریان بەراورد دەکرد بەچەوساندنەوەی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە, لە ئەنجامدا گەیشتن بەم پێشبینییانە: -

١- بی دەسەلاٚتی و ملکەچی ئافرەت بۆ پیاو پەیوەست نییە بە لاوازی جەستەیی و لاوازی بایۆلۆژی، بەڵکو پەیوەستە بەرەوشی کۆمەلاٚیەتی نزمی لەناو کۆمەڵگادا.

٢- پاشکۆیەتی ئافرەت بۆ پیاو لەڕووی ئابووری و کۆمەلاٚیەتییەوە وای لە ئافرەت دەکرد بارودۆخێکی کۆمەلاٚیەتی نزمتری هەبێ، باوك لە خێزانی " پاتریاکی" دا "باوکسالاری " خاوەن رچەلەك و سەرداریێتی باوکایەتی, وە ئازادییەکی سێکسی تەواوی لەگەڵ ئافرەتانی تردا هەیە بێجگە لەژنەکەی، هەموو ئەمانە وا لە هاوسەرەکەی دەکەن ببێتە بەشێك لە ماڵ و موڵکەکەی.

٣- پروپاگەندەیەکی درۆزنانە هەیە دەڵێ، خێزانی پاتریاکی (باوکسالاری) ئەو شێوازەیە کەلە هەموو قۆناغە مێژووییەکانی کۆمەڵگای مرۆییدا باوبووە، ئەمە سەرلێشێواندنێکی روونە,

ئافرەت لــە کۆمــەڵگای ڕاووشــکار و کۆکردنــەوەی خۆراکــدا ســەرداری کۆمەڵگاکــەی بــووە، وە ڕچەڵەکی منداڵــەکانی بــۆ ئــەو دەگەڕانــەوە نــەك باوکیــان " پیــاو " واتــا ڕچــەڵکی دایکایــەتی "Matrilineal" نەك هەر ئەمە بەڵکو دەسەڵاتیشی فراوانتر و باڵاتر بووە لە دەســەڵاتی پیــاو، هەروەها ئازادییەکی کۆمەڵایەتی زیاتریشی لەپیاو هــەبووە، وە لــەڕووی ئابووریــشەوە ســەربەخۆ بووە و لە بەدەستهێنانی ڕزق و سەروەت و ساماندا پشتی بــە پیــاو نەبەســتووە، ئەمــەش لەبــەر ئەوەی لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا سیــستەمی دابەشــکردنی کــاری پــشت بەســتوو بەهاوســەنگی ڕگەزی تێیدا باوبووە، بەبێ بەرزکردنەوەی لایەنێك بەسەر لایەنەکەی تردا.

٤- هەرچەندە کاری کارا لە بێهێز کردنی ئافرەت لە بەرامبەر پیاودا ئەو گۆڕانکارییانە بــوو کــە تووشی سیستەمی ئابووری بوو لە جیهان, کــە ئــابووری ڕاو و شــکار و کۆکردنــەوەی گــۆڕی بــە ئــابووری کێڵگــە و چــاندنی کــشتوکاڵ، ئەمــەش بــووە هــۆی دەرکــەوتنی موڵکایــەتی بــەمانا ئابوورییەکەی، کە وایکرد پێویستی بە بێگاری ئافرەت هەبێ " هاوسەر, کچ, خوشك, دایك "بۆ ئەوەی ببێتە کرێگرتەیەکی بەکارهاتوو لە ژێر فەرمانی موڵکدار کە پیاوە لە ئەنجامدا پەیوەنــدی نێوان ژن و مێرد یا پیاو و ئافرەت وەکو پەیوەندی نێوان کۆیلــە و خــاوەن کۆیلــە یــا موڵکــدار و بەموڵککراوی لێهات.

٥- دوای ئەو, سیــستەمێکی سیاســی هــات کــە پــشتی بەسیــستەمێکی ئــابووری دەبەســت و پشتگیری لە دەسەڵاتی پیاو و سەروەرێتی بەسەر ئافرەتدا دەکرد، بەو پێیەی پیاو خــاوەن زەوی و سەروەت و سامان و دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش بووە هــۆی نزمبوونــەوەی پێگــەی ئافرەت لە خێزان و کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسی و ئابووری بۆ نزمترین پلە.

٦- لە کۆتاییدا چینی کرێکار هات کە هەڵگری پەیامی مافەکانی ئافرەت بــوو و داوای لابردنــی ئەو جەور و ستەمەی کە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا و لە ماوەی ژیانی کۆمەڵایەتییدا تووشی ببوو، وە هەروەها لە کاری پیشەیی و سیاســی ســەندیکاییدا بــەرگری لــەئافرەت دەکــرد و داوای ئازادبوونی دەکرد لە چالاکییە سیاسی وپیشەیی و سەندیکاییەکان کەلە ژێر کۆنترۆڵی پیاودا بوو، بۆ ئەوەی بگا بە دۆخی سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی خۆی.

## هـ/٥- پرۆژەی تیۆری چەوساندنەوە:

ئەو چەوساندنەوەیەی ئافرەت دەگرێتە خۆی کەلــە مــل پێکەچــکردنی پیاوانــەوە هــاتووە بــۆ خزمەتپێکردنی ئامانج و بەرژەوەندی و مەبەستەکانی، لەم پێناوەشدا شێوازی (ابتــزاز)ی بــەناوی



سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە بەکاردەهێنا کەپاڵپشتی پیاوبوو نەك ئەو، لەبەر ئــەوە پیــاو ڕێگــەی چەوساندنەوەی دەگرتە بەر لەژێر سایەی سیستەمی نێرینەدا.

ئافرەت دەچەوسێنرایەوە تا ئەوەی ببێتە یــەکێك لــە مــاڵ و موڵکــە ماددییــەکانی پیــاو، ئەمــەش یــەکێك بــوو لــە دەرهاوێــشتەکانی یــان دەرئەنجامــەکانی سیــستەمی پاتریــاکی (Patriarchy System)" کــە بوونیــادی دەســەڵاتی کۆمەڵایــەتی بەرجەســتە دەکــات، بــە دەسەڵاتی ڕەهای باوك بەسەر خێزانەکەی و گەڕاندنەوەی ڕچــەڵەکی منداڵــەکان بــۆ خــۆی نــەك دایکیان جیادەکرێتەوە، واتا کۆمەڵگایەکی باوکسالاری کە سیستەمەکان ملکەچی دەســەڵاتی باوکایەتین ".

ئەوەی گرنگە بۆ وەبیرهێنانەوە لەم بوارەدا، ئەم سیستەمە ناهاوتایی نێوان پیاو و ئــافرەت دروست کرد و جیاوازی ڕگــەزی " نێــر و مــێ"ی بەرهــەم هێنــا، بــۆ زیــاتر زانیــاری لەمــەر تێڕوانینەکانی ئەو پرۆژە تیۆرییەی کە چەوساندنەوەی ئافرەت ڕووندەکاتەوە، پشت بە ڕاڤەکانی هەردوو توێژەر " باتیشا لینجەرمان و وجل برانتلی " دەبەستین لــە درێــژەی تیۆرەکــەدا، بــەم شێوەیە:

*أ- شییکردنەوەی دەروونی بۆ مێینە.*

*ب- مێگەرایی لە دیدگای ئاراستە فیکرییە پەرگیرەکاندا.*

*ج- مێگەرایی لە دیدگای سۆسیالیستەکاندا.*

*د- سێیەم شەپۆلی مێگەرایی.*

أ- **تیۆریەی یەکەم:** هەوڵدەدات شوێنەواری سیستەمی باوکسالاری "پاتریاکی" بەسەر ئافرەت دا ئاشکرا بکات، ئەو سیستەمەی ئافرەتی کردبووە بونەوەرێکی پلە دوو وە خاوەن هیچ شتێك نەبێ، تەنانەت خودی خۆشی، بە پێچەوانەی پیاوەوە کە ڕێگای خاوەنداریێتی سەروەت و چەك و زانست و ئایین و هونــەری پێــدابوو،، وە وای لــە پیــاو کردبــوو ببێتــە بوونــەوەرێکی بــەهێز و سەربەخۆ بەسەر بونەوەرێکی رووت لە هەموو شتێك تەنانەت لە هۆشــیاری خــودی خۆشــی " کە ئافرەتە ".

**ب- مێگەرایی لە دیدگای ئاراستە فیکرییە پەرگیرەکاندا:**

*تیۆریەی دووەم* باس لە بوارەکانی بەرگری مافی ئافرەت دەکــا لــە دامــەزراوە و ڕێکخــراوە ڕەسمی و نارەسمییەکاندا، چونکە " ئەم تیۆرەییە، پێی وایە هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان

هەڵوێستێکی پێشینەییان دژی ئافرەت هەیە، نەك هەر ئەمە بەڵکو دەیچەوسێننەوە و لە پێگەی کەم دەکەنەوە و رۆڵی لە ناو ئەم دەزگایانەدا لاواز دەکەن، بۆ ئەوەی دەزگاکان یارمەتی پیاو بدەن لە ملکەچکردنی ئافرەتدا.

بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەم تێروانینە کە لە هەموو دامەزراوەکان حاکم و حوکم بەسەرداکراو، سەردار و ژێر دەستە، خاوەن دەسەڵات و بێدەسەڵات هەیە، زۆرجار ئەو جیاوازییە پێگەییە لادانی رەفتاری لەلای هەندی خەڵك دروست دەکات، وەکو بەرەبەرەکانێ و دەستدرێژی سێکسی و سادییەت و داوێن پیسی و خراپ بەکارهێنانی رۆڵی باوکایەتی، بێجگە لەمەش هەندی کلتووری رۆژهەڵاتی بەنێرینەی لەدایك دەبن یا دروست دەبن، واتا لایەنگری بەرژەوەندی پیاون دژی ئافرەت. بۆ نموونە ئافرەتێکی هندۆسی ناچار دەکری دوای مردنی پیاوەکەی بەسووتاندن خۆی بکوژێ، بەواتایەکی روونتر ژنەکە لەدوای مردنی پیاوەکەی مافی ژیانی نییە، هەروەها هەر لە کلتووری رۆژهەڵاتدا دیاردەیەکی باوی پیادەکراو هەیە، ئەوەش خەتەنەکردنی کەنیزەیە کەناشرینترین و خراپترین دوورخستنەوە و تێکدانی سروشتی سێکسی لای ئافرەتە، لەبەر ئەوە لە بەرژەوەندی پیاودا نییە کە دژایەتی ئەو پێوەرە کلتوورییانە بکات، هەروەها لە بەرژەوەندیشیدا نییە بەرەنگار و بەرهەڵستی سیستەمی باوکسالاری " پاتریاکی" ببێتەوە کە پشتگیری لە دەسەڵات و سەرداریێتی دەکا هەروەها پشتگیریشی دەکا لەبەکارهێنانی ئافرەت وەکو کۆیلە و خزمەتپێکردن و تێرکردنی پێداویستییە سێکسییەکان و خستنەوەی منالٚ بە ناوی ئەوەوە " پیاو" وە دابینکردنی پێداویستییە خۆپەرستییەکانی، وە لەهەمان کاتدا بەکارهێنانی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا لە بەرژەوەندی پیاو و زیادکردنی قازانج بەهۆی بەکارهێنانی لە زەوی و کارگەکانیدا، لەهەمبەر ئەو ستەمە کۆمەڵایەتییانەش بە تێروانینی هەردوو توێژەر (باتریشا و برانتلی) بزووتنەوە فێمێنستییەکان درووست بوون، کە ئافرەتیان لە هەموو نەژاد و کلتوور و پیشەیەك دەگرتە خۆ، بەبێ جیاوازی و لایەنگیری. واتا جیاوازییان نەدەکرد لە نێوان سپی و رەش و پزیشك و کرێکار و کچی شار و کچی لادێ، بۆ ئەوەی هێزێکی کاریگەر بەسەر دامەزراوەکانی کومەڵگای مرۆیی پێك بهێنن و پێگەکانی خۆیانیان تێدا بگۆرن و گەورەترین بەشی یەکسانی نێوان ماف و ئەرکەکان بەدی بهێنن.

**د- بەشی تیۆری سێیەم:** مێگەرایی لە دیدگای سۆسیالیستەکاندا: ئەم تیۆریەیە تیشك دەخاتە سەر چەوساندنەوەی چینایەتی کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بەسەر ئافرەتدا مومارەسە دەکرێ، کە رق و سەرکوتکردن و چەوساندنەوەکە لەوێدا زیاتر دەکات. چونکە ریزبەندی



کۆمەڵایەتی لەسەر بەرزڕاگرتنی جیاوازییە نەژادی و ئایینی و نەتەوەیی و تەمەنییەکان بوونیاد دەنێ، ئەمەش فشارەکانی کۆمەڵگای مرۆیی بەسەر ئافرەتدا چەند جارە دەکاتەوە، واتا ئەگەر کەمایەتییەکی نەژادی یا خێڵێکی ئایینی یا نەتەوەیی یا تەمەنی بێت ئەوە پێگەکەی لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیدا لە نزمترین ئاست دایە، چونکە بەبێ ئەو جیاوازییانە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی چەوساوەی دەبێ، ئەی ئەگەر لە کەمایەتییەکی کۆمەڵایەتی بێ دەبێ حاڵی چۆن بێ ؟ وەڵام: بارودۆخی کۆمەڵایەتی چەندجار چەوساوەتر دەبێ.

بەواتایەکی تر: کۆمەڵگای سەرمایەداری جیاوازی چینایەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و جیاوازییەکی گەورە لە ئەرك و مافەکان دەگرێتە خۆی، هەموو ئەمانەن رەنگدانەوەیان دەبێ بەسەر واقیعی ئافرەت و پەروەدەکردنی منالەکان و شێوازی گوزارشت کردن لەهەست و سۆزەکانی تەنانەت لەسەر جۆری پێدانی مەعریفیشدا, واتا نزمترین ئاست و خراپترین جۆری دەبێ، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە پێگەی ئافرەت لەو کۆمەڵگایەی کە پەیوەست نییە بە جیاوازی چینایەتی و نەژادی و"وەکو کۆمەڵگای سۆسیالیستی" بارودۆخێکی باشتری هەیە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری.

***د- شەپۆلی سێیەمی مێینە:*** ئەم رابەرێتییە لە هەشتاکانی ئەم سەدەیە دەرکەوت کە رووحێکی رەخنەگرانە و هەڵسەنگاندنێکی گشتگیری بۆ هەموو ئەو بزووتنەوە فێمێنیستییانەی پێوەدیاربوو کە لە شەست و حەفتاکانی هەمان سەدە دەرکەوتبوون. بە دەستنیشانکردنی هەڵە تێکۆشانییەکانیان واتا ئەو تاوانانەی لە کاتی بزووتنەوەی تێکۆشانی خۆیاندا ئەنجامیان دابوو، بۆ گەیشتن بە گشتاندنێکی پوخت لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی بزووتنەوە فێمێنیستییەکان لە بواری کار و کرێ و جیاوازی رگەزی و جیاوازی نێوان ئافرەتە سپیەکان و ئافرەتە رەشپێستەکان، وەلادانەکانی پیاوان لەگەڵیاندا.

لەجێی خۆی دایە روونی بکەمەوە کە هاوشێوەکانی ئەم لێکۆڵینەوانەی لەمەر ئافرەت بوارێکی زانستی کۆمەڵناسی بەهەندێك راستی و دیاردەی گرنگەوە بوو وەرگرت، وەکو: -

***١- مەعریفەی سۆسیۆلۆژی لەسەر مێینە:*** کە لە شێوازی ژیانی ئافرەت لە ناو خێزان و کۆمەڵگا و ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، وەرگیراوە، چەندین کتێب لەمەر مەعریفە دەرکەوتن و چوونە نێو چوارچێوەی کۆمەڵناسی مەعریفەوە و لقێکیان پێك هێنا بەناوی کۆمەڵناسی مەعریفەی فێمێنیستی (Feminist Sociology Knowledge) کە

رەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوە و گومانبردن و هەستکردن بە کاروبار و دیاردە و راستییە کۆمەڵایەتییەکانی دەورووبەری ئافرەت بوو، سەرباری روونکردنەوەی تایبەتمەندێتی پێگە پاییەکەی و سروشتی رۆڵەکەی و قەبارەی دەسەڵاتی تێیدا. واتە مەعریفەی بەشەکی –نەك گشتی – بۆسیستەمی دابەشکردنی کار کە رووبەڕووی سروشتێکی سەرکوتکەر و چەوساندنەوەیەکی پێگەکانی ئافرەت دەبێوە لە بوارەکانی کاری ناو کۆمەڵگا و شێوازی پەروەردەکردنی منداڵەکان و مامەڵەکردنی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، لەبەر ئەوە ناویان لێنا مەعریفەی کۆمەڵایەتی مێگەرایی بە جیاواز لە نێرینەی – پیاوەتی.

۲- *سەرەڕای ئەوەی ئەم مەعریفەیە نیوەیەکی بوو،* بەلاّم شێوەیەکی دوورمەودای وەرنەگرت Macro, چونکە لە پەیوەندی ئافرەت بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە و کایە پەیکەرییەکانی ناکۆڵێتەوە، بەمانایەکی روونتر: مەعریفەیەکە لە پێگەی ئافرەت لە کایە سیاسی و پەروەردەیی و پزیشکی و ئابووری و ئایینییەکان و رۆڵی لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و نوێنەرایەتی و گەشەسەندنی پلانی کۆمەڵایەتی، دەکۆڵێتەوە.

۳- *مەعریفەی سۆسیۆلۆژی باربوی مەعریفەی فێمێنیستی مەودا نزیکی کرد* (Micro knowledge) واتا کارلێکی ئافرەت لەگەڵ هاوسەر و منداڵ و رەفتاری رۆژانەی لەگەڵ هاورێ ئافرەتەکانی و ناسینی جۆری گیروگرفتەکانی لە شێوازی دایکایەتی و پەیوەندی هاوسەرێتی و بەربەستەکانی بەردەم کارەکەی، بەواتایەکی تر: مەعریفەیەکی بەشەکییە نەك گشتی.

## و/٥- تاوتوێ کردنی تیۆریەی فێمێنیستی و پرۆژەکانی:

ئەوەی لەم بەشەدا خراوەتە روو، روونی دەکەنەوە کە کۆمەڵناسی دیراسەی ئافرەتی نەکردووە وەکو تاك (Individual) یا کەس (Person)، بەڵکو لە ڕێگای بوونی لە کۆمەڵگا و بەکارهێنانی پێگەیەك لە پایە کۆمەڵایەتییەکان و مومارەسە کردنی رۆڵەکانی تێیدا، بەهۆی پێگەکەی لە خانەی کۆمەڵایەتی " خێزان " وەکو بەرهەمهێنەری مرۆیی و هاوبەش لە پرۆسەی بەمرۆڤکردنی خێزانی، هەروەها وەکو بکەرێکی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوە و رێکخراوە کۆمەڵایەتییە رەسمی و نارەسمییەکان (چ ئەو بکەرە چالاك بێ یا سست، سەردار بێ یا ژێر دەستە) ئەوەش لەبەر ئەوەی کۆمەڵناسی دیراسەی تاك ناکات وەکو تاك یاخودی تاکی، بەڵکو دیراسەی جۆری مرۆیی دەکات " نێر یا مێ" لە دامەزراوەکانی ناو کۆمەڵگا و جوڵە و



رێکخستن و پێگە و رۆڵی ئەو مرۆڤە لە ناو دامەزراوەکاندا، دەڵێ پێگە و رۆڵی هەموو کەسێك نەك کەسێکی دیاری کراو.

لەبەر ئەوەی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بۆ ئافرەت دروست نەبووە " وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی رگەزی مرۆیی " کۆمەڵناسیش بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیاکراوە گرنگی پینەدا، بەڵکو لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ئاماژەی پێدا و وەسفی پێگە و رۆڵەکانی کرد.

بەلاّم ئەگەر گرفتێکی کۆمەڵایەتی بەهۆی جۆری دووەم "پیاو " یا بەهۆی یەکێك لە شێوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بۆ ئافرەت دروست ببوایە، ئەوە کۆمەڵناسی دەچوو دیراسەی دەکرد و هۆکاری ئالۆزییەکانی راڤە دەکرد شوێنەوارەکانی روونەکردەوە، وە کاتێك ئەو جۆرە مرۆڤە " ئافرەت " تێگەیی کە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی زۆر نزمترە لەو رۆڵەی کە مومارەسەی دەکات یا ئەرکەکانی زۆر زیاترە لە مافەکانی، ئەو ناهاوتاییانە " لە نێوان پێگە و رۆڵ و ماف و ئەرکەکانی " کاریان لەسەر دروستکردنی فێڵبازی بوونیادی و باربەری وەزیفی دەکرد، لەو کاتەدا کۆمەڵناسی دەچوو دیراسەی ئەو حاڵەتەی وەکو پشێوییەکی کۆمەڵایەتی، دەکرد. بەلاّم ئەگەر ئەو حاڵەتە پشێوییەکی کۆمەڵایەتی پێکنەهێنایە، ئەوە وەکو دیاردەیەك دیراسە و وەسفێکی وردی دەکرد. وە شێوازی ژیانی روونەدەکردەوە و پێگەکەی لەناو کۆمەڵگا دەستنیشان دەکرد و گرنگی رۆڵی لە خێزان و پەروەردەی خێزانی و پرۆسەی بەرهەمهێناندا ئاشکرادەکرد.

بەلاّم دوای شۆڕشی پیشەسازی و فەرەنسی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، گۆڕانکاری بوونیادی و وەزیفی لە کۆمەڵگای رۆژئاوایی روویدا، ئەوەش وای لە ئافرەت کرد بۆ بازاڕەکانی کار دەربچی و بەشێوەیەکی چڕ بەشداری لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بکا و سەربەخۆیی ئابووری بەدەست بهێنی و هەروەها هۆشیارییەکی زیاتر بە پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی خۆی بەدەست بهێنێ، لە ئەنجامدا ژنی نووسەر و رووناکبیر و پارێزەر و پزیشك و ئەندازیار و مامۆستا دەرکەوتن، بەلاّم بەهۆی درەنگ دەرکەوتنیان لە چالاکییە پیشەیی و هزرییەکاندا، هەمان ئەو پێگەیەیان بەرنەکەوت کە پیاو بەدەستیهێنابوو.

ئەو گۆڕانکارییە جۆرییەی کە ئافرەت بەدی هێنا گرفتی کۆمەڵایەتیتری بۆ دروست کرد، وەکو بەرزبونەوەی رێژەی تەلاّق و دواخستنی منداڵخستنەوە، منالّی و لاوازی رۆڵی ئافرەت لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی ناوماڵ و زیاتر چەوساندنەوەیان لە کارە پیشەیی و بەرێوەبەرییەکان

لەلایەن پیاوەوە، لەهەمبەر کەڵەکەبوونی ئەم گیروگرفتانەدا بزووتنەوە فیمینیستییەکان سەریان هەڵدا و بەرگرییان لە پێگە گشتییەکانیان لەڕووی بوونیادی و وەزیفییەوە کرد.

لەو کاتەدا ئامرازە مەنهەجییەکانی کۆمەڵناسی دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوەی گرفتە سەردەمییەکانی ئافرەت " لە خێزان و شەقام و کارگە و نووسینگە و نەخۆشخانە و زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگاکاندا " تا گەیشتە ئاستێك کە یەکێك لە لقەکانی خۆی بۆ تایبەتمەند کرد بەناوی " کۆمەڵناسی ئافرەت " یا " بەرەو کۆمەڵناسی ئافرەت (Toward Sociology of Woman).

جێی وەبیرهێنانەوەیە لەم بارەوە بڵێم گرینگیدانی کۆمەڵناسی بەم ئاڵۆزییە وای لە کۆمەڵناسی نەکردووە بە گوێرەی جۆری رگەزەکان دوو کەرت بێت یا دابەش بێت (واتا کۆمەڵناسی نێرینە و کۆمەڵناسی مێینە " بەڵکو بەرزکردنەوە و خستنەڕووی گرفتەکانی جۆری مرۆیی لە کۆمەڵگا پیشەسازی و پێشکەوتووەکان پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشان هەیە وەکو چۆن جۆری دووەمی رگەزی مرۆیی " نێر " پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشان هەیە، لەبەر ئەوە ئافرەت داوای یەکسانی دەکا لە ئەرك و مافەکانیدا، هەرچەندە کۆمەڵگا وەکو چۆن پێویستی بە پیاوە ئاواش پێویستی بە ئافرەتە. وە داوای لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کرد کە بە هەمان شێوەی پیاو مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکەن، بەبێ جیاوازی و بەرزکردنەوە و لایەنگیری رگەزێك بەسەر رگەزەکەی تردا، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە کە دەتوانین کۆمەڵناسی بە زانستی وەڵامدەرەوەی کۆمەڵگا دابنێین.

واتا وەڵامی هەموو ئەو پێشهاتانە دەداتەوە کە لە ناو کۆمەڵگا روودەدەن چ سلبی بن یا ئیجابی، کە یەکەمیان ناو دەنێ گرفت و دووەمیش ناو دەنێت دیاردە، بەڵام ئەگەر هەندی پێشهاتی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵدا، ئەوە لایەنی سلبی و ئیجابی بەرجەستە ناکەن، بەڵکو بە چوارچێوەی رووداوەکانی کۆمەڵگا دەژمێردرێن، کە دەرهاوێشتەی ژیانی رۆژانەیە بۆ ئەوەی دواتر دیاردەیەك یا رووداوێکی کۆمەڵایەتی پێك بهێنێ.

نەزمی باسەکە ناچارمان دەکا کە حەقیقەتی چوونی ئافرەت بۆ بازاڕی کار لەبیر نەکەین کە بە هۆی پێویستی دەستی کار بوو لە پرۆسەی بەرهەمهێنان ئەوەی هانی پیاوی دا کە رێگا بە ئافرەت بدا لەکار و بەرهەمهێنان کاربکا دەگەرایەوە بۆ ئەو دەستکەوتەی کە ئافرەت بەشێوەی کرێی نەقدی و پشکی ماددی بەدەستی دەهێنا ئەوەش بەرۆڵی خۆی بارودۆخی ئابووری و کۆنەلایەتی باشتر دەکرد.



دەڵێم کە ئافرەت بە شێوەیەکی راستەوخۆ و توندوتیژ وەکو کۆیلەیەکی پیاو بەکار نەهات، بەڵکو وەکو پیاو مڵکەچی مەرجەکانی کاربوو، هەرچەندە جۆری رگەزەکەی وای لێکرد دووگیان بێ و شیر بدا و ئەو منداڵە تێر بکا کە دەیهێنان، ئەمەش بەشێوەیەکی بەردەوام ئاستەنگ بوو لەبەردەم کاری دەرەوەیدا بۆیە بەرهەمی پیشەیی و ئابووریشی کەمتر بوو، بەڵام کاری بەمرۆڤکردن و ماڵداری زیاترە، لەم کارەشدا جیبەجێکار و داهێنەرە، ئەمەش مانای خزمەتکردن نییە بەکەسانێکە نامۆ بەو، بەڵکو منداڵی خۆین، چونکە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی " جگە لە پیاوەکەی " لەو بوونەتەوە، کە ئەمەش بالاترین بەرووبوومی مرۆییە لە ژیانی مرۆڤدا، لەسەر ئەم بنەمایەش هەموو ئەوانە (منداڵەکان) شایانی چاودێری و گرینگیدان و قوربانین.

مەبەستم لەم روونکردنەوەیە ئەوەیە کە قوربانیدان لە پێناو چاودێریکردنی منداڵەکان بە بەهاتر و گرنگترە لە قوربانیدان لە پێناو بەدەستهێنانی مادده " کەدواتر دەگەڕێتەوە بۆ منداڵەکان ".

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هەڵگرتنی بەرپرسیارییە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروستی منداڵەکان لەلایەن ژنەوە بەرپرسیارییەتییەکی بیوێنە و دەگمەنە جگە لەئافرەت هیچ کەس ناتوانی هەڵی بگرێ" تەنانەت دامەزراوە تەندروستی و خۆراکی و پەروەردەییە هاوچەرخەکانیش ناتوانن بەهەمان توانا و لێهاتوویی دایك ئەو شتانە پێشکەش بە منداڵ بکەن، بەهەمان شێوازی دایك. هەروەها سەرپەرشتی کردن و رێکخستنی کاروبارەکانی ناوماڵ تەنها خزمەتکردن بە پیاو ناکەن، بەڵکو خزمەتکردنە بەخودی ئافرەتەکە و منداڵەکانیشی، وە ئەو بەرپرسیارێتییە تەنها خزمەتکردن نییە بە پیاو بەڵکو خزمەتکردنە بە ئافرەتیش" هاوسەر و کچەکان " پێکەوە.

لەهەمبەر ئەم بەرپرسیارێتییە خێزانی و مرۆییانەدا ئافرەت بەملکەچ و ژێردەستەی پیاو ناژمێردرێ، بەڵکو موزایەتکەران و هەڵپەرستان بەشێوەیەکی زیادەرەوانە وێنای ئافرەتیان کرد، ئەو جیاوازییانەیان " سروشتییەکان " بۆ بەدەستهێنانی بیروباوەری سیاسی بەکارهێنا، نەك بە ئامانجی بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەت، ئەگەر ئافرەت بەراستی درك بەوە دەکا کە چەوسێنراوەتەوە و خراوەتە خزمەتی پیاوەوە بۆچی خۆی بەرگری لە خۆی ناکا، زۆر باشترە لەو کەسەی بەهۆی هەستی مرۆیی و هۆشیاری ئەخلاقی و هەستی روونی خۆیەوە، کە دەچی بەرگری لەمافەکانی ئافرەت و پارێزگاری لە ستەم لێکراوان و چەوسێنراوان دەکا کە ناتوانن

خۆیان لەو حاڵەتانە لابدەن  کە بۆ رۆڵە تازەکانیان گونجاو نییە و لە ژیانی خێزانی و قەیرەیی و ناشرینیاندا هەرەسیان هێناوە.

هەموو ئەو حاڵەتانە داوای مافی زیاتر و ئەرکی کەمتر دەکەن، حاڵەتی یەکەم " ئەوانەی نەگونجاون لەگەڵ رۆڵە تازەکانیان " وەکو ئافرەتە تازە بەمێرددراوەکان، وەهەندێ لە کچانی زانکۆ و هەرزەکار و هەندێ لە فەرمانبەران، کە هەموویان داوای مافی زیاتر و ئەرکی کەمتر دەکەن و هەریەکە و بەهۆی شتێکەوە  هاندراون، وەکو پەیوەستبوونیان بەرۆڵە کۆنەکانیان  یا شارەزانەبوونیان بە رۆڵە تازەکانیان  یا ترسیان لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییە تازەکان یان سەرنەکەوتنیان لە رۆڵە نوێیەکانیان.

بەلاَم حاڵەتی دووەم  " ژنە سەرنەکەوتووەکانی ژیانی خێزانداری " ە، وەك ئەو ژنێکی نەزان لەمامەڵەکردندا لەگەڵ مێردەکەی یان لەماڵداری و پەروەردەکردنی یەکەم منالَ یا رۆڵی هاوسەری و دایکایەتی رەتدەکردەوە و پاساوی نوشتیەکەشی ئەوەبوو مافی کەمە و ئەرکی زۆرە، ئەمەش هانی دا  داوای مافی زیاتر و ئەرکی کەمتر بکات، بۆ ئەوەی لە کارە خێزانی و پیشەییەکاندا سەرکەوتووبێ.

لەحاڵەتی  هەرزەکاریدا خەیالاَت و ناروونی دیدگایەکی گشتگیر و کامڵ بۆ کاروبارەکان پاڵ بەگەنجەکەوە دەنێ بۆ دەربرینی درووشمی رەونەقدار و لاساییکردنەوەی کەسانی نەترس و ئازا، چونکە هەرزەکار ئارەزووی لە نوێکردنەوە و گۆڕان هەیە  لەو شتانەی تایبەت بە ژیانی خۆیەتی، لەبەرئەوە دەبینین داوای رۆڵەکانی خۆی و ملکەچ نەکردنی بۆ هیچ مرۆڤێك، دەکرد، بەتایبەت رگەزی بەرامبەر.

بەلاَم حاڵەتی قەیرەیی " ئافرەت بەهۆی شوونەکردنەوە " دەبینین ئارەزووی مومارەسەکردنی هەندی چالاکی کۆمەلاَیەتی هەیە بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ژیانیدا هەیە، وە بەتایبەت ئەو کاروبار و بابەتانەی کە پەیوەستن بەو شتانەی لە دەستی داون، واتا بابەتی مێیەتی و ئەو بەربەستانەی بوونەتە لەمپەر لەبەردەم هاوسەرگیریدا، لەهەمبەر ئەم بارودۆخەشدا داوای یەکسانی ماف و ئەرکەکانی دەکا لەگەڵ پیاودا، نەك لەبەر خۆشویستن و بەرگرییەکی رەوا لەئافرەت، بەڵکو پێکانێکی بە ئەنقەست بۆ ئەو شتانەی کە لە دەستی داون، بەلاَم ئەگەر شوی بکردایە ئەو داواکارییانەی فەرامۆش دەکرد و نکوڵی لێدەکردن و رەخنەی لە هەموو ئەو کەسانە دەگرت کە بەرگرییان لە مافی ئافرەت دەکرد، پیێ وابوو ئەو داواکارییانە داواکردنێکی هەلپەرست و دروست کراون لەلایەن ئەو کەسانەی لە ژیانی خۆیاندا



سەرنەکەوتوون،، یا لەلایەن بەدەستهێنەرانی سیاسییە خاوەن بیروباوەڕەکان " لە پیاو " بۆ بەدەستهێنانی هاندەر و پاڵپشتێکی مرۆیی بۆ بەرژەوەندی خۆیان، نەك کەسێکی تر.

لە باری بێ بەختەکان  بە برێکی کەمی جوانی " ئەگەر مەیلیان بەرەو داواکردنی مافی زیاتر و ئەرکی کەمتر بەشێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات بۆ پرکردنەوەی ئەوەی لەجوانی مێیینە لەدەستیان داوە، وە واهەست ناکەن کە مێیینەن چونکە مێیینەکان مامەڵەی مێیینییان لەگەڵ ناکەن، بەڵکو تێروانینێکی رووکەشی و پەراوێزی لێیان دەروانن، بەلاَم ئافرەتە جوان و هۆشیار و رۆشنبیر و وریاکان خۆیان مافەکانی خۆیان بەدەست دەهێنن، بەبێ ئەوەی پشت بە یەکێکی تر ببەستن  بۆ بەرگری لێکردنیان  یا رێگا بە کەسانی تر بدەن بۆئەوەی داوای مافەکانیان بکا و ئەرکەکانیان کەمبکاتەوە، بەڵکو خۆیان بەسەرکەوتوویی ئەرکە ماڵداری و پیشەییەکانی خۆیان دەکەن، بەبێ سەرزەنشتکردن و هەلاَتن و بیانوو هێنانەوە، مەبەستم ئەوەیە بلێم فاشل و نالەبار و تەمەلەکان (لە رووی رەفتاری و فیکری) و هەلپەرستەکان دەیانەوێ هەموو شتێك لەبەرامبەر هیچدا بەدەست بهێنن،واتا داواکارییەکانی خۆیان بەبێ رەنج وماندووبون بەدەست بهێنن، وەك ئەوەی داوای مافی زیاتر و ئەرکی کەمتر دەکەن یا داواکارییە خەیاڵی و پەککەوتووەکانیان دەخەنەڕوو بۆ ئەوەی بیانوو بۆ تەمەڵی و فشۆڵی خۆیان لەگێرانی رۆڵەکانیان لەکارەکانیاندا بهێنێنەوە.

لە راستیدا ئەو حاڵەتە لەلای پیاو نابیندرێ، چونکە تەمەڵی و سەرنەکەوتن و هەلپەرستییەکانی خۆیان لەبەرگەنەگەرتنی بەرپرسیارێتی خێزانی ناخەنە ئەستۆی مافە زۆر و ئەرکە سنووردارەکانیانەوە، بەڵکو دەخەنە ئەستۆی خۆیان نەك ژن و منداڵەکانیان، واتا بەبێ هەلاَتن رووبەڕووی راستییەکان دەبێتەوە و هۆکاری هەلهاتنەکەشیان ناخاتە ئەستۆی رەگەزی بەرامبەر. بەلاَم ئەم روبەڕووبونەوە و هەلاَتنەی کە هەندی ئافرەت پێی هەڵدەستن "ئەوانەی کە پێشتر باسمان کرد"مانایەکی وردتر لەبەرگەگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەلاَیەتیدا هەڵدێن هۆکارەکەشی دەخەنە ئەستۆی پیاو دەڵێن پیاو هەموو شتێکی هەیە، ئەم شێوازە بیانوو هێنانەوەیە شێوازێکی سەیرە، چونکە کە لەبەر پرسیارێتییەکانی ئێستای دەترسێ کە بۆچی داوای زیاتر دەکا؟ من دڵنیام ئەگەر مافی زیاتر و بەرپرسیارێتی فراوانتریان پێبدرێ دەچن ناوێك بۆ هەلاَتنەکەیان دادەنێن و بیانووی هەلاَتنەکەشیان هەر دەخەنە ئەستۆی پیاو و دەڵێن پیاو بەرپرسیارێتی زیاتر دەخەنە ئەستۆی ئێمە بۆئەوەی خۆیان پیێ هەڵنەستن، بەمەش

هاوارەکەیان زیاتر دەبێ و هەڵاتنەکەیان خێراتر دەبێ، چارەسەری ئەو گیروگرفتانە ناکەن کە خۆیان بۆخۆیان دروستیان کردووە.

دوای ئەوەی هەموو جۆرەکانی بەرگریکارانی مافەکانی ئافرەت و بانگەشەکارانی یەکسانی نێوان ژن و پیاومان روون کردەوە، دەچینە سەر بابەتی ململانێ کە پیاوە بەدەستهاتووەکان و ژنە بەدەستهاتووەکان خستیانە روو، دەڵێن ئەگەر ئافرەت بەراستی هەستی بەوە بکردایە کە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی ململانێکەری هەیە و دوو هەڵوێستی دژبەیەك بەرجەستە دەکا "خاوەن دەسەڵات و بێ دەسەڵات یا سەردار و ژێر دەستە " کەواتە بۆچی ململانێکە لەسەرەتای بوونی ئەو دوو پێگە جیاوازەوە سەری هەڵنەدا؟ وەئەگەر ئەو ململانێیە لەکاتی ئێستادا رووی داوە کۆتاییەکەی چییە؟ ئەگەر گریمان ئافرەت هاوتایی لەماف و ئەرکەکاندا بۆ بەدەست هات و حاڵی وەك حاڵی پیاو ئەوە ئەو بەدەستهاتنە لەسەر حیسابی کێیە؟ ئایا لەسەر حیسابی منداڵەکانە یا خێزانە یا ئەو مێیەتییە سروشتییە کە سروشتی مرۆیی پی بەخشیوە؟ وە ئایا بە تەواوەتی لە خێزاندا سەردار و ژێردەستە لە نێوان خوشك و برا یان لە نێوان ژن و مێرد هەیە؟ وە گرنگتر لەمە چەمکی مێیینە چییە؟ ئایا بوونی هێزی راکێشان لە ئافرەتدا یا جوانی رووخسارییەتی یا رێکوپێکی بەژن و باڵایەتی یا لێهاتووی گێرانی رۆڵی مێیینەکەیەتی یا هەستە ناسك و گەرمەکانێتی یا رۆشەنبیرییەتی لە مامەڵکردنی خێزانیدا یا ئەزموونێتی لەمەر بەریوەبردنی ماڵدا؟ وە ئایا ئەگەر مێیەتی دژ و پێچەوانەی پیاوەتییە، ئایا ئەمە مانای ملکەچکردن و هەڵگەرانەوەیەکی لەخۆوەکییە لەگەڵ سۆز و جوانی؟.

کۆمەڵگا مرۆییەکان لەرێکخستنە فەرمی و نافەرمییەکانیاندا بێ ریزبەندی کۆمەڵایەتی نین، لە خێزانەوە بگرە تادەگاتە حکوومەت، وە سیستەمی دابەشکردنی کار (کە بەکۆڵەگەی هەموو رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان دەژمێردرێ) بەگوێرەی پێویستییەکانی پێگەی هەرەمی بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنی کۆمەڵگا پێویستی ریزبەندی پێگەیی و جیاوازی ماف وئەرکەکان هەیە "کۆچەری، لادێیی، شارستانی، پیشەسازی، بازرگانی، سەربازی".

ئەگەر گۆڕانکارییەك لە کەسەکان، لە پێگە مێیینەیی و نێرینەکانی خۆیدا، واتا گۆڕانکاری لە رۆڵەکانیاندا روویدا ئەوە دەبێتە هۆی گرفتی جێگرتنەوەی شوێنی یەکتر،بەواتایەکی تر گۆڕانکاری لە کەسەکان کێشە درووست دەکات نەك شوێن گرتنەوەی یەکتر، وەکو دەزانین جۆری رەگەزی مرۆیی بەشێوەیەکی سروشتی هەیە، دەرکەوتنی سیستەمی دابەشکردنی کار لە رێکخراوە فەرمی و نافەرمییەکاندا بەپێی ئەو توانا جەستەییەیە کە



جەستەی مرۆڤ هەیەتی، لەبەر ئەوەی جەستەی ئافرەت بەرگەی ئازار و ماندوبوونی زۆر ناگرێ سەرباری ئەوەش ئەرکی بایۆلۆژی هەیە کە لە میانەی سکپڕی و شیرپێدان و پەروەردە بۆی دێن، ئەمەش ئازار و ماندووبوونەکەی زیاتر دەکەن کە ئافرەت لەگەڵ بەناوتەمەنەوەچوونی ناتوانی بەرگەیان بگری.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەتیۆری مێگەرایی بدەم کە لە قۆناغی سەرشۆڕکردندا بە جۆرێك وێنای ئافرەتی کردووە، سەرباری ملکەچکردنی بۆ پیاو لە بوارەکانی خێزان و کاردا خاوەنی خودی خۆشی نەبوو، بەڵام بە گوێرەی دیدگای تیۆرەکە کاتێك ژنە نووسەر و رۆشنبیر و پزیشك و پارێزەرەکان دەرکەوتن، رەخنە و سکاڵاش دەستی پیکرد، بەڵام ئەم سکاڵایانە لە لایەن هەموو ئافرەتەکانەوە نەبوو بەڵکو لەلایەن هەندێك لە ئافرەتەکان بوو، هەروەها تیۆرەکە ئەو ئافرەتە نووسەرانەی بە کەمایەتییەکە ناو کۆمەڵگا چواندووە، سەرباری ئەوەی کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانیانی کۆمەڵگایان پێك دەهێنا لەڕووی چەندایەتییەوە.

شتێك کەدەمەوی لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە کە رەخنە و سەرزەنشت پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە دەرکەوتنی ئافرەتە هۆشیار و چالاك پیشەوەرەکانەوە هەبوو، هەروەها ئەو رەخنانەش وابەستەی ژمارەیەکی کەمی ئافرەتە هۆشیارەکان بوو, نەك هەموویان، وەبۆ ئافرەتان کە بە کەمایەتییەکی کۆمەڵایەتییان دەچواند، چونکە پێگە هەرمیەکانیان نزمتربوو لە پێگەی پیاوان, وەرۆڵەکانیان لاوازتربوو لە رۆڵی پیاوان. ئەم هەژماردنەی ئافرەت بە کەمایەتی زیادەرەوی تێدایە، چونکە ئەگەر ئافرەتان بەراستی کەمایەتی کۆمەڵایەتین، کەواتە بۆچی پێش دەرکەوتنی ژنە هۆشیار و پیشەوەرەکان درکیان بەو حەقیقەتە نەکردووە ؟ چونکە ستەملێکراو و چەوسێنراو و ژێردەستە بەر لە خەڵکی تر درك بەو ستەمە دەکات کە لە سەریەتی و پێویستی بەوانیتر نییە کە لە بری ئەو هەست بکەن یا هانی بدەن یا بەئاگای بێننەوە لەوستەمەی کەلە سەریەتی.

ئەگەر ئافرەت رازی ببوایە یا نەبوایە بەملکەچیان بۆ پیاو ئەوە هەر پڕ بەگەروویان هاواری ئەو شتەی دەکرد کە تووشی بووە رازیش نەبوو کەس بەرگری لێبکا.

ئاشکرایە بەهۆی کەم ئەزموونی کۆمەڵایەتی ئافرەت لەبەرێوەبردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا " رەسمی و نارەسمی " کەوتۆتە ئاستێکی نزمتر لە پێگەی پیاو لە دامەزراوەکاندا، بەڵام لە جێبەجێکردن و بەدیهێنانی ئامانجی دامەزراوە گشتییەکان یارمەتی

دەدا، نەك دامەزراوە تایبەتییەکان، چونکە پێگە هەرەمیەکان لە ئەرکەکانیاندا هەماهەنگن، سەرباری ئەوەی لە دەسەلاّت و زنجیرەییدا جیاواز و لێکچوو نین.

لەبەر ئەوە  ئافرەت ناچێتە ناو ملْملانێوە لەگەلْ پیاودا، بەلاّم دەشی کێبرکێی پیشەیی لەگەلْ دا بکات، هەرچەندە بوونی ئافرەت لەدامەزراوەیەکدا خزمەتکردن بێت بە ئامانج و مەبەستە تایبەتییەکانی پیاو، ئەوسا دەتوانین بلێین چەوسێنراوەتەوە و خراوەتە خزمەتی بەژەوەندییەکانی پیاوەوە، بەلاّم ئەگەر لە پێناو خزمەتکردن بە ئامانجە گشتییەکان یارمەتی دا ئەو کاتە ناتوانین بلێین چەوسێنراوەتەوە پێویستی بەکەسێکە بۆ ئەوەی بەرگری لێبکا، لەبەر ئەوە دەلێم ئەو وێنا کۆمەلاّیەتییە زیادەرەوی تێداکراوە.

لەگەلْ ئەوەی کۆمەلْگا پێشکەوتووتر و گۆڕاوتر بێت ئەوە پێویستی بەرگەزە مرۆییەکان  و توانست و لێهاتوویی، شتێکی بەردەوام و هەمیشەییە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە کۆمەلْگا ێویستی بە پیاو و ئافرەتە وەکو هێزی کار، بەلاّم نەك هەر پیاوێك و هەر ژنێك بەلْکو خاوەن توانست و لێهاتوویی و کارامەیی داهێنان وە دروستکردن، واتا مەرجەکانی پێشکەوتن و بارودۆخەکانی گۆڕان کۆمەلْگا ناچاردەکات توانستێکی زیاتر و ئاداکردنێکی باشتر بهێنی بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆری رگەز.

بەلاّم ئەشێ هەندێ لەکۆمەلْگا ترادیسیۆنی و پارێزکارەکان توند بن لە هێشتنەوەی ئافرەت لە پێگە کۆمەلاّیەتی  پیشەییەکەیدا و دووری بخەنەوە لە بەشداریکردنی لە پرۆسەی گەشەکردن و بەرهەمهێنان بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو، هەرچەندە ناتوانن بەردەوامی بەم دورخستنەوەیەی ئافرەت بدەن، چونکە رەورەوەی پێشکەوتن پێویستی بە بەکارهێنانی کەسانی خاوەن توانست و لێهاتوویی و سەردەمییانە هەیە، ئەگەر نا —ئەو کۆمەلْگایە — دوادەکەوێ و لەدەرەوەی سنووری سەردەم دەژی — واتا لەرابردووی سەردەم دەژی نەك  ئێستای -. لێرەدا پێویستە روونکردنەوەکانی تیۆریەی مێیەتی بخەینەروو کە سەرەتای بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەت لە ئەمریکا لە پالێوراوە  سیاسەتمەدارەکان  هەلْبژاردنی سیاسییەکانەوە دەستی پێ کردووە، ئەو بەرگریکردنەش پاك نەبوو وە دەربری نیازێکی روون و پاکیش نەبوو، واتا بەری نەبوو لە هێنانەدی بەرژەوەندییە خودییەکانی کەسە سیاسییەکان، چونکە نوێنەری سیاسی پێویستی بە دەنگ بوو بۆ پیشتگیری لێکردنی و هەلْبژاردنی خۆی، بۆ ئەوەی سەربکەوێ، هەرچەندە ئافرەت لە هەلْبژاردن دوورخرابۆوە. پالێوراو دەچوو بۆ ئەوەی دەنگەکانیان بەدەست بێنی، کەواتە گەر ئافرەت بەدوورخستنەوەی مافی نوێنەرایەتی بەئاگابوو، بۆچی خۆیان کاندید



نەدەکرد و هاورگەزەکانی خۆی هەلْیان نەدەبژارد، تا نوێنەرایەتییان بکا؟ وەبۆچی دەنگیان بەپیاو دەدا ؟ وەئایا بەراستی پیاو داکۆکی لە ئافرەت دەکرد؟ دەلْێن داخوازی پالێوراوان بەیەکسانی سیاسی و یاسایی بە ئامانجی خزمەتکردن بوو بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان نەك خزمەتی ئافرەتان و بەرگریکردن لە مافەکانیان.

لە سەیر و سەمەرەکانی بەراوردکردنی تیۆریی مێگەرایی، بەراوردکردنی داکۆکیکردنی مافەکانی ئافرەت بوو بەداکۆکیکردن لە مافی رەشپێستەکان لە کۆمەلْگای ئەمریکیدا، ئەو بەراوردکردنەش نا حەکیمانەیە، چونکە ئافرەت لە مالْ و قوتابخانە و کارگە و نووسینگە و زانکۆدا لەگەلْ پیاو دەژی، نزیکەی هەمان مافەکانی پیاویان هەیە، بەلاّم رەشپێستەکان لەگەلْ سپیپێستەکان لەژێر یەك سەقفدا ناژین، بەلْکو مافی سپیپێستەکان زۆر زیاترە لەرەشپێستەکان، کەواتە رەشپێستەکان مافەکانیان زۆر زیاتر زەوتکراوە لە ئافرەت، لەلایەن پیاوەوە، وە ئافرەت لە کارە خێزانییەکەیدا لە پێناو جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خێزانی لە پەروەردەکردنی دەروونی و کۆمەلاّیەتی لەگەلْ پیاودا هاوبەرپرسیارە، وەئەگەر نایەکسانی یا ناهاوتاییەکی خێزانی لە نێوان ژن و مێرد روویدا " کەبەدەگمەن روودەدا " ئەوە دەبێتە هۆی لێکپچرانی پەیوەندییە خێزانییەکان یا داروخانی بوونیادی خێزان، بەلاّم زۆر جار هاوبەرپرسیارییەتییەکەی نێوانیان بەرەزامەندی هەردوولا تەواو دەبێ، بەبێ چەوساندنەوەی یەکتری. واباشە لێرەدا کۆمەلْە پرسیارێك بوروژێنم:  ئایا بوونی ئافرەت وەکو ژن هیچ ناهاوسەنگییەکی وەزیفی لە ناو خێزان دروست دەکات ؟  وە ئایا سکپڕی ئافرەت و منالْخستنەوە پێچەوانەی سروشتی مرۆییە ؟ وە ئایا بەشداریکردنی ئافرەت لە پرۆسەی پەروردەکاری خێزانی بەهەلْەیەکی پەروەردگار دەژمێردرێ؟ وە ئایا کاری ئافرەت لە کێلْگەی کشتوکالْی شانبەشانی پیاو، بوونی ئەو لە چوارچێوەی خێزانی و ئابووری لاواز دەکات ؟ وە ئەگەر ئافرەت لە نووسینگەی پیشەیی بەپشت بەستن بە پسپۆری و ئەزموونە پیشەییەکەی، کاربکا بەپێشێلکردنی مافەکانی دەژمێردری؟ وە ئەگەر ئەو پێگە پیشەییەی کە بەرزترە لە پێگەکەی ئەو و لەلایەن پیاوەوە بەکاربراوە بە چەوساندنەوە و بەکۆیلەکردنی ئەو دادەنری؟ وە ئەگەر هاوسەرەکەی پیاو " نێر " بێ ئایا ئەمە مانای جەور و چەوساندنەوەیە بۆ ئەو؟

بۆ وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارانە دەکرێ بلێین  ئەوەی لە سیستەمی دابەشکردنی کار و خێزان و رێزبەندی هەرەمی پیشەیی ناو دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەلْگا هەن، خزمەت بەبەرژەوەندی گشتی دەکەن نەك تایبەت، ئەوەش مانای بەکۆیلەکردنی رگەزێك نییە بەسەر

یەکێکی تردا " پیاو بەسەر ئافرەتدا "، تەنها ئەگەر خراپ بەکارهێنانی سیستەم یا شێواندنی دەسەلاتە پێگەییەکان نەبێ، لەو کاتەدا گرفتی کەسایەتی و پێگەیی دروست دەبێ نەك کۆمەلایەتی.

ئافرەت کاتێك داوای تەلاق لە هاوسەرەکەی دەکا، کەخراپ مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەوەش گرفتێکی شەخسییە و پەیوەندی بە مامەڵەی خراپ لەگەڵ ئافرەت هەیە، بەمانای گرفتی کۆمەلایەتی نییە کە هەموو ژن و پیاوێك بەشداربن تیایدا، بۆ زانینی کۆمەڵناسی کاتێك وەکو دیاردەیەکی کۆمەلایەتی دیراسەی دەکا کە ڕیژەی لەناو کۆمەڵگا بەشێوەیەکی فراوان زیاد بکا، وەکاتێك بە گرفتی کۆمەلایەتی دایدەنێ کە زیان بە تۆری پەیوەندییە خێزانییەکان بگەیێنی، یا بەهۆی هەڵوەشانەوەی بوونیادی خێزانی بێت و هەڵبەت ڕێژەشی لەناو کۆمەڵگا کەمە، نەك هەر ئەمە بەڵکو تیۆری مێیەتی ئاماژەی بەوە داوە کە ئافرەت خاوەن ئیعتیبار و بایەخی کۆمەلایەتی بەرز نییە، ئەگەر ئەوە ڕاستە کەواتە چۆن بەخێوکردنی منالانی پیاوەکەی دەخرێتە ئەستۆی، کە ئەو زەلیل و چەوساوە و لاوازە و لە ناو خێزان و کۆمەڵگاکەشیدا خاوەن بایەخێکی بەرز نییە ؟.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەم کە ئافرەتی پەرپوت منالی پەروەرتی وەکو خۆی پەروەردە دەکات، کەواتە چۆن مێرد —خاوەن بایەخ و ئیعتیباری بەرز — قبوڵ دەکا منالەکانی لە باوەش و لەژێر چاودێری ئافرەتێك پەروەردە ببێ کە لە چاوی کۆمەڵگاکەیەوە خاوەن بایەخێکی کەمی کۆمەلایەتییە !! وەچۆن دەشێ پیاوێکی خاوەن بایەخ و ئیعتیباری بەرز لەلایەن ئافرەتێکەوە پەروەردە کرابێ کە خاوەن بایەخی کۆمەلایەتی بالا نییە ؟.

لەجێی خۆیدایە ئەگەر ئاماژە بە هەڵەیەکی تری تیۆریەی مێیەتی بدەم، ئەوەش لە میانەی تێڕوانینەکانیدا ڕەخنە و تانە لە توانستی ئافرەت دەگرێ — بەبێ ئەوەی بزانێ یا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ — بەوەی کە ئافرەت تەنانەت ئەگەر پێگەیەکی کۆمەلایەتی هاوتای پێگەی پیاو بەدەست بهێنی، ئەوە هەر ناتوانی ئیعتیبار و بایەخێکی هاوتای پیاو بەدەست بهێنێ, ئەم ڕەوشە ڕوویداوە، هۆیەکەشی بۆ لاوازی لە توانست و ئادای پیشەیی لە کاردا دەگەڕێتەوە, نەك لەبەرئەوەی کە ئافرەتە، چونکە ژنە پزیشکی کارامە و پارێزەری زیرەك و ئەندازیاری لێهاتوو و نووسەری دیار هەن و ئیعتیبار و بایەخی بالاتریان لە پیاو بەدەست هێناوە، چونکە ئیعتیباری کۆمەلایەتی پشت بە ئادای پیشەیی — وەزیفی دادەمەزرێنێت، نەك جۆری ڕگەز و قەبارەی جەستە و درێژی بالا.



دوای خستنەڕووی هەندێ لەو هەلانەی کە لە تیۆری مێیەتییدا خرابوونەڕوو، باشترە، ناوردی زاراوەی " بزووتنەوەی ڕۆشنگەری ئافرەتی " بخەینە ڕوو، کە (جیسی بێرنارد)، بۆ ڕوونکردنەوەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئەو ژنە نووسینانەی کە بەرگرییان لە مافی ئافرەت کردووە، بەکاریهێناوە. چونکە ئەو نووسینانەی کەداوای یەکسانیان لەگەڵ پیاو دەکرد، پێش خستنەڕووی ئەم زاراوەیە، بەدیاریکردنی کاتی دەرکەوتنی لەلایەن بێرناردەوە هەبوون، بەلکو دەتوانین بڵێین درووستبوونی ویستی هەندێ ئافرەتی نووسەر و داکۆکیکارانی مافی ئافرەت بە بەرجەستەبوون ودەرکەوتنی کارەکانیان لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا وای لێیان کرد زیاتر ناسراوتر و ناودارتربن، لەبەرئەوە خوازیاری چوارچێوەکێشانی بوون بەچوارچێوەیەکی تیۆری تاکو ببێتە ماددەیەکی ئامادەکراو بۆ بوونیادنانی پەیکەری تیۆرییەك لەپاڵ تیۆرەکانی تری کۆمەڵناسی،بە واتایەکی ڕوونتر هەرگیز نەبووە کۆمەڵناسێك یا تیۆریستێکی ئەم زانستە دەستببات بۆ دانانی تیۆرەیەك لەمەر ئافرەت بەهۆی بەرچاو ڕوونی و زانینی پسپۆری خۆیەوە کەناشێ زانستێکی تایبەت بە ئافرەت و زانستێکی تایبەت بە پیاو هەبێ، وەبۆ دڵنیایکردنەوەی " کۆمەڵناسی" هیچ گرفتێکی جێگر لە نێوان پیاو و ئافرەت نییە، وە ناشی لە رابردووشدا ببێ وەبۆ زیانیاری زیاتری " کۆمەڵناسی " کۆمەڵگای مرۆیی تەنها لە پیاو و ئافرەت پێك نەهاتووە، هەروەها بەها و پێوەری تایبەت بە پیاو و تایبەت بە ئافرەت نییە، وەسیستەمێکی پەیکەری تایبەت بە پیاو و یەکێکیتر تایبەت بە ئافرەت نییە، لەهەمبەر ئەم بەرچاو ڕوونی و بیرکردنەوە و دڵنیایکردنەوە و زانینە لەلای زانا و تیۆریستانی کۆمەڵناسی، تیۆرەکەیان لەمەر مێییەتی و ئافرەت بوونیادنەناوە، چونکە زانستە تازەکەیان گرنگی بە جۆری ڕگەزیو ژمارەو نەتەوە ونەژادی ئافرەت نادات بەئاست ئەوەی گرنگی بە سیستەمی پەیکەریان دەدات " کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایینی و خێزانی و....هتد " وە گرنگی بە کلتوورە لاوەکییەکان نادات بە ئاست ئەوەی گرنگی بە کلتووری گشتی دەدات، چونکە بە تێڕوانینێکی گشتگیر لە کۆمەڵگای دەڕوانی، کە بە گوێرەی یاسا و بەها و پێوەری کۆمەلایەتی تۆری پەیوەندییە مرۆییە ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە، کە ژیانی تاکەکان ڕێکدەخا، واتا دیراسەی تاك " نێر و مێ" ناکات، بەڵکو دیراسەی ئەوە دەکات کە ژیان ڕێکدەخا و وایان لێدەکا لەو چوارچێوەیەدا لەسەر شێوەی کۆمەڵبوونی مرۆیی بژین، چونکە تاکەکان تاهەتایە لە ژیان نامێننەوە، بەڵکو کۆبوونەوەی مرۆیی یاسا و بەها و پێوەر و قەوارە پەیکەرییەکان دەمێننەوە " لەگەڵ هەندێ گۆڕان و چاکسازی " لەبەر ئەوە زانا و تیۆریستانی کۆمەڵناسی

دیراسەی ئافرەت ناکەن وەکو مرۆڤێکی داملّاو و دابراو لەپیاو یان لە خێزان یان لە قوتابخانە یان لە کارگە یان لەکۆمپانیا.

لێرەدا پێویستە بڵێم ئەو هەولانەی کە بۆ بوونیادنانی تیۆریەیەك لەمەر ئافرەت و مێگەرایی دراون، ئامانجیان بەرگریکردن نەبووە لە مافەکانی ئافرەت، لە کاتێکدا ئەم بابەت وەکو ئامرازێك بۆ دەستکەوتی سیاسی رۆشنبیری بەکارهێنراوە، بەواتایەکی تر: ئافرەت لەلایەن هەندی لە هاورگەزەکانی خۆیەوە بۆ دەستکەوتی خۆیان بەکارهێنراون، بەبانگەوازی بەرگریکردن لە مافەکانیان و یەکسانییان لەگەڵ پیاودا، لە کاتێکدا ئافرەت ئەم داوایەی نەبووە و ویستیشی تێدا نەبووە، چونکە پێچەوانەی سروشتی مرۆیی خۆیەتی و دژکارە لەگەڵ نەرێتە کۆمەلاّیەتییەکان، واتا فەرامۆشکردنێکی ئاشکرا کە ئافرەت تێیدا وەك دەڵێن قۆچی قوربانی بووە بۆ دەستکەوتی هەندی لە ئافرەت و پیاوی سوودمەند " لەرِووی ماددی و مەعنەوییەوە " دواتریش ئافرەت هیچ سوودێکی لیّ نابینیّ، چونکە لە هەموو بوارەکان لەگەڵ پیاودا یەکسان نابیّ، ئەوەش بەهۆی ئەو رەوشە فسیۆلۆژی و بایۆلۆژییەی کە رێگای ئەوەی پێنادا، سەرباری ئەوەی کە نایەوێت ئەو مێیەتییەی خۆی لە دەست بدا، کە جوانترین شتە تیایدا، وە ئەگەر مێیەتی لەدەستدا ئایا دەتوانیّ تایبەتمەنییەکی جوانتر و باشتر جێگای بگرێتەوە " جوانتر لە مێیەتی " !!، وە ئەگەر(هەر بۆگریمانە) توانی پێوەرەکانی هاوکێشەی مرۆیی " لەنێوان پیاو و ئافرەت " لە هەموو یا لە هەندێ قەوارە پەیکەرییەکان بگۆرِی، ئەی ئەو کەسە کێیە کە دوای کۆچکردنی ئافرەت لە پێگەی مێیەتیدا جێگای دەگرێتەوە، لە خێزان و قوتابخانە و کارگە و نووسینگە و نەخۆشخانە و دادگا و زانکۆ و....هتد، دەگرێتەوە؟.

لەم چوارچێوەیەدا بینرا، دووەم پرۆژەی تیۆری جیاوازی ژن و پیاو لەخۆدەگرێ، بەراشکاوی دانی پێدانراوە کە پیاو خاوەن وزە و توانای کۆمەلاّیەتی فراوانتر و بەهێزترە لە ئافرەت، ئەمەش بەس نییە بۆ راڤەکردنی ئەوەی کە کۆمەڵگا پیاوی بەرز راگرتبێ بەسەر ئەودا، چونکە پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵگا لە رێگای هیچ تاکێکەوە جێبەجێ نابیّ " پیاو یا ئافرەت " بەڵکو لە رێگای لێهاتوویی و توانستی داهێنەرانەوە جێبەجێ دەکری " بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆری رگەز " وە کاتێك پیاو خاوەن وزە و توانای باشتر و فراوانتر بێت لە ئافرەت, بەرزکردنەوەی کۆمەلاّیەتی بە قازانجی ئەو دەبێت، ئەمەش بەرئەنجامی ئەو بەرئەنجامەیە بۆیە بەرگریکردن لە لێهاتوویی و توانستی لاواز کۆمەڵگە گرنگیپێدانی خۆی بە قازانجی ئەوان ناگۆرِیّ, وە پەسەندێتی و بەرزکردنەوە کاتێك دێتە دی کە خاوەن توانستە لاوازەکان و



لێهاتووییە سستەکان بگۆرێن بە کەسانی بەهێز و لێهاتوو، ئەو کاتە هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگا بۆ ئەو کەسانی کە توانستی کەمتر و لێهاتوویی لاوازتریان هەیە لە ناو کۆمەڵگا، دەگۆرێ.

دانپیانێکیتر هەیە بۆ هەمان پرۆژە لە خاڵی سێیەمدا "د" تیایدا هاتووە هەردوو رگەزەکە " پیاو و ئافرەت " بەدوای رێگای نوێدا دەگەرێن، بۆگۆرین و چاککردنی هەڵوێستەکانیان لە ناو کۆمەڵگا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەتا ئەگەر چەوساندنەوەی مافەکانی ئافرەت هەبێ، کەچی دوای چاککردنی لێهاتووی خۆیان و پەرەپێدانی تواناکانیان دەگەرێتەوە، کەواتە مەسەلەکە پەرەپێدانی توانست و گەشەپێدانی لێهاتوویە، بۆ ئەوەی بەتەواوی بەرزکردنەوەی کۆمەلاّیەتی باشتر بەدەستبێ نەك بەرزکردنەوەی رگەزی نێر بەسەر ئافرەتدا.

بەواتایەکی تر، پێگەی هەرەمی —وەزیفی و بایەخی پیشەیی ئافرەت گونجانێکی پێچەوانەی هەیە لەگەڵ پەرەپێدانی توانستەکان.

مەبەستم لەم دەستنیشانکردنە، ئاشکراکردنێکی ئەو کەلێنەبوو کە لە دووەم پرۆژەی تیۆریدا هەبوو، چەند هەڵەیەکی زانیاری لەو بابەتەدا گرتبووە خۆ کە بۆ بوونیادنانی تیۆرەکە تەرخان کرابوو - کەدواتر - دەبێتە هۆی دژکاری لە دەرئەنجامەکانیدا، وە پاشانیش گشتاندنێکی دژیێك دەخاتەروو، کە خاڵییە لە هەر چوارچێوەیەکی لۆژیکی، ئەمەش روونترین کەم و کورییە لەو بوونیادە تیۆرییەدا.

لەرِاستیدا لێرەدا دەمەوی بچمە سەر بابەتی ئەو بزووتنەوە فێمێنیستی و مارکسیانەی " کلاسیك و هاوچەرخ " کە ئەم بابەتانەیان بۆ وروژاندنی ئافرەت و بەدەستهێنانی دەنگەکەکانیان و پاڵپشتی کۆمەلاّیەتییان، بەکارهێنا، نەك لەبەر خۆشەویستی ئەوان و بەرگریکردن لە مافەکانیان، بەڵکو تەنها ختوکەی هەندێ لە خەون و خەیالاّتەکانی ئافرەتی دەدا، بەلاّم دوای شیکردنەوەی کۆتایی و ئاشکراکردنی راستییەکان دەرکەوت کە بزووتنەوە فێمێنیستییەکان هیچ یەکێك لەو داواکاریانەییان بەدی نەهێناوە کە بانگەشەیان بۆ دەکرد، وەك لابردنی قۆرخکاری پیاو بۆ ئەرکگەلێکی دیاریکراو و جێگرتنەوەیان لەلایەن ئافرەتەوە یا رێگەدان بە پیاو بەوەی کە بە هەندی لە کارەکانی ئافرەت بکات، وەرەتکردنەوەی سیستەمی دابەشکردنی کاری پشت بەستوو بەرگەز و، زۆر بانگەشەی تر، بەلاّم سەرباری پێشوازی لێکردنی کۆمەڵگای ئەمریکی لەو بەشانە، کەچی بەدی نەهات، چونکە پێچەوانەی نەرێتە کۆمەلاّیەتییەکان و جیاوازییە جەستەیی و لێهاتوویی و ئەزموونی پیشەیی و وە زیفییەکان بوو.

لەسەیر و سەمەرەکانی ئەو پرۆژە تیۆرییە، ئەوەیە کە لەسەر زمانی تۆیژەری کۆمەلاٌیەتی ئەمریکی " جیسی بێرنارد" دانی بەوەدا ناوە کە یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو لە کۆمەلٌگای ئەمریکیدا نییە، پیاو تا ئێستا لە ئافرەت بەهێزترە و خاوەن ئازادی تاکەکەسی فراوانترە، هەروەها هاوسەرگیری تائێستا نموونەیەکی دامەزراوەیەکی کۆمەلاٌیەتییە و لە بەرژەوەندی پیاودایە، لەهەمان کاتیشدا جیاکاری رگەزی لە نێوان نێر و مێ مومارەسە دەکرێ.

پرسیاری من ئەوەیە، ئەگەر واقیعی ئافرەت بەم شێوەیەیە ئەی بۆچی هەندی لە توێژەرە ئەمریکییە تازەکان هەولٌ دەدەن، پرۆژەی تیۆری بخەنەڕوو و تیایدا داوای یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت دەکەن، وەلە بناغەکانی تیۆری کۆمەلاٌیەتی دیراسەکردنی ئەوەیە کە هەیە و واقیعە نەك ئەوەی داواکراوەوە گریمانە دەکری " دەبی ببی "، ئەمەش هەلٌەیەکی میتۆدییە لە بوونیادنانی تیۆر، چونکە تیۆر تەنها دیراسەکردنی واقیعە وەکو ئەوەی کە هەیە نەك وەکو ئەوی کە پێویستە هەبێ، لەسەر شێوەیەکی بوونیادی پەیوەست و زنجیرەیی، کە خوێنەر دەگەینێتە تێگەیشتن لە واقیع بە شێوەیەکی رێکخراو و بابەتی نەك تۆمارکردنی شتی خوازیار.

هەرچەندە " جیسی بێرنارد " یەکێکە لە بەرگریکەرانی مافەکانی ئافرەت و بەشداربوویەکی پرۆژە تیۆرییەکە، کەچی تێروانینەکانی دژپێکە لەگەلٌ پێداویستییەکانی بوونیادی تیۆری لە کۆمەلٌناسیدا. هەولٌی توێژەرەکان تەنها گەرانێکە بەدوای ناوبانگ و دەستکەوت دا، بەجۆرێك دایانپۆشیوە و قاوغیان بۆ درووست کردووە کە لەگەلٌ قەبارە و بابەتی دیراسەکراو نەگونجاوە " واتا گەورەترە لە بابەتەکە " ئەوەش بەلٌگەی شارەزایی و لێهاتوویی بەشداربوان نییە، لەئامادەکردن و جێبەجێکردنی بابەتەکە.

لێرەدا پێویستە حەقیقەتی ئەو پەرەسەندنە ئابوورە بخەینەروو کە بە شێوەیەکی گشتگیر تووشی کۆمەلٌگای مرۆیی بووە بە پیاو و ژنەوە، کە گۆڕانکاری لە پێگەی پیاو و ئافرەت دروست کردووە پێکەوە، وەئافرەتی دانەڕووخاندووە بەو شێوەیەی کە پرۆژەی دووەمی تیۆرەکە بانگەشەی بۆ کردووە، چونکە لە رەوشێکی ململانێدا نین لەگەلٌ پیاودا، وە هیچ پالٌەپەستۆیەکی لەسەر نییە، بەلٌکو لە بوونیادنانی خێزانەکەیدا یارمەتیدەر و هاوکارە، هەروەها خاوەنی منالٌ و سەروەت و سامانیشە، وە دەستەبەر نییە وەکو کرێ گرتەیەك بۆپیاو، بەلٌکو ئافرەت هاوبەشی ژیانێتی و کۆیلە نییە، پیاو تائێستاش هەرچی هەیەتی پێشکەشی



دەکا لە پێناو بەدەستهێنانی ئافرەت و بەدەستهێنانی هەست و سۆز و دروستکردنی پەیوەندییەکی مرۆیی —سۆزداری لەگەلٌ ئافرەتدا، نەك لەپێناو چەوساندنەوەی.

وەئەگەر بەراستی بیەوێ بیچەوسێنێتەوە، ئایا دەتوانێ لە کاتی پێویستیدا بیکرێ و لەکاتی تەواوکردنی پێداویستییەکەی بیفرۆشێتەوە، یەکێکیتر بیکرێ، وەکو چۆن کالاٌیەکی بەکاربردنی رۆژانە دەکڕێ ؟ وەلاٌم : نەخێر، چونکە هاوسەرگیری مانای کڕینی ئافرەت نییە و تەلاٌقدانیش مانای کۆتایی پێویستبوونی کالاٌیەك نییە کە بیفرۆشێتەوە، یا فرێی بدا یا جێی بهێلٌێ، بەلٌکو پیاو کاتێك دەیەوێ هاوسەرگیری ئەنجام بدات، دەبینین بەدوای نازناوێکی خێزانی رەسەن وئافرەتێکی جواندا دەگەرێ، هەروەها ئافرەتیش کاتێك دەیەوێ شووبکا، هاوسەرێکی ژیان بۆخۆی هەلٌدەبژێرێ کە نازناویکی خێزانی رەسەنی هەبێ و پیاوێك بێ بتوانێ خێزانەکەی بەرێوەببا و لەمالٌێکی سەربەخۆی تایبەتدا نیشتەجێی بکات.

ئەمە واقیعە و جگە لەمەش تەنها زیادەرەوییەکی بەتالٌە و لە واقیعدا بنەمای نییە، وەئەگەر بارودۆخێکی واهەبێ کەلەلایەن پیاوەوە ئافرەتی تیا بچەوسێنرێتەوە، ئەوە تەنها حالٌەتی شاز و ناوازە و نەخۆشین، سەرباری ئەوەی بە دەگمەن روودەدات، هاوکاتیش لەلایەن کۆمەلٌگاوە سەرزەنشتکراوە (بەکۆیلەکردنی ئافرەت —و-کوردی-)، بەلاٌم بەرگریکردنی چینی کرێکار لە مافەکانیان تەنها نموونەیەکە لە نموونەکانی دەستکەوتی سیاسی و سەندیکایی.

پێم باشە سەرەنجی خوێنەر بۆ ئەو شتانە رابکێشم کە پرۆژەی سێیەم لە تۆمەتبارکردنێکی گشتگیردا خستۆتییەروو، کە هەموو پیاوەکان دەگرێتەوە ئەوەش بابەتی نەرجسیەتە "خۆویستی"، ئەو گشتاندنە لە لۆژێکی زانستیدا بایەخی نییە، چونکە هەموو پیاوەکان بەو رەوشتە وەسف ناکرێن، بەلٌکو هەندێ لە ئافرەتانیشی پێ وەسف دەکرێ لەبەر ئەوەی حالٌەتی خۆپەرستی لەڕادەبەدەر، بەبێ جیاوازی "نێر و مێ" بەیەك ئاست دەست بەسەر تاکەکاندا دەگرێ، بەتایبەت لەلای ئەو کەسانەی کە خاوەن سەروەت و سامان و راکێشانی سێکسی ناوبانگی بلاٌون، نەك هەژار و ژێر دەستەکان. بەلاٌم ئەم رەوشتە لە ئافرەتانی کۆمەلٌگا ترادیسیۆنەکاندا دەبینین کە حەزیان لەبەمولٌکردنی مندالٌەکانیان هەیە.

ئەو پرۆژە تێۆرییە لەبەشی دووەمدا وای پیشان داوە لە هەموو دامەزراوەکاندا ریزبەندی هەیە کە فەرماندەر و ژێر دەستە دەسەلاٌت وبێ دەسەلاٌت دەگرێتە خۆی، ئەمە راستە بەلاٌم ژێر دەستەو و بێ دەسەلاٌت پیاوە نەك ئافرەت، دەسەلاٌت و فەرمان بەسەر پیاو و ئافرەتدا جێبەجێ دەکرێ بەبێ جیاوازی، سەرباری نەبوونی هەلٌوێستێکی پێشینە دژی ئافرەتان پێش هاتنیان بۆ

دامەزراوە رەسمییەکان.لەبەر ئەوە گشتاندنەکە دەڵێ ئافرەت بێ دەسەڵات و ژێـر دەسـتەیە لـە دامەزراوەکاندا، ئەم پرۆژەییە بەو هەڵە گەورییە وازناهێنێ، بەڵکو بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی کـە بەبێ هێز و ئەو پێگە خێزانییـەی کـە بەسیـستەمی کۆمەڵایـەتی وەسـفی کـردووە، ئـافرەتی بەکەمایەتییەك چواندووە لەناو کۆمەڵگادا، هەروەها پێی وایە بارودۆخی ئـافرەت چەوسـاوەتر دەبێ ئەگەر سەر بەکەمایەتییەکی خێلەکی بێ رێـز بـێ، یـا سـەربە کەمایەتییـەکی نـەژادی نارەسەن بێ لە کۆمەڵگا یا سـەر بەچـینێکی ئـابووری هـەژار بـێ, کـەناتوانێ ئاسـتێکی زانستی پێشکەوتوو " بەلای کەمەوە ناوەندی " بەدەست بهێنێ، هەموو ئەمانە بـارودۆخێکی کۆمەڵایەتی چەوساوەتر و ناپرشنگدارتر دەکەن، وە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی لە نزمترین ئاستی پلەی کۆمەڵایەتیدا دەبێ و وەکو مانگایەکی شیردەر دەمێنێتەوە " گەر تەعبیرێکی شیاو بـێ ".

ئەم لێکچواندنە ورد نییە، چونکە کۆمـەڵگای ئـەمریکی بـە ئاسـت ئـەوەی گرنگـی بـە جیاوازی نەژادی و رچەلەکی دەدا گرنگی بـە جیـاوازی رگـەزی "جـنس"نـادا، ئەمریکاییـەك کاتێك دەچەوسێنرێتەوە کە سەر بە رچەڵەکێکی رەش یا سوور یا زەرد یا ئەسمـەر یـا سـەر بـە خێڵێکی ئایینی نەناسراو یـا سـەر بـە نەتەوەیـەکی بـێ رێـز بـێ، بـەڵام ئـەم چەوسـاندنەوە کۆمەڵایەتییە بەسەر ژنە ئەمریکییەکی سـپی لـە چـینێکی بـاڵا " دەوڵەمەنـد " یـا تـیرەی پرۆتستانتی دا پیادە ناکرێ و نابێتە مانگای شیردەر " بۆ پیاوی سپی یـارەش یـا ئەسمـەر، وە هیچ یەکێك لە پیاوی سپی یا رەگەزەکانی تر بەسـەریدا بـەرز نـاروانن، واتـا ئـافرەت کاتێـك دەچەوسێنرێتەوە کە سەر بە کەمایەتییەکی رچەڵکی یا نەژادی یا تیرەیـی بـێ، نـەك لەبـەر ئافرەتبوونی.

بەواتایەکی روونتر : ئافرەت لە کۆمەڵگای ئەمریکیـدا بـە کەمایەتییـەکی کۆمەڵایـەتی ناژمێردرێ ئەگەر لە زۆرینەیەکی کۆمەڵایەتی بێ، واتا چەوساندنەوە بەئاست ئـەوەی پابەنـدی جۆری نەژاد و رگەز و رچەڵەك و چینی ئابووری و تیرەیی ئایینییە، پابەندی جۆری رگەز نییـە، ئافرەت ناچەوسێنرێتەوە لەبەر ئەوەی ئافرەتە بەڵکو دەچەوسێنرێتەوە چونکە لە نەتەوەیەکی بێ رێزە یا رەشپێستە یا هەژارە یا تیرەی " مۆرمنە " (تیرەیەکی ئایینییە کە بە کەمایەتییـەکی زۆر کەم دەژمێردرێن).



## زاراوەکانی بەشی پێنجەم

| | |
|---|---|
| *Feminine Mystique* | *سۆفیگەرایی مێیەتی* |
| *Founding Fathers* | *باوکە پچڕێنەرەکان* |
| *Gender* | *جیاوازییە جینییە سێکسییەکان لەلایەنی نێرینەیی و مێیەتی* |
| *Gender differences* | *جیاوازییە سێکسییەکان* |
| *Gender inequality* | *نایەکسانی سێکسی جیاوازی ژن و پیاو* |
| *Gender oppression* | *چەوساندنەوەی رگەزی* |
| *Liberal Feminism* | *فێمێنیزمی لیبرالی* |
| *Marxian feminist* | *فێمێنیزمی مارکسی* |
| *Mans Marriage* | *پیاوی هاوسەردار* |
| *Neuroses* | *خۆپەرستی(نەرجسیەت)* |
| *National Organization for women* | *رێکخستنی نەتەوەیی بۆ ئافرەت* |
| *Psycho on alytice feminism* | *شیکاری دەروونی بۆ ئافرەت* |
| *Socialist Feminist* | *ئافرەت لە سۆسیالیزمدا* |
| *Sexual Politics* | *سیاسەتی سێکسی* |
| *Subordinate roles* | *رۆڵە پاشکۆیەکان* |
| *Submissive roles* | *رۆڵی ملکەچی* |
| *The Second sex* | *رگەزی دووەم* |
| *Third-wave feminist* | *فێمێنیزم ئاراستەی سێیەم* |
| *Radical feminist* | *فێمێنیزمی پەرگیر* |
| *Women's Liberation Movement* | *بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئافرەت* |
| *Women's Marriage* | *ئافرەتی مێردکردوو* |
| *Value Judgment* | *حوکمی بەهایی* |

## سەرچاوەکانی بەشی پێنجەم


١- صباغ، ليلى ١٩٧٥ " المراة في التاريخ العربي" منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومي – دمشق ص١٥.

2-Lam, Robert.Schaefer,Richard.1992 Sociology Mc Graw-Hill Inc.New York,.p.p.344-345.

٣-صباغ، ليلى ١٩٧٥، ص,ص ٥-٩.

٤- جلول، فيصل ١٩٨٠" المفاهيم الافقية للمراة في كتابات نوال السعداوي، مجلة الفكر العربي، العدد ١٧/١٨ السنة الثانية ص,ص, ١٤٢-١٤٣.

٥-صبيحي، محي الدين ١٩٨٠" ثورات في سجن النساء من قاسم امين الى نزار قباني" مجلة الفكر العربي العدد ١٧-١٨ السنة الثانية،ص ١٨٣.

6-Lengerman, Patricia Madoo and Niebrugge-Brantly J.LL 1992 "Contemporary Feminist Theory" Riter,Georgt (ed)Sociological theory, Mc Grow-Hill,New York P.452.




# بەشی شەشەم

# تـــــــــەڵاق

## أ/٦- سەرنجێکی خێرا :

سەرباری ئەوەی وتم هاوسەرگیری بالاَترین و پێشکەوتوترین میکانیزمی کۆنترۆلکردنە کە ئەقلَی مرۆڤ بۆ بە مرۆڤکردنی رەمەکی سێکسی لای مرۆڤ دایهێناوە و سیفەتێکی پیرۆزیشی پیَ بەخشیووە.

کەچی بارودۆخی کەسایەتیبیان و کۆمەلاَیەتیبیان و ئابووری وا هەن، کاریان کردووە و کاردەکەن بۆ ئیفلیج کردنی ئەو میکانیزمە، بەهۆی تەقەلاَوە، هەرچەندە ئەو بارودۆخانەش هیچ میکانیزمێکیان لە بری ئەو دانەهێناوە و هیچ رێگایەکیشیان بۆ ئەو ئیلیج کردنە نەخستۆتە روو، لەبەر ئەوە تاك ناچار دەبیَ جارێکی تر هاوسەرگیری ئەنجام بداتەوە، بەواتایەکی تر : ئەگەر چارەنووسێك بۆ مرۆڤ بهاتایە و ملکەچی بارودۆخێکی توندوتیژتر ببوایەتەوە و ناچاری بکردایە کە واز لەو میکانیزمە(هاوسەرگیری) بهێنیَ، ئەوە دەگەرایەوە بۆ رێکخستنی رەمەکی سێکسی خۆی و رێگەنەدان بە بەرەڵلاَیی و شێواندنی رێکخستنی کۆمەلاَیەتی.

پێش ئەوەی بچمە ناو حالَەتی تەلاَقەوە، قسەکانم بە دەستنیشانکردنێکی زمانەوانی دەست پیَ دەکەم و وەکو گرفتێکی کۆمەلاَیەتی لە کۆمەلَگا سەرەتاییەکان دەخەینەروو، پاشانیش وەکو دیاردەیەکی کۆمەلاَیەتی باو لە کۆمەلَگا شارستانی و هاوچەرخەکان، بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگاداری رێرەوی بێت لە کۆمەلَگا، چونکە حالَەتێکی پێشکەوتوو و جێگیرە نییە، واتا لەگەلَ گۆرانی کۆمەلَگا چەمکەکانیشی دەگۆرێن.

تەلاَق لەرووی زمانەوانییەوە وا پێناسە دەکریَ : (هەلَگرتنی کۆت بە یەکجارەکی)ە بەلاَم لەرووی ئایینزانییەوە وا پێناسە دەکریَ (هەلَگرتنی کۆتی هاوسەرگیری راستەقینە لەهەمان کاتدا یان دواتر بە ناوهێنانی تەلاَق، ئەوەش بەراشکاوی بیَ یا بە دوورنیازی "کنایە" یا وتنەکە پێت بەستوو بە نووسین یا بە ئاماژە)، بۆ ئەوەی ئەو دوو پێناسەیە روون بکەینەوە، بەم شێوەیە راڤەی دەکەین : مەبەست لە هەلگرتنی کۆت و پێوەندی هاوسەرگیری : هەلَگرتنی فەرمانەکان نابەردەوامیەتی، هەلَگرتنی کۆت و پێوەندەکانی هاوسەرگیری راستەقینەیە لە حالَ دا دەبێتە تەلاَقێکی ئاشکرا، چونکە تەنها بە رووداني تەلاَقی ئاشکرا لە نێوان هەردوو هاوسەرەکە، ناشیَ تەلاَقدراوەکە لای پیاوەکەی بمێنێتەوە، وەناشیَ پیاوەکە بۆ لای خۆی

بیهێنێتەوە تامو چێژی سێکسی لێ وەرگرێت، تەنها بەرەزامەندی ژنەکە نەبێ، ئەوەش پێویستی بەمارەیی و گرێبەستی نوێ نییە، وە مەبەست لە ووتنی لەڕوو لە تەلاق ئەو وتنەیە کە چاوەڕوانی تەلاق نەبێ، شتی تری لێ ناکرێ، لەئەنجامدا تەلاقەکە روودەدا بەبێ ئەوەی پێویستی بە نیاز بێ.

بەلام وتنی " لەفز " " دوورنیازی " " **الكناية** "، ئەو وتنەی چاوەڕوانی تەلاق و ئەو شتانەی لێ نەکرێ، ئەوە بەهۆیەوە تەلاق روونادا، بەنیاز نەبێ، وە ئەگەر قسەکەرەکە مەبەستی لە تەلاق نەبووبێ ئەوە هیچ شتێك روونادا.[1]

دیاریکردن و وەسفکردنی تەلاق بەم شێوەیە، گوێرەی فەرمانەکانی شەریعەتی ئیسلامییە، بەلام کۆمەڵناسی بەم شێوەیە تەلاقی دیاری کردووە، واتا کۆتاییهێنان یا پچراندنی پەیوەندی هاوسەرگیری نێوان هەردوو هاوسەرەکە، وە لەبەر ئەوەی تەلاق بە هاوسەرگیریەوە پەیەستە ئەوە لە دوای هاوسەرگیرییەوە روودەدا، بەلام هەموو هاوسەرگیرییەك بە تەلاق کۆتایی نایە، بەڵکو کاتێك روودەدا کە لێك تێگەیشتن لەنێوان هەردوو هاوسەرەکە نەبێ و ئەستەم بێ بەردەوامی بەژیانی هاوسەرێتییان بدەن، لەو کاتەدا تەلاق باشترین چارەسەرە کە نرخیکی بەرز و بەئازاریشی هەیە، کە هەردوو هاوسەرەکە بەهۆی پچراندنی پەیوەندییە سۆزداری و خێزانییەکانیانەوە دەبێ نرخێکی دەروونی و پەیوەندی و ماددی بدەن، ئەوەش لە سەرەتای بوونیدا بۆ وەستاندنی ئەو ئازار و ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمە بەردەوامەی نێوانیان، کە دواتر بەختی خۆیان " ژن و پیاو " سەرزەنشت دەکەن لەسەر ئەو پەیوەندی و هەڵوەشانەوەیە، دواجار(ژنەکە یا پیاوەکە) ئەم پرسیارانە لە خۆی دەکات :

بۆچی ئەم رووداوەم بەسەر هات ؟!

نازانم چۆن ئەم ئازارە قوڵ و گەورەیە ئازارمی دا !!

خۆم هۆکاری هەموو ئەم شتانەم کە بەسەرمدا هات !

بۆچی لێرە بەدواوە هاورێکانم پەیوەندیم پێوە ناکەن ؟!

پێم وانیە هیچ کەسێکی تر بیەوێ هاوسەرگیریم لەگەڵ ئەنجام بدا، لەدوای ئەوشتەی بەسەرم دا هات !!

بێزارم لە دوارۆژیشدا تووشی نائومێدی دێم، حەزئەکەم بچم بخەوم تاهەتایە هەڵنەسم !!.



بەلام سەرباری ئەوەش هەردوولا دوای جیابوونەوە، هەستیان بە سەربەخۆبوونێکی کەسایەتی و ناملکەچی بۆ یەکتر و دوورکەوتنەوەیان لەو ژیانە تاڵەی کە رۆژانە رووبەڕوو دەبوونەوە، دەکەن.

دوای ئەو روونکردنەوەیەی لەمەر تەلاق خستمانەڕوو، دەگەڕێینەوە بۆ هەندێ رەگە مێژوویەکانی تەلاق لە کۆمەڵگاکان : لە کۆمەڵگای ولاتی دووزێدا (مابين نهرين) (سۆمەرییەکان و بابلییەکان و ئاشورییەکان) کە سێ سەدە پێش زایین ژیاون، لەوێ تەلاق تەنها لەژێر ئەم سێ بارودۆخەدا رووی دەدا :-

١- ئەگەر ژنەکە تووشی نەنگی یا بێ ئابروویی ببوایەتەوە.

٢- ئەگەر ژنەکە نەزۆك بووایە.

٣- ئەگەر ژنەکە تووشی نەخۆشی کوشندە و درێژخایەن ببوایە. هەموو ئەم مەرجانە بەسەر مێردەکەشدا پیادە دەکرا و بۆ ژنەکەش هەبوو مێردەکەی تەلاق بدا.

سەرباری ئەمەش ئەگەر هاوسەرەکە دیل بووایە و ماڵ و موڵکێکی تەواوی دوای خۆی بە جێ نەهێشتبێ بۆ بەرێوەبردنی خێزانەکەی، ئەوە ژنەکە مافی جیابوونەوەی هەبوو، وە مافی شووکردنەوەشی هەبوو بەیەکێکی تر، بەلام ئەگەر هاوسەرە دیلەکە گەرایەوە پێویستە لەسەر ژنەکە پیاوی دووەم و منالەکانی بەجێبهێڵێ و " ئەگەر شووی کردبێ" بگەڕێتەوە لای پیاوی یەکەمی.[2]

وە ئەگەر بچین بۆ کۆمەڵگای رۆژئاوایی کۆن دەبینین تەلاق حەرام کرابوو و بەتاوان دادنرا و بە هۆی توندگرتنی ئاینییەوە لێخۆشبوونی نەبوو، بە جۆرێك کە دان بەو هاوسەرگیرییەدا نانرا کە لەدەرەوەی کڵێسادا ببەسترایە، واتا دان بەو هاوسەرگیرییەدا نانرا ئەگەر لە دادگا ببەستریێ، ئەی دەبێ بۆ تەلاق چۆن بێ؟ ئەم دۆخە بۆ ماوەیەکی درێژ بەو شێوەیە مایەوە، بۆ نموونە لە ئیتالیا یاساکان تەلاقیان قبووڵ نەدەکرد، تاکو ساڵی ١٩٧٠بە شێوەیەکی یاسایی بریاری لەسەر درا، لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی ئەو بریارە دەبوایە پێش تەلاقدانەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەشێوەیەکی رەسمی جیاببنەوە، دواتر بریاری تەلاقەکە دەردەچوو، ئەوەش بەمەرجێ ئەگەر هەردوولا لەسەری رێککەوتن، بەلام ئەگەر لایەنێك پێداگری لەسەر تەلاقەکە کرد و لایەنی دووەم ویستی لە تەلاقەکە نەبوو ئەوە ماوەی جیابوونەوە رەسنییەکە دەبێتە شەش ساڵ، واتا ساڵێکی تریشی بۆ زیاددەکرێ، ئەوەش بۆ تاقیکردنەوەی هەست و سۆزیان بە شێوەیەکی

ورد و قوڵ, وە بۆ دوورخستنەوەی هاوسەرگیرییە سەرنەکەوتووەکە لە گەیشتنی بەتەلاقی کۆتایی. ڕەوشەکە لەئیسپانیا و ئەرژەنتین زۆر توندترە کە هەرگیز ڕێگا بە تەلاق نادەن، لەبەر ئەوەی مەرجی کۆت و پێوەندارییان لەسەر تەلاق داناوە.[٣]

بەلاّم لەلایەکی ترەوە لە ژاپۆن و ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێبوردنێك بەرامبەر تەلاق هەبوو کە بڕیارەکەیان بۆ هەردوولا جێدەهێشت، لەکۆمەڵگای ئەمریکیدا لە ساڵی ١٩٥٠تاکو ساڵی ١٩٧٠ ڕێژەی تەلاق گەیشتە ئاستی یەك بەرامبەر چوار حاڵەتی هاوسەرگیری (١/٤)، واتا یەك حاڵەتی تەلاق بۆ چوار حاڵەتی هاوسەرگیری، بەلاّم دوای ساڵی ١٩٧٠ تاکو ساڵی ١٩٧٦ ڕێژەی حاڵەتی تەلاق زیادی کرد و بووە سێ ئەوەندەی ساڵی ١٩٦٠، کە لە ڕێژەی ٥٠,٠٠٠ بووە ٢,١ملیۆن حاڵەتی تەلاق.[٤]

ئەو دژکارییە لە کۆمەڵگاکان لەمەڕ کۆت و بەندێکی توندوتیژ و ڕێگەپێدانێکی نەرم و نان دەگەڕایەوە بۆ هەمەجۆری یاسا تایبەتییەکانی تەلاق، کە لەبنەڕەتدا دەگەڕایەوە بۆ ئەو ملّملانێ فەلسەفییە کۆنەی نێوان بانگەشەکەر و پشتگیریکەرانی یاسا توندوتیژەکان (کەپێیان وابوو بوونی ئەو یاسایانە ڕوودانی گیروگرفتی هاوسەرەکان کەمتر دەکاتەوە، یا ناهێڵێ بگات بەحاڵەتی هەرەسهێنان، هەروەها نایانگەێنێ بەحاڵەتی تەلاق، بەڵکو کار لەسەر بەهێزکردنی هاوسەرگیری دەکا بەهۆی ناچارکردنی هەردوو هاوسەرەکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە هاوسەرگیرییەکان و بەرگەگرتنی بەرپرسیارییەتییەکانیان لەبەرژەوەندی هاوسەرگیریان، هاوکات هاوسەرگیری وای لێ دێ دەبێتە نێوەندێکی شکۆمەند، کە پێویستی بە تێڕامان و بیرکردنەوەیەکی قوڵ دەبێ پێش پەیوەندییەکە، سەرباری ئەوەی هەلاّتن لێی کارێکی ئەستەم بێ — لەئاستی دەروونی و کۆمەلاّیەتی و ئابووری — لەبەرئەوە هاوسەرگیری سەرکەوتوو بە قورسی ئەو یاسا سەپێنراوانەی سەر تەلاق، دێتەدی) و نێوان بانگەشەکەر و پشتگیریکەرانی لێبوردەیی و نەرم و نیانی، کەپێیان وابوو ئەو یاسا توندوتیژانە خزمەت بە هاوسەرگیری ناکەن، بەڵکو زیانی پێ دەگەیێنێت.

ئەو دۆخە دووبەرەکییەی نێوان هەردوولا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ مایەوە تاکو ئەو کاتەی کە مەسیحییەت و دەوڵەت لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا سەریان هەڵدا، یەکەم دەوڵەتیش کە هەستا بەرێکخستن و تۆمارکردنی حاڵەتەکانی هاوسەرگیری و تەلاق، کۆماری ڕۆمای کۆن بوو.[٥]



دوای ئەو ڕێڕەوە مێژووییە، دەچینە سەر بابەتی تەلاق لەچەرخی ئێستادا، کە تەلاق بۆتە یەکێك لە دەرهاویشتەکانی پێکەوتنی نێگەتیڤ لە کۆمەڵگا مرۆییەکان کە ڕێژەکەی لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ئەو پێشکەوتنە زیاد دەکا، ئەو پێشکەوتنەی کە کاریگەری لەسەر ئاڵۆزکردنی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان و زیادکردنی پابەندی تاکە پیشەیی و ڕەسمییەکان و فراوانبوون و پۆلپۆلبوونی سیستەمی دابەشکاری کار و بەرزکردنەوەی خەرجییەکانی ژیان، هەبوو. هەموو ئەوانە — بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ — کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە هاوسەرییەکان دەکەن، بۆ گەیشتن بە حاڵەتی تەلاق (لەزۆربەی کاتەکاندا) وەکو قۆناغێکی کۆتایی بۆ ڕزگاربوون لەو گرفتانەی لە پەیوەندی خێزانیدا ڕووبەڕووی هەردوو هاوسەرەکە دەبێتەوە.

پێویستە لەبیرمان نەچێت کە هەردوو هاوسەرەکە لە زۆربەی کاتدا ناگەنە حاڵەتی تەلاقی ڕاستەوخۆ، بەڵکو دەگەنە چەند حاڵەتێکی پێشینەی بەر لە تەلاقی ڕاستەوخۆ، وەکو حاڵەتی کۆچکردن (واتا جیابوونەوەی پیاوەکە لە ژنەکە یاژنەکە لە پیاوەکەی بەشێوەیەکی ڕەسمی کەلە تۆمارکردنی دادگا تۆمارناکرێ)، هەروەها حاڵەتی جیابوونەوەی یاسایی هەیە کە تیایدا جیابوونەوەی هەردوو هاوسەرەکە بە شێوەیەکی ڕەسمی بە ئەنجام دەگەیێنرێ و لەتۆمارەکانی دادگای شارستانی تۆمار دەکرێ " شەرعی "، لەبەرامبەر ئەو حاڵەتە جیابوونەوەیی و کۆچکردنی و تەلاقیانەدا حاڵەتی هاوشانیان سەرهەڵدەدا، ئەوەش حاڵەتی هاوسەرگیری زنجیرەییە، یایەك لەدوای یەکە، کە مەبەست لێی هاوسەرگیری و تەلاقە دواتر هاوسەرگیری دووەم و جارێکیتر تەلاق و چاوەڕوانی هاوسەرگیرییەکی تریشی لێدەکرێ، ئەم هاوسەرگیرییەش لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا پێی دەڵێن " هاوسەرگیری ڕاگوزەر " کە لێکۆڵینەوە کۆمەلاّیەتییە ئەمریکییەکان جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە زۆربەی هاوسەگیرییەکان، گرێبەستەکانیان لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا هەڵدەوەشێتەوە، زیاتر لە ساڵەکانی تری تەمەنی، ئەوەش بە هۆی دەرکەوتنی گرژی و ناکۆکی لە ئاستی پەیوەندییە هاوسەرگیرییەکان لە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا زیاتر لەساڵەکانی تر، کەواتە هەرچەند تەمەنی هاوسەگیرییەکە بەرەو پێش بچێ کەمتر چاوەڕوانی هەڵوەشانەوەی لێ دەکرێ.

بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نییە کە ناکۆکی و تێکچوونە میزاجی و زەوقییە ناوبەناوەکانی لە دوای ساڵی یەکەمی نامێنێ، بەڵکو توندوتیژی و جۆرەکەی کەم دەبێتەوە، زۆربەی ئەو

گیروگرفتانەی کە زۆردیار و ئەستەمن گیروگرفتی سێکسی و نائارامی کەسێن، چونکە پەیوەندی نێوانیان بەخێرایی بەرەو پچران دەبا " واتا تەلاق.(٦)

زۆر جار دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمریکا رادەگەیێنن کە رێژەی تەلاق یەك بەرامبەر دوو حاڵەتی هاوسەرگیرییە، بەلاّم ئەو رێژەیە تائاستێك ناتەواوە چونکە ژماردنی رێژەی تەلاق لەیەك ساڵدا وەرگیراوە، واتا لەماوەی یەك ساڵدا حیساب کراوە، بەچاوپۆشی لە رێژەی هاوسەرگیرییەکە، واتا چەند ساڵ بەسەر هاوسەرگیری تەلاقدراوەکاندا بەسەرچووە بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی هاوسەرداراە نوێیەکان لەهەمان ساڵی حیساب، ژمارە و رێژەی تەلاقدراوەکان، وەبۆ روونکردنەوەی ئەوەی پێشتر باسمان کرد، ئەم خشتە بەیانییە

دەخەینەڕوو کە حاڵەتەکانی تەلاق زیاد کراوەکان دەگرێتە خۆی لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٠ تا ساڵی ١٩٩٠.

| ساڵ | حاڵەتی تەلاق بۆهەر ١٠٠حاڵەتی هاوسەرگیری | حاڵەتی تەلاق بۆ هەر ١٠٠ئافرەتی تەمەن پانزە ساڵ و زیاتر |
|---|---|---|
| ١٩٢٠ | ١٣,٤ | ٨,٠ |
| ١٩٣٠ | ١٧,٠ | ٧,٥ |
| ١٩٤٠ | ١٦,٩ | ٨,٧ |
| ١٩٤٦ | ٢٦,١ | ١٧,٨ |
| ١٩٥٠ | ٢٣,١ | ١٠,٣ |
| ١٩٦٠ | ٢٥,٨ | ٩,٢ |
| ١٩٧٠ | ٣٢,٨ | ١٤,٩ |
| ١٩٨٠ | ٤٩,٧ | ٢٢,٦ |
| ١٩٩٠ | ٥١,٣ | ٢٤,٢ |



ئەم خشتەیە بوونی ٥١,٣ حاڵەتی لەساڵی ١٩٩٠ بۆهەر ١٠٠ حاڵەتی هاوسەرگیری نوێ دەخاتەڕوو، بەلاّم ئەمە وای دادەنێ کە ٥١,٣ حاڵەتی تەلاق بۆ هەر ٣٠٠ حاڵەتی هاوسەرگیری کە لە ماوەی دە ساڵدا روویانداوە, هەروەها رێژەی تەلاقی پەرەسەندوو دەخاتەروو بەتایبەت لەو سێ ساڵەی کۆتایی، کە رێژەکەی چەندجارە بۆتەوە، بەڵکو لە ٧٠٪ هاوسەرداراەکان پێش گەیشتنیان بە تەمەنی "٣٥" ساڵی تەلاقدراون، وە نیوەیان جارێکی تر دوای سێ ساڵ بەسەر تەلاقی کۆتاییاندا هاوسەرگیرییان ئەنجام داوەتەوە.(٧)

هەندێ لە ئامارە نوێیەکان لەمەر تەلاق لەهەندێ لەدەوڵەتە ئیسلامییەکان لە رێگای لێکۆڵینەوەکە و، کە کۆلێژی ئاداب، لەزانکۆی ئەسکەندەریە ئەنجامیان دابوو، بینییان رێژەی تەلاق لە میسر لەساڵی ١٩٩٢ لە ٦٪ و لەساڵی ١٩٩٣ بەرزبۆتەوە بۆ ٧٪ وەهەمان لێکۆڵینەوە بۆی دەرکەوتووە لە تونس رێژەی تەلاق ٣٠٪ بووە کە دەکەوتە بەر لە تێپەربوونی ساڵی یەکەم بەسەر هاوسەرگیرییەکە، بەلاّم لە ئەبوزەبی، لەراپۆرتی سندوقی هاوسەرگیری ئیماراتی ئەبوزەبیدا هاتووە کە ژمارەی حاڵەتی تەلاق لە دادگای ئەبوزەبی تۆمارکراوە لە ساڵی ١٩٩٣ "١٦٦" حاڵت بەرامبەر "٢٧٢" ساڵی رابردوو، بەشی راپۆرتی حاڵەتەکانی تەلاق بەم شێوەیەیە :

تەلاقی پیاوی هاوولاتی لە ژنی هاوولاتی "٩٧" حاڵەت بەرامبەر "١٤١" لەساڵی ١٩٩٢، وە تەلاقی پیاوی هاوولاتی لە ژنی ناهاوولاتی یا پیاوی هاونیشتیمانی لە ژنی ناهاونیشتیمانی "٩٥" حاڵەت بەرامبەر "١١٢" حاڵەت لەساڵی "١٩٩٢"، دواتر تەلاقی پیاوە بێگانەکان بۆ ژنە هاونیشتیمانییەکان "٧" حاڵەت بەرامبەر "١٩" حاڵەت لەساڵی "١٩٩٢".

بەلاّم زۆرترین ئەو مانگانەی کە تەلاق تێیدا روویداوە لەساڵی ١٩٩٣ مانگی " ئازار و حوزەیران " بووە کە بەرزترین رێژەی تۆمارکراو "٦٢" حاڵەت، بەلاّم نزمترین مانگ، مانگی " مارسە " کە تەنها "٦" حاڵەتی تەلاق تۆمارکراوە.(مجلە زهرە الخلیج،عدد ٧٦١، اکتوبر، تشرین الاول، ١٩٩٣، الصادرە فی دولە الامارات العربیە المتحدە).

## ب/٦- سەرەتاکانی تەلاق:

ئێستا باس لەو حاڵەتە دەروونی و کۆمەڵایەتییانە دەکەین که خاوبوونەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری بە شێوەیەکی کۆتایی " تەلاّق " پێش دەخا، وەکو " ولارد والیز " ناوی لێناوە " رووە کردەییەکانی نامۆبوونی هاوسەرگیری " ئەوەش بەم شێوەیە :-

١- دەرکەوتنی پشێوی و ئاڵۆزیەکی هەڵچوو لە پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان هەردوو هاوسەرەکە، ئەمەش پاڵیان پێوە دەنێ بۆ ئەوەی وەلاّمدانەوە و کاردانەوەی دەستکرد و نواندنکاری لەهاوسۆزی و کارلێکی سێکسی بکەن، واتا مومارەسەکردنی هەڵس وکەوتێکی دەستکرد — ناراست — کە گوزارشت لە گونجان و رێکی نێوانیان ناکا، بەلاّم هەندێ هەوڵی قەرەبووکاری، گرفت دەخاتە نێو ئەو کردارە دەستکردانە، لەم حاڵەتەدا " تەلاّقی سۆزداری " لەنێوانیان دروست دەبێ، پێش ئەوەی بگەنە تەلاّقی پراکتیکی " یاسایی " واتا کەلێن و جیابوونەوە بەهۆی نارێکی و نەگونجان و نەشیانی خواستە سۆزدارییەکان دەست پێ دەکات، بە شێوەیەك چێژ و رازیبوون بۆ هەردووکیان دەستەبەر نەکا، لەبەرژەوەندی یەکێکیان دەبێت بەسەر ئەوەی تردا، بەواتایەکی وردتر، چێژی سێکسی بۆ یەکێکیان نەك هەردووکیان، وەکو ئەوەی لە پەیوەندی هاوسەرگیریدا دەبێ هەبێ یا چاوەروان دەکرێ هەبێ.

٢- دوای ئەوە بۆ یەکەمجارە ئاماژە بەو تەلاّقە دەدرێ، کە مانای ئەوەیە یەکێك لەلایەنەکان سلبیە و دووەمیش هەڵوێستێکی دیاریکراوی دەبێ لەمەر سلبیەتی یەکەم.

٣- تێکشانی خۆشەویستییە رواڵەتیەکان کەبەرگێکی بەبەر پەیوەندییە نێگەتیڤەکاندا کردبوو پێش بەردەرکەوتنی بەشکاوی لەبەر چاوی خەڵکانی تردا، کەپێش تێکشکانەکە بەرووخسارێکی نموونەیی و رازاوە " درۆوزن و دروستکراو " بەرامبەر خەڵکی پیشانیان دابوو، ئەوەش بۆ پاراستنی کەسایەتی خۆیان بۆ ئەوەی لەو وێنە نموونەییە لانەدەن کەپێش هاوسەرگیرییەکەیان لەبەرامبەر خەڵك پیشانیان دابوو، وەبۆئەوەی بڵێن ئەو پەیوەندییە تاکو ئێستا لە نێوانیان جێگیرە.

٤- شکانی رووخسارەکانی سۆزداری نێوانیان مشتومری توندوتیژ و درێژی بەدوادا دێ، ئەم مشتومرەش پەشێویەك دروست دەکات تا دەیانگەیێنێتە دەرکردنی بریارێکی بەپەلە لەمەڕ تەلاّق، بەبێ لەبەر چاوگرتنی دەرئەنجامەکەی.



٥- دوای ئەوە جیابوونەوەیەکی پر کێشە و یەکلاکەرەوە لە نێوانیان دروست دەبێت، بەو پێیەی هەر یەکە و پابەندە بەبریار و قسەی خۆی و بریار و قسەی لایەنی دووەم قبوڵ ناکات.

٦- دواتر کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێ و دەگاتە قۆناغێکی توندتر و بەئازارتر بەو پێیەی لە تەلاّقی حەقیقی نزیکیان دەخاتەوە، کە زۆرجار جیابوونەوەی درێژخایەنی بەدوادادێ، کە پێویستی بە رێ و شوێنی یاساییە بۆ پچراندنی پەیوەندییەکەیان.

٧- قۆناغی ملّملانێی زەینی و هەوڵدان بۆ دووبارە بوونیادنانەوەی پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان رکابەرکان، بەلاّم لەمە سەرناکەون، چونکە چوونەتە ناو جیهانێکی کۆمەڵایەتی ناکۆکەوە، کە بەپەیوەندییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی نایانبەستێتەوە پێکەوە، بەڵکو رووبەڕووی پچران و لێکترازانێك دەبنەوە لەپەیوەندی و سۆزداریاندا.(٨)

دەمەوێ تاوتوێی ئەوە بکەم کە "ولارد والیر " باسی لێوەکردووە, چونکە ئەو بە نەگونجانی سێکسی نێوان هەردوو هاوسەرەکە دەستی کردووە، وەکو سەرەتایەکی تەلاّق، کەچی ئەو شتەی فەرامۆشکردووە یان ئەوانەی پشت گوێ خستووە کە پێشتر هەن وەکو ناکۆکی میزاج و حەز و ئارەزووە کەسی و ئامانجە فیکری و ئابوورییەکان و جیاوازی لە باکگراوندە نەژادی و کلتوورییەکان و زۆری تر لە جیاوازی و ناکۆکییە ناسێکسییەکان، دواتر تەلاّقی سۆزداری بە ناکۆکی سێکسی بەستۆتەوە، ئەوەش بەتەنها بەس نییە، چونکە تەلاّقی سۆزداری لەگەڵ سەرەتای دوورکەوتنەوەیان لەیەکتر دەست پێدەکات، بەهۆی یکێك لەو ملّملانێیانەی باسمان کرد، کە وەلاّمنەدانەوەیەکی یەکێکیان بۆ ئەویتر، لەرووی سێکسییەوە، نەك ناکۆکی سێکسی ئەوە ئەو شتەیە کە تەلاّقی سۆزداری دروست دەکات، بەواتایەکی رونتر، خستنەرووەکەی " والیر" بەنیوەچڵی باسکراوە، واتا لەسەرەتاوە دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو لەناوەڕاستەوە دەستی پێکردووە، چونکە چاوەروانی گەڕانەوەی یەکێکیان لەویتر دەکرێ، کاتێك کە ئاماژەی ناکۆکیەکان و رەتکردنەوەی نەرمبوونەوەی هەڵوێستە توندەکان و هەوڵدان دەست درێژکردنی یەکێکیان بۆ ئەویتر، دەردەکەوێ , بۆ ئەوەی وا هەست بکا کە " ژنەکە یا پیاوەکە " لەدەرکردنی بریار و دەسەلاّت و کاری عەقلاّنیدا لەو بەهێزترە، سەرباری دەرکەوتنی بەربەستە ماددی و مەعنەوییەکان کە رێگا لە نزمبوونەوەیان دەگرێ، دواتر یەکێکیان ئەو بەربەستانە وەکو قەلغانێك بۆ پاراستنی خۆی و شکاندنی دڕکی ئەویتر بەکاردەهینێ، بەواتایەکیتر : ئەوە رەوشتێکی بەردەوامە بۆ ئەوەی یەکێکیان ئەویتر بەرێوەببا نەك لێك تێگەیشتنیان لە پێناو

گونجانیان تا ئاستێك كه مشتومڕەكانیان زیاتر چەمكی " من " ی تیادا بەكاربهێنرێ نـەك " ئێمە "، واتا ئەوەم دەوێ و حەزم بەوەیە، خۆشیم بەوەدانایە لـەبری ئـەوەمان دەوێ، حـەزمان بەوە نییە و ئەوەمان بۆ باش نییە، بەواتایەكیتر هیچ گونجان و ڕێككەوتنێك لەنێوان خواسـت و ئارەزوو و بەژەوندییەكانیاندا نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە كە هەریەكەو باس لە خود و خواست و پێداویستییەكانی خۆی دەكا، بەچاوپۆشی لە خواست و پێداویستی ئەویتر.

لە ڕاستیدا ئەمە خودگەراییەك بەرجەستەدەكا كە ناتوانێ پێكەوە ژیان لە تۆری پەیوەنـدی هاوسەرگیریدا برەخسێنێ، بەڵكو گرفت دەخاتە ئەو گرێبەستە پابەندییەی كە پێویـستە لەسـەر تێگەیشتن و هاریكاری و گوزارشتی هاوبەش و یەكانگیر بوونیادبنرێ.

بەرئەنجامی ئەو گۆڕانە خواستی و تەعبیرییە، ئەو لێكدورییە دەروونییـە كـە بەسـەریاندا دێ و درزە پەیوەندییەكەی نێوانیان ئاشكرا دەكات، ئەوەش گونجانە سێكسییەكەیان پەكـدەخا، دەتوانین بە " تەلاقی سێكسی " ناوببەین، كە دوای تەلاقی سۆزداری دێ، ئەوەش بەرئەنجامی ئەو لێكدوورییەدەروونیەیە كە دوابەدوای گۆڕانە تەعبیرییەكـە دێ، گـۆڕانی تـەعبیری لەسـەر دووبارەبونـەوەی ناكۆكیـەكان لـە بەرژەوەنـدی و هەسـت و خواسـتەكانیان بوونیـاد دەنـرێ، لەئەنجامدا هەریەكەیان هەوڵ دەدات خاڵە لاوازەكانی یەكتر دەربخەن و لـە باشـییەكانی یـەكتر كەمبكەنەوە، پەیوندییەكەیان وەكو پەیوەندی مشك و پـشیلەی لێ دێ " ئەگـەر تـەعبیرێكی شیاو بێ " نمونەی ئەم حاڵەتە دوابەدوایەكانە " زۆرجار " لەساڵەكانی یەكەمی هاوسەرگیریدا دەردەكـەوێ، بـەلاَم ئەمــە مانــای ئــەوە نییــە كــە هاوســەرگیری دوای ســالاَنی یەكــەمی، هەڵناوەشـێتەوە، بـەڵكو بەگـشتی لەسـاڵی یەكەمـدا ڕێـژەی حاڵـەتی تـەلاق تێیـدا زۆرە. حەقیقەتێكی تر هەیە كە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەم، ئەوەش ئەوەیە كاتێـك كۆمـەڵگا لەگەڵ تەلاقـدا لێبووردەیـە و هـانی بەشـەرهاتووان و ژن و مێـردە ناكۆكـەكان دەدات، ئـەوە پەیوەندییەكەی نێوانیان لاواز دەبێ، بەلاَم ئەگـەر كۆمـەڵگا تەلاقـدراوەكانی شـەرمەزاركرد و بەچاوێكی نەنگییەوە تەماشای كردن، ئەوەبەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ قەدەغەی كردووە یا هـانی سەرپێچی كەران و بەپەلە بڕیاردەرانی تەلاق، نادات. ئەمەش ئێـستا لەكۆمـەڵگای عەرەبیـدا بـوونی هەیـە كەبـەرۆڵی خـۆی هـانی ژن و مێـردە ناكۆكـەكان نـادا بـۆ تـەلاق یاناچـاری پەشیمانبوونەوە و دەست بۆنەبردنی تەلاقی كردوون.



## ج/٦- جۆرەكانی تەلاق:

"پۆل لۆهامان "لەساڵی ١٩٧٠ شەش ڕووخساری تەلاقی خستۆتە ڕوو، بەم شێوەیە :

١- تەلاقی سۆزداری، ئەمــە لــە گرفتــی هەرەســهێنانی هاوســەرگیری دا بــەهۆی تێكـچوونی پەیوەندی سۆزداری نێوان هاوسەرەكاندا خۆی دەنوێنێ.

٢- تەلاقی یاسایی : كە بە هەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری ڕوودەدا.

٣- تەلاقی ئابووری : كـە مامەڵـە لەگـەڵ دابەشـكردنی مـاڵ و موڵكایـەتی دەكـات، واتـا جیاكردنەوەی موڵكی تەلاقدەر لەموڵكی تەلاقدراو.

٤- تەلاقی هاوسەرەكان لەگەڵ پارێزگاری كـردن لـە دایكایـەتی و باوكایـەتی : ئـەو بڕیارانـە لەخۆدەگرێت كە بە چاوی گرنگییەوە بۆ ئامۆژگاری منداڵ و ماف و چاودێرییانەوە دەڕوانن، وە بەرژەوەندی و كاروبارەكانیان لەدەستدەدەن.

٥- تەلاقی كۆمەڵگایی : واتا كاریگەرییەكانی تەلاقی یاسایی بەسەر ئەو پەیوەنییە هاوڕێی و دامەزراوەیانەی كە تەلاقدراو یا تەلاقدەر بەدەستی دێنێ.

٦- تەلاقی خود : كە جەخت دەكاتە سـەر هەوڵـدانی پیاوەكـە یـا ژنەكـە بـۆ بەدەسـتهێنانی سەربەخۆیی و بالاَیی خود و گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی خودی كەسـایەتی بـۆ هاوسـەرەكە دوای تەلاقدانی لەڕووی یاساییەوە.[٩]

## د/٦- هۆكارەكانی تەلاق:

ئاشكرایە هاوسەرگیری لەنێوان ژن و پیاو بەگوێرەی گرێبەستی عورفی یان ڕەسمـی ئـەنجام دەدرێ، لەسەر ئەمەش ئەگەر پەیمانبەسـتووەكان یـا یـەكێكیان بڕیـاری پوچـەڵكردنەوەی ئـەو گرێبەستەی دا، ئەوە مانای ئەوەیە گرفتێك لە نێوانیان ڕوویداوە كە نـاكرێ چارەسـەری بكـرێ تەنها بەهەڵوەشانەوەی گرێبەستەكە نەبێ " واتـا تـەلاق "، هەرچـەندە گرێبەسـتەكە لـەنێوان هەردوولا بەئەنجام گەییوە، ئەمەش مانای ئەوەیە كە گیروگرفتـی كەسـایەتی یـا كۆمەلاَیـەتی گەیاندویەتیە هەڵوەشانەوە یا كۆتاهێنان بەو گرێبەستەی كە پێكی بەستوونەتەوە، لەبەر ئـەوە هەندێ هۆكاری كەسایەتی دواتر یاسایی و پاشان كۆمەلاَیەتی دەخەینـەڕوو، كەبوونەتـە هـۆی تەلاق، سەرەتا بە هۆكارە كەسایەتییەكان دەست پێدەكەین.

١- هاسەرگیری زوو : " واتا هاوسەرگیری لەنێوان تەمەنی ١٥-١٩ ساڵی، کەمانای کەم ئەزموونی پەیوەندی و ناکامڵی فیکری و کۆمەلآیەتی هەردوو هاوسەرەکەیە، ئەمەش بەرەبستێکە لەبەردەم چارەسەرکردنی ئەو گرفتە ژیانی و پەیوەندییانەی کە رووبەڕووی ژیانی هاوسەرێتییان دەبێتەوە، لەئەنجامدا هەوڵ دەدەن بەپەلە و بێ بیرکردنەوە کۆتایی بە پەیوەندییەکەی نێوانیان بهێنن.

٢- کورتی ماوەی یەکتر ناسین و هاورێیەتی نێوان هاوسەرەکان، ئەم هۆکارە لە ولآتە رۆژئاواییەکان زیاتر دەردەکەوێ، وەك لە ولآتە عەرەبییەکاندا، چونکە یەکتر ناسین و هاورێیەتی بۆ هەردوو دەستگیرانەکە بۆ ماوەیەکی درێژ دەرەخسێ، ئەوەش بۆ ئەوەی هەست و سۆزیان بەرامبەر یەکتر تاقی بکەنەوە و لەگەڵ یەکتر بگونجێن، بۆیە ئەگەر ماوەی یەکتر ناسینەکە کورت بوو، ئەوە لە رووبەڕوونەوەی گرفتە هاوسەری و ماڵداری و کۆمەلآیەتییەکاندا یارمەتییان نادا، ئەمەش زۆر جار لەلای دەستگیرانە منالّ کارەکان روودەدا.

٣- هاوسەرگیری ناشاد، یەکێك لە دایك و باوکی هاوسەرەکان یا هەردووکیان وەکو چوارچێوەیەکی مەرجەعی یا پێوەرێك بەکاردەهێنرێ بۆ پێوانەکردنی کچ یا کوڕ یا پەیوەندی هاوسەرەکان، ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە چونکە ئەزموونی ئەوانیتر هەرچەندە نزیکبن لە هاوسەرەکان بەهۆی جیاوازی عەقڵیەت و ئەزموون و تەمەنیانەوە، پەیوەندییە حەقیقییەکەیان نانوێنێ، هەڵەیەکی زۆر گەورەیە پەیوەندی هاوسەرەکان بەیەکترەوە، بەپەیوەندی دایك و باوکیان بەراورد بکەین یا هاریکاری هاوسەرەکان بەهاریکاری نێوان دایك و باوك بچوێنین، تەنانەت ئەگەر منالّەکان خاوەن ئەزموونێکی خاکەسار (سارة) بن لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا، چونکە هەڵوێستەکان پێك هاوشێوەن " واتا لەڕووی شێوەوە پێك دەچن نەك لەڕووی ناوەرۆکەوە " ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئەزموونێکی ناکامڵی (غیرسارة) یەکێك لە دایك و باوکی هاوسەرەکان وەکو چوارچێوەیەکی مەرجەعی لەڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستە توندوتیژەکان یا پەیوەندی هاوسەرەکان، بەکاربهێنن. کەواتە بەرەو خراپ راڤەکردنی هەڵوێستەکانیان دەبەین و چارەسەرەکانیان چارەسەرێکی هەڵە و دوورلە هۆکار و ناوەرۆك دەبێ.

١- ئەزموونی هاوسەرگیری غەمناك و ناشاد، کە هاورێ یا خزمی یەکێك لە هاوسەرەکان سەرچاوەکەیەتی، ئەم حاڵەتەش هاوشێوەی حاڵەتەکەی پێشووە، هۆکاری گەڕانەوەی یەکێك لە هاوسەرەکان بۆ ئەزموونی ناشادی یەکێك لە ناسیاوەکانیان دەگەڕێتەوە، بۆ کەم



ئەزموونی لە ژیانی کۆمەلآیەتی یا بیرلاوازی لە کاروبارە پەیوەندی و هاوسەگیرییەکان یا جۆری کەسایەتی دەست سپی یا کورت بیری لە بینینی ئەو کاروبارانەی کە تایبەتن بەخۆی.

٢- جیاوازی گشتی لە باکگراوندی کۆمەلآیەتی هاوسەرەکان، ئەم جیاوازییەش رەنگدانەوەی پەروەردەیی خێزانی هاوسەرەکان و سەربە چینایەتی و جۆری ئەو هاورێیانەی کە پێش هاوسەرگیری هاورێیەتییان کردووە، وە شتێکی سروشتییە جیاوازی لە باکگراوندی کۆمەلآیەتی هاوسەرەکان هەبێ، بەلآم مەترسییەکە کاتێك دەردەکەوێ، ئەگەر جیاوازی باکگراوندەکە زۆربێ یا بەرچاو بێ، ئەمەش کار لە پەکخستنی نزیکبوونەوەیان و گونجانیان لەگەڵ یەکتر دەکا.

٣- جیاوازی بیروباوەری ئایینی هاوسەرەکان : ئەم هۆکارە کاتێك روودەدا کە هەریەکەو سەر بە خێڵێکی ئایینی جیاوازبن، کە زۆر جار ئەم حاڵەتە لە کۆمەڵگا فرە ئایینەکان روودەدا.(١٠)

٤- جیاوازی میزاج و ئارەزووی کەسایەتی، کە رۆڵێکی گرنگ لە لێك دوورخستنەوەیان دەگێڕێ، وە زیاتر سەرقاڵبوونیان بە شێوەیەکی تاکەکەسییە " تەنیا " نەك پێکەوە.

٥- جیاوازی خواستی دوارۆژیان، بەتایبەت ئەو شتەی کە پەیوەستە بە کار و خوێندنیانەوە، واتا هەرچەند زیاترلە ئامانجەکانیاندا جیاوازبن زیاتر لێك دوور دەکەونەوە و زیاتر لە حاڵەتی تەلآق نزیك دەبنەوە.

٦- دیدگایان بۆ ژیان دژیێك و پێچەوانە بێت، ئەوە وایان لێدەکا بیر لە تەلآق بکەنەوە، واتا یەکەمیان دەست بلآوە و بۆ رۆژی خۆی دەژی و ژیانێکی سەرنج راکێش دەژی، دووەمیش پارەیدپیس و حیساب بۆ دوارۆژ دەکا، واتا یەکەمیان واقیعییە و دووەمیان خەیاڵییە ، یا یەکەم نمونەییە و پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکان لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئەوانیتر بەپیرۆز دەکا، دووەمیش پوچگەراییە و لە پەیوەندیدا لەگەڵ خەڵکی رووکەشیەو.

٧- ناکۆکییان لەمەڕ کاری یەکێکیان کە گومانی ئەویتر دەوروژێنێ لە پەیوەندیدا لەگەڵ رەگەزی دووەم لە بواری کارە پیشەییەکەیدا.

ئەوانە هەندێ هۆکاری کەسی بوون کەکار لەسەر نەگونجانی هاوسەرەکان دەکا لەگەڵ یەکتر، بەشێوەیەکی لێك نزیك " ناڵێم هاوشێوە " یەکێك لەو هۆکارانەی سەرەوە پاڵیان پێوە دەنێ بۆ

ئەوەی بیر لە تەلاق بکەنەوە، وە زیاتر لە یەك هۆکار تێکەڵ لەگەڵ ئەوانیتر دەیانگەیێنێتە حاڵەتی تەلاق.

پێشئەوەی بچینە سەر تەوەری هۆکارە کۆمەلآیەتییەکانی تەلاق، دەچینە سەر هۆکارە یاساییەکان، کە یاسای ئەمریکی وەکو بەڵگە و بیانویەك بۆ تەلاقی هاوسەرەکان دەیبینێ، ئەوەش ئەمانەن :

١- ئازاری جەستەیی و لێدانی توندوتیژ.

٢- بەجێ هێشتن.

٣- حوکمی تاوانی.

٤- خووگرتن بە مادده هۆشبەرەکان.

٥- خووگرتن بە خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان.

٦- شێتی.

٧- سەرپێچی کردن (گوێرایەڵ نەبوون).

٨- چاودێری نەکردنی دارایی خێزان.

٩- سکپڕی لە یەکێکی تر نەك مێردەکەی.

ئەگەر یەکێك لەو حاڵەتانە بەبەڵگەی بەردەست سەپێنرا ئەوە دادگای ئەمریکی حوکمی تەلاق دەردەکا، چ داواکە لەلایەن پیاوەکەوە بێ دژی ژنەکەی یا لەلایەن ژنەکەوە بێ دژی پیاوەکەی.[(١١)]

دوای ئەوەی هۆکارە یاساییەکانمان خستەڕوو، دەچینە سەر ئەو لایەنە کۆمەلآیەتییانەی کە کاریان لەسەر ڕوودانی تەلاق کردووە، وەکو هۆکارێکی یارمەتیدەر، نەك وەك هۆکارێکی سەرەکی، ئەوەش وەکو فرەنەژادی و نەتەوەیی و ئایینی کۆمەڵگایەك، کۆمەڵگای ئەمریکی بە کۆمەڵگایەکی فرەنەژاد و ڕەنگاوڕەنگ ناسراوە وەکو ڕەش و سوور و سپی و زەرد و ئەسمەر و لە چەندین نەتەوە و ئایین و خێڵی تر.

ئەم پێکهاتە هەمەڕەنگییە جیاوازییەك لە بیروباوەڕ و بەها نەریت ڕێسا کۆمەلآیەتییەکان دروست دەکات، بەجۆرێك ئەگەر هاوسەرێك سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراو و نەژادێکی تایبەت، بەژنێك ببەستینەوە کە لە نەتەوەیەکی ئەو یا لە نەژادێکی جیاواز لە نەژادەکەی ئەو



یا لە خێڵێکی ئایینی جیاواز لە ئایینەکەی ئەو ئەوە مەترسی جیابوونەوەیان لێ دەکرێ، سەرباری هۆکاری تر.

ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە ئەو ئازادییە تاکەکەسییەی کە کۆمەڵگای ئەمریکی بۆ هاوولاتییەکانی خۆی فەراهەمیکردووە لە دەربرینی خواستی میزاجی و ئەخلاقی و جوانی، وایان کردووە بەئاسانی خۆشەویستێك بۆ یەکێکی تر یا هاوسەرێك بۆ یەکێکی تر بگۆڕن. بەبێ ئەوەی کۆمەڵگا هیچ بەربەستێکی ناموسی و ڕەوشتیان بۆ دروست بکا، چونکە ئازادی تاکەکەسی کە بە پاڵپشتی و پارێزگاری کۆمەڵگا مومارەسە دەکرێ، تاك سزا نادرێ، وەبەچاوی نەنگییەوە تەماشا ناکرێن، ئەگەر هەست و سۆزەکانیان بەرامبەر بەیەکێکی تر بەشێوەیەکی ئاشکرا و لەڕوو لەبەرامبەر کۆمەڵگا بخاتەڕوو یا باس بکا.

نەك هەرئەوە بەڵکو کۆمەڵگای ئەمریکی ناوناتۆرەی خراپ ناخاتە دوای تەلاقدراوەکان " ژن و پیاو " وە بەو شێوەیە لێیان ناڕوانێ کە لە قودسیەتی هاوسەرگیری لایانداوە. وە تەلاقەکەشیان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پێگە پیشەیی و خێزانی و ئابورییەکەیان نابێ، ئەمەش بەر لە پەنجا ساڵ بە پێچەوانەوەبوو کاتێك تەلاق بەهەڵەیەك دادەنرا و بە چاوێکی بەرێزانەوە تەماشای تەلاقدراوەکان نەدەکرا، بەتایبەت " ژنەکە " سەرباری ئەوەش, ئافرەت کاتێك دەرچوو بۆ بازاڕەکانی کار ڕۆڵی کاریگەر و گرنگتر بوو لە ناو چوارچێوەی خێزان، چونکە دەستی کرد بە هێنانەوەی ماڵ و سامان بۆ خێزان و وای لێهات لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆبێت، وە دەنگێکی بیستراوی هەبێت لە بڕیارەکانی خێزان، حاڵی وەکو حاڵی پیاو، لەبەر ئەوە لەسەر پیاو پێویست بوو لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی نێوماڵ لە پاککردنەوە و ڕێکخستنی کەل و پەلەکان و چێشت لێنان و بڕیاردان لەوەی چ شتێك بە قازانجی خێزانەکەیە و زۆر شتی تریش، یارمەتی ئافرەتەکە بدا.

ئەگەر ڕووبدا پیاوێك وابەستەی تەرزێکی کۆنی ڕۆڵە خێزانییەکان بێ، هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێك ئەنجام بدا کەوابەستەی مومارەسەکردنی ڕۆڵە تازەکان بێ، ئەوە هەردووکیان ناکۆکی لە نێوانیان دروست دەبێ و بەرەو بڕیاری کۆتایی تەلاق دەیانبا.

بەواتایەکی تر : کۆمەڵگای ئەمریکی لە کاتی ئێستادا گۆڕینەوەی بەرپرسیارەتی ڕۆڵە هاوسەرگیرییەکانی تێدا بلاوە، واتا ئەنجامدانی هەندێ کاروباری ناوماڵ لەلایەن پیاوەوە وەکو پاککردنەوە و چێشت لێنان و چاودێریکردن و پەروەردەکردنی منداڵ بۆ یارمەتی دانی

هاوسەرەکەی، وە ئەنجامدانی هەندێ کاروباری ماڵداری و خێزانی لەلایەن ئافرەتەوە وەکو کەل و پەل کڕین و سەردانیکردنی دەزگا و کارگە رەسمییەکان بۆ دانەوەی ئەو قەرزانەی کەلەسەر خێزانەکەیان هەیە و بەدواداچوونی مامەڵەکانی تایبەت بەخۆیان، بەلاّم ئەگەر پیاو یارمەتی ژنەکەی نەدا لە کاروبارەکانی خێزان، بەتایبەت کاتێك داوا لەژنەکەی دەکا بە شێوازی رۆڵی کۆنەکان بجولێتەوە لە ملکەچی و گوێرایەڵی فەرمان و داواکارییەکانی, ئەوەش بەدڵنیاییی دەبێتە هۆی جیابوونەوەیان.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە شوێنەوارەکانی جەنگی نێوان ئەمریکا و ڤێتنام لەسەر کۆمەڵگای ئەمریکی بکەم، و هەروها ئەو دەرئەنجامانەی کە دوای خۆی جێیهێشت لەدوورخستنەوەی پیاو لەژنەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ و شوێنواری دەروونی لەسەر پیاوەکە و ئەو بێکاریەی نێوان کرێکارەکان، کە گۆشەی خێزانە ئەمریکاییەکانی بزواند و تەلاّقی تێدا بەرزکردەوە.

بەلاّم ئەگەر بێینە سەر کۆمەڵگای عەرەبی خۆمان، دەبینین هانی هاوسەرەکان و بەتایبەت ژنەکە دەدا بۆ پارێزگاریکردن لە توندوتۆڵی خێزان و هەڵنەوەشانەوەی کاتێك رووبەڕووی گرفتە هاوسەری و شەخسییەکان دەبنەوە، چونکە کۆمەڵگای عەرەبی بە چاوێکی پیرۆزەوە لە هاوسەرگیری دەروانێ و بە شێوەیەکی رەسمی و نەژادی رەچاوی دەکا، بێجگە لەوەی سیستەمی هاوسەرگیری لەکۆمەڵگای عەرەبیدا شێوازێکی نارەسمی (خزمایەتی) وەردەگرێ، جیاوازی کۆمەلاّیەتی و دەروونی و نەژادی و نەتەوەیی لە نێوان هاوسەرەکان دروست ناکات، بەهۆی ئەوەی کەسەربەیەك خێزانی گەورەن یا یەك هەرێمن یا یەك ئایینن. لێکچوونی کلتووری و پەیوەندییە خزمایەتییەکان, ناکۆکییە توندوتیژەکان دەتوێنێتەوە، ئەگەر روویدات، ئەوەش لە پێناو پارێزگاریکردنە لە پەیوەندیی خێزانیان، نەك هەر ئەوە بەڵکو کۆمەڵگا عەرەبییەکان بەچاوی رێزەوە لە تەلاّقدراوەکان ناروانێ، بەشێوەیەك کە ئەستەمە جارێکی تر شوو بەپیاوێکی تر بکاتەوە ، ئەوەش تەنها لەبەرئەوەی تەلاّقدراوە، دواتر کۆمەڵگای عەرەبی تائێستا مومارەسەی رۆڵە خێزانی و هاوسەرگیرییە سەرەتاییەکان دەکات، واتا گوێرایەڵی ژن بۆ پیاوەکەی، وە بەگرنگیەوە لەمەسەلەی گۆڕینی بەرپرسیارەتی رۆڵە خێزانییەکان ناروانێ، سەرباری کە هەندێ گۆڕانکاری و پەرەسەندن لە بوونیادی خێزانی نوێی بەخۆوە بینیووە، بەلاّم هەر پارێزگاری لە رۆڵی پیاوکردووە، وەکو پرسی بەرێوەبردنی خێزان و گرینگیدان بە



بەکاروبارەکانی دەرەوەی ماڵ، وە ئێستاش ئافرەت ئەرکە ماڵدارییەکان دەکا و گوێرایەڵی پیاوەکەیەتی، هەموو ئەمانە کۆمەڵگا عەرەبییەکان بۆ خێزانێکی عەرەبی ئامادەکردووە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پەیوەندییە هاوسەرگیرییەکانی بکا و هەڵنەوەشێتەوە، کاتێك رووبەڕووی کێشەکان یا دووبەرەکییە تاکی — شەخسییەکان دەبێتەوە، بەڵکو هاورێ و دۆستەکان هەوڵ دەدەن رێگری لێ بکەن، چونکە پەیرەوی فەرموودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) دەکەن کە دەفەرموێ " ناحەزترین حەلاڵ لەلای خودا تەلاّقە "، سەرباری بەرزی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری هاوسەرەکان کەچی کاریگەری نابێ لەسەر ئارەزوویان بۆ تەلاّق، یچونکە کۆمەڵگا هانی ئەوەیان نادا، بەڵکو هانی درێژەپێدانی گەشتە خێزانیەکەیان دەدا، بۆ جیهانە کۆمەلاّیەتییەکان و پشتگیری دەکا لە رووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ و بەربەستەکان، ئەوەش جیاکەرەوەیەکی کۆمەلاّیەتیە کە کۆمەڵگا عەرەبییەکان لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان جیادەکاتەوە.

## ھ/٦- توندوتیژی ناو خێزان:

لەم بەشەدا ئاماژەمان بە بەرزبوونەوەی رێژەی تەلاّق و هاوسەرگیری دووبارە لای تاکێکی کۆمەڵگا پیشەسازی و هاوچەرخەکان دا، ئەو ئاماژە پێکردنەشم وەکو کەم وکورییەکی کۆمەلاّیەتی یا نەنگییەکی کۆمەلاّیەتی نییە، بەڵکو وەکو یەکێك لە ئاماژە نێگەتیڤەکانی مۆدێرنیتە لەو کۆمەڵگایانەدا رووم کردۆتەوە. مەبەستی من لێرەدا خستنەڕووی ئەو دیاردانەن لەگەڵ ئەو دوو حاڵەتەی سەرەوە دەردەکەون، ئەو دیاردانەش " ئەو رق و توندوتیژیانەن کە پیاوی دایك (زر باوك) بەسەر مناڵی هاوسەری دووەمیدا مومارەسەی دەکات " خێزانی تێکەڵ " یا ژنی باوك (باوە ژن) بەسەر مناڵی پیاوی دووەمیدا مومارەسەی دەکات، یا پیاوەکە بەسەر خودی ژنەکەیدا " خێزانی ئۆرگانی ".

کۆمەڵگای هاوچەرخەکان و یاسا وەزعییەکانی نەك هەر رێگایان بە ئازاردانی ژن نەداوە لەلایەن پیاوەوە، بەڵکو سزای پیاوەکەش دەدەن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی فراوان لە خێزانە ئەمریکییە هاوچەرخەکاندا مومارەسەی لێدان دەکرێ، سەرباری ئازاردانی مناڵ لەلایەن باوکەوە بە شێوەیەکی توند، ئەوەش بەئامانجی پەروەردەکردنی نا بەڵکو تەنها رق و توندوتیژیە ئەمەش کۆمەڵگای هاوچەرخ رەتیدەکاتەوە، یاسای ئەو کۆمەڵگایانەش سزای ئەو دایك و باوکانە دەدا کە مومارەسەی ئەو توندوتیژییە دەکەن واتا لێدان بەمەبەستی رق و توندوتیژی

ئەوەش جۆرێکە لەو توندوتیژییانەی کە خێزانە ئەمریکییەکان بەکاری دەهێنن، کە زیاتر لە ناوچە شارنشینییە هەژارەکان نیشتەجێبوون بەتایبەت لای خێزانە کرێکار و لای ئەو هاوسەرانەی کە تەمەنیان نەگەیشتۆتە سێ ساڵی و لە نێوان ئەو خێزانانەی ئینتیمای ئایینیان لاوازە، هەروەها لەلایەن ئەو دایك و باوکە بێکارو ئەو خێزانانەی کە چوار تا شەش منالّیان هەیە، موماڕەسە دەکرێ.[١٢]

ئەوە لەلایەك لەلایەکی ترەوە پیاوی دایك "زر باوك " هەڵس و کەوتێکی توندوتیژ بەرامبەر منالّەکانی موماڕەسە دەکات ئەگەر ملکەچی فەرمان و رێنماییەکانی نەبن، ئەوەش لەبەر ئەوەی بەجۆرێك تەماشای زر باوکیان دەکەن کە بەوان بێگانەیە و لەگەڵیاندا بەبەزەیی نییە و هیچ سۆز و خۆشەویستییەك لە قسە و مامەڵەکانیدا نییە لەگەڵیاندا، ئەم حاڵەتەش هەمان شتە لەلای ژنی باوك " باوەژن " لەمامەڵەکردنی لەگەڵ منالّی پیاوی دووەمیدا، ئەوەش بەهۆی ئەونێوەندە دەروونییەی نێوانیان و بەهۆی ئەو ڕەفتارە چوست و چالاکەی دژی منالّەکان لەلای باوکیان بەکاری دەهێنێ، یالە سزادانیان بەهۆی ئەوەی کەوا هەست دەکەن مرۆڤێکی بێگانەیە و شوێنی دایکیانی گرتۆتەوە و دەستی بەسەر پێگەکەیدا گرتووە، لەبەر ئەوە هیچ خۆشیان بەگوفتاری باوەژنەکەیاندا نایە، تەنانەت ئەگەر لە بەرژەوەندیشیاندا بێ.

ئەو بۆشاییەی لەنێوان منالّەکان و دایك و باوکە زڕەکان لە خێزانە تێکەلاّوەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخدا، هەیە، دەمێنێتەوە. هۆکارە سزایی و توندوتیژییەکان درێژەی پێ نادرێ، بەلّکو یاسای رۆژئاوایی توانیویەتی موماڕەسەکردنی ئەو ڕەفتارە توندوتیژە بوەستێنێ، کەلەلایەن باوکەوە بەسەر منالّەکانیدا یا بەسەر ژنەکەیدا موماڕەسە دەکرێ.

بۆزیاتر روونکردنەوەی ئەوانەی باسمان کرد، ئەم زانیارییە ژمارەییانە دەخەمەڕوو بۆبەلگەی ئەوانەی باسم کرد : کە لەساڵی ١٩٨٤ روپێویێك لەکۆمەڵگای ئەمریکیدا ئەنجام درا، دەرکەوت کە چارەکێکی هاوسەرەکان لەلایەن پیاوەکانیانەوە ئازار دەدرێن و لێیان دەدرێ وە ١/١٠ بەدەست و پێ ئازاردراونە ١/٨ بەئامێری برینداکەر لەلایەن پیاوەکانیانەوە ئازاردراون، وە لەساڵی ١٩٨٣ ژمارەی ئەو قوربانیانە بەرزبۆوە بۆ ڕێژەی ٩٠٪ کەلەساڵی ١٩٧٦ (٦٦٩,٠٠٠) حاڵەتی ئازاردانی منال لەلایەن یەکێك لە دایك و باوکیانەوە تۆمارکراوە، وە لەساڵی ١٩٨٧ ڕێژەکە بۆ ٢,٢ ملیۆن منالّی ئازاردراو، وە ١٣٠٠حاڵەتی مردنی منال



تۆمارکراوە بەهۆی ئەو توندوتیژییەی کەدایك و باوکەکان بەکاریان هێناوە (ئەم زانیارییانەم لە ئامارێکی نیشتیمانی وەرگرتووە کەلە ساڵی ١٩٩٠ بلاّوکراوەتەوە).[١٣]

زانایانی کۆمەڵناسی ئەم ڕەفتارە توندوتیژییەیان ناوناوە " توندوتیژی خێزانی " چونکە ڕەفتارێکی توندوتیژە و ئازاردەر شوێنەواری ئەشکەنجەدان بەسەر جەستی قوربانییەکانەوە بەجێدەهێلێ، ئەو قوربانییانەش یاژنن و قوربانی دەستی پیاوەکانیانن یا منالّن و قوربانی دەستی زر باوکەکانیانن، تەنانەت هەندێ جار باوکی بایۆلۆژیشیان, لەبەر ئەوە داوای پارێزگاری کردن دەکەن لە لایەن یاسا و دەسەلاّتە رەسمییەکانەوە، وەکو دەشزانین کە توندوتیژی خێزانی لەناوەوەی سنووری ماڵ و لە نێوان دیوارەکان رووەدەدا، هیچ کەسێك لەدەرەوە پێی نازانێ، ئەگەر سکالاّیەك لەلایەن قوربانییەکان و ئازاردراوەکانەوە لەلایەنە حکومییەکان تۆمارنەکرابێ، لەبەر ئەوە دامەزراوە ئاسایشیەکان پێی نازانن تەنها ئەگەر سکالاّ دژی ئازاردەر تۆمارنەکرابێ، کەواتە ڕەفتارێکی توندوتیژی نا ئاشکرایە بەهۆی داپۆشینی بەدیوارەکانی ماڵ و دەوردانی بە تۆڕی خێزانی.

ئەگەر بێینە ناو کۆمەڵگا عەرەبییەکان دەبینین باوك کاتێك هاوسەرگیری دووەم لەگەڵ ئافرەتێك ئەنجام دەدا کە پێشتر شوی نەکردووە، زۆربەی جاریش ئەو ژنە لەگەڵ منالّی پیاوەکەدا دەژی (ئەم حالەتە لە کۆمەڵگای رۆژئاواییدا بوونی نییە یا دەگمەنە، واتا ئافرەتێك یەکەم هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی خاوەن منال ئەنجام بدا و لەگەڵ منالّەکانیدا بژی، بەلّکو زۆرجار ئەو ژنە پێشتر شووی کردووە و منالّی هەبووە و شوو بە پیاوێك دەکا کە پێشتر ژنی هەبووە و منالّیشی هەیە). گرفتی خێزانی و پێگەیاندنی نێوان باوەژن منالّەکان وەکو رژد و حەسوودی دوورویی و رق دروست دەبێت، کاتێك روودەدا کە پیاو لەگەڵ ژنێکی تر هاوسەرگیری ئەنجام بدا، لەو کاتەدا هەردوو ژنەکە لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی نامال و بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پیاوەکەیان ناکۆکییان لە نێوان دروست دەبێ، یا ئەوەتا بێوەپیاوێك یا ژن تەلاّقدراوێك کە ژنەکەی مردووە یا تەلاّقی داوە و و منالّی هەیە، دەچێ کچێك دەخوازێ کە پێشتر هاوسەرگیری ئەنجام نەداوە، لەو کاتەشدا ناکۆکی لە نێوان منالّەکان و باوەژنەکەیان روودەدا، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە باوەژنەکە چۆتە ناو ژیانی تایبەتییان و کاروبارەکانی ناومال بە شێوازێکی تایبەت بەگوێرەی میزاج و خواستی خۆی بەرێوەدەبا، سەرباری ئەو رەهەندە دەروونییەی نێوانیان، وادەکا لێکدانەوەیان بۆ کارلێکە گوفتاری و رەفتارییەکان روون و پاك نەبێت، بەلّکو بەرەنگێکی پڕ

له هەڵچوون خراپ لێکدانەوە و راڤەکردن رەنگی دەکەن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە هەردوو لا واهەست دەکەن کەبێگانەن بەیەك، واتا بێگانەیە بە منالّی باوەکەی و منالّەکانی باوەکەشی بێگانەن بە باوەژنەکەیان، لەبەر ئەوە پیاوەکە هەڵدەستێ بە بەکارهێنانی رەفتارێکی توندوتیژ و زۆرەملێیانە بەلێدان و بۆکس و ئامێری بریندارکەر بەسەر منالّەکانیدا.

## و/٦- شوێنەواری تەلاّق:

دوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری گیروگرفتی نوێ لەلای تەلاّقدراوەکان " ژن و پیاو "دەردەکەوێ، کەجیاوازە لەو گیروگرفتانەی کە پێش پچراندنی پەیوەندییەکەیان لەنێوانیاندا هەبوو، واتا گیروگرفتی دەروونی و دەماری و دارایی و کۆمەلاّیەتی درووست دەبێ لە بری ناکۆکی کەسی و تێکچوونی هاوسەری، کە هەردووکیان هەڵدەستن بە دووبارە چاوخشاندنەوە بە شێوازی بیرکردنەوە و تەرزی مامەڵەکردنیان لەگەڵ خەڵکیدا، بۆ راستکردنەوەی خۆیان و هەڵەکانیان و دەستنیشانکردنی هۆکاری ئەو هەلاّنە بەشێوەیەکی دروست، بەواتایەکی تر هەردووکیان دەست دەکەن بە لێپێچینەوەی خۆیان و پشکنینی هەڵوێستە توند و نەرمەکان و بیرکردنەوە سەروژێرەکان و لۆژیکە دژپێکەکان بۆ ئەوەی لە دوارۆژ لە ئەزموونێکی نوێدا دووبارەی نەکەنەوە.

خوێندنەوەی خود و رووبەڕووبوونەوەی هەرەشەکانی سەربەخۆیی کەسایەتی " دوای پەیوەنیەکی نائارام هەستی ترس لە دوورەپەرێزی و پچرانی ئەڵقەی هاورێیتی نێوان خۆیان و نێوان هاورێکانیان لەلا درووست دەکات، ئەم حالّەتانەش گەشە بە خود و منایەتییە کۆمەلاّیەتییەکانیان نادا، بەلّکو گەشەکردنیان ئالّۆزدەکا و پەکی دەخا، لەبەر ئەوە تەلاّقدراو " ژن و پیاو " لەم قۆناغەدا بریاری یەکێك لەم دوو هەڵوێستە دژکارە دەدەن، ئەوەش یا ئەوەتا بە هۆی هەرەسهێنانی لە ئەزموونی یەکەم جارێکی تر هاوسەرگیری ئەنجام ناداتەوە، یا ئەوەتا دووبارە هاوسەرگیری ئەنجام دەداتەوە و سوود لە هەڵەی ئەزموونە سەرنەکەوتووەکەی وەردەگرێ " پێشوو "، لەهەمبەر ئەو زەمین لەرزەیەی کە تێگیشتن و دیدگا و بیروباوەر و خەونەکانیانی لەرزاند، شوێنەواری ئەزموونە سەرنەکەوتووەکەی یەکەم لەسەر شێوەی ئازار و پەشیمانی و داروخانی دەروونی و خواستی تۆڵەکردنەوە و پەرشوبلاّبوونی هەستەکان و بیرکردنەوە لە خۆکوشتن و رق لە خۆبوونەوە، دەردەکەوێ. سەرباری ئازاری رۆتینی لە بەدواداچوونی لێپێچینەوەی تەلاّق لەنێوان پارێزەر و دادگا کەزۆرجار ماوەیەکی دوور و درێژ دەخایەنێ و ژیانی ژن و پیاوەکە زیاتر ئالّۆز و بەئازار و نائارام



دەکا، ئەمەش وایان لێدەکا بەدیدگایەکی لێڵ و تەماوی تەماشای چوار دەوری خۆیان بکەن نەك بەچاوێکی روون و بە ئومێدەوە.

ئەو کەسەی هەڵوێستی دووەم " هاوسەرگیری دووەم " وەردەگرێ، ئەوە بەهەستی ترس لەدوورەپەرێزی و ژیانی بێ هاوسەری پاڵنراوە بەرەو درووستکردنی پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ رگەزی تر بەبێ سەربژاردە و هەڵبژاردن، بەڵکو ئەوەی کە هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کەتووشی ژیانی خێزانی بووە، تا چارەسەری ئەو دوورەپەرێزی و تەنیاییە بکات، کە دوای تەلاّق تێیدا دەژی و ئەوەش بەهەڵبژاردنی هاوسەرێکی تر دوور لەو پێوەرە کۆنانەی کە لە هەڵبژاردنی هاوسەری یەکەم بەکاری هێنابوو، بەڵکو پێوەری واقیعی و زانستی دادەنێ، نەك پێوەرێکی نموونەیی کە ئەستەم بێ لەسەر ئەرزی واقیع پیادەبکرێ، لەهەمان کاتیشدا لەهەموئەو شتانە دووردەکەوێتەوە کە هاوسەری پێشووتری وە بیر دەهینێتەوە " بەچاك و خراپییەوە " بۆ ئەوەی خۆی لەو هەرەسهێنانانە لابدا کە لە ئەزموونی پێشوودا رووبەڕووی بوبۆوە، هەوەها نەوەك بکەوێتە هەمان هەڵە و هەمان تراژیدا دووبارە بکاتەوە، تەلاّقی دووەم " ئەم قسەیەش بەسەر ژن و پیاوی تەلاّقدراودا دەسەپێ ".

ئەو هەڵوێستە " هاوسەرگیری دووبارە " لە کۆمەڵگای رۆژئاواییدا لەرووی کۆمەلاّیەتی پشتگیری لێدەکرێ، چونکە تەلاّق کەم وکوری نییە و ناوناتۆرەی شورەیی لەدواناخرێ و بەرامبەر ئەمە لێبووردەیە، بەڵکو شتیکی ئاساییە و بەهەڵبژاردنێکی پراکتیکی دەژمێردرێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتە لەچارەنەهاتووەکانی ناو خێزان.

بێگومان دەرچوونی ئافرەت بۆ کار و سەربەخۆبوونی لەرووی ئابووریەوە لە پیاو،بووە هۆی کەمکردنەوەی ئەو یارمەتیانەی کە حکومەت دەیدا بە خێزانە تەلاّقدراوەکان، تاوای لێهات تەلاّق نەدەبووە گرفتێکی دارایی بۆ حکوومەت، چونکە لە حالّەتی نەبوونی سەرچاوەیەکی دارایی بۆ تەلاّقدراو زۆر لە حکوومەتەکان یارمەتی داراییان پێشکەش دەکرد، ئەوەش بۆ بەرێوەبردنی تەلاّقدراوەکان و منالّەکانیان.

دوای ئەو روونکردنەوە خێراییەی شوێنەوارەکانی تەلاّق پێویستە بە شێوەیەکی بەشەکی بخرێنەڕوو، واتا شوێنەوارەکان لەسەر ژن و پیاوی جیابۆوە و منالّەکانیان و خێزانەکانیان، هەریەکە و بەجیا بۆ ئەوەی شوێنەوارەکان تێکەڵ نەبن.

## شوێنەواری تەڵاق لەسەر تەڵاقدەر " پیاو "

دوای ئەو زەمین لەرزەیەی ئاڵۆدەی پەیوەندی هاوسەرەکان دەبێ و هەموو ئەو شتانە کەلەسەر خانەی خێزانی بوونیادنراوە دادەرووخێ و تۆرە پەیوەندییەکانی تێدا دەپچڕێ، لەو کاتەدا تەڵاقدەر تووشی بێ ئومێدی و رەشبینی و دوورەپەرێزی دەبێ و وەهم و خەیاڵاتی زۆر و بیروباوەری لێڵ و رەنگاورەنگ بوون و ئاڵۆزبوونی کاروبارەکان کۆنترۆڵی بیرباوەرەکانی دەکەن، ئەوەش وادەکا شك و گومان لە هەموو ئەو شتانەی دەورووبەری خۆی بکا، هەروەها بیروباوەر حووکمەکان هاوسەنگی و جێگیری لەدەست دەدەن.

بەواتایەکی تر : بیروباوەرەکانی جێگیر نابن بەڵکو سەروژێر و دژیێك دەبنەوە و حوکمەکانیشی نارەسەن و لاواز دەبێ، سەرباری دوودڵی و رارایی و حەزنەکردن بەبینینی دۆست و هاورێکانی، بەلام ترسی گەورە لەلای ئەو، ترس لەوەی مناڵەکان خۆیان لێی بدەن و بیرلەوە بکەنەوە کە کەمتەرخەمە لەبەرگەگرتنی بەپرسیارییەتیان، ئەم ترسەش وای لێدەکا زیاتر لەپێش روودانی تەڵاقەکە پەیوەستی مناڵەکانی بێ، بۆ ئەوەی لەدەستیان نەدا وەکو ئەوەی دایکیانی لەدەست دا، لەئەنجامدا رۆڵی باوکایەتی لەق دەبێ دوای ئەوەی رۆڵە هاوسەریەکەی لەرزی و بووە قوربانی خێزانی یەکەم.

## شوێنەواری تەڵاق لەسەر تەڵاقدراو " ژن "

دیارترین زەمین لەرزەی کۆمەڵایەتی خێزانی " تەلاق " بەسەر تەڵاقدراوەوە ئەو دەست کورتییە داراییەیە کە پیاو لەکاتی هاوسەریدا بۆ ژن و مناڵەکانی پڕی دەکردەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی ژیانی ژنەکە بەرێژەی ٧٣٪، بەلام ئاستی ژیانی پیاوەکە بەرێژەی ٤٢٪ بەرزدەبێتەوە، ئەوەش بۆ راوەستانی خەرجی مێردەکەی دەگەرێتەوە [١٤]، ئەم حاڵەتەش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ قەبارەی هەژاری لەناو کۆمەڵگای ئەمریکیدا زیاد دەکات، هەروەها رێژەی مێینەش لە کۆمەڵگا هەژارەکان زیاد دەکات، بەجۆرێك کە زانایانی کۆمەڵناسی ئەمریکی ژنە تەڵاقدراوەکانیان ناوناوە " ئافرەتە هەژارەکانی ماڵەوە " یا " هەژاری مێینە "، کە تەڵاقدراوەکە دوای تەڵاقەکەی لەڕووی جەستەییەوە ماندوو دەبێ، ئەوەش بەهۆی کارکردنی لەناوەوە و دەرەوەی خێزان " ماڵ " و جەختکردنەوەیەکی چڕ بەسەر مناڵەکانییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ سەرچاوەیەکی دارایی تەواوی نییە



بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە رۆژانەیەکانی ماڵ، کەپێشتر بەهۆی ئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکە لەلایەن پیاوەکەوە ئەم گرفتەی نەبووە.

ئەوە لەلایەك لەلایەکی ترەوە تێروانینی بۆ خۆی تێروانینێکی ئیجابی نییە و لەگەڵیدا یەکانگیر نایەتەوە، بەڵکو جیابوونەوە لەنێوان خودی تاکایەتی و منایەتی کۆمەڵایەتی لەلا روودەدا.

## شوێنەواری تەڵاق بەسەر منالی تەڵاقدراوەکان

هەرچەندێك رێژەی تەلاق بەرزبێتەوە، منالی تەلاقدراوەکانیش " بێ سەپەرشتەکان " زیاد دەکا، کە دایك و باوکیان و چاودێری کۆمەڵایەتیش هیچ گرنگی و یارمەتییەکی داراییان پێ نادەن، بێجگەلەوەی تەلاق بۆ ئەوان کۆستێکی کوشندەیە، بەتایبەت لە ساڵی یەکەمی تەلاقەکە کە رودانی لەڕووی دەروونی و خێزانییەوە بەئازارە، لەبەر ئەوەی چاودێری دایك و باوکیان کەم دەبێتەوە و ورە و تەندروستیشیان دادەرووخێ، ئەو داروخانە ورەیەش بە گریان و بێ ئومێدییەکی زۆرتر لە جاران رووبەڕوویان دەبێتەوە و لەئەنجامیشدا لەدەسەلاتی دایك و باوکیان یاخی دەبن.

بێ گومان نەبوونی باوك، مناڵەکان تووشی دڵەراوکێ دەکا و گیروگرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتیشیان بۆ سازدەبێ، چونکە لەکاتی هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکانی خێزان — دوابەدوای ئەوە — ژیانی مناڵەکانیشی دەگۆڕێ و دەگاتە حاڵەتێکی خراپ،چ لە خێزانەکەیان بێ یا لە قوتابخانە، ئەوەش لەسەر شێوەی دوودڵی و نائارامی و دڵەراوکێ دەردەکەوێ، چووست و چالاکییان سست دەبێ و هەستەکانیان تینووی سۆز و خۆشەویستی دەبێ، سەرباری پێویستییان بەو کەل و پەلە ماددییانەی کە لەگەڵ گەورەبوونیان زیاد دەکا، وە بەهۆی نەبوونی یارمەتییەکی دارایی لە باوك یا بەهۆی کەمبوونەوەی، زۆر جار وادەکا داهاتی داراییان دابرووخێ.

حەقیقەتێکی تر لەمەر تەمەنی مناڵەکان کە دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم، پوختەکەی ئەمەیە، ئەو منالانەی کە تەمەنیان لەخوارووی پێنج ساڵەوەیە، ئەوە کاریگەربوونیان بە شوێنەوارەکانی تەلاق لەڕووی دەروونی و تەندرووستی و چاودێری و کۆمەڵایەتیەوە کەمترە، لەو منالانەی کە لە تەمەنی دە (١٠) ساڵی یا زیاترن، چونکە زیاتر لەمەسەلەکان تێدەگەن،لەگەڵ گەورەبوونیشیان زیاتر لەگەڵ دایك و باوکیان تێکەڵ دەبن، ئەو کوڕ وکچانەی کە تەمەنیان پانزە ساڵە لەهۆکارەکانی ناکۆکی و دووبەرەکی و مشتومری نێوان دایك و باوکیان تێدەگەن، لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەو رووداوە دووبەرەکیان مناڵەکان هەڵدەستن پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی مادە سەرخۆشکەر و

هۆشبەرەکان، وەکو پەناگەیەك بۆ دوورکەوتنەوە لەو بومەلەرزەیەی کە تووشی خێزانەکەیان بووە، ئەوەش بەرۆڵی خۆی کاریگەری دەبێ لەسەر دەوامی قوتابخانەکەیان و پچرپچر و لاواز دەبێ ئەگەر بەتەواوی نەپچرێ.

لەبەر ئەوە منالّی تەلاّقدراوەکان هەست بە بەختەوەری منالّیتی و ئارامی کەشی خێزانیان ناکەن، چونکە بەدووبەرەکی بارگاوی بوون، ئەوەش یەکێکە لە شوێنەوارەکانی بومەلەرزەی خێزانی کە خانەی خێزانی تووشی دەبێ.

ئەگەر زیاتر بچینە قوولاّیی شوێنەوارەکانی تەلاّق بەسەر منالّەکاندا دەبینین گرنگی و بایەخی خودێتیان کەمترە ئەگەر بەراورد بکرێ بەگرنگی و بایەخی خودێتی ئەو منالاّنەی کە دایك و باوکیان جیانەبوونەتەوە، بەتایبەت لەلای ئەو گرووپە ئایینی و نەژادیانەی کە تەلاّقیان حەرام کردووە، هەروەها بایەخ و گرنگی خودێتیان کەمتر دەبێ ئەگەر دایکە تەلاّقدراوەکەیان تەمەنی منالّ بێ، ئەوەش بەهۆی کەم ئەزموونی لە ژیانی خێزانی و گشتی، کە رووبەڕووی چەندین گیروگرفتی ژیانی و پەیوەندی دەبێتەوەو ناتوانێ بە شێوەیەکی بونیادی و بنەبر چارەسەریان بکا، بەڵکو بەشێوەیەکی بێزاری و شپرزەیی و سست چارەسەریان دەکا، هەموو ئەوانەش بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەسەر منالّەکاندا رەنگ دەداتەوە و دڵخۆشی و کامەرانی خێزانیان دەرووخێنێ، نەك هەر ئەوە بەڵکو تەلاّق کاریگەری بەسەر پەیوەندییان بەنەنك و باپیریشیانەوە دەبێ، کە لەگەڵ دایك و باوکی دایکیان بەهێز و بەردەوام دەبێ بەپێچەوانەی پەیوەندییان بە دایك و باوکی باوکیانەوە سست ولاوازە، ئەوەش بۆ کاریگەری دایکیان دەگەرێتەوە کە هانیان دەدا لە پەیوەندی کردنێکی بەردەوام بەکەس وکاری خۆیەوە.(١٥)

## شوێنەواری تەلاّق بەسەر خێزانەوە بەگشتی

لەگەڵ زۆربوونی حالّەتی تەلاّق لە ناو کۆمەڵگا گیروگرفت و دیاردەی زۆر و هەمەجۆر دەردەکەوێ:

خێزانی هەڵوەشاوە بەهۆی تەلاّقەوە راستەوخۆ بەهۆی ژنی مالّەوە رێبەری دەکرێت نەك بەهۆی سەرپەرشتیاری خێزانەوە کە باوکە، چونکە باوك لەمالّێکی تردا دەژیت و منالّەکان لەگەڵ دایك دەمێننەوە. لەکۆمەڵگای ئەمریکیدا پانزە ملیۆن منالّ — واتا نیوەی دانیشتوانی ویلایەتە



یەکگرتووەکانی ئەمریکا - لەگەڵ یەکێك لە دایك و باوکەکانیان دەژین، نەك لەگەڵ هەردووکیان وە زۆربەی جاریش لەگەڵ دایکیانن، ئەو لێکۆڵینەوانەی لەمەر تەلاّق لەناو خیزان کراون، توێژینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە دوای هەڵوەشانەوەی پەیوەندی خێزانی منالّەکان لە دایك و باوکیان دادەبرێن و لەماوەی سالّێکدا تەنها یەك جار دەیانبینێ، رێژەکەشیان ٨٠٪ یە، لەبەر ئەوەی لە خێزانی پێکهاتوو دەژین " واتا لەگەڵ خێزانێك کە پێکهاتووە لە دایك و منالّەکانی و پیاوی دووەمی یا باوکێك و منالّەکانی و ژنی دووەمی " ئەو جۆرە خێزانانە چەند توخمێکی بوونیادی لەخۆدەگرن، کە جیاوازە لەخێزانی هاوشێوە لەڕووی ئۆرگانییەوە یا لەخێزانی سروشتی " کەلە ژن و پیاو و منالّە سروشتییەکانیان — بایۆلۆژییەکانیان پێکهاتووە "، بەم شێوەیە :

١- یەکێك لەدایك و باوکە حەقیقی — بایۆلۆژییەکان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا لەیەك مالّ ناژین.

٢- یەکێك لە دایك و باوکەکان پەیوەندی سەرەتایی لەگەڵ منالّەکانی لەدەست داوە، واتا منالّە حەقیقییەکان لەگەڵیدا ناژین، یا ئەوەتا لەگەڵ دایکە تەلاّقدراوەکەیان دەژین یا لەگەڵ باوك و ژنی دوومی دا دەژین.

٣- پەیوەندی پیاو یا ژنە تەلاّقدراوەکە لەگەڵ منالی هاوسەرە نوێیەکەیان پەیوەندییەکی خوێنەکی — خزمایەتی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی لاوەکی و رووکەشییە.

٤- منالّەکان وا تەماشای خێزانەکەیان دەکەن کە زیاتر لەبەرپرسێکی خێزانیان هەیە " واتا باوکە حەقیقییەکە لەدەرەوەی مالّ دەژی و باوکەکەی تریش " زرباوك " لەگەڵ ئەوان لەیەك مالّدا دەژی، یا دایکە حەقیقییەکە لە دەرەوەی مالّ دەژی و ژنی باوکیان " باوەژن " لەگەڵیاندا لەیەك مالّ دەژی.

٥- پەیوەندییەکی یاسایی جێگیر لە نێوان منالّە بایۆلۆژییەکان و یەکێك لە دایك و باوکەکان نییە، وەکو پەیوەندی پیاو و منالّەکانی ژنی دووهەمی پەیوەندییەکی شەرعی یاسایی نییە یا پەیوەندی ژن بەمنالّەکانی پیاوی دووەمی.

ئەو تێکەڵبوونە دوورەگییە،ململانییەکی زۆر و کەشێکی ناسۆزدار و نائارام لە نێوان منالّەکان دەهێنێتە ئاراوە، وەکوە ململانێی نێوان منالّە سروشتییەکان و منالّی یەکێك لە هاوسەرەکان " ناسروشتییەکان " یا لەنێوان رۆڵی هەریەکێکیان بەرامبەر ئەویتر یا شێوازی پەروەردەکردنی خێزانی لەناو خێزانەکە، کەهەردوو شێوازی لەخۆدەگرێ کەمنالّی تەلاّقدراوەکان ملکەچی دەبن.(١٦)

## پوختە

دوای ئەو درێژە پێدانە، پێویستە لەسەرم لەکۆتایی بابەتەکەدا تەلاڤ لەڕووی کۆمەلاًیەتییەوە شی بکەمەوە، هاوسەرەکان بەرێکەوت پابەندی یەکتر نابن، بەڵکو کاتێك پەیوەندی نێوانیان دروست دەبێ کە هێزێکی کێشکردن یا زیاتر لە هێزێکی کێشکردن لەلای یەکێکیان هەیە، سەرنجی ئەویتر رادەکێشێ و دەرگای پەیوەندی یاسایی دەبێتەوە، (هاوسەرگیری بەشێوەی فەرمی) زۆرجاریش سەرنج راکێشانی دەرەکی (جوانی لەش ولار و شێوەی گشتی رووخسار) ژنەکە، پیاوەکە بەلای خۆیدا رادەکێشێ، کەبەدوای ئەو جوانیەدا گەراوە، وەدواتر ئەو سەرنج راکێشانە پەلکێشکردنی تر بەدوای خۆیدا دێنێ، وەکو سەرنج راکێشانی کۆمەلاًیەتی " گرنگی و پێگەی کۆمەلاًیەتی یا ئاستی رۆشنبیری یا خوێندەواری یا ئابووری _ داهاتی دارایی " دوای دەستگرانیش سەرنج راکێشانە ناوەکییەکان دەردەکەون " میزاج و سۆز و هەڵوێستە خودییەکان "، دواتر ئەم سەرنج راکێشانانە -لەدیدی نێرینەکەدا — دەبنە هۆکاری دوورکەوتنەوە نەك نزیك خستنەوە، لە ئەنجامیشدا گرنگی سەرنجراکیشانەکانی تر کەم دەکاتەوە و باق و بریقەکانی دادەپۆشێ، ئەم حاڵەتەش لای ئافرەتەکە هەمان شتە، کە سەرنج راکێشە دەرەکییەکان سەرنجی رادەکێشن و دواتر کۆمەلاًیەتی و ئابووری و رۆشنبیری و دوای ئەویش ناوەکییەکان، کە بەرۆڵی خۆی دەبێتە هێزێکی نزیکخەرەوە، دواتریش دەبێتە هێزێکی دوورخەرەوە و رۆڵی سەرنج راکێشانەکانی تر کەم دەکاتەوە لەلای هاوسەرە نێرینەکە.

لەژێر تیشکی ئەو سەرنج راکێشە تێکەهەڵکێشانەی نێوان هاوسەرەکان، هاوسەگیرییەکە بەردەوام دەبێ، بەلاًم لەحاڵەتی سست بوونەوەی چالاکی یەکێك لە سەرنج راکێشەرەکان بەهۆی ناچوونیەکی و ناهاوچەشنی سەرنج راکێشەرە ناوەکیەکان و ئەوانیتر دەبێتە هۆی ئەوەی هاوسەرگیرییەکەیان بگاتە بواری خۆئامادەکردن، واتا هەرچەندە ناکۆکی و دووبەرەکیەکەیان زیاتر بێ بەهایی سەرنج راکیشانەکانیان تا نزمترین ئاست کەم دەبێتەوە و دەگاتە حاڵەتی وشکبونەوەی پەیوەندی و کارلێکەکان تینوویەتی سۆزداری، ئەوەش بەرۆڵی خۆی چالاکی پەیوەندییە هۆگری و بەرژەوەندی و دەروونی و سێکسی و داراییەکان پەك دەخا، دوای ئەویش پەیوەندییەکەیان دەگاتە حاڵەتی مردن " واتا تەلاڤ ".

مەبەستم لەو شیکردنەوەیە گەیشتن بوو بەو دەرئەنجامەی کە تەلاڤ واتا وەستانی بەردەوامێتی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان هاوسەرەکان و وشکبوونەوەی کارلێکی کۆمەلاًیەتی



نێوانیان و ئەو پەیوەندییەی کە دەیانبەستێتەوە، کە دواتر پەیوەندییە هاوسەریەکەیان دەگەیێنێتە حاڵەتی کۆتایی هێنان و دوای ئەویش هەڵوەشانەوەی گرێبەستی رەسمی " تەلاڤی یاسایی ".

بەلاًم لێرەدا چەند حاڵەتێکی رانەگەینراو هەن کە دەکەونە پێش تەلاڤی یاسایی، لەوانەش " تەلاڤی سۆزداری " کەواتای نەبوونی کارلێکی هۆگری و هەستەوەری نێوان هاوسەرەکان یا لەلای یەکێکیان هەیە ولای ئەویتر نییە، وەدەشێ ئەم حاڵەتە رووبدا و هاوسەرگیرییەکەشیان لە نێوان هەربەردەوام بێی و " تەلاڤە سۆزداریەکەش "پەیوەندییەکەیان نەگەیشتبێتە قۆناغی رووداني یاسایی راگەێنراو.

هەروەها تەلاڤی سێکسی هەیە،دەشێ رووبدا و هاوسەرگیریەکەش لە نێوان هاوسەرەکان هەر بەردەوامە، واتا وەلاًمدانەوەی سێکسی لەلای هەردوولا بەئەنجام ناگەێنرێ، بەڵکو لەلای لایەنێك هەیە و ئەویتر وەلاًم ناداتەوە، ئەم جۆرە تەلاڤە رانەگەیێنراوە بەردەوام دەبێ تا کۆتایی ژیانی یەکێکیان، کەتا ئەوکاتەش هاوسەرگیری یاسایی لەنێوانیان هەبووە.

دواتر تەلاڤی دەروونی هەیە کە واتای قبوڵنەکردنی یەکترە، واتا یەکێکیان ئەویتر رەتدەکاتەوە، چونکە هاوسەرگیرییەکەیان یا بۆ رازیبوونی خێزانەکەیان بووە یا بۆ بەدێهێنانی بەرژەوەندیەکی خێزانی یا دارایی کە هیچ شەیدابوونێکی دەروونی و قبوڵکردنێکی یەکتری لە نێوانیاندا نییە، ئەم جۆرە تەلاڤە تا مردنی یەکێکیان یامردنی هەردووکیان راناگەیێنرێ و بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتیش هاوسەرگیرییەکەیان بەردەوامە.

لەهەموو ئەو جۆرانەی کە باسکران لەو تەلاڤانەی کە بەشێوەیەکی ئاشکرا رانەگەیێنراون، هیچ گرفتێکی حەقیقییان تێدا نییە، بەڵکو هەمووی دروستکراون، ئەوەش بەهۆی ناچالاکی کارلێکی کۆمەلاًیەتی نێوانیان و رووکەشی پەیوەندییەکەیانە, کە پەیوەندییەکی هەڵخەڵەتێنەر و ناراست و درۆیە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە هاوسەرگیری واتا نزیکخستنەوەی سۆزداری و زەوقی و دەروونی و رۆشنبیری و فەلسەفی و ماددی کە دەیانبا بەرەو پەیوەندی رۆڵی " رۆڵی پیاو و رۆڵی ژن " و هاوبەشکردن لەگەشەپێدانی خانەی کۆمەڵگای بچووك و سەرەتایی. هەرچەند لەو بوارانەدا لێك نزیکببنەوە زیاتر وابەستەی یەکتر دەبن و پێکەوە دەگونجێن و دەگەنە پلەیەکی پێشکەوتوو لە پایەکانی هاوسەرگیری سەرکەوتوو.

بەواتایەکی تر تەلاّق لەڕووی کۆمەلاّیەتییەوە واتا " مردنی پەیوەندی هاوسەرگیری " ئەوەش بەهۆی وشکبونەوەی کارلێك و پەیوەندی نێوان هاوسەرەکان، ئەو مردنەش واتای لەناوچوونی ناوکی سۆزداری نییە لەلای تەلاّقدراوەکان " ژن و پیاو " بەڵکو لە کەشێکی سۆزداری ژێێنەرەوەدا گەشە دەکا و جارێکی تر کار بۆ دووبارە گەشەکردنەوەی دەکا بەهۆی بە پەیوەندییەکی سۆزداری کەلە گەشەپێکردنەوەیدا یارمەتی دەدا بەدوور لە هۆکاری مردن و لەناوچوونەکانی - بەگوێرەی توانا.

لەکۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کەکاتێك کۆمەڵگا ئازادی تاکەکەسی بەتاکەکان دەدا _ وەکو ئەوەی کۆمەڵگای ئەمریکی بەتاکەکانی داوە بەتایبەت ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان بەبێ دەستێوەردانی کەس وکار ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە مڵکەچی خواستی تاکەکەسی و میزاجی و سۆزداری بێ لەگەڵ دەستێوەردانی هەندێ گۆڕانی کۆمەلاّیەتی، کە پەیوەندییان بەهێز و پتەو ناکا، بەڵکو گرێبەستەکەیان شل دەکاتەوە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆستە کۆمەلاّیەتییەکان کە خانەی یەکەمی کۆمەڵگا هەلدەوەشێنێتەوە.

بێ گومان ئازادی تاکەکەسی ڕێگەپێدراو لەکۆمەڵگادا ئاماژەییە بەوەی کە کۆمەڵگا وا دەروانێتە هەستەکانی تاك کەهەستی کاملن. بەلاّم " کۆمەڵگا " کاریگەری گۆڕاوە میزاجییەکانی فەرامۆشکردووە، کە لەئامانجی خۆی لە ڕێزگرتنی مافی تاك لە دەربرین و هەڵبژاردن و سەربەخۆیی شەخسی، لایداوە. بەلاّم گرفتەکە لەوەدایە کە خواستە تاکییەکان و میزاجییە سۆزدارییەکان ناتوانن خۆڕاگربن بەرامبەر گرفتە خێزانی و ژیانییەکان، خێرا لەبەرامبەر کۆستە سووکەکان و بەربەستە سەرەتاییەکان پاشەکشە دەکەن و هاوسەرەکانیش یەکتر جێ دەهێڵن.

ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە ، کاتێك کۆمەڵگا ناوناتۆرەی خراپ و نەنگی کۆمەلاّیەتی لەسەر تەلاّقدراوەکان " ژن و پیاو " لادەبا، ترس و دڵەراوکێی دەروونیش لەلای تەلاّقدراوەکان نامێنێ، تێروانینی نێگەتیڤی خەڵکی بۆیان لاواز دەبێ، ئەوەش وادەکا خەڵکی بەلایانەوە ئاسایی بێ هاوسەرگیری لەگەڵ تەلاّقدراوەکان " ژن و پیاو " ئەنجام بدەن، بەبێ دوودڵی و بەڵکو بەئارەزوویەکی گەشبینانەوە، چونکە بوون بە خاوەن ئەزموون لەتاقیکردنەوە سەرنەکەوتووەکەی پێشوویانەوە و ناشییانەوێ جارێکیتر دووبارەی بکەنەوە.



**زاراوەکانی بەشی شەشەم**

| | |
|---|---|
| *Anguish* | *ئەشکەنجە، تاوانی چەپەڵ* |
| *Adultery* | *زینا، سێکسی ناشەرعی* |
| *Blended family* | *خێزانی تێکەڵ* |
| *Broken Marriage* | *هاوسەرگیری هەڵوەشاوە* |
| *Community divorce* | *تەلاّقی کۆمەڵگای* |
| *Disenchanted* | |
| *Divorced children* | *مناڵی تەلاّقدراوەکان* |
| *Distrust* | *بێ متمانەیی* |
| *Dissolution of marriage* | *هاوسەرگیری چارەسەر* |
| *Domestic violenc* | *توندوتیژی خێزانی* |
| *Desertion* | *جیابوونەوە* |
| *Drug addiction* | *خوو گرتن بەماددەبێ هۆشکەرەکان* |
| *Despair* | *بێ ئومێدی* |
| *Emotional divorce* | *تەلاّقی سۆزداری* |
| *Emotions of divorce* | *سۆزەکانی تەلاّق* |
| *Economic divorce* | *تەلاّقی ئابووری* |
| *Feminization of poverty* | *بەمێینەکردنی هەژاری* |
| *Female-headed family* | *خێزانێك کە سەرۆکی خێزان بەرێوەی دەبا* |

| | |
|---|---|
| *Felony conviction* | *تاوانبارکردن بەتاوان* |
| *Identified family* | |
| *Impotency* | *کەم ئەندامی* |
| *Imprisonment* | *ئازاردان(یاخیبوونی ژن لەمێردەکەی)* |
| *Insanity* | *شێتی* |
| *Legal divorce* | *تەڵاقی یاسایی* |
| *Legal Separation* | *جیابوونەوەی یاسایی* |
| *Non- support* | *بەرێوەنەبردنی، چاودێری نەکردن* |
| *Pregnancy at marriage* | *سکپری بەر لەهاوسەرگیری* |
| *Relit well* | *هەستکردن بە پشوو* |
| *Step children* | *مناڵی پیاوی یەکەم یا ژنی دووەم* |
| *Serial marriage* | *هاوسەرگیری لەدوای یەك* |
| *Throwaway marriage* | *هاوسەرگیری راگوزەر* |
| *Vengeance* | *تۆڵەکردنەوە* |
| *Wife bettering* | *لێدان یا ئازاردانی هاوسەر* |
| *Blended family* | *خێزانی تێکەڵ* |
| *Physical crusty* | *لێدانی توندوتیژ لەسەر جەستە* |



## سەرچاوەکانی بەشی شەشەم


١- السريني، عبد الودود/١٩٩٢ " احكام الزواج و الطلاق في الشريعة الاسلامية" الدار بمصر ص/٢٠٧.

٢- عمر، معن خليل ١٩٨٤ " تاريخ الفكر الاجتماعي" مطابع جامعة الموصل- العراق،ص٣٩.

3-Cox,Frank,1981"Human Intimacy"West Pullishing Co.New York P.449.

4- Ibid.p.442.

5- Ibid.p.502.

6-Blood,B.M.and Blood ,1978"Marriage" The Free Press,New York,p.575.

7-Schafar ,R and Lamm, R.1992" Sociology"Mc Grow-Hill,New York,p.399.

8- Cox,Frank,1981.P.p.455-459.

9-Schafar ,R and Lamm, R.1992,p.402.

10- Ibid.p.403.

11- Cox,Frank,1981.P.469.

12-Wallace,R,ch.and Wallace,W.D.1989"Sociology"Allyn and Bacon-Boston,p.531.

13- Schafar ,R and Lamm, R.1992 ,p.401.

14 Wallace,R,ch.and Wallace,W.D.1989.577.

15- Wallace,R,ch.and Wallace,W.D.1989,p.352.

16- Wallace,R,ch.and Wallace,W.D.1989,p.p.576-579.



# بەشی حەوتەم

# قـــــەیرەیی

## ئەیامی[٢] (تەپتەل)*

### أ/٧- سەرنجێکی خێرا:

وای دەبینم باشتر وابێ بەخستنەڕووی رووە پێـچەوانەکی هاوسـەرگیری دەسـت پێبکـەم، بـۆ ئەوەی تیـشك بخەمـە سـەر سروشـت و مەرجـەکانی و هاکـات دیـارترین گرنگـی خێـزان وەکـو خانەیەکی کۆمەلاَیەتی لەکۆمەڵگا، واتا لەگۆشەیەکەوە دەستپێدەکەم پێش پەیدابوونی خێزان.

لای کەس شاراوە نییە گەر بڵێین قەیرەیی نوێ نییە لەسەر ژیانی گەلان، بەڵکو کۆنە بـەکۆنی رۆژگار گەر بەسیحر و مومارەسە کردنی رێورەسمە ئایینییەکان بەراوردی بکەین، وە دەتوانین بڵێین یەکێکە لە پێداویستییەکانی سیستەمی کۆمەلاَیەتی باو لەو گرووپە کۆمەلاَیەییەی کە پێویستی بەمومارەسـەکردنی سـیحر و بـاوەر بەجادووگـەران هەیـە، قـەیرەیی خۆویـست " تەپتـەل " پابەندییەکە هەندێ لەمرۆڤەکان ناچار دەکات کە ئینتیمای خۆیان بۆ کۆمـەڵگاکانیان دەربـڕن ، دوای ئەوە قـەیرەیی بـە پەرەسـەندن و بـە شارسـتانیبوونی کۆمـەڵگا هەڵدەچـێ و زیـاد دەکـا، بەتایبەت بەو گۆڕانە فێرکاری و پیشەسازی و خۆشگوزەرانییانەی کە هاوسـەرگیری پیـشەسازی و دەوڵەمەندانەیان بۆ چەند سـاڵێك دواخـستووە، لـەپێناو دوورتـرین ئـەو شـتانەی کـە کلتـووری کۆمەڵگا بریاری لەسەر داوە، بەلاَم بەتەواوی رێگری لیَ ناکا، بەواتایەکی تـر هەرچـەند تەمـەنی قەیرەیی درێژ بێتەوە تەمەنی هاوسەرگیری کورت دەبێتەوە.

دواتر قەیرەیی ملکەچی هەلوێستگیری گوزەرانی هەندێ  لەگەنجەکان دەبێ لەبەرزبونـەوەی خەرجی گوزەران لە ژێر سیستەمی ئابووری پێشکەوتوودا وا دەکا قەیرەیی لـەنێوان گەنجـەکان بلاَوبێتەوە، وە بۆ ئەوەی حوکمێکی تونـد بەسـەر قەیرەییـدا نـەدەین، پێویـستە هۆکارەکـانی روودانی لە لای گرووپێکی کۆمەلاَیەتی دیاری بکەین، دواتر حوکمی بەسەردا بـدەین، چـونکە پەنا بۆ بردنی هـەروا هەرەمـەکی و کوێرانـە نییـە ، بـەڵکو دوای بیرکردنـەوە و گەیـشتن بـە بیروباوەرێك بریاری لەسەر دەدەن، بەلاَم ئەو بیرلێکردنەوەیە جارێك ملکەچی ئیرادەی خـودەکی دەبێ جارێکی تر ئیرادەی کۆمەلاَیەتی (واتا پابەندبوونی  کۆمەلاَیەتی بۆ پێچەوانەکەی جـۆر و سروشتی سیستەمی باوی کۆمەڵگا.

بەم شێوەیە دەتوانین دوو جۆری سەرەکی قەیرەیی جیابکەینەوە:

---

[٢] ئەیامی " رەبەن " بە واتای قەیرەیی پیاو و ئافرەتە.

* پاکیزە(تەپتەل) بوخچەی نەکراوە(کەسێك خۆی واز لەشووکردن یا ژنهێنان بێنیێ.

## ب/ ٧- جۆرەکانی قەیرەیی:

***- ناچارەکی - بەئارەزوو***

**یەکەم :** ناچارەکی واتا پەنابردنە بەر قەیرەیی بەهۆی فشارێکی سەختەوە کەبۆ حاڵەتی " ناهاوسەرگیری " پاڵی پێوە دەنێ، ئەو فشارە سەختەش ئەم شێوازانە دەگرێتەوە :

١- ڕێبازی ئایینی
٢- ڕێبازی یاسایی
٣- ڕێبازی هاوچەرخانە
٤- ڕێبازی ژیانی
٥- ڕێبازی بەهایی
٦- ڕێبازی نموونەیی

**دووەم :** بەئارەزوو : واتا لێرەدا ئیرادەی خودەکی ڕۆڵی لەدەرکردنی بریاری ناهاوسەرگیری هەیە بەبێ ملکەچی بوونی مرۆڤ بۆ هیچ فشارێکی سەخت کەپاڵی پێوەبنێ بۆ پەنابردنە بەر قەیرەیی، لەوانەش خۆپەرستی واتا شەیدابوون بەجوانی و هێزی جەستەیی خۆی کە پێی دەوترێ " خۆپەرستی نوێ — New Narcisim " ئەوەش بۆ ئەوەی پارێزگاری لەجوانی و شۆخ و شەنگی و هێزی خۆی بکا، نموونەی ئەم حاڵەتانەش لای ژن و پیاوە ئەکتەر و گۆرانی بێژو وەرزشوانەکان دەبینرێ.

دواتر خۆپەرستییەکی لەرادەبەدەر بۆ چێژوەرگرتن لە خۆشگوزەرانی ژیانێکی کوێرانە و هەرەمەکی نابەرپرسانە بە پێویستییەکانی ژیانێکی کۆمەلایەتی دڵسۆزانە لە بەرهەمی بەردار، هەروەها هەندێ کەس پێیان خۆشە لەژیانێکی بێ دەنگ و ئارام دا بژین و دوورەپەرێز بن لەخەم و گرفت و کالێکە مرۆییەکان، تا وایان لێ دێ بیرکردنەوەی خۆیان، بەدووربگرن لەبیرۆکەی هاوسەرگیری.

هەروەها فەراهەمبوونی سەروەتێکی زۆر بۆ چێژوەرگرتن لە خۆشگوزەرانییەکانی ژیان، بۆئەوەی هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی و رابواردن بەدەست بهێنێ و بچێ بۆ شوێنە خۆشەکانی جیهان بەبێ سنوور و بەربەست.

بەلاّم ئەگەر ئەو حاڵەتە بە خۆپەرستییەکی لەرادەبەدەر و چێژ وەرگرتنێکی دنیایی و شەیدابوونی جوانی جەستە بەراورد بکەین، دەبینین قەیرەیی ئارەزوومەند ماوەکی درێژترە، لەوەی



بە گۆڕانکارییەکانی پێشوو بەراوردی نەکەین، لەکۆتاییدا ئەزموونی خودەکی لەهاوسەرگیری سەرنەکەوتوو وا لەو کەسانە دەکات " تەلاّقدراوەکان " لەمەڕ ئەو پەیوەندییە خێزانییە هەڵوێستێکی سلبی پیشان بدەن و بریارەکە ئالۆزتر بکەن و یا بریارێکی توندیان هەبێ، بەکورتی دووبارەنەکردنەوەی ئەزموونی سەرنەکەوتوو، لەبەرئەوە قەیرەییان پێ باشترە لە هاوسەرگیری دووبارە.

دوای روونکردنەوەی قەیرەیی ئارەزوومەندانە دەچیینە سەر روونکردنەوەی شێوازەکانی قەیرەیی زۆرەملێ، سەبارەت بەشێوازی ئایینی دەست پێ دەکەین.

ئەو شێوازە ڕێگری لە تاکەکان دەکات لەهاوسەرگیری، بەهۆی مومارەسەکردنی هەندێ ڕێو ڕەسمی ئایینی کۆن کە لەسەر بیروباوەری ناپاکی کرداری سێکسی بوونیادنراوە، لەبەر ئەوە خۆپاککردنەوەی بە سەردا سەپاندووە پێشچوونی بۆ ناو پەرستگا، واتا بەستنەوەی دیاردەی قەیرەیی بەو بیروباوەرە ئایینییەی کە قەیرەیی ڕێزدار و پیرۆز کردووە، پێی وایە پاك و خاوێنی ڕوح دوورکەوتنەوەیە لە ئافرەت لەبەر ئەوە قەیرەیی بەسەر رابەرانی ئاییندا سەپێنراوە، ئەوەش لەو کۆمەڵە سەرەتاییانەی کە پەیوەندی بەهێزی نادیارەوە دەکەن، ئەو هێزەش وەلاّمناداتەوە تەنها بە پاکبوونەوە نەبێ لەپیسی، لەبەرئەوەی فیکری ئایینی بە دەرکەوتنی شار پەرەی سەند، هێزە نادیارەکانیش بوون بەخودا و جادووگەرەکانیش بوون بە پیاوی ئایینی، قەیرەیی بەسەر گەورە رابەرانی ئایینی دا هەرماییەوە، وە لەلای هەندێ کۆمەڵ، قەیرەیی بەسەر ئەو ئافرەتانەدا دەسەپێنرا کە خۆیان بۆ خودا تەرخان دەکرد، لەمەکسیك و پیرۆ قەیرەکان ئەوانەی خۆیان بۆ خودای ڕۆژ تەرخان دەکرد و ژیانیان لەو شوێنانە بەسەر دەبرد بەدوورەپەرێزی لە خەڵکی تا ئەو کاتەی خودا دەیانمرێنێت، وە بۆ مرۆڤ حەلاڵ نییە قسەیان لەگەڵ بکا یا بیانبینێ، تەنانەت کەس وکارەکەشیان.

لەدوورگەی " کەناری " هەندێ لەقەیرەکان یارمەتی پیاوانی ئایینی دەدەن لە جێبەجێکردنی ڕێورەسمی خواپەرستی، ئەمانە بۆیان نییە شووبکەن، مادام بەم ئەرکە هەڵدەستن، وە لە کەنارەکانی ئەفریقیای ڕۆژئاوا برێ لە کۆمەڵەکان قەیرەیی بەسەر کچی نۆبەرەدا دەسەپێنن کەبۆ رابەرانی گرووپەکەی لەدایك بووە، و پێگەیەکی بالاّی لەلای کۆمەڵەکەی دەبێ، بەلاّم بەشووکردنی ئەو پێگەیە لەدەست دەدات.

وە لەلای " هیندییە بوزییەکان " قەیرەیی بەسەر پیاوانی ئایینی سەپێنراوە، چونکە بوزییەت پێیان وایە چێژی جەستەیی لەگەڵ حیکمەت و پیرۆزیدا ناگونجێ، وە ئەفسانەکان وا دەگێڕنەوە کە

دایکی بوزا لە پاکژەکان بووە و لە هێزی سەروسروشتەوە سکپربووە و لەبوزاش بەدواوە منالّی تری نەبووە. وە لە تبتی رۆژئاوادا لەسەر هەموو خێزانێك پێویستە یەکێك لەکورەکانی خۆی بۆ ئایینزایی تەرخان بکا و قەیرەیی بەسەردا بسەپێنرێ و خۆهێشتنەوەش بەسەر کچەکاندا، وە لەچین قەیرەیی بەسەر پیاوانی بوزییدا دەسەپێنرێ.

وە لە لای فارسە کۆنەکان قەیرەیی بەسەر کچانی مالّی خودا رۆژدا دەسەپێنرا. وە لە لای رۆمانەکانیش بەهەمان شێوە قەیرەیی بەسەر کچانی ناو پەرستگای " ڤیستا " "VESTA" ی پیرۆزدا دەسەپێنرا و رێگاییان پێ نادرا پەرستگا بەجێ بهێلّن تەنها دوای سی (٣٠)سالّ نەبێ, وە لە ژیانیاندا کۆت و بەندی قورس لەناو پەرستگا بەسەریاندا دەسەپێنرا، وە ئەگەر سەرپێچیان کردبا، سزاکەی زیندە بەچالّبوو.

لای هەندێ لەگرووپە کۆنەکان ژنە کەشیشەکان دەبنە هاوسەری ئەو خودایانەی کە خزمەتیان دەکەن، وە جگە لە وان هاوسەرگیرییان لەسەر قەدەغەدەکەن. لە پیرۆ و مەکسیك هەسارەی رۆژ بەهاوسەری ئەو قەیرانە دادەنرێ کە خۆیان بۆ پەرستنی ئەو تەرخان کردووە و بۆیان حەلاڵ نییە شووبکەن، تاخۆێنیان بەخوێنی مرۆڤی تر تێکەلّ نەبێ " بوتاریك " دەلّێ میسرییە کۆنەکان بروایان وابوو دەشێ ئافرەتێك شوو بە" یەزدانێك " بکا و پیاوێك " یەزدانێك " بخوازێ. لەبەر ئەوە بیروباوەرێکی باو لەلای مەسیحییە سەرەتاییەکان هەبوو کە دەشێ ئافرەت پەیوەندی لەگەلّ خودا دروست بکا " قەشە " " سیبیر یانوس " باس لەو ئافرەتە قەیرانە دەکات کە شوویان بەمەسیح کردووە و هاوسەرگیرییەکی روحییان لەگەلّیا دروست کردووە کە خۆیان بۆی نەزرکردووە و وازیان لە چێژی جەستەیی هێناوە. خێلّێکی جوولەکە کە " ئەسینیەکان " یان پێ دەوترێ، پێیان وایە هاوسەرگیری شتێکی پیسە و دامرکاندنەوەی چێژ سەرکەوتنێکە بۆ فەزیلّەت.

بەلاّم شەریعەتی ئیسلامی، قەیرەیی هۆشیاری داوە و هانی هاوسەرگیری و زۆربوونی وەچەی داوە، لەمەر ئەمەش پێغەمبەر " د.خ" دەفەرموێ " هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و وەچە بخەنەوە، لەرۆژی دوایی دا شانازیتان پێوە دەکەم.[1]

دواتر ئایینی مەسیحی هاوسەرگیری لەسەر تەلاّقدراوەکان " ژن و پیاو " قەدەغەکردووە، تەنانەت ئەگەر تەلاّقەکەیان بەهۆیەکی رەواس بێ و کلّێسا بریاری لەسەر دابێ، وەکو ئەوەی لە ئینجیلی " مەتا " لەسەر زمانی " مەسیح " هاتووە و دەلّێ " هەرکەسێ تەلاّقدراوێك بخوازێ زینای کردووە ".



هەروەها هەندێ لە ئایینەکان قەیرەییان بەسەر ئەو کەسانەدا سەپاندووە کە سەرقالّی ئەرکی ئایینین , وە ئەو کەسانەی کە پەیوەندیشیان لەگەلّ هەیە لەزۆربەی کۆمەلّگاکان وەکو "قەشەکانی مەسیحی و رەبانەکان و پیاوانی لاکلیرۆس و جادووگەر و ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتی قوربانیخانەکانی(کوشتارگا) پەرستگاکان دەکەن یا سەرپەرشتی پێشکەشکردنی قوربانی دەکەن یا نزیکەکانی خودا و روحی مردووەکان.[2]

ب- رێبازی یاسایی : بۆ رێگریکردنی تاکەکان لە هاوسەرگیری و مانەوەیان بەقەیرەیی یاسای جۆراوجۆر هەن : ئەویش بەم شێوەیە :

١- یاسا هاوسەرگیری لەهەموو ئەو کەسانە قەدەغە دەکات کە یارمەتی لە سندوقی چاودێری گشتی و دەستەبەری کۆمەلاّیەتی وەردەگرن، ئەوەش بەهۆی کەمی بری ئەوپارەیەی کەلە سندوقەکە بەدەستی دەهێنن، کەبەشی پڕکردنەوەی خەرجییەکانی خێزان ناکا.

٢- دەرچوونی یاسا و تەشریعاتی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری بۆ ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی بۆماوەیی بوون، کەزۆر جار بۆ وەچەکانیشیان دەگوازرێتەوە، حکومەتی ئەلّمانی لەسالّی **١٩٣٣** یاسایەکی دەرکرد بۆ نەزۆککردنی ئەو کەسانەی بۆ بەرهەمهێنانیکی ساغ و سەلامەت لەنەخۆشییە عەقلّی و جەستەییەکان ناشێن

٣- هەندێ لەگەلانی شارنشینی هاوسەرگیرییان لەسەر ئەو ژن و پیاوانە قەدەغەکردووە کەهێشتا نەگەیشتونەتە تەمەنی دیاریکراو، زۆرجار ئەو تەمەنە بۆ بیست سالّ درێژدەبێتەوە بۆ پیاو وە بۆئافرەتیش نزیك لەوتەمەنە، وە ئەو قەدەغەکردنە بۆ سەر هاوسەرگیری ئەو منالاّنەیە کە نەگەیشتوونەتە ئاستی کاملّبوونی سێکسی و عەقلّی، کەدەشێ وەچەی لاواز بخەنەوە و ببێتە هۆی زیانی کۆمەلاّیەتی و ئابووری گەورە.

a- لەناو هەندێك لەگەلانی ئەم سەردەمەدا کۆمەلّێك یاسای هۆشداری دان لەسەر هاوسەرگیری ئەو ئافرەتانە دەرچووە کەئەرکی گشتی و رەسمییان لەئەستۆدایە و ناتوانن بە بەرێوەبردنی خێزانی هەلّسن یا هاوسەرگیریەکەیان دەبێتە هۆی کەم و کوری لەکارەکانیاندا.[3]

ج- رێبازی هاوچەرخ: ئەم رێبازە چەند پێویستییەکی ژیانی پێشکەوتوو هاوچەرخدا لە خۆی دەنوێنێ، وەکو :

١- چوونی ئافرەت بۆ زانکۆ و خوێندن تیایدا، لەکۆمەلّگای ئەمریکی ژمارەی خوێندکارە زانکۆیەکانی لەسالّی ١٩٦٠ ( ١,٥) ملیۆن کچ بووە، لەکاتێکدا لەسالّی **١٩٧٨** گەیشتە (٤,٧)

ملیۆن[٤]، ئەم داخوازییە سەردەمییەش بووە هۆی درێژبوونەوەی تەمەنی گەنجایەتییان و کورتبوونەوەی تەمەنی هاوسەردارێتییان، لەبەر ئەوە لەدامەزراندنی خێزانی —لەرووی کاتەوە— دوادەکەون.

٢- چوونی ئافرەت بۆ بازاڕەکانی کار بەشێوەیەکی زۆر کە لەتەمەنی هاوسەردارێتیدا بوونە، " لەلایەن کۆمەڵگاکانیانەوە لەڕووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە بۆیان دیاریکراوە " ئەوەش وای لێیان کرد — چوونیان بۆ بازاڕەکانی کار — بیرۆکەی هاوسەرگیری بۆ ماوەیەکی دوور دوابخەن.

٣- کارایی بزووتنەوە ئافرەتیەکان و داخوازییەکانیان لە دەرچوون و ملکەچی نەکردنی لەو رۆڵە باوەکەی کەتەنها بۆ لەهاوسەری و دایکایەتیکورت کرابووە.

٤- پێکەوە ژیانی ئەزموونی : ئاماژەیە بەزۆربوونی رێژەی ئەو کچ و کوڕانەی کەپێش ئەوەی بچنە ناو گرێبەستێکی رەسمییەوە living together ژیان بەسەر دەبەن.

ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بیرۆکەی هاوسەرگیری دوابخەن و پەیوەندییەکەیان بەتاقیکردنەوەیەکی ئەزموونی پێش ئەوەی بەتەواوی بچنە ناوگرێبەستێك یا پابەندییەکی رەسمی و شەرعییەوە، ئەم پێکەوە ژیانە ئەزموونییە رێگا بەکۆتاییهێنانی پەیوەندییەکەیان دەدا، بەبێ روودانی گێروگرفتی دەروونی ودارایی یا گەیشتن بەحاڵەتی تەلاق.

لەکاتی ئێستادا چەند زانکۆیەك لەووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەن کەبەشە ناوخۆیی هاوبەشیان لە نێوان قوتابییە کچ و کوڕەکاندا دامەزراندووە، کەلە یەك بالآخانەدا دەژین و هەروەها گەرماوی هاوبەشیش بەکاردەهێنن، لەساڵی ١٩٧٠ (٢,٩٥٧,٠٠٠)هاوسەر هەبوون بەبێ گرێبەستی هاوسەرگیری رەسمی پێکەوە دەژیان.[٥]

بەبروای من ئەم حاڵەتە پێکەوە ژیانییە کاریگەری زیاتری هەیە لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنی گەنجێتی و کورتکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری لەو کۆمەڵگایانەی کە رێگایان بەپێکەوە ژیانی نێوان دوو رگەزەکە داوە، چونکە رێگایان پێ دراوە بەئازادییەکی تەواو مومارەسەی پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوانیان بکەن، هەروەها دەتوانن جۆرە کەسایەتی یەکتر ناسین و سلبیات و ئیجابیاتی یەکتر ئاشکرا بکەن، لەهەمبەر ئەو پێکەوە ژیانییەی کە یاسا رێگای پێ نەداوە، بەڵکو لەلایەن ئەو پێوەرە نوێیانەی سەپێنراوە کە زیندووەکان لەوەچەی نوێ بەسەر ئەو پێوەرە کۆنانەی کە مردووەکان دایانناوە، ئەوەش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە بایۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها وەکو چارەسەرێکی خۆپارێزی پێش ئەوەی بکەونە ناو ئەو زنجیرە گێروگرفتانەی وەچەکانی



رابردوو ئازادییان پێوە چەشتووە و کۆمەڵگاش نرخەکەی داوە، لەبەرزکردنەوەی رێژەی تەلاق و هەڵوەشانەوەی خێزانن و رووداانی لادان و تاوان و خۆپێوەگرتنی مادده هۆشبەرەکان.

بەڵام ئەم چارەسەرە خۆپارێزییە تەنها بۆ ئەو کەسانە کە بەر لە هاوسەرگیری پێکەوە دەژین هەرچەندە سلبیاتی زۆری بۆ کۆمەڵگا لێدەکەوێتەوە وەکو کەمبوونەوەی منالخستنەوە یا سستی لەدرێژەدان بە کۆمەڵگا بەرگەزی مرۆیی نوێ و بێ نرخکردنی چەمکی دایکایەتی و باوکایەتی، وە گاڵتەکردن بە پەیوەندی هاوسەرگیری دوای ئەوەی کە پەیوەندییەکی پیرۆز و بالآبووە، وە شکاندنی چوارچێوەی رەوشتیەکان و لەقاڵبدانی کاریگەری ئامۆژگارییە ئایینییەکان.

د- ***رێبازی ژیانی*** : واتا بەرزبونەوە و ناهاوسەنگی خەرجییەکانی ژیان، بەو پێییەی کەتاك لە پێگەیەکی پەککەوتوو دانراوە لەهەنگاونان بەرەو هاوسەرگیری و دامەزراندنی ماڵ و خێزان بەهەموو کەل و پەل و پێداویستییەکانییەوە، کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێ ئەگەر گرفتی بێ کاری لە نێوان کرێکارە ناپسپۆرەکان بلاوبێتەوە، چونکە سەرچاوەی رزق و ژیانیان دەبرێ، ئەوەش وایان لێدەکا وا هەست بکەن کە لەلایەن کۆمەڵگاوە رەتکراونەتەوە و کارەکانیان بێ سوودن و هاووڵاتی پلەدوون، نموونەی ئەم جۆرە بێ هیوابوونە لە ناو چینی هەژار والەگەنجەکان دەکا کەبیر لە هاوسەرگیری و دامەزراندنی خێزان و بەرگەگرتنی بەرپرسیارییەتی خێزانی نەکەنەوە، دەگەنە ئەو راستییەی کە گەنجێتی لە ژیانی هاوسەرگیری باشترە.

هـ- ***رێبازی بەهایی*** : لەناو میللەتی عەرەبیدا ئەم رێبازە باوە، مەبەست لەم خاڵە بەرزی مارەییە، چونکە پێویستی بەخەرجکردنی ماڵێکی زۆرە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی رێورەسمی مارەبرین و ئاهەنگی هاوسەرگیری، سەرباری دامەزراندنی ماڵ بەهەموو پێداویستییەکانییەوە بەر لە هاوسەرگیری، وە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا خێزانی بوکەکە لەبەکاربردنی رووکەشی زیادەرەوی زۆر دەکەن، ئەوەش بۆ ئەوەی پێگەی کۆمەڵایەتییان لەناو کۆمەڵگای ناوخۆیی پیشانبدەن، ئەمەش هانی گەنج نادات لە هەنگاونان بەرەو هاوسەرگیری بەهۆی لاوازی توانای داراییەوە لە پڕکردنەوەی تێچوونەکانی، لەئەنجامدا کوڕەکان ناچار دەبن بەگەنجێتی بمێننەوە و ملکەچی ئەو بەهاییانە نەبن کە خێزانی بوکەکە دەستیان پێوە گرتووە، لەم بوارەشدا پێغەمبەر " د.خ" دەفەرموێ " باشترین ئافرەت ئەوانەن ئابڕوویان باش بێ و مارەییان کەم بێ " هەروەها دەڵێ " پیرۆزترینیان ئەو ئافرەتانەن کە مارەییان کەمە "[٦]. ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەها ئیسلامییەکان کۆتایی بەو بەها کۆمەڵایەتییانە دێنن کە پێگەی خێزانی بەهۆی بەرزی مارەییەوە پێ دەپێورێ.

## ج/٧- شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانی قەیرەیی:

دوای بڵاوبوونەوەی حاڵەتی قەیرەیی لە کۆمەڵگا مودێرن و هاوچەرخەکان، بەهۆی پاڵنەرە خودی و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانەوە، چەند دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ دەرکەوتن وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو حاڵەتە نەك قەدەغەکردنی یا وەستاندنی بەڵکو هاوشانیکردن و پرکردنەوەی پێداویستی و داخوازییەکانی، وەکو بارودۆخی نیشتەجێبوون کە کۆمپانیا عەقارییەکان بۆبونیادنانی ئاپارتمانی گرانبەهای رووبەربچووك دەیدەن، خەرجی دەکەن، کەهەموو تایبەتمەنییەکانی پێداویستی ئەو گەنجەی تێدایە کە تیایدا نیشتەجێبووە وەکو باڵاخانەی یەك ژووری و هۆڵ لەگەڵ ئاودەست و گەرماوەکەی، رێکخستنی نامال بەشێوەیەکی جوان و فەراهەمکردنی هەوای گونجاو ئەو کۆمپانیایانە بەو سەرنجراکێشانە وازیان نەهێنا بەڵکو کۆگای باڵاخانەکە شوێنی شوشتن و وشکردنەوەی جل و بەرگی گەنجەکانیشیان دامەزراند، هەروەها گەرماوی تایبەت بۆ سووککردن و جوانکردنی لەش و لاریشیان دامەزراند، وە حەوزێکی مەلەوانیشیان هەر لە ناو کۆمەڵگای نیشتەجێبوونەکە دامەزراند کەتایبەت بوو بەو گەنجانەی لەوێ نیشتەجیبوون، هەروەها رووبەرێکی بچوکیشیان لەزەوییەکە تەرخان کرد بۆ چاندنی جوانترین رووەك بۆ ئەوەی گەنجە نیشتەجێبووەکانی ئەوێ تیایدا دابنیشن و ئاهەنگ بگێرن و لەکاتی پشوشیاندا گۆشتی لێ ببرژێنن.

ئەمە لەسەر ئاستی خاوەن کۆمپانیای خانووبەرەکان بوو، بەڵام لەسەر ئاستی خاوەن شوێنە خۆشگوزەرانییەکان مەیخانەی تایبەتیان بۆ کرایەوە بۆ خواردنەوەی کهولیەکان و گوێگرتن لە مۆسیقا و سەما لەگەڵ هاورێ و میوانەکانیان " واتا شوێنێك بۆ کۆبونەوەی گەنجەکان بۆ ئەوەی یەکتر بناسن و کاتیکی خۆشیشی تیا بەسەرببەن " نەك هەر ئەوە بەڵکو یانەی شەوانەشیان دامەزراند بۆ یەکتر ناسین و یاری بەکۆمەڵ " وەکو بلیارد و بۆلینگ و تاولە و شەترەنج و ئەنجامدانی کێبرکێ لەنێوان خۆیاندا و ئاهەنگگێرانی هەلپەرکێ و شێوانی بەکۆمەڵ و گەشتی وەرزانە بۆ خزینی سەر بەفر یا ئاو لەووڵاتە جیاوەزاکانی جیهان.

هەموو ئەو گەرەکانەی لەناوچە شارستانیەیکان لەقەراغی شارەکان دامەزرێنران زۆربەی ئەو گەنجانەی بۆ دەگەرانەوە — واتا لێی نیشتەجێبوون — فەمانبەری نووسینگە رەسمی و حکوومی یا کۆمپانیاکان یا کارگەکان یا نەخۆشخانەکان یا لە پیشەوەران یا لە کۆچکردوانی شارە بچووکەکان یا ناوچە لادێیەکان بوون.



پێویستە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشم کە پێش نیو سەدە قەدەغەبوو گەنجەکان لەناوچە شارییەکان یا قەراغەکانی نیشتەجێبن، بەڵکو دەبوایە لەناوەراستی شار یا سەنتەرەکانی نیشتەجێبن، لەژورێکی " پانسیۆنات " یا لە میوانخانە هەرزانەکان، رێگایان پێ نەدەدرا لەگەرك یا لەو ناوچانە نیشتەجێبن کەخێزانی تیادا نیشتەجێبون.

وە پێویستە ئاماژە بەو گۆڕانکارییە شارستانییەش بدەم کەحاڵەتی قەیرەیی دروستی کردوون و لەزەحمەتی دوورەپەرێزی قەیرەکانی کەمکردۆتەوە، لەلکانیان بەکۆمەڵگاکانی خۆیانەوە، وە پڕکردنەوەی ویست و خواست و پێداویستییە کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانییەکانی ئاسان کردووە، هەروەها هەست بەکەم و کوڕی قەیرەیی خۆی نەکا بەڵکو وەکو حاڵەتێکی سروشتی تەماشای بکا، نەك وەکو نامۆیەکی کۆمەڵایەتی یاوەك ئەوەی حاڵەتێکی رەتکراوەبێ لەلایەن مرۆڤەوە، تەنانەت لەدام و دەزگا رەسمی و نارەسمییەکانیش وەکو هاووڵاتی پلەدوو مامەڵیان لەگەڵ نەدەکرا.

هەموو ئەمانە وایان لە مرۆڤی قەیرەکرد هەست بەوە بکەن کە وەڵامدانەوەیەکی پێداویستی و داخوازییەکانیان هەیە بۆ چێژوەرگرتن لەتامی ئازادی تاکەکەسی و سەربەخۆیی شەخسی، ئافرەتیش چێژی زیاتر لەو جۆرە ئازادی و سەربەخۆییە وەردەگرێ، بۆ نموونە بەلایەوە ئاساییە بەتەنیا لەماڵێك نیشتەجێ ببێ یا لەگەڵ هاورێیەکیدا گەشت بکا کە هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیری لەنێوانیاندا نییە، بەمەش لەتەنگ و چەڵەمەی وەرەزکارەکان و رەقیبەکان و پروپاگەندەی ئیرەیی بازەکان رزگاری بوو، لەهەمبەر ئەوەشدا پەیوەندی سێکسی لەگەڵ هەر کەسێك بویستایە بەئازادی ئەنجامی دەدا(٧). پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بدەین کەکۆمەڵگا مۆدێرن و هاوچەرخەکان لەم حاڵەتانەدا بەدەست قەیرەییەوە ئازریان چەشتووە، وەکو : ئەو کەسانەی کە هەرگیز جارێکیتر هاوسەرگیری ئەنجام نادەنەوە، تەلاقدراوەکان " ژن و پیاو "، بێوە پیاوەکان , بێوەژنەکان و جیابووەکان " ژن و پیاو " هەموو ئەمانە بەقەیرە دەژمێردرێن، چونکە چەمکی قەیرەیی لەمیانەی ئەو گرێبەستە هاوسەرگیرییە رەسمییە یا شەرعییەوە دیاری دەکرێ، کەلە نێوان ژن و پیاو دەبەسترێ، هەرچەند ئەم دیاریکردنە جیاوازە لەوەی لەناومیللەتی عەرەبیدا باوە، لێرە قەیرەیی هەر عەرەبێکە کە هەرگیز هاوسەرگیری ئەنجام نەدابێ " Never Married " بەڵام تەلاقدراوەکان " ژن و پیاو و جیابووەکان و بێوەژن و بێوەپیاوەکان بەقەیرە دانانرێن لای عەرەبەکان.

وە پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە رێژەی قەیرەیی لەکاتی ئێستادا زیادی کردووە، لەساڵی ١٩٨٣ لەووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (١٩) ملیۆن قەیرە هەبوو، کەبەتەنیا و دوور

لەخێزانەکانیان دەژیان " Live Aloners " ئەم ڕێژەیەش چەند جارەی ئەوەیە کەلە ساڵی ١٩٧٠ هەبوو.[٨]

بەڵام ڕێژەی ئافرەتە قەیرەکان لەووڵاتە یەکگرتووەکان کە تەمەنیان لەنێوان (٢٥-٢٩) دایە و هەرگیز شوویان نەکردووە لە (١٠,٥٪) لەساڵی ١٩٦٠ بەرزبۆوە بۆ (٢٦٪) لەساڵی ١٩٨٥، ئەم بەرزبوونەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی هەلی کاری ڕەخساو بۆ ئافرەت و ئازادبوونیان لەمومارەسەکردنی پەیوەندی سێکسی لە دەرەوەی بواری خێزاندا ئەم ئازادییە لەنێوان تاکە ئەمریکییەکان شتێکی ئاسایی بوو وە هیچ خەوشێکی لەدواوە نەبوو، واتا هاوسەرگیری وەکو تاکە ڕێگای تێرکردنی پەیوەندی سێکسی لەناو پەیوەندییەکی ڕەسمی یا شەرعی دا نەمایەوە، لەبەرامبەر ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە نوێیەشدا ناوەندی تەمەنی هاوسە گیری پیاوان بەرزبۆوە بۆ تەمەنی ٢٥,٨ لەساڵی ١٩٨٧، وە ناوەندی تەمەنی هاوسەرگیری ئافرەتیش بەزربۆوە بۆ تەمەنی ٢٣,٨ لەساڵی ١٩٨٠.

ماوە ئاماژە حەقیقەتی بارودۆخی ئابووری قەیرەکان و تەڵاقدراوەکان و جیابووەکان بدەین، کەلەبەر جیابوونەوەیان لە پیاوەکانیان خەرجی زۆریان کەوتۆتە سەر و قەرزداربۆتەوە، ئەوەش بەهۆی نزمبوونەوەی دەسهاتی دیراسی و کەمبوونەوەی داهاتی مانگانە و یارمەتی دارایی لەنووسینگەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی.[٩]

لەکۆتاییدا حەقیقەتێکی تر دەخەینەروو : ئەویش زۆربوونی ڕێژەی قەیرەییە لەکۆمەڵگاکاندا، کە بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی فشاری کۆمەڵایەتی، لەسەر " ژن و پیاو "ئەگەر بە قەیرەیی مایەوە، واهیچ کەسێك نەماوە پرسیار لە هۆکاری دواخستنی هاوسەرگیری یا ئەنجام نەدانی هاوسەرگیری یا درووستکردنی خێزان بکا، واتا وەستانی وەچەخستنەوە و تێ ئاخنینیان لەکاروبارەکانی هاوسەرگیری. واتا وەستان لە چەکدارکردنی مرۆڤایەتی بەمناڵ و بڵاوبوونەوەی قەیرەیی بەشێوەیەك لەگرفتێکی کۆمەڵایەتییەوە بووە بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەم دیاردەیەش (قەیرەیی) بۆتە هۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی قەیرە لەکۆمەڵگا مرۆییەکان وە بەتایبەتیش لەلای ژن زیاتر لەپیاو، چونکە ئاستی بەدەستهێنانی خوێندن-فێربوون لای ژن وای کردووە زیاتر و ئاسانتر بتوانێ هەلی کار بۆخۆی بدۆزێتەوە. ئەمەش بەنۆرەی خۆی سەربەخۆبونێکی کەسیی و ئابووری بۆ وەدی دەهێنێ. لەئاست ئەم ڕووداوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابوورییەدا چیتر خێزان بۆ ژن



نابێتە وەدیهێنانی دەستبەری ئابووری و چیتریش نابێتە پیوادنگی پێگەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگاکەی وەکو ئەوە ڕۆژگارێك باوبوو.

لەهەمبەر ئەم وەرچەخانە کۆمەڵایەتی شارستانیەدا فشاری کۆمەڵایەتی لەسەر قەیرەیی و بڵاوبونەوەی دیاردەکە لەناو کۆمەڵگا شارستانییەکان و بەتایبەتیش لەشارە گەورەکان و چینە دەوڵەمەندەکان دەمێنێتەوە[١٠]. واتا قەیرەیی دەبێتە چەکێکی کۆمەڵایەتی کە خوێنبەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی شارستانی دەبرێ و بریندارەکا.

حەقیقەتێکی تر کەدەمەوێ لەکۆتایی باسەکەدا بیخەمەروو ئەوەیە کە قەیرەیی لەپرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە بەرهەم نایە " پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (چەمکی پەروەردە "المربی " ئیبن خەلدوون لە" مقدمە "کیدا خستۆتیەڕوو،ف،"٣٥") واتا هیچ مرۆڤێك وا پەروەردە ناکرێ کەقیرە بێت، چونکە ئەگەر کۆمەڵگای مرۆیی ئەم دیاردەیە لەنێوان تاکەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە ناتوانێ بەردەوامی بەبوون و گەشە و پەرەسەندنی خۆی بدا، چونکە ئەمە مانای پوکانەوەی گەشەی خۆی و پچراندنی پرۆسەی پەروەردەی خێزانییە، کەبەهۆیەوە هەموو پێشبینی و مەرج و پێداویستی رۆڵە سەرەکییەکانی خێزانی ژیانی مرۆڤ دەگوازێتەوە وەکو ڕۆڵی کچ و کوڕ و دایك و باوك و باپیر و نەنك و مامە و پور و خاڵە، سەرباری دواخستن و پەکخستنی گواستنەوەی ئەو بنەما کەلەپوری و کلتوورییانەی کەلە زمان و ئایین و داب و نەریت واخۆی دەنوێنی کەلە ڕێگای بەدەستهێنانی زارەکی ناو خێزان دەگوازرێتەوە، واتا ڕۆڵ و ئەرکی خێزان وەکو دامەزراوە یاخانەیەکی کۆمەڵایەتی بنەرەت و جەوهەری لەژیانی کۆمەڵگا و بەردەوامبوونی دواخستووە یا سست کردووە، ئەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ حاڵەتی ووشکبوونەوەی کۆمەڵایەتی و کلتووری، واتا جەقبەستنی ژیانی کۆمەڵایەتی لەپەروەردە و فێرکردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پابەندی خێزانی " بە دیاریکراوی لەخانەی کۆمەڵگا –خێزان " ئەوەش بەهۆی نەبوونی مرۆڤ لەمومارەسەکردنیاندا لەخێزان و قوتابخانە یاکەمی ڕێژەیانەوە، لەبەرامبەر ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتییە وشك هەلاتوەدا کەئاوابوونی خێزان " خۆری مرۆڤایەتی " وشکی کردووتەوە، وە بەهۆی هەڵکشانی حاڵەتی قەیرەیی بەسەر حاڵەتی پێکهێنانی خێزان، لە درەنگ هەلاتنی بەسەر ژیانی گرووپێکی خێزانی و دووبارە مومارەسەکردنەوەی بنەماکانی سروشتی مرۆیی لەنێوان خەڵکی، لە هاوسەرگیری و وەچەخستنەوە تێرکردنی مرۆڤایەتی بەرەگەزی نوی و گواستنەوەی کلتوور و کەلەپور بۆ وەچەکانی دواتر، کە دواکەوتنی لەجیبەجێکردن و تەواوکردنی ئەم ئەرکە

کۆمەڵایەتییە – کلتووریەدا دەبێتە هۆی پوکانەوەی سیستەمی کلتووری و خێزانی و پەروەردەیی لەناو پەیکەری گشتی کۆمەڵگا و گەیاندنی " المِلل" گرووپەکانی کۆمەڵایەتییە بەحاڵەتی پەککەوتن و پیربوون، وە ئەگەر گرووپەکانیش گەیشتە ئەو قۆناغە، ئەوە چارەسەرکردنی بەهۆی هێنانی مرۆڤی ترەوە ناکری لەگروپێکیتردا بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەوەی پیبکرێتەوە کە لە رگەزەکانی مرۆیی لەدەستی داون، کەدەتوانی کەلەپورەکەی بگوازێتەوە بۆ وەچەی داهاتوو ئەوەش بەهۆی نەبوونی خێزالن کە هەڵسی بەگواستنەوەی کلتوور و کەلەپورەکەی.

پوختەی قسە: قەیرەیی لەکاتی ئەمرۆدا تەنها بەرئەنجامی خۆپەرستی و نەرجسی و چێژوەرگرتنی خۆشگوزەرانی بەتاڵ و راکردن لەو بەپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەیە کە هەموو گرووپێکی کۆمەڵایەتی داوای دەکا، بەواتایەکی تر ژیانی خۆش و خۆپەرستی تاکایەتی و راکردن لەبەر پرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بەرئەنجامەکەی قەیرەییە نەك پێچەوانەی، نەك تەنها ئەوەش بەڵکو هەولّدەدا بەری هەلاّتنی خۆری کۆمەڵایەتی " خێزان " بگری. واتا قەیرەیی هەولّدەدا پێکهاتنی خێزان دوابخا یا رێگری لێبکا، ئەمەش ئەستەمە چونکە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤایەتیە، بەلاّم قەیرەیی دەشی لەلای گروپە کۆمەڵایەتیەکان هەبی، بەلاّم ئەم بوونەی نەخۆشییە، نەخۆشییەکی خستنەڕووە، ناتوانی تاهەتایە بمێنێتەوە و سەرەتا خێرا بەناو جەستەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا بلاّوبێتەوە، چونکە تیشکی خۆری مرۆڤایەتی کاردەکات بۆ پاککردنەوەی ئەو برینەی کەتووشی جەستەی مرۆڤایەتی بووە، وەهەولّدەدا سارێژی برینەکانی بکا بەبی دەرهاویشتەی دەرد و نەخۆشی.

بەگوزارشتێکی کۆمەڵایەتی: خواستی مرۆڤەکان لەنەمری مرۆڤایەتیان پاڵیان پێوە دەنی بۆ هاوسەرگیری، مرۆڤایەتیش توخمەکانی خۆی بەشێوەیەکی بەردەوام و بی راوەستان درێژە پیدەدا، ئەوەش بەرۆڵی خۆی هەولّی نەمانی قەیرەیی و سرینەوەی لە خانەیەکی کۆمەڵایەتی دەدا " خێزان " بۆ ئەەی پارێزگاری لەبوون و قەوارەکەی بکا، وە لەهەمان کاتیشدا سلبییاتەکانی قەیرەیی کۆمەڵایەتی بەدەربخا.



## سەرچاوەکانی بەشی حەوتەم


١- الترمانيني، عبدالسلام ١٩٨٤ "الزواج عند العرب في الجاهلية وفي الاسلام" سلسلة كتب عالم المعرفة الكويت ص٦٤-٦٩.

٢- وافي، علي عبد الواحد ١٩٨٧ " قصة الزواج والعزوبة في العالم"دار نهضة، مصر للطبع والنشر ص١٩-٢٥.

٣- المرجع السابق ص ٢٠-٢١.

4-Goode, Erich.1984 Sociology Prentice-Hall Inc.Englewood Cliff.p.336.

5- Ibid.p.337.

٦- الساعاتي، سامية حسن ١٩٨١" الاختيار للزواج والتغير الاجتماعي" دار النهضة العربية –بيروت ص١٠٢.

7-Schutz, David.Rodgers, Stanly 1975 Marriage, the family and Personal Fulfillmont Prentice-Hall Inc.cliff.p.p.342-346.

8-Thio,Alex.1986 Sociology ,Harper and Row Pub.

New York.p.304.

9-Wallace,R,ch.and Wallace,W.D.1989"Sociology"Allyn and Bacon-Boston,p.355.

10- Thio,Alex.1986,p.304.

**سوپاس و پێزانین....**

زۆر سوپاسی مامۆستا (**محمد شوانی**) دەکەم کە پیاچونەوە و دەستنیشانکردنی هەڵەکانی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ...

هیواردارم نموونەی زۆر بێت.

**ئارام ئەمین.جەلال**